تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

لە ئاسۆوە

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردي - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

2006

محەمەد عەبدولکەریم سۆلەیی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (٤٢٥)

کەشکۆڵ

محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

سلێمانی ٢٠٠٦

کەشکۆڵ

نووسەر: محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

بابەت: کەشکۆڵ

تایپ: تەرزە خالید

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

هەڵەبڕی: سەناریا کەریم

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٢٤٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە

www.roshnberiekurd.com

پێرست

ژ	پێرستی کەشکۆڵ	لاپەڕە
١	پێشکەشه بە	٩
٢	بەشی یەکەم/ وتارەکان	١٣
٣	کەشکۆڵ بۆ؟	١٥
٤	نامەیەکی مەلیك مەحمود	١٧
٥	پێشمەرگە کێیە...؟	٢١
٦	مامۆستا کەریم رهل دووربینانە بیری لەسیایەتی تەعریبی کوردستان دەکردەوە	٢٧
٧	لەداستانی قڕگەوە بۆ داستانی بەنی هەریر	٣١
٨	تەنها..بەراوردەوهیچیتر...	٣٤
٩	جیاوازی لەنێوان هێزی مەشق دیدەو نەدیدەدا چییە؟	٣٧
١٠	چۆن هێزی پێشمەرگە تۆکمەتر ئەکەین..؟	٣٩
١١	خەباتی ژن	٤٦
١٢	شانۆگەری گۆڕستانی بێگۆڕو موچڕکەکانی ئەنفال	٤٨
١٣	پرۆفیسۆر د.جەلیلی جەلیل ومۆزەخانەی سلێمانی	٥٠
١٤	روونکردنەوەیەك لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ بلاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە	٥٢
١٥	روونکردنەوەیەك لەوەزارەتی رۆشنبیریەوە	٥٤
١٦	وەزارەتی رۆشنبیری پابەندی یاساکان دەبیٔو بۆ ئارەزووی کەس رەوتی خزمەتکردنی رۆشنبیری کوردی راناگرێت...	٥٩
١٧	وەزارەتی رۆشنبیری وتایبەتمەندێتی کارو چالاکییەکانی بالەپێش چاوبگرێت..	٦٩
١٨	گۆنگرەی دەی مامۆستایان دەبێت لەخزمەتی مامۆستایاندابێت	٧٣
١٩	شۆڕش و گفتوگۆ و(مەنعی تەجەول)ی ١٩٨٥و رێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار..	٧٤

٢٠	مامۆستا شێخ محەمەدو چەند بیرەوەرییەك	٩٩
٢١	مامۆستا شێخ محەمەدوتەمەنێك بۆ تێكۆشان	١٠٣
٢٢	دیمانەت بەخێر پەرلەمان...	١٠٦
٢٣	میهرەجانی مەولەوی‌و كۆنگرەی هاورامانناسی‌و هاو ئاهەنگی رۆشنبیران.	١١٠
٢٤	چاوپێكەوتن:	١١٢
٢٥	بۆ دەستەی رێزلێنانی نووسەران‌وهونەرمەندان لەوەزارەتی رۆشنبیری	١١٤
٢٦	بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد صالح سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڕێز وەزیری رۆشنبیری/سەرۆكی دەستەی رێزلێنانی نووسەران‌و هونەرمەندان	١١٦
٢٧	لەمافی خۆم‌ونووسەرانیش بێدەنگ نابم	١٢٠
٢٨	ڕوونكردنەوەیەك بۆ ڕوونكردنەوەكەی لیژنەی رێزلێنانی نووسەران	١٢٧
٢٩	وەزارەتی پەروەردە چی بۆ بەرنامەی خوێندن كردووە؟	١٣٨
٣٠	مووچەی فەرمانبەران‌و چەند سەرنجێك	١٤٠
٣١	رۆتین دیاردەیەكی كوشندەیە پێویستی بەچارەسەرە	١٤٥
٣٢	بڕیاری ژمارە(٥٣)ی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران‌وچەند سەرنجێك	١٤٩
٣٣	مامۆستا رەئووف ئالانی‌و چەند بیرەوەریەك	١٥٣
٣٤	كتێبی رەشەبای ژەهرو ئەنفال	١٦٠
٣٥	كاتی ئەوە هاتووە وتاری سیاسی كوردی بەیەكگرتوویی بانگەشە بۆ مافە رەواكانی گەلەكەمان بكات..	١٦٤
٣٦	كوردانە بۆتگریایین كوردانەش پێت پێدەكەنین	١٦٦
٣٧	لەبەر رۆشنایی كۆبونەوە ١٤/٥ دا بەیەكخستنەوەی ئیداراتی هەرێم، كورد سەنگی گەورەتری دەبێت	١٧٠

٣٨	با شارێی سەلماندنی مافەکانمان بگرینە بەر	١٧٣
٣٩	چاوپێکەوتن بۆ گۆڤاری سروە	١٧٩
٤٠	دەبا بە پەرۆشەوە کار بۆ یەک وتاری‌ویەک هەڵوێستی‌ویەک بەرنامەی سیاسی گەلەکەمان بکەین...	١٨٦
٤١	یەکخستنەوەی ئیدارەو ئیرادەی گەلەکەمان زامنی پاراستنی مافەکانمانە	١٩١
٤٢	کوردیش مافی خۆیەتی..	١٩٥
٤٣	کورد بۆچی بترسێت؟	٢٠٠
٤٤	وەڵام بۆ چاودێرێک	٢٠٤
٤٥	کەرکووک بەچەپکەگوڵی سەرکەوتنەوە پێشوازی لەرۆڵەکانی کرد	٢١٠
٤٦	دوای رووخانی سەدام چی بەگەلی عیراق دەڵێن؟	٢١٣
٤٧	سەبارەت بەچارەنووسی ئەنفال کراوەکان	٢١٧
٤٨	شەهیدەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ کوردستان	٢١٩
٤٩	لەپێناو ناسنامە برایەتییەکەی کەرکوکدا	٢٢١
٥٠	پشتیوانی دژبەئیسلام بۆ رقیان لەمردووەکانمان گرتووە..؟؟!	٢٢٥
٥١	خانەقین سەردانت دەکەین..	٢٢٧
٥٢	ئاڵای کوردستان بۆ کراوەتە کێشە؟	٢٢٩
٥٣	چاودێری بازاڕو کەمکردنەوەی نرخی پێداویستییەکانی رۆژانە پێویستە	٢٣٥
٥٤	ئاڵای کوردستان هەژانمی	٢٣٨
٥٥	کەرکوکو پێشانگای کتێب	٢٤١
٥٦	ئەبێت خەونەبێت..؟	٢٤٣
٥٧	کێن ئەوانەی کاری تیرۆریستی دژی ئازادی کوردستان ئەنجام ئەدەن!	٢٤٥
٥٨	کێشەی پارەو مەترسییەکانی و چارەسەرێکی گونجاو	٢٤٨

٥٩	تەنها مەرگی ئازیزانمان بیرەوەرییەکانمان پێدەدرکێنێ	٢٥٠
٦٠	ئەنفالچییەکان تاوانبارن لێبوردنیان نییە	٢٥٤
٦١	دەبێت هەوڵی جدی بۆ چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بدرێت	٢٥٩
٦٢	خانەقین گوڵاڵەی سووری ئازادکردنی دەواری رەشی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی لەت و پەتکرد..	٢٦١
٦٣	سوپاو فڕۆکەکانی هاوپەیمانان مژدە بەخشی ئازادین	٢٦٣
٦٤	شاری سلێمانی لەپێشوازی تەرمی پێنج شەهیددا	٢٦٥
٦٥	ریفراندۆم لەسیاسیەکانەوە دەگاتە جەماوەری خەڵك	٢٦٧
٦٦	ریفراندۆم تەواوکەری خەباتی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتییە	٢٧٠
٦٧	بەبزووتنەوەی ریفراندۆم مافەکانمان دەسەلمێنرێت	٢٧٤
٦٨	ریفراندۆم بۆ...؟	٢٧٧
٦٩	رۆژی نوێ وبزووتنەوەی رۆژنامەگەری کوردی...	٢٧٩
٧٠	کاکە گۆران مەرگ رێگای نەدا پرۆژەکەم لەگەڵدا تەواو بکات	٢٨٠
٧١	رێزگرتن لە تێکۆشەران نەریتێکی شۆڕشگێڕانەیە	٢٨٣
٧٢	رۆڵە بەئەمەکەکانی شار حاجی فەقێ شاڵی ١٨٨٠-١٩٥٨	٢٨٦
٧٣	ئەوانە شەپۆڕ بۆ کوڕانی سەدام دەکەن وەکو ئەوان تاوانبارن	٢٨٨
٧٤	گۆڤاری سلێمانی	٢٨٩
٧٥	من وماموستا مەحمودی مەلا عیزەت و بیرەوەرییەکی راگوزەری	٢٩٠
٧٦	چاوپێکەوتن بۆ رۆژنامەی کەرکوکی نوێ	٢٩٥
٧٧	چل ساڵ دوای مەرگی قانع	٣٠٣
٧٨	دیاردەی چۆڵبوونی گوندەکان پێویستی بە چارەسەری گونجاوە	٣٠٨
٧٩	لەکوردستانەوە بۆ فرانکفۆرت	٣١٢

٨٠	لەدیداری قانعەوە بۆ دیداری شاعیرێکی تر	٣١٨
٨١	بەشی دووەم/ بابەتە ئەدەبییەکان	٣٢٥
٨٢	بائەمانە لەناو نەچن	٣٢٧
٨٣	شەکیبیش کاروانی ژیانی بەجێهیشتوو تابووتی مەرگی ماچکرد	٣٢٩
٨٤	دیمەنێکی ترشاو/ چیرۆك	٣٤٥
٨٥	ژانەکانی هەنگە ژاڵ/ چیرۆك	٣٥١
٨٦	بەڵێن / چیرۆك	٣٥٥
٨٧	قوتابی و جەندرمە/ چیرۆك	٣٥٧
٨٨	راوەماسی گوڵاڵە /چیرۆك	٣٥٩
٨٩	کارۆوسلێمان بەگ/ چیرۆك	٣٦١
٩٠	کاوەو ماسی/ چیرۆکی منداڵان	٣٦٦
٩١	بەری خۆر بەبێژن ناگیرێ/ رایەك	٣٧٠
٩٢	ئاهەنگەکەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی	٣٧٢
٩٣	بەشی کوردی لەرۆشنایی بەیاننامەی یانزەی ئازاردا	٣٧٦
٩٤	خەباتی قوتابیان	٣٧٩
٩٥	دوونامە/ نامەی یەکەم	٣٨٢
٩٦	نامەی دووەم	٣٨٦
٩٧	کوردستان و نەورۆز/ شیعر	٣٩٢
٩٨	راوکەرو بەران/ شیعر	٣٩٦

کەشکۆڵ پێشکەشە بە:

زێنەبی هاوسەرم

کوڕەکانم(بەخشی، ئازاد، ژیر، بلێسە)

کچەکانم(بەهار، شێنێ، شەنگە)

ئەوانەی فێری خوێندنیانکردم

سوپاسی ئەم بەڕێزانە دەکەم کە لە ئامادەکردنی ئەم کەشکۆڵەدا ئەرکیان کێشاو لەگەڵمدا ماندوو بوون:

تەرزە خالید

سەناریا کەریم

سنەوبەر کەریم

مەهدی ئەحمەد

بەشی یەکەم
وتارەکان

کەشکۆڵ بۆ؟

مـرۆڤ رۆژانـە ئەندێشـەی خـۆی هەیـە. دیـارە هـەموو مرۆڤێـك ناتوانێـت ئەندێشـەکانی تۆماربکـات. بـەڵام مـرۆڤیش هەیـە ئەندێشـەکانی لەدەفتـەری بیرەوەری بەنووسین تۆمار دەکات.نووسین زادەی بیرکردنـەوەی مرۆڤـە. زادەی مـرۆڤیش بـەپێی سـەردەمو باروودۆخی خـۆی سـوود بـەرەوتی ژیـانی مرۆڤایـەتی دەگەیەنێت... بۆیە باشتر وایە زادەی بیرکردنەوەی مرۆڤ بگاتە دەستی مرۆڤ.. لەوکاتـەوەی بوومەتـە هـاوڕێی قەڵـەمو قەڵـەم دەسـتمی ناسـیوە.. نووسـینم نووسـیوە. نوسـینەکانم هەمـە جـۆرن لەسـاڵی(٢٠٠٤) دا کۆمەڵـە شـیعرێکم بەناونیشانی(دابڕان) بڵاوکردەوە.. کە ئەوشیعرانە زادەی رۆژگارەکان بوون.

دوای ئـەوەی بەدەفتـەرە کۆنەکانمـدا چـوومەوە(چـەند نووسـینێکی تـرم). دۆزینـەوە. لـە سـاڵانی رابـردودا نـاوە نـاوە وتـاری هەمـە جـۆرم نووسـیوەو، لەرۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا بڵاوم کردونەتـەوە، بەمەبەستی ئەوەی ئەو نووسینانە لەناو نەچن هەر هەموویانم کۆکردەوە لەم کتێبەدا پێشەکەشی خوێنەری کوردو کتێبخانەی کوردی دەکەم، ناویشم ناوە(کەشکۆڵ) بۆیە ئەم ناوەشم لێناوە لەبەر ئەوەی نووسینەکان تێکەڵاون و نوسینی هەمەچەشنەنو زۆربەشیان لەرۆژنامـەو گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە. تیایاندایە لەپەراوێزدا ناوی رۆژنامە یان گۆڤارەکەو سـاڵی بڵاوکردنـەوەی نووسـراوە، هەشـیانە ئـەوەی بـۆ نـەکراوەو لەکاتێکـدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمـەیان لەراستیدا هـەر چـەند خـۆم مانـدوو کـرد نـەمتوانی ئـەو بڵاوکراوانـە بدۆزمـەوە کـە تیایانـدا بڵاوکراوەتـەوە هەشـیانە......لـەکاتی خۆیـدا نووسیومەو بڵاوم نەکردۆتـەوە وا لـەم کتێبـەدا دەیخوێنیتـەوە بەئومێدی ئـەوەی تـوانیبێتم خزمـەتێ بـەبواری روونـاکبیری و ئـەدەبی گەلەکـەم بگەیـەنم(کەشـکۆڵ) کراوەتە (دوو) بەش، بەشی یەکەم وتارەکان و بەشی دووەم بابەتە ئەدەبیەکانە.

نووسەر

نامەیەکی مەلیك مەحمود بەزمانی عەرەبی بۆ عەبدولڕەحمان بەگ

لە (١٩٤٨/١٢/٢٦)دا

سليمانية
١٩٤٨/١٢/٢٦

حضرة الوجيه الفاضل المحترم عبد الرحمن بك المحترم

بعد التحية والتكريم

بعد السؤال عن عزيز خاطركم نستمد من الباري عز وجل ان تكونوا موفقين [illegible] والسعادة [illegible]
حينما تشرفتم الى قرية داريكلي فقد نسيت ان ابين لفخامتكم عن قريب [illegible] الشيخ عبد الكريم ابن الشيخ
محمد الذي هو رجل عالم وفاضل وانه [illegible] منذ خمسة عشر سنة من طلبة الاوقاف [illegible] والده
المتوفي في قرية صولة التابعة لناحية قره داغ [illegible] وانه مكلف باعاشة عائلة كبيرة [illegible]
الاوقاف الاستقلالية فانه قد راجع الى مقامكم مسترحما منكم تخصيص راتب مناسب له
اسوة بالائمة الاخرين هذا ولا يخفى لدى سعادتكم بانه يستحق ان تشمل الطافكم [illegible]
اكثر [illegible] ان [illegible] الله [illegible]
اجركم واني اكون شاكرا ومسرورا بذلك [illegible]
[illegible] ايضا [illegible] سعادتكم [illegible] دام [illegible]

الشيخ محمود الحفيد

مەلیك مەحمود لەسەردەمێكدا لەگوندی داریكەلی ناوچەی بازیان دادەنیشت...لەوسالانەدا رۆژانە خەڵكی كوردستان لەهەموو لایەكەوە سەردانیان دەكردو شەوانە لای دەمانەوە.. بەتایبەتی دانیشتووانی گوندەكانی ناوچەكانی گەرمیان و قەرەداغ، بازیان و سوورداش و شارەزوورو پێنجوێن، بەبەردەوامی دیوەخانەكەیان گەرم دەكردو لای شێخیان چۆڵ نەدەكرد. شێخ ناوەناوە بەمەبەستی بەسەركردنەوە، سەردانی گوندەكانی دەوروبەری داریكەلی دەكرد..یەكێك لەو گوندانە، كە نزیكترین گوندی ناوچەی قەرەداغبوو لەداریكەلییەوە گوندی(سۆڵەی دەربەند)بوو، پەیوەندییەكی بەردەوام لەنێوانی دانیشتووانی ئەم گوندەو جەنابی شێخدا هەبوو، یەكێك لەناودارەكانی ئەو

گونده كه پەیوەندییەكی زۆرپتەوی لەگەڵ شێخدا هەبوو، شێخ عەبدولكەریمی شێخ كاكە حەمەی سۆڵەبوو، شێخ عەبدولكەریم خاوەنی تەكیەو خەلیفەو دەرویش‌و شێخی ئیرشاد بوو.

لەبەر ئەوەی مەلیك مەحمود لەنزیكەوە ئاگاداری تەكییەو میوان‌و باری ژیانی شێخ عەبدولكەریم بووە، لەو سەردەمەشدا میری موچەی بۆ مەلاكان بڕیوەتەوە، بۆیە مەلیك مەحمود.. بەنامەیەك داوای لەعەبدولرەحمان بەگ كردووە، كە وەكو ئەو مەلایانە مووچەیەكی مانگانەش بۆ شێخ عەبدولكەریم ببڕنەوە من نازانم ئەو هەبدولرەحمان بەگە كێبووەو پلەوپایەو كاری لەوكاتەدا لە حكومەتدا چیبووە. دڵنیام كاربەدەستێكی بەدەسەلات بووەو دۆستێكی نزیكی شێخبووە بۆیە نامەی بۆ نووسیوە.. نامەكە لە(١٩٤٨/١٢/٢٦) لەسلێمانی‌و بەزمانی عەرەبی نووسراوە. دیارە جەنابی شێخ ئەوكاتە لەسلێمانی بووە. لەبەرئەوەی نامەكە نامەی مەلیك مەحمودەو دڵسۆزی شێخ بۆ خۆشەویستی‌و دۆستەكانی دەردەخات، بۆیە بەجێی خۆیمان زانی كە لە گۆڤاری سلێمانیدا بڵاوی بكەینەوە، نامەكە لای حاجی شێخ عوسمانی كوڕی شێخ عەبدولكەریم پارێزرا بوو..

چەند زانیارییەك لەبارەی ئەم نامەیەی خوالێخۆشبوو شێخ مەحمودەوە*

ئەم نامە جوان و ڕێکوپێکەی شێخ مەحمود بۆ(الوجیه الفاضل المحترم عبدالرحمن بگ) کە بەزمانێکی عەرەبی پاراوو بێ هەڵەی زمانەوانی بۆ دامەزراندنی خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولکەریم شێخ کاکە حەمەی سۆڵە نووسراوە تیایدا داوای مووچەی مانگانەی بۆ ئەکات وەك ئیمامی مزگەوتی سۆڵەی قەرەداخ، کەباوکی هاوڕێی خۆشەویستمان شێخ محەمەد سۆڵەیی بەڕێوەبەری گشتی چاپ وبڵاوکردنەوەیە لە سلێمانی وباوکی حاجی شێخ عوسمانە کە پیاوێکی ئایینی و ناسراوە لەشاردا ئێمە بۆ بەدوادا چوونی ئەو عەبدولرەحمان بەگە چووینە لای پیاوی شارەزا لەکلروباری ئیداری ئەم شارە لەکۆندا براممان(کاك جەمیل شەکیب) و ئەو گوتی: ئەو عەبدولرەحمانەی شێخ ئەو نامەیەی بۆ نووسیوە:

عەبدلرەحمان خضر بوو کە محامیەکی بەغدادیی و زۆر دۆستی شێخ مەحمود بووە، ئەم پیاوە بەئیرادەی مەلەکی بەبەڕێوەبەری گشتی ئەوقاف لەعیراقدا دانرا، کەیەکسەر ئەو بەڕێوەبەرایتییە بەسترابوو بە(بلاطی ملکی) یەوە لەو زەمانەدا ئیمام و خەتیبەکانی عیراق هەندێکیان مووچەیەکی کەمیان هەبوو، کە لەنێوان ٢تا ٦دینار بوو، مجیور مووچەکانیان لەنێوان ٢٥٠فلس تا ٥٠٠فلس بوو. کە عەبدلرەحمان خضر پۆستی بەڕێوەبەری ئەوقافی لەعیراقدا وەرگرت، بڕیاریدا کە مووچەی ئیمام و خەتیب بەرزبکرێتەوە بەپێی بڕوانامەو ساڵی خزمەت و پلەی مزگەوتەکان کەتێکڕا مووچەی مەلاکان زیادی کرد لەنێوان١٠بۆ١٨، بۆ٢٥دینارو

* کە نووسین ونامەکەم نارد بۆ هاوڕێی وخۆشەویستم مامۆستا حەمە نوری تۆفیق بۆ ئەوەی لەگۆڤارەکەیاندا(گۆڤاری سلێمانی) بڵاوی بکەنەوە لای خۆیەوە هەوڵیدابوو ئەم زانیاریانەی سەرەوە وەربگرێت و لەگەڵ نووسینەکەدا بڵاوی بکاتەوەز سوپاسی دەکەم و بەپەسەندم زانی ئەم زانیارییەش لەکتێبەکەدا بڵاوبکەمەوە.

بەوەش حاڵو گوزەرانی مەلاکان گۆڕردرا، هەروەها مووچەی مجێورو کارمەندانی تری وەك ئەوان لە مزگەوتەکاندا کرا بە(٦،٤) دینارو بەپێی ساڵانەی خزمەتیان تەرفیعیان ئەکرد، دیارە ئەوپیاوە کارێکی وایکردبوو، کە مەلاکانی مزگەوتەکان لەشارولادێکاندا مووچەیان بچێتە سەر دەوڵەت، کە مەلاکانی گوندەکانیشی گرتەوە، خوالێخۆشبوو (شێخ عەبدولکەریمی شێخ کاکە حەمە)ش وەکو شێخو مەلا کە لەباوکو باپیرانیەوە مەلایەتی مزگەوتی گوندی سۆڵەیان بۆ ماوەتەوەو دۆستی شێخ مەحمودیش بووە داوای لەشێخ کردوە کە بەپێی ئەو بەرنامە نوێیەی ئەوقاف وەك فەرمانبەرێك لەو مزگەوتەدا دابمەزرێو شێخیش ئەو نامە جوانەی بۆ خوالێخۆشبوو عەبدولرەحمان خضر بەڕێوەبەری گشتی ئەوقافی عیراقی لەبەغدا نووسیوە، کە ئێستا وێنەکەی لای کوڕە گەورەی حاجی شێخ عوسمان ماوەتەوەو پێشکەشی گۆڤاری سلێمانی کردوە، کە سوپاسێکی زۆری ئەکەین هەروەها سوپاسی کاك جەمیل شەکیب ئەکەین بۆ ئەو زانیاریانەی، سوپاسی براو هاوڕێمان کاك شێخ محەمەد سۆڵەیی ئەکەین. کە بەپەسەندی زانیوە لە گۆڤاری سلێمانی بڵاوبکرێتەوە.

محەمەد نوری تۆفیق

پێشمەرگە کێیە...؟

چەك‌وچەكداری: دوو دیاردەی كۆمەلایەتین‌و بە دوو شێوە بەكارهێنراوە: بۆ چەوساندنەوەو سەركوت‌و داگیركردن، لە هەمان كاتیشدا لەدێرزەمانەوە، مرۆڤ بۆ بەرگری لەسەروسامانی، شوێنی دانیشتن‌و حەوانەوەو هۆكارەكانی ژیانی، پەنای بردۆتە بەر(چەك)...چەك بەهەموو جۆرەكانیەوە، بەكۆن‌ونوێوە، هەروەكو چۆن ئامرازی چەوساندنەوە بووە، ئامرازی خۆپاراستن‌و بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤیش بووە لە دوژمنانی...ئەو كەسانەی پەنایان بۆ چەك بردووە، یان چەك بۆتە هاوڕێی ژیانیان‌و هەڵیان گرتووە لە كۆنەوە تا ئێستا بەپێی سەردەم‌و قۆناغی مێژوویی، لە ناو كۆمەڵی مرۆڤایەتی‌و گەلاندا بە چەند ناو ناسراون، وەك:

(پارتیزان، كۆماندۆ، فیدایی، جەنگاوەر، میلیشیا، چەكدار، سوارە، تفەنگچی، پێشمەرگە، گەریلا، وڵات پارێز،...هتد)

لەمێژووی گەلی كوردا،(چەكدار، سوارە، تفەنگچی)بەو كەسانە وتراوە كە ئامادەبوون بە رەزامەندی خۆیان چەك هەڵ بگرن‌و پارێزگاری لە میرو میرنشینە كوردییەكان، دەسەڵاتدارانی كورد بكەن...لە كاتی شۆڕشی قازی‌و دروستبوونی كۆماری مەهاباد دا ساڵی(١٩٤٦)، لە بۆنیەكی ئەو شۆڕشەدا، لەجیاتی ئەو سێ ناوەی سەرەوە، وشەی(پێشمەرگە)هاتە پێشەوە، لەو كاتەوە زاراوەی(پێشمەرگە)وەك زارەوەیەكی سیاسی شۆڕشگێڕ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەكەماندا چەسپاوەو شوێنی خۆی كردۆتەوە.

كاتێك شۆڕش لە كوردستانی توركیا دەستی پێكرد، زاراوەی(گەریلا، وڵات پارێز)لەو دەڤەرەدا خۆی سەپاند، دیارە بنەچەی زاراوەی(گەریلا)ش وشەیەكی ئیسپانییە.

دەبابزانین، ئەوكەسانەی چەك بۆ مەبەستی چالاكی پێشمەرگانەو كاری سیاسی‌و شۆڕشگێڕی هەڵ ئەگرن، كێن‌و دەبێ چۆن بن‌و ئەركەكانیان دیاری بكەین:

پێشمەرگە کێیە...؟!

وشە یان زاراوەی پێشمەرگە، لەڕووی زمانو ڕێزمانییەوە، وشەیەکی لێکدراوەو لە دوو وشەی سادە پێکهاتووە،(پێش)و(مەرگ). لە ڕووی واتاوە، بەو کەسانە دەوترێت کە دەکەونە پێشی مەرگو چاوەڕوانی مەرگی ئاسایی ناکەن، لە پێناوی ئامانجێکی گشتیو پیرۆزدا ئامادەن خۆیان بەخت بکەن.

لەڕووی گوزارشتی سیاسیو شۆڕشگێڕییەوە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەر خواستو ئارەزووی خۆیان لە مەیدانی خەباتی سیاسییەوە شێوە خەباتی چەکداری هەڵ دەبژێرنو چەك هەل ئەگرنو دەبنە چەکداری سیاسی، درێژە بە شێوازێکی تری خەباتی شۆڕشگێڕی ئەدەن، بەهۆی چەکەکانیانەوە پارێزگاری لە بیری چینایەتی، نەتەوایەتی، نیشتمانی ئەکەن، بەحوکمی پیشەکەیان، دەبنە پشتو پەنای چەوساوەو ستەمدیدەو ڕەنجدەرانو زۆر لێکراوان، بەرگری لەمافی پێشێلکراوی خەڵك ئەکەن، سنگیان دەکەنە قەڵغان لە ڕووی داگیرکەران، گیانیان دەکەنە سووتەمەنی لەپێناوی خۆش گوزەرانیو سەرفرازی کۆمەڵانی خەڵكو گەلو نیشتماندا..دروشمی خەباتو بەڵێنی کوڵ نەدان لای خۆیان بەرجەستە ئەکەن، لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج، بێ ترسو سڵکردنەوە لەمردن چالاکی پێشمەرگانە دەکەنە پیشەی هەمیشەیی. ئەم دیاردەیە بەڕادەیەك بەرجەستە ئەبێتو دەنگ ئەداتەوە تا دەبنە جێگای متمانەو لەهەڵمەتی پێشمەرگەدا ئاسۆی سەرکەوتن ئەبینن.

لەکاتی شەڕدا تەنیا ئومێدی ڕزگاریو سەرفرازیان هیمەتی مەردانەی پێشمەرگەیە، لەکاتی سەرکەوتنو ئاشتیو ئارامیدا پارێزگاری لە دەستکەوتەکان ئەکەنو دەبنە شوورەی پۆلایین، پێشمەرگەیە دەبێتە وڵات پارێزێکی دڵسۆزو بە ئەمەك، بوار نادات بەرهەمی ڕەنجو خەباتو ماندووبوونیان بەفیڕۆ بڕوات.

کۆمەڵانی خەڵك متمانەیان پێ ئەکەن لەپاراستنی سەروسامانیان. کەسایەتی پێشمەرگە لەناو کۆمەڵو جەماوەری خەڵکدا وەك تۆوخمێکی شۆڕشگێڕی سیاسی بەهێز شوێنی خۆی ئەگرێت. واتە (پێشمەرگە تێکۆشەرێکی سیاسی چەکداری ڕێگای ئازادیو سەرفرازی چینایەتیو نەتەوایەتیو گەلو نیشتمانە).

هەڤاڵی بەڕێز(مام جەلال)لە پێناسەی پێشمەرگەدا ئەڵێت:

((پێشمەرگە تێکۆشەرێکی سیاسی چەکدارە، دەبێت وێڕای دڵسۆزیو فیداکاریو گیان بازی لە پێناوی خەڵكو نیشتماندا، تێکۆشەرێکی (دەستودەموداوێن پاك بێت) دەبێ ئەهمیەتو بایەخی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بزانێت کە رزگاری گەلو نیشتمانو پاراستنی(ی.ن.ك)و سەرخستنی سیاسەتەکەشێتی)).

ئەرکەکانی پێشمەرگە

١. لەکاتی ئاشتیدا

٢. لەکاتی شەڕدا

ئەرکەکانی پێشمەرگە لە ئاشتیدا:

١. گوێ رایەڵی هەموو فەرمانێکی سەرەوەی خۆیو رێزگرتن لە فەرماندەکان.

٢. جێبەجێکردنی فەرمانەکان بەدڵسۆزیو لەخۆبوردویی.

٣. ئیلتزامی تەواو بەکۆبونەوەی سیاسیو عەسکەری.

٤. هەستان بەواجباتو حەرەسیات رۆژانەو پاراستنی بارەگاکان.

٥- جێبەجێکردنی مەشقی سەربازیو گرنگی دان بە فێربوونی مەشقو زانیاری عەسکەری.

٦. خۆگۆش کردن لە ڕوی سیاسیو وشیاریو فیکریەوە.

٧. پاراستنی هەموو نهێنییەکی ناو بارەگا وەك ژمارەی پێشمەرگە-بارەگا-چەكو تەقەمەنی-ناوی فەرماندە-شوێنوبینای بارەگا-خاڵی حەرەسیاتو...هتد.

٨- پاراستنو پاككردنەوەو ئیدامەكردنی چاكو تەقەمەنیو هەڵگرتنیان لە شوێنی ئەمینو پارێزراو.

٩- پاراستنی هەموو کەلوپەلێکی ناو بارەگاو بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی دڵسۆزانە.

١٠. ئیلتیزام کردن بە دەوامی رۆژانەو ماوەی مۆڵەت وەرگرتن(اجازە)

١١. دانەبەزینیان بۆ ناو بازاڕو شوێنە گشتیەکان.

ئەركەكانی پێشمەرگە لەكاتی شەڕدا:

أـ ئیلتیزام كردن و گوێ رایەڵی كردن و جێبەجێكردنی هەموو بڕیارو فەرمانێكی فەرماندە بۆ بەرگری كردن یان هێرش بردن و پەلاماردان.

ب . لەكاتی بەرگری كردن و شەڕی بەرگری، پێشمەرگە ئەم ئەركانەی لەسەرە:

١ـ لێدانی سەنگەرو قایم كردنیانبە شێوەیەك كە بیانپارێزێ لە تۆپباران و هێرشی دوژمن.

٢. دڵنیابوون لە پەكنەكەوتن و سەلامەتی چەك و تەقەمەنیەكانیان.

٣. بەوریایی واجب گرتن و پاراستنی بێ دەنگی و نهێنی شەو.

٤. وریایی بەردەوام و غافڵ نەبوون بەشەوورۆژ.

٥ـ چاودێری كردنی شەڕگەو جموجۆڵی دوژمن بە تایبەت دەوروپشتی سەنگەرەكان.

٦ـ خوڵقاندنی كەش و هەوای ورەبەرزی بە پەیرەوكردنی دڵسۆزی و لەخۆبوردویی و خۆشەویستی لەناو هێزی پێشمەرگەدا.

٧. پاراساتن و باش بەكارهێنانی چەك و تەقەمەنی و دەست گرتن پێوەی.

٨. باش بەكارهێنانی ئاووخواردەمەنی و دەست گرتن پێوەیان.

ج . لەكاتی هێرش و هەڵمەت برندا پێشمەرگە ئەم ئەركانەی لەسەرە:

١. گوێ رایەڵی و جێبەجێكردنی هەر بڕیارێكی فەرماندە بەگورج و گۆڵی.

٢ـ خۆئامادەكردن و دڵنیابوون لە سەلامەتی چەك و تەقەمەنیەكانی.

٣. هەڵگرتنی پێداویستی گرنگی شەڕ لە- زەمزەمی ناوو پێداویستی برین پێچی.

٤ـ پاراستنی بێ دەنگی نهێنی شەوو گەیاندنی راسپاردەكان لەكاتی رۆیشتن و نزیك بونەوە لەدوژمن.

٥ـ لەپێش ئەنجامدانی هەر هێرشێك پێویستە شوێنی هاوسەنگەران لە شوێن و جێگای دوژمن جیابكاتەوە.

٦ـ گرنگی گوێ رایەڵی و جێبەجێكردنی فرمانەكان لەم كاتەدا دەردەكەوێت، بۆیە پێویستە پشت گوێ نەخرێت.

٧. تەقەکردن بە بڕیاری فەرماندە دەکرێت، پێشمەرگەش جێبەجێی دەکات بە کۆنترۆڵ کردنی نەفس و ئاگاداری ئاڕاستەکردنی چەکەکانیان رووەو دوژمن.

٨. لەکاتی هێرش بردن بۆ سەر ناوچەیەکی مەدەنی تەقە لەو شوێنە دەکرێت کە تەقەی لێوە دەکرێت و زیان وئازار بە خەڵکی مەدەنی ناگەیەنرێت بەرەچاوکردنی مافەکانی مرۆڤ.

٩ـ لەکاتی سەرکەوتندا دیل و بریندارى دوژمن دەپارێزرێت و دەگوازرێتەوە سەنگەرەکانی داوە بە بڕیاری فەرماندە.

١٠. دەستکەوتەکان کۆدەکرێتەوەو تەسلیم بەفەرماندە دەکرێت.

١١ـ یەکسەر سەنگەرەکانی دەوروپشت قایم دەکرێت و پڕدەکرێتەوە بۆ بەرگری لە دژەهێرش و بەهیچ شێوەیەك کەس خۆی خەریك ناکات بەشتی لاوەکی و نابەجێ و غافڵ گیری.

١٢ـ ناوو ژمارەی شەهید بریندارى خۆیان لەناو هێزەکەو لەوکاتەدا بڵاوناکرێتەوە تا ئارام بوونەوەی شەڕەکە.

١٣ـ دەبێت ورەبەرزی و لەخۆبوردوویی و دڵسۆزی لە ناخی پێشمەرگەدا جەستەیەکی زیندوبێت کە رەفتارو رەنگدانەوەی پێشمەرگەی دڵسۆزو شۆڕشگێڕە.

١٤. لەکاتی کشانەوەشدا پێشمەرگە بە هەمان شێوە گوێ رایەڵی فەرمانەکان دەبێت و بەپێی ئەو نەخشەی دارێژراوە دەکشێتەوە سەنگەرێکی دواتر، واتە چۆن بەفەرمان هێرشی برد بە هەمان فەرمان دەکشێتەوە، بۆیە نابێت ورەی پێشمەرگە بەکشانەوە دابەزێت.

١٥ـ دەبێت پێشمەرگە کشانەوە بەشکست نەزانێت، چونکە کشانەوە بە سودوقازانجی هێزەکە دەگەڕێتەوەو شکست بە شکست دەدات.

١٦. نابێت لە کشانەوەدا بە پەشۆکاوی فەرمانەکان جێبەجێبکرێت.

١٧. تا ئەو جێگایەی لە توانادا بێت، نابێت شەهیدوبریندار بەجێ بمێنێت تەنانەت هیچ چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلێکیش بۆ دوژمن بەجێ نەهێڵدرێت.

١٨ـ ئەو چەك و تەقەمەنیانەی کە توانای گواستنەوەیان نییە پێویستە بتەقێندرێنەوەو لەناوبدرێن بۆ ئەوەی دوژمن سودی لێ نەبینێت، ئەویش بە بڕیارەی فەرماندە.

١٩ـ لەکاتی شەڕوپێکادانداا نابێت پێشمەرگە خۆی بەماندو بزانی و بەتوڕەیی و بێزاریەوە کارەکان بەنیوەچڵی ئەنجام بدات.

ئەمانەن ئەرك و فەرمانەکانی پێشمەرگە، بۆیە نابێت لێی بێزار بێت، بەڵکو دەبێت لێهاتوانەو زیرەکانەو چاونەترسانە ئەنجامی بدات چونکە ئەمەیە واتای راستی پێشمەرگەو پێشمەرگایەتی.

کادیرەکان لەناو(هـ.پ.ك)دا دەبێت چاودێری ژیان و گوزەرانی پێشمەرگەکان بکەن و ماوە نەدەن دزی بکرێت و یان ئازوقەو کەلوپەل بەفیڕۆ بچێت.

کادیرەکان دەبێت کۆڕو زەماوەندو گۆرانی و نەشیدو هەڵپەڕکێ و کاری وەرزشی مومکن بۆ پێشمەرگەکان سازیدەن.

*ئەم نووسینە لە ژمارە یەکی گۆڤاری رابەری سیاسی کە بەشی راگەیاندنی مەڵبەندی پێشمەرگە دەریدەکرد لەساڵی ١٩٩٦ دابلاوکراوەتەوە.

مامۆستا كەریم رەل دووربینانە بیری لەسیایەتی تەعریبی كوردستان دەكردەوە

دوای نسكۆی ساڵی ١٩٧٥، رژێمی فاشی بەعس بەرنامەیەكی درێژخایەنی بەمەبەستی تەعریبكردنی كوردستان دارشت، سیاسەتی تەعریبو بەبەعسكردنو پاكتاوی رەگەزیی كردە دروشمێكی سەرەكیی حزبەكەیو چەندین شێوەو شێوازو پلانی دانا، فاشی ئاسایانە كەوتە وێزەی خەڵكی كوردستان، بوارێك لەژیانی كوردەواریدا نەما پەلاماری نەدات، شوێنێك شارێك لەكوردستاندا نەما لای نەبووبێت بەقەلای بەرگریو نەخشەی رووخانی بۆ دانەنێت..لەكۆتایی ساڵی ١٩٧٥داو لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦دا، وە بەبەرنامەیەكی چڕو پڕی بەعسیانەی راگواستنو تەعریبو تەبعیس كردن، كەوتە گیانی خەڵكی كوردستان، سەرەتا بەو فەرمانبەرو مامۆستاو كرێكارانە دەستی پێكرد كە لەناو شۆڕشەوە گەڕابونەوە، زۆربەیانی لیست بەلیست فەرمانی گواستنەوەو رەوانە كردنیان لە كوردستانەوە بۆ ناوەڕاستو خوارووی عێراق دەردەچوو من یەكێك بووم لە راگوێزراوەكان.

لە قوتابخانەی ئامادەیی حەیی كوڕان لەقەزای حەیی پارێزگای كوت گیرسامەوە، وەكو مامۆستای زمانو ئەدەبی كوردی..

بەڕێوەبەری قوتابخانەكە(حسێن عەبد عەلی)و معاونەكەی(كەریم رەل)بوو بەپێویستی دەزانم، لە سیاسەتی تەعریبی بەعسیان هەڵوێستو دووربینی كەسێكی عەرەب لەو رۆژگارەدا باس بكەم..كە چەند دووربینانە لەو سیاسەتەی دەڕوانی..ئەو كەسەش مامۆستا(كەریم رەل)بوو، مامۆستای زمانی عەرەبیو معاونی بەڕێوەبەری قوتابخانەكەو بەعسیو ئەندامی دەستەی نیقابەی مامۆستایانی قەزای حەی بوو. لە عەشیرەتی عگێلی لە بنەماڵەیەكی ناوداری ناوچەكە بوو، خۆیو بنەماڵەكەیان پەیوەندی دۆستانەیان لەگەل بنەماڵە كوردە

فەیلییەکانی حەییدا هەبوو. کاتێ منو (٣) مامۆستای تری کوردو فەرمانبەرێکی زراعە ڕەوانەی حەی کراین...یەکەم مامۆستای عەرەب بوو پەیوەندی لەگەڵماندا گەرم کردو میوانداریيەکی باشی کردین لەماڵی خۆیان. حەزی بەتێکەڵاوبوونمان دەکرد، شارەزایيەکی باشی لەسەر کورد هەبوو، بەئاگابوو لەکارەساتەکانی بەسەر کوردا هاتبوو.

ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧کە ڕژێمی بەعس کەوتە جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریبکردنی کەرکوكو خانەقینو شوێنەکانی تری کوردستان، بڕیارو فەرمانی بۆ هەموو ئەندامانی حزبی بەعسو عەشایەرە عەرەبەکان دەکرد، کە وەکو ئەرکێکی حزبیو نەتەوەیی بەدەنگی بڕیارو فەرمانی حزبەکەیانەوە بچن، بۆ ناونووسین کردنو خۆئامادە کردنیان لەشوێنەکانی خۆیانەوە بۆ گواستنەوەو نیشتەجێ بوونیان لەناوچەکانی کوردستان، بەمەبەستی پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب..هەر چەندە بڕیارەکە نهێنی بوو بەڵام من لەڕێگەی کوردە فەیلیو عەرەبە باشەکانەوە، ئاگاداریم لێی هەبوو، ئەوەشم دەزانی بۆ جێبەجێکردنی سەرکەوتنی سیاسەتەکەیان چ ئیمتیازاتێکی لەڕادەبەدەرو سەرنج ڕاکێشیان تەرخان کردوە، وە ئەوەشم دەزانی کەڕۆژانە بەعسییەکان وە عەشایەرەکان ناویان دەنووسنو خەریکی کۆکردنەوەی خەڵکن.

ڕۆژێك مامۆستا کەریم بانگی کردم بۆ ژوورەکەی...بەدەم چا خواردنەوە کەوتینە قسەکردن...وتی کاکە ڕات چییە بەماڵەوە بچم بۆ(شیمال) وتم شیمال بۆ کوێ؟ وتی با بڵێین کەرکوك..وتم: ئەوە پەیوەندی بەبڕیاری خۆتەوە هەیە..من یەکسەر تێگەیشتم کەباسی ئەو بڕیارە دەکات کە دەرچووە. خۆم واپیشاندا کەلێی بێئاگام، پێم وت تۆ لێرە خانوو دوکانو مەسئەلەحەتت هەیەو لەناو کەسوکاری خۆتدا دەچیتە ئەوێ بەم وەزیفەیە کە کرێی خانووی لێ بدەیت بڕوا ناکەم بتوانیت بژیت، وەکو منت لێ دێت، وتی: ئەی ئەگەر زەویو پارەی عەقارو دە هەزار دینارو وەزیفەی باشترم بدەنێو ئەوانەشی لێرە هەمە وەکو خۆیان بمێنێتەوەو، خانوەکەشمودوکانەکەشم بدەم بەکرێ؟

وتم: جا ئەگەر وابێت بۆ لێی رادەوەستیت و ناچیت..هەلێکی باشە، بۆت هەڵکەوتووە، مرۆڤ لەژیانیدا کەم هەلی وای بۆ هەڵدەکەوێت، ئەگەر خێزان و خزمان و منداڵەکانت رازین سێ و دووی لێ مەکە...کەرکوکیش پارێزگایەکی خۆش و گەورەیەو، لەسلێمانی وهەولێرەوە نزیکە..پێکەنی و وتی:کاکە دەبێ سجلی نفوسم بگوێزمەوە بۆ ئەوێ، وتم: جا چی تێدایە..ئێمە کە گوێزراوینەتەوە بۆ ئێرە، هەر ئاگاشمان لێ نەبووە! سجلی نفوسمان لەسلێمانییەوە گوێزراوەتەوە بۆ کوت. پێکەنییەوەو، وتی کاکە گاڵتە دەکەی یان بەڕاستە کە دەڵێیت بچۆ؟ وتم: بۆ گاڵتە دەکەم زۆر بەڕاستمە..وتی:چوونەکەم بەمەبەستێکی تایبەتەو من قەناعەتم بەو سیاسەتە نییە..وتم: من ئەوە نازانم ئەگەر چونێکی ئاساییەو خۆت حەزت لێیەتی من لام خراپ نییە.

پێکەنی وتی: کاکە ئەوەی ئێمە وەکو ئەوە وایە ئێستا حکومەت بەفەرمانێ تۆ بخاتە خانوەکەی منەوەو من لەخانووەکە دەربکات. وتم: چۆن..؟ وتی: کاکە کەرکوک خاوەنی خۆی هەیە خاوەنەکەی ئێستا بێدەسەڵاتە..وەکو چۆن کەدەتنێرنە خانووەکەی من و من هیچ دەسەڵاتێکم بەسەرتا نییە، بەڵام هەر چاوم لەخانوەکەمەو چاوەڕوانی رۆژێک دەکەم دەسەلاتم هەبێت لەخانوەکەم دەرت بکەم، کەرکوکیش خاوەنکەی ئێستا دەسەڵاتی نییە هەر رۆژێ دەسەلاتی هەبوو هەرکەسێ نێردرابێتە ئەو شارە بەزۆر دەری دەکەن و دوورنییە زۆریشیان نەکوژن. وتم: ئەوەی خانوەکەی تۆو ئەوەی کەرکوک جیاوازە، وتی: بەلای منەوە یەکن، بۆیە ئەوکەسانەی ئێستە رۆژانە خۆیان بۆ کەرکوک و خانەقین و شوێنەکانی تر دەنووسن زۆر هەڵەن و رۆژێک دێت کەزۆر پەشیمان ببنەوەو لەویش بێن و لەشوێنەکانی خۆشیان بێن..

وا ئەمڕۆ ئەو دووربینییەی ئەو مامۆستا عەرەبە هەیبوو، هاتەدی و رژێمی بەعس رووخێنراو هەموو ئەو ناوچانەی لەژێر دەستەڵاتی رژێمدا مابوونەوە رزگار کران..ماڵە عەرەبەکانی خانەقین و دەوروبەری دەرکران و دەبێت ئەوانەشی هاتوونەتە کەرکوک ئەگەر تا ئێستە نەڕۆیشتبن لەپاشە رۆژدا بڕۆن و کەرکوک بەجێ بهێڵن. خۆزگە ئەو عەرەبانەی کە لەو ساڵانەدا بەڕاسپاردەی بەعس و

رژێمەکەی هاتنە سەر زێدی کوردو دەوڵەمەند بوون. وەکو مامۆستا کەریم دووربین دەبوون پێشبینی ئەوەیان بکردایە کە میللەتێك، نەتەوەیەك بەسیاسەتی هەڵەو رەگەزپەرستانە لەناوناچێت..

دە عەرەبە تەعریبکەرەکان دڵگران مەبن..ئەگەر کورد بێتەسەرتان‌و بەتۆپزی بتان نێرێتەوە بۆ شوێن‌و زێدی خۆتان، خۆیان لەشوێن‌و زێدی خۆیان نیشتەجێ ببنەوە، ئەوکاتە هاتن دەبوو ئەمڕۆژەتان لەپێش چاو بوایە..یادت بەخێر مامۆستا کەریم نازانم لەژیاندا ماوی یان بەخەمەکانتەوە سەرت ناوەتەوە.

لەداستانی قڕگەوە بۆ داستانی بەنی هەریر

کاتێ بوویتە پێشمەرگە گەنجێکی سوورکاری خوێن گەرمی بزێو بوویت یەشتا مووت لێنەهاتبوو، بە بێ ئاگاداری باوکت بڕیاری شاخ و پێشمەرگایەتیتدا.

باوەڕت وابوو، لە تەمەنی تۆدا(گەلەکەت سەرفرازو کوردستان ڕزگارو سەربەخۆ دەبێت)... تۆش بە کەماڵی ئیسراحەت تیایدا دەحەوێیتەوە... چۆن لە چوونە دەرەوەتدا، پەلەت کرد، لە ژیانی پێشمەرگانەشدا هەڵپەو پەلەی زۆرت ئەکرد، حەزت ئەکرد شەوانە یەخە بە دوژمن بگریت ونەیەڵیت بحەوێتەوە. هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بوو دەمێك نەبوو پێشمەرگە بوویت لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەی جەربەزەی خۆت ئاسادا، بەور ئاسا خۆتان کرد بەناو شاری سلێمانیدا ئەوەی بۆتان دانرابوو ئەنجامتاندا...

لەگەڕانەوەتاندا دوژمن کەمینێکی دوژمن ئاسای بۆ دانابوون، لە قڕگە ڕووبەڕووی هێرش و دەست ڕێژی گوللە بوونەوە... قڕگە بووە گۆمی خوێن شەوەزەنگی گەرمی هاوین ئەوەندەی تر ڕەش بوو... هەمووتان نۆزدە هەڵۆ، نۆزدە پێشمەرگەی بەور ئاسای ئەم کوردستانە بوون... حەڤدەتان خەڵتانی خوێن و مەرگ بوون و داستانی حەڤدە شەهیدی قڕگەتان لە مێژووی گەلەکەتاندا تۆمار کرد. پشتی حەڤدە باوکتان شکاند، جەرگی حەڤدە دایکتان کردە برێشکە، دەنگی شەپوورەتان لە حەڤدە ماڵدا بەرز کردەوە، بەڵام تۆو فەرەیدون بە برینداری گیانتان شەلاڵی خوێن بوو، هەڵۆ ئاسا خۆتان لە ناو ئەو تەنورەی مەرگەدا بەسکە خشێ دەرباز کردو بەدەم ئازاری گوللەو زامی کاریگەری لەشتانەوە خۆتان گەیاندە ناو هێزی پێشمەرگە... بەڵێ ئا ئەو کاتە لە قڕگەدا شەهید نەبوویت...

من ئەو کاتە نەمئەناسیت، بەڵام لێتەوە نزیك بووم چونکە لەیەك سەنگەردا بەربەرەکانێی دوژمنمان ئەکرد، تۆ لەشاخ و من لەشار، خەمی ئەو حەڤدە شەهیدە بۆ ئێمە زۆر قورس و خەمێکی یەکجار گەورەو جگەر بڕ بوو...

دەرچوونی ئێوەش لەو کارەساتەدا بوونە دەرس و هەڤاڵانی ڕێکخستنمان پێ گۆش ئەکرد...

بەهاری ١٩٩٣ لە مەڵبەندی شارەزوور لەکۆبوونەوەیەکی حیزبیدا باسی هەڤاڵە تێکۆشەرو بەتواناکان کرا... یەکێك لەو هەڤاڵانەی ناوی هێنراو لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا تۆ بوویت و، پێشنیاری ئەوە کرا بکرێیتە لێپرسراوی کۆمیتە.. لە لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکەدا هەندێ هەڤاڵ ڕایان وابوو لەجیاتی کاری ڕێکخستن کاری پێشمەرگانەت بۆ دیاری بکرێت.

واتە قسە لەسەر ئەوە نەبوو شایستەی ئەو پلە حیزبیە نەبوویت، بەڵکە قسە لەسەر ئەوە دەکرا کام کار تۆ تیا سەرکەوتووتر ئەبیت، دوای ساڵێك تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە کرایەوەو، لەشکری (پێنجوێن شارباژێر) دروست کرا... لەو لەشکرەدا وەکو فەرماندەیەکی پێشمەرگە شوێنت بۆ دیاری کرا.. ئەو کاتەش من لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا کارم ئەکرد... لە ئەنجامی هاتوچۆ کردندا یەکمان ناسی...

دوای چەند جار یەکتر بینین و دانیشتن، تێتگەیشتم کە تەنها فەرماندەی پێشمەرگە نیت و بەس، بەڵکە فەرماندەیەکی ڕۆشنبیرو بەتواناو خاوەن بیرو بۆچوونی خۆتی. دەست بۆ نووسین دەبەیت زۆر حەز لە ئەدەب و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەکەیت، پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوانماندا دروست بوو. ڕاو بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ ئەکرد، بەبێ ئەوەی کەسمان لەیەك بپرسین کێین و کوڕی کێین. لەئەنجامی لێهاتوویت کرایتە فەرماندەی لەشکر، کاتێ ڕووبەڕووی شەڕو نەبەردیەکان دەبوویتەوەبەهیمەتی پۆڵاین و بەگوڕو تواناو تاقەتێکی لە ڕادەبەدەر ڕۆڵی جوامێرانەت ئەبینی و چاوی دوژمنت ئەشکاند.

هەموو جار ئەتووت دوژمنەکان لە کۆڵ بوونەتەوە بەڵام یازوخ و حازر خۆرانی ناو کوردستان نایەڵن بحەوێینەوەو بەری ڕەنجی چەندین ساڵەمان بخۆین. ئازادیەك بەخوێن و ماندووبوونی خەڵك بەدەست هێنراوە بەڕەوای نابینن لە سایەیدا خەڵکەکەمان پشوویەك بدات. پیلانی داگیرکەران و دوژمنان بۆتە بەرنامەی هەندێ لەو لایەنانەو شەڕێکی ناڕەواو خۆکوژیان، بۆ ناوینەتەوە وابزانم یەکەیەکە هەموومان هەڵئەچنێت بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ماندوو بوونی خەڵکەکەمان بەفیڕۆ ئەڕوات.

لەداستانی قڕگەوە بۆ داستانی بەنی هەریر

کاتێ بوویتە پێشمەرگە گەنجێکی سوورکاری خوێن گەرمی بزێو بوویت یەشتا مووت لێنەهاتبوو، بە بێ ئاگاداری باوکت بڕیاری شاخ و پێشمەرگایەتیتدا.

باوەڕت وابوو، لە تەمەنی تۆدا(گەلەکەت سەرفرازو کوردستان ڕزگارو سەربەخۆ دەبێت)... تۆش بە کەماڵی ئیسراحەت تیایدا دەحەوێیتەوە... چۆن لە چوونە دەرەوەتدا، پەلەت کرد، لە ژیانی پێشمەرگانەشدا هەڵپەو پەلەی زۆرت ئەکرد، حەزت ئەکرد شەوانە یەخە بە دوژمن بگریت ونەیەڵیت بحەوێتەوە. هاوینی ساڵی ١٩٨٣ بوو دەمێك نەبوو پێشمەرگە بوویت لەگەڵ دەستەیەك پێشمەرگەی جەربەزەی خۆت ئاسادا، بەور ئاسا خۆتان کرد بەناو شاری سلێمانیدا ئەوەی بۆتان دانرابوو ئەنجامتاندا...

لەگەڕانەوەتاندا دوژمن کەمینێکی دوژمن ئاسای بۆ دانابوون، لە قڕگە ڕووبەڕووی هێرش و دەست ڕێژی گوللە بوونەوە... قڕگە بووە گۆمی خوێن شەوەزەنگی گەرمی هاوین ئەوەندەی تر ڕەش بوو... هەمووتان نۆزدە هەڵۆ، نۆزدە پێشمەرگەی بەور ئاسای ئەم کوردستانە بوون... حەڤدەتان خەڵتانی خوێن و مەرگ بوون و داستانی حەڤدە شەهیدی قڕگەتان لە مێژووی گەلەکەتاندا تۆمار کرد. پشتی حەڤدە باوکتان شکاند، جەرگی حەڤدە دایکتان کردە برێشکە، دەنگی شەپوورەتان لە حەڤدەماڵدا بەرز کردەوە، بەڵام تۆو فەرەیدون بە برینداری گیانتان شەلاڵی خوێن بوو، هەڵۆ ئاسا خۆتان لە ناو ئەو تەنورەی مەرگەدا بەسکە خشێ دەرباز کردو بەدەم ئازاری گوللەو زامی کاریگەری لەشتانەوە خۆتان گەیاندە ناو هێزی پێشمەرگە... بەڵێ تا ئەو کاتە لە قڕگەدا شەهید نەبوویت...

من ئەو کاتە نەمئەناسیت، بەڵام لێتەوە نزیك بووم چونکە لەیەك سەنگەردا بەربەرەکانێی دوژمنمان ئەکرد، تۆ لەشاخ و من لەشار، خەمی ئەو حەڤدە شەهیدە بۆ ئێمە زۆر قورس و خەمێکی یەکجار گەورەو جگەر بڕ بوو...

دەرچوونی ئێوەش لەو کارەساتەدا بوونە دەرس و هەڤاڵانی ڕێکخستنمان پێ گۆش ئەکرد...

بەهاری ١٩٩٣ لە مەڵبەندی شارەزوور لەکۆبوونەوەیەکی حیزبیدا باسی هەڤاڵە تێکۆشەرو بەتواناکان کرا... یەکێك لەو هەڤاڵانەی ناوی هێنراو لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا تۆ بوویت و، پێشنیاری ئەوە کرا بکرێیتە لێپرسراوی کۆمیتە.. لە لێکۆڵینەوەی پێشنیارەکەدا هەندێ هەڤاڵ ڕایان وابوو لەجیاتی کاری ڕێکخستن کاری پێشمەرگانەت بۆ دیاری بکرێت.

واتە قسە لەسەر ئەوە نەبوو شایستەی ئەو پلە حیزبیە نەبوویت، بەڵکە قسە لەسەر ئەوە دەکرا کام کار تۆ تیا سەرکەوتووتر ئەبیت، دوای ساڵێك تەشکیلاتی هێزی پێشمەرگە کرایەوەو، لەشکری (پێنجوێن شارباژێر) دروست کرا... لەو لەشکرەدا وەکو فەرماندەیەکی پێشمەرگە شوێنت بۆ دیاری کرا.. ئەو کاتەش من لە ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگەدا کارم ئەکرد... لە ئەنجامی هاتوچۆ کردندا یەکمان ناسی...

دوای چەند جار یەکتر بینین و دانیشتن، تێتگەیشتم کە تەنها فەرماندەی پێشمەرگە نیت و بەس، بەڵکە فەرماندەیەکی ڕۆشنبیرو بەتواناو خاوەن بیرو بۆچوونی خۆتی. دەست بۆ نووسین دەبەیت زۆر حەز لە ئەدەب و خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەکەیت، پەیوەندیەکی توندو تۆڵ لە نێوانماندا دروست بوو. ڕاو بۆچوونمان ئاڵوگۆڕ ئەکرد، بەبێ ئەوەی کەسمان لەیەك بپرسین کێین و کوڕی کێین. لەئەنجامی لێهاتوویت کرایتە فەرماندەی لەشکر، کاتێ ڕووبەڕووی شەڕو نەبەردیەکان دەبوویتەوەبەهیمەتی پۆڵاین و بەگوڕو تواناو تاقەتێکی لە ڕادەبەدەر ڕۆڵی جوامێرانەت ئەبینی و چاوی دوژمنت ئەشکاند.

هەموو جار ئەتووت دوژمنەکان لە کۆڵ بوونەتەوە بەڵام یازوخ و حازر خۆرانی ناو کوردستان نایەڵن بحەوێینەوەو بەری ڕەنجی چەندین ساڵەمان بخۆین. ئازادیەك بەخوێن و ماندووبوونی خەڵك بەدەست هێنراوە بەڕەوای نابینن لە سایەیدا خەڵکەکەمان پشوویەك بدات. پیلانی داگیرکەران و دوژمنان بۆتە بەرنامەی هەندێ لەو لایەنانەو شەڕێکی ناڕەواو خۆکوژیان، بۆ ناوینەتەوە وابزانم یەکەیەکە هەموومان هەڵئەچنێت بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ماندوو بوونی خەڵکەکەمان بەفیڕۆ ئەڕوات.

ڕۆژی ١١/١٠/١٩٩٧ یەکترمان بینی و ئەملاو ئەولای یەکمان ماچ کرد، بۆن و تامی ئەو ڕیشە سوورەت لەگەڵ هەناسەمدا تێکەڵ بووەو دێت و دەچێت.. ئای چەند خۆش بوو هەواڵی سەرکەوتنەکانتم بیست لەبەنی هەریرو دۆڵی ئالانە.

شەهید بوونت هەواڵێکی چەند گورچك بڕبوو، خۆشبوو لەتەمەنتا ڕزگاری کوردستانت بینی و، ئای چەند کارەسات بوو نەیان هێشت لە سایەیدا بحەوێیتەوە..

چوومە لای باوکت وتی: کە سەریان بۆ هەڵدامەوە تێر ڕیشە سوورەکەیم ماچ کردو، چاوم تێبڕی ڕەنگە سوورە جوانەکەی وەك و لیمۆی لێهاتبوو، ڕیشی سووری ڕەنگی لیمۆیی نیشانەی شەهیدی بە باوکت بەخشی بوو، باوکت ئەیووت سەربەرزم مادام لە پێناوی گەل و خەڵکەکەیدا گیانی بەخشیوە.

ڕیشە گیان.. هاوینی (٨٣) لەداستانی قڕگەدا شەهید نەبوویت و لە پایزی (٩٧)دا لە داستانی بەنی هەریردا بەفڕۆکەی داگیرکەران لەسەنگەری بەرگریدا شەهیدیان کردیت، دوای چواردەساڵ لە داستانی بەنی هەریرەوە گەیشتیتەوە بە داستانی شەهیدانی قڕگە.

((تەنها..بەراوردەوهیچیتر...))

فامی کردەوە. بەسەر ئەو هەموو(گوێزو بادام‌ومێووژەدا(عەشقی)خورمای ترشاوی ئەوخوارەبوو...خرایە قوتابخانە. لەجیاتی ئەوەی بەدەوری مامۆستاکانیابێت‌و، بچێ،(عەشقی)ئامیر مەخفەرە ڕەشە لچ ئەستوورەکەبوو.. خوێندنی سەرەتایی تەواوکردو لە(شار)چووە پۆلی یەکی ناوەندی..کەبینی مامۆستای ئامیر مەخفەر ئاسا، لەناو شاردا زۆرە..وشەیەکی(ئوستازی) بەهەمو مامۆستاکانی نە ئەگۆڕییەوە...ئامادەیی تەواوکرد، گەیشتە پایتەخت‌و بەهۆی براکەی کە(یاوەری)یەکێك بوو لەسەرانی ڕژێم. لەدانشگاو لەو بەشەی خۆی ئەیویست وەرگیرا.. لەپایتەختەوە تفی لە(شاخ‌و لوتکەو بەفرە)کرد. لە(کەر گەوزەکەی بەعسیاندا) کەوتە(خۆ گەوزاندن).کولیەی تەواوکرد..خزمەتی سەربازی بە ئەرکی پیرۆز ئەزانی..هاوەڵەکانی لە شەبەقەوە تا ئێوارە(حەسیر مەیدانیان)پێ ئەکردن..ئەویش لەجیاتی(مەشقی پیرۆز) کرایە مامۆستای(قوتابی‌یەکانی دەزگای ئیستخبارات)....لەرەوی ساڵی(١٩٧٤)ی خەڵکی کوردستاندا بۆ ناوشاخ‌و دۆڵەکان..ئەوخەڵکەی بەگێل‌وگەلحۆ ئەزانی..

کاتێ کارەساتی هەرەسی(١٩٧٥) دوژمن شایلۆغانی زاڵ بوونی لەسەر دڵی جەماوەری ستەمدیدەدا ئەگێڕا، ئەو بەسەرکەوتنی ئەڵقە لەگوێ‌یەتی خۆی ئەزانێ...لەگەڵ تەراتێنی دوژمن لەکوردستاندا ئەکەوتە کۆکردنەوەی ئیمزاو پەنجەمۆر، لەسەر یاداشت بۆ گۆڕینی خوێندنی قوتابخانەکان بۆسەر(زمانی ئوستازەکانی)ئەوو کەسانیتری وەك ئەو خەڵکی ساویلکەیان لەخشتە ئەبردو کۆئەکردەوە، هاواری‌یان ئەکردوئەیان وت:

(دارگوێزو داربەروی شاخەکان بەعسین).

ساڵی(١٩٧٦) کەبڵێسەی شۆڕش بەرزبۆوە، ناوچەکەیان پڕبوو لەپێشمەرگە..ئەو ئەوکاتە ژیانی بەوەگەشەی ئەکرد. کە هەفتانە راپۆرت لەسەر پێشمەرگەو جم‌و جوڵیان بنوسێت‌و، بۆ(ئوستازەکان)ی بەرزکاتەوە.

خەڵکانی تریش..بەپێچەوانەی ئەو، لەمنداڵییەوە(شەیدای) وشەو خوێندن و شیعرو ئەدەبی کوردی بوون، خەویان بەفلیم و ئەفلام کارتۆنی کوردییەوە ئەبینی. لەپێناوی ئامانجەکانیدا بەشانازییەوە هەوڵی ئەدا. تاڵاونۆشین و ئەشکەنجەو دەردی سەری بەسەر بەرزی ئەزانی...

ئەویان...ژیانی خۆی بۆسەرفرازی گەل ونیشتمانی تەرخان کردبوو..سەنگەری ململانێی چۆڵ نەکردو کوڵی نەدا.. لەشار بۆشاخ، لەشاخەوە بۆشار...لەشارەوە بۆ کونی رەشی ئەمن و ئیستخبارات و سزاوئەشکەنجەی فاشییەکان..بۆ بەردەمی دادگاو توندکردنی لەزیندانی رەشی بەعسیان..بۆ لەناوچوون و بەرێکەوت دەرباز بوون..ئەویتریان..بەناو ئەدیب و نووسەرو رۆژنامەنووس..سەردەمی بەعس ئامادە نەبوو قەڵەمەکەی نووچ بدات..قیرسچمە بوو نەبووە شایەرو بەشان و باڵی دکتاتۆریا هەڵ نەدا..لەبەر ئەوە لای(ئوستازەکانی ئەو.)

کەسێکی دزیوەو نەفرەت لێکراوبوو.

ئەوی تریان..بەڕێوەبەری قوتابخانەبوو..لە بەرتەمەنی خزمەتی..داوایان لێ کرد سیاسەتی بەعس جێبەجێ بکات نەیکرد...سیاسەتەکەی بەرەوانەزانی ملی بەفەرمانیان نەدا...هەر زوو بەزوو بەنووکە قەڵەمێکی رەش لەبەڕێوەبەری دەرکرا...وتی چش خۆسەربەرزم..

ساڵی(۹۹۲) وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی فیدراڵی کوردستان دەرگای بۆ موقابەلەی(موشرفی ئیختصاصی و موشرف تەربەوی) کردەوە..رۆژی دیاری کراو کە چووینە دیوانی وەزارەت کە سەرنجمان دا(کاکی ئوستازی...) یەکێك بوو لەوانەی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی پەروەردەوە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوکارە نوێیە..سەیرە چۆن لە سەردەمی بەعسدا سەری بەهەموو کونێکا ئەکرد، بۆ ئەوەی دەمی چەوربکات وا ئێستاش هەڵپەی خۆیکردووەو، لەبەردەمماندا قووت بۆتەوە..

کاتێ چاوم وردکردەوە هەر ئەونەبوو لەو بابەتەی ئەوی زۆرتیادا بوو ئێمە لای خۆمانەوە ئەمان وت:

(ئەوانە لەهاتنەکەیانداتەنها ماندو بوونەکەیان پێ ئەبڕێ)وەزارەتی پەروەردە هەرگیز ئەوجۆرەکەسانە ناکاتە(موشرف...) ئەگەر ئەمانە بکەنە موشرف ئەی

موشـرفەکانی تـر بـۆ ئـەگۆرن...؟(موقابەلـە..) کـراین و گەڕاینـەوە...دوای چـەند ڕۆژێ لیســـتی نـــاوی موشـــرفەکان هاتـــەوە...بـــەقودرەتی وەزەرەت، نـــاوی ئەو(سێیەمین)ناو بوو.. ئەوانەی تری تێدا نەبوو.

دیارە لەو موقابەلە گەورەوهەمەلایەنەی بەردەم لیژنەکەدا، کاری کراوئەوانە وەرگیران و، نەئێمـە دەنـگ و نـە ئـەوان دەنـگ. ئـەوانیش بوونـە موشـرفی ئـەمڕۆ داهاتووی پەروەردەی قوربەسەری حکومەتی فیدراڵی کوردستان.

جیاوازی لەنێوان هێزی مەشق دیدەو نەدیدەدا چییە؟

مەشق واتا پەروەردە کردن، راهێنان،فێرکردن، شارەزاکردن. هەموو هێزێکی چەکدار(سوپای نیزامی-لەشکری میلیشیات)پێویستی بە پرۆسەی مەشق کردن هەیە. دووبارە ئەو مەشقەش لەسوپایەکەوە بۆ سوپایەکی ترو، لەولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆڕێت. هەموو سوپایەکی نیزامی کەدروست ئەبێ، لەمەیدانی مەشقەوە کە سەربازەکانی لەتشکیلەدا دادەمەزرێت.. لەیەکەم رۆژی پەیوەندی کردن بەسوپاوە خۆی لەتەشکیلەی نیزامیدا دەبینێتەوە، هەر لەمەیدانی مەشقدا رادەهێنرێتو فێردەکرێتو پەروەردە دەکرێت، هەر لەومەیدانەوە سنفەکان جیا دەکرێنەوە. شارەزابوونو فێربوونی چەکەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە لەمەیدانی مەشقداو لەمەیدانی مەشقدا دەبێت.

لەگەڵ هەموو سوپایەکی نیزامیدا هێزی چەکدار هەیە کە هەروڵاتەو هەر لایەنە بەناوێك ناوی دەباتو بەگشتی پێیان دەوترێت (میلیشیات) واتە(هێزە غەیرە نیزامیەکان)، ئەم هێزانە هەریەکەیان بەهۆی جۆراو جۆرەوە دروست دەبێت، تەشکیلاتیان سابت نییە. بەبەردەوامی لەئاڵوگۆڕدایە، کەمتر خۆیان بەمەسەلەی مەشقو ئیلتیزاماتی عەسکەریەوە دەبەستن، دیارە ئەو هێزانە دەچنە مەیدانی مەشقو ئارەقی مەشق دەرێژن، شارەزاوبەتوانا دەبن. خۆراگر دەبن. زیاتر بەرگەی برسێتیوتینوێتیوماندوبوونو رۆیشتنوشەونخونیو گوێرایەڵی دەبن، بەپێی فەرمانی فەرماندە جموجوڵ دەکات چ بۆ هێرشو پەلاماردان چ بۆ وەستانو کشانەوەو پارێزگاری.

بۆیە ئەو هێزەی کە بە بەردەوامی مەشق دەکاتو مەیدانی مەشق چۆڵ ناکات هێزێکی بەهەڵمەتو دەست وەشێنو کارامە دەبێت، لەکاتی شەڕو هێرش برندداو سەرکەوتن مسۆگەر دەکات، پاریزگاری لەخۆیو لەدەست کەوتەکانیو ئەوسنوورەی بۆی دانراوە، دەکاتو دەیپارێزێت بەپێچەوانەوە ئەو هێزانەی پشت لەمەشقوفێر بوونو پەروەردەکردنو فێربوون دەکات، هێزیکی بەرەڵاوو بێ سەروبەرو دەبێتو، لەکاتی شەڕدا لەهەر قوڵێکەوە بەرێکەوت سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت کاتێ دەبینینو ئەو کارو ئەرکەی بۆی دیاریکراوە، پێی

سـپێراوە ناتوانێـت وەك پێویسـت جێبـەجێی بكـاتو پارێزگـاری لـەخۆیو دەسـكەوتە نەتەوەیی ونیشـتمانیەكان بكـات، بۆیـە دەبینیـت هێـزە نیزامیـەكان بەگران هەڵدەوەشێتەوەو هێزە غەیرە نیزامیەكان زوو زوو هەڵدەوەشێنو پـەرتو بڵاودەبنـەوە. بـەكورتی مەشـق ئەوەنـدە گرنگـە وەك دەڵـێن چـەندی لەمەیـدانی مەشقكردندا ئارەقەبڕێژێت ئەوەندە لەمەیدانی شەڕدا خوێن كەمتر دەڕێژێت.

چۆن هێزی پێشمەرگە تۆکمەتر ئەکەین..؟

هێزی پێشمەرگەی کوردوستان، ئەو هێزە بەورە ئاسایەیە کەچەندین ساڵە بەگیانبازیوبەوپەری لەخۆبردوویییەوە جوامێرانەرووبەڕووی داگیرکەران بۆتەوە، شێلگیرانە پەلامار لەسەرپەلاماریان بۆسەر سووپاودامودەزگاکانی رژێمەیەك لەدوایەکەکانی داگیرکەران داوە، زەبری کوشندەوکاریگەریان پێ گەیاندوە، ئەم هێزە چەندێ لەروی چەندایەیتەوە کەمبوونو لەرووی جۆنایەتیەوە بەهەرەکەتو گورزوەشێنبووە، ئەم هێزە بەپێی قۆناغو بارودۆخی شۆڕشی گەلی کورد هەردەم لەگۆڕانکاریدا بووە، نەك تەنها لەرووی جەندایەتی و چۆنایەتیەوە، بەڵکە لەرووی تەشکیلاتو دابەشکردنیشەوەو بەڵام لە هەموو گۆڕانکاری قۆناغەکاندا هێزێکی بەرگریوهەڵمەتبەرو کۆڵنەدەر بووە....ئەم هێزە لەهەموو روویەکی فیکریو هەڵسوکەوتو رەفتاری لەسوپای داگیرکەر جیاواز بووە. سوپای داگیرکەر هێزێکی قێزەونو ئابڕوبەرو دڕندەوسەرکوتکەرو وێران کەر بووە، بەپێی پەروەردەی سیاسیانەی رژێمەکانیان پەروەردەکراون، کوێرانە سیاسەتی دڕندانەو فاشیانەی رژێمەکانیان جێبەجێکردوە، هەڵگری بیروباوەڕی نیشتمانیو نەتەوەیی نەبوون. بۆیە دەبینین چوبێتە سەر هەرناوچەو شوێنێك شوێنەواری خراپو پڕکارەکاستیان بەجێ هێشتووە.

بەپێچەوانەوە هێزی پێشمەرگە هێزی خاوەن باوەڕو چەکدارێکی شۆڕشگێڕو سیاسیەکی شۆڕشگێڕو، خۆنەویستو گیانبازێکی بێوێنەی بیروباوەڕی نیشتمانیو کوردایەتی بووە. لەپێناوی مافی گەلەکەیدا بەسۆزانەو خۆنەویستانە ساڵەهای ساڵ جەنگاوەرو، رێزەکانی لێك نەترازاوەو لەناو کۆمەلانی خەڵکدا هێزی خۆشەویست بووە. پارێزەی گەلونیشتمانیان لەبەرنامەدا داناوەو سەرکەوتنی ئەو هێزە بە سەرکەوتنی گەلی کوردو مافەکە رەواکانی نراوە. ئەو هێزە چەندین جار توشی شکستو گەلان بووەو بەمۆدێرترین چەكو تەکنەلۆژیای عەسکەری لێی دراوەو شالاوی براوەتە سەر،

بەڵام سەربەرزانە لەو هەموو قەیران و بارە ئاڵۆزە قوتاربووەو، هەربە پارێزگاری گەل و نیشتمان ماوەتەوە.

ئەم هێزە..هەر چەندە ئێستا هێزێکی تۆکمەیەو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەو تەشکیلاتی بۆ کراوەو رۆژانەو مانگانە لەفەرماندەی گشتییەوە، چاودێری ئەکرێن و پاکسازی تیادا ئەکرێت، بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەگەر بمانەوێت ئەم هێزە تۆکمەتر بێت دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

*مەشق بکرێتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردن.

*تەشکیلەی هێزەکان لەسەر پەیرەوی ناوخۆی پێشمەرگە پیادەبکرێت و تاوایلێبێت ببێتە دەستوور بۆسەقامگیر بوونی هێزەکە.

*دەورەی بەردەوام بۆ فەرماندەکان بکرێتەوەو لەو دەورانە هونەری فەرماندەیی و شەڕوخۆپاراستن هەڵمەت بردن فێربکرێن.

*پاکسازی بەردەوام لەناوهێزی پێشمەرگەدا بکرێت کەم ئەندام، پیروپککەوتەو منداڵ و نەخۆش لەهێزەکە بژار بکرێت.

*موحازەراتی بەردەوام بدرێتە پێشمەرگە لەبارەی:

-مێژووی کورد وشۆڕشەکانی

-مێژووی شۆڕشەکانی گەلانی دنیا.

-گۆڕانکارییەکانی دنیا ودەوروبەر

-مێژووی حزبەکان و بەراووردکردنی لەگەڵ مێژووی(ی.ن.ک)و دەرخستنی رۆڵی سەربەرزانەی یەکێتی لەروی سیاسی و ناوچەیی و پێشمەرگایەتیەوە.

-جوگرافیای کوردستان

*لەهەر فەرماندەییەك، لەشکرێکی تایبەتی هەبێت، کە ئەو لەشکرە تایبەتە هەر هێزەی لەشکرێك بێت و پێکهاتنی پێشمەرگەی کارامەو ئازاو بەتاقەت و خاوەن ئەزموون و راهاتوو، چاکتروایە ئەو لەشکەرە تایبەتە بایەخی تایبەت و مەشقی تایبەت و ئیلتیزامی تایبەتیان هەبێت.

*پێویستە هەر فەرماندەیەك هێزێکی پشتیوانی پرچەکی هەبێت. لە پێشمەرگەی شارەزاو خاوەن ئەزموون و لێزان لەچەکە قورسەکان

*ئەگەر بکرێت پێویستەو چاکتروایە هەموو هێزێك بیکەیسی ودۆشکەو ئاربیجی هەبێت.

*هەوڵ بدرێت کە هەموو پێشمەرگەیەك چەك‌و تاقمی پێویستی تەواوی پێشمەرگانەی بۆ دابین بکرێت.

*پێویستە پێشمەرگە فێربکرێت‌و رابهێنرێت کەبایەخ بەپاککردنەوەو پارێزگاری چەکەکەی بدات. ئەگەر کەم‌وکوڕی هەبوو ئاگاداری فەرماندەکەی بکات تابۆی بگۆڕێت‌و یان کەم‌وکوڕیەکەی بۆچاك بکەنەوە.

*پێویستە پێشمەرگە فێری نزام بکرێت، دەوامی بەنزام بێت‌و ئیجازەو رۆیشتنی بەنیزام بێت، دیارە. بەلاموبالاتی‌و خۆدزینەوە پێشمەرگایەتی ناکرێت.

*ئەوکەسانەی کاروکاسپی تر ئەکەن‌و ناتوانن بەتەواوی خۆیان تەرخان بکەن بۆ پێشمەرگایەتی دوورخرێنەوەو یان نەکرێنە پێشمەرگە چونکە کورد ئەڵێیت دوو گوندۆرە بەدەستی هەڵناگرێت.

*ئاماری راستی هێزی پێشمەرگە یەکێکە لەبنەماسەرەکیە گرنگە کانی هێزی پێشمەرگە، بۆ هەموو حاڵەتێکی شەروئاشتی بۆیە دەبێت ئامارو سەرژمێری بدرێتە فەرماندەی گشتی.

*پێویستە فەرماندەیی بەبەردەوامی لەسەردان‌و چاودێری هێزی پێشمەرگە دابێت، کەم‌وکوڕیەکان بۆبدۆزرێتەوە چارەسەریان کات‌و پرسینەوەو سزادان‌و. رێنمای بەردەوام هەبێت.

*پێویستە کۆبوونەوەی بەردەوامی فەرماندەیی فەرماندەییەکان لەفەرماندەی گشتی بکرێت.

*هۆشیاری‌و پەروەردەکردنی پێشمەرگە لەرووی سیاسی‌و تیوریەوە لەئەستۆی رێبەرەسیاسیەکانە، بۆیە پێویستە بایەخی تەواو بدرێتە رێبەرە سیاسیەکان‌و، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی کاری سیاسی خۆیان بکەن، بەپێی بەرنامەی مانگانە کۆبوونەوە بەهێزەکان بکەن.

*ئیدارە بەشێکی گرنگە بۆ راپەڕاندنی ئیش‌وکارو پێداویستی پێشمەرگە. بۆیە دەبێت ئیدارەی هێزی پێشمەرگە ئیدارەی بەهێزو بەتواناو شارەزاو گورج‌و گۆڵ بێت. نەیەڵێت کەم‌وکوڕی ئیداری بەهێزی پێشمەرگەوە دیاربێت.

*دەبێت پێشمەرگە رابهێنریت لەسەر پاراستنی کەلوپەلی بنکەو بارەگانیان، دەست بەخواردنو تەقەمەنییەوە بگرن چەکەکانیان نەفرۆشنو نەگۆڕنەوە جامبازی بەسەیارەی شۆڕشەوە نەکەن.

*زۆرکەس لەناوچەجیاجیاکان حەزدەکەن پێشمەرگەبنو پەیوەندیان بەهێزی پێشمەرگەوە هەبێت، بەلام باری ژیانو ڕێکەوتی کۆمەلایەتی مۆلەتیان نادات، کە راستەوراست ببنە پێشمەرگەو بەفعلی لەناو ئەم هێزە خۆیان ببیننەوە، بۆیە بەرای من باشتر وایە ئەو جۆرە کەسانە دەستیان لێ بەرنەدرێتو ڕێکبخرێن، نەك لەناو هێزە کاراکەی پێشمەرگەدا، بەلکە بەجیا وەکو هێزێکی پشتیوان لەهەرناوچەیەك تەشکیلاتی هێزیان بۆ دروست بکرێت. لەمالی خۆیان بن هەر کاتێ هێزی پیشمەرگە کەوتە شەرو بەربەرەکانییەوە، ئەو هێزانەش ئاگادار بکرێنەوە. کاریان پی بسپێردرێت بەمەرجێ ئەو ماوەیەی کاریان دەخرێتە ئەستۆ هەموو مەسرەفێکی هێزەکەیان بکێشرێتو، یارمەتی تایبەتیان بدرێت لەرووی چەكو تەقەمەنیو مووچەو ئازوقەو کەلوپەلی تری پێویستەوە، ئەم جۆرە هێزەو بەم شێوە کارناکەنە سەر ئاماری فعلی. هێزی پێشمەرگەو، ئەو مەسرەفە لەرادە بەدەرەش سەرف ناکرێت، کە بەداخەوە ئێستا دەتوانم بلێم لەزۆر ناوچە هێزی لەوبابەتانە زۆرە کەلەسەر مالو کێلکەی خۆیان دانیشتوانو خەریکی کاروکاسپی خۆیانو لەهەمان کاتیشدا بەناو پێشمەرگەن.

*پێشمەرگە دەبێت واپەروەردەبکرێت، ئەو کاتانەی کەواجبی بەردەوامیان نییەو حەوانەوەن. بەپێی بەرنامەیەکی مانگانە جەولەی دێهاتەکانی سنوورەکەیان بکەنو، خەلکی گوندەکان بەسەربکەنەوە کە ئەم جۆرە جەولەوسەردانانە کاری راستەوخۆی لەسەر هێزی پێشمەرگە هەیە. لەبنکەو بارەگاکان دوور ئەکەونەوە، خەلکی گوندەکان بەسەر ئەکەنەوەو پەیوەندی لەنێوان گوندەنشینەکانوپێشمەرگەدا پەیدا ئەبێت، دەتوانن گوێ لەکێشەو گرفتەکانیان بگرنو ئەوەی بۆیان چارەسەرکرا بیکەنو ئەوەشی نەکرا بەرزی بکەنەوە، جەولەو رۆیشتنی پێشمەرگە لەتەمەلیو دوورئەخاتەوە، شارەزایی تەواو لەناوچەکەیدا پەیدا ئەکات، لەرووی جوگرافیی جیپۆلەتییەوە، کاتی سەردانی گوندەکان دەتوانن کۆبونەوە بەخەلکی گوندەکان بکەنو ئەمجۆرە کۆبوونەوانەش گەشە بەرێکخستن ئەدات.

*كاتێ پێشمەرگە لەبارەگاكەی دادەنیشێتو كارێكی ئەوتۆی پێشمەرگانەی نییە باشتروایە ڕۆژانە بەیانیان زوو فەرماندەكەیان بۆماوەی بەلای كەمەوە دووسەعات مەشقو وەرزشیان پێ بكات. و لەكاتی هاوینو پایزدا كەمو كوڕی بنكەو بارەگاكانیان پێ چاك بكاتەوەو ژووروشوێنی پێویست بۆ هێزەكەیان دروست بكەن.

*مەسەلەی مۆڵەتو مانەوەو لەشوێنو بارەگاكان. ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی خراپە. كە پێشمەرگە لەخۆڕاو بەبێ پرس بنكەو بارەگاكەی بەجێ دەهێڵێتو دەڕۆن، باشتروایە كە یاسایەك بۆ مۆڵەتی پێشمەرگە دابڕێژرێت بەپێی ئەویاسایە مۆڵەت بدرێت. بە داخەوە ناچارین بڵێین زۆر شوێن سەیتەرەو ڕەبایەمان هەیە كە پێویست ئەكات ژمارەیەكی دیاری كراوی پێشمەرگەی لێبێت، بەڵام كە سەردانی ئەكەیتو سەیر ئەكەین ئەوشوێنە چەند پێشمەرگەیەكی لێیە كە لە ئاستی پێویستدا نین.

*هێزی پێشمەرگە هێزێكی زیندوە دەبێت ئەم هێزە گەشە بكات، پێش بكەوێت زیادبكات، لەچەندایەتیو چۆنایەتیەوە گۆڕانكاری بەسەردابێت. خەڵكی تازەو توخمی نوێی بچێتە ناوەوە، چونكە وەك وتمان ئەم هێزە زیندووە، واتە وەك چۆن كەسێكی زیندوو، پێویستی بەخوێنی تازەی هەمە جۆرهەیە، بۆ ئەوەی گەشە بكات..ئێمە ئیعتماد هەر لەسەر پێشمەرگە كۆنودێرینەكان بكەینو ڕێگانەدەین پێشمەرگەی نوێ، خەڵكی نوێ، ببێتە پێشمەرگە، ئەوە بەدڵنیاییەوە هێزەكە بەرەو پووكانەوەو، لەدوارۆژێكی نزیكدا، بەرەو نەمان دەچێت، من ناڵێم پێشمەرگەی كۆن خەڵكی ماندوو خەباتكەرو، شۆڕشگێر پشتگوێبخرێتو وازیان لێ بهێنرێت، بەپێچەوانەوە پێشمەرگە كۆنو خاوەن ئەزموونەكان بكەینە هەوێنی سەقامگیربوونی هێزەكان بەتایبەتی. ئەوانەی تواناو تاقەتی پێشمەرگایەتیان ماوە، بەڵام لەدنیادا دەستووری ژیانو یاسای كاركردن بۆ مرۆڤ لە تەمەنێكی دیاریكراودان، ئەو مرۆڤەی لەتەمەنی ١٨ساڵیو تا ٢٥ ساڵی ئەو تاقەتوتوانایەی هەیەتی جیاوازی هەیە لەو مرۆڤەی كە لەتەمەنی ٢٥ ساڵی تا ٣٥ ساڵیو هەروەها توانای ٣٥بۆ٤٥، ٥٠ تا٦٠وزەی جموجۆڵی جیاوازە ئێمە پێزیستە زۆر بەی هێزەكەمان لە تەمەنی ١٨وە بۆ ٤٥ ساڵ بێت.

ئەم هێزە هەرچەندە هەمووکاتێ هێزێکی نابەرامبەر بووە لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا، لەرووی چەك و ئیمکانیاتی سەربازیەوە، بەڵام لەرووی باوەڕوڕەفتارو هەڵسوکەوتیەوە هێزێکی جیاواز بووە لەهێزەکانی داگیرکەر. هێزێکی چەکداری خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەیی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕی سیاسی حەق پەرست بووە، لەپێناوی مەسەلەیەکی ڕەوادا سەربەرزانە جەنگاوە. کە مەسەلەی گەلەکەیەتی. ئەو گەلەی کە لە هەموو مافێکی ژیانی سەردەم بێ بەشەو دووچاری سیاسەتی شۆفێنیانەی داگیرکەران بووە، بەناڕەواو زۆر درندانەو بەزەبرو زەنگ دەیانەوێت لەناوی بەرن. ئەم هێزە لەپێناوی گەلە ستەم دیدەکەیدا بەسۆزانەو خۆنەویستانە ساڵەهای ساڵە دەجەنگێ و، ریزەکانی لێکنەترازاوە، لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا خۆشەویستەو تاقە هێزی دەزانن بۆ مسۆگەر کردنی مافەکانیان. سەرکەوتنی و بەهێزبوونی بەسەرکەوتنی گەلەکەمان مافەرەواکانی زانراوە هەر چەند زۆر جار تووشی کارەسات و شکست و هەڵدێربووە چ بەهۆی بەدەسەڵاتی و بەهێزی سوپای داگیرکەران و گەلەکۆمەکیی رژێمە دوژمنەکان، چ بەهۆی نەزانی و بێ دەسەڵاتی سەرکردەکانەوە ویان بەنوێترین و مۆدێرترین چەکی سەردەم و تەکنەلۆجیای سەربازی لێ دراوە شاڵاوی براوەتە سەر بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەو قەیرانەو بارە ئاڵۆزانە قوتار بووەو، هەربە پارێزەری گەل‌ونیشتمان ماوەتەوە.

هێزی پێشمەرگە..لە مێژووی دروستبوونییەوە تا ئەمڕۆ، ئەوەندە داستانی قارەمانانە وبێوێنەی لەمێژووی گەلەکەیدا تۆمار کردووە، کە لەژمارە نایەن و داستان لەداستان گەورەترو کوشندە تربووە، ئەوەندە رۆڵەی بەجەرگی پەروەردەوپێگەیاندووە، کە لەمێژووی گەلاندا بەدەگمەن هەیە شان لەشانیان بدەن. گیڤارا جەنگاوەر بووە، بەڵام ئەگەر براووردی ئەو پڵنگانەی ناو هێزی پێشمەرگە بکرێت، هەرگیزاوهەرگیز بەباڵای کورتی یەك جەنگاوەری پێشمەرگەی کوردستان ناگات، ئەم هێزە هەرچەندە ئێستا هێزێکی تۆکمەیەو، بەپێی پەیرەوی ناوخۆی هێزی پێشمەرگە پێکهاتووە، رۆژانەو هەفتانەو مانگانە هەڤاڵی بەڕێز مام جەلال وەك فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، رێنوێنی و سەرپەرشتی دەکات، جێگری فەرماندەیی گشتی و فەرماندەیی گشتی و مەڵەبەندی پێشمەرگە بەبەردەوامی چاودێری و رێنمایی دەکەن و

پاكسازی تیادا دەكەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر بمانەوێت ئەم هێزە زیاترو باشتر تۆكمەتر بكەین دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانەبكرێت.

١. هێزە كەلەهیچ روویەكەوە، كەلەپێشەوە باسیمانكرد پشتگوێ نەخرێت
٢. ئیمكانیاتی تەواوی بۆ تەرخان بكرێت
٣. بایەخ بەپێشمەرگە گەنجو بەتواناكانمان بدەینو بەباشی پەروەردەیان بكەن.
٤. پێشمەرگە خاوەن ئەزموونەكان بكەن یەهەوێنی پتەوكردنی هێزەكە.
٥. هەر پێشمەرگەیەك رووبەرووی كێشەو نەخۆشی بۆوە بەزویی بەدەنگیەوە بچنو یارمەتی بدرێت.
٦. ژیانی پێشمەرگە بەتەواوی باشبكرێت
٧. لەرووی سیاسیو نەتەوەییو نیشتمانییەوە ئاستیان بەرزبكرێتەوە.
٨. مەشقی بەردەوامیان لەسەر هەموو جۆرەكانی چەك پێبكرێت.

(خەباتی ژن)

لەو سەردەمەوەی ململانێ لەنێوان چین وتوێژەکانی کۆمەڵدا خەستبۆتەوە لەپێناوی ئازادیو سەرفرازی مرۆڤ لە کۆت وبەندی ستەمی زۆردارانی دژی چەوساندنەوەی چینایەتیو نەتەوایەتی. ژن لەلایەك وەك نیوەی کۆمەڵو دایکی نیوەکەی تری رۆڵی دیارو بەرچاویان هەبووە، بەمەبەستی رزگاربوون لەکۆتی قورسی سەپێنراو بەسەر ژناندا، ئاسوودەیی لەژیانی چینایەتی سەربەستیە دیموکراتیەکان، ئەگەر چاوێك بەمێژووی دوورونزیکی گەلاندا بگێڕینەوە، بێگومان چەندین کەڵەژنی شۆڕشگێڕو خەباتکەر لەبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلاندا دێتە پێش چاو، لەدنیای شارستانی، جەنگو داهێنانو بەرگریدا. کە مێژوویەکی پرشنگداریان بۆ خۆیان تۆمار کردووە. مرۆڤایەتی هەرگیز ناتوانێت لەبیریان بکات.

لەوڕۆژەوەی کوردستان دابەشو داگیر کراوەو گەلەکەی کراوەتە سووتەمەنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی دوژمنە داگیرکەرەکانو، لە هەموومافێکی فەرهەنگیو مێژوویو زمانو نەتەوەیی بێ بەری کراو بزووتنەوەی نەتەوەییو رزگاریخوازی گەلی کورد بەرێبازی کوردایەتیدا شۆڕشگێڕانە رووبەرووی داگیرکەران بۆتەوە. بە بەردەوامی خەباتی کردووە.

ژنی کوردیش شان بەشانی پیاوان بەوپەڕی سەربەرزیەوە هاوبەشیان کردوە، جێگای دیاری خۆیان بینیوە، ئەگەر بە مێژووی بزوتنەوەی گەلی کوردا بچینەوە. بەدەیان شاژن لە مەیدانەکەدا دەبینین، کە لەپێناوی مافی ژنانو مافی زەوتکراوی نەتەوەکەیاندا خەباتی بێووچانیان کردووە. قەدەمخێروحەپسەخانی نەقیب ئەگەر نموونەیەکی سەردەمی خۆیان بووبن. وە لەشۆڕشیئەیلوولدا شەهید لەیلا قاسم نمونەی کچی بەرسێدارەبوو، لەشۆڕشی نوێی گەلەکەشماندایە ئامینەو مامۆستا سروەو مامۆستا نەسرینوخوشکەعەتیە.

نموونەی فیداکاریو گیانبەخشینبوونو لەگەڵ ئەمانیشدا. ژنان بێ سڵەمینەوە. هاوبەشی خەباتی سەختی گەلەکەیان کردووە، هەر

لەرێکخستنەکانی ناوشارەوە تادەوری ژنانی گوندەکان، لە هاوکاریو یارمەتی دانــی مــەفرە زە ســەرەتاییەکانو بەشــداری بەرچــاویان لەراپەڕینــەکانو بەرەنگاربوونەوەو، پەیوەندی کردن بەریزەکانی شۆڕشەوەو، ناکرێت هەرگیز ناتوانرێت رۆڵی ئەو دایكو خوشکە سەر بەرزانە لەیادبکرێت، کە لەئەنجامی شاڵاوی رۆژانەی دوژمندا کەدەکرایە سەریان لەشارو شارۆچکەکان، یان لەسەر کوڕوبراو هاوسەرەکانیان بەندەکرانو. ئازارو ئەشکەنجە دەدرانو رەفتاری نامرۆڤانەو دوژمانەیان لەگەڵدا دەکردن بەندیان دەکردنو رەوانەی شارۆچکەکانی ناوەڕاستو خوارووی عیراقیان دەکردن.. دڵنیام شارەکانی ناوەڕاستو خوارووی عێراق، رۆڵی جوامێرانەی ئەوخێزانانەیان لەبیرناچێتەوەو، رۆژێ لەرۆژان شاهیدی راستیەکان دەبن...ئەو ژنە چلەنگانە ئەوەندەمەردو نەبەزبوون. لەو هەموو گوشارەی لەسەریان بوو یەك ژنیان ئامادە نەبوون یەك نامە بۆ پێشمەرگەیەك بنووسن بۆ گەڕانەوە وازهێنان، بەڵکە بەپێچەوانەوە بەنامە کوڕوهاوسەرەکانیان هان ئەدا کەزیاتر رق ئەستوورینو مەیدانی خەباتی کوردایەتی چۆڵ نەکەن، سەنگەرەکانیان باشتروزیاتر گەرم بکەن، زۆر ژنوکچی رووسووری کورد، لەپێناوی مافی رەوای گەلەکەیاندا گیانیان بەخشیو بوونە قوربانیو هەرگیز رۆڵی ئەو دایكو خوشكوژنە رووسوورانە لەبیرناچێتەوە، لە کاتێکدا کوڕوبراوهاوسەرەکانیان شەهیددە بوون کۆڕی پرسەیان بەسروودولاواندنەوەی سەربەرزانەوە گەرم دەکردو نەفرەتیان لەدوژمن دەکردو رقی خەڵکیان ئەستورتر دەکرد.

ئەگەر سەرنجێکی سەر پێی بدەین ژنی کورد لەخەباتی کوردایەتیدا هەرگیز ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت، بەڵکە زۆربەشانازیەوە. رۆڵی جوامێرانەیان بە پرشنگداری دەبینرێت لەراپەرینەکانی جەماوەری خەڵکی کوردستاندا ژنان لەریزی پێشەوە بوونو گیانیان بەگوللەی داگیرکەر شەلاڵی خوێن کرانو شەهیدکران..بۆیە دەبینرێت لەهەموو سەردەمەکانی خەباتی نەتەوەکەماندا ژن پێشەنگی کاروانی خەباتو کۆڵنەدانبوون.

(شانۆگەری گۆڕستانی بێگۆڕو موچڕکەکانی ئەنفال)

کارەساتی شومی ئەنفال لەناخی هونەرمەندانی شانۆییدا پەنگی خواردبووەوە، ئازارەکانی مەرگەساتەکە، لە ویژدانیاندا مرقی ئەدا...بۆیە کۆمەڵێ هونەرمەندی بەتوانا، شاسواری مەیدانی شانۆ...شانۆگەری گۆڕستانی بێگۆڕیان کردە خەنجەرو لەکالان رایانکێشاو، ئاڕاستەی دوژمنانو ئەنفال چییەکانو ویژدانی مردوویی مرۆڤایەتییان کرد. دەمەوێ بڵێم لەدوای راپەڕینەوە، بەدەیان شانۆگەری نمایش کراوە، زۆریانم بینیوە تاکە تاکەیان کاریان تێکردوم، بەداخەوە زۆر کەسیان لەئاستی مەرگەساتی گەلەکەماندا نەبوون...لەکاتێکدا لەسەردەمی رژێمدا زۆربەی زۆری شانۆگەرییەکان شانۆگەری روبەڕوبونەوەو بەرەنگاریی بوون. نازانم بۆ دوای راپەڕینو باهۆزی ئازادی کوردستانو، ئازادی شانۆ...شانۆی کوردی بۆ نەبووە خوێندنگای نمایشی گێڕانەوەی کارەساتەکانی گەلەکەمانو، هونەرمەندانی شانۆ بۆ بەچڕوپڕی یەکە یەکەی، مەرگەساتی گەلەکەمانیان شانۆیی نەکرد؟ بۆئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتییان پێبهەژاندایەو ئەو وتە بەنرخەیان بسەلماندایە کە(شانۆو قوتابخانەی گەلە...)دەبێ بڵێین کارەساتی ئەنفالو کیمیابارانی کوردستان، کارەساتی ئەوتۆن کە نەلەبیر دەچنەوەو نەدەبێت لێیان بێدەنگبین.

رۆژی ٢٠٠١/٤/٨روومکردە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی بەمەبەستی بینینی شانۆگەری گۆڕستانی بێگۆڕ...بەچوونەژوورەوەو دانیشتنم سەرنجی شانۆکەمدا...بەلێواری شانۆکەدا کەلو پەلی پەرشوبڵاوم بینی. ئەو کەلوپەلانە، شوێنەواری(کوتەڵی ئەنفال)بوون، بۆیە حەزم دەکرد زوو پەردە لابدرێت، ئەو دیوی پەردەی شانۆکە ببینم...پەردە والآکراو، ئەکتەرەکان کەوتنە نمایش کردن، لەیەکەم دەنگەوەبەبێ چاوتروکان، لەگەڵ یەك بەیەکی دەنگەکانو وشەوڕستەکان، هەڵسوکەوتەکاندا تێکەڵاو بووم. لە نرکەی هەر ئەکتەرێکدا لەخوێندنەوەی هەر وشەیەکی ئەنفالدامچڕکە بە هەموو ئەندامەکانی لەشمدا دەهاتو، دڵم پڕبوو لەقوڵپی گریانو چاوەکانم فرمێسکیان ئەڕشت...دەنگە

دلێرەکەی عەلی کەریم و هاتوچۆوهەڵگەڕان وهاتنە خوارەوەکانی لەلایەك و دەنگە پڕوچڕوکپەکانی ئازاد جەلال و دەنگە بەسۆزەکەی خوشکە ژیان و نەنە حەپسەو جەبارو بانگەکانی یاسین بەرزنجی و سیماو سەرنج ڕاکێشەکەی بە مێزەرو جبەوە، دەنگی کوڕی زیکرو تەپڵ و دەفی ئەو کۆمەڵەوە............گوڵا وپڕژێنی بینەران...هەستمدەکرد هەر من نەبووم...بەتەواوی نوقمی نمایشەکە بووبووم..بەڵکە سەرجەمی بینەران لەهەمان حاڵەتدا بوون و، هەر هەموو حەسرەتیان هەڵدەکێشاو دەگریان...چەند ماوەی شانۆگەرییەکە کورت و کەم بوو. بەلام ئەوەندە کاریگەرو سەرکەوتو ئاراستە کراوبوو، تراژیدیای مەرگەساتی گەلەکەمانی دەهێنامەوە پێش چاو.

بیرۆکەی ئەم شانۆگەرییە، دیارە لە هۆنراوەییەکی شاعیری برامان (قوبادی جەلیل زادە) وەرگیرابوو، کاکە حسێنی هونەرمەندو بەدەسەلات دەرهێنەری بوو....ئەم شانۆگەرییە خەنجەرێکی دەبان بوو تا ئێستا لە کالاندا قەتیس مابوو. وا ئەمڕۆ هونەرمەندە بەتواناکان هەڵیان کیشاو، بەبێ ترس و بێ سڵەمینەوە ئاڕاستەی هەموو ئەوانەیانکرد، کە ئەنفالیان بەحەق زانی و گوێیان ئاخنی و چاویان نووقاو ویژدانیان مراند. ئێستاش ئەوانە شەرم دەکەن و پێیان تاوانە وشەی نەگریسی(ئەنفال) ناوبهێنرێت و بنوسرێت و باس بکرێت و،دەیانەوێت ئەنفالی میللەتێ فەرامۆش بکرێت..............

براکانم حسێن و عەلی و ئازادو جەبارو یاسین...خوشکەکانم ژیان و نەنە حەپسە...بەڕاست سەلماندتان هونەرمەندن، شانۆکارن، هەڵگری بیری نەتەوەیی و کوردایەتیین، دەرکەوت خەم و مەرگەساتی گەلەکەتان بەکوڵەوەیە ناخ و ویژدان و ژیانتان دەخواتەوە. دەستتان خۆش و هونەرتان بەرزو شانۆتان هەروا گەرم و پڕبێت.

*ئەم شانۆگەرییە لە هۆڵی رۆشنبیری سلێمانی لە ٢٠٠١/٤/١٦ و رۆژانی دوایی لەلایەن ئەو کۆمەڵە ئەکتەرەوە نمایشکراو منیش ئەمەم لەسەر نووسی لەکوردستانی نوێدا بلاومکردەوە.

(پرۆفیسۆر د. جەلیلی جەلیل ومۆزەخانەی سلێمانی)

پرۆفیسۆر دکتۆر جەلیلی جەلیل لەمیانەی سەردانیدا بۆ کوردستانی ئازاد بەمەبەستی بەسەرکردنەوەی داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێم سەعات(١٢) نیوەڕۆی ڕۆژی١٣/٥/١٩٩٩سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد.مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری پێشوازیەکی گەرمی لێکرد، بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوو بەمەبەستی شارەزابوونی لە داموودەزگاکانی وەزارەت سەری لە هەموو بەڕێوەبەرایێتیەکانی ناو وەزارەتدا.

دکتۆرجەلیل بەپێی شارەزایی‌خۆی لەبواری ڕۆشنبیریدا، راوبۆچوونی خۆی بۆ هەر بەڕێوەبەرێتییەك دەردەبڕیو، دەست خۆشی لەکارەکنی وەزارەت دەکرد.

یەکێك لەو شوێنانەی مامۆستا جەمال مەبەستی بوو، بەپەسەندی زانی دکتۆر جەلیل سەردانی بکات‌وبیبینێ(مۆزەخانەی سلێمانی) بوو. بە گەیشتنی دکتۆر جەلیل بۆهۆڵی مۆزەخانە لەلایەن فەرمانبەرو، پسپۆرەکانی مۆزەخانەوە، پێشوازی گەرمی لێکرا. بەوردیو زۆر بەبایەخەوە شوێن بەشوێنی هۆڵی مۆزەخانە گەڕاو، گوێی بۆڕوونکردنەوەکانی (رافیدە) خان پسپۆری مۆزەخانە دەگرت...ئەوەی بووە جێی سەرنج‌وداخی دکتۆر جەلیل چۆڵی جامخانەکان بوو... بەسەرسوورمانەوە پرسیاری کرد بۆ ئەم جامخانانە چۆڵن‌و..؟ بۆهەندێکیان شکاون..؟

(رافیدە خان) وەڵامی دایەوە وتی: ئەمجامخانانە هەر هەموو پڕبوون لە پەیکەرو، ئامێری کۆن‌و شتی نەختینەی ئەوتۆ، کە بەدەگمەن دەست ئەکەون. بەداخەوە کاتی ڕاپەڕینی١٩٩١ خەڵکی‌نەفس نزم وتێ نەگەیشتوو هەڵیان کووتاوەتە سەرمۆزەخانەکەو پەلاماری پەیکەروشتی جامخانەکانیانداوە، ئەوەی بە عەقڵی خۆیان بەکەڵکیان هاتووە لەشوێنی چەسپکراو هەڵیان کەندوەو، جامخانەیان شکاندوە بردوویانە. بە پارەیەکی کەم فرۆشتوویانەو ئاودیوکراوە، بەڕێوەبەرێێتی مۆزەخانە لەترسی ئەودیاردە ناشارستانییەو ئەو خەڵکەبەرەڵا و

چاوچنۆکانە ئەوەی ماوەتەوە لە کارتۆندا کۆیکردوونەتەوەو لەشوێنی تایبەت پارێزراون....

د. جەلیل وتی بەنیاز نین دەریان هێنین‌و مۆزەخانەکەی پێ ئاوەدان بکەنەوە...؟چونکە مۆزەخانە لە دنیادا زۆر گرنگەو لەلایەن ولاتانی دنیاوە بایەخی زۆرو تایبەتی پێ ئەدرێت... رووی شاراوەی شارستانێتی نەتەوایەتیە...کۆنینەی شوێنەواردا‌هاتووی لەسەر دادەرێژرێت... میللەتانی دنیا شانازی پێوە دەکەن.

(رافیدە خان) وتی: بەڵێ زۆر ڕاستە...حەزدەکەم ئەوەش بزانن کە ئەم مۆزەخانەیە سێیەم مۆزەخانەیە لە عێراقدا. تا ئێستا لەبەر بارودۆخەکە بە چاك نەزانراوە شتەکان دەربهێنرێن‌و بخرێنە روو. هەر کات وەزارەت بریارێکی لەوبابەتە بدات بەزووترین کات دەیکەینەوە بەمۆزەخانەکەی جاران.

مامۆستا جەمال وتی: لە هەوڵداین‌و بەدەستمانەوەیە پاش چاککردنەوەی تەڕەشوعی بنمیچی هۆڵەکە، کار بۆ دانانەوەی شتەکان بکەین. مۆزەخانەکە ببووژێنینەوە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە ئیمکانیەتی ماڵی هەیەو بەم ئیمکانییەتە کەمەی هەمانە توانیومانە ئەوەندەی کراوە بیکەین.

پێش جێهێشتنی دوا شوێنی هۆڵەکە، دکتۆر جەلیل وتی زۆر شادمانم بەو مژدەیەی داتانمێ بەوەی کەزۆربەی کەل‌وپەلەکان ماوەو، دەتوانن مۆزەخانەکەی پێ ئاوەدان بکەنەوە. وە وتی پێویستە حکومەتی هەرێم بایەخێکی تایبەت بەشوێنەوارو ئەم مۆزەخانەیە بداتو، بیکەنە سەرچاوەیەکیش بۆ داهات، لەلایەك لەلایەکیتر بۆ ناساندنی سامانی شوێنەواری گەلەکەمان، بەو بیانیانەی دێنە کوردستان‌و بۆئەوەی رابردووی نەتەوەکەمان بناسن خوێندکارەکانی زانکۆ دواناوەندی بهێنرێن‌و ئەم شتانە بەچاوی خۆیان ببینن...

ڕوونکردنەوەیەك لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە

یەکێك لەنیشانە سەرەکییەکانی شارستانییەتی هەر کۆمەڵگایەك، بوونی یاسایە، لەو کۆمەڵگایەدا بە پلەی یەکەمو پەیڕەویکردنو ملکەچ بوونی هاووڵاتیانە، بۆ ئەویاساو ڕێنماییانەی کە لەلایەن حکومەتو دەسەلاتی ئەو کۆمەڵگایەوە دەردەچێ.

سەبارەت بە کورد، لەدێرزەمانەوە بارودۆخێکی وای بەخۆوە نەدیوە ناوبەناو نەبێ لێرەولەوێو بۆماوەیەکی کورت بەڵکە، هەرملکەچی ئەو یاسایانە بووین، کە ئەمو ئەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان سەپاندوویانە بەسەرماندا. ئەم حاڵەتەش وای لێمانکردووە کە پەیوەندیکردنی هەر یاسایەك بەلامانەوە بەئەرکێکی قورس دابنێین.تەنانەت ئەگەر ئەو یاسایەش پەرلەمانێکی کورد، خۆی دایبنێ.

دوای ڕاپەڕینو هەڵبژاردنی نوێنەرانی میللەتو پێکهێنانی حکومەتێکی شەرعی لەبەشێکی کوردستاندا، شتێکی زۆر ئاسایی بوو، کە ئەوپەرلەمانە هەندێ یاسا دابنێ، یا دەسکاری یاسا کۆنەکانی بکات، بەجۆرێك لەگەڵ بارودۆخی تازەوبەرژەوەندی میللەتی کورددا بگونجێ، ئەوەی سەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێبکەین، یاسایی ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٣یە(یاسای چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراق)، بەپێی حوکمی بڕگەی(١)لەماددەی(٥٦)ی یاسایی ژمارە(١) ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیازی وەزیری ڕۆشنبیریو بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان لەدانیشتنی ڕۆژی١٨/٤/١٩٩٣دا بڕیاری دەرکردنی ئەو یاساییەی پەسەند کرد.

لەمادەی شازدەهەمی ئەویاسایەدا هاتووە کە وەزیری ڕۆشنبیری بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکا، بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەو، لەبەر ڕووناکی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیەدا، وەزیری ڕۆشنبیری لەساڵی١٩٩٥دا ڕێنمایی ژمارە(٣)ی دەرکرد، کە لەبڕگەی چواردا دەڵێ: هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك دەبێ(١٥٠٠)دینار ڕەسمی مۆڵەتو(١٠٠٠)دینار ساڵانە بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژانەو

(٥٠٠) دینار ساڵانە بۆ ڕۆژنامەیان گۆڤار ئەگەر هەفتانە یان وەرزی بێت بۆ تازەکردنەوە، بدات بە بەڕێوەبەرێتی گشتیی ڕاگەیاندن.

بەڵام ئەوەی جێی داخە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەپێنج ساڵ بەسەر دەرچوونی ئەو یاساو ڕێنماییانەدا، هەندی لەو بەڕێزانە کە لەبواری ڕۆژنامە گەریدا کاردەکەن، ئەو یاسایەیە بڕیارێکی وەزیری ڕۆشنبیری دادەنێنو، لەوەش زیاتر وەزارەتی ڕۆشنبیری بە کۆسپێك دادەنێن، لە بەردەم ڕۆشنبیریدا!، ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی کە وەزارەت، لەو (٥٠٠)دینارەی ڕەسمی یاسایی بۆ گۆڤارەکەیان نەیبەخشیون، کەیاسای ناوبراو ئەو دەسەڵاتەی نەداوە بەوەزیر بۆ بەخشینتان.

*ژمارە ١٦٩ی ڕۆژنامەی هەرێم لە ١٩٩٩/١٢/٢٧دا بڵاوکراوەتەوە

((روونكردنەوەيەك لەوەزارەتى رۆشنبيريەوە))

لەژمارە(٥٠)ى رۆژنامەى (رێگاى يەكبووندا)، (ئومێد رێكانى)بابەتێكى بڵاوكردۆتەوە بەناونيشانى (نامەيەكى كراوە بۆ بەڕێز وەزيرى رۆشنبيرى لەسلێمانى..) لەو بابەتەدا نووسەر رەخنەو پلارى ناڕەواى ئاراستەى بەڕێوەبەرى گشتيى چاپ وبڵاوكردنەوە، كردووەو ويستويەتى لەو دەرگايەوە سووكايەتى بە وەزارەتى رۆشنبيرى حكومەتى هەرێمى كوردستان بكات. كە پێويستى بەوەڵامدانەوەو لەسەر رۆيشتن هەيە، ئێمە وەك مافێكى رەواى خۆمان بەباشمانزانى ئەم چەندخاڵەى خوارەوە بخەينە پێش چاوى خوێنەران و هەمووئەوانەى پەيوەنديان بەمەسەلەكەوەيە بۆدەرخستنى راستى لەو بارەيەوە....

لەمانگى١١/١٩٩٠دا برادەرى نووسەر دەس نووسى كتێبێكى هێناو بۆئەوەى ژمارەى سپاردنى بدرێتێ تا چاپيبكات. لەبەرئەوەى نووسينەكە هەندێ بابەتى تێدابوو دوور بوون لەڕاستيەوە، وەك لەخوارەوە دەردەكەوێت ئەونووسينە مۆڵەتى چاپكردنى پێنەدرا...واديارە ئەوەش ئەو برادەرەى زۆر نيگەران وبێزاركردووە. بەڕادەيەكى وا كە لەحاڵەتى هەڵچووندا مەسەلەكان بە ئاوەژو بخاتە روو. بەمەش كەسانێكى تر چەواشەبكات، ئێمە پێش ئەوەى بچينە سەرباسەكە هەندێ خاڵى نووسينى ئەو برادەرە دەخەينە ڕوو، بۆئەوەى خوێنەران بزانن ئەوبرادەرە بۆچوونەكانى تاچ رادەيەك دوورن لەراستيەوە، ئەمانەش بەنموونە دێنينەوە ئەو برادەرە دەڵێ: (من تێڕوانينى خۆم بۆ بزاڤى عەلمانيەت و هۆيەكانى سەرهەڵدانى و لەسەربنەمايەكى زانستى و بەپشتبەستن بەسەرچاوەى بەردەست و بەدەر لەهێرش و تەشهير...خستۆتە ڕوو)..

يەكەم:بەپێويستى دەزانين ڕوونيبكەينەوە كە ئەو نووسينە تێڕوانينى ئەو برادەرەنييە بۆ(سيستمى عەلمانيەت)نەك (بزاڤى عيلمانيەت) وەك ئەو دەڵێ بەڵكو نەقلكردن و گواستنەوەى چەند بۆچوون و لێكدانەوەى نووسەرانى عەرەبە. كە رێبازێكى تايبەتيان هەيەو هەر لەسەرەتاوە وشەى عەلمانيەتى

بە(لادینی)لێکداوەتەوە. کە ئەمەش راست نییە، سیستمی عەلمانیەت واتە دەسەڵات قورخ نەبێ بۆ پیاوە ئایینیەکانو ئەرکی پیاوانی ئایینی بە زۆری دەبێ لەبواری رێنمای کردنی موسڵماناندا بێت، لەکارو باری ئاینیدا، نەك جڵەوی دەسەڵات گرتنەدەستو خۆتێهەڵقورتاندن لەهەمووکارێکی وردودرشتی دنیاییدا، دیارە ئەمەش هیچ کاتێك بە مانای(بێ دینی) یا(لادینی نییە وەك ئەودەڵێ) رەنگە نووسەریش ئاگای لەوفەرمودەیەی پێغەمبەر(د.خ) بێت هەبێت کە دەفەرموێت(انتم اعلمُ بامور دنیاکم..).

دووەم: نوسەر لەبابەتەکەدا دەڵێ: (ماوەیەکە هەندێ دیاردە دەبینین کە رۆژانی رابردوومان دەخەنەوە یاد..)واتە سەردەمی رژێمی بەعسو پێش راپەرین..ئێمە نازانین ئەم برادەرە بەچ مافوویژدانێکەوە توانیوێتی زات بکات بەراوردی ئەم سەردەمەی ئێستای کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەل سەردەمی رژێمی بەعسدا بکا..ئایا لەسەردەمی رژێمدا ئەووکەسانیتر ئەیانوێرا تەنیا بیرلەوەبکەنەوە کە نووسینێك بڵاوبکەنەوە لەدووریشەوە پەیوەندی هەبوایە بەکێشەی رۆژانەی موسڵمانانەوە..؟..

سێیەم: لەبڕگەیەکی تری نووسینەکەیدا دەڵێ: (لەزمانی بەرێوەبەری چاپوبڵاوکردنەوە)ئەم نوسینە لەگەڵ سیاسەتی خۆماندا ناگونجێنو ئامادەش نین مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێبەدەین. ئەم بڕگەیە دوورە لە راستییەوە چونکە مەسەلەکە بریتییە لەوەی ئێمە وەك وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیرەوی یاسای چاپەمەنییەك دەکەین کە پەرلەمانی کوردستان دایناوەو، هەموو حیزبەکان هاوبەشن لەپەرلەمانو حکومەتداو، هیچ لایەنێکیش لەسەر پرۆژەی ئەو یاسایە تائێستا نارەزاییان پیشان نەداوە، ئێمە هەر چاپکراوێك کە بزانین لەهەندی بواردا لەگەڵ ئەویاسایەدا ناگونجێ، ئەوا رێگای بڵاوکردنەوەی پێنادرێ...ئیتر مەسەلەکە پەیوەندی بەخۆمانوخۆتانەوەنییە، وەك ئەو لێکی دەداتەوە. ئەولایەنەش نووسەری بابەتەکە خۆی سەربەوان دادەنێ بەشداری حکومەتنو ئەگەر تێڕوانینێکی تایبەتیان هەبوایە بەرامبەربەو یاسایە بێگومان بێدەنگ نەدەبوونو، هەر بڕیارو یاسایەکیش، کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچێت ئەگەر کەموکوڕیشی تێدابێت هەموو لایەنەکانی بەشداری حکومەت لێی بەرپرسن.

چوارهەم: لەبڕگەیەکی تری بابەتەکەدا دەڵێ: (هەر لەزمانی بەڕێوەبەری گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوەوە) (خۆمان دەزانین چی لەوچاپخانەیە دەکەین کە چاپی دەکات). ئەمەش هەر دەچێتە خانەی ئاوەژووکردنی راستیەکانەوە. چونکە وەك لەسەرەوە وتمان ئێمە پابەندی یاسای چاپەمەنین، ئەو یاسایەش سزایەکی بۆ ئەو چاپخانانە داناوەو ئێمە لەخۆمانەوە ناتوانین هیچ هەڵویستێك وەربگرین، لەچوارچێوەی ئەو یاسایە بەدەربێت، ئەمەش نووسەران و رۆشنبیران دەزانن. لەکاتێکدا ئەو وەك خۆی دەڵێ وتوویەتی(دەچم لەوەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەولێر مۆڵەتی بۆ وەرئەگرم و بەو مۆڵەتە لەسلێمانی چاپی دەکەم) ئەم قسەیەی ئەو برادەرە جێدێڵین بۆخوێنەران و ئەوانەی لەبواری چاپەمەنیدا شارەزاییان هەیە...

پێنجەم: لەبڕگەیەکی تری بابەتەکەدا دەڵێ: (ئایا ئەمە سەرەتایەك نییە بۆ لەقاڵبدانی ئازادییەکان؟) وادیارە ئەم برادەرە تائێستا بەتەواوی لەواتای وشەی ئازادی نەگەیشتووە..ئازادی مانای ئەوەنییە کەهەر کەس چی ویست بیڵێ، چی ویست بیکا،..ئەگەر بەم شێوەیە لە ئازادی بگەین و مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەوە دەبێتە بەرەڵایی و ئازادی وەك هەرشتێکیتر سنووری خۆی هەیە، ئەگەر سنوورەکەی خۆی بەزاند ئەوە دەبێتە دەست درێژیکردنە سەر ئازادی کەسانیتر..

شەشەم: لەبڕگەیەکی تری بابەتەکە دادەڵێ: (پاشان نازانم خۆمان یەکێتی؟ تاوەکو ئیتر لەمەودوا بەپێی سیاسەتی خۆمان بنووسین؟)ئایا بانگەشەی ئازادی دەربڕین چ سەنگێکی دەمێنێ کاتێك بەڕێوەبەری چاپ، هەموو ئەو نووسینانە رەت بکاتەوە کە لەگەڵ بۆچونەکانیدا رێك ناکەوێ؟) بۆ ئەوەی تیشك بخەینە سەر راستی و ناراستی ئەم بڕگەیە ناچارین لە کۆتایی نووسینەکەماندا ئاماری ئەو کتێب و نامیلکەو گۆڤارو رۆژنامانەی لەساڵی(١٩٩٩)دا چاپکراون بخەینە بەرچاوی خوێنەران. تاخوێنەر ئاگاداری ئەوەبێ کە ئەو نووسەرە چ حوکمێکی نارەوا و ناراستی داوەو ئەوەشمان بۆ روون بێتەوە، کە تاچ رادەیەك ئەو کتێب و نامیلکانەی بڵاوکراونەتەوە پەیوەندیان بەبیرو بۆچوونی ئێمەو کەسانی ترەوە هەیەو، چۆن نووسیویە کە(هەموو)ئەو نووسینانە رەتکراونەتەوە ئێمە لەئامارەکەدا بەژمارە ئەو کتێبانەی مۆڵەتیان لەوەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

دەخەینە روو. بزانین ئەو ئەتوانێ ژمارەی(هەموو)ئەو کتێبانەمان بداتێ کە وەك دەڵێت رەتکراونەتەوە...

حەوتەم: لەبڕگەیەکی تری بابەتەکەدا دەڵێ: (لەکتێبخانەکانی ناوشاری سلێمانیدا بەدەیان کتێب و نامیلکەی غەیر ئیسلامی بە رچاودەکەوێ کە ڕەنگە وەزارەتی رۆشنبیری پرسەگورگانەیەکیشی پێنەکرابێ، کاتێك لەچاپ دراوە).
وەزارەتی رۆشنبیری ئەودیاردەیە دەزانێت و لەبەرنامەیدایە کە بەپێی رێنمای یاسای چاپەمەنی بەهاوکاری هەمولایەك چارەسەریکات و رێگا لەچاپ خانەکان وکتێبخانەکان بگرێت، کە بەئارەزووی خۆیان کتێب چاپ بکەن و بڵاویبکەنەوە و دیاردەی بەرەڵای بنەبڕبکەین.

نامانەوێت لەمەزیاتر روونبکەینەوە لەسەر ئەو بابەتە. بەڵام بەپێویستی دەزانین) کە بە(ئومێد رێکانی)بڵێین حەقە باش بزانێت کە(وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی)نییە وەك نووسیوێتی بەڵکە(وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە) یاسای چاپەمەنی هەیەو بۆ ئارەزووی هیچ کەسێك بڕگەکانی فەرامۆش ناکات. مافی خۆشمانە گلەیی لەرۆژنامەی(رێگای یەکبوون)بکەین و بڵێین دەبوو سەرنووسەری رۆژنامەکە پێش بڵاوکردنەوەی بچوایەتە بنج وبناوانی ناوەڕۆکی ئەونووسینە، ئینجا مافیان بەخۆیان بدایە بۆبڵاوکردنەوەی. چونکە وەزارەتی رۆشنبیری لەمانگی رابوردوودا رێنماییەکانی یاسای چاپەمەنی بۆ هەموو دەزگا حکومی وحیزبی و رێکخراوەیی و راگەیاندن و رۆشنبیرییەکان ناردووە. باوەڕناکەین دەزگایەك یان شوێنێك هەبێت، ئەو رێنماییانەی پێ نەگەیشتبێ.

بەردەوام رۆژانە نووسەران و رۆشنبیران بەبێ ناسنامە کتێب ونامیلکەبە داوایان پێشکەشی وەزارەت دەکەن وەزارەتیش بەپێی رێنماییەکان دوای سەیرکردن و هەڵسەنگاندن، پاش چەند رۆژێ ئەنجامکەی وەردەگرنەوەو، هەر بابەتێ لەگەڵ بڕگەکانی یاسای چاپەمەنیدا بگونجێت ژمارەی سپاردنی دەدرێتێ..

بەراشکاویش دەیلێم هەر نوسەرو رۆشنبیرێك رووی کردبێتە وەزارەتی رۆشنبیری و بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە بەپێی داب و نەریتی کوردەواری و رەوشتی بەدەر لەکاری وەزیفی رێزی لێگیراوەو بەڕێزیشەوە

بەرێکراوە، تا ئێستا کەسێکمان لەبەردەرگا رانەگرتووەو یان نەکردۆتە دەرەوە...

ئەمەش ئاماری رۆژنامەو گۆڤاروکتێبو نامیلکەی مۆڵەتدراولە١/١(١٩٩٩)تا ١٩٩٩/١٢/١ئەوانەشی مۆڵەتیان نەدراوەتێ بەم شێوەیەیە(٨) رۆژنامە، (٢٠)گۆڤار مۆڵەتی یاساییان پێدراوە (٤٩٢) کتێبو نامیلکە ژمارەی سپاردنیا وەرگرتووە، لەو(٤٩٢) نامیلکەو کتێبە)(١٣٨)کتێبونامیلکەیان بابەتی ئاینیین. (١٠)کتێبو نامیلکە، بە هەموو جۆرەکانییەوە ژمارەی سپاردنیان نەدراوەتێ.

وەزارەتی رۆشنبیری پابەندی یاساکان دەبێ و بۆ ئارەزووی کەس رەوتی خزمەتکردنی رۆشنبیری کوردی راناگرێت...

وەزارەتـی رۆشـنبیری لـە دروسـتبوونی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە دامـەزراوە..بـەپێی بڕیـاری ژمـارە(٢٤)ی ٢٥/٤/١٩٩٤ی ئەنجوومـەنی نیشـتمانی کوردستان و پشت بەستن بە حوکمی بڕگەی(١)ی مادەی(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٣و لەسەر پێشنیازی وەزیری رۆشنبیری و لەسـەر داوای ئەنجوومـەنی وەزیران. ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لەدانیشتنێکی رۆژی١٨/٤/١٩٩٣دا بڕیاری دەرکردنی یاسای ژمارە١١٠ی ساڵی ١٩٩٣ی یاسای چاپەمەنی هـەرێمی کوردستانی دەرکرد.

وەزیری رۆشنبیری بەدوای ئەو بڕیارو یاسایەدا، رێنمایی ژمارە(٣)ی سـاڵی ١٩٩٥ی سـەبارەت بـە ئاسـانکردنی یاسـای چـاپەمەنی دەرکـردوە، لـە شـوێنی فـەرمانی وەزارەتـی ژمـارە(٢١٥٠)ی ١٠/٧/١٩٩٣ی گرتۆتـەوە...هـەمان رێنمـایی لەسەر بڕیاری وەزیری رۆشنبیری بە ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٩ی بۆجێبەجێکردنی یاسـای چـاپەمەنی بەنوسـراوی ژمـارە ٩٨ لـە ١٠/١٠/١٩٩٩ بۆگشـت دەزگـا و بنکـەکانی راگەیانـدنی حکـومی و حزبـی و رێکخراوەیـی و ئـەهلی پەخشـکراو باوەڕناکـەم گۆڤارێـك یـان دەزگایەك وبنکەیـەك هـەبێت ئـەو رێنماییانـەی پێنەگەیشتبێ.

لەساڵی ١٩٩٧وە تاکۆتایی ساڵی ١٩٩٩ (٣٣) رۆژنامەو(٦٥)گۆڤارو مۆڵەتی رەسمـی وەزارەتـی رۆشـنبیرییان وەرگرتووەکـە دەکاتـە(٩٨)رۆژنامـەو گۆڤـاری جۆراوجـۆر لەسـنوری هەرێمـدا، دەردەچـێت. لـەو (٩٨)ە(٤٢) یـان لـەرەسمی یاسایی بەخشراون و لەماوەی ئەم(٣)ساڵەشدا تاکە تاکە بڵاوکراوە نەبێت بیریان لەتازەکردنەوەی ساڵانە نەکردۆتەوە یان دەتوانین بڵێین لەوەزارەتی رۆشنبیری کەسێك تـەرخان نـەکراوە خـەمخۆری چەسپاندنی یاسـاکەی بێت و سـاڵانە ئـەو گۆڤارو رۆژنامانـە بـۆ تازەکردنـەوە بەسـەر بکاتـەوە. ئەمـە بـەلای منـەوە کـەم تەرخەمی و بەهەند نەگرتنی یاسای چاپەمەنی وەزارەتی رۆشنبیرییە، کە لەلایەن

خودی وەزارەت و وەزیری رۆشنبیرییەوە پشت گوێخراوە..لە هەمووسیستمی دنیادا یاسایەك دەردەچێت و دەكرێتە بڕیارو بڵاودەكرێتەوە ئەو یاسایە كاری پێدەكرێت و، یاساش ناكەوێتە ژێر ئارەزووی خاڵبەخاڵی جێبەجێبكرێت و ئەوەی پەیوەندی بەویاسایەوەیە ئەركی سەرشانیەتی ملكەچی بێت..وەزارەتی رۆشنبیری لەماوەی(٣)ساڵدا بەداخەوە نازانم (چ هۆیەك بووە)نەیویستووە بەڕێوەبەرێتیەگشتیەكانی وەكو هەموو وەزارەتەكان دابمەزرێنێت و وەزارەت هەروەكو بەڕێوەبەرێتیەكی گشتی و وەزیریش وەك بەڕێوەبەرێكی گشتی كارەكانی ئەنجامداوە. كە لەڕاستیدا نەدەبوو وابوایە.

لە ١٩٩٩/٨/١بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری رۆشنبیری بڕیاریدا كەبەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوكردنەوە دابمەزرێت و لەگەڵ دامەزراندنیدا بەرنامەیەكی دارێژراو. بەهەوڵ و كۆششێكی زۆر توانیمان لەماوەی دوومانگدا پەیكەری بەڕێوەبەرێتیەكەمان دروستكردو بەئەرشیفی هەموو وەزارەتدا بچینەوە، ئەوەی مەبەست بووو پەیوەندی بە بەڕێوەرێتیەكەمانەوە هەبوو، تۆمار بكەین و رێكیبخەین. یەكێك لەوكارانەی كرا جیاكردنەوەی دۆسیەی مۆڵەتی رۆژنامەو گۆڤارەكان و مۆڵەتی ژمارەی سپاردنی نامیلكەو كتێبەكان بوو.

لەسەر فەرمانی بەڕێز مامۆستا جەمال و لە كۆبوونەوەی ئەنجوو مەنی وەزارەتدا بڕیاردرا، كە ئەو رێنماییانە گۆڕانكاری تیادا بكرێت و رێكبخرێتەوە كاتێ گۆڕانكاری لەوەزیرە بەڕێزەكاندا كرا لەجێی بەڕێز مامۆستا جەمال بەڕێز شێخ محەمەد شاكەلی پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری وەرگرت و بەسەریا سەفەریكرد. بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران بوونە وەزیری رۆشنبیری بەوەكالەت. ئەو رێنماییانەی پێشكەشكراو بەڕێزی پەسەندی كرد...بەڕێزی لەڕێگای بەڕێوەبەری گشتی دیوانەوە پێی راگەیاندین، كە هیچ گۆڤارو رۆژنامەیەك بەرەسمی مۆڵەت نەبەخشرێت كە بەڕێز وەزیری رۆشنبیری گەڕایەوەو كەوتە سەروكاری ئیش وكارەكانی وەزارەت بەرەسمی ئاگاداری كردین كە.

١. ئەو رۆژنامەوگۆڤارانەی قەرزاری تازەكردنەوەی مۆڵەتن، نووسراویان بۆ بكەین كە پێش كۆتایی ساڵی ١٩٩٩ قەرزەكە بدەنەوە بەژمێریاری دیوانی وەزارەت و. مۆڵەتیان بۆ تازەبكرێتەوە.

٢. بۆ جێبەجێکردنی راسپاردەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هیچ گۆڤارو رۆژنامەیەك لەرەسمی یاسای مۆڵەت نەبەخشرێن

٣. بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو بۆ بەرژەوەندی گەشەکردنی رۆشنبیری کوردیو، دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیو، هاندانی نووسەرانو رۆشنبیران دەرگای هاوکاریو یارمەتی بخرێتە سەرپشت بۆ چاپکردنی ئێمە دوای پەخشکردنی رێنماییەکانو گەڕان بەناو ئەرشیفی بەڕێوەبەرێتیەکەماندا، ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی مۆڵەتیان تازە نەکردبۆوە قەرزاری تازەکردنەوەبوون، بەپێیساڵی دەرچوونیان بۆمان دەرکەوت(٢٣) رۆژنامەو(٣٨) گۆڤار مۆڵەتیان تازە نەکردۆتەوە کە دەکاتە(٦١) رۆژنامەوگۆڤار. ئێمەش بەنوسراوی ژمارە(٥٩٩)لە ٢٠/١٠/و نووسراوی ژمارە(٦٠٠)لە ٢٠/١٠/١٩٩٩ ئاگاداری هەموو سەر نووسەری ئەو گۆڤارورۆژنامە بەرێزانەمانکرد کە مۆڵەتیان نوێ نەکردۆتەوە بەمەبەستی نوێکردنەوەی ساڵانەی مۆڵەتەکانیان سەردانمان بکەن، بۆ ئەم کارەمان زۆربەی رۆشنبیرانو نووسەرانو دامو دەزگا رۆشنبیریەکان دەست خۆشیانلێکردین. بەکارێکی باشو یاساییان لەقەڵەمداو بەدەنگی نوسراوەکەمانەوە هاتن.

لەوانە(بەڕێز عادل موراد)و مەکتەبی راگەیاندنی(ی.ن.ك) بوون. کە(٣) ساڵی رۆژنامەی کوردستانی نوێو(٢) ساڵی رۆژنامەی (الأتحاد) قەرزار بوو بەیەکجار قەرزەکەیان دایە ژمێریاری دیوانی وەزارەتو بەدوایاندا دەزگای چاپوبەخشی سەردەمو دەزگای ناوەندی گۆڤاری(شەهید) گۆڤاری(هەندرێن)داوای بەختیاری کرد. خاوەنی ئیمتیازی هەردوو گۆڤارەکە سەردانیان کردینو گفتوگۆمان لەگەڵ بەڕێزیاندا کرد. قەرزەکەیان داو مۆڵەتیان بۆ تازەکرایەوە..

گۆڤاری تایم نامەیەکیان ئاراستەی من کردبوو بە ئیمزای خاوەن ئیمتیازو، سەرنووسەر کە لە ١٤/١٢/نووسرابوو، بۆ وەڵامی نووسراوی (٥٩٩)٢٠/١٠/١٩٩٩ بەڕێوەبەری گشتی چاپوبڵاوکردنەوە ئەو دەسەڵاتەی پێنەدراوەو نیەتی، کە خاوەن گۆڤارو رۆژنامە لە دانی رەسمی مۆڵەتو تازەکردنەوەی ببەخشرێن، بۆیە دەبێت داواکە بۆ بەڕێز وەزیر بەرزبکاتەوە لەرێگای بەڕێوەبەری گشتی دیوان. منیش لە ١٦/١٢/ بەیاداشتێکەوە داواکەیانم بەرزکردەوەو، بەنوسینی پەراوێزیی بەڕێوەبەری گشتی دیوان بۆ بەڕێز وەزیر بەرزکرایەوەو قسەم

لەسەرکرد. بەڵام بەڕێزی بە پەسەندی نەزانی لەبەرنامەو بڕگەکانی یاسای چاپەمەنی لابدرێتو، پێیراگەیاندم کە نوسراویان بۆ بکەمەوە لەسەر فەرمانی بەڕێز وەزیر نووسراوی ژمارە(٧٨٠) بە مێژووی ١٢/٢١ بۆمانکردو بۆماننارдن، لەنووسراوەکەماندا داوامانکردوە، کە سەر لە بەڕێوەبەرێتیەکەمان بدرێت.

ئێمە چاوەڕوانی ئەوە بووین یەکێك لەو بەڕێزانە سەردانی بەڕێوەبەرێتیەکەمان بکەنو لەگەڵماندا قسەوگفتوگۆ لەسەر گرفتی گۆڤارەکەیان بکەینو نەقسەو پلار بۆ هاوکاریان دابڕێژین. بەڵام بەداخەوە ئەو بەڕێزانە لەجیاتی بەدەنگەوە هاتنمان لە ١٢/٢٢ نامەیەکی تریان ئاراستەی من کردووە، بە ئیمزای بەڕێز پارێزەر خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری تایم وتویەتی نامەکەیداوە بە بەڕێزان مام جەلالو کاك کۆسرەتو شێخ محەمەد شاکەلیو(٣) رۆژنامەو گۆڤارێك... ناوەڕۆکی نامەکەی لەم خاڵانەدا کۆ دەبنەوە:

١. ئاگادارتان دەکەینەوە کە ئێمە لەبەر کەم دەرامەتی ناتوانین ئەو پارەیە بدەین کە هەزار دینارە.

٢. جێی داخە کە لەم رووەوە هەستمان بەهیچ هاوکارییەك لەلایەن بەڕێوەبەرێتیەکەتانەوە نەکردووە.

٣. پێمانوایە ئەم بڕیارەی ئێوە خزمەت بەرەوتی رۆشنبیری ناکاو دەبێت هۆی کزکردنی بزوتنەوەی رۆژنامەگەری.

٤. ئێمە لەکاتێکدا چاوەڕوان بووین وەزارەتی رۆشنبیری دەستمان بگریو کۆمەڵو یارمەتیمانبدا.

٥. پێمان ناخۆشە وەزارەتی رۆشنبیری خۆی ببێتە ئێستە کۆسپ لەبەردەم رۆشنبیری

٦. ئێمە جەنابتان ئاگاداردەکەینەوە کە گۆڤارەکەدا دەخەینو ژمارەکانی دەرناکەیت.

٧. ئەو مافەش بۆ خۆمان بەرەوا دەبینین کە ئەم مەسەلەیە لەرۆژنامەکاندا بوروژێنینو بەرگری لە هەڵوێستی خۆمان بکەین.

٨. بە ئومێدی ئەوەی وەزارەتی رۆشنبیری خزمەتی رۆشنبیری بکا..منە وەڵامی ئەم نامە چاوەڕواننەکراوە پەروێز لەگەڵ بەڕێز وەزیری رۆشنبیری بە پەسەندمان زانی لە رۆژنامەی هەرێمدا رونکردنەوەیەك بنوسینو لەلاپەرە٣ی

ژمارە١٦٩ی ١٢/٢٧ی رۆژنامەی هەرێمدا بەناونیشانی(رونکردنەوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە) وەڵامێکی کورتی ناڕاستەوخۆی ئەو بەڕێزانەماندایەوەو هەر ئەوەندەمان بە پەسەند زانی. بەڵام ئەو بەڕێزانە بەپێی خاڵی(٦)ی نامەکەیان ئەو مافەیان بە خۆیان داوەو لە لاپەڕە(٥ی گۆشەی(رای گشتی رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە(٢٠٣٦) ١٢/٢٦سەر نووسەری گۆڤاری تایم بەڕێز رەفعەت محمەد یاسین لەژێر ناونیشانی(ئەو نەریتەی کە مامۆستا جەمال عەبدول دا یهێنا حەقە وەزارەتی رۆشنبیری پەرەپێبدات) نووسینێکی بڵاوکردۆتەوە.. لەبەر ئەوەی نووسینەکە راستەوخۆ ئاراستەی من دەکات و دەشیەوێ خشکەیی رۆڵی وەزارەتی رۆشنبیری لە خزمەتکردنی رۆشنبیری کوردی بکاتە قوربانی بۆ چوونە ئاراستەکەی لەبەر ئەوەی نامەکەو نووسینەکە تاوانبار کردنی تیادایە لەبەرامبەر رەوتی رۆشنبیریو رۆژنامەگەری کوردیدا بۆیە ناتوانم لێیان بێدەنگ ببم و وەڵامیان نەدەمەوە.. بۆ وەڵامی نامەکەی ئەو بەڕێزانە دەمەوێت خاڵ‌بەخاڵ وەڵام بدەمەوە...

١. لەخاڵی (ا) دا وەکو دەسەڵاتێکی بەرزتر لە وەزارەتی رۆشنبیری قسە لەگەڵ وەزارەتدا دەکەن و، دەڵێن(ئاگادارتان دەکەینەوە...)پێم سەیرە کەسێکی یاسایی و خاوەنی بڕوانامەی کۆلێژی یاسا بەم زمانەو بەم شێوەیە قسە لەگەڵ وەزارەتێکی حکومەتی هەرێمدا بکات، لە کاتیکدا وەزارەت هاوکاری کردووە.

٢. بەڕێزیان ئەوەندە خۆیان لەوەزارەت و بەڕێوەرێتی گشتی وەزارەت بەزلترو بەتواناتر دەبینن، بۆیە لەخۆیاننناگرن و نایانەوێت سەردانی وەزارەت بکەن بەنامە گۆڕینەوە: گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتدا دەکەن. بە ناحەقی تفەنگ بەتاریکیەوە دەنێت..

٣. لەخاڵی(٣)دا دەڵێن(پێم وایە ئەم بڕیارە...) ئەو بەڕێزانە تەنها خۆیان بەخاوەنی وشەی کوردیو خەمخۆری رۆشنبیری کوردی دەزانن. نازانن ئێمە بڕگەکانی یاسا یەك جێبەجێدەکەین، کە هەموو رۆشنبیرانی کورد چەندین ساڵە هەناسەی بۆ هەڵئەکێشن و، خەباتی بۆ ئەکەین و ئاواتیان بێتەدی..کە ئەویش یاسای حکومەتێکە بە ناوی(حکومەتی هەرێمی کوردستانە) و لەسنووری دەسەڵاتی ئەم حکومەتەدا لەماوەی(٣)ساڵدا(٩٨)بڵاوکراوەی جۆراوجۆر لە رۆژنامەو گۆڤار مۆڵەتی پێدراوەو دەردەچێت. کە هەر هەموویان یاسای

چاپەمەنی وەزارەتی رۆشنبیری دەیانگرێتەوە..لەو(٩٨) بڵاوکراوەیە ئەگەر گۆڤارێك یان چەند گۆڤارو رۆژنامەیەك لەبەر هەر هۆیەك بێت دوابکەوین‌و دەرنەچێت وەکو(گۆڤاری تایم‌و) چەند گۆڤارێکی تر کە ئێمە لێیان ئاگادارین باوەڕ ناکەم کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی رۆشنبیری‌و رۆژنامەگەری کوردی هەبێت..بۆیە لام سەیرە ئەو بەڕێزانە وابیرکەنەوە ئەگەر گۆڤاری تایم راوەستا یان دەرنەچوو ئیتر کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە رەوتی بزوتنەوەی رۆژنامەگەری‌و رۆشنبیری کوردی گۆج‌وئیفلیج دەبێت‌و رۆشنبیرانی کورد دەستەوئەژنۆدادەنیشن.

٤. بەڕێزان لەدوورەوە تفەنگ بەتاریکیەوە دەنێنن‌و لە خۆیان ناگرن بێن بۆ وەزارەتی رۆشنبیری‌و دەردە دڵی خۆیان باس بکەین تابزانین وەزارەتی رۆشنبیری گوێیان لێئەگرین یان دەست بەروویانەوە دەنێین.

٥. لەم حالچەدا نیگەرانی خۆیان بەناحەق دەردەبڕن‌و تۆمەتی کۆسپ‌و دروست کردن بۆ رەوتی رۆژنامەگەری کوردی دەخەنە پاڵ وەزارەتی رۆشنبیری بۆیە دەبێت لەو بەڕێزانە بپرسین کۆسپ چییەو کام کۆسپ خراوەتە بەردەمی ئێوەو ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی دەردەچن.ز چەسپاندنی یاسایەك حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەرداوە دەکرێنە کۆسپ‌و خەتی راست‌وچەپ بەسەر هەمووکارەکانی وەزارەتی رۆشنبیریدا دەهێنرێن.

٦. ئەو بەڕێزانە ئەوەندە خۆیان لەوەزارەت بەگەورەتر دەزانن ئاگادارمان دەکەنەوە کە گۆڤارەکەیان دادەخەن.زئەم مەسەلەیە ئاو زۆر دەکێشێ، ئەم برادەرانە لەبەر کەم دەرامەتی‌و بێ بودجەیی گۆڤارەکەیان داخستووە...بەڵام سەیر لەوەدایە وەزارەتی رۆشنبیری دەکەنە بیانوو...خەڵکین بەئێوە دەڵێم ئەمە شەڕیشە بەئێمەو وەزارەتی رۆشنبیری دەفرۆشن. برادەرینە ئێوە کە توانای دارایتان نییەو بودجەیەکی دیاریکراوتان بۆ پاشەکەوت نەکردووە. بۆ خۆتان دووچاری کارێکی وا قورس کرد کێ رووپلێتان ناو چەندتایمان بەکیسەو بۆدەربکەن...؟!

من لێتان ناشارمەوە رەنگە یەکێك بووم لەو کەسانەی کە ژمارەیە ژمارەی گۆڤارەکەتانم خوێندۆتەوە...بەڵام هەرگیز نەمزانیوە ئێوە بەوشارەزاییەی خۆتان سەرچاوەی بودجەی تایبەتتان بۆ دابین نەکردووە.

٧. لەخاڵی حەوتدا پارێزەرانە ماف دەدەنە بەخۆیان لەدژی وەزارەتی رۆشنبیری لەجیاتی دەرکردنی ژمارەکانی گۆڤاری تایم لاپەڕەی رۆژنامەکان بکەنە مینبەری وروژاندن وەزارەتی رۆشنبیری..من نازانم ئەم بەڕێزانە چۆن بیردەکەنەوە رۆژنامەکان لەکێ دەوروژێنن...؟هەڵوێست لەبەرامبەری وەزارەتی رۆشنبیری لەچی وەردەگرن؟ لەسەرچی و لەبارەتەقای چییدا رۆژنامەکان لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری دەوروژێنین و هەڵوێست لەبەرامبەری وەردەگرن. وەزارەتی رۆشنبیری چی بەرامبەریان کردووە کەسی ناردۆتە سەر بارەگای گۆڤارەکەیان. نوسراوی کردۆتە سەریان بۆ داخستن زوڵمی لێکردووەو کەسیانی بۆ دادگاو یاخوانەخواستە بۆ شوێنێکی تر راکێشاون... باشە خۆتان لەهەردوو نامەکەتاندا ئاماژەتان بۆ هاوکاری وەزارەتی رۆشنبیری کردوە. ئەم وەزارەتە هەر ئەو وەزارەتەنییە هەر لەبەر ئەوەی تەنها وەزیرەکەی گوردران ئەگەرل وەزیری رۆشنبیری پێشوش هاوکاریکردین هەر دەکاتە وەزارەتی رۆشنبیری چونکە وەزیری رۆشنبیری لەسەرموچەی خۆی ئەو هاوکاریەی نەکردووە.

٨. لەکۆتایی نامەکەیاندا خۆیان ئاسا رێنمایی وەزارەتی رۆشنبیری دەکەن. لام سەیرە مرۆڤ ئەوەدەندە لەخۆی رازی بێت و بەوشیچوە. بیر بکاتەوەو قسە بکات.

بۆ وەڵامی رەفعەت محەمەد یاسین سەرنوسەری گۆڤاری تایم دەبێت پەرەگراف بە ناوەرۆکی نوسینەکەدا شۆڕبینەوە. یەکەمجار ناونیشانی نوسینەکە لەپێش چاو، دەگرین کە مامۆستا ئاسا ئامۆژگاری وەزیری رۆشنبیری و وەزارەتی رۆشنبیری دەکات(نەریتی مامۆستا جەمال عەبدول دایهێناوە بکرێتە بەرنامەو پشتاوپشتی ئەم وەزارەتە لەسەر برۆن. ئەمەش تەنها بۆ ئەوەیە کە مامۆستا جەمال گۆڤارەکەی لەرەسمی یاسای مۆڵەت بەخشیون). دەڵێت (ساڵی ١٩٩٧ کە گۆڤاری تایممان دەرکرد هیچ سەرچاوەیەکی داراییمان نەبوو ئێستاش نیمانە..) من تێناگەم ئەم برادەرانە بەبێ دابین کردنی سەرچاوەیەك چۆن زانیان شان بدەنە بەرکارێکی وا قورس و بۆچی پێش بڕیاری دەرکردنی کاری جیدیان بۆ دابینکردنی بودجەیەك نەکرد وەکو هەموو دەڵێن(کاتێ بەرەسمی داوای مۆڵەتیان لەجەنابی وەزیری رۆشنبیری پێشوو کرد بەخۆشحاڵیەوە بڕیارە وەزارەت رەسمی مۆلچەت پێدانمان لێنەسێنێت من

ناچارم لێرەدا بڵێم مامۆستا جەمال کادرێکی باشی لەگەڵدا نەکردوون. یەکەم بەبەخشینی رەسمی مۆڵەت یاساکەی خۆی پوختەی کردبوو ئیمزایکردبوو نەیهێشت بچەسپێتو دووەم بەو بەخشینە کەمە خۆی لە هاوکاری دەرچوونی ئەو گۆڤارەوبەبڕێکی تر لەوپارەی رەسمە زیاتر چەندجارێ هاوکاری گۆڤاری تایمی بکردایە..)

یان دەڵێن(کاتێک بەرەسمی داوامان لەبەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوە کرد...)بەنوسراوی ژمارە٧٨٠لە١٢/٢١ وەڵامی داینەوە کە بەڕێوەبەرێتیەکەی داواکەمان رەتدەکاتەوە. بۆ ئەوەی رۆشنبیران بزانن ئێمە لەسەر فەرمانی بەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئەم شێوەیە نوسراومان بۆ کردوون.

بۆ/خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری تایم.

ب/نوێکردنەوەی رەسمی یاسایی مۆڵەت: لەسەر بڕیاری بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەنوێکردنەوەی رەسمی یاسایی مۆڵەت نابەخشرێن بۆیە بەپێویستی دەزانی ئاگادارتان بکەینەوە، بۆجێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەر لە بەڕێوەبەرێتییەکەمان بدەن، بۆ ئەو مەبەستە هاوکاریتان مایەی سوپاسە. ئێمە کە ئاگادارمان کردوون سەرمان لێبدەن لەبەرنامەماندا بووە کە کارێك بکەین نەشیش بسوتیونەکەباب بەڵام ئەم برادەرانە دیارە لەبەر هەر هۆیەك بووە بڕیاریانداوە گۆڤارەکەیان دابخەنو بەداخەوە منو، وەزارەتی رۆشنبیری دەکەنەبیانوو..ئەگەر ئەوبرادەرانە ئەوەندە پەرۆشن بۆ رەوتی بەرەوپێش چوونی رۆژنامەگەری کوردی، بۆ لەخۆیان نەگرتو سەریان لەوەزارەت نەدا...وەزیر دەرگای بەرووی کێدا داخستوە دەیان چ فەرمانبەرێکی وەزارەت خۆی لەخەڵکی رۆشنبیرو خاوەن ئەزموون جیاکردۆتەوە کێ پرسگەی هەیەو رۆژانە دەیان رۆشنبیرو نووسەر سەر لەوەزیرو بەڕێوەبەرەکانی وەزارەت دەدەن، دەڵێن(ئەو مافەمان بۆخۆمان هێشتەوە کە بەرگری لە هەڵوێستی خۆمان بکەین...) باشە من لێتان دەپرسم کامتان هاتنە وەزارەت، کێ مافی پێشێل کردوون کێ زوڵمی لێکردوون کێ هاتەسەرتانو گۆڤارەکەتانی داخست کێ کێتانی پەلکێش کرد. کێ وکەی فەرمانی داخستنی گۆڤارەکەتانی دەرکدووە؟ هەڵوێست لەبەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپوبلاوکردنەوە لەکام سەنگەری دژ بەگەلو رۆشنبیری کوردیدا وەردەگرن؟

وەزارەتـەكانی حكومـەتی هـەرێم ئـەو گۆڤارورۆژنامانـەی ئێوە پـەنایی بۆدەبـەن هەروەكو گۆڤارەكەی لەمەڕ ئێوە بەپێش یاسای چاپەمەنی وەزارەتـی رۆشنبیری ناڕۆن‌و هەمان یاسا نایانگرێتەوە تەنانەت ئەو رۆژنامەیـەی كەنوسینەكەی تیـادا بلاوكردۆتـەوە خـۆی(٣)لەبەشـێكی تـری نوسـینەكەیدا دەڵـێن(ئێمـە دامـەزراوێك ئێمـە كـە داراییـەكی زۆرمـان هـەبێت.زگۆڤارەكـەشمان گۆڤـارێكی لێبـڕا لـەو هـیچ حیزبێك‌و لایەنێكی سیاسی لـە پێشییەوە نییـەو بەبودجەكەی بەهـەزار فەلاكـەت داین دەكرێت.)

خەڵكینە كورد بدوێنە شەرعی خۆیدەكات، باشە ئێوە بێ سەرمایەو دەست مایـە كـێ لێیـان پاڕایـەوە گۆڤاریـان بـۆ دەربكـەین هـەر دەرتـان دەكـرد بـۆ روتاننەكردە دەزگاكانی حكومەتی هـەرێم‌و حیزب‌و لایـەن‌و رێكخراوەكان ناكـەم تا زۆری هـەر ژمارەیـەك هاوكاریتـان بكرێت. بەهـەزار فەلاكـەت گۆڤـار چۆن چاپ دەكرێت‌وبلاودەكرێتـەوە. لەوەنابێتـەوەو دەڵـێن(هـەر ژمارەیـەكیش دەریدەكـەین نزیكەی شەش هـەزار دینـار زەرەر دەكـات)و دیسـان دەڵـێن(كەچـی بەڕێوەبـەری گشـتی چـاپ‌و بلاوكردنـەوە وا تێگەیشـتووە كـە گۆڤارەكـەمان قـازانج دەكـاو دەیـــەوی لـــەو قازانجـــە رەسمـــی خۆیـــان لـــەم ولاتـــەدان‌و هـــەر خۆشـــیان رۆشـــنبیرورۆژنامەگەری كـــوردی نیـــە. برادەرینـــە بەڕێوەبـــەری گشـــتی لـــە حەفتاكانەوە خەریكی دەردی سەری گۆڤارو رۆژنامەیەو زۆرجار دەزانین حاڵی رۆژنامەگەری كوردی چۆنەوباش دەزانین رۆژنامەیەك یان گۆڤارێك نییە ئێستا لە كوردستـاندا دەربچێت‌و نـەك قـازانج بكـات بەڵكـە زەرەی زۆریـش نـەكات بـەلام ئەمانـە هـەر هـەموو ناكاتـە ئـەوەی كـە یایـای چـاپەمەنی حكومـەتی هـەرێم وەلابخرێن‌و بـۆ ئلـرەزووی كەسـێك یـان چـەند بـدرێت.. كەسـیش باسـی زەرەرو قازانجی لەگەل ئێوەدا نەكردووە. مامۆستا جەمال لەبەرئەوە مامۆستاو وەزیـری چاك بووە تەنها لەبەر ئەوەی ئێوەی بەخشیوە بەلاّم من‌ووەزیـری رۆشـنبیری هـەر هەموو پیاوی خـراپ كۆسپین لەبەردەم گەشـە كردنـی رۆشـنبیری كوردیـدا...زۆر سەهون‌و موعادەلەكـەتان تێكچـووە باشـتر وایەبەخۆتانـدا بچنەوە. لەبەشـێكی تـری، نوسـینەكەیدا دەڵـێن(خـودی وەزارەتـی ئـەو وەزارەتـە...مووچـەیان وەرنەگرتووە.)من نازانم بەڕێز رەفعەت ئەم زانیاریەی لەكێ‌ولەچ سەرچاوەیەكەوە وەرگرتـــووە كـــە پێینـــەدراوە. باشـــە وەزارەتـــی رۆشـــنبیری یـــەكێك نییـــە

لەوەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم؟ حکومەتی هەرێم ماوەی ساڵێکە مانگانە بەردەوام مووچە نادەنە فەرمانبەران.)؟

چۆن ئەم بوختانە بۆ حکومەتی هەرێم دەکات، بیرلەوە ناکاتەوە کە بوختانی وادەبینن لێپرسینەوەی هەبێت و کوردستانی نوێ دەدرێتە ئەنتەرنێت و بانگەشەی لەم جۆرە بۆ ناوبانگی حکومەتەکەمان خراپە. ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری وەك ئەو دەڵێنبودجەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ تەرخاننەکراوە ئەی چۆن لەساڵی(١٩٩٩) (٣٧)چاپ دەکات و(٤) کتێب و گۆڤاروکۆمەك وهاوکاری دەکات، گۆڤاری هەزارمێردو رۆژنامەی هەرێم و گۆڤاری یەکێك و دەردەکات و رادیۆی هەرێم رۆژانە کاردەکات..بۆیە من لێرەدا داوا لەبەرپرسان دەکەم کە لەسەر ئەم بوختانەی رەفعەت محەمەد بێ دەنگ نەبن و بزانن ئەو زانیاریە ئاراستەی لەچ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتوەو مەبەستی لەم بوختانە چییە.

دیسان لەبەشێکی نووسینەکەیدا هاتووە(بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوەش لەباتی ئەوەی هەل ومەرجێکی لەبار بۆ دەرچوونی ئەو گۆڤارانە فەراهەم بکات، خۆی (رەنگە بەبێ ئەوەی کەبەستی بی)دەبێتە هۆی یان چەند سەربەرزیە تەنها خۆی نەبینین و ئەمەی رەنج و ماندووبوونی کەسانی تریش لەپێش چاوبگرێت و، چەندیش دزێو قەیزەونە کە تەنها خۆی بەهەمووشت بزانێت و رێزی کەسانیتری لانەبێت و پاك بێت لەئاستی ویژدانی. بۆیە دەبێت لێی بپرسم. نوسەرانی بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوەی کردوە یان بەرێوەبەری گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە چ فەرمانێکی دەرکردووە بێ یاساییەکی کردووە؟ تەنها لەبەر ئەوەی دەیەوێت یاسا لەم وڵاتەی ئێمەدا سەروەربێت فارس یوسف و رەشە کوژی پلاری بی ویژدانانە دەهاوێت خوا وەزارەت بگرێت کە یاسای چاپەمەنی وەزارەتی کرد بۆوە چاپخانەوەو دەرگای لەسەر کلۆم دابوو..من هەمووکەس دەزانین نەك لەبەر هەزار دینار رەسمی یاسای کە دەبێتە داهاتی حکومەتی هەرێم دەبمەخاوەنی هەڵوێست بەڵگە زۆر زۆر لەو برادەرانە یەخەی رەوتی رۆشنبیری و رۆژنامەگەری کوردیە ئەگەر ویژدان مابێت خەڵك باش دەزانێت تەمەنێکم لەسەر داناوە...گلەییان لێناکەم خۆیان وتەی لیبرال و لیبرالیس تۆمەی لەسەر نییە.)

(وەزارەتی ڕۆشنبیری وتایبەتمەندێتی کارو چالاکییەکانی بالە پێش چاوبگرێت..)

لەدوا ستوونی ژمارە(٢٤٧٩)ی کوردستانی نوێدا، مامۆستا(جەزا عەلی ئەمین). چەند بۆچوون و سەرنجێکی، لەسەر چاپ و چاپکردن و، بەڕێوەبەرییێتی گشتیی چاپ وبلاوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری نووسیبوو. دڵنیام نووسەر لەڕوانگەی پەرۆشی، بۆ رەوتی بەرەو پێش چوونی ڕووناکبیری گەلەکەی و گرنگی وەزارەتەکە، ئەو نووسینەی نووسیوە بەراوردەکەشی لەگەڵ دەزگاکانی جیا لە وەزارەتەکە، بەهەند گرتنی تایبەتمەندێتی کارەکانی وەزارەتە، لە قۆناغی ئێستای حکومەتی هەرێمدا، بۆیە بە پێویستمزانی چەند خاڵێك بۆ نووسەروخوێنەران ڕوونبکەمەوە و ڕاو سەرنجی خۆم بخەمە پاڵ بۆچونەکانی:-

١. بەڕێوەبەرییێتی گشتیی چاپ و بلاوکردنەوە، لەناوەڕاستی ساڵی(١٩٩٩)دا دامەزراوە، لەدامەزراندنییەوە تائێستا بە دەرامەتێکی کەم (٧٤) کتێبی جۆراوجۆری چاپکردووە و (١٣) نووسەرو ڕۆژنامەو گۆڤاری هاوکاریکردووە.

٢. وەزارەتی ڕۆشنبیری،لەم بارودۆخەی ئێستای حکومەتی هەرێمدا، ئەرکی گەورەی مێژوویی بۆ بوژاندنەوە و ساغکردنەوەی شوێنەوارو مێژوو، فەرهەنگ و کەلەپوورو هونەرو بەرەو پێشبردنی روناکبیری گەلە کەمانی کەوتۆتە ئەستۆ. بۆ بەئەنجام گەیاندنی، ئەو ئەرکە مێژووییە، وەزارەت پێویستی بەژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و ڕووناکبیرانی شارەزاو بەتواناو خاوەن ئەزموون هەیە. کەلە وەزارەتەکەدا کار بکەن و لێوەی نزیکبن.

دەبوو ئێستا وەزارەت پڕبووایە، لەو جۆرە نووسەرو ڕووناکبیرانەو، بەداخەوە وەزارەت لەو ڕووەوە بێکەس و هەژارە.

لەکاتێکدا دەزگا جیاجیاکانی بەدەر لەوەزارەت، پڕن لە نووسەران و، ڕووناکبیران. بۆیە هەر دەزگایەك لە شوێنی خۆی جێگای وەزارەتی ڕۆشنبیری گرتۆتەوە.

٣. وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبوو ئێستا، باشترین چاپخانەو زۆرترین ئامێری چاپکردن و، هەموو ئامێرێکی چاپخانەو کادری چاپ و چاپکردنی هەبوایە. بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکانی شوێن و جێگای گەونجاویان بەهەموو پێداویستیەکانەوە بۆ دابین بکرایە.

بوودجەی پێویست بۆ کارو ئەرك و چالاکییەکانیان تەرخان بکرایە. سیستەمی گونجاو بۆ ڕاپەڕاندنی کارو چالاکییەکان دابنرایەو، کار ئاسانی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بکرایە. کە بەداخەوە، وەزارەت لەو ڕووانەوە فەرامۆشکراوەو، کەوتۆتە پەراوێزی دەزگا و بنکەو ناوەندە ئەدەبی و ڕووناکبیریەکانی جیا لەوەزارەت.

ئەگەر بەراوورد لەنێوانی وەزارەت و، ئەو دەزگایانەدا بکەین لەڕووی دەرامەت و کارو سیستەمیانەوە، هەست بەجیاوازییەکی لە ڕادە بەدەر دەکرێت، کە وەزارەتی لێبێ بەشکراوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی قورس و گەورەو مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆ، بۆ بەرەو پێش بردنی ڕەوتی و بوژاندنەوەی کەلتورو فەرهەنگ و مێژوو هونەرو شوێنەواری گەلەکەمان. بۆیە دەبوو ئێستا لەم وەزارەتەو بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، زۆرترین لە نووسەران و ڕووناکبیران، و پسپۆرانی خاوەن ئەزموونی بواری نووسین و، وەرگێڕان و زمانەوانی و هەڵسەنگاندن، چاپ و چاپکردن، کۆببوایەتەوەو جمەی بهاتەیەو.سوود لەتوانا و پسپۆڕیان وەربگیرایە. بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر کزەو هیچ وەکو پێویست نییەونابینرێت. بەپێچەوانەی، دەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتە لەم ڕووەوە دەوڵەمەندو بەختەوەرن، من سوپاسی ئەو دەزگایانەو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هاوکاری دڵسۆزانەمان دەکەن لەکارو ئەرکەکانماندا...

٤. سەبارەت بە(دەست خۆشانەی نووسەران)وەك نووسەر ئاماژەی بۆ کردووەو، لای ئێمە (پاداشتی نووسەرانە)، لەساڵی(٢٠٠٠)دا یاسایەك بەناوی(ڕێنماییەکانی کۆمەککردن و چاپکردنی کتێب لە وەزارەتی ڕۆشنبیری) دەرکرا، لە ڕێنماییەکاندا هەموو لایەنێك ڕەچاو کراوە، بەپاداشتی نووسەرانیشەوە. لەچاپکردنی چەند کتێبێکدا. پەیڕەوی ڕێنمایەکانکرا. بەڵام

هەر لە هەمان ساڵدا، ڕێنماییەکان پشتگوێ خران و پاداشتی نووسەران بوو بەچوار یەکی بەرهەمە چاپکراوەکە...دڵنیام ئەگەر بەو ڕێنماییانە کار بکرایە گلەیی نووسەرونووسەران روبەڕومان نەدەبووەوە. بە ئومێدین بگەڕێینەوە بۆ ڕێنماییەکان.

٥. وەزارەت بەرنامەی کۆمەککردن و چاپکردنی کتێبی، ساڵانەی لەساڵی ٢٠٠٠دا کردە چوار وەرز.بۆ هەر وەرزە بەرنامە داڕێژرا. لەناوەڕاستی هەمان ساڵدا وەزارەتی دارایی و ئابووری بوودجەیەکی سێ مانگ جارێکی بۆ چاپکردنی کتێب تەرخانکرد. هەرچەندە بوودجەکە لەچاو دەزگاکانی تردا زۆر کەمبوو، بەڵام لاکردنەوەیەکی دڵسۆزانەو هەنگاوێکی زۆر باشبوو بۆ ڕاپەڕاندنی بەرنامەی وەرزەکانی وەزارەت. لەهەمان ساڵدا دووجار ئەو بوودجەیە وەرگیراو، بوو بە هۆی چاپکردنی کۆمەڵێ کتێبی باش و کۆمەککردنی چەند نووسەرو گۆڤارو ڕۆژنامەیەك. لەساڵی(٢٠٠١)دا دەبوو ئەو بوودجەیە لە یەکەم مانگی وەرزەکەدا وەربگیرایە، بەڵام وەرزەکە تەواوبوو، لە کۆتای مانگی یەکەمی وەرزی دووەمدا وەرگیرا....

دیارە هەموو دواکەوتنێکی بوودجەکان دەبێتە هۆی دواکەوتن و تێکچوونی بەرنامەی وەرزەکان.

سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان کە نووسەر بە دڵسۆزییەوە خەمی بۆدەخوات، وەزارەت ئەو بوارەی زۆر بەلاوە گرنگ بووە. لەسەردەمی مامۆستا(جەمال عەبدول)دا گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە بەناوی(جریوە) دەردەچوو، خزمەتی باشی بەو بوارە دەکرد. بەڵام ئەو گۆڤارە لەبەر بێدەرامەتی، راوەستا. لەو کتێبانەی چاپکراون و کۆمەککراون زیاتر لە(١٤)ە یان ئەدەبی منداڵانە.دوای ڕاوەستانی (جریوە) دووساڵە بە بەردەوامی لە هەوڵداین، بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانەی منداڵان لەشێوەی(جریوە وپەپولە) بەڵام تائێستا هەوڵەکەمان لەبەر بێدەرامەتی سەرینەگرتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ بەرهەمی باشی ئەدەبی منداڵانمان لا کۆبۆتەوە، لەبەرنامەماندایە.کە لەوەرزەکاندا چاپیان بکەین. خواستی نووسەرو منداڵانی کورد تاڕادەیەك بهێنیتە دی.

٦. نووسەر باسی (مافی لەچاپدانەوەی) کردووە. ئەو مافە کە زەوتکراوە. لەبڕگەیەکی بەندی دووەمی ڕێنماییەکاندایەو ئەگەر لەسەر ڕێنماییەکان

برۆیشتینایە. ئەو گلەییەش نەدەکرا. بەڵام ئێستا لەسەربڕیاری وەزیر ئەو مافە ڕەها کراوە. ڕێگا لەهیچ نووسەرێك ناگیرێت.

نووسەرو لەکۆتایی نووسینەکەیدا سەرباری تێگەیشتن و دەرخستنی راستیەکان، داوای لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کردووە. گرنگی زیاتر بدەنە وەزارەت و بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە. پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت و دەرامەتی زیاترو باشتریان بۆ تەرخان بکرێت....وەزارەتی رۆشنبیری هاودەنگن لەگەڵ نووسەردا، پەرۆشی پێشکەوتنی رەوشی رووناکبیری کوردە. دەیەوێت ئەوەی بۆیدەکرێت لەبواری کارەکانیدا، بەپێی دەرامەتەکەی جێبەجێی بکات.... بۆیە لەڕێگای ئەم نووسینەوە داوا لەبەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری دەکەین...تایبەتمەندێتی کاروئەرك و چالاکییەکانی وەزارەتەکەمان و بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەو بەڕێوەبەرێتیەکانی تر لەپێش چاو بگرن. بایەخی زیاترو باشتر بدرێتە وەزارەتەکە..شێوەو جۆری کارکردنی رەچاو بکرێن. رەچاوی ئەوەش بکرێت کە ئەم وەزارەتە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە بڕیاری(٩٨٦) نایگرێتەوە، ئەرك و کارەکانی ئەم وەزارەتە لە ئەرك و کارەکانی وەزارەتەکانی تر جیاوازە هەر وەکو لەخاڵی دووەمدا ئەرکی مێژوویی وەزارەت دەست نیشانکراوە.

بەپێویستی دەزانم بڵێم ئەرك و کارەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە، دەقا و دەق وەکو کارو ئەرکەکانی (دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم)ە ئەو سیستەمەی ئەوان کاری لەسەر دەکەن، دەبێت ئەم بەڕێوەبەرێتیەش بەو سیستەمە کار بکات. بەستنەوەی بەچەند بەندو بڕیارەوە دەبێتە هۆی راوەستانی کارو چالاکیەکانی وەزارەت. جا بۆ ئەوەی نووسەران و رووناکبیرانی گەلەکەمان لەم هەلومەرجەی ئێستای کوردستاندا، لە ڕێگای وەزارەتی رۆشنبیرییەوە، دەست گیرۆیی کۆمەکبکرێت بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان وا دەخوازێت کە بەکاروئەرکەکانی وەزارەتەکەدا بچینەوە، بەڕێز سەرۆکی حکومەتیش پاڵپشتی وەزارەت بێت لەنزیکەوە لەداواکانی بکۆڵێتەوەو کێشەو گرفتەکانی بۆ چارەسەر بکات، لە کۆتاییدا سوپاسی مامۆستا (جەزا) دەکەم کە بواری بۆ رەخساندین لەڕێگای ئەم نووسینەوە سەرنج و بۆچونەکانی دەوڵەمەند بکەین.

(گۆنگرەی دەی مامۆستایان دەبێت لەخزمەتی مامۆستایاندابێت)

لەساڵی ١٩٩٩لەسنوری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان. ئازادانەو لەکەش و هەوایەکی دیموکراسیانەدا پرۆسەی هەڵبژاردنیان ئەنجامدا...هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیمکراتیانەی گرنگەو هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە...لەم پرۆسانەدا چەند خاڵێك رەچاودەکرێ.

١-هەمووئەندامانی رێکخراوەکان مومارەسەی مافێکی گرنگی خۆیان دەکەن لە خۆهەڵبژاردن ودەنگداندا.

٢-دەستەی سەرکردایەتی رێکخراوەکان ئاڵوگۆڕیان تێدەکەوێت و کەسانی نوێ دێنە پێشەوەو هەندێ کەسی بێتواناو بێدەسەڵات لادەکەون.

٣-کۆنگرە بەپێی بارودۆخی نوێ بەرنامەی رێکخراوەکەی دەگۆڕێت و بەنەفەسێکی نوێکار بۆ جێبەجێکردنی دەکرێت.

٤-کۆنگرە بەکاروئەرکەکانی دەستەی پێشودا دەچێتەوە، ئەوەی جێبەجێکراوە هەڵسەنگاندنی لەسەر دەکرێت، بەپێی چۆنێتی جێبەجێکردنی و ئەوانەشی ماونەتەوەو جێبەجێنەکراون بەرنامەی بۆ دادەنرێت.

یەکێتی مامۆستایان یەکێکە لە رێکخراوە پیشەییە فراوان و بایەخدارەکان، لەدوای راپەرینەوە یەك کۆنگرەی بەستووەو بەپێی بارودۆخی نوێی کوردستان بەرنامەی نوێی پەیڕەوی نوێ بۆ داڕێژراوە، بەداخەوە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا دەبوو(ی.م.ك)چەند گۆنگرەیەکی ببەستایە. بەڵام دیارە ئەوەش بەهۆی بارودۆخی کوردستان و شەڕە ماڵ وێرانکەرەکەی کوردستانەوە، نەتوانراوە کۆنگرەی مامۆستایان ببەسترێت... وەکو لەسەرەوە ئاماژەم بۆکردووە، لەم ساڵەدا یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیشی گرتۆتەوە، ئومێد دەکەین کۆنگرەکە بەسەر کەوتوویی کارەکانی ئەنجامدات و لەئاست وخواستی مامۆستایاندابێت، بەرنامەی نوێ و دەستکەوتی نوێ بۆ مامۆستایان دەسەبەربکات. کۆنگرەیەك هەر بۆ کۆگرەنەبێت. بەڵکە لە کۆنگرەکەدا گۆڕانکاری بنەرەتی لەهەموو بەرنامەکان(ی.م.ك)بکات، رۆڵی کاریگەر بۆ بواری پەروەردەو فێرکردن دابڕێژێت.

شۆڕش و گفتوگۆ و(مەنعی تەجەول)ی ١٩٨٥و ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار..

سەرەتا..

یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دوای کارەساتی گەورەی هەرەسی شۆڕشی ١٩٧٥، لە بار و دۆخێکی یەکجار سەخت و پڕ مەترسیدا و لە ساڵی ١٩٧٦، شانی دایە بەر هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، بانگەشەی هەرەس بە هەرەسی، لە ڕۆژگارێکدا کرد، بەعس و ڕژێمەکەی سەرقاڵی شایلۆغان و ئاهەنگی سەرکەوتنیان بوون، بەسەر شۆڕشی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتیدا.. سەرکەوتنەکەیان ئەوەندە لا گەورە و کاریگەر بوو، لە رادە بەدەر لوتبەرزی و لە خۆ باییبوونیان پێوە دیار بوو... بێ باکانە لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوە و بۆنەیەکدا، رایاندەگەیاند(دار خورما لە سەر لوتکەی شاخەکان دەڕوێت، بەڵام جارێکی تر شوڕشی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی دروستنابێتەوە)... بەڵێ لەو بار و دۆخەدا(یەکێتی) بە بەرنامەیەك شۆڕشگێڕانەی نوێ بە نەفەسێکی درێژ و لەخۆ بوردوانەوە، شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمانی هەڵگیرساندەوە... بۆ بەعس و ڕژێمە دیکتاتۆریەکەی سەلماند، کە کورد و بیرو باوەڕی کوردایەتی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بە هەموو توانای بەعس و سیاسەتی شۆڤێنیانەی، لە ناو نابرێت و گیانی شۆڕشگێڕی پێ کپ و خامۆش ناکرێت بۆیە.. لە هەڵمەتی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پێشمەرگەوە هەر زوو سڵەمیەوە و ئاهەنگی سەرکەوتنەکەیان لێتێکدرا و هەر زوو کەوتنە خۆیان بۆ بەرەنگاری و سەرکوتکردنەوەی شۆڕش... بەلام بە توانای هەموو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی، بە بەهێزی سوپا پڕ چەك و تێر و تەسەلەکە، بە هەموو خۆفرۆش و خەڵکە بەزیوەکان، بە هەموو توانای دارایی، نەیتوانی بڵێسەی شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەمان، دامرکێنێتەوە. بەڵکە ڕۆژ بەڕۆژ و هەفتە بە هەفتە و مانگ بە مانگ. مەفرەزەی پێشمەرگە زیادی دەکرد و خەڵکی شۆڕشگێڕی

کوردستان، پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە دەکرد.. کار گەیشتە ئەوەی کە ڕژێم و هەموو دام و دەزگاکانی بە تەواوی شپرزە بووبوون...

شۆڕش بێ وچان لە حەفتاو شەشەوە تا کۆتایی ساڵی هەشتا و سێ لە چالاکی و نەبەردی و داستانی پێشمەرگانەدا بەردەوام بوو، ناوچەکانی جێگیر بوونی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد و داگیرکەر پاشەکشەی تیادا دەکرد.

ساڵی ١٩٨٣ و نەبەردییەکانی پێشمەرگە :-

لە ساڵی هەشتا و سێدا، بە پێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لە لایەن سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەرییەوە، چالاکی پێشمەرگە ڕۆژانە لە زیادبووندا بوو، هەر ڕۆژە لە قوڵێك و ناوچەیەکەوە، داستانی سەرکەوتن تۆمار دەکرا. سوپا داگیر کەرەکەی ڕژێم و هەموو چەکدارە جاشەکانی ڕژێم، ڕۆح بە گیانیان زەرد نەدەبوو، لە هەر کات و ساتێکدا هەڵمەتی پێشمەرگەیان بکرایەتە سەر بێ بەرگری و بێ وەڵامدانەوە، خۆیان سەربازگە و ڕەبیە و مۆڵگاکانیان دەدایە دەست هێزی پێشمەرگە.. داستانی گرتن و پاککردنەوەی بێتواتە.. بە تەواوی چاوی خۆفرۆش و چەکدارەکانی ڕژێمی شکاند.

چالاکی و دەستوەشاندنی هێزی پێشمەرگە هێزەکانی بەعسی شپرزە و سەر لێشێواو کردبوو، لە لایەکی ترەوە هێزەکانی ئێرانیش پەلاماری یەك لە دوای یەکی عیراقیان دەداو، گوشارێکی ئەوتۆیان خستبووە سەر ڕژێمی عیراق.. هەستی دەکرد لە ناوچەکانی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی نەماوە و گەر بەو شێوەیە بارو دۆخەکە بمێنێتەوە، ناچار دەبێت کە ناوچەکانی کوردستان چۆڵبکات... لە ئەنجامی چالاکی پێشمەرگە و فشاری زۆری هێزەکانی ئێران. بەعس ملی لە بەردەم ئیرادەی شۆڕش و گەلی کوردا دانەواند. بە ڕێگای تایبەتی ناچار بوو داوای وتوویژ لە سەرکردایەتی شۆڕش بکات بۆ ڕێکەوتن و چارەسەر کردنی کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان... سەرکردایەتی(ی. ن. ك) یش لە بەر ئەم هۆیانە وتوویژی لە گەڵ ڕژێمدا قبوڵکرد : -

١ـ باوەڕبوونی هەمیشەی بە وتوویـژ و دانوستاندن، بۆ چارە سەر کردنی کێشەی گەلەکەی.

٢. ماوەی (٨) ساڵی ڕەبەقبوو.. پێشمەرگە لە شەڕدا بوو.

٣ـ هێزی پێشمەرگە ماندو و بێ تاقەتبووبوو، پێویستی بە حەوانەوەیەك هەبوو.

٤. هێزی پێشمەرگە لە ئەنجامی شەڕ و بەر بڵاوی جەبهەکان، کەمدەرامەتی و بێ تفاقی لە رووی چەك و تەقەمەنی پێوە دیار بوو.

٥ـ هێزەکانی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان، لە بەر ئاڵۆزی بار و دۆخەکە نەدەپەرژایە سەر بە خۆدا چوونەوە و خۆ ڕێکخستنەوە بۆیە پێویستی بە پشوویەك هەبوو، بۆ حەوانەوە و خۆڕێکخستنەوە و خۆ سازدانەوە.

٦. جەماوەری خەڵکی کوردستان لە گوندەکان و ناو شارەکان تەواو ماندوو بووبوون بە دەست فشار و توند و تیژی ڕژێمەوە، وپێشبینی ئەوە دەکرا کە بە تێکەڵاوبوونی هێزی پێشمەرگە بە جەماوەری شارەکان.. دەتوانرێت زەمینەی لە بارتر بۆ بەرەو پێشچوونی شۆڕش برەخسێت و خەڵکەکەش پشوویەك بدات...

٧. گفتوگۆ دانوستان لە گەڵ حکومەتدا، داننانە بە شۆڕش و داخوازییەکانی گەلی کورد و سڵەمینەوەی چەکدارە خۆفرۆشەکانە لە ئەڵقە لە گوێی و خۆ فرۆشی و پاشگەز بوونەوەی ئەو کەسانەیە کە بۆ پلە و پایە و پارە بوونەتە پیاوی ڕژێم و دژی شۆڕش و گەلەکەیان ڕاوەستاون.

دوای داستانی بێتواتە لە ٢٢ / ١٠ / ١٩٨٣ لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ سەرکردایەتی(ی.ن.ك) پرۆژەیەکی بۆ داخوازییەکانی گەلی کورد ئامادە کرد و وەفدی بۆ وتو ویژ دیاریکردو، دەستکرا بە هاتوو چۆی وەفد لە نێوانی شۆڕش و حکومەتدا و، بەڕەسمی لە نێوانی حکومەت و شۆڕشدا شەڕ ڕاوەستا...

ماوەی وتوویژ و شەڕ ڕاوەستان و جەماوەر و ڕێکخستنی ناو شارەکان و هێزی پێشمەرگە :-

لە سەرەتادا ڕژێم زۆر بە پەرۆشەوە، کەوتە هاتوو چۆ بۆ کوردستان، بە پێی هەڵس و کەوتەکانی، سەرکردایەتی و جەماوەر، وای بۆ دەچوون، کە ڕژێم دەیەوێت چارەسەری کێشەی کورد بکات بە دانووستاندن و ئاشتی.. مەفرەزە و هێزەکانی پێشمەرگە بارەگا و بنکەکانیان لە شار و شەقامە گشتیەکان نزیککردەوە بێ سڵەمینەوە و ترس دەهاتنە ناو شارەکان و تێکەڵاوی جەماوەر دەبوون جەماوەریش بێ ترس هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکردن.

لە سەرکردایەتیەوە، ڕاسپاردەی ڕێکخستنەکانی ناو شار کرا، کە خۆیان بۆ ئاهەنگی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتن ئامادە بکەن، بۆ ئەم مەبەستە چەندین دروشم و ئامۆژگاری نێردرایە خوارەوە بۆ ڕێکخستنەکان و لە لایەن ڕێکخراوی سلێمانی و شارەکانەوە لیژنە بۆ ڕاپەڕاندن و سەرپەرشتی ئاهەنگەکە پێکهێنرا.. لە ماوەی وتوویژدا خەڵکێکی زۆر ڕوویانکردە ڕێکخستنەکان ژمارەیەکی زۆر بوونە پێشمەرگە.. تەنانەت لە چەکدارەکانی ڕژێم (جاشەکان) زۆریان پەیوەندیان بە ڕێکخستن و فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەوە کرد. شان بە شانی چەکدار و جەماوەر، لە ناو ریزەکانی سوپادا پەیوەندی زۆر دروستکرا... ڕێکخراوی سلێمانی بۆ پێشوازی و قۆزتنەوەی خەڵکەکە بۆ ناو ریزەکانی ڕێکخستن، چەندین ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە پەخشنامە دابەزاندە خوارەوە بۆ کەرت و پۆلەکان.. بەرنامە و شێوازێکی نوێ بۆ وەرگرتن و قۆستنەوەیان دانرا.. هەموو ئەو کەسانەی کە تازە دەهاتنە ناو ڕێکخستنەوە، ژمارەی تایبەتیان وەکو ناوی نهێنی بۆ دانرا.. بەو ژمارە تایبەتە لە ڕێکخستنە کۆنەکان جیا دەکرانەوە هەر هەموویان لە شانەی تایبەت و هێڵی تایبەتدا ڕێکخران. ئەمەش بۆ ئەوە بوو دوور بینی کرا، لە سەر نەگرتنی وتوویژ و بۆ پاراستنی هاوڕێیانی کۆن و ئاشکرا نەبوونیان.

ئەو ڕووکردنە ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەیە لە هەموو توێژ و چینەکانی جەماوەری گەلەکەمانەوە. سوودی تایبەت و بایەخی خۆی هەبوو. پشتیوانێکی ئەستوور بوون بۆ شۆڕش و پشتگیرییەکی بە هێز بوون.. کاتێ وتو وێژ

هەڵوەشـایەوە. زۆر لەوانـە بوونـە مـوڵکی باشـی ڕیکخسـتن و زۆریـان بوونـە پێشمەرگە و زۆریشیان کشانەوە و بە دڵسۆزی لە شوێنی خۆیان دانیشتنەوە.. وەرگرتنی ئەو خەڵکە کارێکی وای کرد زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان بوونە لایەنگر و هەواداری (ی.ن.ك) و شۆڕش. ئەو چەكدار و سەربازانەی پایوەندیان کردبوو یان پەیوەندیان پێوە کرا، کاتی شەڕ بوونەوە، شۆڕش سوودی زۆری لیـوەرگرتن و زانیـاری بـە کـەڵکیان دەگەیانـدە شـۆڕش و هێـزی پێشـمەرگە و ڕێکخستنەکان.

ئەو ماوەیەی وتو وێژ گەرمبوو، ئاشتی و ئارامی لە کوردستاندا هەبوو. جم و جووڵێکی باشی کاری بازرگانی و بازاڕ بە گەرمی دەستی پێکردو باری ئابووری خەڵکی کوردسـتان بووژایەوە، جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایـەتی بەرچاو لـە ئاهـەنگ گێڕان و سەیران و ژنهێنان و شاییکردن دەستی پێکرد. بە شێوەیەك بوو کە زۆر کـوڕی گەنجـژنیان هێنـا و کچـی عـازەب شـوویان کـرد. جـەماوەر ئەوەنـدە پێشمەرگەیان لا پیرۆز و خۆشەویستبوو. زۆربەی گەورە کچەکان دەیانویست شوو بە پێشمەرگە بکەن و کەس و کاریشیان شانازیان بەو دیاردەیـەوە دەکرد.. ڕێکخستنی ناو شارەکان لـە کاتی پـێش وتـو وێـژ سـەرقاڵتر و پڕ ئیشتر بوون.. بەهار و هاوینی ساڵی هەشتا و چوار دوو وەرزی زۆر خۆشی ئەو ساڵە بوون. کە زۆر دەمێك بوو خەڵکی کوردستان بەهار و هاوینی وایان نە دیبوو..

ساڵی هەشتا و چوار و خۆدزینەوە و پیلانی دوژمنکارانە :-

ڕژێم لە کۆتایی هاوینی ساڵەکەوە، کەوتە خۆدزینەوە و پاشە کشە لە بەڵێن و پەیمانـەکانی بـۆ ڕێکـەوتن.. شـان بـە شـانی پاشـگەز بوونـەوەی بـەڕێگای دام و دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات و خۆفرۆشەکان کەوتە پیلان و پیلانگێڕی دژی شۆڕش و کەمین و بۆسەنانەوە بۆ فەرماندە و کادرەکانی ناو هێزی پێشمەرگە و چاو ترساندنی جەماوەر بە ڕەفتاری دڕندانەو نامرۆڤانە. هەر لەسەرەتای پایزدا کۆمەڵی کوڕی گەنجی بە ناوی سەربازی ڕاکردووەوە گرت و بە بێ دادگاییکردن بە پێش چاوی جەماوەرەوە لـە ناو شاری سلێمانیدا گوللەبارانیکردن، (جمال حاجی ئیسماعیلی) کەڵەکن پێشمەرگە بوو لـە ماڵەوە لە گەڵ دایکیدا چوو بۆ

خەستەخانەی جمهوری، کۆمەڵێ لە پیاوانی حکومەت هەڵیان کوتایە سەری و ڕفاندیان و بە بێ دادگا و بە بێ هۆ شەهیدیان کرد، لە نێوانی بنگرد و دووکاندا کەمینیان بۆ دەستەیەك پێشمەرگە دانا و چەند پێشمەرگەیەکیان بە خەستی بریندار کرد، لە سەر گۆڕی حەپسەی دایکی شەهید ئەکرەم لە شەهیدان، لوغمیان بۆ کاك مستەفا چاوڕەش دانا، بۆ ئەوەی کاتێ چوو بۆ سەر کۆڕەکە پیا بتەقێتەوە. بە ماجیدی برای شەهید ئەکرەمدا تەقیەوە و قاچێکی پەڕاند.

لە ١٥ / ٩ / ١٩٨٤ کەمینیان لە تاسلوجە بۆ فەرماندەی سەرکردە ملازم سەید کریم دانا و بە دەستی چەند خۆ فرۆشێك شەهیدیان کرد ...

شەهید کردنی مولازم سەید کەریم و هەڵمەتی تۆڵە :-

دوای شەهید کردنی فەرماندەی سەرکردە مولازم سەید کەریم، سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بڕیاریاندا لە تۆڵەی سەید کەریمدا هەڵمەت ببرێتە سەر هەموو شەقامە گشتیەکانی نێوانی شارەکان و ئەو ڕەبایە و سەربازگانەی لە سەر شەقامەکانن.. بۆیە دوای یەك ڕۆژ بە سەر شەهید کردنیدا، هەموو تیپەکانی پێشمەرگە کۆنترۆڵی سەرجەم شەقامە گشتیەکانی کردو، بۆسەیان بۆ پیاوانی ڕژێم و ئەفسەر و خۆ فرۆشان داناو، لەو هەڵمەتەدا ژمارەیەکی زۆریان لە پیاوان و ئەفسەر و خۆفرۆشەکان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاند... ئەو ڕۆژەی سەید کەریم شەهید کرا لە پارێزگای کوتەوە خێزانێکی فەیلی دۆستمان بەسەردان هاتبوون و بردمن بۆ دێلێژە... ئێوارە هەواڵەکەمان پێگەیشت بەیانی بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ سلێمانی، کە گەیشتینە سەر شەقامی گشتی سلێمانی لە لای ئەڵلایی.. پێشمەرگەکانی تیپی(٥٧) سەگرمە بە درێژی شەقامەکە بە لای ئەڵلاییدا دامەزرابوون و زیاتر لە(٥) تەرمی کوژراو لە سەر قەراغی شەقامەکە کەوتبوون و بە لای بەری بازیانیشدا چەند دەبابە و مودەرەعەیەك ڕاوەستابوون و سەرباز و جاشەکان لە بۆسەدا بوون.. ئێستاش لە بیرمە(شێخ مەحموود) بەرپرسی پێشمەرگەکان بوو، کە ئێمەی دی وتی.. مامۆستا پەلە بکەن و زوو ڕەتبن با ئەم میوانانەتان تووشی کێشە نەبن.

هەر ئەو رۆژە.. دەبوو بچووینایە بۆ قەلادزێ چونکە دەعوەتی میوانەکانیان کردبووین، کەوتینە ڕێ بۆ قەلادزێ.. لە تاسلوجەوە مەفرەزەی پێشمەرگە لە سەر شەقامەکە پەرشبووبوون. لە کانی وەتمان و چایخانەکان ژمارەیەکی یەکجار زۆر پیشمەرگەی لێبو. مندالەکانی میوانەکەمان، کە پێشمەرگەیان دی بەو شێوەیە لە خۆشیدا هەر ئەوە بوو تووشی گەشکە نەدەبوون. لە داری قەمتەران دەبابەیەکی زۆر بەسەر زنجیرە شاخەکەدا بلاوبووبوونەوە، سەربازێکی زۆر لە سەنگەردا بوون. لە بازگەکە سەربازێك رایگرتین سەیری ناسنامەکانی کرد، ناسنامەی (فەوزی عەواد) پارێزگای کوت بوو، وتی مەرگ هەلیگرتوون لە کوتەوە گەیشتوونەتە ئێرە لەم رۆژەدا؟ وتی بۆ کوێ دەچن وتمان دەچین بۆ قەلادزێ وتی بابە لە ناو رانیە و لە بەردەم کێوە ڕەشدا شەڕە.. بۆ کوێ دەچن و نەیهێشت بڕۆین و گەڕاینەوە.. لە بێستانەوە لاماندا بەرەو شەقلاوە و بۆ پێش نیوەڕۆ گەیشتینە شەقلاوە. نیوەڕۆ لەوێ نانمان خوارد و عەسر گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەماندا لە هەموو ئەو شوێنانەی پێشمەرگەی لێبوو هەر مابوون. کە گەیشتینە ناو شار و دابەزین.. چووم بۆ لای(کاك برایمی حەمە عەلی) چونکە ئەو کاتە(من و مامۆستا شێخ محەمەدشێخ غەریب باساکی و مامۆستا سەربەست بابە شێخ و هاوڕێ ئیبراهیم مەحمود) بە یەکەوە بووین لە یەك کەرتدا. کاك برایمی حەمە عەلی بەرپرسمانبوو مالەکەیان لە بەر سەرا بوو. کە چووم لە مالەوە بوو، کەوتینە باسی بار و دۆخەکە و منیش ئەو چیرۆك و سیناریۆیەم بۆ گێڕایەوە.

ئامۆژگاری و رێنمایی لە رێکخراوەوە هاتبوو... بە پەخشنامەیەك وتی بەشکم هەر ئەمشەو پەخشنامەکە بگەیەنیتە هەردوو مامۆستا و هاوڕێ برایم و خۆت و ئەوانیش هەر ئەمشەو برادەران بێنن و ئاگاداریان بکەنەوە و پەیرەوی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و خالەکانی پەخشنامەکە بکەن. ئەو شەوە بە ناچاری میوانەکانم بە جێهێشت و پەخشنامەکەم گەیاندە برادەران و هەموو برادەرانی پۆل و هێلەکانی لای خۆمم بەسەر کردەوە و بینیمن..

ئەو هەلمەتەی هێزی پێشمەرگە گوڕ و تینێکی دایەوە بەر پێشمەرگە و جەماوەری دلخۆشکردو، چاوشکێنێکی زۆر چاکبوو بۆ هێزەکانی بەعس و سوپا داگیر کەرەکەی..

بە دوای ئەو کارە ناجوامێرانەیەی رژێمدا بۆ شەهید کردنی سەید کەریم.. ئیتر هەموو هەڤاڵانی سەرکردایەتی و فەرماندە عەسکەرییەکان و کادرەکانی ناو شۆڕش مەترسیان پەیدا کرد و سڵەمینەوە و بە وریایی و بەرنامەوە نەبوایە دانەدەبەزین و، بە شەقامە گشتیەکاندا نەدەڕۆیشتن. هەر بەدوای ئەو ڕەفتارە ناجوامێرانەیەدا، بارەگا و بنکەکانی پێشمەرگە وردە وردە لە شەقامە گشتیەکان دوور کەوتنەوە.. رێکخراوی سلێمانی.. بە زنجیرە کەوتنە دەرکردن و پەخشکردنی پەخشنامەی هەفتانە و مانگانە.. رێنمایی دەرکرا بۆ قایمکاری و وریایی کار کردن و هەڵس و کەوت و جۆر و شێوە و شوێنی کۆبوونەوەکان و یەکتر بینین و پەیڕەو کردنی ئامۆژگاری و رێنمایی خاڵەکانی پەخشنامەکان و چۆنێتی گەیاندنی هەواڵ و دەنگ و باسەکانی شۆڕش بە ڕێکخستن و جەماوەر. چۆنێتی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و دەنگ و باس لە سەر رژێم و پیاوانی و دام و دەزگاکانی و سەربازگە و سوپاکەی و بەرزکردنەوەیان.

ساڵی هەشتا و پێنج و پیلانی شەهید کردنی مامە ریشە و داستانی دابان هەلاج :-

هەرچەندە... رایەڵەی گفتوگۆ بە تەواوی نەپچڕابوو.نوێنەری شۆڕش و نوێنەری حکومەت هاتوو چۆیان دەکرد و بە تەواوی بانگەوازی دەستپێکردنەوەی شەڕ نەکرابوو..لە رۆژی٢٤ / ١ / ١٩٨٥ لە پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراودا، لە رێگای لەیلان – قادر کەرەم زۆر بە نامەردانە لە لایەن خۆفرۆشانەوە، کەمین بۆ مامە ریشە دانرا و، شەهیدیانکرد، شەهید کردنی(مامە ریشە) کاریگەری زۆری لەسەر پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیان و قەرەداخ کرد. هەموو خەڵکی کوردستانی هەژاند و بەگشتی سەرجەمی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بۆی بە داخ بوون.. لە لایەکی ترەوە پیاوان و سەرانی رژێم وەکو سەرکەوتنێکی پیلانگێڕی ئاهەنگ و شایی لۆغانیان بۆ شەهید کردنی گێڕا.

دوای شەهید کردنی سەید کەریم و بەدوایدا مامە ڕیشە، سەرکردایەتی بڕیاریدا کە هێزی پێشمەرگە رێکخەنەوە.. بۆ ئەمەش مەکتەبی عەسکەری بە پێی بەرنامەی داڕێژراو. تیپەکانیان رێکخستەوە. گۆڕانکاری و ئاڵو گۆڕ لە تیپ

و کەرت و مەفرەزە و دەستەکان و سەرتیپ و فەرماندەی کەرتەکانیاندا کرا. بەسەر ناوچەکاندا بۆ چالاکی پێشمەرگانە دابەش کران.. هەموو هێزی پێشمەرگە ساز و ئامادە کرایەوە بۆ هەڵمەت و بەرگری،.. چەك و تەقەمەنی و ئازوقەی باش پاشەکەوت کرابوو بەسەر تیپەکاندا دابەشکران.. پێشمەرگە بۆ تۆڵەی سەید کەریم و مامە ڕیشە خۆیان دەخواردەوە، مامە ڕیشە پێش شەهید کردنی لە تۆڵەی سەید کەریمدا لەڕێگای سلێمانی-کەرکوك کەرتی چواری جەباری بۆسەیان دانا و ئوتومبیلێکی ئیستیخبارات کەوتە کەمینەکەوە و لێیان داو (١١) ئیستیخباراتیان بە سزای گەل و شۆڕش گەیاند.

مەکتەبی عەسکەری بە بەرنامەیەکی داڕێژراو لە شەوی ١٤ لەسەر ١٥ / ٢ / ١٩٨٥ لە چەند قوڵەوە، هەڵمەتیان بردە سەر هەموو مۆڵگا و سەربازگە و ڕەبیەکانی زنجیرە شاخی دابانهەلاج و لە ماوەی کەمتر لە (١٢) سەعات سەرپاکی زنجیرە شاخی دابانهەلاج پاککرایەوە و دەیان دەبابە و سەربازگە و مۆڵگا دەستیان بە سەردا گیرا و بە دەیان ئەفسەر و سەرباز کوژران و بە دەیان بەدیل گیران و دەستکەوتێکی زۆر لە چەك و کەل و پەل و ئازوقە و تەقەمەنی دەس پێشمەرگە کەوت.

ئەو داستانە لە تۆڵەی سەید کەریم و مامە ڕیشەدا ئەنجام درا و بەو هەڵمەتی تۆڵەیە.. هێزی پێشمەرگە بە تەواوی هۆشی هاتەوە بەر خۆی و ورەیان بەرز بۆوە و پۆڵا ئاسا خۆیان سازدایەوە بۆ چالاکی باشتر و گەورەتر. جەماوەری خەڵکی کوردستانیش بەو داستانە گەشانەوە و دەست خۆشیان لە هێزی پێشمەرگە دەکرد.

ڕێکخستنی ناو شارەکان و خۆ ساز دانەوە : -

لـە دوای شـەهید کردنـی سـەید کـەریم و مامـە ریشـە و داسـتانی دابانهـەلاج ڕێکخراوی سلێمانی بە بەرنامەیەکی نوێ، بە شێوازێکی تازە، بە گوڕ و تینێکی شۆڕشـگێڕانەی پشـوو درێـژی کەوتنـە کـار کـردن... هەفتانـە پەخشـنامە پەخشدەکرا.. گۆڕانکاری لە کەرت و پۆل و شانە و هێڵە تایبەتەکاندا کرا. ناوی نهێنی کەرت و پۆل و شانەکان و هاوڕێیان گۆڕدران. ناوی نهێنـی تازەیان بۆ دانرا. کات و شوێنی کۆبوونەوە و یەکتر بینین گۆڕدرا، بە پێی ڕێنماییەکانی ڕێکخراو هەموو هەڤاڵێکی کەرت و بەرەو ژوور، دەبوو شوێنی تایبەت و قایم لە ماڵـەوەی بـۆ هـەڵگرتن و قـایمکردنی ئـەدەبیات و بەڵگـە نامـەکانی ڕێکخسـتن دروست بکات.. هەر جۆرە شتێك کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە بوو، لە بەر دەست و بەر چاودا دانەنرێت لە قسە کردن و هەڵس و کەوت و ئەنجامدانی کارەکاندا، هێمن و لە سەر خۆ و وردە کاری بکرێت. هەواڵ و دەنگ و باسەکانی شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بە زیرەکانە بگەیەنرێتە ڕێکخستنەکان و جەماوەر. هـەواڵ و دەنـگ و بـاس و زانیـاری نـاو دام و دەزگاکـانی ڕژێـم و سـەربازگە و مۆڵگاکانی جاش و خۆفرۆشان بە چڕوپڕی کۆبکرێتەوە و بەڕاپۆرتی تایبەت بگەیەنرێتـە سـەرەوەو، چـاوەڕوانی ڕاپـۆرتی مانگانـە نـەکرێت... هێـڵ و ڕێکخستنی تایبەت لە هەموو فەرمانگە و دەزگایەکی حکومی ئەهلیدا دروست بکرێت.

١٧ / ١٠ / ٨٥ و مەنعی تەجەول :-

لە سەرەتای مانگی / ١٠ / ١٩٨٥ لە هەموو هێڵەکانی ڕێکخستنەوە، هەواڵ و زانیاری بەرز دەکرایەوە، کە ڕژێم خەریکی خۆ ئامادە کردن و هێز کۆکردنەوەیە لە هەموو شارەکانی کوردستان و عیراق.. لە بەر ئەوەی خۆ ئامادە کردنەکە لە ڕێگای دەزگا تایبەتەکانی(ئەمن و ئیستیخبارات و موخابەرات و مەنزومەی شیمالی و حزبیەکانەوە) بوو.. ئەوانە کە هەواڵەکەیان دەزانی مەبەستەکەیان لێ ڕوون نەبوو.

ڕێکخراوی سلێمانی، هەر زوو کەوتە کار قایمی و بە پەخشنامە ئامۆژگاری و ڕێنمایی سەرجەم هەڤاڵانی ڕێکخستنی دەکرد.. کە قایمکاری بکەن و وریاتر و کارامانە ترکارەکانیان ئەنجام بدەن.. هەوڵبدرێت لە هەموو هەلس و کەوتێکی دام و دەزگاکانی ڕژێم ئاگادارین و، لە سەر ئەو هەواڵ و زانیاریانەش ناوەندی کۆمەڵە و سەرکردایەتی ئاگادار کرایەوە... ڕۆژانە هەواڵەکان زۆرتر و گەرمتر دەبوون. سێ ڕۆژ پێش مەنعی تەجەولەکە.. لە هەموو شارەکانی کوردستان و عیراقەوە هێز بۆ دەوروبەری سلێمانی بەڕێدەکراو، دوو ڕۆژ پێش مەنعی تەجەولەکە هەموو دەزگاکانی پۆلیس و ئەمن و سوپا لە سلێمانی و دەورو بەری خرانە ژێر ئینزارەوە.. ئەو هێزانەی لە شارەکانەوە دەنێردران بەرەو سلێمانی لە هێزەکانی جەیشی شەعبی، قوات خاصە و پۆلیس و عەسکەریە و ئەمن و ئیستیخبارات.. هتد بوون و هەواڵی بەر بڵاوی ئەو هێزە گەیشتە ریزەکانی ڕێکخستن. ڕۆژی ١٦ / ١٠ / ١٩٨٥ دەنگ و باسی هێنان و بەڕێوەبوونی هێزێکی زۆر لە هەموو ڕێگاکانی، هەولێر و کەرکووك و کەلار و ڕانیەوە، لە ناو بازاڕ و هەموو شوێنێکی شاردا بڵاوبۆوە.. خڕ کردنەوەی ئەو هێزە زۆر و هەمە چەشنە و چەك و تەقەمەنی و ئالیاتەوە، ئاڵۆزی و مەترسی و دڵە ڕاوکێی زۆر بۆ خەڵکی شاری سلێمانی دروست کرد.. ئەو کاتە من لە بازاڕی نەقیب دوکانم هەبوو. لە هەمان کاتدا بەڕێوەبەری ناوەندی زانستی ئێواران بووم، بەیانیان لە دوکان دەبووم و ئیوارانیش دەچووم بۆ قوتابخانە. بەیانی ڕۆژەکە، کە دوکانم کردەوە، زۆری پێنەچوو بە هۆی ئەو کەسانەی بۆ کاری بازاڕ و بازرگانی لە (هەولێر، کۆیە، ڕانیە، قەڵادزێ، کەرکوك، چەمچەماڵ، کەلار، کفری،و دەربەندیخانەوە) دەهاتن بۆ بازاڕەکانی سلێمانی. وردە وردە پەیدا بوون..

زۆریـان دەهاتنـە لام و دوکانـداری گوزەرەکـانی نـاو شـاریش زۆربـەیان دەهاتنـە لام.. پەیوەنـدی بـاش و متمانـە پێکـراوم لـە گـەڵ زۆربەیانـدا هـەبوو. ئـەو ڕۆژە هەرچـی لـە دەرەوەی شـار و نـاو شـارەوە هاتنـە لام.. باسـی هـاتنی ئـەو هێـزە زۆرەیان دەکرد کە بـۆ سلێمانی بەڕێوەیە.. بۆیە.. ناچار تەلـەفونم بۆ کوڕەکان کـرد.. کـە بێن بـۆ لام هـەر کوڕەکـەم هـات لـە سـەعات دەوە، دوکـانم بەجێهێشـت چووم بۆ لای برادەران و دەنگ و باسەکەم پێ گەیاندن و برادەرانـی لای خۆشـم بە سەر کردەوە و ڕێنمـایی و ئامۆژگاریم کـردن، سەبارەت بە وریا بوونیان بۆ خۆپارێزی لە هاتنی ئـەم هێـزە زۆرەی کـە نـازانرێ بۆچـی هێنـراوە.. هـەر زوو لـە پێش وەختیش ئەو ڕۆژە چووم بۆ قوتابخانـە. هـەر مامۆسـتایەکیش دەهـات لای خۆیـەوە، بـە دزیـەوە هەواڵەکـەی پـێ دەوتم.. چـوومەوە بـۆ ماڵـەوە.. کۆمـەڵێ ئەدەبیات و شتم هەبوو.. هێنامن و لـە گەنجینـەی قوتابخانـەدا حەشـارمدان. ئـەو ئێوارەیە دەوامی وام نەکرد. زۆربەی برادەرانم بینی.. کەسمان سەرمان لە هاتنی هێزەکە دەرنەدەکرد. بۆ ئابلۆقـەدانی سلێمانی و کاری پشـکنینەیان بۆ پـەلامار دانی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتیە.

ئێـوارە.. بە تـەواوی هـەواڵمان پێگەیشـت کـە سـەربازگەی معسـکر سـەلام و تاسلوجە و تانجەرۆ و عەربەت پڕ بووە لە هێز و بە دەیان مودەرەعـە و دەبابـەیان لە گەڵ خۆیان هێناوە.

شـەو.. بەشـتـەکاندا چـوومەوە، کتێبخانەکـەم گـەڕام، کۆمـەڵێ شـتی تـرم دۆزیـەوە، کۆمکردنـەوە.. ئێـوارە هـەموو هێڵـی تەلەفونـەکان ڕاوەسـتان تەلـەفون ئیشـی نـەدەکرد، هەرچـەند ئێمـە ئامۆژگـاری برادەرانمـان کردبـوو کـە بـۆ کـاری ڕێکخسـتن هەوڵبـدەن زۆر بەکـەمی تەلـەفون بـەکار بهێـنن و ئەگـەر بەکاریش هـات زۆر بە زیرەکانـە بـەکار بهێنرێـت بـۆ ئـەوەی دەزگـا سـیخوڕییەکانی ڕژێـم کـەڵکی لێوەرنەگرن.

شەو لە سەعات دەوە، دەنگی زنجیری دەبابـە و مودەرەعـە و ئوتومبیـل شـاری سلێمانی هەژاند...هەر کەسە لە شوێن و ماڵی خۆیـەوە دەترسـا.. هـەر یەکـە بە جورێ.. ئێمـە وەکـو ڕێکخسـتن و هـەبوو وەکـو سەربازی ڕاکـردوو، هـەبوو وەکـو کـەس و کـاری پێشـمەرگە.. ئـەو حاڵـە تـا سـەعات دووی شـەو دەوامـی کـرد. لـە سـەعات دووەوە وڕەو دەنـگ نـەما و شـار خامۆشـبوو. مـن تـا سـەعات دوو

نەنوستم.. ئەو کاتە رێکەوت وابوو. ماڵی ئێمە و کاکەم و محێدین لە یەک خانوودا بەیەکەوە بووین کاکەم ترسی منی هەبوو. دەیزانی شتم هەیە وتی رۆڵە ئەگەر شتێکی وات هەیە بۆم بێنە من لە ژێر کەوا و سەڵتەکەمەوە لە پشتی دەبەستم کەس لە من ناپرسێت و مەولودیشم قەرار داوە، پشت بە خوا هیچمان بۆ نابێت،.. ئەو شەوە ماڵی محێدین هەویریان شێلابوو بۆ نان کردن. سەعات دوای دوو خەوم لێ کەوت بەیانی لە دەنگی فڕۆکەی هەلیکۆپتەر و بانگەوازی ناو فڕۆکەکە خەبەرم بووەوە. کە لە فڕۆکەکەوە بانگەوازێ ڕایدەگەیاند و ئاگاداری هەموو خەڵکی دەکردەوە(کە کەس لە ماڵ نەچێتە دەرەوەو هاتو چۆ و ماڵە و ماڵ قەدەغەیە) ... فڕۆکەکان بە سەر گەڕەکەکانی شار بە نزمی بەسەر ماڵەکاندا دەسووڕانەوە... ئەو شتانەی شەو کۆمکردبوونەوە و دامنابوون.. هێشتا دنیا تاریک بوو، خستمنە نایلۆنەوە و بردمنە ناو ئەو شیوەی نێوانی ماڵمان و ناوەندی کانێسکان و لە شیوەکەدا حاشارمدان... کاکەم بانگی کردم وتی چیت هەیە بۆم بهێنە با لە پشتی ببەستم مەترسن.. هیچ نابێت دیار بوو شەو ئەو هێزە، بە سەر هەموو گەڕەکەکانی شار و دەورو بەری شاردا، دابەش کرابوون. زۆربەی قوتابخانەی گەڕەکەکان کرابوونە بنکەی هێز و هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت لە ئینزاردا بوون. دەورو بەری سەعات(١١) ی نیوەڕۆ.. هێزە پشکنێرەکە گەیشتە گەڕەکەکەمان و کەوتنە گەڕان و پشکنینی ماڵ بە ماڵ.. کۆمەڵێکیان روویان کردە ماڵی محێدین کە بینیان نان دەکەن و زۆر خۆیان لە گەڵ خەریک نەکرد، هاتنە سەرەوە بۆ ماڵی ئێمە ئەفسەرێك و چەند سەربازێك بوون. لە پێشەوە ئەفسەرەکە هاتە ژوورەوە.. لە هەیوانەکەدا وەستا بووم. دایکم لەبەر دەرگای ژوورەکەی خۆی لە سەر بەرماڵ دانیشتبوو تەزبیحاتی دەکرد. ئەفسەرەکە چاوێکی بە هەیوانەکەدا گێڕا و کتێبخانەکەی بینی.. وتی ئیشت چییە و ناسنامەکەم نیشاندا کە بەڕێوەبەری ناوەندی زانستیم.. وتی دەرچووی کوێیت وتم بەشی کوردی بەغدا، وتی دیارە زۆرت حەز لە خوێندنەوەیە وتم لە منداڵیمەوە ئالودەی خوێندنەوەم وتی ماشاڵڵا کتێبی باشت هەیە. وتم بەڵێ کتێبی باشم هەیە.. یەکێك لەسەربازەکان خۆی کرد بە ژوورەکەی دایکما بە نیازی ئەوەی کەنتۆر و بۆفیەکان بپشکنێت.. نەیهێشت بگاتە کەنتۆرەکە تێی خوڕی کە بێتە دەرەوە ویستیان سەیری کتێبخانەکە بکەن وتی پێویست

ناکات.. سەربازەکان چوونە دەرەوە وتی من کوردم خەڵکی بادینانم یەك مانگە ئێمەیان ئاگادار کردووە کە خۆمان ئامادە بکەین تا نەهاتینە سلێمانی نەمانزانی بۆ چییە و بۆ کوێیە. وتی ماڵەکانی خوارەوەش هی ئێوەن وتم برامن وتی بە نیازێکی زۆر خراپ پەلاماری سلێمانی دراوە. من هیوام ئەوەیە لەم گوزەرەی مندا کەس تووشی زیان نەبێت ئومێدیش دەکەم هەروا بێت. بۆ نیوەڕۆ خوڵکم کردن وتی ناکرێت.. نان بخۆین.. تا بەر دەرگا لە گەڵی چووم وتی مامۆستا هەر هێزێکی تر هات بۆ تەفتیش بڵێ هێزی(...) تەفتیشیان کردووە. بە داخەوە ناوەکەم بیر چۆتەوە.

پشکنینی ئەو گەڕەکەی ئێمە و دەورو بەرمان عەسرێکی درەنگ تەواو بوو.. کە هێزەکان ئێوارە پاشە کشەیان کرد.. زانیمان کە محەمەدی وەستا برایمی جۆلایان گرتووەو، بە شۆفلْ ماڵەکەیان ڕووخاندووە و وەستا برایمیشیان گرتووە و بردوویانە.

ئەنجامی مەنعی تەجەولەکە :-

بەیانی ڕۆژی ١٨ / ١٠ / ١٩٨٥ ئەنجامی شالاوی پشکنین و ئابلۆقەکە دەرکەوت کە لەو شالاوەدا.. ژمارەیەك لە خەڵکی گەڕەکەکانی شاریان گرتووە، چەند ماڵێکیشیان بە شۆفڵ ڕووخاندووە. لەوانەی لەبیرم ماون یان زانیاریم لە سەر وەرگرتوون..

١ـ ماڵی مامۆستا شێخ محەمەد شێخ غەریبی باساك لە برایم پاشا ڕووخێنرابوو، مامۆستا خەباتی کوڕیشیان گرتبوو.. مامۆستا بۆ ڕۆژی دوایی ئازاد کرا و خەباتیان لە ١٨ / ١٠ لە گەڵ چەند گەنجێکی تردا لە فولکەی نالی ڕللە باران کرد.

٢ـ ماڵی مامۆستا حسەین شەریف لە برایم پاشا ڕووخێنرا، خۆی و ڕدەشتی کوڕی و برازایەکی بە ناوی ئاوات محەمەد شەریف گرت و ،وانیشیان لە گەڵ خەباتدا لە فولکەی نالی لە ١٨ / ١٠ گوللە باران کرد. لە بەر ئەوەی پۆستەرێکی خوێندکاران بە بۆنەی کۆچی کوڕەکەیەوە لە ماڵیاندا گیرابوو.

٣. ماڵی تاهیر محەمەد عومەر لە سەرگۆل ڕووخێنرا و خۆی و دوو کوڕی بە ناوی ئاسۆ و ئامانج گیران و لە فولکەی نالی و لە ١٨ / ١٠ گوللە باران کران، ئەمە لە بەر ئەوەی وێنەیەکی مام جەلال و مامە ڕیشە لە ماڵیاندا بوو.

٤ـ ماڵی دلێر عەبدوڵڵا عەزیزیان ڕووخاند و خۆیان گرت و لە ١٨ / ١٠ لە فولکەی نالی گوللە بارانیان کرد، لە بەر ئەوەی وێنەیەکی مستەفا چاو ڕەشیان لە ماڵداگیرا بوو.

٥. ماڵی مامۆستا لەتیف حەمە عارف لە گەڕەکی گردی سەرچناریان ڕووخاند و خۆیان گرت. لە بەر ئەوەی لە لیستی ئەو ناوانەی پێیان بوو، لە ناوێکیان دەچوو. دوا جار بەردرا.

٦ـ ماڵی وەستا ئیبراهیمی محەمەدی جۆلایان لە گەڕەکی مامۆستایان ڕووخاند لە بەر ئەوەی(محەمەدی) کوڕی لە ماڵی خوشکەکەی گیرا و سەربازی ڕاکردوو بوو. وەستا برایم و محەمەدیان گرت.. محەمەد لە گەڵ کۆمەڵێکی تردا لە ١٧ / ١٠ / ٨٥ گوللە باران کرد و باوکی لە بەندیخانە کۆچی دوایی کرد. خەڵکی گەڕەك بە هەزار حاڵ تەرمی مام برایمیان وەرگرتەوە.

٧. ماڵی ئەحمەد غەفوریان ڕووخاند و ئامانجی کوڕیان گرت لە بەر ئەوەی چەند وێنەیەکیان لە ماڵدا گرتبوون و لە ١٠/١٨ لە فولکەی نالی گوللە باران کرا.

٨. محەمەد و ئەحمەدی کەریم شەکریان لە گەڕەکی شێخ محێدین ڕووخاند و خۆشیان گرتن لە بەر ئەوەی نووسینێك لە سەر دیوارەکەیان نووسرابوو.

٩. ماڵی شێخ عوسمانیان رووخاند و کوڕەکەی بەناوی سەردار گیرا.

١٠. هیوا فائقیان گرتو ماڵەکەیان ڕووخاند.

١١. ئارام محەمەد کەریمیان گرت و ماڵەکەیان ڕووخاند.

*ئەو رۆژە تا ئێوارە ژمارەیەکی زۆریان لە گیراوەکان گوللە باران کرد کە سەربازی ڕاکردوو بوون. و ئەم کەسانە بوون: –

١. ئەبو بەکر حسین محەمەد سالح

٢. رێبوار عوسمان میرزا

٣. کەمال ئەحمەد عەبدولرەحمان

٤. ئیبراهیم عومەر مەعروف

٥. جەزا حەمە ئەمین کەریم

٦. کەریم مەحمود عەلی رەحیم

٧. محەمەد عەلی ئەحمەد

٨. جەبار محەمەد شەریف

٩. ئاراس کەریم میرە

١٠ محەمەد ئیبراهیم محەمەد

١١. کاروان ئیسماعیل محەمەد

١٢. هوشیار فەتاح کریم

١٣. شوان مەحموود عەلی

١٤. حەمە رەئوف سەعید زۆراب

١٥. عەزیز ئیبراهیم عەزیز

١٦. سامان محەمەد سەڵتە (گەورە)

١٧. سەرسەنگ محەمەد سەڵتە (گەورە)

١٨. ئیبراهیم عەبدوڵڵا عەولا

۱۹. فەرهاد محەمەد عوسمان

۲۰. خالد حەمە کەریم رەسول

۲۱. نەوزاد حسین عارف

*ئەم ناوانەش لەو شالاوەدا گیران و لە ۱۷ / ۱۲ / ۸۵ گوللە بارانیان کردن :
–

۱. هیوا فائق فارس

۲. سەردار عوسمان فەرەج

۳. ئارام محەمەد کەریم(ئارامە بچکۆل).

*ئەم ناوانەش لەم شالاوەدا گیران و لە ۱۹ / ۱۰ / ۸۵ گوللە باران کران: –

۱. کاوە نامق حەمە سوور

۲. سۆران رەزا موعین

۳. ئازاد شەریف ئەحمەد

٤. خالد عبدالله میر حەسەن

٥. محەمەد عومەر حەمە شەریف

٦. شۆرش محەمەد سەعید

۷. فەریق محەمەد کەریم

۸. بەهرۆز عوسمان رەحیم

*ئەم ناوانەش لە شالاوەکەدا گیران و لە ۱۸ / ۱۰ لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون: –

۱. وەستا ئیبراهیم محەمەد جۆلا

۲. بەهرۆز سەردار عەبدولرەحمان

۳. دلێر فائق عەلی

*سەرجەمی گیراوەکان زیاتر لە(٥٠) کەس بوون و لەوانە(٤٤) یان شەهید کران. ئەوانەشی شەهیدیان کردن بە بێ دادگایی کردن و بەبێ لێکۆڵینەوە و بە

حوكمێكی قەرە قوشی و زۆر بە دڕندانە گوللە بارانیان كردن و تەرمەكانیشیان نەدانەوە بە كەسوكاریان.

حەز دەكەم لێرەدا ئەوە بڵێم.. زوربەی ئەو كەسانەی لەو شاڵاوەدا، بەركەوتن و گیران.. هیچیان لە سەر كاری رێكخستن و بە بەڵگە نامەی رێكخستنەوە نەگیرابوون.. هەڤاڵانی رێكخستنەكان لە سەر رێنماییەكانی رێكخراوی سلێمانی پێشوەخت قایمكاری تەواویان كردبوو... رژێم ئەو شاڵاوەی بۆیە هێنایە سەر شاری سلێمانی، بەو نیازە بوو كە ئەنفالی رێكخستنەكانی ناو شار بكات، هەرچی هێڵی ڕێكخستن هەیە بیان دۆزێتەوە و برادەرانمان، بەو بڕیارەی بە دەستیانەوە بوو بەو دەسەڵاتەی پێیان درابوو. وەكو چۆن ئەو ژمارە خەڵكە بێ گوناهەیان لە خۆڕایی گەللە باران كرد. ئاوها هەڤاڵانی رێكخستن گوللە باران بكەن. بەڵام خۆشبەختانە، نەك هەڤاڵانی رێكخستنیان بەر دەست نەكەوت بەڵكە نەیان توانی سەرە داوێكی رێكخستنیش بدۆزنەوە.. لە كاتێكدا لەو بارو دۆخەدا، رێكخستنی ناو شاری سلێمانی لە هەموو كات و رۆژگارەكان زۆرتر و پڕ ئیشتر و كارامەتر و بەر بڵاوتر بوون. باوەڕ ناكەم لە ناو شاری سلێمانیدا فەرمانگەیەك و گوزەرێك، قوتابخانەیەك، گەڕەكێك و كۆڵانێك، شەقامێك، كارگەیەك و شوێنێك هەبوو بێ، هێڵی رێكخستنی تیادا نەبووبێ.. رێكخراوی سلێمانی چەندین كەرتی رێكخستن و كەرتەكانیش چەندین پۆل و شانەیان هەبوو، جگە لە شانە و پۆلەكان، چەندین هێڵی تایبەت و دەستەی پێشمەرگەی نهێنی ناو شار هەبوو.. دەستەكانی پێشمەرگەی ناو شار چەندین جۆری چەك و تەقەمەنیان هەبوو.

دیارە.. شاڵاوی مەنعی تەجەولی مانگی / ١٠ / ١٩٨٥، خەڵكی سلێمانی بیری ناچێتەوە، چونكە شاڵاوێكی ئەوتۆ بوو. كە رژێم ویستی شاری هەمیشە زیندوو، خۆڕاگر و چاو نەترسی سلێمانی لە بازنەیەكی مەرگدا و بەو پەڕی دڕندانە ئابلۆقە بدات و بە خەیاڵی گڵاوی خۆی خامۆش و كپی بكات و خەڵتانی خوێنی بكات و بە هەزاران خانوو و ماڵ و گەڕەك بە سەر یەكدا بڕووخێنێ و بەو رەفتارانەی چاو شكێنی خەڵكی سلێمانی بكات و لە خەبات و ململانێ و رێبازی شۆڕشگێڕی دووریان بخاتەوە.. حەز دەكەم ئەوەش بزانرێت كە بۆ یەكەمجار بوو.. ماڵ و خانووی هاووڵاتی لە ناو شاردا، بە بیانوی ئەوەی شتی لە ماڵدا

گیرا بڕوخێنرێ.. بەڵام.. پیلان و نەخشەی نەگریسی دوژمن، پووچەڵ کرایەوە و بە سەلیقەی وردی هاوڕێیانی ڕێکخستن توانرا بەو پەڕی سەرکەوتوویییەوە خۆ پارێزی بکرێت. ئەو بەرنامەیەی دوژمن بۆ سلێمانی دانابوو، وەکو خۆی دەیویست سەر نەگرێ و هەڵبوەشێتەوە و ڕێکخستن لە جاران باشتر و تۆکمەتر و کارامانەتر کارەکانی ئەنجام بدات.

دوای شاڵاوەکە و ڕێکخستن و ڕێکخستنەوە : -

بە دوای ئەو شاڵاوە دوژمنانەیەدا، ڕێکخراوی سلێمانی هەر زوو کەوتەوە خۆی و بە کار و ئەرك و شێوەی ڕێکخستنەکاندا چۆوە، شێوازێکی نوێتری دارشتەوە و جارێکی تر ناوی نهێنی هاوڕێیانی ڕێکخستن و ناوی شانە و پۆل و کەرتەکان گۆڕدرایەوە، چەندین هێڵی تری تایبەت و هێڵی تاکی و دەستەی نوێی پێشمەرگەی ناو شار دانرایەوە و دروستکرا.. ئاڵو گۆڕ لە بەرپرسی پول و کەرتەکاندا کرایەوە، پەخشنامەی مانگانە بە چەندین هەواڵ و زانیاری و چەندین خاڵی ئامۆژگاری و ڕێنمایی دەردەکرا و ناوەرۆکەکەی دەگەیەنرایە هاوڕێیان و شانەکان و هەواڵەکانیش دەگەیەنرایە جەماوەر... ئەو شاڵاوە هەرچەندە لە ڕادە بەدەر قورس و گران بوو، خەڵکی شار و زۆر خەڵکی ترسان بەڵام.. بوو بە هاندەرێکی تر و زۆر ڕۆڵی خۆی بینی لە گەشە کردن و زۆرتر بوونی هەڤاڵانی ڕێکخستن و جەماوەری شاری سلێمانی زیاتر و زیاتر ڕق ئەستوورتر و بە هەڵوێستتر کرد.

لەم نوسینەدا جێگەی خۆیەتی، ئەو هاوڕێیانەی لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان لەو سەردەمە سەخت و ڕۆژگارە ناهەموارانەدا، کارم لە گەڵدا کردوون و کاریان لە گەڵدا کردووم.. بۆ ڕێز گرتن لە ڕۆڵی جوامێرانەیان بۆ مێژوو ناویان تۆمار بکەم.. تا بزانرێت ئەم ڕۆژەی ئێستا کە بەسەربەستی ئەم نووسینانەی تیا دەنووسین هەروا لە خۆیەوە، نەڕەخساوە، بەڵکە بەری ڕەنجی هەزاران شەهید و ڕۆڵەی جەربەزەی خەڵکی ئەم کوردستانەیە، کە لە پێناوی ماف ڕەوای گەلەکەیاندا ڕووبەڕووی دوژمنانی گەلەکەمان، دەبوونەوە، سنگیان دەنایە بەر گەللەوە و ملی خۆیان دەکرد بە سێدارەدا..

دڵنیاین ئەم هاوڕێیانەی لەم لاپەڕەیەدا، ناویان دێنم ڕۆڵە و پیاوی بە هیمەتی گەلەکەمان بوون،بەو پەڕی دڵسۆزیی و لە خۆ بردووییەوە، زۆر بە پەرۆشەوە، بێ گوێدانە ژیان و گوزەرانی خۆیان و خێزان و منداڵیان، بێ بیر کردنەوە لە ماڵ وێرانی و گرتن و کوشتن، مەردانە و چەلەنگانە، لە ناو ناخی هەموو دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بەعسدا، خەباتیان دەکرد، تێدەکۆشان، ململانێیان دەکرد، دەستیان بە چاوی دوژمندا دەکرد، چاودێری هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانی یەکە یەکەی پیاوان و دەزگاکانی ڕژێمیان دەکرد و ترس و دڵەڕاوکێیان خستبووە دڵی دوژمنەوە، کە بە داخەوە دەڵێم..ڕەنگە ئێستا زۆر لەو تێکۆشەرانە، وەکو پێویست، خەبات و تێکۆشانیان لە بەر چاو نەگیرابێت و پشت گوێ خرابن، ئەوانەشی کاریان پێدراوە لە ئاستی خەبات و ماندوو بوونیاندا نەبێت.

فەرموون بزانن.. ئەوانەی کە تەنها من ناسیومن و یان ئەوانەی منیان ناسیوە و ناسینەکەش لە پێناوی هەڵبژاردنی ڕێبازی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا بووە، بۆ خەباتکردن لە پێناوی مافی ڕەوای گەلەکەمان.. جا ئیتر بزانن.. لە چەند شوێن و کەناڵی ترەوە بە دەیان گروپ و کۆمەڵی تری لەم جۆرە، تێکۆشەرە لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلەکەمان و لە شۆڕشە نوێخوازەکەی و لە ریزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و ی. ن.ک)، خەبات و تێکۆشانیان کردووە.

ئەم ناوانە تەنها ئەو ناوانەن، کە لە کار کردندا یەکترمان ناسیوە و کارمان بەیەکەوە کردووە لە پۆل و کەرتەکاندا و هەر یەکێکیش لە مانە بەر پرسی شانە و پۆل و کەرت و هێڵی تایبەت بوون و هەر یەکەیان چەندین کەسیان لە تێکۆشەران لا بووە: –

١. شەهید مامۆستا جەمال تایەر
٢. شەهید مامۆستا عەزیز مەحمود
٣. شەهید حەسەن خاوێی
٤. شەهید حەمە ڕەشید شەریف شارەزووری
٥. شەهید حەسەن سلێمان
٦. مامۆستا محەمەدی مەلا حسین، ماوەیەك لێپرسراومبوو

٧. مامۆستا جەمال عەزیز، ماوەیەك لێپرسراومبوو

٨. خوالێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەد شێخ غەریب باســـاکی

٩. مامۆستا ئەحمەد سالح

١٠. مامۆستا شێخ عەزیز محەمەد، ماوەیەك لێپرسراومبوو

١١. مامۆستا سەربەست بابە شێخ

١٢. مامۆستا ئەحمەد مەلا محەمەد

١٣. مامۆستا جەمیل مەحموود

١٤ـ مامۆستا شەفیق حەمە بچکۆل(کە بەخائین دەرچوو لەدوای راپەڕین بەسزای خیانەتیگەیەندرا.)

١٥. هاوڕێ شێخ عەبدول(عەبدولرەحمان غفور)، ماوەیەك لێپرسراومبوو

١٦. هاوڕێ عەلی سالح سلێمان

١٧. هاوڕێ وەستا لەتیف هەورامی.

١٨. هاوڕێ ئیبراهیمی حەمە عەلی

١٩. هاوڕێ ئیبراهیم مەحموود

٢٠. هاوڕێ عوسمانی هەلاج

٢١. هاوڕێ عەبدوڵلا کۆمەڵە

٢٢. هاوڕێ کامەران عەبدوڵلا ئێستا ناسراوە بە(خەباتە سوور)

٢٣. هاوڕێ عەبدولعەزیز عومەر، پێشگرتنم لێپرسراومبوو

٢٤. هاوڕێ هەمزە عەلی دەدە

٢٥. هاوڕێ شێخ ساڵحی شێخ نجم الدینی دوکاندار

٢٦. هاوڕێ سەروەر محەمەد

٢٧. هاوڕێ حەسەن شێخ ئیسماعیل

٢٨. هاوڕێ جەمیلە شێخ مەحمود

٢٩. هاوڕێ پەروین کاکە حەمە

٣٠. هاوڕێ شەوقیە کاکە حەمـــە

٣١. هاوڕێ قادری محافعەزە

٣٢. مامۆستا جەلال غەریب

٣٣. هاوڕێ پەخشان شێخ سالح

٣٤. مامۆستا سەردار حمە ساڵح

٣٥. مامۆستا جەمال ئەمین

٣٦. هاوڕێ سوارە

٣٧. مامۆستا عەلی حاجی محەمەد

٣٨. هاوڕێ ئەحمەد کەریـــــم

٣٩. هاوڕێ ئەحمەد شێخ مەحمود

٤٠. هاوڕێ محیّدین شێخ عەبدولکەریم

٤١. مامۆستا سدیق محەمەد ئەمین

٤٢. مامۆستا ڕەئوف ئەحمەد ئالانی

٤٣. مامۆستا غازی عەبدولکەریم

٤٤. مامۆستا ڕەئوف بێگەرد

٤٥. هاوڕێ حەمەنووری ئەحمەد گەرمیانی

٤٦. مامۆستا حەمەنوری تۆفیق

٤٧- هاوڕێ بەختیار عەبدولرەحمان

٤٨. هاوڕێ تایەر لەتیف

٤٩. هاوڕێ گیلاس محیّدین

٥٠. هاوڕێ لەمیعە کاکە حەمە.

٥١. هاوڕێ کەژاڵ کاکە حەمە.

٥٢. هاوڕێ بەختیار عومەر

٥٣. مامۆستا فەوزی مەلا مەحموود

٥٤. مامۆستا عومەر مستەفا

٥٥. مامۆستا محمد ڕەئوف محەمەد

کونفرانسی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان: -

لە ساڵەکانی(٨٣ و ٨٥) دا، یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دوو کۆنفرانسی بەست. لەو کۆنفرانسانەدا ژمارەیەکی دیاریکراو لە مامۆستاتێکۆشەرەکانی ڕێکخستنی نهێنی ناو شارەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و دهۆك) بەشدارییان تیادا کرد.

*کۆنفرانسی دوو، کە لە سەرەتای مانگی/ شوباتی/ ١٩٨٣ لە بالیسان بەسترا ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە سلێمانیەوە بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کرد، ئەوەی لە بیرم مابن ئەم بەڕێزانە بوون:-

١. مامۆستا محەمەدی مەلا حسین
٢. مامۆستا ئەحمەد ساڵح
٣. مامۆستا شێخ عەزیز محەمەد
٤. مامۆستا فەوزی مەلا مەحمود
٥. مامۆستا عومەر مستەفا
٦. مامۆستا محەمەد ڕەئوف محەمەد ڕەفیق
٧. مامۆستا سوعاد ئەحمەد
٨. مامۆستا وەسفیە بەنی وەیس
٩. مامۆستا شێخ محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی.

* لە کۆنفرانسی سێ، کە لە گوندی سەروچاوەی سماقوڵی لە سەرەتای مانگی/ئەیلول/٨٥ بەسترا..ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە سلێمانیەوە بەشدارییان لە کۆنفرانسەکەدا کرد ئەوەی لە بیرم ماون ئەم بەڕێزانە بوون: -

١. مامۆستا محەمەدی مەلا حسین
٢. مامۆستا شێخ عەزیز محەمەد
٣. مامۆستا ئەحمەد ساڵح
٤. مامۆستا فوزی مەلا مەحمود
٥. مامۆستا عومەر مستەفا
٦. مامۆستا شێخ محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی

* لـه كۆنفرانسـی دوودا، مامۆسـتا دكتـۆر كـەمال خۆشـناو كـە ئـەو كاتـە لێپرسـراوی مەڵبەنـدی سـێ بـوو، ڕۆڵـی بـەر چـاوی بینـی لـە بـەڕێوەبردن و سەركەوتنی كۆنفرانسەكەدا، لە یەكەم ڕۆژەوە تا تەواو بوونی هاوكاری تەواویان كردین.

* لە كۆنفرانسی سێدا، هەڤاڵ كاك كۆسرەت ڕەسول كە ئەو كاتە بەرپرسی مەڵبەندی سێ بوو، ڕۆڵی جوامێرانەی خۆی بینی لە بەڕێوەبردنی كۆنفرانسەكە تا تەواو بوو، هاوكارییەكەی بە ڕادەیەك بوو كە كۆنفرانسەكە بە سەركەوتوویی كۆتایی بە كارەكانی هێنا.

*دوای كۆنفرانسـەكان لیژنـەی پارێزگـای سـلێمانی، بەوپـەڕی چـالاكیەوە كارەكـانی ڕێكخراوەیـی لـە نـاو جـەماوەری مامۆسـتایاندا جێبـەجێ دەكـرد و پەیوەندی بە زۆر مامۆستاوە كرا سەبارەت بە كاركردنیان لە(ی.م.ك) دا.

*لە هـەردوو كۆنفرانسـی(٢-٣) مامۆسـتایان محەمـەدی مـەلا حسـێن و فـەوزی مەلا مەحمود وەكو نوێنەری سلێمانی بە ئەندامی سكرتاریەت هەڵبژێردران.

*مامۆسـتا محەمـەدی مـەلا حسـێن لـە دوای كۆنفرانسـی(٢-٣) وە بـوو بـە بەرپرسی لیژنەی پارێزگای سلێمانی.. تا ساڵی ١٩٩٠.

*مامۆستا شێخ محەمـەد عەبدولكـەریم لـە دوای هـەردوو كۆنفرانسـەكەوە بـوو بە لێپرسراوی ڕێكخستنی لیژنەی ناوچەی سلێمانی تا ساڵی ١٩٩٠.

بەپێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستا محەمەد نوری تۆفیق بكەم، كەهاندەرم بوو بۆ نووسینی ئەم نووسینە.. هیوادارم نموونەیان زۆربێت.

تێبینی: -

أ. داوای لێبوردن، لەو هاوڕێیانە دەكـەم، كـە لـە گـەڵ یەكدا كارمـانكردووە، لـە بەر بیر چوونەوە ناویان نەنووسراوە، یان ئەو هاوڕێیانەی كە تەنها ناوی خۆیـانم نووسیوە و ناوی باوكیانم نەزانیوە.

ب. بۆ نووسینی ئەم بابەتە.. سوودم لەم نووسین و هاوڕێیانە وەرگرتووە: -

١. كتێبی مامە ڕیشە پێشمەرگە پۆلاینەكە.

٢ـ نووسینێکی مامۆستا محەمەدی مەلا حسین کە لە کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

٣. گۆڤاری خەباتی مامۆستا ساڵی/١٩٨٥ سەردەمی شاخ.

٤. کاک ئاراسی شێخ محەمەدی باساکی.

٥. کاک شێخ ساڵحی شێخ نجم الدین.

٦. هاورێ جەمشید(فەریدون).

٧. بەڵگە نامەکانی کاک شێخ جەمال شێخ نوری.

٨. بەڵگە نامەکانی مامۆستا تەها بابان لە کتێبی(عالم الکرد المرعب).

٩ـ کتێبی رەشەبای ژەهرو ئەنفال بەرگی یەکەم

ئەم نووسینە لەکتێبی مەنعەتەجەولی ساڵی ١٩٨٥ دا کە شارەوانی سلێمانی چاپیکردووە بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا شێخ محەمەدو چەند بیرەوەرییەك

لەحەفتاكانــەوە یــەكترمان دەناســی...ئەوەنــدەی شــارەزایبووم پیــاوێكی دڵسـۆزی گـەل و نیشـتمانەكەی بـوو. مامۆسـتایەكی پـەروەردەیی و خـەمخۆری مامۆســتاو خوێنــدكارەكانی بــوو، لــەناو مامۆســتایان وقوتابیاندا بــەڕێزو خۆشەویســتبوو، لــەناو ســلێمانی و ناوچــەكەیاندا، كەســێكی كــاراو خــاوەن كەسایەتی بـوو. رۆڵـی سـەرەكی لـە چارەسـەركردنی كێشـە كۆمەڵایەتییەكانـدا دەبینی. لەناو پیاوانی ئاینیدا رێزی تایبەتی هەبوو. من نەمدەزانی كۆمەڵەیە..

*ســاڵی هەشــتاو دوو لــە نــاوڕیزی رێكخســتنەكانی كۆمەڵــەی رەنجــدەرانی كوردستاندا، ئاڵوگۆڕ لەبەشەكاندا كرا...كاك ئیبراهیمی حەمەعەلی رۆژێ هات بۆ لام بـۆ قەیســەری نــەقیب..بــەو نــاوە نهێنییــەی درابــوو پــێم وەكــو لێپرســراوی بەشــەكە..خـۆی پێناســاندم...هەرهــەمان رۆژ، رۆژو كــات و شــوێنی كۆبوونــەوەی دانــا. رۆژی كۆبوونەوەكــە..لــە هاوڕێكانــدا یــەكێك لەمەوعیدەكــە دە دەقیقــە دواكەوت..كاك برایم وتی ئەو هاوڕێیەمان هیچ كـات دواناكـەوێت..كاتێكمـانزانی ســەركەوت و هەرلــە بەردەرگاكــەوە وتــی دوا كــەوتووم خــوا میــوانی ناوەخــت بگرێـت..داوای لێبوردنتـان لێدەكـەم..هاتـە ژوورەوەو وتـی شـێخ محەمـەد ئـەوە خۆتی و روویكردە مامۆستا سەربەست وتـی بـرا سـێ بـەدووین، كـاك بـرایم وتـی ئەو هاوڕێیەش هەر لەخۆتانە، من تاقانەم لەناوتانا..كە دانیشت وتـی كاكـە من و قـەرزێكی ئێـوە..لـە راسـتیدا مـن لـەو بـاوەڕەدا نـەبووم مامۆسـتا شـێخ محەمـەد ئەندامی كۆمەڵەبێت چەندە رێزی لام بوو ئەوەندەی تر بەڕێزتر بوو لام.

*لەهەموو كۆبوونەوەكاندا مامۆستا لـە ئێمـە باشترو كاراتر راپۆرت و هـەموو كارەكـانی جێبـەجێ دەكـرد..هـەر هاوڕێیـەك كارەكـانی بەباشـی رێـك نەخسـتایە بەتونـدی رەخنـەی لێـدەگرت و دەیـوت لام سـەیرە ئێـوە بـەو گەنجیـەتان كـەم تەرخەمی لە كارەكانتا دەكەن، ئینسان هەركارێكی كەوتـە ئەسـتۆ نابێت تەمـەڵی تیادا بكات و، ئەم كارەی ئێمـەش وەكـو هـیچ كـارێكی ترنییـە..ئەگـەر لـەجێی من بونایە چیتاندەكرد؟

*ڕۆژێ لەماڵی مامۆستا سەربەست لەسەرچنار کۆبوونەوەمان هەبوو، کە مامۆستا هات وتی تسەور دەکەن بەچی هاتبم؟ وتمان غەیر بەتەکسی، وتی بە ماتۆڕ..هاوڕێ برایم بە پێکەنینەوە وتی بە ماتۆڕ چۆن هاتی؟ وتی ئاراسی کوڕم ماتۆری پێبوو لەگەڵ ئەو سوار بووم ئێمە دەستمان کردە پێکەنین وتمان مامۆستا تۆو سواری ماتۆڕیان نەوتووە. وتی چیبکەم فریا نەدەکەوتمو قەرزار ترتان دەبووم..مەبەستم ئەوەیە لەمەوعید دوانەدەکەوتو زۆر پابەندی کات بوو.

*ڕۆژێ لەماڵی مامۆستا کۆبوینەوە..چایان بۆ هێنایین، پاش ماوەیەك قاوەیان بۆ هێنایین..دواجار میوەیان بۆ دانایین، کاك برایم وتی پێشنیاریدەکەم بیکەینە بڕیار..ئیتر هەموو کۆبوونەوەکان لێرە دەکەین. مامۆستا وتی زۆرم پێخۆشەو بەدەعوەتی نیوەڕۆیەکیش قەرزەکەشتان دەدەمەوە.

*بۆ کۆبوونەوەیەکمان لە ماڵی ئێمە..مامۆستا وتی شێخ محەمەد ئەگەر من هاتمو کاکەتم بینی چی بکەم؟ وتم نات بینێ..کەهات بۆ ماڵی ئێمە لەبەردەرگا تووشی کاکەم دەبێت..کاکەم بەحسابی خۆی بۆ ماڵی ئەوان دەچێت، مامۆستا کە لادەدات بۆ ماڵی ئێمە کاکەم پێی دەڵێت قوربان ئەوە ماڵی محەمەدی برامە، پێی دەڵێت بەخوا زۆر باشە هەندێ ئیشی مەکتەبو تەربیەم پێیەتی حەزدەکەم بیبینمو، دواجار دێمە خزمەتتان. هاتە سەرەوە وتی چیم وت وا دەرچوو، تووشی کاکەت بووم ناچار وەعدم دایە دوای ئێرە بچم بۆ لای.

*ڕۆژێ بەیانو بڵاوکراوەی زۆرمان بۆ هاتبوو. دەبوو زوو دابەشبکرێن کاك برایم وتی دەبێت ئەمشەو دابەش بکرێنو نابێت هیچ هاوڕێیەك دوای بخات.

مامۆستا وتی..بۆ دوادەکەوێت، من ئەوەندەی دەیدەمە برادەران ئەوەندەش خۆم دابەشی دەکەم، ئەگەر برادەرانیش وا بکەن ئەوە دواناکەوێتو هەر ئەمشەو تەواو دەبێت.

*لە مەنع تەجەولی سالی هەشتاوپێنج دا..کەزانیم خانووەکەیان رووخاندووەو مامۆستاوخەباتو سۆرانی کوڕیان گرتووە، چووم بۆ لای. بۆی گێرامەوەو وتی..نازانم لەپشکنیندا چییان دۆزییەوە، یەکسەر منو خەباتو سۆرانیان پێچایەوە. بەهەولی منداڵەکان بە شەقازللەیەك منیان بەرداو نەیان بردم. دەوری نیوەڕۆ کۆمەڵێك بە شۆفلەوە بە سەرپەرشتی یاسر هاتن..یاسر وتی هاتووین خانووەکەت دەڕوخێنین، وتی ویستم هەوڵ بدەم نەیڕوخێنن،

یاسر وتی تۆ بەعسیت؟ ئەگەر بەعسیت نایڕوخێنین. وتی منیش پێم وت نەخێر بەعسی نیم و ناشبمە بەعسی، وتی ئیتر دەستیان کرد بەڕووخاندنی خانووەکەمان.

وتی کاکە هەر چەندە خانووەکە ڕەنجی چەند ساڵەمە دەربەست نیم ماڵی دنیا دەبێتەوە بەڵام خەمی کوڕەکانمە...بەورە بەرزیەوە وتی بۆ خەمی ئەوانیش بخۆم..لەسەر دزی و پیاوخراپی نەگیراون...کوردین و دژی بەعسین کوڕی من و خەڵکی تریش دەگرن، میللەت قوربانی دەوێت بەڵام لام سەیرە ئەم حکومەتە بەم سیاسەتە دەیەوێت کورد لەناو بەرێت و شارێکی وەکو سلێمانی خامۆشکات و بیترسێنێ..بەم ڕەفتارانەی خەڵك ڕق ئەستوور دەبێت و زیاتر دژی دەوەستنەوە...

*ساڵانێك بەیەکەوە کارمانکرد..لەو ساڵانەدا ڕۆژ بەڕۆژ ڕێزو خۆشەویستی لە نێوانماندا زیادی دەکرد..ڕۆژێك نەمدی لە ئیش و کاری دوابکەوێت و بەو تەمەنەوە زۆر جیدیبوو ئێمە هەمووجار بەخیلیمان بە لەش سوکی و گورجو گۆڵی ئەودەبرد لەو تەمەنەیدا لەهەڵسو کەوت و کارکردندا لە گەنجێکی خوێن گەرم دەچوو.

لەبەر ئەوەی ئەزموونێکی زۆر باشی لەکارکردندا هەبوو، کەڵکی زۆرمان لە ئامۆژگاریی و وردەکارییەکانی وەردەگرت...هاندەرێکی باشمان بوو بۆ کارو راپەڕاندنی کارەکانمان و ڕێنمایی بەردەوامی دەکردین..زانیاری زۆری دادەنێێ.

لە کۆتایدا دەمەوێت بڵێم..دەبوو..مامۆستا شێخ محەمەد کاتێ کە کۆچی دەکرد، وەکو کادرێکی پێشکەوتووی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی بوایە، پلەشی لە ئەندام مەڵبەند بەرەو ژوورتر بوایە، چونکە بەحەق مەڵبەندی سلێمانی لەبنچینەدا لەسەر دەستی ئەو مامۆستایەو چەند تێکۆشەری تر بەردی بناغەی دانراوە...ئەوە ماوە بڵێم هاوڕێ(ئامۆژگار) ئەو مامۆستا تێکۆشەرو کۆڵنەدەرە بوو، کە لە گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتی(٥٥)پەنجاوپێنج ساڵ بەبێ دابڕان خەباتی لەپێناوی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیداو(٣٣)ساڵ بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەبواری پەروەردەو فێرکردندا خزمەتی بە نەوەکانی گەلەکەی کردو سەربەرزانە ژیاو سەربەرزانە گیانی سپارد بەخاکی نیشتمانەکەی..

سوپاستان دەکەم کە ئەم هەلەتان بۆ رەخساندم لە خزمەتتاندا بە کورتییەکی کورت رۆڵی جوامێری مامۆستا شێخ محەمەد لە چەند بیرەوەریەکدا باس بکەم.

٢٠٠٢/١١/٨

مامۆستا شێخ محەمەدوتەمەنێك بۆ تێكۆشان

ئەو تێكۆشەرەی لە بیستەكاندا چاویهەڵهێناو لەسییەكاندا ئەلف‌و بێی كوردی فێربوو. لە چلەكاندا ڕێبازی كوردایەتی هەڵبژارد. لە پەنجاكاندا كەوتە پەروەردەو فێركردنی منداڵانی كوردو لە شەوی٢/١٠/٢٠٠٢ دڵە گەورە پڕ لەهیواكەی لە لێدان كەوت. ئەوە مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ غەریبی باساكە..كە بە(هاوڕێی ئامۆژگار) ناسرابوو. شانازیە بتوانم كورتەیەكی مێژووی ژیانی ئەو تێكۆشەرە بنووسمەوە، بۆ ئەوەی ڕۆڵی جوامێرانەی ئەو مامۆستا تێكۆشەرو كوردپەروەرەی گەلەكەمان، لای نەوەكانی گەلەكەمان شاراوە نەبێت..

مامۆستا شێخ محەمەد..لە١٩٢٧لە گوندی چەوتان لەگەڵ كۆچ ڕەوی شێخ مەحمودی نەمردا لە دایكبووە. لە١٩٣٤دا لە بەرزنجە دەستی بەخوێندن كردووە لە١٩٤٧دا لە(دار المعلمینی ریفی) لە محامیل وەرگیراوە...لە١٩٤٨دا بەشداری 'ە ڕاپەڕینەكانی(وثبة)دا كردووەو بەو هۆیەوە دەردەكرێ..لە١٩٥٢دا لە بەغدا بەشداری خۆپیشاندانەكانی لەدژی ئینگلیزی كردووە. لە ١٩٥٦دا بۆتە مامۆستاو بۆ یەكەمجار لە گوندی ژاژڵێی ماوەت خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ نەخوێندەوارانی گوندەكە كردۆتەوە.

لە١٩٤٨وە تێكەڵاوی بزوتنەوەی كوردایەتی دەبێت‌و١٩٥٨دا دەبێتە ئەندامێكی چالاكی پارتی دیموكراتی كوردستان. لە ١٩٦٢ دەگیرێت‌و دوای بەربوون بۆ ماوەی چوار ساڵ دوور دەخرێتەوە. دەبێتە بەرپرسی پارتی لە(شامیەو مشەو حەمزەوسماوە)لە ١٩٦٦دا لەگەڵ باڵی مەكتەبی سیاسی درێژە بەخەبات دەدات، تا یەكگرتنەوەی ساڵی ١٩٧٠. لە ١٩٧٤ لەسلێمانی دەمێنێتەوەو سەرپەرشتی ڕێكخستنەكانی ناوچەی سلێمانی پارتی‌و سكرتاریەتی مامۆستایان‌وكرێكاران‌و جوتیاران دەكات..١٩٧٦پەیوەندی بە ریزەكانی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستانەوە دەكات‌و لە خۆپیشاندانەكەی ئەوساڵەدا كۆڕێكی بەناوی(ئاراس) دەگیرێت.. لەڕیزەكانی كۆمەڵەدا..چەند پلە دەبڕێت‌و چەندین كەس بۆناو ریزەكانی كۆمەڵە رادەكێشێت‌و بە بەردەوامی كار

دەكات بەوپەڕی دڵسۆزیو بە پەرۆشییەوە ئەركو كاری ڕێكخستن لە ئەستۆ دەگرێت، پیاوێكی مولتەزیم، مامۆستایەكی پەروەردەیی..بەتواناو ئازاو كارامە بوو، لەرۆژانەی خەباتیدا لە كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستاندا،روبەڕوی ناخۆشیو كارەساتی قورس بۆتەوە..لە رۆژی مەنعی تەجەولەكەی ١٩٨٥/١٠/١٧دا جگە لەوەی خانووەكەی دەڕووخێننو لەبەرامبەری یاسر رادەوەستێتو پێی دەڵێن.(نەخێر من بەعسی نیمو ناشبمە بەعسی)دوو كوڕی یەكێكیان بەناوی مامۆستا خەباتو ئەویتریان بەناوی سۆران بەر شاڵاوی گرتن دەكەونو مامۆستا خەبات لە٨٥/١٠/١٨ بەگوللەبارانكردن شەهیدی دەكەنو سۆران لەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە تالێبوردنی١٩٨٨..لە١٩٨٩/١٢/٢٣جارێكیتر لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە دەگیرێتو رەوانەی ئەمنی هەولێر دەكرێتو پاش ئازارو ئەشكەنجەیەكی زۆر دوای چەند مانگێك بەردەدرێت.

مامۆستا شێخ محەمەد كە لەناو ریزەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستاندا كاریدەكرد، بە(هاوڕێ ئامۆژگار) ناسرابوو..تێكۆشەرێكی خاوەن ئەزموونی ڕێبازی كوردایەتیو پیاوێكی نەفەس درێژو ئازاو بەتواناو خۆڕاگرو دڵسۆزی مەسەلەی رەوای گەلەكەی بوو.

بەبێ ترس لەپێناوی مافی رەوای گەلەكەیدا خەباتیدەكرد...بەو تەمەنە زۆرەیەوە وەكو گەنجێكی خوێن گەرمی زۆر بەتوانا هەڵدەسوڕاو ئەركو كارەكانی بەبێ دواكەوتن ئەنجام دەدا..كوڕوكچوخێزانوكەسوكارەكانی بەبیروباوەڕی كۆمەڵە پەروەردە دەكردو ماڵەكەی تەرخان بوو بۆكاری ڕێكخستنو بەخانەوادەیی خۆیان پێشوازی لە هەموو تێكۆشەرێك دەكرد كە پوویدەكردە ماڵەكەیان.

ئەو پیاوە، ئەو مامۆستایە چونكە تێكۆشەرێكی پاكوكوردپەروەرو دڵسۆزی گەلو نیشتمانەكەیبوو. لەماوەی ژیانیدا لەمەیدانی خەباتی كوردایەتیدا گرتنو ئەشكەنجەو كارەسات..لەورەی نزم نەدەكردەوەو كاری لێنەدەكردو هەمیشە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە كاری دەكردو كوڵی نەدەداو جاری لەدوای جار ئازایانەترو كارامەتر رق ئەستوورتر دەبوو ڕووبەڕووی دوژمن رادەوەستا.

مامۆستا بەهەڵوێستی کوردپەروەرانەی..خۆی لەدڵی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکەیان و سلێمانیدا خۆشەویست کردبوو. ببووە کە سایەتیەکی خاوەن ئەزموون و مامۆستایەکی کۆمەلایەتی و ئایینی و کوردایەتی.

بۆیە گوێیان لێدەگرت و بەقسەیان دەکردو بوو بەپێش سپی و دەم سپی خەڵکی ناوچەکەو لەهەموو کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا بەشداریدەکردو بە ئاسانی کێشەکانی چارەسەر دەکردن..ئەوەندە پەرۆش و دڵسۆز بوو لەبواری پەروەردەو فێرکردن و زانستیدا..لەناو توێژی مامۆستایاندا یەکێکبوو لەمامۆستا خۆشەویست و بەڕێزەکان و دڵسۆزی خوێندکارەکانی بوو.

لەڕاپەڕینە شکۆدارەکەی١٩٩١دا لەگەڵ کوڕو کچ و خێزانەکەی رۆڵی ئازایانەیان لە دروستکردنی شانە چەکدارەکاندا بینی و بەشداری دلێرانەیانکرد.

دوای راپەڕینیش وەکو ئەندامی کۆمیتە لەمەڵبەندی سلێمانی کاریدەکردو دواقۆناغی تێکۆشانی لە مەکتەبی کۆمەڵایەتی تەواوکرد..کە بەداخەوە دوای(٣٣)ساڵ خزمەتی پەروەردەو زانست و فێرکردن و(٥٥)ساڵ خەبات و تێکۆشانی درێژخایەن لە٢/١٠/٢٠٠٢دڵی ئەو تێکۆشەرە گەورەیە لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لە خێزان و کەسوکارو هاوڕێکانی و گەل و نیشتمانەکەی کرد...

*مامۆستا شێخ محەمەد شێخ غەریبی باساکییە لە ٢/١٠/٢٠٠٢بەنەخۆشی کۆچی دوایکرد لەسلێمانی.

دیمانەت بەخێر پەرلەمان...(   )

شـەڕ..خـوێنی مـژین، ڕەچـەڵەکی دەرهێنـاین، لێکـی هەڵوەشـاندین ئێسقانەکانی لەشمانی کرۆشت، سەروسامانی بەهەدەر بردین. خەبات و قوربانی سـاڵەهامانی کـردە دیـاری پێشکەشـی دوژمنانمـانی کـرد. شـەڕ چـی پێنەکردین و چیٚ لێنەکردین. ماڵی وێرانکردین..ڕەنجی چەند ساڵەمانی دا بەدەم خوێنەوە..

ناشیرینی کـردین.. کردینیە ئاردی نـاو دڕک و خواسـت و ئاواتـەکانمانی لـە گۆخسـت..نغـۆری کـردین. مردووەکانمـانی مرانـدەوە، شـەهیدەکانمانی پارچـە پارچەوشپرزە کرد. تواناو تاقەتی شارستانی رووخاندین. فەرهەنگ و کـەلتوورو مێـژوو شـوێنەوارو پـەروەردەو ئـەدەب و رۆشـنبیری و هونـەری قێزەونکـردین. خوێنـدکاری خوێنـدنگاکانمانی چەواشـەکرد. گەنجـەکانمانی رەهەنـدەی هەندەرانکرد..شەڕ دەستی خستە بینەقاقامان، دەیویست بمانخنکێنیٚ..شەڕ پەیوەندییە ئیقلیمیەکانی جیاکردینەوە. دبلۆماسیەتی کوردی بە ئاقاری خراپ و ترسناکدا برد.. دۆستەکانمانی دڵگران و تۆران و ساردکردەوە، دوژمنەکانمانی دڵشـادو راسـتکردەوە. شـەپڕزەی بـڕین. بەرهـەمی خـوێنی شـەهیدانی لێـونکردین..پەرلـەمان. پەرلـەمانتارانی لێـونکردین، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانی کـەرت و پـەرتکردین. دەسـەڵاتە یاسـایی و ئیـداری و سیاسـی و فەرهەنگییـەکانی دابەشـکردین. تیرۆریسـتانی لێـرەو لـەویٚ قـوتکردەوە. هەلپەرست وخۆپەرستی نزیککـردەوە. بازرگانـانی شـەڕ بـەخوێنی شەهیدانمان کۆشـک و تـەلاریان بـەرزکردەوە. سیاسـەتی کوردایـەتی لـە کوردپـەروەری دوورخستەوە. گۆڕستانی شەهیدانمانن سیخناخ و وڕسکرا.

هێـزی پێشمەرگەمانی پارچە پارچە کردو بەگژی یەکیدا کردن و گوللەیان ئاڕاسـتەی سـنگی یـەکتر کـرد.. لوتکـەی شـاخەکانمان، دەشـت و دۆڵ و هـەردەکانمان لێوەرەسبوون و نەفـەرتیان لێکـردین و کانی وکارێزەکانمـان لـێخن هـەزاران منداڵمان بیٚ باوک و هـەزاران ژنمـان بیٚ مێـرد مانـەوە، هێـزە سیاسیە

رەسەنە کوردییەکانی لەیەکدوور خستەوە، چەند هێزی نامۆ بەکوردو خاکی کوردستان خڕ کردەوە. پیاوانی رژێمو دوژمنانی گەلەکەمانی دەستگرتو لەناو ریزەکانی کوردایەتیدا جێکردەوە.

شەڕ ئەو پەرلەمانەی لەئەنجامی خوێنی شەهیدانو ئەنفالکراوانو کیمیابارانکراوانو زیندەبەچاڵکراوانو قارەمانانی زیندان، لەسێدارە دراوانمان هاتە بەرهەم، لێی شاردینەوە..شەڕ ئەنفالو کیمیابارانو سووتماککردنی کوردستانو تەرحیلو تەبعیسو تەهجیری بیربردینەوە. ئازادی مافی مرۆڤ دیموکراتی، پێشکەوتنخوازیو شارستانی بەتوندوتیژیو رقو رقلێبوونەوەی گۆڕینەوە. شەڕ بازاڕو بازرگانی شارەکانی یچەواشەکرد، دراوەکانی ناو کوردستانی بەرزو نزمکرد، هەمو توانای ئابووریمانی بۆ کڕینی چەكو تەقەمەنی راکێشا، فێری درۆو فێڵودزیو سەنگەر سەنگەرێنەو بەدرەوشتیو داوێن پیسی کردین. شەهیدەکانمانی بیر بردینەوە. منداڵو خێزانەکانیانمان پشتگوێ خست..پارتیو یەکێتی لەیەکدوور خستەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردینە دوو حکومەت..پەرلەمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەمان بێبەریکرد..نەفرەت لەشەڕو شەڕخوازان...پەرلەمان دیمانەت بەخێر.بەدیدارت ماڵەکانمان دڵی هەمووما‌نت رووناککردەوە...یەکێتیوپارتیت یەکخستەوە.

مام جەلالوکاك مەسعودت گەشکردەوە گەلەکەمانت شادکردەوە، خیتابی سیاسی کوردت یەکخستەوە...دەستکەوتیو بنووی ساڵەهامان پێی شادبووینەوە. پەرلەمان دیمانەت بەخێر..پەرلەمانبە، پەرلەمانی یەکگرتووی کوردستانبە، چقڵی چاوی دوژمنانبە. وا لەگەڵ خۆتا دۆستی دێرینی کوردو خەمخوری پەرلەمانو مافەکانی گەلی کوردت هێناوە.. خاتوو دانیال میترانت هێناوەتەوە...بەخێربێی دانیال بەخێر بێی بۆ پەرلەمانی کوردستان... پەرلەمان دەبا ئیتر لەهۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە بڕیاری چارەی خۆنووسینو هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانێکی ترو فیدراڵیو سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێت.. دەبا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانەوە دوژمنانمان تێبگەن، ناتوانن بە رێگای تیرۆرو سەرکوتکردنو پیلانگێڕی لەناومان بەرن، دەبا لەهۆڵی کۆبوونەکانتەوە، دۆستەکانمان خۆشحاڵو دوژمنەکانمان بێزار بکەین. دەبا لەهۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە. توانا داراییو ئیداریو سیاسییەکانمان

یەکبخەینەوەو کوردستانی پێ ئاوەدان بکەینەوەو، ژێرخانی ئابووری کوردستانی پێببوژێنینەوەو گەلەکەمانی لێ فەراهەم بکەین. دەبا لە هۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە، بڕیاری تەحریم کردنی شەڕ بدرێت و شەڕوشەڕەنگێزی وازی لێبهێنرێت، دەبا لەهۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە..بڕیاری بووژاندنەوەی زمان و ئەدەب و رووناکبیری و هونەرو مێژوویی کوردبدرێت و، کتێبخانەی کوردی بە بەرهەمی زانستی و فەرهەنگی و ئەدەبی و مێژوویی پڕبکرێتەوە. دەبا لەهۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە، خیتابی سیاسی کورد یەکبخرێتەوە، پەرلەمان دیمانەت بەخێر..بەخێربێیتەوە..بەتۆوە گشت کەناڵەکانی راگەیاندنەکان جوانن. بەتۆوە دەنگ و باسەکان خۆش و وشەکان رەوانن. بەتۆوە کەناڵەکانی دنیا سەرقاڵن.

پەرلەمان...بەنەوازشەوە...بەناوی هەموو منداڵ و ژن و پیاوی کوردەوە، بەناوی گەلی کوردستانەوە، دەست بەسنگەوە بگرەو زۆر بەگەرمی پێشوازی و بەخێرهاتنەوەی دۆستی دڵسۆزی دێرینمان خاتوو دانیال میتران بکە. پێی بڵێی بەخێر بێیت بۆ پەرلەمانی بەخێربێیت بۆ کوردستان...بەخێربێیت گوڵی بەشەوق و بۆنخۆشی دایکی گەورەو خۆشەویستمان. هۆڵی پەرلەمانت پرشنگدار کرد، بەخێربێیت هاتوویت لەنێوانی مام جەلال وکاک مەسعودو لەناو پەرلەمانی کوردستاندا دابنیشێت و، هاتوویت وتاری یەکگرتنەوەی پەرلەمان و دۆستایەتی و دڵسۆزیت لە پەرلەمانی کوردستانداو، بۆ خەڵکی کوردستان بخوێنیتەوە. بەخێر بێیت دایکە بەسۆزەکەی کورد.

خۆشەویستەکەی خەڵکی کوردستان. بەخێربێیت دایکی تەنگانەمان و رێنیشاندەری رۆژانی شەڕو ئاشتیمان..هاتوویت مژدە بەخەڵکی کوردستان و دۆستەکانی کورد بدەیت، کە لەپەرلەمانی کوردستان کەوتەوە کۆبوونەوەکانی، بەگوێی دوژمنانمانیدا بدەیت، کە خەیاڵیان خاوە کورد دایك و دۆستی دڵسۆزی وەکو تۆی هەیت، قەلاچۆ ناکرێت و لەناو ناچێت، بەخێربێیت..ژنە گەورەو مەزنەکەی فەرەنساو هاوسەری میتەرانی دۆستی کورد. پەرلەمان و هۆڵی پەرلەمانت رۆشنکردەوە. کوردستان و خەڵکی کوردستان مژدە بەخشکرد..بەخێرهاتنت دەکەین لەزاخۆوە تا خانەقین دەستەونەزەر لە ئاستی بەرزی مەزنیت دەست بەسنگەوە دەگرین و رادەوەستین. دیمانەتان بەخێر

پەرلەمان و خاتوو دانیال میتران. دیمانەتان بەخێر. پەرلەمان بەوردی گوێ بۆ ئامۆژگاری دۆستانەی میوانەکەتان بگرن.

لەهۆڵی کۆبوونەوەکانتەوە. لەم بارودۆخەی ئێستای دنیادا کە بڕیاری گۆڕانکاری لەسەر دەسەڵاتداری عێراق و ناوچەکەدا هەیە. دەبێ چارەنووسی گەلەکەمان و دوارۆژی لەسەر دەستی پەرلەمانەوە دەسە بەربکرێت، دەبا لەهۆڵی پەرلەمانەوە، بەختیاریی سیاسی یەکگرتووی کورد. هەڕەشەی دوژمنان و پیلاننیان پووچەڵبکرێتەوە... پەرلەمان. کورد چاوی لەتۆبڕیوە. چاوەڕوانی بڕیارەکانتە... دیمانەت بەخێر پەرلەمان

میهرەجانی مەولەوی‌وکۆنگرەی هەورامانناسی‌و هاوئاهەنگی رۆشنبیران

زۆر دەمێکە رۆشنبیری کورد. لەکوردستانی ئێران‌و کوردستانی عیراق‌و تامەزرۆی ئەوەبوون. بەیەکەوە راوبۆچوونەکانیان لەسەر رەوتی رۆشنبیری کوردی تاوتوێی بکەن

لەرۆژانی(٢٥/٢٦/٢٧/٤/٢٠٠٢)دا وەزارەتی رۆشنبیری بۆیادوبیرەوەری شاعیری پایەبەرزی کورد مەولەوی مەزن. میهرەجانی مەولەوی لەشاری سلێمانی ساز کرد...بۆ میهرەجانە کە، کۆمەڵێ لەرۆشنبیرانی کوردی کوردستانی ئیران‌و بانگهێشت کرابوون. رۆژی ٤/٢٤ وەفدی رۆشنبیریەکەی کوردستانی ئێران گەیشتینە سنووری هەرێمی کوردستان‌و پێشوازی گەرمیان لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری‌و لیژنەی باڵای میهرەجانەوە لێکرا، هاتن‌و گەیشتنی وەفدەکە لەکات‌و رۆژی خۆیدا بۆ بەشداری میهرەجانەکە ئاسۆگەیەکی گەشی نیشاندا، لەوپەیوەندییەی نیوان کۆماری ئیسلامی ئێران‌و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، تێکەڵاوبوون‌و باوەش بەیەکدا کردنی رۆشنبیرانی کوردی ئێران بەرۆشنبیرانی کوردی شارۆشارۆچکەکانی کوردستان ئەو رۆشنبیرە کوردانەی لەبەغداوە هاتبوو دەستپێکردنێکی نوێ‌و هیوای نوێ‌و دوارۆژێکی رۆشنی هێنایە کایە... ئالوگۆڕکردنی بیروراو مەسەلە هەنووکەییەکان رۆشنبیری کوردی ئومێدێکی گەورەی دروست کرد. دوای تەواو بوونی میهرەجانەکە مژدەی کۆنگرەیەك درا بەناوی کۆنگرەی هەورامانناسی لەشاری سنە.. رۆژانی ٩/٨/٧ کۆنگرەکە دەستی پێکردو بۆئەم کۆنگرە یەش، ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیرانی کوردی ئێران لەهەمووشارەکانەوە بانگهێشت کرابوون وەفدی وەزارەتی رۆشنبیری بانگهێشت کرابوون..وەفدی وەزارەتی رۆشنبیری رۆژی ٩/٦ گەیشتە سەیرانگای دڵگیری زرێباری مەریوان‌و لەشاری سنەی رازاوەدا بەدیداری رۆشنبیرانی کوردستانی ئێران شادبوون.

سێ ڕۆژ لەسلێمانیو سێ ڕۆژ لەسنە کەرنەفالی یەکترناسینو یەکتربینینەوەوبیرو ڕاگۆڕینەوەیەکی ئەوتۆ بوو. کە لەمێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا لاپەڕەیەکی پرشنگداری داگیرکرد، من لای خۆمەوە ئەوەندە بەوتێکەڵاو بوونە دڵخۆش بووم وام دەزانی سنوور لەنێوانی هەردووپارچەکەی کوردستاندا نەماوە و بووینەتەیەکپارچە. کەدەمدی مامۆستا ئەیوبو مەهابادیو مامۆستا کەریم زەندی سلێمانی بەکلێتەکانیانەوە لەهۆڵەکەدان دادەنیشنو کەدەمدی پرۆفیسۆر د.عیزەدینو د.عەلی لەسەریەك مێزو شانۆ دادەنیشن، کۆڕەکە بەڕێوەدەبەنو کەدەمبیست وتەی مامۆستای پایە بەرز مەلا عەبدولکریم مدرس، لەجیاتی خۆی مژدانە دەنێرێ بۆ میهرەجانو کۆنگرەکان ئەوندەیتر ئاهم پیادادەهاتەوە. کاتی پارێزگای سنە لە تەلاری پارێزگا لەگەڵ وەفدی وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆدەبووەو بەوردی گوێی لەراوبۆچونەکان دەگرت، کاتێ دەمبینی ڕۆژی یەکەمی میهرەجان هەموو وەفدی میوانی ڕۆشنبیران سەرشاتەی مەزاری مەولەوی بەسەردەکەنەوەو کەرنەڤالی کردنەوەی مەزارەکە بەڕێوەدەبەنو کاتێ دەمبینی لەدوا ڕۆژی گۆنگرە پانۆرامای کاروانی ئوتۆمبیلی پڕ لە ڕۆشنبیران لەسنەوە بەرەو هەورامانی تەختو مەزاری شاعیری پایە بەرزی کوردبێسارانی دەکەینەوە، لە ڕێورەسمێکی پڕشکۆدا کردنەوەی مەزاری پیرۆزی بێسارانی دەکەنەوە، کاتێ دەمبینی لەپێشوازیدا لەسەر ئاوی باشماخ کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرەسمیو ئەوپەڕی خۆشحاڵیەوە میوانداری وەفدی وەزارەتی ڕۆشنبیریو حکومەتی هەرێم دەکەنو، هەنگاوهەنگاو دەستیان دەگرێت، کاتێ دەمبینی لەگەڕانەوەی وەفدەکەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ڕۆشنبیرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەو پەڕی ڕێزوشکۆداریەوە، خواحافیزی لەوەفدەکە دەکەنو دیاری پێشکەش بە هەریەك لەئەندامانی وەفدەکە دەکەن، ئا ئەمانە هەر هەمووی ئاواتەکانمی سەوزکردنەوە.

چاوپێکەوتن:

پ:ئێوە وەك بەشداربوویەکی پێشانگای یەکەمی جیهانی کتێب پێشنیازتان چییە بۆ ئایندەو پێشانگاکە چۆن دەبینن؟

پێشانگای یەکەمی جیهانی کتێبو هەموو پێشانگایەکی تر کراونەتەوەو دەکرێنەوە جووڵانەوەیەکی باشی دنیای کتێبو رووناکبیرییە....ئەم جۆرە پێشانگایانە، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ ئەمڕۆی کوردستانو حکومەتی هەرێم، لەلایەن حکومەتێکی وەکو کۆماری ئیسلامییەوە، ئەنجام دەدرێت.

کوردستانورووناکبیرانی کورد، لەبەر ئەوەی تا ئێستا رێگایەکی رەسمی بۆ هێنانی کتێبو ناردنەدەرەوەی چاپکراوەکان نییە..بەدەگمەن چاپکراوی وڵاتانی دنیا دەگەنە ناو کوردستانو چاپکراوی ناو کوردستانیش تاكوتەرا دەگەیەنرێتە دەرەوە. بۆیە ئەمجۆرە پێشانگایانە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردی لەلایەكو رووناکبیری کورد بەچاپکراوی نوێ جیهانی ئاشنا دەبێت، خۆزگا وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی ئێرانو تورکیا..رێگایان دەدا. کەئێمەش ساڵانە لەوڵاتەکانیاندا پێشانگای کتێبی کوردیمان بکردایەتەوە.

پێشانگاکە کەموکوڕی زۆری هەبوو، ناکرێت لەوەڵامی پرسیارێکدا تۆماربکرێت. پێشنیارم بۆ ئاینده بۆ وەزارەتی رۆشنبیریو کتێبخانەی گشتی سلێمانی ئەوەیە تەنها ئەرکیان ئەوە نەبێت پێشانگا بکرێتەوە.بەڵکە پێویستە کە هەر وڵاتولایەنێك داوای ئەوە دەکات لە کوردستاندا پێشانگا بکاتەوە... بەرنامەیان هەبێت...مەرج هەبێت...بەرنامەکە چۆنێتی کردنەوەی پێشانگاکەو ماوەکەیی و کاتەکانیو شێوەی بەڕێوەبردنی مەرجەکانیش..دانانی نرخی کتێبەکانو رێژەی داشکاندن جۆری هێنانی کتێبەکان ئەو، کتێبانەی وەزارەتی رۆشنبیری دەیەوێت بیانکڕێت حیسابێکی تایبەتیان لەنرخەکەیدا بۆبکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت هەموو کتێبخانەکانو ئەودەزگایانەی کە پێویستیان بەکتێبە، بەئاسانی کتێبەکانیان بۆ دابینبکرێت...بۆ ئەمەش لیژنەیەکی شارەزا لەوەزارەتو ئەولایەنەی دەیەوێت پێشانگاکە بکاتەوە، نرخی کتێبەکانو رێژەی

کەمکردنەوە دابنێت. سەبارەت بەپرسیاری دووەمیان، وەکو لەوەلامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بۆکردووە، کردنەوەی پێشانگاکە خۆی لەخۆیدا گواستنەوەی زانستو رۆشنبیریو شارستانیەتە لەولاتانی دەرەوە بۆ ولاتێکی ئابلوقەدراوی وەکو کوردستان...بەشێوەیەکی گشتی ئاستی پێشانگاکان لەرووی بابەتی کتێبەکانەوە زۆر باشبوون...بەرای من ئەم پێشانگای یەکەمی جیهانی کتێبە...لەدانانی نرخەکاندا فێل لەوەزارەتو رۆشنبیری کورد کرابوو. کە نەدەبوو وابوایەو بەرای من ئەوە یەکێکە لەکەمو کورییەکانی پێشانگاکە. وەکو هەستم پێکردوە. زۆربەی رۆشنبیری کوردی گلەییان لەنرخەکان هەبوو..ئێمە حەزدەکەین ئەو پێشانگایانە بۆ ئەوەبکرێتەوە کەخزمەتی باشی خوێنەرورۆشنبیری کوردبکات. نەك بۆمەبەستی بازرگانی کردن بێت..وەکو من بزانم لەم جارەوە وەزارەتی رۆشنبیری ئەزمونێکی باشی وەرگرتووە بۆ داهاتوو. هیوادارم لەمەودوا بەبەرنامە پێشانگا بکرێتەوە، کردنەوەی پێشانگا بۆ پێشانگا کردنەوە نەبێتو بەس.

بۆ دەستەی ڕێزلێنانی نووسەران وهونەرمەندان

لەوەزارەتی رۆشنبیری

بەپێی بڕیاری ژمارە(٨٦)ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەرۆژی٢٠٠٢/١٢/٢١سەبارەت بە ڕێزلێنانی نووسەران و هونەرمەندان:

١. یەکێتی نووسەرانی کورد بەنوسراوێکەوە لیستێکیان بەناو نووسەران ئاراستەی دەستەکەتان کرد لەو لیستەدا ناوی من تۆمار کرابوو.

٢. جارێکی تر لەسەر داوای دەستەکەتان یەکێتی نووسەران فۆرمێکیان بەسەر نوسەراندا دابەشکردو، منیش ئەو فۆرمەم بەپێی خاڵەکان پڕکردەوە..کۆمەڵی نوسین و شیعرم وەکو بەڵگەی نوسین هاوپێچ کردو ناردمەوە بۆ یەکێتی نوسەران.

٣. ئەو فۆرم‌ونوسینانە لەلایەن یەکێتی نوسەرانەوە جارێکی تر پێشکەش بەدەستەکەتان کرا.

٤. کاتێ دەستەکەتان کەوتنە شەن‌وکەو کردنی نوسەران...ناوی(من)بەڕەوا نەزانراوە بخرێتە لیستی ڕێزلێنانەکەوە.

٥. لەساڵی ١٩٧١ەوە ئەندامی دەستەی یەکێتی نوسەرانی کوردم.

٦. ئەم نوسەرە بەڕێزانەش لەنزیکەوە ئاگاداری نوسینەکانمن و لەهەر کەسێکیان پرسیار بکرێ یەکسەر ئەو حەقەم دەدەنێ، ئەو بەڕیزانەش ئەمانەن:(د.عیزەدین مستەفا، د.کاوس قەفتان، د.ئیحسان فوئاد، مستەفا ساڵح کەریم، جیهان عومەر، حەمەنوری تۆفیق، رەئوف بێگەرد، شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، سەلام مەنمی، فوئاد قەرەداغی، عەبدولکەریم شێخانی، دەیانی تر...)

٧. من نازانم لەسەر چ بنەمایەك دەستەکەتان نووسەرانیان هەڵسەنگاندوە بەڵام لەسەر هەر بنەمایەك بێت(ناحەقی بەرامبەرم کراوە)، ناڕەزاییم لەسەر هەڵسەنگاندنەکەتان هەیەو داوای مافی خۆم دەکەم، کەوەکو نوسەرێك ئەو

بڕیاری ڕێزلێنانـه بمگرێتـەوه کەلـەپێش سـالأنی ۱۹۷۰وه مـن دەنوسـمو بـەبێ دابڕان له سالّی ۱۹۷۰وه نوسینم لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاّوکرۆتـەوەو لەچەند رۆژنامـەو گۆڤارێکـدا کـارم کـردوه ئـەوەی بـۆ من سـەربەرزییه ئەوەیـه کـەرۆژێ لـەرۆژان یـەك وشـەم بـۆ بـەعس نەنووسـیو، بۆیـه داوا دەکـەم کـه دەسـتەکەتان بەشـەن و کەوەکەتانـدا بچـێتەوه. مـافی نوسـەران پێشـێل نـەکرێت لەگـەڵیا مـافی منـیش...ئەگـەر هۆیـەکتان لا بەرجەسـتە بـووە..ئـەو هۆیـەم بـۆ ڕوونبکرێتـەوه چاوەڕوانی بڕیاری گونجاوی دەستەکەتانم.

لەگەڵ ڕێزدا

۲۰۰۳/٦/۳

تێبینی:

لەسالّەکانی ۱۹۷۰ وه بەناوی محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی نووسینەکانم بلاّودەکردەوه.

وێنەیەك بۆ/یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بۆ ئاگاداریتـان– وه راتـان سـەبارەت بەنارەزاییەکەم بۆ دەستەی ڕێزلێنان لەگەڵ ڕێزدا.

بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد صالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری/سەرۆکی دەستەی ڕێزلێنانی نووسەران و هونەرمەندان

بەڕێز دەستەی هەڵسەنگاندنی نووسەران و هونەرمەندان

بەڕێز یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی

نارەزایی(اعتراض)

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی ڕێزگرتن لەنووسەران و هونەرمەندانی کورد ڕۆژی ۲۰۰۲/۱۲/۲۱ بڕیاری ژمارە(۸٦)ی دەرکرد سەبارەت بەهەڵسەنگاندنی دەستەکەو تۆمار نەکردنی ناوەکەم نارەزاییم لەکارەکە هەیە بەچەند خاڵێك شێوەی نارەزاییەکەم ڕووندەکەمەوە.

یەکەم: وەکو ئاگاداریان کردم یەکێتی نووسەرانی کورد لیستێکیان بەناوی ئەو نووسەرانەی حەقی ئەو ڕێزلێنانەیان هەیە، ناردووە بۆ دەستەکەتان و لەناویاندا ناوی منیش وەکو نووسەرێك تۆمارکراوە.

دووەم: لەسەر داوای دەستەکەتان(ی.ن.ك) فۆرمێکی بەسەر نووسەراندا دابەشکرد، فۆرمەکەم پڕکردەوەو چەند نووسینێکم لەو نووسینانەی دەستم کەوتن، هاوپێچی فۆرمەکەم کردو پێشکەش(ی.ن.ك)م کردەوە. بە ئامادەبوونی خۆم لەژووری وەزیر لیستی ناوەکان و فۆرمەکان پێشکەشی وەزیرکرا.

سێیەم: لەساڵی ۱۹۵۹وە شیعرونووسین دەنوسم و یەکەم شعرم بەناونیشانی (ڕۆژێ لەرۆژان)بەناوی(م.گۆخڵ)لەرۆژنامەی پیشکەوتندا بلاوکرایەوە، لەوکاتەوە بەبەردەوامی نووسیومە تا ساڵی ۱۹۷٤ وەدەستپێکردنەوەی شۆڕشی کورد کەبەبۆنەی ئەوەی بوومە پێشمەرگە نووسینەکانم لەچەند دەفتەرێکدا کۆکرابوونەوە لەگوندەکەمان بوو کاتی سوپای داگیرکەری عێراق چەند جار هێرشی بۆ گوندەکەو ناوچەکە کرد ئەو دەفتەرانەم لەناوچوون.

چوارەم: لەساڵی ۱۹٦۸ەوە بەبۆنەی ئەوەی لەزانکۆی بەغدا وەرگیرام چوومەتە بەغداو تاکۆتایی ساڵی ۱۹۷۳ لەبەغداو بووم ئەو ساڵانە بەبەردەوامی شیعرونووسینم لەرۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاودەکردەوە، لەچەند

ڕۆژنامەو گۆڤارێکیشدا کارم کردووە، یەکەم بەرهەمم لەگۆڤاری(نۆبەرە)ی کۆلێژی ئاداب لە ١٩٧٠دا بەناونیشانی (نەورۆزی ئەهریمەن تەزێن)بڵاوکرایەوەو کە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بووم.

پێنجەم: ساڵانی ١٩٧٤ بۆ ١٩٧٥ کە پێشمەرگە بووم بەبەردەوامی شتم دەنووسی لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٥ چوومە پارێزگای کوت وەك ئاوارەو دەرکراوێك لەکوردستان تا ساڵی ١٩٨٠ ئەو ساڵانەش بەبەردەوامی شعرونووسینم هەبووە بەلام زۆربەکەمی شتم بڵاو کردۆتەوە ساڵانی ١٩٨٠بۆ ١٩٩٠ بەبەردەوامی لەسلێمانی شعرونووسینم دەنووسی بەلام لەبەرئەوەی لەهەموو کردارو سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس قارس بووم نووسینم نەدەنارد بۆ ڕۆژنامە روو ڕەشەکانی(ئاسۆ، بزاڤ) وەکو هەندی نووسەر نووسینم بۆ (بابە سەدام) نەنووسیوەو قەتیش وتارەکانیم وەرنەگێڕاوە بۆ کوردی، وەکو هەندێ نووسەر بەشانازییەوە دەیانکرد خۆم بەسەربەرز دەزانم لەژیانمدا کۆپلەیەکم بۆ دوژمن نەنووسیوە.

شەشەم: لەساڵی ١٩٧١ەوە ئەندامی(یەکێتی نووسەرانی کورد)م.

حەوتەم: دڵنیام کە ئەم نووسەرە بەڕێزانە ئاگاداری نووسینەکانی منن ولەهەر یەکێکیان پرسیار بکرێت بەبێ ڕامان پشتگیریم دەکەن و هەقم دەدەنێ، ئەو نووسەرە بەڕێزانەش ئەمانەن(د.عیزەدین مستەفا، د.کاوس قەفتان، د.ئیحسان فوئاد، مستەفا ساڵح کەریم، جیهان عومەر، حەمەنوری تۆفیق، ڕەئوف بێگەرد، شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، عەبدولکەریم شێخانی، دەیانی تریش...)

هەشتەم: کاتێ دەستەکەتان کەوتە شەن و کەو کردنی نووسەران بەووردەکاریتان بەحسابی خۆتان لەبێژنگتان دان و نووسەرانتان ناونووس کرد، ناوی من لەو شەن و کەوەتاندا، لەلیستەکە (چن)کراوە. من نازانم لەسەر چ سیستەموبنەمایەك کارتان کردوە بەلام لەلیستی ناوەکاندا ناوی سەیرو سەمەرە بەرچاو دەکەون دیارە لەبواری نووسین و ئەدەبیشدا ماستاوکردن و واستەونزیکی و دەعوەتکردن دەوری کاریگەر دەبینێت، کەسانێك هەن ناویان نەنووسراوە نووسەری کۆن و دیارن هەشە نووسراوە نەتەمەنی ژیان و نەتەمەنی نووسینیان ناگاتەو ئەو ڕێزلێنانە. بەڕای من هەردوو دیاردەکە سووکایەتیکردنە بەهەقی نووسەرونووسەران و مێژووی

ئـەدەبی و رۆشـنبیری کـوردی کـراوە، دەسـتتان خـۆش بـێ دەسـتەی شـەن و کەوکردن.!!

نۆیـەم:کاتـێ دەسـتەکان چـەند کۆبوونەوەیـەکی کـردو ناوەکـانی هەڵبـژارد. ئاگادار کرام کەناوی منی تیادا نییە. منـیش قسـەم لەگـەڵ وەزیروحـاکم قوبـاد دا کردو وتیان نابێت تیا نەبێت و ئەگە رتیانەبێت لەکۆبونەوەی داهاتووماندا قسەی لێ دەکەین و چارەسەری دەکەین.

دەیەم: بڕیارێکی وا گرنگی حکومەت، لام سەیرە ژێر بەژێر بەنهێنی کاری بـۆ بکرێ...دەبوو وەزیری رۆشنبیری بەئەندامانی دەستەکەی رابگەیاندایە کە پـێش ئـــەوەی ناوەکـــان بکرێنـــە بڕیـــار لەرۆژنامـــەو کەناڵـــەکانی راگەیاندنەکانـــدا بڵاوبکرایەتـەوە، بەمەبەسـتی ئـەوەی(کـێ رەخنـەو نـاڕەزایی و کەموکوڕییـەك) لەناوەکاندا بەدی دەکات بۆ دەستەکەی بنووسێت، یان کێ بیرچووەو نەنوسراوە بیریـان بخرێتـەوە دوای دراسـەکردنی رەخنـەو کەموکوڕییـەکان. ئینجـا نـاوە پاڵێوراوەکـان بکرانایەتـە بڕیـارو لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـوو وێنـەیان بدایەتـە(ی.ن.ك)و(ی.هـ.ك) بۆ راو سەرنجیان لەسەر ناوەکان.

یانزەهـــەم: مـــن داوا دەکـــەم لـــەوەزیری رۆشنبیری‌ودەســـتەکەو(ی.ن.ك) کەرەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١. ئەو(٩٣)ناوەی نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەدوو نووسراو..بەناوو پسـپۆڕی و کـۆی سـاڵانی خزمـەتی و بـڕی هاوکارییەکـەی و مێـژووی تەمـەنیان بـەپێی ناسـنامەی شارسـتانی لەرۆژنامـەدا بڵاوبکرێتـەوە بـۆ ئـەوەی هـەموو نووسەران بزانن ئەو نووسەرانە کێن.

٢. داوای فـۆرم و ئـەو نووسـینانەم بکـەن کـەوەکو بەڵگەنامـە هاوپێچـی فۆرمەکەم کردوە.

٣. راو سەرنجی(ی.ن.ك) لەو بارەیەوە بەهەند وەربگرێت.

٤. ئـەو کەسـانەی کەشایسـتەی ئـەو رێـزەنین کـە نەتەمـەنی ژیانیـان و نەتەمەنی نووسینیان ناگاتە(خاڵی سێیەمی) بڕیارەکە، لەلیستەکە دەربهێنـرێن و زیادەکەشیان لێوەربگرێتەوە یان ئەوکەسانەشی کەلەبەر هەر هۆیەك وەلا خراون ناویان بخرێتە لیستەکەوەو حەقەکەی خۆیان بدرێتێ.

لەبەر هەر هۆیەك ناوی من(چز) كراوە بۆم روونبكرێتەوەو بەڵگەی مەنتیقم بدرێتێ چونكە بەراشكاوی دەڵێم(ناڕازیم)لەوەی كە حەقم پێشێل كراوە بەمافی خۆمی دەزانم كەداوای حەقی خۆم بكەم.

چاوەڕوانی وەڵاموبڕیاری حەقانیمو ئەگەر ئەو حەقە لەلایەن سەرۆكی دەستەكەو دەستەكەتانەوە پشتگوی بخرێت ناچار دەبم ناوی ئەوكەسانەی بەناحەقیو لەسەر بنەمایەكی نادروست خزێنراونەتە ناو لیستەكەوە لە رۆژنامەكاندا بڵاویان بكەمەوەو لەسەر هەر یەكەشیان ئەو زانیاریانەی لامە بیان نووسم.

لەمافی خۆم ونووسەرانیش بێدەنگ نابم

دوای نووسینی یاداشتێکی (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) وپێشکەشکردنی بەبەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و، بەهەند وەرگرتنی یاداشتەکەو وتووێژوقسەکردن لەگەڵ چەند نووسەرو رۆشنبیرێکدا..٢٠٠٢/١٢/٢١سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە(٨٦)ی بۆ رێزلێنانی نووسەران و هونەرمەندان دەرکرد. بڕیارەکە لە پانزە مادەدا کۆکراوەتەوەو بە پاشکۆیەك هۆیەکانی دەرچوونی بڕیارەکە بەم شێوەیە نووسراوە، (لە چوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ رێز لێنان لەکۆشش وداهێنانی ئەو نووسەرو هونەرمەندانەی کە بەشێکی بەرچاوی تەمەنیان لە پێناوی خزمەتکردنی بوارەکانی ئەدەب و هونەرو زانستە مرۆی وسروشتیەکان تەرخانکردبوو..بەمەبەستی پێزلێنان و دابینکردنی گوزەرانێکی شایستە بۆ خۆیان و کەس و کاریان ئەم بڕیارەمان دەرکرد).

دیارە دەمێکە نووسەران و هونەرمەندان چاوەڕوانی بڕیارێکی لەم جۆرە دەکەن. دوای(١١)ساڵ بەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەبڕیارێکی وا رێز لە خاوەن قەڵەم و بەهرەکان دەگرێت، دەسکەوتێکی گرنگ و پڕبایەخەو، دەلالاتی زۆری هەیە، کە لەسایەی حکومەتی هەرێمدا، هەنگاوی وا بنرێت.

سەبارەت..بەو بڕیارە بەڕای من دەکرا دامەزراندنی سندووقەکە لە وەزارەتی رۆشنبیری بوایە..بەڵام باشتر وابوو، سەرۆکی ئەو لیژنەیەو ئەندامانی لیژنەکەو سکرتێری لیژنەکە، لەیەکێتی نووسەرانی کورد و(یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) و ئەندامێتی چەند نووسەرو هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونی هەموو شارەکانی کوردستان، لەهەردوو یەکێتییەکەو چەند کەسێکی تری شارەزاو بەتەمەنی هەردوو بوارەکە پێکبهاتایە.

بەهەر حاڵ.. لەخاڵی(١)بەندی دووەمی بڕیارەکە دامەزراندنی سندووقەکەو، چۆنێتی پێکهێنانی(دەستەکە)دیاریکراوە، بەسەرۆکایەتی وەزیری رۆشنبیریی ئەندامێتی نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووریی و نوێنەری هەردوو(ی.ن.ك)و(ی.هـ.ك)و ژمارەیەك ئەندامی تر کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دیاری بکرێت.

لەبڕگـەی(د) خـاڵی(٣)ی بەنـدی دووی بڕیارەکـەدا نووسـراوە(هەڵسـەنگاندنی ئـەو داواکاریانـەی پێشـکەش بەدەسـتەی سەرپەرشـتیاری دەکـرێن بەمەبەسـتی پاڵاوتنیان بۆ ڕێزلێنان بەپێی ئەم بڕیارەبەڕاوێژکردن لەگەڵ لیژنەیـەکی پسـپۆڕو شارەزا لەبواری نووسینوهونەر کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانـەوە دەستنیشان دەکرێت).

لەبڕگـەی (هـ)لـەخاڵی(٣)ی بەنـدی دووی بڕیارەکـە نووسـراوە(بەرزکردنـەوەی لیسـتی نـاوی ئـەو نووسـەرو هونەرمەندانـەی کـە دەپـاڵێورێن بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجوومـەنی وەزیـران بەمەبەسـتی بڕیـاردان لەسـەر تـەرخانکردنی مووچـەی ڕێزلێنانی مانگانە بۆیان بەپێی ئەم بڕیارە). من لێم روون نییـە لەسەر خاڵـەکانی بەنـدی(دوو)چـی کـراوەو چـۆن کـراوە،؟ بـەڵام ئـەوەی دەمـەوێت لـەم ووتـارەدا بینووسمو روونـی بکەمەوەئەو ناحەقییەیە کە دەرحەق بەمنو چەند نووسـەرێك کـراوە..قسـەکردن لەسـەریو نـاڕەزایی دەربـڕینو رەخنـەگرتن لەئەنـدامانی دەستەکەیەو بـەمافێکی رەوای خـۆمی دەزانمو، هـەرگیز لێـی بێـدەنگ نـابم، مـن تـەنها رەخنـەو گازەنـدە ئاراسـتەی لیژنـەی نووسـەران دەکـەم، کـارم بەهونەرمەندانـەوە نییـە، لۆمـەی وەزیـری رۆشـنبیریش ناکـەم وەکـو سـەرۆکی لیژنەکـە، چـونکە دڵنیـام ئـەو سـەیری دەمو رای ئەنـدامانی لیژنەکـەی کـردووە، رەخنـەو نـاڕەزاییو گلـەییم لەئەنـدامانی لیژنەکەیـە وەسـەبارەت بەبڕیارەکـەو بنەمای جێبەجێکردنی بەرای من دەبوو:

١. سەرۆکی لیژنەکەو ئەندامانی لیژنە لەسەر بناغەیەکی پتەوی وابوایە کە ئاگادارییەکی وردو بەئاگایان لەڕەوتی ئەدەبی رووناکبیریدا هەبوایە، تەمەنی ژیانو تەمەنی نووسینیان زۆر لەو تەمەنە زیاتر بوایە کە لەبەنـدی سێ بڕیارەکە دیاریکراوە.

٢. لیژنەکـە دەبوایـە حیسـابی بـۆ پاڵێوراوانی(یـەکێتی نوسـەرانی کـورد) بکردایە. ئەو لیستو ناوانەی لە(یەکێتی نوسـەرانی کـورد)ەوە بۆیـان دەنێـردرا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکردایە، تەنها لێکۆڵینەوەیان لەسەر داوای ئەو نوسـەرانە بکردایە کـە لـەڕێگای دەسـتەکەوە داواکاریـان پێشـکەش دەکـرد. مـن هەرچـەند سەیر دەکەم هەموو ئەندامانی لیژنەکە ئەندامی (ی.ن.ك)ن کەچی ئەو بەڕێزانـە لیستی یـەکێتی نوسـەرانیان پشتگوێ خستووەو کاریـان پـێ نـەکردووە، نـازانم

ئەگەر ئەو بەڕێزانە خۆیان لەیەکێتییەکە بەگەورەترو بەخاوەن حەق ترو خاوەن ئەزموونتر دەزانن بۆئەندامن..؟ئەگەر نا بۆ کاغەزیان نەخوێندونەتەوە..؟؟!

٣. ئەو لیژنەیە دەبوو لەگەڵ داواکردنی بەڵگە نامەی نوسیندا داوای ناسنامەی شارستانی نوسەرانیشیان بکردایە بۆ ئەوەی بەراوردی ژیانی نوسەران بکرایە لەڕووی تەمەنیانەوە.

٤. فۆرمی پاڵیوراوی نوسەران پێش بڵاوکردنەوە بدرایەتە(یەکێتی نوسەرانی کورد)بۆ سەرنج و رایان لەسەر ناوە پاڵێوراوەکان، دوای رەزامەندیان لەسەر ناوەکان ئینجا بدرایەتە لیژنەی(پسپۆڕی و شارەزای)سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

٥. ئەو لیژنەیە ئەو لیستی ناوانەی بۆیان دەچوو وەیان هەر داواکارییەکیان پێشکەش دەکرا، دوای تاوتوێ کردن و هەڵبژاردنی ناوەکان، وەرگرتنی رای یەکێتی نوسەران دەبوو ناوەکان و بواری نووسینیان و تەمەنیان و ساڵی حساب بۆکردنیان و بدایەتە کەناڵەکانی راگەیاندن و لەرۆژنامەکاندا بڵاویان بکردایەتەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەکەدا ئەوەشیان بنووسیایە هەرکەس هەر کەموکوڕی و ناتەواوی و رەخنەیەکی لەناوەکان و برگەکانی فۆرمەکە هەیە وەیان هەرکەسێ داوای پێشکەش کردووە و ناوی نەنووسراوە لەماوەی بڵاوکردنەوەکەوە بەلای کەمەوە(دووهەفتە)دابنرایە بۆ پەیوەندیکردنیان بەلیژنەکەیانەوە، کە لەبەندی حەوتەمی بڕیارەکەدا نووسراوە نوسەر یان هونەرمەند دەتوانێ لەماوەی(١٥)رۆژ لەبەرواری دەرچوونی دەستەی سەر پەرشتیاری سندوق داواکاری(طعن)پێشکەش بەدادگای ئیستئناف لەسلێمانی بکات، دەبوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەندە ناوەکانیان بڵاوبکردایەتەوە.

٦. دوای لێکۆڵینەوە لەسەرجەم داواکارییەکان و، رەخنەکان ناوە پاڵێوراوەکان دابنرایانەو دیسان بڵاوبکرایەتەوە لەگەڵ وەڵامی هەریەك لەو نوسەرانەی رەخنەیان گرتبوو، ئینجا لیستی فۆرمی ناوەکان پێشکەش(لیژنەی پسپۆڕی شارەزای ئەنجومەن) بکرایەو ئەوانیش دوای پێداچوونەوە، بەفۆرمەکاندا لەگەڵ دواڕای خۆیاندا پێشکەشی ئەنجومەنیان بکردایەو دوای ئەوە بڕیاریان لە ئەنجومەنەوە بۆ دەربچوایە.

بەداخەوە ئەوەی بەدیدەکرێت، ئەو لیژنەیە سەرپێیانە، ئارەزوومەندانە بەبێ ڕەچاوکردنی بنەمای یاسایی ئوسوڵی کارەکەیان ئەنجامداوە. حیسابیان بۆ مسئولیەیتی مێژوویی و ئەمانەتی ئەدەبی و زانستی و هونەری نەکردووە.

من لەپێش حەفتاکانەوە بە بەردەوامی شیعرو نووسین بڵاو دەکەمەوە. دیوانێکی شیعریم لەژێر چاپدایە بەم زووانە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران، دووکتێبی ترم بەدەستەیە، کە یەکێکیان کۆمەڵێ بەرهەمی چیرۆك و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی یە، نووسینی ترن و وە ئەویتریان(کەشکۆڵی بیرەوەرییەکانم) کە زۆر بابەتی بیرەوەری ئاسای لەخۆی گرتووە وەمن ڕۆژێك نە لەکاروانی خەباتی کوردایەتی و نەلەکاروانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی دانەبڕاوم..بەڵام چی بکەم ڕێگام بەخۆم نەداوە قەڵەمەکەم دێرێك، کۆپلەیەك بۆ بەعس و داگیرکەرانی کوردستان بنووسێت؟ چۆن نەفرەتم لەخۆفرۆشان و ئەڵقە لەگوێکانی ڕژێم کردووە، هەروەش نەفرەتم لەو قەڵەمە لەرزۆك و سەرشۆڕانەش کردوە کەلەپێناوپوول و پارەو پلەی وەزیفیدا بۆ بەعسییان نووسیوە، من ئەو کەسانە دەکەمە شاهیدی ئەو ناحەقییەی بەرامبەرم کراوە، کەخاوەنی قەڵەمی بەبڕشت و هەڵوێستی مەردانەو کوردانە بوون. من بۆ ئەوبرەپارەیە شپرزەنیم. بۆئەو ناحەقییە نیگەرانم کەدەرحەقم کراوە..

بەپێویستی دەزانم بۆ نوسەران و هەموولایەك ئەو ناحەقییەی بەرامبەرم کراوە. ڕوون بکەمەوە لەدەرچوونی بڕیارەکەوە من چیم کردووە:

١. کە یەکێتی نوسەرانی کورد لیستیان پێشکەشی لیژنەکە کرد ئاگاداریان کردم کە ناوم لەلیستەکەیاندا پاڵێوراوە.

٢. کاتێ یەکێتی نوسەرانی کوردفۆرمیان دابەشکرد، فۆرمەکەم پڕکردەوەو لەگەڵ کۆمەڵێ نووسیندا، کە لەساڵی ١٩٧٠وە تیایدا بووە، وەکو بەڵگە پێشکەشیانم کردووە ئەوانیش بەلیستێکەوە فۆرمەکان و بەڵگەکانیان پێشکەشی وەزیری ڕۆشنبیری کرد بەئامادە بوونی خۆم.

٣. من پشتم لێکردەوە. بەڵام دوای چەند کۆبوونەوەی لیژنەکە بۆم دەرکەوت کەناومی تیادا نییە، بە (وەزیری ڕۆشنبیری) و(کاك حاکم قوباد)م وت وتیان لیستی دووەممان بەدەستەوەیە لەو لیستەدا ناوت بەرزدەکەینەوە.

٤. کاتێکم زانی هاوڕێ نوسەرەکانم، ئەوانەی لای خۆم دەوام دەکەن، دەچن بۆ وەزارەت بۆ وەرگرتنی مووچەی مانگانەکەیان.

٥. کاتێ پەیوەندیم لەگەڵ سکرتێری لیژنەکەدا کرد، ئاگاداریکردم کەناومی تیادا نییە، هەوڵمدا بەهەر شێوەیەك بوو ناوەکانم زانی، کەناوی هەندێ کەسم تیادا بینی و ناوی خۆم نەبینی زۆر نیگەران بووم و، لەئەنجامیدا یاداشتێکم پێشکەشی بەڕێز سەرۆکی حکومەت دکتۆر بەرهەم و وەزیری رۆشنبیریی و دەستەکەویەکێتی نوسەرانی کورد کرد لەشێوەی ناڕەزایدا(أعتراض).

من و هەموو نوسەرێك بۆی هەیە بپرسێت لەوەزیری رۆشنبیری و دەستەی رێزلێنانەکە، بۆچی ئەوکارە بەنهێنی ئەنجامدرا؟ بۆ تا ئێستاش ناوەکان لە کەناڵەکانداولەرۆژنامەکاندا بڵاونەکراونەتەوە..؟ لەکاتێکدا بڕیارەکە بڕیارێکی گرنگە چونکە پەیوەندی بەگوزەرانی توێژێکی هەڵکەوتووی گەلەکەمانەوە هەیە. دووساڵە لەیادی مامۆستا برایم ئەحمەددا هەر ساڵە رێز لە(٥)کەس دەگیرێت، ئەو رێزگرتنە بەئاهەنگێکی کورت رێك دەخرێت و دەدرێتە هەموو کەناڵەکان و لەرۆژنامەکانیشدا ناوەکان بڵاودەکرێنەوە.کەچی لەبڕیارێکی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمدا کە (٩٣)نوسەرو نازانم هونەرمەندانیش چەندن. مووچەیەکی مانگانەی باشیان بۆ بڕاوەتەوەو مووچەکە کارناکاتە سەر هەر مووچەیەکیش کە هەیبێت، ئەم بڕیارە بڕیارێکی گرنگ و هەنگاوێکی گەورەیە. بەداخەوە بڕیارەکە، بێدەنگی لێکراو هیچ بایەخێکی پێنەدرا، لەکاتێکدا دەبینرێت هونەرمەندێك یان خاوەن بەهرەیەك، یان نوسەرێك لەلایەنێکەوە رێزێکی لێدەگرێت ئەوەندە باس دەکرێت خۆیان لێی قارس دەبن. بەرای من ئەو بڕیارە بۆیە بەو شێوەیە ئەنجامدرا وەچونکە دەستەکە دیزە بەدەرخۆنەیان تیادا کردووە. نەیانزانی بەری رۆژ بەبێژنگ ناگیرێ، ئەونوسەرانەی کە وەکو من لەناو پاڵێوراوەکاندا(چن)کراون هیچیشیان بۆ نەکردوون..

ئەوەی من بزانم(مامۆستا حەسەن عەبدولکریم، تاهیر ساڵح سەعید،مەحمود زێوەر، عەبدولحسێن، محەمەد عومەر عوسمان، سوارە قەڵادزێی، سەدرەدین عارف، حەمە رەشید هەورامی، سامی عەلی، هەمزە عەلی، رەئوف هەمەوەندی) کە هەر هەموویان نوسەری بەتەمەنن و بەردەوامیش بوون لەنووسیندا، وە

ناونوسکردن و پالاوتنی چەند نوسەرێك چ بەتەمەن و چ بەنووسین ناگەنە ئەو نوسەرانە. بۆیە من لای خۆمەوە داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم:

١. لیژنەیەکی پسپۆرو شارەزا لەنوسەران پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو نوسەرانەی بەر ڕێزلێنانەکە کەوتوون، لەوانەشی بەر نەکەوتوون.

٢. لیژنەکە بەووردی لەتەمەنی ژیان و لەتەمەنی نووسینی هەریەك لەنوسەران بکۆڵێتەوە.

٣. ئاگاداری وەزارەتی رۆشنبیری دەستەکە بکرێت لیستی ناوەکان چۆنیان نووسیوە لەڕۆژنامەکاندا لە کەناڵەکانی راگەیاندندا بڵاو بکرێتەوە.

٤. داوا لەهەموو ئەو نوسەرانە بکەن کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە داواکاری پێشکەش بکەن ئەوانەشی داواکاریان پێشکەش کردووە ناویان دەرنەچووە بەنووسراوێك داوا لەلیژنەکە بکەن بۆ لێکۆڵینەوە.

٥. دوای لێکۆڵینەوە ئەگەر دەرکەوت ئەو نوسەرانەی بەناحەق پاڵێوراون ناوەکانیان بەفەرمانێ لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەڵبوەشێتەوە و ئەو پارەیەشی وەریان گرتووە لێیان وەربگیرێتەوە، وەئەو نوسەرانەی بەناحەقی نەپاڵێوراون بەهەمان شێوە بەفرمانێك بۆ ڕێزلێنانەکە دابنرێت و پارەی مانگانەکانیان بۆ خەرج بکرێت.

٦. لەسەر ئەو کارە نا یاسایی و نا زانستیانەی ئەو نوسەرانە ئەندامی دەستەکەبوون، سزا بدرێن و ناویان لەناوی پاڵێوراواندا دەربهێنرێت، بۆ ماوەی شەش مانگ وەکو سزایەکی یاسایی و ئیداری وە بڕیاریش بدرێت کە لەهیچ لیژنەیەکی تری نوسەراندا، بەئەندامی لیژنە دانەنرێن.

٧. لیژنەکە داوا لەیەکێتی نوسەرانی کورد بکات کە بەپێی شارەزاییان لیستێك بەناوی ئەو نوسەرانەوە کە بڕیارەکە دەیانگرێتەوە لەهەمووشارەکانی کوردستان پێشکەش بەلیژنەکە بکەن، لیستەکە لای لیژنە بەهەند وەربگیرێت.

٨. لیژنەکە داوا لە دەستەی ڕێزلێنانەکە بکا هەموو داواکاریی و لیست و فۆرم و بەڵگە نامەکانی نوسەرانیان بدەنێ بەوردی سەیری یەکە یەکەیان بکرێت.

٩. لیژنەکە داوا لەدەستەکە بکات، ئەو بنەمایانەی کاریان لەسەر کردووە چییە؟ و چۆنە؟ لەچییەوە وەریانگرتووە؟ وە ئەو ڕێنماییانەی وەزارەتی رۆشنبیری بەپێی مادەی چواردەیەمی بڕیارە کە دەری کردووە چین و پشتیان

بەچ یاساو ڕێسایەك بەستووە، بە ئومێدی ئەوەی ئەم نوسینەو ناوەرۆکەکەی لەلایەن بەرپرسانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەهەند وەربگیرێتو کاری بۆ بکرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە(٣٠٩٧)ی ٢٠٠٣/٦/٢١ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕوونکردنەوەکەی لیژنەی ڕێزلێنانی نووسەران

لە ژمارە (٣١٠٨)ی ٢٠٠٣/٧/٣ی کوردستانی نوێ، لاپەڕەی ئازاد (قوبادی جەلی زادە، ئەرخەوان، فەرید زامدار) بەناوی لیژنەی ڕێزلێنانی نووسەرانەوە بەروونکردنەوەیەك وەڵامی نووسینێکیان داوەمەتەوە کە لەژمارە (٣٠٩٧) ٢٠٠٣/٦/٢١ ی کوردستانی نوێدا لەسەر لیژنەکەیان نووسیبووم، کاتێ ڕوونکردنەوەکەیانم خوێندەوە سەرنجمدا وەڵامەکەیان لە شێوەی گاڵتە جاڕیو هەڕەشە ئامێزدایە بۆیە ناچار بووم بەپێی خاڵەکانی ڕوونکردنەوەکەیان، وەڵامیان بدەمەوە:

١. لەخاڵی یەکەمی نووسینەکەیاندا، پەنایان بۆ مێژووی تەمەنو ئەدەبیو هونەریان بردووەو. یەکە یەکە نامەی ئەعمالیان دەور کردۆتەوە، هەر ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئەو سێ کەسە پێیان خۆش بێت و پێیان ناخۆش بێت لە خۆیان بە گومانن، ئەگەر نا چ پێویستی بە نووسینەوەی ئەعمالی پرشنگداریان بوو!!

٢. لەخاڵی دووەمیاندا ئەوەیان پێناخۆشە کە باسی لیستی یەکێتی نووسەرانم کردووە. لێرەشدا دووپاتی دەکەمەوە، کە ئەوسێ کەسە با ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد)بنو یان بەرپرس بن، هەردەبوو چۆن یەکێتی هونەرمەندان لیستی خۆیانکردو لیستەکەیان پێشکەش لیژنە کردو هەر ئەو لیستەش بوو بە بنەمای بڕیاری ڕێزلێنانەکە، دەبوو نوسەرانیش هەمان لیستیان بکردایەو ئەو لیستەش بکرایەتە بنەمای بڕیار، نەك ئەو سێکەسی لیژنەیە بەئارەزووی خۆیانو لە ژێر کاریگەری چەند حوکمێکدا بڕیاری ڕێزلێنانەکەیان بدایە...لەکۆتایی ئەم خاڵەیاندا، نووسەران دڵنیا دەکەنەوە، کە هیچ فۆرمێك پشتگوێ نەخراوەو هەرهەمووی سەیر کراوە.. من ئەو سێکەسەو نووسەرانیش دڵێنیا دەکەمەوە ئەو پاکانەیە ڕاست نییەو نمونەشم ئەوەیە کە لەلیستی

یەکەمدا (٨٦)نووسەریان نووسیوەو لە لیستی دووەمدا (٧) نووسەری تریان نووسیوەو چەند نووسەری تریش ماون.

٣. لەخاڵی سێیەمدا دەڵێن (ئێمە هەموو نووسەران یان زۆربەیان باش دەناسین تەمەنیانمان لەبەرە)ئەگەر ئەم سیٚکەسە ئەوەندە بەئاگان.. وەکو خۆیان دەڵێن تەمەنی هەموو نوسەرانیان لەبەرە، ئەی بۆ لەلیستی یەکەمدا حەوت ناویان لەبیرچووە. ناوی چەند نووسەری تریش کە شایستەی ئەو ڕێزە بوون لە بیر کردووە..

٤. لە خاڵی چوارەمیاندا ئەوەیان لا گرانە کەنووسیومە دەبوو پاڵێوراوانی نووسەران پێش بڵاوکردنەوە بدرایەتەوە بە یەکێتی نووسەرانی کورد. ئەوان پاساوبەوە دەهێننەوە کە گوایا قوبادی جەلی زادە ئەندامی باڵای نووسەرانەو د. دڵشاد عەلی سەرۆکی لقی سلێمانی نووسەرانە. ئەمەراستە بەڵام نەلیژنەی باڵونە لقی سلێمانی بریتی نین لەودووکەسەو ئەو دووکەسە ئەگەر نوێنەری نووسەرانیش بن بۆ لیژنەکە ناکاتە ئەوەی خاوەنی بڕیاری لیژنەی باڵولقی سلێمانی نووسەران بن.

٥. لەخاڵی پێنجەمیاندا،ئەوەیان لا قورسبووە، کەوتوومە دەبوو لیستی ناوەکان لەکەناڵەکاندا، بڵاوکرایەتەوە دەڵێن بە نهێنی نەکراوەو ناوەکان لەوەزارەت هەڵواسراونو تا ئێستا نەمان دیوە لیستی مووچە بڵاوبکرێتەوە... دەیڵێمەوە بڕیارێکی وا گرنگی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوبڕیارانە کەمترنییە کە حکومەتی هەرێم بۆ خزمەتی هاووڵاتیانو فەرمانبەران دەریان دەکاتو چەندین نووسینیان لەرۆژنامەکاندا لەسەر دەنووسرێن، بڕیارێکی وا گرنگ کە ساڵەهایە نووسەرانو هونەرمەندانی کورد چاوەڕوانی دەکەن نەک ئەوەی دەهێنا لەرۆژنامەو کەناڵەکاندا بڵاوبکرایەتەوە، بەڵکە ئەوەشی دەهێنا کە بۆ یەکەم دابەشکردنی مووچەکان ئاهەنگێکی بۆ سازبکرایەو سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانو هونەرمەندانو دەزگا پەیوەندیدارەکانو وەزیرەکانو خێزانی ئەونووسەرو هونەرمەندانەی کە بەر ڕێزلێنانەکە دەکەوتن ئامادە بوونایە.. لەلایەن سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی هەردوو یەکێتیو دەزگا پەیوەندیدارەکانو وەزیرەکانەوە... مووچەکە پێشکەش بەنووسەران وهونەرمەندان بکرایە.. ئەو ئاهەنگە خۆی لەخۆیدا دەبوو

بەرێزلێنانێکی مەعنەویتر.. ئەگەر ئێوە بە لاتانەوە گونجاو نەبوو بڵاوی بکەنەوەو بەپەسەندتان نەزانی، ئەوە رۆژنامەی هەواڵ لە ژمارە (٤٥) یدا چۆن بڕیارتاندا وە دەقاودەق ناوەکان بەتەمەن‌و موچەیانەوە بڵاو دەکاتەوە.

٦. لەخاڵی شەشەمیاندا، بەوە زۆر نیگەران بوون کە نووسیومە، کارەکەیان سەرپێیانەو ئارەزوومەندانە... ئەنجامداوە بۆیە لەم خاڵەدا پەنایان بۆ چەند شت بردوە سەبارەت بەکارەکەیان:

١. چەند مانگێك لە ژوورێکی بنکەی ئەدەبی‌و ڕووناکبیری گەلاوێژدا کارییان کردووە.

٢. لەبەردەم ویژدانی خۆیان‌و مێژوو نووسەرانداو... سەربەرزن.

٣. چەند مانگێك بیٚبەرامبەرو پاداشت کاریان کردووە.

٤. لیژنەکەیان(با بڵێین) ئەوسیٚکەسە لەسەر ئەو بەدناوکردنەیان بۆیان هەیە بچنە دادگاو شکات لە شێخ محەمەد بکەن، بەلام جاریٚ ئەوکارە ئەنجام نادەن.

٥. با شێخ محەمەد بچێتە دادگاو شکات بکات، بۆ ئەوەی لە ڕووی یاساییەوە مەسەلەکە بۆ تەواوی نوسەران ساغ ببێتەوە.

٦. جگە لەوەی لەلایەن شێخ محەمەدو ئەوانەی شمولی نەکردوون تانەو تەشەری ناڕەواو نا دروست ئاراستەی لیژنەکەیان کراوە.

٧. بنکەی ئەدەبی‌و ڕووناکبیری گەلاوێژ لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ نووسەران ژورێکی بۆ ئیش‌و کاری لیژنەکە تەرخانکردووە.-بنکە کەوتۆتە بەر هێرشی ناڕەوای هەندیٚ نووسەر.-یاخود نەزانانە هەندیٚ نووسەری بەرێز خەتابار کراون.-هەر ئەونووسەرانەی پێش دڵنیا بوون لەئەنجامی کارەکەهەڵچوون‌و قسەی ناحەقیان کردووە پەشیمان بوونەتەوە هاتون داوای لێبووردنیان کردووە.-چاکتر وابوو هەڵ نەچن نەك پەشیمان ببنەوەو داوای لێبوردن بکەن.

من بۆ وەڵامی ئەم خاڵانە بەم چەند خاڵە وەڵامیان دەدەمەوە:

١. کاتیٚ ئەنجوومەنی وەزیران، بڕیارێکی وا دەردەکات ورووبەرووی وەزارەتێکی دەکاتەوە، چۆن حیسابی ئەوە ناکات کارێکی وا کە لیژنەیەك ئەنجامی بدا.. کات‌و شوێن‌و ئیمکانیاتی کارکردنی ناوێت؟

٢. کەکارەکە ڕوبەڕووی وەزارەتی رۆشنبیری کرایەوە بۆ لەوهەموو دامو دەزگایانەی هەیەتی شوێنی بۆ لیژنەکە تەرخان نەکردو پێداویستی تەواوی نەخستە بەردەستیانو بوودجەیەکی بۆ راپەراندنی کاری لیژنەکە داوا نەکرد؟

٣. وەزارەتی رۆشنبیری چۆن ڕازی بوو کارێکی وا ئیداری وحکومی لە بنکەیەکی ئەدەبیو ڕووناکبیری غەیری حکومیدا جێبەجێ بکرێت..؟ و دۆسیەو ئەرشیفی ئەولیژنەیە لە شوێنێ دابنرێتو کاری لەسەر بکرێت؟ کە پەیوەندی بە کاری حکومەتەوە نەبێت؟

٤. نازانم چۆن زات دەکەن وا بەڕاشکاوی دەڵێن لەبەردەم ویژدانی مێژوو نووسەراندا سەربەرزن... کام سەربەرزییە بەوەی کە ئێوە دۆسیەی چەندین نووسەرتان وەرگرتووە کەتەمەنی نووسینیان (٥٠-٥٤-٥٧-٥٩) ساڵیان تیادایەو لەتەمەنی هەرسێ ئەندامی لیژنە (قوباد-ئەرخەوان-زامدار)٢٠ساڵو ٢٥ ساڵ گەورەترن، وەپلەی بڕوانامەیان زۆر لەوان بەرزترەو تەمەنی ژیانیان زۆر لەوان زۆرترە، وە نووسەرانێکیشیان تێهەڵکێش کردووە نە بەتەمەنی ژیانو نە بەتەمەنی نووسینیانو نە بەبەرهەمیان نەگەیشتوونەتە ئاستی ئەوڕێزلێنانە، کە ئەو نووسەرانە لیژنەکە خاتری گرتوون گاڵتەیان بەو قسانەیان دێت

٥. من نەم بینیوە ئەوانە لە هیچ بوارێکدا، بێبەرامبەرکاربکەن. ئیتر لەم کارەیاندا بۆ بێ پاداشتو بێ بەرامبەر چونە بنکەو شەو ڕۆژ کارییان بە (خۆ بەخشی) کرد؟ حکوومەتو وەزارەت چۆن ڕازی بوو؟ حکومەتێ بتوانێت مانگانە مووچەیەکی باش بداتە زیاتر لە (٢٠٠) نووسەرو هونەرمەند بۆ ناتوانێت ئەرکی کارو ماندوو بوون بداتە ئەندامانی لیژنەیەکی وا..؟

٦. لیژنەکە (قوبادو ئەرخەوانو فەرید)کەبۆیان هەیە بچنە دادگاو شکات لە من بکەن، چاوەڕوانی چی دەکەن بۆ شکات ناکەن؟..ئێوە بەلای خۆتانەوە قانونیو چیرۆکنووسو شاعیرو نووسەرو هونەرمەندن.. چۆن بۆ ڕەخنەی نووسەران.. یەکسەر پەنا بۆ دادگا دەبەن؟ خۆ ئێوە بەقسەی خۆتان هەڵبژاردەی نووسەرانو هونەرمەندانن (مەحبووبی جەماوەرن) !! کە سانێك کە بڕوایان بە دیموکراسیەتو ئازادیو پرۆسەی هەڵبژاردن بێت... چەند ڕەخنەی لێبگیرێت و قسەی ڕووبەڕوو بکرێت، پەنا بۆ شکاتو شکاتکاری نابات... دیارە ئەوەتان لەپێش چاونییە. جۆرج W بۆش و تۆنی بلێرو جاك شیراكو پۆتینو تەنانەت

(خاتەمی) کە لەپرۆسەی هەڵبژاردنی ناو وڵاتی خۆیانداو بەدەنگی ملیۆنان خەڵك هەڵبژێردراون،کاتێ لە کۆنگرێس و پەرلەمانەکانیان ئەندامی پەرلەمان لێیان ڕادەپەڕن قسەیان پێدەڵێن و ڕەخنەیان لێدەگرن و ڕووبەڕوویان دەوەستن لەسەر ئەو بریارو کارانەی دەیکەن. یان ئەو خەڵکانەی وڵاتەکەیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەسەریان دەنوسن و زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لێدەگرن یان لە گۆرەپانەکان و بەردەم هۆڵی کۆنگریس پەرلەمانەکانیان خۆپیشاندان دەکەن و لافیتە دژیان بەرزدەکەنەوەو جۆرەها کاریکاتێریان لەسەر دەکەن.. تووڕەنابن و ناچنە مەحکەمەی وڵاتەکانیان شکات بکەن؟ مام جەلال و کاك مەسعود ڕۆژانە لێرەو لەوێ قسەیان پێ دەوترێت و لەسەریان دەنووسرێت و ڕەخنەیان لێدەگیرێت.. کەچی پەنا نابەنە بەر دادگاو شکات لە کەس ناکەن خۆ ئێوەش بەقسەی خۆتان نوێنەری نووسەران و هونەرمەندانی کوردن و لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئەوپلەوپایانەتان وەرگرتووە چۆن دەبێت وا زوو هەڵبچن و یەخەی دادگا لە نووسەران بگرن؟

*-ڕێنمایتان کردووم بچم شکات بکەم. من شکات ناکەم، ئەوەی لەو کارەی ئێوەدا بەناڕەواونادروستم زانیوە، لە ئیعترازەکەو لە نووسینەکەمدا لەسەرم نووسیوون،ئێوە (سێ قۆڵی..)دەتوانن لە مەحکەمەی سلێمانی بەوقانوونەی بەدەستانەوەیە شکات لەمن بکەن و ڕامکێشنە مەحکەمەکەتان.. وەکو چۆن لەمەحکەمەی سەورەی بەغداو لەلایەن عەواد بەندەرەوە بەسزای تاوانی کوردایەتی حوکم درام ئێوەش بەتاوانی ئەوەی دەستم بۆ کاری لیژنەکەتان بردووە سزام بدەن..

*-من ئاگام لەوە نییە کە کێ یەخەی پێ گرتوون، ئێوە بەقسەی خۆتان بێت هیچ کارێکی واتان نەکردووە شایستەی ڕەخنە بن، ئەی بۆوا نووسەرانتان لێ ڕاستبوونەتەوەو یەخەتان پێ دەگرن؟

*-من بەشبەحاڵی خۆم هەر نەمزانیووە لیژنەکەتان لەو بنکەیە کارەکانی کردووەو هیچ گلەیەکیشم لەو بنکەیەو کەسەکانی نییە، ناشزانم ئەوانە کێن هێرشی ناڕەوایان بردۆتە سەر بنکە.

*- من هیچ نووسەرێکم خەتابار نەکردووە و ناشزانم ئەو نووسەرانە کێن وا ئێوەی قارس کردووە و نووسەرانی تریان خەتابار کردووە.

*- لام سەیرە پیاو ئەوەندە هاورێی نووسەری لا سووکو کەم بایەخ بێت پێیان بڵێت ئەوانەی هەڵچوونو بەناهەق قسەیان کردووەو پەشیمان بوونەتەوەو داوای لێبوردنیان کردووە چاکتر وابوو هەڵ نەچن نەك پەشیمان ببنەوە، من نازانم ئەو نووسەرە بڕێزانە کێن کەوا هەڵچوونو پەشیمان بوونەتەوە، نووسەرێك لە بەعسو رژێمەکەی نەترسابێ، بۆ لە لیژنەیەك بترسێت کە مافی پێشێل بکات.

لە خالی حەوتەمیاندا نووسیویانە لە بەیاننامەی ناڕەزاییەکەم و نووسینەکەی کوردستانی نوێدا داوای ئەوەم کردووە بۆ ناوی من لە ناوەکاندا نییە؟.. ئەو شتانەی لەم خاڵەدا نووسیویانە لە چەند خاڵێکدا کۆیان دەکەمەوە:-

١. بڕگەیەکی بڕیارەکەی ئەنجومەنو ئەو بنەمایەیان نووسیوە، کە کاریان لەسەر کردووە

٢. نامەی ئەعمالی منیان، لە ساڵی١٩٧٠ تا ساڵی٢٠٠٢ نووسیوەو دوای طە رح و جەمع تەنها(٤) ساڵ خزمەتی ئەدەبیان بۆ من یەشتۆتەوە.

٣. نووسیویانە لە ساڵی١٩٨٧ پەخشانە شیعرێکی بڵاوکردۆتەوەو جارێك نووسیویەتی لە خەباتی مامۆستا ژمارە(٨) و جارێك دەڵێ لە بلێسەدا کە لە شاخ دەرچووە بڵاوکراوەتەوە.

١. لە نووسینەکەمدا نووسیبووم لە رۆژنامە روو رەشەکانی ئاسۆو بزاڤدا، شتم بڵاو نەکردۆتەوە ئەوانیش نووسیویانە، لە کاتێکدا(هاوکاری) یش هەر هەمان دەزگا دەری کردووەو شتی تیا بڵاو کردۆتەوە.

٢. نووسیویانە ئەی بۆچی لە ساڵی ١٩٩١ – ٢٠٠١ هیچم بڵاو نەکردۆتەوە؟

٣. پاشان بە گاڵتە جارییەوە پرسیار دەکەنو دەڵێن بەرهەمی ئامادە کراو بۆ چاپ حیساب نەکراوە.

٤. محەمەد سۆڵەیی وەکو پیاوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ ناسرابێتو لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی گیرابێ(سزا درابێ!!) ئەوە یەکێتی نیشتمانی کوردستان باشترین پاداشتی داوەتەوەو کاری بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی رۆشنبیری پێ سپاردووە. نووسیویانە ئەو حاڵە. لایەنێکە پەیوەندی نییە بە ئیبداع و

نووسینەوە. سەبارەت بەو نووسەرانە کە گوایە من خۆم کردووە بە پارێزەریان، هەندێکیان خۆیان هاتوون بۆلای لیژنەکەو لە هۆکەی ئاگادارکراون، هەندێکیان وەکو ئەو بە پێی سالی خزمەتو دابڕانیان شمولی نەکردوون. هەندێکی تریشیان باوەڕیان بەو ڕێز لێنانە نەبووەو نەهاتوون فۆرم پڕ بکەنەوەو داواکاری پێشکەش بکەن کاتێک کارەکە هاتە بەرهەم هاواریان لێ هەلساوەو مامۆستا محەمەد لەبەر ئەوەی ئاگای لە کاری لیژنەکە نییە هەق نییە لە خۆڕا قسە بکات. نووسیویانە بە هەلی دەزانین کە وەلامی هەندێ لەو قسانە بدەینەوە کە لەملاو لەولا دەکرێنو پێمان دەگاتەوە، کە بە پێی هەندێ بۆ چوونی هەلەو گریمان بێ بنەما دەکرێن دەلێن هەندێ ناو لە لیستەکەدایە تەمەنی خۆیان یاخود تەمەنی نووسینیان ناگاتە ئاستی دەست نیشان کراو، بەلام بەو پەڕی دلنیاییو بڕوا بە خۆبوونو ڕاستییەوە دەلێین کە هیچ نووسەرێکی گەنج کە تەمەنی خۆیو نووسینی لەو ئاستەدا نەبێ لە لیستەکەدا نییە. دەلێن هەموو نووسەرێك پێناسەی خۆیو بەلگەنامەی یەکەم نووسینی کە کەمترینیان سالی(١٩٧٧) شمولی دەکات. دەلێن لە بڕیارەکەدا بڕگەیەك هەیە دەلێ لیژنەکە بۆیان هەیە نووسەری شایستە دەست نیشان بکەن. نووسیویانە ئەمە ڕاستکردنەوەی هەندێ لەو ناراستیانەیە کە لە نووسینەکەی محەمەد سولەییدا هاتووە.

بۆ وەلامی ئەم خالانەی خالی حەوتیان، ناچارم دەبێ خوێنەر هەندێ ماندوو بکەم، بۆ ئەوەی وەلامێکی دەقاو دەقی ئەو تۆیان بدەمەوە کە ئەو خۆ لێگۆڕانەیان هێور بکەمەوە.

١. خالی یەکیان بۆیە نووسیوە تا خۆیان لە ڕەخنەی نووسەران دەرباز بکەن ئەگەر بە لیستەکەیاندا بچنەوە بۆیان دەردەکەوێت کە چییان کردووە.

٢. لە خالی(٢) دا بۆ پێداچوونەوە بە فۆرمەکەمدا، کەو کوژانەو دوژمن ئاسایانە، لە ژوورەکەی بنکەی گەلاوێژدا سێ قولی دانیشتوون، بە وردەکاری ئەو سێ کەسە تەرحو جەمعی ناعادیلانەیان کردووە، بە شێوەیەك کە باوەڕ ناکەم.. ئەو چەند مانگەی کە دەلێن ڕۆژانە تا شەو ماونەتەوەو خەریکبوون بە هەموو فۆرمەکانەوە ئەوەندەی فۆرمەکەی من خەریکبووبێتن، هەقتانە شاعیرن، چیرۆك نووسن، هونەرمەندن.. ئائاوها تەمەنی نووسەرانتان لەبەرەو هەموو نووسەران دەناسن دیارە من ناناسن.. من ئێوە یەك یەك دەناسم، بەلام بە

ویــژدانتان مـن تـەنها چـوار سـالْ خزمـەتی ئـەدەبیم هەیـەو تـەنها(٧) شـیعرو نووســـینم بلاّوکردۆتـــەوە..؟ دیوانەکـــەم(دابـــڕان) کـــە لـــەم ماوەیـــەدا کەوتـــە بـــازاڕەوە(٣١٤) لاپەڕەیـــەو هـــەر هـــەمووی شـــیعر نییـــە..؟ کـــە زوربەشـــی بلاّوکراونەتـــەوە.. لـەو سـێ کەسـە دەپرسـم چـۆن نامـەی ئـەعمالی خۆتـان بـە پرشنگداری دەنووسـن‌و هـی منـیش وا دەنووسـن، لیژنـەی ڕێزلێنـان هـەر وەکو ئێوە دەبێت !

٣. سەبارەت بەو پەخشانە شیعرییەی کە بە ناونیشانی(سوار) لە گۆڤاری خەباتی مامۆستادا لە شاخ بلاّوم کردۆتەوە بەناوی(بلێسە).. ئەوەنـدە بە قین‌و قارەوە سـەیریان کردووە خۆشیان‌و خوێنەرانیشیان چەواشە کردووە. من نـەم نووسـیوە لـە ژمـارە(٨) خـەباتی مامۆسـتاو جارێـك لـە(بلێسـە)دا کـە لـە شـاخ دەردەچـوو بـلاّوم کردۆتـەوە،من نووسـیومە لـە ژمـارە(٨)ی گۆڤـاری خـەباتی مامۆستا کە لە شاخ دەردەچوو بە ناوی(بلێسە) وە بلاّوم کردۆتەوە.

٤. دەربارەی ئەو بەراوردەی ئەو بەڕێزانە، لە نێوانی ڕۆژنامـەی هاوکاری‌و ئاسـۆو بزاڤدا کردوویانـە، کـە مـن لـە هاوکاریـدا نووسـینم بلاّوکردۆتـەوەو نـەم ویستووە لە ئاسۆو بزاڤدا شت بلاّوبکەمەوە، کە گوایە هەر سێ ڕۆژنامەکە لەبەر ئەوەی لە یەك دەزگای ڕژێم دەرکراون، بەلای ئەوانەوە جیاوازییـان نییـە، مـن لـەو سـێ کەسـەو هـەموو نووسـەران‌و ڕۆشـنبیران‌و سیاسـەت مـەدارانی گەلەکـەمان دەپرسـم... ئـەو سـێ ڕۆژنامەیـە، وەکـو یـەك بـوون؟ هـەموو کـورد دەزانێـت کـە هاوکاری لە پێش سالّی حەفتاکانەوە دەردەچوو، ڕۆژنامەیەك بوو کەسانی وەکو شەهید ئارام ئیشی تیادا دەکردو تیایا دەنووسی.. منیش کاتێ لەو ڕۆژنامەیەدا نووسیومە سـەردەمی بەیاننامەی(١١)ی ئازار بـووە، بەلاّم ئـەو دوو ڕۆژنامە ڕوو زەردەی ئـەوان دیفـاعی لێدەکـەن‌و لـە گـەلْ هاوکاریـدا بـەراوردی دەکـەن.. دوو ڕۆژنامە بوون ڕژێمی سەدام بە مەبەستی کەرت‌و پەرت کردنی زمانی کوردی‌و کڕینی قەلّەمی نووسەران‌و دەستەمۆ کردنیان‌و سەر شۆڕکردنیان دایمەزراند.. ئەوەبوو زۆر نووسەر کە لە ناو شۆڕش کۆلّیان دەداو دەبەزین بە دەستە وستانی تەسلیمی ڕژێم دەبوونەوە، هەر لـەو دوو ڕۆژنامەیەدا پاکانـەیان پێدەنووسین‌و کاریـان بۆ دیـاری دەکـردن.. لـەو سـەردەمەی دکتـاتۆردا، زۆربـەی نووسـەران بـە

نووسینەوە. سەبارەت بەو نووسەرانە کە گوایە من خۆم کردووە بە پارێزەریان، هەندێکیان خۆیان هاتوون بۆلای لیژنەکەو لە هۆکەی ئاگادارکراون، هەندێکیان وەکو ئەو بە پێی ساڵی خزمەتو دابڕانیان شمولی نەکردوون. هەندێکی تریشیان باوەڕیان بەو ڕێز لێنانە نەبووەو نەهاتوون فۆرم پڕ بکەنەوەو داواکاری پێشکەش بکەن کاتێك کارەکە هاتە بەرهەم هاواریان لێ هەڵساوەو مامۆستا محەمەد لەبەر ئەوەی ئاگای لە کاری لیژنەکە نییە هەق نییە لە خۆڕا قسە بکات. نووسیویانە بە هەلی دەزانین کە وەڵامی هەندێ لەو قسانە بدەینەوە کە لەملاو لەولا دەکرێنو پێمان دەگاتەوە، کە بە پێی هەندێ بۆ چوونی هەڵەو گریمان بێ بنەما دەکرێن دەڵێن هەندێ ناو لە لیستەکەدایە تەمەنی خۆیان یاخود تەمەنی نووسینیان ناگاتە ئاستی دەست نیشان کراو، بەڵام بەو پەڕی دڵنیاییو بڕوا بە خۆبوونو راستییەوە دەڵێین کە هیچ نووسەرێکی گەنج کە تەمەنی خۆیو نووسینی لەو ئاستەدا نەبێ لە لیستەکەدا نییە. دەڵێن هەموو نووسەرێك پێناسەی خۆیو بەڵگەنامەی یەکەم نووسینی کە کەمترینیان ساڵی(١٩٧٧) شمولی دەکات. دەڵێن لە بڕیارەکەدا بڕگەیەك هەیە دەڵێ لیژنەکە بۆیان هەیە نووسەری شایستە دەست نیشان بکەن. نووسیویانە ئەمە راستکردنەوەی هەندێ لەو ناراستیانەیە کە لە نووسینەکەی محەمەد سۆڵەییدا هاتووە.

بۆ وەڵامی ئەم خاڵانەی خاڵی حەوتیان، ناچارم دەبێ خوێنەر هەندێ ماندوو بکەم، بۆ ئەوەی وەڵامێکی دەقاو دەقی ئەو تۆیان بدەمەوە کە ئەو خۆ لێگۆڕانەیان هێور بکەمەوە.

١. خاڵی یەکیان بۆیە نووسیوە تا خۆیان لە ڕەخنەی نووسەران دەرباز بکەن ئەگەر بە لیستەکەیاندا بچنەوە بۆیان دەردەکەوێت کە چییان کردووە.

٢. لە خاڵی(٢) دا بۆ پێداچوونەوە بە فۆرمەکەمدا، کەو کوژانەو دوژمن ئاسایانە، لە ژوورەکەی بنکەی گەلاوێژدا سێ قۆڵی دانیشتوون، بە وردەکاری ئەو سێ کەسە تەرحو جەمعی ناعادیلانەیان کردووە، بە شێوەیەك کە باوەڕ ناکەم.. ئەو چەند مانگەی کە دەڵێن رۆژانە تا شەو ماونەتەوەو خەریکبوون بە هەموو فۆرمەکانەوە ئەوەندەی فۆرمەکەی من خەریکبووبێتن، هەقتانە شاعیرن، چیرۆك نووسن، هونەرمەندن.. ئائاوها تەمەنی نووسەرانتان لەبەرەو هەموو نووسەران دەناسن دیارە من ناناسن.. من ئێوە یەك یەك دەناسم، بەڵام بە

ویـژدانتان مـن تـەنها چـوار سـاڵ خزمـەتی ئـەدەبیم هەیـەو تـەنها(٧) شـیعرو نووسـینم بڵاوکردۆتــەوە..؟ دیوانەکــەم(دابــڕان) کــە لــەم ماوەیــەدا کەوتــە بــازاڕەوە(٣١٤) لاپەڕەیــەو هــەر هــەمووی شــیعر نییــە..؟ کــە زوربەشــی بڵاوکراونەتـەوە.. لـەو سـێ کەسـە دەپرسـم چـۆن نامـەی ئـەعمالی خۆتـان بـە پرشـنگداری دەنووسـن و هـی منـیش وا دەنووسـن، لیژنـەی ڕێزلێنـان هـەر وەکو ئێوە دەبێت !

٣. سەبارەت بەو پەخشانە شیعرییەی کە بە ناونیشانی(سوار) لە گۆڤاری خەباتی مامۆستادا لە شاخ بڵاوم کردۆتەوە بەناوی(بڵێسە).. ئەوەنـدە بـە قین و قارەوە سـەیریان کـردووە خۆشیان و خوێنەرانیشیان چەواشە کـردووە. مـن نـەم نووسـیوە لـە ژمـارە(٨) خـەباتی مامۆسـتاو جارێـك لـە(بڵێسـە)دا کـە لـە شـاخ دەردەچـوو بـڵاوم کردۆتـەوە،من نووسـیومە لـە ژمـارە(٨)ی گۆڤـاری خـەباتی مامۆستا کە لە شاخ دەردەچوو بە ناوی(بڵێسە) وە بڵاوم کردۆتەوە.

٤. دەربارەی ئەو بەراوردەی ئەو بەڕێزانە، لە نێوانی ڕۆژنامەی هاوکاری و ئاسـۆو بزاڤـدا کردوویانـە، کـە مـن لـە هاوکاریـدا نووسـینم بڵاوکردۆتـەوەو نـەم ویستووە لە ئاسۆو بزاڤدا شت بڵاوبکەمەوە، کە گوایە هەر سێ ڕۆژنامەکە لەبەر ئەوەی لە یەك دەزگای ڕژێم دەرکراون، بەلای ئەوانەوە جیاوازییـان نییـە، مـن لـەو سـێ کەسـەو هـەموو نووسـەران و ڕۆشـنبیران و سیاسـەت مـەدارانی گەلەکـەمان دەپرسـم... ئـەو سـێ ڕۆژنامەیـە، وەکـو یـەك بـوون؟ هـەموو کـورد دەزانێـت کـە هاوکاری لە پێش ساڵی حەفتاکانەوە دەردەچوو، ڕۆژنامەیەك بوو کەسانی وەکو شەهید ئارام ئیشی تیادا دەکردو تیایا دەنووسی.. منیش کاتێ لەو ڕۆژنامەیەدا نووسیومە سـەردەمی بەیاننامەی(١١)ی ئـازار بـووە، بـەڵام ئـەو دوو ڕۆژنامـە ڕوو زەردەی ئـەوان دیفـاعی لێدەکـەن و لـە گـەڵ هاوکاریـدا بـەراوردی دەکـەن.. دوو ڕۆژنامە بوون ڕژێمی سەدام بە مەبەستی کـەرت و پـەرت کردنـی زمانی کوردی و کڕینی قەڵەمی نووسەران و دەستەمۆ کردنیان و سەر شۆڕکردنیان دایمەزراند.. ئەوەبوو زۆر نووسەر کە لە ناو شۆڕش کۆڵیان دەداو دەبەزین بە دەستە وستانی تەسلیمی ڕژێم دەبوونـەوە، هـەر لـەو دوو ڕۆژنامەیـەدا پاکانـەیان پێدەنووسین و کاریـان بـۆ دیـاری دەکـردن.. لـەو سـەردەمەی دکتـاتۆردا، زۆربـەی نووسـەران بـە

هەڵوێستەوە، رازی نەدەبوون لەو دوو رۆژنامەیەدا بنووسن زۆر باش دەزانم کێ تەسلیم بۆتەوەو کێش لەو رۆژنامانەدا پاکانەی نووسیوەو کاری کردووە.

٥. نووسیویانە کە من بۆچی لە(١٩٩١ تا٢٠٠١) هیچم نەنووسیوە؟ من لە کۆتایی(١٩٩١) دا لە زیندان بەربووم، لە گەڵ بەربوونمدا دەستم بە نووسین کردووەو لە کوردستانی نوێو گۆڤاری پێشمەرگەو زۆر شوێنی تردا نووسینم بڵاوکردۆتەوە. من کە ئەو نووسینانەم نەخستۆتە پاڵ نووسینە کۆنەکانم.. وامزانی ئەو لیژنەیە خۆیان وتەنی: بە ئاگان لە رەوتی نووسینو ئەدەبی کوردی. بۆیە پێشکەشم نەکرد.

٦. ئەو گاڵتە جاڕییەی ئەوان لە بڕگەی(٧)ی خاڵی حەوتیان سەبارەت بە من نووسیویانە، نووسەران دەکەم بە حەکەم.. ئەوە شێوازی نووسینی نووسەرو هونەرمەندی کوردە؟ کە متمانەیان پێ کراوەو کراونەتە ئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنو ریز لێنانی نووسەرانو هونەرمەندانی کورد، من وەکو ئەوان. دیارە ئەوانە نوێنەری حکومەتو هەموو نووسەرانو هونەرمندانن، ئەگەر رستەیەك لە شانو شەوکەتیان کەم کاتەوە، بۆیان هەیە لەسەر ئەو ڕستەیە دادگا بگرنوخەڵکی پەلکێشی مەحکەمە بکەن..

* سەبارەت بە بڕگەی(٧) لە خاڵی(٧) کە ئەوان گوایە حیسابیان بۆ بەرهەمی ئامادە کراو بۆ چاپ نەکردووە، ئەی ئەگەر هەبێت بەرهەمی نوسینو بەرهەمی ئامادەکراوی نەبێتو لەو لیستەدا ناوی هاتبێت..؟چی دەڵێن؟ کە بە ڕای من ئەوان دەبوو زیاتر حیساب لەسەر ئەو بەرهەمانە بکەن کە نووسەران بڵاویان نەکردۆتەوە، چونکە شاعیرو نووسەرە گەورەکانی کورد وەکو مەولەویو مەحویو نوری شێخ سالحو خانیو جزیریو حاجی قادر، لە کاتی خۆیاندا هیچیان بڵاونەکردۆتەوە، کاتێ دیوانەکانیان چاپکرا سوودی بە ڕەوتی ئەدەبیو رووناکبیری کوردی نەگەیاند..؟

١. لە بڕگەی(٧) لە خاڵی(٧) یاندا.. بێ ئەوەی حیساب بۆ وشەو مانای بکەنو بە لاقرتێیەوە پلار دەگرنە منو دەڵێن وەکو پیاوێکی سیاسی شۆڕشگێڕ ناسرابێتمو لەسەر هەڵوێستی نیشتمانی گیرابمو(سزا درابم)!!. بە حیسابی ئەوان دوای بەربوونم یەکێتی لە بارتەقادا، کاری داوە پێمو کردوومی بە بەڕێوەبەری گشتی. خەڵکینە.. تەنها سەرنج لەم رستەو بۆچوونانە بدەن هەموو

ڕاستییەکتان بۆ دەردەکەوێت. لیژنەیەك گاڵتە بە هەڵوێستی سیاسی کوردایەتی بکات، بڕیاری مەحکەمەی سەورەی بەغدای سەدام حسێن، لە بەرامبەری خەڵکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرو کوردپەروەر بە سزای تاوان بزانێت، دەبێت ئەو لیژنەیە چۆن خاوەن بیرکردنەوەیەك بێت؟ بە لای منەوە هەر ئەمە بەسە بۆ تێگەیشتن لە مەرامەکانیان. بە دوایدا ڕوو لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن، کە کردوومی بە بەڕێوەبەری گشتی، برادەرینە.. ئێوەش بە خۆتانتاندا بچنەوەو بزانن، هەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان نییە... کردوونی بە حاکم‌و کردوونی بە ئەندامی دەستەی بنکەی گەلاوێژو ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەو سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەرێم‌و ئەندامی باڵای یەکێتی نووسەران؟ ئەی ئەوە نییە متمانەی حکومەتێکتان پێدراوە و کراونەتە ئەندامی لیژنەی ڕێزلێنانی نووسەرانی کورد؟ ئەو هەموو شانازی‌و لاف‌و گەزافەی لە نامەی ئەعمالەکەتاندا نووسیوتانە دەگەڕێتەوە بۆ پاڵپشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.. نووسەر نییە ئەو دیاردەیە باش باش نەزانێت، من شانازی بە هەڵوێستی کوردپەروەری‌و نیشتمان پەروەریمەوە دەکەم، سەربەرزم بەوەی کە لە لایەن دام‌و دەزگای ڕژێمێکی دوژمن بە گەلەکەم گیراوم‌و زیندانی کراوم لە لایەن مەحکەمەیەکەوە حوکم دراوم کە تاکە مەحکەمەی دکتاتۆر بووە حوکمی کورد پەروەران‌و نیشتمان پەروەرانی داوە. ئەگەر ئێوە ئەوە بە سزای تاوانی کوردایەتی من دەزانن، من بە حوکمێکی قەرەقوشی ناڕەواو دژ بە کورد پەروەران‌و نیشتمان پەروەرانی دەزانم. بەلای ئێوەوە هەڵوێستی کوردایەتی‌و نیشتمان پەروەری پەیوەندی بە ئەدەب‌و نووسینەوە نییە، ئەوە ڕای خۆتانەو گلەییتان لێناکرێت.

خۆم نەکردووە بە پارێزەری کەس من حاکم قوباد نیم قانونی‌و حاکم بم‌و فەرید زامدار نیم ئەزموونی ئیداری و سەندیکاییم هەبێت!!... من ئەوەندە دەزانم کە لەو لیستەدا نووسەر هەیە ناوی نووسراوە، هیچ داواکاری و بەڵگەیەکی پێشکەش نەکردووە، بۆ موچەکەی منی ئاگادار کردووە بە لای منەوە کە دەبوو زوربەی نووسەران هەروەکو ئەو نووسەرە بەڕێزە حیسابیان بۆ بکرایەو نەخرانایەتە بەر نەشتەری لێوردبوونەوەو تەرح‌و جەمع کردنەوە. سەبارەت بەو ڕایەڵەیەی دروستیان کردووە لە ناو نووسەراندا وەکو(گوێبیست)

قسەی نووسەرانیان بۆ بردوون. ئەوەیان پێ وتوون کە پێیان دەڵێن نووسەر هەیە نە تەمەنی ژیان و نە تەمەنی نووسینی نەگەیشتۆتە ئاستی دەست نیشان کردن و ناویشی لە لیستەکەدا هەیە. ئەو سێ کەسە تەئکید لەوە دەکەنەوە کە هیچ کارێکی لەو جۆرە نەکراوە، بەڵام من جارێکی تر دڵنیایان دەکەمەوە کە چەند کەسی لەو جۆرەی تیادایە بە هۆی ڕاسپاردن و برادەرایەتی و نامەی بەرپرسانەوە ناوەکانیان خراوەتە لیستەکانەوە، دڵنیام من ئەگەر نامەی یەکێك لەو مەسئوولانەی خۆم دەیزانم بۆم بهێنانایە تووشی ئەم کێشەو سەریەشەیە نەدەبووم لە گەڵیاندا. سەبارەت بەوەی کە دەڵێن کەمترینیان ساڵی(١٩٧٧) شمولی کردووە نازانم ساڵی(١٩٧٧) تەمەنی نووسەرانە یان ساڵی دەست پێکردنی نووسینیانە؟ ئەگەر ساڵی تەمەنیان بێت ئەوە ئەگەر لە(١٥) ساڵییەوە دەستی بە نووسین کردبێ ئەو بڕیارە نایگرێتەوە، ئەگەر ساڵی(١٩٧٧) تەمەنی نووسینیان بێت تیایاندا هەیە کە لە دوای هەشتاکان و لە نەوەدەکانەوە دەستی بە نووسین کردووە، دەڵێن لیژنەکە بۆی هەیە نووسەری شایستە دەست نیشان بکەن، دیارە ئەم بڕگەیە بۆ ئەوەیە کە خۆیان لەو گلەیی و گازندەیە دەرباز بکەن کە ڕوو بە ڕوویان بۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نازانرێت ئەو نووسەرە شایستانەی بەلای ئەوانەوە شایستە بوون کێن..؟چەند خۆشبوو بۆ نووسەرانیان ئاشکرا بکردایە..

٢. سەبارەت بە ڕاست کردنەوەی ناڕاستییەکانی من.. بەو سێ ئەندامی لیژنەی ڕێز لێنانە دەڵێم: زوربەی نووسینەکەم بە ڕاست دەزانم و ڕوونکردنەوەکەی ئێوەم پێ وەرناگیرێت و بە ڕاستیان نازانم تەنها بە بەراورد کردنی هەردوو نووسینەکەی من و نووسینەکەی ئێوە هەموو ڕاستی و ناڕاستییەك دەردەکەوێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بڵێم: بۆ وەڵامی ئەو نووسین و یاداشتەی من، نەدەبوو، ئەندامانی ئەو لیژنەیە وەڵام بدەنەوە، دەبوو لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە پێك بهاتایەو ئەو لیژنەیە ڕاستی و ناڕاستییەکانی وەڵام بدایەتەوە، چونکە ئەم لیژنەی ڕێز لێنانە هەرگیز دان بەوەدا نانێن کە مافی نووسەرانیان پێشێل کردووە، وەکو کورد دەڵێت(کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە)..

وەزارەتی پەروەردە چی بۆ بەرنامەی خوێندن کردووە؟

بـەپێی یاسـای هـەموو شۆڕشـێك لەجیهانـدا لەهـەر وولاتێکـدا شـۆڕش بەرپابوو..گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیـانی کۆمەڵدا ئەکرێت کۆمەڵایـەتی–ئابووری–پەروەردەیی سیاسی.هتد... کوردستانی ئێمە٣٥ساڵە بە بەردەوامی لەشۆڕشدا یە رووبەڕووی هـەموو رژێمە یەك لـەدوای یەکەکانی فەرمانڕەوایـەتی عێراق وەستاوەتەوە.

قوربانی‌یـەکان لـەژمارە نایـەن. کارەسـاتو زەرەروزیانمـان لەڕادەبـەدەرە. ئەوسی‌وپێنج ساڵەی بەخەباتی پێشمەرگایەتی‌و نهێنـی جـەماوەری گەلەکـەمانی پیاتێپەڕی سالانێکی سەختو دژوار بوو..بەلام خوشکەری شۆڕش‌وجەماوەری راپـەڕین‌و سـەرجەمی خـەڵکی کوردسـتان بـووە لەبـەهاری١٩٩١ بـەهۆی چـەند هۆیـەکی نـاوەوەودەرەوەو جـەماوەری گەلەکـەمان راپـەڕی‌و لەماوەیەکی کەمـدا. بروسکە ئاسا کوردستانیان لە سەربازو پیاوانی رژێمی فاشی پاکسازی کردو دەتوانین بڵێین شۆڕشێکی نوێ‌و بەشێوازێکی نوێ بەرپابوو.

گۆڕانکارییـەکی وا لەسـەرجەمی کوردسـتاندا بمانەوێ‌ونەمانـەوێ دەبێـت گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لەگەڵ خۆیدا بخولقێنێت.

بەڵێ گۆڕانکاری خولقاو پەرلەمان‌وحکومـەتی فیدالی کوردستان لـەدایك بوو. ئـەمڕۆ کوردسـتان بـەعس‌و رژێمەکـەی تیـادا نـەماوە، یاسـا پووچـەڵ‌و ناتـەواو رەگەزپەرستانەکەی لێك هەڵوەشاوە، کەسی گوێ بۆ بەیت‌و بالۆرەکانی ناگریت‌و هەموو جەماوەر چاوی هیواوئاواتی بڕیوەتە پەرلـەمان‌و حکومەتی کوردستان‌و چاوەڕوانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەهەموو بوارێکی ژیاندا ئەکەن.

لەهـەموو دنیـادا پـەروەردەوفێرکردن بایـەخی تایبـەتی خـۆی هەیـە. رۆڵـی سەرەکی دەبینێت بۆ وشیار کردنەوەو فێرکردنی مندالان.

کوردسـتانیش چـەندین سـاڵە لـەژێر سـایەی پەروەردەیـەکی پووچـەڵی نـاوەڕۆك‌و بەعسیانەدا ئەنالێنێت مندالان لە زمان‌و ئەدەب‌و مێژووی نەتـەوەی بێبەری کراوە، خوێندکاری کورد بەمێژووی عەرەب‌ونیشتمانی عـەرەب‌و ئـەدەبی

عـــەرەب ئاشـــناكراوەو، بـــێ ئاگايـــە لـــە زمان‌ومێـــژووجوگرافيای خـــۆی‌و نيشتمانەكەی. ساڵانێكی زۆر دەبوو منداڵی كورد هەر چووە قوتابخانە بۆ ئەوەی بچێت زمانی عەرەبی فێربێت زمانەكەی خۆی بيربچێتەوە ساڵانی ئەم دوايەش سياسەتی بەعس سەپاندی‌بەسەر منداڵی كوردا كە هەر بەيەكجاری دەبێت واز لەمافی كوردومێژووی كوردوجوگرافيای كوردستان بهێنرێت‌و هەر كەس بەبێ ئاگايش لـە دەمـی دەربچوايە نـاوی كوردسـتانی بهێنايـە سـزای ياسايی ئەدراو بەشۆفێنی جوودا خواز ئەدرايە قەڵەم.

چەند كەس لەسەر وشـەی كوردسـتان‌و نـاوی سەركردەكان لەسێدارە دراون، سـاڵانی دوای ئـەنفال بـەهۆی چـەندئەڵقە لەگوێيـەك بـەناو مامۆسـتای كـوردی سەدامی قاتل ئەيويست لە هەموو قوتابخانەيەكی كوردستاندا بەعەرەبی وانەيان دەوتـەوە. بـۆ ئـەوەی تـا هـەموو قوتابخانەكـە بكەنـە عـەرەبی‌و منداڵانـەكانی لەورێگايـەوە تـەعريب بكـەن‌و ئـەو ئەڵقەلەگوێيانـە پـێش برِكێيـان ئـەكرد بـۆ كردنـــەوەی ئـــەو پۆلانـــە، ئێســـتاش هەنـــدێكيان ئەگـــەر رێگـــا بـــدرێن بـــۆ كوردوموقەدەراتی كورد فرمێسكی دڵسۆزی ئەرِێژن‌و هەندێ لايەنيش باوەشيان بۆ دەكاتەوە.. بۆيـە ئەركی وەزارەتـی پەروەردەيـە كـە بەسـۆزانە.. هـەوڵی جيـدی بـدات، بەرنامـەی خوێنـدن‌و فێركـردن لەخوێندنگاكانـدا بگـۆرِێـت.. ئـەو بەرنامـە پۆخڵانـە وەلاخـات كـە بـەعس دايرِشـتوون‌و منـداڵانی كورديـان پـێ چەواشـە كـردووە. دەبێـت وەزارەتـی پـەروەردە، پاكسـازی لـەدام‌ودەزگاكانی پـەروەردەدا بكـات. كۆنـە بەعسـيەكانی بووبوونـە ئەڵقـە لـەگوێی رژێـم بـۆ جێبـەجێكردنی سياسەتی تەعريب كردنی پەروەردە، لەپەروەردە دوور بخرێتەوە.

مووچەی فەرمانبەران و چەند سەرنجێك

دەمێکە بەنیازم لەبارەی مووچەی فەرمانبەرانەوە چەند سەر نجێ بنووسم، بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی هەمەلایەنە لەسەر کێشەی مووچە..وا لەم نوسینەمدا سەرنج و راوبۆچوونەکانم دەخەمە پێش چاوی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم، بەو ئومێدەی ڕێگاچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، کە لەئاستی گۆڕانکارییەکانی دنیاو ئەمڕۆی ژیانی مرۆڤی کورددا بێت، کەرۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

بۆ ئەوەی بەوردی لەکێشەکە بکۆڵینەوە، ناچارم چاوێك بەلیستی مووچەی فەرمانبەراندا بخشێنم وسەرنجەکانم بەرجەستە بکەم.

١. دەرچوویەکی کولیە بە ١٤٨دینارودەرچوویەکی پەیمانگابە١٣٩,٧٥٠دینارو دەرچووانی قۆناغەکانی خوارتر بە ڕێژەیەکی کەمتر دادەمەزرێن.

٢. دەرماڵە(مخصصاتی زەوجی)ی ژن٢,٦٠٠دوودینارو شەشسەد فلسەو دەرماڵەی منداڵ مخصصاتی منداڵ ٢,٦٠٠دوودینارو شەشسەد فلسە.

٣. (علاوە)سەرمووچەی ساڵانە ١,٣٠٠دینارێك وسێسەدفلسەو(ترفیع)بەرزەمووچە٤,٠٠٠چوار دینارە.

٤. فەرمانبەرێکی دەرچووی کولییە گەر دامەزرێت مووچەکەی ١٧٥دینارە

دیارە ئەم سیستمە سیستمی زۆر کۆنەو دەکرێت بڵێین بۆ ئەوسەردەمانە لەبارو گونجاو بووە، لەبەر ئەم هۆیانە:

١. دینارو تەنانەت فلسیش دراوی سەردەمەکە دراوێکی بەهێزبووە.

٢. ژیان وگوزەرانی ئەو سەردەمانەی مرۆڤ وەکوئێستا قورس وگران نەبووەو پێداویستییەکان ئەوەندە زۆرو قەبە نەبوون.

٣. هاتووچۆ نیشتەجێبوون وەکو ئەمڕۆ گران نەبووە.

٤. حکومەتەکانی ئەو سەردەمانە لەگەڵ ئەوەشدادژی کۆمەڵانی خەڵك وئازادیو سەربەستییەکانیان بوون و، بە خواستی میللەت نەهاتبوونە سەر

حوكم، بەلام زۆربەی پێداویستییەکانی هاوولاتیانیان بەرێگای ئۆرزدباك وکۆمەڵە هەرەوەزییەکان وکۆمپانیای خۆراکەوە بەنرخی گونجاوی سەردەمەکە دابیندەکرد، دیارە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەی بە خواستی کۆمەلانی خەڵك وبە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و بەخوێنی شەهیدان هاتۆتە بەرهەم، بۆ بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و کارەکانی خستووەتە ئەستۆی، بەلام لەتواناو دەسەلاتدانییە ئەمرۆبتوانێت پێداویستییەکانی رۆژانەی هاوولاتیان وەکو پێویست دابینبکات، تەنهادەزگایەك کەباری خەڵکەکەی لەرووی دەرامەتی ژیانەوە مسۆگەرکردووە. بڕیاری(٩٨٦)ە کە لەرێگای کۆمپانیای خۆراکەوە خوردن دەدرێتە هاولاتیان.

٥. لەو سەردەمانەدا رژێمە دەسەلاتدارەکان رێگایان بەحزب و رێکخراوو سەندیکا نەدەدا داکۆکی لەمافی هاوولاتیان بکەن، بەلام ئەمرۆ لەدوای راپەرینەوە بەهۆی باهۆزی ئازادیو دیموکراسییەوە چەندین حزب و رێکخراووسەندیکای جۆراوجۆر دروستبوون.

لەبارودۆخی ئێستای گەلەکەماندا کەوا بۆ دەسالە کورد خۆی حوکمڕانی خۆی دەکات، حکومەتی هەرێم بەهەوڵی دڵسۆزان لەسەر پێی خۆی راوەستاوەو کاروباری هاوولاتیان بەباشی بەرێوەدەبات و پارێزگاری لەسەرو سامان و بوونیان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بمانەوێت و نەمانەوێت کەموکوڕی هەیە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کەموکوڕییەکان دەستنیشان بکرێن و هەوڵبدرێت رێگای کەمکردنەوەو چارەسەرکردنیان بۆ دابنرێت، لەم ئاسۆیەوە چەند خاڵێك تیشکیان دەخەمەسەر:

١. لەدوای راپەرینەوە لەکوردستاندا چەندین حیزب و رێکخراوویەکێتی وسەندیکای جۆراوجۆر دامەزراون، هەریەکەیان بە پێی بە رنامەیان دەبێت لەخزمەتی کۆمەلانی خەڵکدا بن و، داکۆکی لەمافەکانیان بکەن، ئەندامانی ئەو حزب و رێکخراوانە، کەسان و هاوولاتیانی توێژەکانی کۆمەڵی کوردەوارین، زۆری فەرمانبەرو کارمەندو کاربەدەستی حکومەتەکەن، بۆیە لەو حزب و رێکخراوانە دەپرسم چۆن تائێستا پرسیارلە فەرمانبەرانی ئەندامیان ناکەن مووچەی چەندەو چۆنە؟ چۆن بژێوی ژیانی خۆیوخێزانی پێ دابیندەکات؟ رێکخراوەکانی ژنان و مندالان بۆ داکۆکی لەژن و مندال ناکەن؟.

چۆن رازی دەبن ژنێکی ماڵەوە دەرماڵەی مانگانەی دوو دیناروو شەش سەد فلس‌و دەرماڵەی منداڵێکی چاو گەش مانگانەی دوو دینارو شەش سەد فلس بێت، لێیان دەپرسم ئەو دوو دینارو شەش سەد فلسە چ خواست‌و پێویستیەکی ژن‌و منداڵ تەواودەکات؟

٢. خێزانێك ئەگەر دووسەر خێزانیش بن ڕۆژانە بە دەدینار خەرجی ڕۆژانە دەر ناچێت، جگە لەپۆشاك‌و کرێی خانووو هاتوچۆیان بۆ فەرمانگەو بازاڕ کە مانگانە تەنها خەرجی ڕۆژانەکەیان دەگاتە ٣٠٠دینار فەرمانبەرێك مووچەکەی ١٧٥دینار بێت ١٢٥دینارەکەی ترو کرێی خانوو هاتوچۆ پۆشاکی ساڵانە بەچی دابین بکات؟.

لەئەنجامی ڕۆچوون‌و وردبوونەوە بە مووچەی فەرمانبەراندا ئەم خاڵانەم لاگەڵاڵە بوو:

١. بەڕای من ئەگەر دەرماڵەی ژن‌و منداڵ چارەسەرێکی گونجاوی بۆنەکرێت، باشتر وایە لەسەر لیستی مووچە هەڵبگیرێت‌و نەمێنێت، چونکە ئەو دەرماڵەیە بەو شێوەیە هیچ گۆڕانکارییەك لەمووچەی فەرمانبەردا ناکات.

٢. مووچەو سەرمووچەو بەرزەمووچە بەڕێژەیەکی گونجاو دابنرێت کە فەرمانبەر بتوانێت لە٥٠٪ژیانی پێ دابین بکات، سەرە مووچە یەك دینارو سێسەد فلس بێت چ ئەرکێکی فەرمانبەر سوك دەکات، ئەگەر وایە نەبوونی باشترە کە ساڵانە کۆمەڵێ فەرمانبەری بۆ دەردەکرێت‌و دەخرێتە دۆسیەکەوەو کە زیادیش دەکرێت بەڕێژەیەکی گونجاوی وا زیاد بکرێت کە فەرمانبەر کەڵکی لێ وەربگرێت، بەرامبەر بەو ئەرك‌و ماندوبونەی.

٣. فەرمانبەر نییە ئەگەر تەنها خۆبێت ٥٠٠دینارو ئەگەر خێزاندار بێت بەهەزار دینا کەمترو لەژیانێکی مەمرەو مەژیە مانگانە دەربچێت.

٤. دەرماڵەی پلە(منصب) کە بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی ٧٠٠و٥٠٠دینار خەرجدەکرێت لەچاو ئەو ئەرك‌و کارو بەرپرسیارێتییاندا کەمە، چونکە بڕبڕەی پشتی ڕاپەڕاندنی هەموو دام‌و دەزگاکانی حکومەتەکەن..

٥. دەرماڵەکانی تری ئابوری ناسان‌و مەترسی‌و تەکنیکی‌و پۆستەو فەرمانبەران‌و کۆمپیوتەرو سندوق‌و پیشەکان بەڕێژەیەك دانراون لە ١٥٪ بۆ

٣٠٪، ئەم ڕێژەیە بەلای منەوە کەمەو پێویستە لەپێش چاو بگیرێت و ڕێژەکانیان زیاد بکرێت، بەتایبەتی یەکەی ژمێریاری.

٦. ڕێکخراوی ژنان و منداڵان و پیشەیەکان، هەوڵی جدی بۆ نادەن بۆ زیادکردنی دەرماڵەی ژنان و منداڵان و پیشەکان.

٧. ئەگەر بەراوردی مووچەی فەرمانبەرێکی حکومەت لەگەڵ مووچەی ئەوکەسانەی لەحیزب و ڕێکخراوو کۆمپانیا و ڕێکخراوە بیانییەکاندا کار دەکەن، جیاوازی بکرێت مووچەیان ئاسمان و زەوییە، بۆنموونە دەپرسین ١٠٠دینار لەکوێ و ١٠٠دۆلار لەکوێ؟

-لەکۆتایی پوختەی سەرنج و تێبینییەکانمدا، داوا لەبەرپرسانی حکومەتی هەرێم دەکەم، کەچاوێك بەم پێشنیازانەدا بخشێنن و هەوڵێك بۆچارەسەرێکی گونجاو بەپێی دەرامەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدۆزنەوەو، ئەوەش لەپیش چاو بگیرێت کە بڕیاری ٩٨٦مەرج نییە هەر بەوشێوەیە بەردەوام بێت.

١. کار بۆ ئەوە بکرێت لەهەموو دامودەزگاکانی حکومەتدا ئەوەندە فەرمانبەروکارگوزار دابنرێت کە فەرانگەکە پێویستێتی بۆکارکردن، زیادەکان بەچارەسەرێکی گونجاو دووربخرێنەوە، بۆئەوەی بێئیشەکان نەبنە هۆی پشت ساردکردنەوەی ئیشکەرەکان

٢. مووچەی فەرمانبەر زیاد بکرێت، ئەوکەسانەی دەرچووی کولیەو پەیمانگان لە٣٠٠بۆ٢٥٠دینارو پلەکانی خوارترو بەڕێژەی کەمتر دابمەزرێن و ئەوانەشی کە ئێستا دامەزراون بەڕێژەیەك گۆڕانکاری لەمووچەکانیاندا بکرێت.

٣. سەرەمووچەی ساڵانە بکرێتە ١٠دینارو بەرزە مووچە بکرێتە ٣٠دینار.

٤. دەرماڵەی ژن بکرێتە١٠٠بۆ١٥٠دینارو دەرماڵەی منداڵ٥٠بۆ١٠٠دینارو بەڕێژەیەکی گونجاو بۆ منداڵی زۆرتر لەیەك منداڵ زیاد بکرێت.

٥. دەرماڵەی پلەی بەڕێوەبەری گشتی بکرێتە ١٥٠٠دینارو دەرماڵەی پلەی بەڕێوەبەر بکرێتە ٧٠٠دینار.

٦. دەرماڵەکانی تری پیشەییەکان بەڕێژەیەك زیاد بکرێت کە بگونجێت لەگەڵ ئەرك و کارەکانیاندا، بەتایبەتی دەرماڵەی یەکەی ژمێریاری و کارگێڕی و خۆیەتیش دەرماڵەیان بۆ دابنرێت وەك دەرماڵەی هونەری، چونکە ئیدارە هونەرەو هونەریش حەق وایە دەرماڵەی هەبێت.

٧. دەرماڵەی خواردنو میوانداری بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکانو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بە٥٠٠بۆ٢٥٠دینار دابنرێت.

٨. یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە٢٤ی ساڵی ١٩٦٠لەبەر ئەوەی زەمەنێکی زۆری بەسەردا ڕۆیشتووەو لەئاستی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆی کوردستاندانییە، پشتگوێ بخرێتو کاری لەسەر نەکرێتو یاسایەکی تری گونجاو دابڕێژرێت.

ئەم راوبۆچوونوسەرنجوپێشنیازانە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە دەخەمە پێش چاو، ئومێد دەکەم ئەوکەسانەی شارەزاییان لەم بوارەدا هەیە راوسەرنجیان بنووسنو ببێتە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی وا کە بەشێوەیەکی گونجاو چارەسەری کێشەکە بکرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە (٢٦٦٩)ی ٢٠٠٢/١١/٢٨ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

(ڕۆتین دیاردەیەکی کوشندەیە پێویستی بەچارەسەرە)

ئەمڕۆ سەردەمی زانستو تەکنەلۆژیاو کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێتە...لەولاتانی پێشکەوتوی وەکو ئەوروپاو زۆر لەولاتانی ڕۆژهەلاتیشدا کاری ئیداریو دارایی و خزمەتگوزارییەکانی حکومەتو هاولاتیان لەدامو دەزگاکانی حکومەتەکاندا ئەوەندە ئاسان کراوە ئەگەر هاولاتییەك یان دەزگایەکی حکومەتی لەڕۆژێکا چەندکاری لەچەند دەزگایەك هەبێت بەبێ کێشەو سەرئێشەو هەر هەمووی زۆر بەزوویی جێبەجێ دەکرێن. کار ئاسانییەکە گەیشتوەتە رادەیەك لەزۆر ولاتدا تەنها بەبەکارهێنانی کارتێ یان پلاكو دوگمەیەك یەکسەر کارەکە مەیسەر دەبێت.

ئێستا لەکوردستاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی کارەکانی دەزگا حکومیەکانو هاولاتیانی کەوتۆتە ئەستۆ، بەداخەوە، لەزۆربەی دامو دەزگاکاندا دیاردەی ڕۆتین بۆتە دیاردەیەکی کوشندە، بەهۆی نەشارەزاییو هەستنەکردن بەئەرکی نەتەوەییو نیشتمانیو ئیجتیهادی کەسیو کەسانی مەسلەکی، دیارەکە وازەق بۆتەوە، خەڵکی دڵسۆزو بەخەمی نیگەران کردووە. نووسراوێك یان داواکارییەکی هاولاتیەك ئەوەندە پەراوێزی(باشە،راتان،لاریمان نیە پەسەندە)و ئیمزای یەك لەسەر یەکی لەسەر دەکرێت هەست بەمۆتەکەیەکی قورسو ترسناك دەکەیت، ئەگەر بەزوویی بەپیریەوە نەچین، دەبێتە هۆی دواکەوتنو گەشەنەکردنو پێش نەکەوتنی حکومەتەکەمانو دەم کردنەوەو گلەیی هاولاتیان لەحکومەتەکەمان.

لەڕوانگەی ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانییەوە بەپێویستی دەزانم قسەی لەسەربکەمو شارەزایانو پسپۆڕانی بواری ئیداریو دارایی بەپێی پسپۆڕییان قسەی لەسەر بکەن. بەرپرسانو پەیوەندیدارانی ئەمڕۆی حکومەتی هەرێم(وەك چۆن سەرۆکی حکومەت، بەپەرۆشەوە باسی دیاردەکە دەکاتو لەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ڕۆژی١/٢٨یەکەم بەرنامەی کۆبوونەوەکە تەرخان بوو بۆ

لێکۆڵینەوەی دیاردەکە) ئەوانیش بەبایەخەوە بڕواننە راو سەرنج و بۆچوونەکان. بەپەرۆشەوە هەوڵ بۆ چارەسەرێکی گونجاوی بدەن.

من دیاردەکە لەچەند خاڵێکدا چڕدەکەمەوە...

١. ئەرك و دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکان...

٢. بڕیارەکانی ئەنجومەن و فەرمانەوەزاریەکان

٣. دەرماڵە جۆراوجۆرەکان.

٤. کاری دەزگاو فەرمانگەکانی حکومەت.

٥. دەسەڵاتەکانی سەرەوە دەست وەردان لەکاری دەزگاکانی خوارەوەی حکومەت.

٦. دانانی کەسانی شارەزاو شایستە بۆ بەڕێوەبردنی دەزگا گرنگەکان.

روونکردنەوەی خاڵەکانی دیاردەکە:

ئەرك و دەسەڵاتە ئیداری و داراییەکان.. بۆئەوەی رۆتین نەبێتە نەخۆشییەکی کوشندە، لەحکومەتەکەماندا پێویستە کارو دەسەڵاتەکان بەسەر دامەزراوەکاندا بەشێوەیەکی گونجاو بەپێی کاری دەزگا کە دابەش بکرێت، لەئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزارەتەکان و گشت دەزگاکان. بەم رێگایە دەتوانرێت رۆتین کەم بکرێتەوە، هەرچەندە لەهەندێ وەزارەت و دام و دەزگادا، کەم تازۆرێك کراوە، بەڵام ئەوە بەس نییە دەبێت فەرمان و بڕیارەکان سەرتاسەری بێت.

١. بڕیارو فەرمانەکان...ساڵانە بەپێی بەرەو پێش چوونی حکومەتی هەرێم و زۆربوونی کارو ئەرکەکان...ساڵانە چەندین بڕیارو فەرمان لەئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانەوە دەردەچێت، دیارە هەموو بڕیارو فەرمانێك هۆکاری تایبەتی و گشتی هەیە. پێویستە ئەو بڕیارانە ساڵانە بەبێ نوێکردنەوە کاریان پێبکرێت تابڕیارو فەرمانێکی تر بۆ راگرتن یان هەڵوەشاندنەوەی دەردەچێت. کەئێستە لەزۆر وەزارەت و لەدەزگاکانی سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابووری داوای تازەکردنەوەی ساڵانەیان بۆ دەکرێت، بەلای منەوە ئەم دیاردەیە یەکێکە لەرۆتینەکان پێویستە بڕیارێکی گونجاوی بۆ بدرێت، کار لەسەر تازەکردنەوەیان رانەوەستێت یان پێویست بەتازەکردنەوەیان نەکات.

٢. دەرماڵـە جۆراوجۆرەکـانو شـێوەی خـەرج کردنیـان...لەسـەرجەمی دەزگاکـانی حکومەتـدا، چـەندین جـۆری دەرماڵـە بـۆ فەرمانبـەران دانـراوە، دەرماڵەکان بوونەتە بەشێك لەمووچەی مانگانـەی فەرمانبـەران، لەسەر لیستی مووچـە دەبسـترێت... سـاڵانە ئـەو دەرماڵانـە دەبێـت فـەرمانو فـۆرمی تازەکردنەوەیان بۆ دەربکرێت لەبەر ئەم رۆتینە سەیرو سەمەرە، کەم دەزگا هەیە بتوانێت مانگی یەکی ساڵکە دەرماڵەی فەرمانبەرانی بۆ خەرج بکرێت...بەڕای من مادام دەرماڵە بۆتە بەشێك لەمووچەی فەرمانبەر، چۆن مووچەپێویستی بەفەرمانی نوێکردنەوە نییە دەرماڵەش پێویستی بەتازەکردنەوە نەبێت، دەبێت لەم دیاردەیە دەرباز بینو رۆتینێکی زیادەیە.

٣. کـاری دەزگـاو فەرمانگـەکانی حکومـەتو شـێوەی ئەنجامـدانی کـاری فەرمانگـەو هاوڵاتیـان... هـەر دەزگایـەك لـە حکومـەتی هەرێمـدا دامـەزراوەو دادەمەزرێت، کارو ئەرکەکەی لەپێش چاو گیراوەوبوودجەی پێویستی مانگانـەو ساڵانەی بـۆ تـەرخان کـراوە...بودجەکـە سـاڵانە بـەپێی دەفتـەرێکی رێکخـراوی وەزارەتی داراییو ئابووری دوای لێکۆڵینەوەو وردبونەوە لەکارو ئەرکی دەزگاکە بەکەمکردنـەوەی یان زیادکردنی پەسـەند دەکرێتو بـەپێی ئـەو بودجەیـە کـارو چالاکیەکانی جێبەجێدەکات. دەزگاکە بەرپرسە لەشێوەی خەرجکردنوپاکتاو کردنی لەوەزارەتی دارایو ئابووریو دیوانی چاودێری گشتی...دەبێت مانگانـە لەوبودجەیـە پێشـینەی بـەردەوامی مانگانـەو مووچـەی مانگانـەی فەرمانبـەرانو پێشینە جۆراوجۆرەکان خـەرج بکات، بۆراکێشـانی پێشـینەکان، مانگانـە دەبێت لەرێگای بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوانەوە داوا لەوەزارەت بکرێت، بۆ تەمویلکردنو خـەرجکردنیو وەزارەتـیش داوا لـەوەزارەتی دارایـیو ئـابووری بکـات بـۆ تـەمویلکردنو خـەرجکردنی کێشـەکە لەوەدایـە لەهـەردوو وەزاتەکـە چـەندین پـەراوێزی (راتـان باشـە پەسـەندە، رازی نـین) لەسـەر نووسـراوەکە دەنوسـرێتو چەندین ئیمزای لەسەر دەکرێت...لەهەر بەشو ئەوشوێنانەی پەراوێزو ئیمزای لەسەر دەکەن رۆژو دوان دەخایەنێت. بەڕای من ئەم دیاردەیە یەکێکە لەرۆتینی خراپو بـۆ چارەسـەرکردنی مـن وای بـەباش دەزانم. بەرێوەبەرێتییـە گشـتییەکە راستـەوخۆو بەنووسراوی بەڕێوەبەرێتییەکەو ئیمزای بەڕێوەبەرەکەی نووسـراو بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی دارایی لەوەزارەتی داراییو ئابووری، بـۆ پێشـینەکانو

دابینکردنی پێداویستیەکان و داواکاریەکانی هاوڵاتیان لەڕووی ئیداری و داراییەوە بکات وبەسەر ئەو ڕۆتینەدا زاڵ ببین.

٤. کێشەی دەسەڵاتەکانی سەرەوەی حکومەت و دەستوەردان لەکارو دەسەڵاتەکانی دەزگاکانی خوارەوەی...ئەم کێشەیە دیاردەیەکی زەقەو چۆتە خاڵی ڕۆتینەوە، هەیبەتی دەزگاکانی خوارەوە کەم بۆتەوەو هاوڵاتیان ئەژماردنی بۆ ناکەن...زۆر جار وەزیرێک دەبێتە بەڕێوەبەرێکی ناحیەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی و ئەوە فەرامۆش دەکات کە دەسەڵاتی وەزیر چییە؟ وەزیر لەچ پلەیەکدایە: بۆنموونە: لەشاری سلێمانیدا، کە ئێستا بۆتە پایتەختی حکومەتی هەرێم دوو دەسەڵات کارە خزمەتگوزاری و ئیداری و داراییەکان دەبەن بەڕێوە، پارێزگای سلێمانی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی بەپێی پەیکەری ئیداری دەبێت پارێزگا بەرپرسی یەکەی ئیداری پارێزگاکە بێت، هەمو داخوازی و داواکارییەک لەڕێگای قائیمقامەکانەوە بۆ پارێزگا بەرز بکرێتەوەو، پارێزگاش بەپێی جۆری داواکارییەکە داواکارییەکە ئاڕاستەی دەسەڵاتی سەرووپارێزگا بکات.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شارەوانی، بەپێی پێکهاتەو هۆکاری دامەزراندنی هەرچی داهاتی دام و دەزگاکانی سنووری شارەوانی سلێمانیە دەبێتە بودجەی شارەوانی بەو بودجەیەش دەبێت کارە خزمەتگوزاریەکانی شارەکە جێبەجێ بکرێن... بەڕای من پێویستە ئەم دوو دەسەڵاتە دوو دەسەڵاتی جیاواز نەبن، بەڵکە زۆر لەیەکەوە نزیک بن و هاوکاری و پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوانیاندا هەبێت، یان تەواوکەری یەکتری بن و بەبەرنامەیەکی داڕێژراوی هاوبەش کارەکان ئەنجام بدرێت. شێوەی کارکردن وادەخوازێت کە لەهەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا پارێزگارو قائیمقامی مەرکەز بەشداربن...بۆ ئاگاداربوون لەبەرنامەی یەکتری بۆ شارەکە، بەڵام بەداخەوە ئێستا وا هەست دەکرێت کەپارێزگا لەشارەکەدا نییە، چونکە هەموو دەسەڵاتەکانی لێ زەوتکراوە. لەکاتێکدا.لەهیچ حکومەتێکی دەوروبەرمان دیاردەی وابەرچاو ناکەوێت...ئەم دیاردەیەش خاڵێکە لەخاڵەکانی ڕۆتین و پێویستی بەچارەسەری گونجاوە.

*ئەم وتارە لەژمارە٢٦٧٧ی٢٠٠٢/٢/٦ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

بڕیاری ژماره(٥٣)ی سه‌رۆکایه‌تیی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران وچه‌ند سه‌رنجێك

له‌ژماره(٢٦٦٩)ی رۆژی ٢٠٠٢/١/٢٨ی رۆژنامه‌ی کوردستانی نوێی ئازیزدا، بابه‌تێکم له‌ژێر ناونیشانی(مووچه‌ی فه‌رمانبه‌ران و چه‌ند سه‌رنجێك)دا بڵاوکره‌وه. بابه‌ته‌که‌م له‌چه‌ند خاڵێکی ورده‌کاریدا کۆکرابۆوه‌و هه‌ر خاڵه په‌یوه‌ندی به‌لایه‌نێکی مووچه‌ی فه‌رمانبه‌رانه‌وه هه‌بوو، به‌دوای نووسینه‌که‌مدا کاك خالید محه‌مه‌د له‌ژماره(٢٦٧٧)ی رۆژی ٢٠٠٢/٢/٦و خاتوو منیره عه‌بدول له‌ژماره(٢٦٨٧)ی٢٠٠٢/٢/١٨، هه‌ریه‌که‌یان بابه‌تێکیان له‌کوردستانی نوێدا بڵاوکرده‌وه، که هه‌ریه‌که‌یان به‌بۆچوون و شاره‌زاییان پشتگیریان له نووسینه‌که‌ی من کردبوو.

رۆژی ٢٠٠٢/٢/١٣له‌سه‌ر بڕیاری به‌ڕێز دکتۆر به‌رهه‌م سه‌رۆکی ئه‌نجوومه‌نی وه‌زیران، کۆبوونه‌وه‌یه‌کی فراوان بۆ هه‌موو به‌رپرسانی ده‌زگاکانی حکومه‌تی هه‌رێم، له‌هۆڵی شه‌هید(شازاد صائب) سازکرا...

کۆبوونه‌وه‌که تایبه‌ت بوو بۆ بنه‌بڕکردنی دیارده‌ی رۆتین له‌دام و ده‌زگاکانی حکومه‌تی هه‌رێمدا، وه‌کو به‌شدارێکی کۆبوونه‌وه‌که هاوبه‌شی راده‌ربڕین و لێکۆڵینه‌وه‌م کرد.له‌راو بۆ چوونه‌کانمدا سه‌باره‌ت به‌دیارده‌ی رۆتین و به‌رنامه بۆ چاره‌سه‌رکردنی سه‌رنجی به‌شداربووان و به‌رپرسانم بۆ که‌میی مووچه‌و ده‌رماڵه‌کانی فه‌رمانبه‌ران و یاسای راژه‌ی شارستانی ژماره(٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی فه‌رمانبه‌ران و راکێشا، تیشکم خسته سه‌ر چه‌ند لایه‌نێکی مووچه‌و په‌یوه‌ندی به‌دیارده‌ی رۆتین و رێگا چاره‌ی بنه‌بڕکردنی. زۆربه‌ی به‌شداران و به‌رپرسان پشتگیریی و ده‌ستخۆشیان له‌ڕاوبۆچوونه‌کانم کرد.

له‌وکاته‌وه سه‌رجه‌می فه‌رمانبه‌ران و هاووڵاتیان چاوه‌ڕوانن که:
یه‌که‌م:دیارده‌ی رۆتین له‌دام و ده‌زگاکانی حکومه‌تدا بنه‌بڕبکرێت، به‌داخه‌وه ئه‌م دیارده‌یه نه‌ك بنه‌بڕ نه‌کراوه. به‌ڵکو زیادی کردووه‌و باوه‌ڕ ناکه‌م وه‌زاره‌تێك یان ده‌زگایه‌کی حکومه‌ت هه‌بێت دیارده‌که‌ی که‌م کردبێته‌وه‌و به‌بۆچوونی من به‌پێچه‌وانه‌وه زیادی کردووه. دووه‌م:گۆڕانکاری له‌مووچه‌ی فه‌رمانبه‌ران

بەزیادکردنی مووچەو دەرماڵەکان و سەرەمووچەی ساڵانەو بەرزە مووچەیاندا. دوای کۆبوونەوەکە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەم وەزارەت و ئەو وەزارەت مووچەو دەرماڵەی زیادکردو دوابڕیاری ژمارە(٥٣)ی ڕۆژی٢٠٠٢/١١/٢٣بوو کەتایبەت بەدەرماڵەی (ژن و منداڵ)ی فەرمانبەران. وێڕای دەستخۆشیم لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیارەکانی پێشوویی و ئەم بڕیارەشی، پیرۆزبایی لەخێزانی ئەو فەرمانبەرانە دەکەم کەبڕیارەکە دەیانگرێتەوە، بەئومێدی ئەوە سەرۆک و بەرپرسانی حکومەتەکەمان زیاتر خەمخۆری فەرمانبەران و کارمەندانی دەزگاکانی حکومەت بن و، بڕیاری باشترو گونجاوتر بۆ چاککردنی ژیان و گوزەرانیان دەربکەن و، بەبەردەوامی بڕیار بەدوای بڕیاردا مژدەبەخشی فەرمانبەران و خێزانەکانیان بکرێت. دەمەوێت(ئەگەر لێم نەگرن و لێم وەربگرن)، چەند سەرنجێکی تر لەسەر ناوەڕۆکی بڕیارەکە بخەمە پێش چاو، چونکە دڵنیام ئەم جۆرە بڕیارو هەنگاوانە بۆ خۆشگوزەرانیی فەرمانبەران و خێزانەکانیان، فەرمانبەران کاراترو پەرۆشتر دەکات بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ئەرکەکانیان لەدەزگاکانی حکومەتداو دڵسۆزانەتر بەدەنگ و پیری هاوولاتیانەوە دەچن و دیاردەی ڕۆتین ڕۆژ بەرۆژ بەرەو نەمان دەبات.

سەرنجەکانم لەچەند خاڵێکدا چڕ دەکەمەوە:-

١. دەرماڵەی(ژن و منداڵ)...ئەم دەرماڵانە(مافێکی دەستەبەر کراوی) ژن و منداڵی فەرمانبەرانە(حق مكتسب للموظف). ئەم دەرماڵانە بەپلەوو پایەو مووچەی فەرمانبەرەکەوە نابەسترێتەوە. فەرمانبەرێکی ئاسایی فەرمانگەیەکی حکومەت بێت...بەپێی سیستەمێك ئەم مافە دراوەتە ژن و منداڵەکانیان، بۆیە ژن و منداڵی فەرمانبەرێك لەفەرمانبەرێکی تر لەوەرگرتنی دەرماڵەیاندا لەیەك جیاناکرێنەوە...،ژن و منداڵی وەزیرێك یا پلەدارێکی تری لێ بێبەری ناکرێت، بەڕای من ئەو جیاکردنەوەیە لەبڕیارەکەدا لەجێی خۆیدا نییە.

٢. لەڕوانگەی خاڵی یەکەمەوە بڕگەی(أ-ب)ی سێیەم خاڵی بڕیارەکە ژن و منداڵی ئەو فەرمانبەرانەی مووچەکانیان لەهەزار دیناردایەو ئەو ژن و مێردەی بەمووچەکانی هەردووکیان لە(١٥٠٠) دینار دایەبڕیارەکە نایانگرێتەوەو ژن و منداڵیان لێ بێبەشکراوەو دەبێت پابەندی بڕگەی(ج)ی سێیەم خاڵی بڕیارەکە بن. بەڕای من ئەم جیاکردنەوەیە پابەندی هیچ بنەماو سیستەمێکی ئیداری و دارایی

نییەو روون نییە لەچییەوە وەرگیراوەو پشت بە چ سیستەمو بنەمایەك بەستراوە. بۆیە نەدەبوو ئەو جیاوازییە بکرایە، بمانەوێتو نەمانەوێت لاسەنگیەك لەبڕیارەکەدا بەرچاو دەکەوێت، من پێشنیاردەکەم خاڵی سێیەم بڕیارەکە بەبڕگەکانی(أ-ب-ج)ەوە لەبڕیارەکە لابرێتو ژنو منداڵی هەموو فەرمانبەرانی حکومەت بەبێ جیاوازی پلەی وەزیفیو مووچەیان، دەرماڵەکانیان بۆ خەرج بکرێت، چونکە برگەی(ج) لەخاڵی سێیەم دەیسەلمێنێت کە ئەو دەرماڵانە مافێکی دەستەبەر کراوی ژنو منداڵی فەرمانبەرانە، بۆیە بەکەمیە کەشیەوە هەرماوەتەوەو نەبڕدراوە، ئەگەر نا بۆ ئەوەی بڕیارەکە بێ کەمو کوڕی بێت، ئەو دەرماڵانەی لەبڕگەی(ج)ی خاڵی سێیەمدا دیاری کراوە کە وەکو جاران بۆیان خەرج بکرێت لابرێت، چونکە ئەگەر ڕەوایە دەرماڵە بیانگرێتەوە، ناڕەواشە زیاد کردنەکە نەیانگرێتەوە لێی بێبەری بکرێن.

٣. دەرماڵەکەو جەژنانە...دەرچوونی بڕیارەکە، کەوتۆتە سەروبەری چەژنی رەمەزانەوە کاتەکەی وا کەوتۆتەوە بۆنی چەژنانەی لێدەکرێت. بەڕای من خاڵی نۆیەمی بڕیارەکە کە ٢٠٠٢/١١/١ی دەستنیشانکردووە بۆ جێبەجێکردنی بخرێتە٢٠٠٢/٦/١، بۆ ئەوەی فەرمانبەران بەسەریەکەوە (٦)مانگ ئەو دەرماڵانە وەربگرنو بەم هەنگاوەش دەبێتە جەژنانەیەکی زۆر باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەموو خێزانی ئەو فەرمانبەرانەی بڕیارەکە دەیانگرێتەوە.

٤. دەرماڵەی ژن..لەبڕیارەکەدا لەباروددۆخێکی وەکو ئێستای کوردستانو لەسەر مێینەو ژنان دەنووسرێتو قسەدەکرێت بەمەبەستی داکۆکی لەمافی ژنانو بەرگری لەمافەکانیان..وەکو دەوترێت ژن نیوەی کۆمەڵەو دایکی نیوەکەی‌تریەتی..ئەو دەرماڵەیە نەدەبوو لە(١٠٠)دینار کەمتر بێت، چونکە لەم رۆژگارەدا نەك(٢٥)دینار، بەڵکو سەد دینارەکەش کەمترین خزمەتی پێناکرێت، بۆیە ژنان مافی خۆیانە دەنگیان بەرزبکەنەوە، رووبکەنە رەگەزی نێرینەو پیاوو پێیان بڵێن: تاکەی مافەکانمان پێشێل دەکەنو رێز لەداخوازییەکانمان ناگرنو دەمانچەوسێننەوە، ئەی ئادەمیزادی پیاو. بۆیە من داوا دەکەم دەرماڵەی ژنیش بکرێتە(١٠٠)دینار.

٥. دەرماڵەی منداڵ...لەخاڵی دووەمی بڕیارەکەدا دەرماڵەی منداڵ بەچەند برگەیەك دیاری کراوە کە لەمنداڵی یەکەمەوە بە(٢٥)دینار دەست پێدەکات، بەرای من(٢٥)دینارەکە دەرماڵەیەکی گونجاوەو لەجێی خۆیەتی، بەڵام

داشکاندنی بەو شێوەیە تا(٥)دینار بەڕای من گونجاو نییە.ئەم جۆرە کەمکردنەوەیە بۆ وڵاتێکە کەبتوانێت تەحدیدی نەسلی تیادا بکرێت، بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمەی کوردەواری لەبار نییە، چونکە تاکو ئێستا لەهیچ بوارێکی کۆمەڵایەتیدا بنەمایەك نییە بتوانرێت تەحدیدی نەسلی لەسەر بکرێت، بۆیە وا باش بوو ئەو دەرماڵەیە لەمنداڵی یەکەمەوە تا منداڵی پێنجەم بە(٢٥)دینار دابنرایەو لەمنداڵی شەشەمەوە بکرایەتە(٣٠-٥٠)دینار چونکە ئەمڕۆ گوزەران ئەوەندە قورس بووە، بەو زیاد کردنەشەوە کەم کەس هەیە بتوانێت وەکو پێویست بژێوی خۆیو خێزانی مسۆگەر بکاتو دەرەقەتی بژێوی ژیان بێت.

٦. یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە(٢٤)ساڵی ١٩٦٠و گۆڕینی کە حەق وایە چاوێك بەڕاژەی شارستانیدا بخشێنرێتەوەو ئەم یاسایە لابرێتو یاسایەکی گونجاو لەشوێنی دابنرێت، کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای کوردستاندا بگونجێتو ڕەچاوی ئەم خاڵانەش بکرێت.

١. زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران.

٢. زیادکردنی سەرەمووچەو بەرزەمووچە.

٣. زیادکردنی دەرماڵەی پلە(منصب)ەکان.

٤. زیادکردنی دەرماڵەکانی تری فەرمانبەران.

لەکۆتاییدا دەڵێم گومانی تێدا نییە هەموومان دەزانین کە دەرامەتو دەسەڵاتی دارایی حکومەتەکەمان، ئەو دەرامەتە بەهێزو بەتواناو بەردەوامە نییە، کە بەئاسانی بتوانێت وەکو پێویست هەموو داواکاریو داخوازییەکانی فەرمانبەران هاووڵاتیان بۆ باشکردنی بژێوی ژیانیان دەستەبەربکرێت، بەڵام فەرمانبەرانی حکومەتەکەشمان باری ژیانیان ئەوەندە خراپە، بەزەحمەت دەتوانن بژێوی ڕۆژانەی خۆیانو خێزانیان دابین بکەن. بۆیە هەرهەموویان چاویان لەهەنگاوەکانی حکومەتەو حکومەتیش چەندی بۆ دەکرێت هەنگاوی گونجاوی یەك لەدوای یەك بنێتو بۆ خۆشگوزەرانیان کارێکی باشەو دەبا ئەوەندەی دەکرێت بۆیان بکرێت.

*ئەم وتارە لە ژمارە(٢٩٣٥)ی ٢٠٠٢/١٢/١١ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

مامۆستا رەئووف ئالانیو چەند بیرەوەریەك

*لەشەستەکاندا خوێندکاربووم. بەپەرۆشەوە رۆژنامەوگۆڤارە کوردیەکانم دەخوێندەوە، ئەوکاتە ئالانی مامۆستابوو. بەهۆی نووسینەکانیەوە بەناو دەمنناسی. حەزم دەکرد لەنزیکیشەوە بیناسم.

*لەهاوینی ۹۷۱(کۆری زانیاری کورد)بە مەبەستی(پێکەوەنانی کتێبخانەیەکی فۆلکلۆری کوردی) چەند لیژنەیەکی گەرۆکی لەخوێندکارەکانی بەشی کوردی کۆلێژی ئادابی بەغداو مامۆستا شارەزاکانی زمانوئەدەبی کوردی دروستکرد بۆ پارێزگاکانی(سلێمانیو هەولێرو دهۆك).

*یەکێك لەخوێندکارەکان منو یەکێك لەمامۆستاکان ئالانی بوو.
لیژنەکانی پارێزگای سلێمانی مامۆستای هەمیشە زیندو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ سەرپەرشتی ئەکردن.

*رۆژی ۱۹۷۱/٦/۲۷ بۆ پەیوەندیکردن بەلیژنەکەوە عەسرەکەی چووم بۆ(مزگەوتی قازی). کە ئەوکاتە مامۆستا خاڵ ژووری تایبەتی خۆی لەومزگەوتە هەبوو، بۆ چاوپێکەوتنی رۆشنبیرانو نووسەران.
چوومە ژوورەوە، مامۆستا خاڵوچەند بەرێزێکیتر دانیشتبوون. دوای بەخێرهاتن. مامۆستا خاڵ روویکردە یەکێك لەدانیشتووەکان فەرمووی مەلا رەئوف ئەوە شێخ محەمەدە یەکترئەناسن.؟؟
ئەگەر یەك ناناسن یەك بناسنو هەردووکتان لیژنەی(شارباژێرو پێنجوێنو قەرەداخن). ئالانی هەستاومنیش هەستام لەبردەمی مامۆستا خاڵو ئەو بەرێزانەدا یەکترمان ناسی.
ئامۆژگاریو رێنمایی مامۆستا خال ئەوشتانەی بۆلیژنەکان ئامادەکرابوو، ئالانی وەریگرتنو خواحافیزیمان کردو رۆیشتین. چووینە ماڵی ئالانی

لەحەوشەکەوە بانگی خێزانەکەی کرد، کە ناوی(ڕووناك)بوو، وتی ڕووناك خزمێکی خۆشەویستومیوانێکی زۆر ئازیزم هێناوەتەوە. بۆ شێو شێوێکی دەروێشانەمان بۆ سازبکە. ئەوشەوە بەرنامەی کارو چۆنیەتی دەست بەکاربوونمان داڕشت. ڕۆژی٧/١ بەرەو چوارتا بەرێکەوتین.

لەماوەی(٤٥) ڕۆژدا ناوچەکانی(شارباژێروپێنجوێنوقەرەداخ)گەڕاین. لەماوەی ئەو گەڕانەماندا دەیان قسەو وتەی بەنرخی ئالانیم لەدەفتەرێکدا تۆمار کردبوو، بەداخەوە ئەو دەفتەرەم جەندرمەکانی بەعس بەردەستیان نەکەوت، بەڵام لە(٣١/ئاب)دا لەکیسم درا. چەند یادگارییەکی نووکتە ئامێزی ئەو ماوەیەم لەیادماوەو بۆتانی ئەگێڕمەوە.)

١. ڕۆژی لە(بیورێوە)دەچووین بۆ(باسنێ) کەرێکمان بۆ هەڵگرتنی جانتاکانمان بەکرێ گرتبوو. منو ئالانیو خاوەن کەر بەپێ ئەڕۆیشتین لەپڕ ئالانی باڵی گرتمو وتی ڕاوەستن باقسەیەکی خۆشتان بۆبکەم. وتمان فەرموو. وتی ئەزانن ئێستا ئێمە لەچی ئەچین؟ وتمان لەچی؟ وتی لەسەیدخەلیلی دەلاكو دەڵێی دەچین بۆ خەتەنەکردنی منداڵان. خاوەن کەرەکە دایە قاقای پێکەنین.

٢. چەند ڕۆژێ بوو لەگوندەکانی دەوری ماوەت دەگەڕاین لەهەرماڵێکی ئەو گوندانە میوان دەبووین بە یەلکەوڕۆنی تەختە میوانداریان ئەکردین. گەرمابوو. تەواو لەوخواردنە وەرس بوو بووین. ڕۆژێ لە(کێلێوە) دەچووین بۆ(باناڵێ) مابوومان بگەینە دێیەکە، ئالانی وتی شێخ محەمەد بەرنامەیەکم بەخەیاڵدا هاتووە، بۆ دەربازبوون لەوهێلکەوڕۆنە بزانین سەرئەگرێت. وتم بابزانم. لەباناڵێ چووینە ماڵی مەلا، مەلا لەماڵ نەبوو. مەلا ژن جێی بۆ ڕاخستینو بەخێرهاتنی کردین. چووە دەرەوە، ئالانی بانگی کرد،ماموٚستا ژن زەحمەت نەبێ. هاتە ژوورەوە. ئالانی وتی تۆ لە ئێمەت نەپرسی(کێنو چینو بۆچی ئەگەڕێنو بۆ میوانی مەلاین؟). مەلاژن هەرکەسن میوانن و میوانیش لەسەر سەرو لەبان چاوانە. ئالانی وتی حەز ئەکەم بماناسیت. ئەم پیاوە شێخ محمدی شێخ عبدالکریمی شێخ کاکە حەمەی سۆڵەیە. منیش ڕەئوفی مەلا ئەحمەدی شاناخسێم، هەر ناوی شێخ عبدالکریمی هێنا مەلاژن پەلاماری دامو دووسێ جارشانی ماچ کردم. وتی یاخوا بەخێربێت خێرو بەرەکەتتان بۆ هێناوین. چووە دەرەوەو ناردی بەدوای مەلادا. قیرەقیری مریشك لەدەرەوە دڵمانی

خۆشکرد. نیوەڕۆ لەجیاتی یەلکەورۆن مریشکیان بۆ هێنایین. ئالانی بەچپە پێی وتم پیلانەکەم سەریگرت.

٣. چووینە سۆڵە.(کەریم عبداللە) کە ناسرابوو بە (کەلەی عەبەچەتوون) دانیشتوی قوشقایەی بازیان بوو. یەکێکبوو لە دەنگ خۆشە بەناوبانگەکان، ناردمانە شوێنی. بۆ ئەوەی دەنگی تۆماربکەین.(کەلە) چەندێ دەنگی خۆشبوو ئەوەندەش زۆرخۆربوو. ئەوشەوە تا سەعات(١٢)ی شەو سێجار بەئارەزووی خۆی نانی خوارد. ئالانی بە (کەلە)ی وت(خاڵەکەریم) بۆ دووشت خۆزگە بەتۆ ئەخوازم. بۆ ئەودەنگە خۆشو زوڵاڵەت کە لێی تێرنابمو بۆ ئەو خواردنەت کە ئاواتە خوازم لەهەفتەیەکدا بمتوانیایە یەك ژەم وەکو تۆنان بخۆم.

ئالانی لەو ئەرکەی پێمان سپێررا بوو، زۆر بەدڵسۆزی کاری ئەکرد. ئامادەبوو، بۆ تۆمارکردنی لاواندنەوەی مانگە دۆشێ، بەیانی زوو هەڵ ئەستاو بەخۆیو تەسجیلەکەوە بەدیاریەوە بوەستێت بۆ ئەوەی لاواندنەوەی مانگە دۆشەکە تۆمار بکات.

*لە ئاشبەتاڵی١٩٧٥ تازە گەڕابوومەوە هات بۆلام. باوەشی پیاکردم. بەقوڵپی گریانەوە. وتی مەرگی خۆم بەئاوات ئەخواستو ئەم کارەساتەی گەلەکەمم نەبینایە. چەند خەمێکی گەورەیە. ڕەنجو ماندوویەتی ئەو هەمووساڵەمان چوو. خەریکە مێشکم ئەتەقێ. تفی لەهەموو ویژدانی مرۆڤایەتی ئەکرد. وتی سەیرکە بزانە داگیرکەران چەند دوژمنی یەکبن بۆ لەناوبردنی ئێمە چەند ڕێك‌ویەککرتوون. بەداخەوە بۆ سەرکردایەتی کورد کە چارەنووسی گەلەکەمانیان دایە دەست داگیرکەران.

*ساڵی ٩٨٠ لەکۆتەوە گەڕابوومەوە سلێمانی...لە یەك نزیکبوونەوە ئێمە هەوڵمان ئەدا زۆرترین مامۆستا لە ریزەکانی ڕێکخستن کۆبکەینەوە، بەباشم زانی لەگەڵ ئالانیدا قسە بکەم. بەونیازەی بۆ ڕێکخستن(ی.م.ك) کەڵکی زۆری لێ وەرئەگرین. کەقسەم لەگەڵدا کرد، زۆر بە پەرۆشەوە مناقەشەی لەگەڵدا کردمو گلەیی لێکردم بۆ زووتر قسەم لەگەڵدا نەکردووە، داواکەمی قبوڵکرد، وتی دەمێکە تامەزرۆم کەسێکی وەك تۆ کارێکی واپیرۆزم لەگەڵدا باس بکات. ئیتر بۆ

ریزەکانی یەکێتی مامۆستایان کوردستان ڕێکم خست. تا ساڵی ١٩٩٠و گرتنم پەیوەندی نەپچڕابو بەدڵسۆزی کاری ئەکرد.

*ئەوەنـدەی بـەپێی نـزیکیم لەئالانیـەوە، دەردە دڵیـەکانیم دەزانـی ئاواتـەکانی خوازیاری بوو زیاتر ئەمانە بوون:

١. تێکدانی سنووری دروستکراوی کوردستان.

٢. دروستبوونی کیانێ بۆ کوردوزگار بوون لەداگیر کەران.

٣. دروستبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی

٤. کۆکردنـەوەی هـەموو زاراوەکـانی شـێوەکانی زمانەکـەمان لەیـەك فەرهەنگدا بۆ کەڵك وەرگرتن لەرێنووسی کوردیدا.

زۆرجـار کـە نووسـینێك یـان رسـتەیەکی یـان زاراوەیـەکی ناڕێـكو ناڕەوانیدەبینیو، لە هەربڵاوکراوەیەکدا، رقی هەڵ ئەساو توورەئەبوو. ئەیووت کە ئەم خەڵکە بەخەمی رێنووسو رێزمانی کوردیەوە نین، ئەیوت زمانکەمان زۆر دەوڵەمەندە، ئەگەر هەلمان بۆ بڕەخسێتو زاراوەی هەمووشێوەکان کۆبکەینـەوە یەك وشەی بێگانە لەزمانەکەماندا نامێنێ...

هـەموو ئەوشتانەی لـەماوەی گەڕانماندا بۆ(کـۆڕی زانیـاری کـورد) بەخـەتی ئالانی لەدەفتەرێکی(٤٠٠) سەد لاپەڕەیدا بەشێوەیەکی ڕێكو بەپێی بابەتـەکان نووسرانەوە، پێشکەشی مامۆستا خاڵمان کردوئەو دەفتەرەیان لەکۆڕی زانیاریـە یان لە کتێبخانەی مامۆستا خاڵدایە.

ئالانی چیرۆکی دەنووسیی باسی چیرۆکی(تەلیسمی سنووری) بۆ ئـەکردمو زۆر دڵـی بـە چـیرۆکەکانی کتێبـی قۆشمـە خۆشـبوو. بـەڵام وتـی لەنووسـینی چیرۆکدا سـەرکەوتوو نـەبووم. بۆیە خۆمدایە وەرگێڕان زۆر مانـدووی ئەکردم. ئەمانـەی هەمووکردبووە کـاری لاوەکیو ئـەوەی زۆر خـۆی پێـوە ماندوودەکرد، زمانـەوانی بـوو. هـەموو توانـاو کـاتێکی تـەرخان کردبـوو، بـۆ سـاغکردنەوەی رێزمانی کـوردی ئامـادە بوو، بەدوای وشـەیەکی رێزمانیـدا دەیـان شەو نخـونی بکاتو چەندین شوێن بگەڕێت، تاساغی بکاتـەوە. بەڕاسـتی ئـالانی پسـپۆڕێکی هەڵکەوتووی بەدەسەڵاتو بەتاقەتو وردو دڵسۆزی زمانەکەی بوو.

*دوای راپەڕین و بەربوونی ئێمە لەزیندان. هات بۆلام هەستم کرد زۆر تەندرووستی باشەو دڵخۆشەو گەشبینە. وتی هەر هاتنی ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماڵتان هەر هاتنی ئەمڕۆ. گۆڕانێکی گەورەیە. وەرچەرخانێکی چاوەڕوان نەکراوبوو. کاك شێخ چەند خۆشە ئێستا کە بەسەر شەقامەکانی ناوشاردا دەڕۆم جەندرمە لچ ئەستوورەکان ڕێمان پێناگرن.

بەشێکی ئاواتەکانمان هاتۆتەدی. خۆزگا نەئەمردم سنوورەکەشی تێك و پێك ئەدرا. خەمێکی هەبوو ئەویش بەهۆی نەفامی و ناهۆشیاری خەڵکەوە، کە دەس لەسامانی نەتەوەیی ناپارێزن و بەخەمیەوەنیین. دەیووت ئومێد ئەکەم زوو فریای بکەوین دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی بەتەواوی بەسەر کوردستاندا بگرین.

زۆر شتی لەبەرنامەدا بوو. وتی ئیتر دێمەوە بۆلات قسەی تر ئەکەین. ئیتر ئەوەندەی یەکمان ئەبینی قسەی خۆی و دەردە دڵی خۆی هەڵ ئەڕشت. بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا هەموو ئاواتەکانی ببینێت.

(٤٥) ڕۆژ گرانی بەردەوام بێ ماندووبوون:

ئالانی ئەوەندە پەرۆشی ئەوکارەبوو. ئامادەبوو ڕۆژ بخاتە سەر شەو شەوبخاتە سەر ڕۆژ بۆ فێرۆنەدانی کات و حەزی نەدەکرد یەك کاتژمێر بەبێ کار بەسەربەرێت. لەڕۆیشتن ماندو نە ئەبوو لەم دێ وبۆ ئەودێ. ئامادەبوو بەدیار. حکایەتخوان و دەنگخۆش شمشاڵ ژەن و پیاوێکی ریش سپی و پیرە ژنێکی دنیادیدەوە شەونخوونی بکات و بەدیاریانەوە دابنیشێت.

دێتەوە یادم..لە(مرانێ) لەئێوەرەوە تابەیانی بەدیار(عەبدولرەحمان) یکەوە نەخەوت و وەنەوزیدا بۆ تۆمارکردنی داستانی(مەم وزین). لەشاناخسێ بەدیار ژنێکی پیرەوە لەبەیانیەوە تا ئێوارە دانیشت. هەر لەشاناخسێ لە(مووچەی کاولانە) بەیانی زوو بەخۆی و تەسجیلەکەیەوە بەدیار ژنێکی مانگا دۆشەوە دانیشت تامانگاکەی دۆشی. لەو(٤٥) ڕۆژوشەوەدا ئەم شوێنانە گەڕاین بۆ ئەو ئەرکەی خرابووە ئەستۆمان.

١. چوارتا
٢. واژە
٣. گاپیلۆن

٤. ولاخ لو
٥. قامیش
٦. دری
٧. مالومه
٨. کەناروێ
٩. ماوەت
١٠. ئاوەکورتێ
١١. شاناخسێ
١٢. مەروێ
١٣. گوێزلێ
١٤. کرگاشێ
١٥. بارێ
١٦. مڕانه
١٧. باسنێ
١٨. ڕەشەکانی
١٩. زییه
٢٠. نۆڕك
٢١. شێخ هەڵمارێن
٢٢. قزڵجه
٢٣. ساڵیاوا
٢٤. بیۆرێ
٢٥. پێنجوێن
٢٦. چویسه
٢٧. دارۆخان
٢٨. نزاره
٢٩. سەید سادق
٣٠. قەرەداخ
٣١. سوڵەی دەربەند

٣٢. دێلێژه

٣٣. قازانقایه

٣٤. خاوێ

٣٥. تەنگیسەر

٣٦. جافەران

٣٧. سەوسێنان

٣٨. دۆڵانی سەرو

٣٩. دۆڵانی خواروو.

٤٠. ئەزمەك

زۆر گوندیتر كەبیرم نەماون لەگەڕانی ئەم گوندانەدا ئامێروناوی كارپێكردنی ئەم پیشانەمان ئەپرسی و تۆمارمان دەكردن. ئاش و ئاشەوان، دواشاو كەر، جووتوگا، جۆلاوجۆلایی، سەپان و سەپانی، بنێشتكردن، جەراحی، مێووژودۆشاوباسوق وقەزوانكردن.

کتێبی ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال

بەرگی یەکەمی کتێبی(ڕەشەبای ژەهروئەنفال) لەدووتوێی بەرگێکی قەشەنگی قەبارە گەورەی (ئەی فۆر) بەزنجیرەی(١١٤٥)ی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریو ژمارەی سپاردنی(٢٥١) کەوتە بەر دیدی خوێنەرانو کتێبخانەی کوردییەوە، ژمارەی لاپەڕەکانی(٧٦٥) لاپەڕەیە. بەتیراژی(٧٠٠) دانەیە.

کتێبەکە لەنووسینو کۆکردنەوەو ئامادەکردنی نووسەری خەمخۆری گەلەکەمان(عەبدوڵڵا کەریم مەحموود)ە. بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ بڵاوکردنەوە، لەوەزارەتی ڕۆشنبیری ئەرکی لەچاپدانو بڵاوکردنەوەی گرتۆتە ئەستۆ.

بەرگی پێشەوەو پاشەوەی کتێبەکە. بەنەخشەسازیی هونەرمەندی بەتوانا سەنگەر عەبدڵڵا کەریم کراوە هەردوو دیوی بەرگەکە بەناخی مەرگەساتەکانی ڕەشە کوژی ئەنفالەکانو کیمیابارانی کوردستاندا شۆر بۆ تەوە، دەقاودەق گوزارشت لەو تاوانانە دەکات، کە دەرحەق بەگەلەکەمان کراوە...

نووسەر هەرچەند وەکو پێویست کتێبەکەی دابەشنەکردووە، بەڵام کە خوێنەر دەکەوێتە خوێندنەوەی بۆی دەردەکەوێت کە کتێبەکە لەسێ بەشی سەرەکیدا یەو هەر بەشەش..بەشێوەیەك کارەساتی قورسی ئەنفالەکان دەگێڕێتەوە...

بەشی یەکەمی کتێبەکە...سەرەتای دەستپێکردنێتیو بەشە کوردییەکەیەتیو لەنووسینی نووسەرە. ژمارەی لاپەڕەکانی بەشەکە(٣٥١) لاپەڕەیە. بەنووسینو وێنەو لیستەکانەوە

نووسەر لەنووسینەکەیدا، ڕێچکەشکێنی کردووە بەشێوازێکی نوێو بێ نووسینی هیچ پێشەکییەك..یەکسەر خوێنەر ڕووبەڕووی خوێندنەوەی کتێبەکە دەکات. (یەکەم لاپەڕەی بە ناونیشانی سەدام، بەعس، ئەنفال، کیمیابارانی

هەڵەبجە) دەست پێدەکات. لەم بەشەدا دەیان ناونیشانی لەم جۆرە سەرنج ڕاکێشە وێنەی مەرگەساتی و بەنووسینێکی سەرنج ڕاکێش کە گوزارشت لەوێنەکان دەکات و لیستی ناوی ئەنفالکراوەکان و کیمیاباران کراوەکان و سەرژمێرییەکانی پاکتاوی رەگەزی بەرچاو دەکەوێت.

نووسەر نووسینەکەی بەزمانێکی رۆژنامەوانی و کوردییەکی پەتی و رەوانی چیرۆك ئاسا نووسیوە..لە هەربابەتێکی کتێبەکەدا چێژێکی تایبەت بەخوێنەر دەبەخشێت، خوێنەر دەخاتە بیرکردنەوە کتوپڕ رادەوەستێت و بیر لەکارەدڕندەکانی رژێمی داگیرکەر دەکاتەوە کە چ مەرگەساتێك و چ رەفتارێکی دڕندانەی، لە تراژیدیای رۆژانی ئەنفالەکان و کیمیابارانی نیشتمانە کەمان و گەلەکەماندا نواندووە. تۆمارکردن و نووسینەوەی بەم شێوەی کارەساتەکانی گەلەکەمان و گێڕانەوەیەکی ژیرو زیرەکانە، بە بۆنەی ئەوکەسانەی کارەساتەکانیان بینیوە و تیابەشدار بوون، سەربەرزی و سەروەری ئەوکەسانە دەهێڵێتەوە، کە جوامێرانە و بێ سڵکردنەوە بەرەنگاری سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی، ئەنفال، کیمیاباران، سووتماککردنی کوردستان نەبەردانە رووبەرووی دوژمنە رەگەزپەرستەکان بوونەتەوە، بەسیاسەتیاندا تەقیونەتەوە.

سەر شۆڕشیش بۆ ئەوکەسانە، لەمێژوویدا تۆمار دەکات، کە نامەردانە بوونە داردەستی دووژمن و چاو ساغییان بۆ کردن و، ناجوامێرانە بەشدارییان لەتراژیدیای خاپوورکردنی شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستاندا کرد.

ئەمجۆرە کتێبە..مێژوویەکی زۆرگرنگە، ئەو نەوانەی بەچاوی خۆییان مەرگەساتی گەلەکەیان نەبینیوە، بەخوێندنەوەی شارەزاوئاشنایان دەکات. بەسیاسەتە دڕندانەکانی دوژمنانی گەلەکەمان بۆیان دەردەکەوێت..کە ئەم حکومەتی ئێستای کوردستان و ئەم ئازادییەی لەکوردستاندا فەراهەمە بەرهەمی رەنج و خوێنی ئەوکارەساتانەیە و پاراستن و بەرگریکردن لە ئەزموونەکە، دەبێتە ئەرکی سەرشانی هەمووان بۆ ئەوەی جارێکیتر گەلەکەمان و نیشتمانەکەمان دووچاری مەرگەساتی وا نەبێتەوە.

بەشی دووەمی کتێبەکە..بەشێکی ئینگلیزییە..ئەم بەشە ئەو کتێبەیە کە نووسەر لەکاتی خۆیدا نووسیویەتیی بە ناونیشانی(چارەنووسێکی نادیار) و لەساڵی ١٩٩٣کۆمیتەی بەرگریکردن لەمافی قوربانیانی ئەنفالەکان چاپی

کردووه، خاتوو هێڤی عیزەت لەمیدیکۆ وەری گێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و لەئیتاڵیا چاپی کردووەو ژمارەی لاپەڕەکانی(٤٠) لاپەڕەیە.؟

بەشی سێیەمی کتێبەکە. بەشی بەڵگەنامەکانە. بەڵگەنامەکانیش بوونەتە چەند بەشێك، بەشی بەڵگەنامەعەرەبی وکوردییەکانی کەلەلایەن رژێمەوە، سەبارەت بەئەنفالەکان و کیمیابارانکردن و سووتماککردنی کوردستان دەرکراوەو دەست نووسەر کەوتوون، کە لەناویاندا چەند بەڵگەنامەیەکی بەزمانی ئینگلیزی تیادایەو ژمارەی لاپەڕەی بەڵگەنامەکان ١٨٥ لاپەڕەیە...هەموو بەڵگە نامەکان دەلیلن کە ئەنفال.. بەرنامەیەکی داڕێژراوی رژێم بووە. بۆ لەناوبردنی کورد. زۆربەی بەڵگەنامەکان تائێستا بلاونەکراونەتەوە بەشێکی تر بەڵگەنامەکان ئەو بەڵگەنامانەن کە بلاوکراوەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا، لەکارەساتی ئەنفال لەکاتی خۆیدا بلاوکراونەتەوە(٦٩)لاپەڕەیە. بەشێکی تری بەڵگەنامەکان نەخشەی گوندە سووتماککراوەکانە (٣٢)نەخشەیە بەپێی ناوچە ئەنفالکراوەکان. بەشێکی تری بەڵگەنامەکان بریتین لەونامانەی لەنێوان پارتیزانەکان و سەرکردایەتی و رێکخراوی شاردا، لە دوای ئەنفال نووسراون. بە جفرەی پارتیزانەکان و ئەو نووسینانەی شەهیدی (فەرماندە حەمەرەش) لەدەفتەرێکی بچووکی بەرباخەڵیدا تۆماری کردوون، ژمارەی لاپەڕەکانی ئەم بەڵگەنامە(١٢٨) لاپەڕەیە..کە هەر نامەیەك لەنامەکان و هەر لاپەڕەیەك لەلاپەڕەکانی ئەم بەڵگەنامانە..گەواهی کۆڵنەدان و نەفەس درێژی و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی و پەرۆشی سەرکردەکان و پارتیزانەکان. دەسەلمێنن بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتی ئەنفالچییە کان و دوژمنانی گەلەکەمان، نووسەر دوا لاپەڕەی کتێبەکەی بە(دواروانین) کۆتایی هێناوەو بۆ نووسینی ئەم کتێبە نووسەرکەڵکی لە(٢٥)سەرچاوەی جیاجیا وەرگرتووە.

دەمەوێت لەکۆتاییدا ئەوەبڵێم..دەستخۆشی لەنووسەر دەکەم ئەم شارای نووسینی لەسەر ئەنفالەکان نووسیوە. ئومێد دەکەم خەرمانی کارەساتەکانی ئەنفال رۆژانە شارای تری بخرێتە سەرو چونکە ئەنفال. زامێکی ئەوەندە قوڵەو مەرگەساتێکی ئەوەندە قورس وگرانە..هەرگیزاو هەرگیز نابێت لەبیربکرێت و فەرامۆش بکرێت کیمیاباران.. رەفتارێکی ئەوەندە دڕندانە بووە کەدەرحەق بەشاروناوچەوگوندەکان کراوە دەبێت بەساڵ ورۆژو سات لەبیرمان نەچێتەوە

سووتماککردنی کوردستان‌و خاپوورکردنی پێنج هەزار گوندو شارۆچکەی کوردستان، بەسەدان ساڵیتر قەرەبوو ناکرێتەوەو داخی لەناخی خەڵکی کوردستاندا دەرناچێت

ئومێد دەکەم کە نووسەران..عەبدوڵلا ئاسا خۆیان بۆ مێژووی پڕ کارەساتی گەلەکەیان تەرخان بکەن‌و دێبەدێ‌و ناوچەبەناوچە بنووسرێتەوە..

هیوادارم بەرگی دووەمی کتێبەکە لەداهاتوویەکی نزیک ئامادەبکرێت‌و چاپبکرێت...

کاتی ئەوە هاتووە وتاری سیاسی کوردی بەیەکگرتوویی بانگەشە بۆ مافە رەواکانی گەلەکەمان بکات..

گەلەکـــەمان، لەمێـــژوویی سیاسیدا_ زۆر هـــەڵی رەخســـاوی لەکیسچـــووە.. لەکیسچـــوونی ئـەو هەلانـە گـەورەترین زیـانی بـە بزووتنـەوەی رزگـای‌خوازی گەلەکەمان گەیاندو...

لەناوچـوونی حکومـەتی مـەلیك مـەحمودو کۆمـاری مـەهابادو کارەسـاتی شۆرشـی ئـەیلولی حـەفتاو پێـنج.....دەبێـت ببنـە دەرس‌و هـەموو حـزب‌و لایەنەکان‌و سەرکردەکانی ئەمڕۆی حزبەکانی ناو گۆڕەپانی کوردستان، حیسابی وردی بـۆ بکـەن‌و بـۆ ئـەم بارودۆخـەی ئێسـتا هاتووەتـە پێشـەوە، لـە گۆڕانکارییەکانی عیراق‌و ناوچەکەدا بەوردی‌و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەمەی ئێستا هەلێکی زۆر گرنگ‌و چارەنووس سازە. بایـەخی زۆری بۆ دوارۆژی گەلەکـــەمان‌و مەســـەلەکەی هەیـــە. ماوەیەکـــە.. چـــەند حزبێکـــی کوردستانی، بەپەرۆشەوە لەهـەوڵ‌و تەقـەلای بەردەوامـدان..بۆ رێکخستنەوەی لایەنە ناجۆرو ناکۆکەکانی ناو کوردستان‌و دەیانەوێت، بەوپـەڕی دڵسۆزییەوە کـار بـۆ ئـەوە بکرێـت کـە بـۆ مەسـەلەی رەوای گەلەکـەمان(یـەك وتـاری سیاسـی کوردی) هەبێت، بەو بەرنامـەی یـەك وتارییـەوە..مامەڵـە لەگـەڵ گۆڕانکارییـەکانی ناوخۆو دەوروبەرو جیهاندا بکرێت.

مایـــەی خۆشـــحاڵییەو بانگەشـــەیەکی زۆر دڵخۆشـــکەرو گرنگـــە.. ئـــەرکی نەتەوەی‌و نیشتمانی هەموو حزبە کوردستانیەکان بەهەند وەربیگـرن‌و بـەدەنگی هـەوڵی دڵسـۆزانەی ئـەو حزبانـەوە بچـن‌و پـرۆژەی ئێسـتاو دوارۆژ بـۆ مەسـەلەی رەوای گەلەکەمان دابنرێت، ئەو پرۆژەیە ببێتە بنەماو بناغەی کارکردنی گشـتی حزبـەکان، بـەدەر لـە بەرنامـەی تەسـکی حزبایـەتی‌و یـەك لایـەنی... ئـەمڕۆ لەکوردســـتاندا بمانـــەوێ‌و نەمانـــەوێ بـــەحوکمی ئـــەم بارودۆخـــەی ئێســـتا لەکوردسـتاندا، بانگەشـە بـۆ ئـازادی‌و دیمـوکراتی‌وفرە حزبـی دەکرێـت، لـەدێر

زەمانــەوە گەلەکــەمان، چــەندین شــێوەو شــێوازی خــەباتی سیاســی بــۆ دەســەبەرکردنی مافــە ڕەواکــانی تــاقی کردۆتــەوە.. دەیــان حــزب و ڕێکخــراوی جۆراوجــۆرو بــە بەرنامــەی جیــاوازەوە، پەیــدابوون و ڕێبــازی تێکۆشــان و ململانێیــەکانیان گرتۆتەبــەر، هــەر حیــزب و ڕێکخــراوە.. بمانــەوێ و نەمانــەوێ، ئــەمڕۆ لەکوردســتاندا، لــەدوای ڕاپەڕینــەوە هەڵبــژاردنی پەرلــەمان و دروســتبوونی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان.. بانگەشــە بــۆ ئــازادی، دیموکراتــی، مــافی مــرۆڤ فرەحزبی دەکرێت.

بۆیە دەتوانین بەراشکاوی بڵێین....دروستبوونی ئەو هەموو حزب و لایەنانەی ئێستا دوای ڕاپەڕین، بەرنامەی هەر حزبە بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان و مەسەلە ڕەواکەیــەتی، هــەموو حــزب و لایەنــەکان دەبێــت ئــەوە بــاش لــەپێش چاوبگرن کــە ئــەمڕۆ لەســاو ســایەی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتاندا، کــار دەکــەن و پــارێزراون بۆیە نابێت ئەوە لەیاد بکەن کە یەکەم دەستکەوتی گەلەکەمان و یەکەم بەرهــەمی خــوێنی شــەهیدان و بزوتنــەوەی ڕزگــاریخوازی گەلەکــەمان و، ڕاپەڕینەکــەی دروســتبوونی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتانە..بۆیــە ئــەرکی نەتــەوەیی و نیشــتمانییە لــەم بارودۆخــەی ئێســتادا، بــە هــەموو توانایــەك هــەوڵ بــدرێت پارێزگاری لە حکومەتەکەو دەستکەوتەکانی بکرێت.

خــۆ ئەگــەر هــەوڵ و کۆششــی هەمەلایەنــەی هــەموو حــزب و لایەنــەکان و جــەماوەری دڵســۆزی گەلەکــەمان نــەبێت و، هاوکــاری نەکــەن بــۆ پاراســتنی حکومــەت...هــەرگیز حکومــەت...لەتەنگــەژەی پلانــی دوژمنایــەتیکردن دەربــاز نابێــت و ناپارێزرێــت. بۆیــە دەیڵێمــەوە ئــەرکی نەتــەوەیی و نیشــتمانی ئــەمڕۆی هەموو ڕۆڵەیەکی ئەم کوردستانەو، هەموو حزب و لایەنە کوردستانیەکان کە وەك گلێنــەی چــاویان بــەرگری لــە حکومــەت و دەســتکەوتەکانی بکــەن، لەلایــەك و لەلایەکیترەوە پشتگیری دڵسۆزانەی یەك و تاری سیاسی کوردی بکەن و بوێرانە هەنگاوی بۆ بنێن.

چونکە کاتی ئەوە هــاتووە کورد خاوەنی یەك وتاری سیاسی کوردی و یەك بەرنامەی نەتەوەی داڕێژراوبێت و، بێ سڵەمینەوە بانگەشەی بۆ بکرێت.

دەبا، لەسۆنگەی حکومەتێکی یەکگرتووی کوردیدا، هەنگاوی بوێرانە بۆ یەك وتاری سیاسی کوردی بنێین.....

(كوردانه بۆتگرياپين كوردانەش پێت پێدەكەنين)

لەو كاتـەوەی(پەكەكە) وەك بزوتنەوەيەكی كوردايـەتی لەكوردستانی توركيا بانگەشـەی خـەباتی كـردووە، لـە ڕێكخسـتنی نهێنـی نـاو شـارەكانەوە، بـەرەو پێكهێنانی هێزی چەكداری پێشمەرگە هەنگاويان ناوە، ئۆجەلان بوە دەمڕاستی سـەركردايەتييەكەيان و، لەبيقاعـەوەخۆيكردە سـەرۆكی پەكەكەوسـەرۆكی نەتـەوەيی، بـە تەلـەفۆن سەرپەرشـتی سـەركردايەتی سـەركردەكان وفەرماندە عەسـكەريەكانی دەكـرد، پـلان و نەخشـەی پێشـمەرگانەی بـە تەلـەفۆن پێڕادەگەيانـدن، ئـەم بزوتنەوەيەوسـەرۆكەكەی لەبەرئـەوەی قـاڵبوی ئـەزمونی شۆڕشگێڕی نـەبون، بەپێی هەلومـەرجی بابەتی وخۆيـەتی، قۆناغـەكانی خـەباتی نەتەوەيی ونيشتمانی نەڕەخسابون، بەرنامەكەيان بەدەربوو، لە شێوازی خـەباتی ناوچـەكە بۆدەسـتەبەر كردنـی مافـەكانی گـەلی كـورد، لەكوردسـتانی توركيا: دروشمی قەبەوزەق وبريقەدار بـەدەر لـەتواناياين بـەرز دەكـردەوە، بێدووربينی و حسـابكردن بـۆ سەرسـەختی دوژمـن، ئەمـە لەلايـەك لەلايـەكی تـرەوە، هێشـتا نەياتوانيبوولوتكە شـاخێك، دۆڵـە شـيوێك لەكوردسـتانی توركيـا ڕزگـار بكـەن، لەخۆبايبوانـە خـەتی ڕاستوچـەپيان، بەسـەر هـەموو لايەنـە كوردسـتانيەكانی پارچەكانيتری كوردستاندا دەهێنا، خەباتيان ڕەتدەكردنەوە، تەنها خۆيان بەتاكە سـواری مەيـدانی خـەباتی كوردايـەتی دەزانـی هـەرخۆيان دادەنـا كـە بتـوانن مافـەكانی گـەلی كـورد بۆهـەموو پارچەكانیكوردسـتان مسـۆگەر بكـەن. بۆيـە بـەرز كردنـەوەی دروشمـە قەبـەو زەقـەكانيان دوژمنـەكانيان وريـاكردەوە، لەبەرامبـەر بزوتنەوەی كوردايەتی ووروژانديانن، هەر ئەمە وايكرد كە نەخشـەو پيلانـی هەمە چەشـنە دابڕێـژرێت بـۆ پـەرت كـردن و، لـەناوبردنی پەكەكـەو دەمكـوتكردنی سەرۆكەكەيان، وەلايەنە كوردستانيەكانيش، بەڕەفتاروهەڵوێست و لەبانگەشەی كوێخايانـەيان ئيسـتێك بكـەن و پەرۆشـی بۆپشـتگيری پەكەكـە كـەم بكەنـەوە. تەنانـەت ڕابگـرن، بۆيـە دوژمنانیگـەلی كـورد نەخشـەو پلانيـان بۆلـەناوبردنی پەكەكە بە چەند هەنگاوێك داڕشت.

یەکەم: پێناسە کردنی پەکەکە بە پارتێکی تیرۆرست. لەئاستی وڵاتانی دنیاو ناوچەکەدا.

دووەم: دەرپەڕاندنی سەرکردایەتی پەکەکەو سەرۆکەکەی لە سوریاوسەهلی بیقاع.

سێیەم: بەرنامەی ڕێگرتن لەوەرگرتنی ئۆجەلان وئەندامانی سەرکردایەتی پەکەکە، بە پەنا بەر لەهەموو ئەو دەوڵەتانەی دەیانەوێت ڕووی تێبکەن.

چوارەم: جێبەجێکردنی نەخشەی دەستگیر کردنو تەسلیم کردنی ئۆجەلان بەدەسەڵاتدارانی تورکیا. نەخشەکە بەبەرنامە جێبەجێکراو، ئۆجەلان کەوتە تۆڕیی دەستگیرکردنەوە، کاتێکمان زانی ئۆجەلان بە چاو بەستراوەیی و کەلەپچە کراوی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەکانەوە نیشاندرا، بەڵێ ڕاگەیاندنێکی چاوەڕواننەکراو بوو، کارەساتێکی قورس لەناکاوی نەتەوەیبوو، تا ئەو کاتەی بە چاو بەستراوەیی و کەلەپچە کراوی لەژێر دەستی جەندرمەکانی دوژمنەکانتا ڕاکێشرابوویتو، جەندرمەکان دوژمنانە، بەسەر سەرتەوە دەستیان بەیەکدا دەداو، تەراتێنی سەرکەوتنیان بەپێکەنینەوە دەکرد، بەڵێ ئۆجەلان ئائەوکاتە هەموو کورد کوردانە بە خەمی کوردانەوە بۆتدەگریایین، زەلیلیت زەلیلی کوردی نیشان دەدایـن، بێ کەسی نەتەوەکەمانی دەسەلماند، بۆیە بەدڵوبەخەمی قورسی کوردانەوە لەهەمووماڵو کوچەو کۆڵانێكو دوكانێكدا بۆتدەگریایین.

گەلی کورد چاوەڕوانی ئەوە بوون، پڵنگ ئاسا کەلەپچە بپسێنێتو نەفرەت لەژیان بکەیت، بەڕووی دوژمنەکانتا بتەقیتەوە، ژوورەکانی ئەشکەنجەو ئەشکەنجەدەران بهێنیتە زەلزەلەو بێتاقەتیانبکەیت، تەشقەڵە بەدادگاوداد وەران بکەیتو، لەبەرامبەر هەڵوێستو قسەکانتا بۆداکۆکی کردن لەمافی ڕەوای گەلەکەت شەرمەزاریان بکەیت، بۆیە هەموو کورد دابنابوو سەربەرزانە بە شانازییەوە ڕازی نابێت لەبەرامبەر دوژمن مل کەچ بکەیتو، وازلە وتەو دروشمو بەڵێنەکانت بهێنیت، خۆت بەشانازییەوە پەتی سێدارە دەکەیتە ملتو، دەبیتە قارەمانی هەتا هەتای گەلی کوردو مرۆڤایەتی، وە یان چاوەڕوان بووین، دادگاو داد وەران وەرز بکەیتو سزای هەتا هەتاییت لەسەر دادەنرێتو، دەبیتە ماندێلای کورد، کوردانە تف لەدوژمنو سەرشۆڕی بکەیت، سەرکردایەتی پارتەکەتو پێشمەرگەکانت هاندەدەیت سوربن لەسەر خەباتو کۆڵنەدان، بەڵام

یازوخ بۆ مانەوەی ژیانت وازت لە خوێنی ئەو هەزاران هەزار شەهیدەی لەپێناوی دروشمی بریقەدار بەشەهیدکردنتدان ئەو گیانبازانەی لەپێناوی تۆو پەکەکەو بیرو باوەڕی کوردایەتیدا، خۆیان دەسووتاندو گیانو جەستەی خۆیان دەکردە مەشخەڵان لەپێش چاونەگرت، بەداخەوە ئەو ئۆجەلانەی بەناو سەرۆکی پەکەکەو، نەتەوەیی بوویت قارەمانی بەر پەتی سێدارەو ماندیلای زیندانی نەبوویت. ئەو ئۆجەلانەی لەبیقاعەوە فەرمانت دەردەکرد بۆ چالاکی پێشمەرگانەو هەر فەرماندەو پێشمەرگەیەك سەرپێچی لە فەرمانەکانتان بکردایە بەسزای کوشتن ولەناوبردن بڕیاردەدرا، خۆت سزاکەت جێبەجێدەکرد، بەڵێ بۆمانەوەی ژیانت خەباتو ڕەنج وماندوبونی هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەری گەلەکەت خستە ژێر پێوەو، ئینکاریتکردلە بیقاعو ئاشبەتاڵی شۆڕشو تێکو پێکدانی پەکەکەو پەرتوکەرتکردنی پێشمەرگەکانو لێك هەڵوەشانت ڕاگەیاند، لە کۆشکی حەوانەوەوە، بڕیاردەرکردن بۆ خۆبەدەستەوە دانو، شۆڕ کردنەوەی لولەی چەکەکان، بەداخەوە کار لەوەشدا نەوەستا، تەنها ئاشبەتاڵی پارتەکەت ڕاگەیەنیت، بەڵکە بە ڕێنمایو ڕاسپاردەی ماموستاکانی کۆشکی ئیمرالی هانی چەکدارەکانی دەداو، فەرمانیان پێ دەدا ببنە سوارەی حەمیدی پەلاماری هەرێمی کوردستانی ڕزگار کراووهێزەکانی(ی.ن.ك) بدەن، کە هەموو دونیا دەیزانێت ئەم هەرێمە ڕزگار کراوە، بەری ڕەنجی ماندووبونی خەباتی چەندین ساڵەی گەلی ڕەشو ڕووتی کوردستانە بەرهەمی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدە، ئەنجامی سیاسەتی ڕاگواستنو سوتماککردنی کوردستانوئەنفالکردنوکیمیا بارانکردنوبەکۆمەڵ کوشتنو، لە سێدارەدانی هەزاران ڕۆڵەی بەجەرگی گەلەکەمانە، سەیرە کەسێك خۆی بەسەرۆكو سەرکردەو شۆڕشگێڕ بناسێنێتو لەداواکردنی سەربەخۆیی کوردستانو ڕزگارکردنی چوار پارچەی کوردستان. ئاثاوا زوو تەسلیم بە ئیرادەی دوژمنەکەی ببێتو، بەڵێ ئەمە هەر لە ئۆجەلان چاوەڕواندەکرا.. بۆیە ئێستا فەرماندە عەسکەرییەکانی، چەکدارە سەر لێشێواوەکانی لە مەخمورو کەرکوکەوە پەلاماری گەرمیانو قەرەداخو هێزی پێشمەرگە دەدەن.. بۆیە کە بینیمان لە١٥/٩/٢٠٠٠دا، سەلمانتان بونەتە سوارەی حەمیدییەوئیمرالییت کردۆتەکۆشکی ئەڵقە لەگوێیوپەلاماری هێزی پێشمەرگەو حکومەتی هەرێمی کوردستاندەدەیت، بۆیە چۆن کوردانە

بۆتگریـــایین هـــەرواش ئێســـتا کوردانـــە پێـــت پێدەکـــەنین‌و گاڵتـــە بەهەڵوێست‌وقسەوکتێبەکانت دەکەین، پیرۆزت بێت کۆشکی خیانەتی ئیمرالی بۆ قەیـــد کردنـــی ســـوارەی حەمیدییـــە دژی کـــوردو بزووتنـــەوەی شۆڕشـــگێڕی کوردستان‌و کوردستانی ئازاد بووی ئەمرۆی هەرێمی کوردستانی عێراق...

لەبەر رۆشنایی کۆبونەوەی ١٤/٥ دا

بەیەکخستنەوەی ئیداراتی هەرێم، کورد سەنگی گەورەتری دەبێت

دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١و رزگارکردنی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانو پاککردنەوەی لەدامو دەزگاکانی رژێمی دیکتاتۆری، بارودۆخێکی نوێی بۆ گەلەکەمان هێنایە پێشەوە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەونێکی دێرینی گەلەکەمان بوو، گۆڕانێکی بنەڕەتی بوو لەبزوتنەوەی کوردایەتیو مێژووی گەلی کورددا. پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو چاوی دۆستو دوژمندا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خەڵکی کوردستانی گرتە ئەستۆ، دەسەڵاتەکە بەشێوەیەك بوو دوژمنەکانمانی قارسونیگەران کردو دۆستەکانمانی دڵخۆشو شاد کرد، بۆیە دوژمنەکانمان خۆیان بۆ پیلانگێڕان کۆکردەوەو دەیان نەخشەی جۆراوجۆریان بۆ تێکدانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێم داڕشت. بەداخەوە لەژێر کاریگەری پیلانەکانی دوژمنانی گەلەکەماندا خەڵکی کوردستان رووبەڕووی شەڕێکی خۆکوژو ناهەموار بۆوە، ئەو شەڕە جگە لەوەی هەوڵەکانی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانی تاڕادەیەك پەکخستو راوەستان، خواستو ئاواتی جەماوەری گەلەکەشمانی بەنائومێدی گەیاندو مەرگەساتی شەڕی خۆکوژی کەلێنێکی گەورەی خستە ناو ریزەکانی حزبو لایەنە کوردستانییەکانەوە. شوێنەواری ئەو مەرگەساتە بووە هۆی دابەشبونی حکومەتی هەرێمی کوردستانو راوەستانی پەرلەمانی کوردستان..

دوای هەوڵێکی زۆرو بەردەوامی دۆستەکانی گەلی کورد لەدەرەوەی وڵاتو تەقەلای دڵسۆزانەی لەناوەوەی وڵات، هەوری رەشی شەڕو نەهامەتی رەوییەوەو سامالی ئاشتیو ئاشتبوونەوەو ئارامی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشا. لەژێر سێبەری ئاشتیدا سەرتاسەری کوردستان لەهەموو روویەکەوە بوژایەوە. گۆڕانی بەرچاو بەسەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هاتو کەڵکی زۆرباش لەبڕیاری

٩٨٦ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی نەوت بەرامبەر بەخۆراك وەرگیرا. بۆ خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەی هەموو گوندو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان. خزمەتگوزاریەکە بەشێوەیەکە هەموو شاروشارۆچکەکان سیمای ئاوەدانکردنەوە پێشکەوتنی پێوەدیارە.

هەر بەهەوڵی دڵسۆزان لەئەنجامی کۆبوونەوە بەردەوامەکانی سەرکردایەتی (ی.ن.كوپ.د.ك) هەنگاوی زۆر باش نراوە بۆ ئاسایی کردنەوەو بەرەوەپێشچونی پرۆسەی ئاشتی، یەکێك لەو هەنگاوە گرنگو پیرۆزانە یەکخستنەوەی پەرلەمانی کوردستانو دەست بەکاربوونەوەی بوو. بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان رۆڵی کاریگەری هەبوو بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان. ئەم یەکڕیزیو یەکگرتنەی ئەمڕۆ لەپەرلەماندا بەدی دەکرێت، کاریگەری بەرچاوی لەڕەوتی نیشتمانیو نەتەوەیی میللەتەکەماندا دەبێت، بڕیارەکانی پەرلەمان دڵخۆشکەرنو بەبڕیاری خەڵکی کوردستان دادەنرێن، بە گەڕخستنەوەی پەرلەمان گرنگیەکەی لەوەدا بوو، پێش پرۆسەی ئازادی عێراق بوو، زۆر گرنگو مێژوویی دەبوو، ئەگەر هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، لەگەڵ پەرلەماندا یەکبخرانایەتەوەو کێشەی دوو حکومەتی کۆتایی پێ بهاتایە. بەهەر حاڵ لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو ئاواتانەی خەڵکی کوردستان لەکاتی خۆیدا نەهێنرایەجێ..!

ئەو کێشەو گرفتو ناکۆکیانەی لەناو ریزەکانی گەلەکەماندا هەیەو چارەسەرنەکراوە با ئەمڕۆ چارەسەری بکەین، هەر لەم روانگەیەوە ئەوەی ئەمڕۆ بۆمان دەکرێت بانەخرێتە بەیانیو هی بەیانی نەخرێتە دووبەیانی.

لەکۆبوونەوەی رۆژی١٤/٥/٢٠٠٣ی هەردوو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)نو(پ.د.ك)دا بەشێك لەبەرنامەی کۆبوونەوەکەیان تایبەت بوو بەیەکخستنەوەو یەکگرتنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەویش بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانو، یەکهەڵوێستی گەلی کوردستان بەرانبەر بەئایندەی حکومەتی مەرکەزی عێراق. ئەم بڕیارە بڕیارێکی زۆر زۆر گرنگو پڕبایەخە بۆ چارەنووسی گەلەکەمان، وەکو لەپێشەوە وتمان دەبوو ئەم بڕیارەو ئەم هەنگاوە زۆر پێشتر لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقو یان لەگەل

بەگەڕخستنەوەی پەرلەماندا بوایە. ئێستاش ئەم بڕیارە پەرۆشی و کاری بەپەلەی دەوێ، نەکرێتە بەرنامەی کۆبوونەوەکانی هەردوولاو هەمووجار باس بکرێت و بهێڵرێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکیتر، وەکو مەسەلەی گەڕانەوەی ئاوارەکان و زۆر مەسەلەو کێشەی تری لێنەکرێت و بەنیوەناچڵی کاری بۆ بکرێت، بەڵکە لەم بارودۆخەی ئێستادا ئەوە دەخوازرێت هەردوای٥/١٤ و بەبێ ئەوەی بهێڵرێتەوە بۆ کۆبوونەوەیەکیتر، یەکسەر دەست بەکاری یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە بکرێت و، لەگەڵ یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا پرۆژەیەکی گونجاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان دابڕێژرێت و پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکرێت و، ئەوانیش بڕیاری لەسەربدەن و ئەو پرۆژەیە پێشکەشی هاوپەیمانان و ئەو لایەنانە بکرێت کە خەریکی دامەزراندنی حکومەتی مەرکەزی عێراقن. سەرجەمی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چاوەڕوانن ئەو ئاواتەیان بێتەدی و هەردوو حکومەتکە یەکبخرێنەوەو، کورد شوێن و سەنگی خۆی هەبێت لە گۆڕانکاریەکانی عێراقداو، مافە رەواکانی باشتر بەرجەستەبکرێت و رەنج و قوربانی ساڵەهای ساڵمان بەرهەمی باشی بۆ گەلەکەمان و نیشتمانەکەمان هەبێت.

کوردستانی نوێ ژمارە/٣٠٦٩ ٢٠٠٣/٥/١٦

با شارێی سەلماندنی مافەکانمان بگرینە بەر

لــە ژمــارە(٣٢٦٤) ی ڕۆژی ٢٠٠٤/١/٧ ی ڕۆژنامــەی کوردســتانی نوێــدا کاك(نەوشیروان مستەفا) وتارێکی گرنگی لە ژێر ناونیشانی(کوردو قانونی بەڕێوەبردنی دەوڵــەتی عــیراق لــە مــاوەی گواســتنەوەدا) بڵاوکــردەوە.. لــە ٢٠٠٣/٤/٩ وە تا ئێستا وتاری وا لەلایەن هیچ سەرکردەیەکی سیاسی کوردەوە نەنووسراوەو بڵاونەکراوەتەوە. وتارەکە هەڵدەگرێت بڕگە بڕگەو ڕستە ڕستەو خاڵ بە خاڵ ورد بکرێتەوەو، لەسەری بنووسرێت و شی بکرێتەوە..لەبەر بەهێزی وتارەکەو لەبەر بیرو بۆچوونەکانی ناوەرۆکی وتارەکە، بە پێویستم زانی کە لەگەڵ بۆچوون و ڕاسپاردەکانی کاك نەوشیرواندا، تیشك بخەمە سەر هەندێ لە ڕاو بۆچــوونەکانی، بەمەبەســتی ئــەوەی ئــەم وتــارە بکرێتــە بەرنامــەی کــاری ئێستامان و، بە چڕوپڕی کاری لەسەر بکەین.. لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە، ئەمڕۆ کــورد لــە هــەموو ڕۆژێکــی پــێش ئێســتا زیــاتر پێویســتی بــە یــەك دەنگــی، یــەکگرتوویی، یــەك بەرنامــەو یــەك پــرۆژەی نەتــەوەیی چــڕوپڕی هەمــە لایــەنەی کوردانەیە.

بارودۆخەکە دەخوازێت نابێت بێ خەمو پشتێنکراوە دانیشین و چاوەڕوانی ئەمریکاو هاوپــەیمانان و مەجلســی حــوکم بــین.. بــەڵکو دەبێــت بوێرانــە هــەموو تواناو هێزێکی سیاسی، جەماوەری، دبلۆماسی، پێشمەرگایەتی بخەینەگەڕ، بە ڕێگــای ڕێپێــوان و خۆپیشــاندانی جــەماوەری، ڕاپــرس و کۆکردنــەوەی ئیمــزای ســەرجەم کۆمــەڵانی خــەڵکی کوردســتان، نووســینی یاداشــتی داخوازییــەکانی خــەڵکی کوردســـتان، مـــانگرتن و گوشـــار خســـتنە ســـەر هێـــزە ئـــەمریکی و هاوپەیمانــەکان و هێــزە سیاســییە عیراقیــەکان، پەلــە لــە دانــانی بەرنامــەی کارەکانماندا بکەین، کەمتەرخەمی نەکەین و کاری ئەمڕۆمان نەخەینە سبەینێ، ڕاســپاردەی کــاك نەوشــیروان لــە وتارەکەیــدا کــە دەڵێــت(کــاتی گوڵبــارانی کاربەدەستانی ئەمریکی و(موجامەلە)ی هێزە سیاسییەکانی عیراق بەسەرچوو، کاتی پێ داگرتنە لەسەر چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد).

لە رووخانی رژێمەوە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەشانو باڵی هاوپەیمانانو ئەمریکادا هەڵئەدەن، هەر کەسو وەفدێکیان هاتبێتە کوردستان بە گوڵباران پێشوازیو بەڕێ کراون.. نزیکبوونەوەی لەڕادەبەدەر لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عیراقدا کراوە، زیاد لە تواناو هێزی جەماوەریو عەسکەرییان ڕێزیان لێگیراوە.

تا ئێستا سەربازێك یان کاربەدەستێکی ئەمریکیو هاوپەیمانان لە کوردستاندا لە لایەن کوردەوە خوێن لە پەنجەیەکیان نەهاتووە، بە ڵکو بە ئارەزووی خۆیان لەمسەرتاسەری کوردستان تەراتێنیان کردووەو سووڕاونەتەوە.. شوێنەکانی هێزی پێشمەرگەو گەنجینەکانی چەكو تەقەمەنیو باشترین شوێنی عەسکەریو حەوانەوەیان پێشکەش کراوە.. لایەنە سیاسییەکانی عیراق، لەو کاتەوەی مەجلیسی حوکم دامەزراوە، رۆژانە لە هاتوچۆی کوردستاندانو خوانیان بۆ دەڕازێتەوەو خزمەت دەکرێن، ئەو حزبانەی لە بەغدای پایتەخت بارەگایان داناوە، رۆژانە هەر حزبە بە سیاسەتی حزبی خۆی موجامەلەی لایەنە سیاسیە عیراقییەکان دەکەن، کورد بەشداری مەجلیسی حوکمو وەزارەتی عیراقی کرد، پێش رووخانی رژێمو تەنانەت دوای رووخانیشی حزبو لایەنە سیاسییەکان لە کۆنگرەکانی بەرهەڵستکارانی عیراقدا، لە کوردستانو لە دەرەوەی وڵاتو خوارووی عیراق، کە باسی مەسەلەی مافەکانی گەلی کورد دەکرا دەستیان بۆ دەمیان نەدەبردو پاڵپشتیان دەکرد، پرۆژەی فیدرالییەت هیچ لایەنێك بەرگری نەدەکرد، بەڵام دوای ئەوەی لە مەجلیسی حوکمو وەزارەتەکانی عیراقدا خۆیان بینییەوەو هەندێ لە وڵاتانی دەوروبەرو دنیا پشتگیریان نیشاندا.. کەوتنە کاری دیزە بەدەرخۆنەی مەسەلەی کوردو ئەو هەموو ڕێزو حورمەتەی لە کوردستاندا لێیان گیرا لە بیریان چۆوە، راستەوراست گەڕانەوە بۆ نەریتەکەی خۆیان بەو واتایەی کە عەرەب دەڵێت (عادت الحلیمە الی عادتە القدیمە) وەیان کورد وتەنی گەڕانەوە سەر دارو باینجانی خۆیان، فیدرالییەتیان لا بووە مەتەڵو ئاڵای کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستانیان لێبووە دێوەزمەو سواری عەقڵو سەریان بوو، لە کاتێکدا لە بەغداو شارەکانی ناوەڕاستی عیراقو خوارووی عیراق لە بەردەمی شاڵاوی کۆنە بەعسیو گروپە تیرۆریستەکاندان، سەیر ئەوەیە

بەم حاڵەشیانەوە دژی کوردو مافە رەواکانی رادەوەستن.. کە باسی فیدرالی دەکرێت، چەندین پرسیار قوتدەبنەوە لە جۆرو شێوەی فیدرالییەتەکەو وەکو هەر هەموویان زۆر بێ ئاگابن لە فیدرالییەتی ولاتانی دنیاو خۆیان گێل دەکەن هەروەکو کاك نەوشیروان دەڵێت(بۆتە مەتەڵو بۆیان هەڵنایەت).

ئەمریکییەکانو هاوپەیمانان لە کەرکووكو دوزو حەویجەو مەندەلیو جەلەولاو دیالە، لە لایەن پاشماوەکانی بەعسو تیرۆریستانەوە رۆژانە پەلامار دەدرێنو حەوانەوەیان لێتێك دەدەن، لە جیاتی ئەوەی بگەڕێن بە دوای ئەو کەسانەو ئەوانەی هاوکارییان دەکاتو بیان گرنو سەرکوتیان بکەن.. شەڕ بە کوردو هێزە سیاسییەکانی کورد دەفرۆشن.. پەلاماری بنکەو بارەگاکانی حزبەکانو رێکخراوەکان دەدەن، چەکیان دەکەنو دەیان پشکنن.. رۆژێ لە سەر هەڵکردنی ئالای کوردستان فشار دەخەنە سەر خەڵکی شارەکانو رۆژێ لەسەر ئەوەی کە پاشماوەکانی بەعس تەقە لە بارەگاکانیان دەکەن گوشار دەخەنە سەر حزبەکانو بیانوویان پێدەگرن، رۆژێ لەسەر داوای کۆنە بەعسیو عەرەبە شۆفێنیەکان کوردی حەویجەو ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکووك دەردەکەن، رۆژێ لەسەر قسەی پارێزگاری دیالە شەڕ بە کوردی مەندەلیو جەلەولاو خانەقینو شارەبانو سەعدیە دەفرۆشن..

رۆژێ نوێنەری هاوپەیمانان لە بەردەمی سەرکردایەتی سیاسی کورد بێ پەردە باسی ئیدارەی پارێزگاکان دەدرکێنێ، تازەبەتازەو دوای ئەو هەموو قوربانیو رەنجو ماندوو بوونە کوردستان دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی حوکمی مەلەکی، بەبێ ئەوەی رەچاوی مافە نەتەوەییو سیاسییەکانی کورد بکرێت، دیارە هەر لەبەر ئەم هۆیانە کە کاك نەوشیروان دەڵێت(کاتی گوڵباران بەسەر چوو کاتی پێ داگرتنە لەسەر چەسپاندنی مافە نەتەوەییەکانی کورد). ئەم قسەیەی کاك نەوشیروان ئەوە دەگەیێنێت کە زۆر بەباشی نیازی مەجلیسی حوکمو ئەمریکییەکانی بە وردی خوێندۆتەوە، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت(کاتی گوڵباران بەسەرچوو). واتە دەبێت کورد لە ئێستا بەدواوە هەڵوێست وەربگرێت، هەروەکو دەڵێت لە(هاژەو هوژەی هەندێ دەوڵەتانی دراوسێ مەترسی ئەوتۆی نییە تەرازووی هێزی سیاسی لە عیراقدا بە قازانجی کوردە) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد نەترسێ لەسەر مافە نەتەوەییەکانی بە ئارەزووی خۆی پێداگرێتو

سڵ له هیچ نەکاتەوه.. به پێی ئەم ڕاسپاردەیەی کاک نەوشیروان، دەبێت کورد لەمڕۆ بەدواوه نابێت تەنها داوای فیدرالی بکات بەڵکو دەبێت داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بکات.. لە بەر ئەوەی کوردیش میللەتەو خاکی نیشتمانی دیاریکراوو خاوەنی کلتوری خۆیەتی و خاوەن زمانو فەرهەنگی خۆیەتی، خاوەنی ئاڵای کوردستانه، ژمارەی کورد له کوردستانو عیراق له(٦) شەش ملیۆن زیاتره، سامانی سروشتی وەکو نەوتو جۆرەها کانزای هەیەو ولاتێکه بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازیو گەشتو گوزاری زیاد لەخۆی هەیه..

کاتێ کاک نەوشیروان دەڵێت(ڕێگەی تر بگرینەبەر له جۆری مقاوەمەتی سلبی عصیانی مەدەنی و بەم ڕێگایه سوڵتەی ئیئتیلافو مەجلیسی حوکم تێبگەیەنرێن) کە کورد مافی چارەنووسی دەوێت، بە بڕیارو دەستووری سەرپێی و کاڵو کرچ بۆ خەڵکی کوردستان ڕازی نابێت.. کورد مافی خۆیەتی وەکو میللەتێ لەم ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەدا دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، سنووری جوگرافی ولاتەکەی جیابکرێتەوه، ئالای کوردستان بە جیاو بەبێ بەرزکردنەوەی ئالای تر هەڵباکات. ئەو شارو شارۆچکانەی کە تا ئێستا نەخراونەته سەر کوردستان بخرێنەوه سەر کوردستان، سامانی ولاتەکەی خۆی خاوەنی بێت، سوپاو هێزی پۆلیسی پارێزگاری خۆی هەبێت، سنووری ولاتەکەی لەلایەن ولاتانی دەورو بەرەوە پارێزراو بێت وەکو هەموو ولاتەکانی ناوچەکه.

کاک نەوشیروان که دەڵێت(مقاوەمەی سلبی و عصیان هەبێ) بەوەی هەر کاتێ پێویستی کردو کار گەیشته ئەوەی زیان بە مافه نەتەوەییەکانمان دەگەیەنرێ(گروپی کوردی له مەجلیسی حوکمو وەزیرەکان له وەزارەتەکان رابگیرێت تا ئەوەی لێی دەربچنو لێی بکشێنەوەو له گەڵ سوڵتەی ئیئتیلافو وەزارەتی ئیئتیلاف نابنو لە پرۆسەی گوێزانەوەی دەسەلاتدا لە سوڵتەی ئیئتیلافەوه بۆ حوکمی عیراق بەشداری نەکات). ئەم ڕاسپاردەیەی کاک نەوشیروان ئەوەندە بەهێزو وردەکارانەیه هەر کوردێ ڕۆژێ ئەلفوبێی سیاسەت فێربووبێ، قسەکه بەهەند وەردەگرێتو لای خۆیەوه بە پەرۆشەوه کاری بۆ دەکات.. زۆر ڕاسته مەجلیسی حوکمو سوڵتەیەکی ئیئتیلاف بە کلتوری بەعسیانه مامەڵه لەگەڵ کوردو مافەکانیدا بکەن، ئیتر چی پێویست دەکات

گروپی کوردی تیا دانیشێتو لە وەزارەتەکەیدا کار بکات، سوڵتەیەکی ئیئتیلاف گوێ بۆ داخوازییەکانی کورد نەگرێتو، بە پێچەوانەوە بە داخوازییەکانمان قارس بێت ئیتر کورد بۆ بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن، گواستنەوەی دەسەلات لە سوڵتەی ئیئتیلافەوە بۆ حکومەتی عیراق بکات، کە هیچ بەرژەوەندییەکی کوردو خەڵکی کوردستانی تیادا نەبێت، کاتێ کاك نەوشیروان لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا دەڵێت(کورد خۆیان ئازادن لە هەڵبژاردنی جۆری بەڕێوەبردنی ناوچەکەیاندا)، مەبەست ئەوەیە.. کورد مافی خۆیەتی داوای مافی چارەنووسو دەوڵەتی کوردی بکات.. ئەو گروپی کوردییەی کە لە مەجلیسی حومکدان بکێشنەوەو گروپەکەیان فراوان بکەن بە نوێنەری حزبەکانو خەڵکی تری نیشتمانپەروەر، هەردوو حکومەتی هەرێم یەکبخەنەوە حکومەتێکی یەکگرتووی کوردی پێکبهێننو پەرلەمانی کوردستان بکەوێتە کاری جیدیو بڕیاری گونجاو سەبارەت بە جۆری حکومەتی هەرێمو ئالآی کوردستان دەربکەن، ڕاپرسییەکی فراوان لە هەموو کوردستانو ناو شارەکانی عیراقدا بکرێتو، ئیمزایان لێوەربگیرێت، یاداشتی چڕوپڕی مافە نەتەوەییەکان پێشکەشی هاوپەیمانانو مەجلیسی حوکمو ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانو وڵاتانی ئەوروپاو جامعەی عەرەبی بکرێت.. هەموو کوردەکانی بەغداو شارەکانی خواروو و ناوەڕاستی عیراق کۆبکرێنەوەو، بە ڕێپێوانێ بچنە بەردەم مەجلیسی حوکمو بارەگاکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان داوای مافە نەتەوەییەکانی کورد بکرێت.

کاك نەوشیروان کە دەڵێت(گەلی کوردو هەموو هێزە سیاسییەکانی خۆیان ئامادە بکەن بۆ بەرگرتنی هەموو جۆرە گیروگرفتێکی ئابووری، بازرگانی، دارایی و هەموو جۆرە کێشەیەکی سیاسی کە تووشی ناوچەکەیان ئەبێ). ئەم ڕاسپاردەیەی کاك نەوشیروان ئەوە دەگەیەنێت کە مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان کەوتۆتە مەترسییەوە پێی دەچێت ئەمریکاو هاوپەیمانانو هێزە سیاسییەکانی عیراق لە بەڵێنو پەیمانەکانیان پاشگەز بووبنەوەو، دەیانەوێت وا لە کورد بکەن ئاواتو خواستەکانی زیندە بەچاڵ بکەن، بۆیە بە ڕاشکاوی ڕاسپاردە دەکات کە خۆمان کۆبکەینەوەو ئامادە باش بین بۆ هەموو جۆرە کێشەیەکی سیاسی کە ڕووبەڕووی ناوچەکەمان دەبێتەوەو، خۆمان بۆ

تەنگەشەی ئابووریو دارایی‌و بازرگانی ئامادە بکەین‌و، بە شێوەیەك کە لەم بارودۆخە رەخساوەی ئەمڕۆی عیراق‌و ناوچەکەدا مافە نەتەوەییەکانمان لە کیس نەدرێت‌و ئارامی‌و ئاسوودەیی بۆ نەوەکانی داهاتوو مسۆگەر بکەین‌و، سەرکردایەتی سیاسی کورد نابێ هیچ بڕوبیانوویەك بۆ دواخستنی مافەکانی قبوڵ بکات‌و، بەڵکو ئەبێ سوور بێ لەسەر چەسپاندنیان‌و هەموو رێگایەك بگیرێتە بەر، رێگا نەدرێت نە ئەمریکاو نەهاوپەیمانان نە مەجلیسی حوکم بە ئارەزووی خۆیان یاری بە چارەنووسی کورد بکەن‌و، بە بڕیاری نادروست‌و ناتەواو رازی نەبێت هەر گروپ‌و لایەنێك دژمان وەستا ئێمەش دژی رابوەستین..

کاك نەوشیروان کاتێ ئەمە رادەگەیەنێت دڵنیام بەرچاوی تەواو ڕوونەو ئاگاداری نهێنییەکانە بۆیە دەڵێت(کە ئاسۆی کوردستان رووناکەو رەوتی گۆڕان لە عیراق‌و ناوچەکەدا بە قازانجی کوردە).

لە کۆتاییدا داوای لێبوردن لە کاك نەوشیروان دەکەم ئەگەر لە لێکدانەوەی راو بۆچوونەکانی تێپەڕم کردبێ یان زیاد لە پێویست پێم داگرتبێ‌و، وەکو لە پێشەوە وتم کە بەلای منەوە ئەم وتارە ئەوە هەڵدەگرێت ڕستە ڕستەو بڕگە بڕگە ورد بکرێتەوەو لەسەری بنووسرێت‌و هەمەلایەنە شی بکرێتەوەو، بکرێتە بەرنامەیەکی داڕێژراوو کاری لەسەر بکرێت‌و هەنگاوی کوردانەی لەسەر هەڵبگرێت، زۆر جێی خۆی دەبوو ئەگەر من لە یەکەم دێڕی نووسینەکەوە دەستم بە شی کردنەوەی وتارەکە بکردایەو بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوم بکردایەتەوە، بەڵام لەبەر گرنگی وتارەکە وازم لە سەرەتای وتارەکە هێناوە.. رێنماییەکی گرنگە کە دەڵێت(شارێی سەلماندنی مافەکانمان بگرینە بەرو واز لە موجامەلەو پێشوازی کردن بهێنین) کاری جیدی بۆ ئێستاو پاشە رۆژی گەلەکەمان بکەین‌و کارێکی وا بکەین نەوەکانی داهاتوومان بە ئارامی‌و ئاسوودەیی بژین‌و دووچاری چەوساندنەوەو سەرکوتکردن نەبنەوە).

کاك نەوشیروان کە دەڵێت(ئەگەر ئەم هەلە لەم قۆناغەی ژیانی سیاسی عیراقدا لە دەس بداو، هەڵی بگرێ بۆ کۆتایی ساڵی(٢٠٠٥) کێ ئەڵێ ئەوسا هەل‌ومەرجی عیراق بە جۆرێ ناگۆڕێ دەوری کوردی تێدا بچووك بێتەوە) ئەم بۆچوونەی کاك نەوشیروان زۆر گرنگەو دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان‌و کورد بەگشتی ئەم هەلە رەخساوە لە دەست خۆی نەداو لەم بارو دۆخەی ئێستای

عیراقدا کە وەکو کاك نەوشیروان دەڵێ(عیراق وەکو دەوڵەت وەکو حکومەت وەکو دەسەڵاتی سیاسیو جەنگیو پۆلیسیو دامو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەرەسی هێنا، کورد لە هەڕەشەیەکی گەورەو راستەقینە کە دەوڵەتی کۆنی عیراق بوو رزگاری بوو).

ئەمە بەو واتایە کە دەسەڵاتی، حکومەتی، دەوڵەتی، ئەمڕۆ لە عیراقدا نەماوە کورد لێی بترسێو، تا لەم سەردەمی گۆڕانکارییەدا مافەکانمان دەستەبەر نەکەین، دوای دروستبوونەوەی دەسەڵاتو حکومەتو دەوڵەتی عیراق زۆر بەگران بۆمان دەسەبەر دەکرێت، وەکو کاك نەوشیروان دەڵێت(ئەگەر دوا بخرێت بۆ ساڵی(٢٠٠٥) کێ دەڵێت گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەو عیراقو دنیا لە بەرژەوەندی کورد دەبێت) بۆیە پێویستە کە هەر لەمڕۆدا وەکو کاك نەوشیروان دەڵێت(بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە جیاوازی رەگەزی بپارێزێو پاشەڕۆژێکی ئارامو ئاسوودەیان بۆ دابین بکات ئەبێ یەکەم پارێزگاری قەوارەی فیدرالی هەرێمی کوردستان بکاو هەوڵ بدا دەسەڵاتو سامان لە نێوانی حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندا بە جۆرێکی عادلانە دابەش بکاو سنووری جوگرافی ناوچەکەی دیاری بکا) ئەمە نەکرێت ئەی چاوەڕوانی کەیو چی بکەین؟ وەکو کاك نەوشیروان دەڵێ (دەبێ لە پارلەمانی ناوەندو لە کابینەی حکومەتی ناوەند لە بودجەی ناوەندی عیراق بەشی کورد بە روونیو بە ئاشکراو بەبڕیارو بە شێوەیەکی عادلانەو بەپێی داواو داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانەوە دابنرێن، بەکورتیو بەکوردی ئەرکی گەورەمان لە ئەستۆدایەو پێداگرتنو هەڵوێست وەرگرتنو خۆسازدانی باشی دەوێت لە هەموو روویەکەوە).

چاوپێکەوتن بۆ گوڤاری سروە

پ١/جەنابی شێخ محەمەد تکایە لە پێش دابڕێك لە رابووردووو پێشینەی خۆتمان بۆ بدوێ.

وەڵام/ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی سۆڵەی دەربەندی ناوچەی قەرەداخ لە بناری شاخی داریکەلیو قەڵای(بەخشی)چاومکردۆتەوە. لەبنەماڵەیەکی ئایینیم. شێخ عەبدولکەریمی باوکم شێخی تەریقەتی قادری بووە. لە حوجرەوە دەستم بە خوێندن کردووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی ئامادەییم لە سلێمانیو، کۆلێژی ئادابم لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە.

لـه (١٩٥٨)ەوە تێکـەڵاوی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی گەلەکـەم بـووم، لـە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٧٤ پێشمەرگە بووم.

دوای نسکۆ لـە ساڵی١٩٧٥دا بـە مامۆسـتای زمـانی کـوردی رەوانـەی قـەزای حەی لە پارێزگای واسط(کوت) کراومو ساڵی ١٩٨٠گەڕاومەتەوە سلێمانی.

*لە١٩٦٣ لە لایەن ئەمنی سلێمانییەوە فەرمانی گرتنم دەرچووە، بەردەست نەکـەوتووم سـاڵی١٩٧٤ کاتـێ پێشـمەرگە بـووم-لەگـەڵ شـەهید(لـەیلا قاسـم)و هاوڕێکانیدا بە غایبی حوکمی ئیعدام دراوم.

*لـە١٩٧٦ەوە لـەڕیزەکانی(ی.ن.ک)دا کـار دەکـەمو لەسـاڵی١٩٩٠، لەلایـەن ئەمنی سلێمانیەوە گیرام.. لە مەحکەمەی سەورە بەحوکمی ئەبەدی حوکم درام. دوای راپەڕین بە لێبوردنی گشتیو گۆڕینەوە ئازاد کرام.

*(٢٣)سـاڵ مامۆسـتاییم کـردووەو ئێسـتا بەڕێوەبـەری گشـتیی چاپوبڵاوکردنەوەم لە وەزارەتی رۆشنبیری.

*لە مێردمنداڵیمەوە، خولیای خوێندنەوەو نووسینی شیعرو بابەتی ئەدەبی بـووم-..بەرهـەمو نووسـینەکانم لـە گۆڤـارو رۆژنامەکانـدا بڵاوکردۆتـەوە. کۆمـەڵێ(شـیعر)م بەناوی(دابڕان) تایپو نەخشەسازی کراوە بۆ چاپکردن، بە ئومێدم لە چەند مانگی داهاتوودا بکەوێتە کتێبخانەی کوردی. بیرەوەرییەکانم بە ناونیشانی(کەشکۆڵی بیرەوەرییەکانم) خـەریکی نووسینەوەیانم. بەنیازم ئەگەر بوارم بۆ هەڵکەوت چاپی بکەم.

*ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستانم، سەرنووسەری گۆڤاری پەنجەرەی کۆمەڵەی زیندانییە سیاسیەکانی کوردستانو سەرپەرشتیاری گۆڤاری هەزارمێردم.

پ٢/جـەنابی شـێخ تکایـە بفـەرموون ئـەرکی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتیی چـاپو بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیریدا چییە؟

وەڵام/ئەرکمان زۆرە..دەزگایەکی فراوانینو بەشمان زۆرە. بەڵام کارو ئەرکی سەرەکیمان تایبەتە بە چاپکردنی کتێبو کۆمەککردنی نووسەرانو رۆشنبیران بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانیان.

پ٣/تکایە کورتەیەك لەکارو چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپوبڵاوکردنەوەمان لە کاتی راپەڕین بەولاوەو دامەزراندنی ئەو دەزگایە بۆ بەیان بفەرموون.

وەڵام/ بەڕێوەبەرێتییەکەمان سێ ساڵونیوە دامەزراوە لە ساڵی(٢٠٠٢)(٤٣) کتێبمان چاپو کۆمەککردووەو سەرجەمی چاپکراوەکانمان لەو ساڵانەدا(١٦٤)چاپکراوی جۆراو جۆرە. (گۆڤاری هەزار مێرد)کە گۆڤارێکی وەرزی تایبەت بە مێژووو شوێنەوار لە رێگای ئەم بەڕێوەبەرێتییەوە چاپ دەکرێت وبڵاودەکرێتەوە کە بە رای من یەکێکە لە گۆڤارە دانسقەو گرنگەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری شوێنەوارو مێژوودا.

مۆڵەتی چەندین خاوەن پیشەکانی(کتێبخانەوچاپخانەونووسینگەی کۆمپیوتەرو ئۆفسێت وفۆتۆکۆپی) دراوەتە خاوەن پیشەکان. ساڵانە زیاتر لە(٥٠٠) ژمارەی سپاردن دەدرێتە ئەو کتێبانەی لە سنووری هەرێمدا چاپ دەکرین.

پ٤/تکایە بفەرموون چاپ کراوەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە چ بابەتێك دەگرنەوە؟

وەڵام/ئەو کتێبانەی لە بەڕێوەبەرێتییەکەمان ساڵانە چاپ دەکرین..بابەتی(فەرهەنگی-مێژوویی-زانستی-ئەدەبی-شانۆیی و فەلسەفی و لێکۆڵینەوە)ن، جگە لەبابەتی ئەدەبی منداڵان. کە ساڵانە لای کەمەوە١٠تا١٢کتێب لە ئەدەبی منداڵان چاپ دەکرێت.

پ٥/تکایە بفەرموون ئەو بەڕێوەبەرایەتییە تاچ رادەیەك ئەهەمیەت بە چاپوبڵاوکردنەوەو پێدانی فەرهەنگو ئەدەبی کوردی دەدا؟

وەڵام/ گرنگی زۆرمان بەم دوولایەنە داوە. جگە لەو کتێبانەی ئەمساڵ چاپکراون ئێستا(٣٠)کتێبی جۆراوجۆرو(٣١)کتێبی منداڵان لە شیعروچیرۆك ئامادەیە بۆ چاپکردن، کە لەناویاندا(٣)فەرهەنگی کوردی-ئینگلیزی منداڵانیان تیادایەو ئەمساڵ دوو فەرهەنگ یەك بەناوی(فەرهەنگی یاد)کە فەرهەنگێکی ئینگلیزی کوردی عەرەبییە هاوکاری کراوەو ئێستا لەبازاردایە. دووەم

بەناوی(فەرهەنگی فوئاد)لە تەواو بووندایەو ئەم فەرهەنگەش ئینگلیزی کوردیەو بەم زوانە دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

پ٦/تکایە بفەرموون ئەو ناوەندە بۆ چاپی بەرهەمو ئەدەبی منداڵان وەك چیرۆكوشیعرووەرگێران تا ئێستا چ هەنگاوێکی هەڵیناوەتەوە ئایا ئێوە لەو بابەتەو لە کاری خۆتان رازین؟

وەڵام/لە دامەزراندنی بەڕێوە بەریتییەکەمانەوە، هەوڵمان داوە بایەخێکی تەواو بە ئەدەبی منداڵان بدرێت..بۆ ئەمساڵ(٨)کتێبی منداڵان چاپکراوە بۆ سەلماندنی قسەکانم وەکو لە پێشەوە وتم ئێستا(٦١)کتێبی منداڵان لە شیعروچیرۆكوفەرهەنگ ئامادەن بۆ چاپکردنو ژمارەیەکی تریشمان لە بەرنامەدایە بۆ تایپ کردنو ژمارەیەکی زۆریشمان لە زمانە بیانییەکانەوە داناوە بۆ وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی. بەنیازین لە ساڵی داهاتوودا..ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدەبی منداڵان پێشکەشی منداڵانی کورد بکەین..

پ٧/تکایە بفەرموون دەزگای ئێوە تا چ رادەیەك گرنگی بە تەرجەمە واتە وەرگێڕان دەداو وەرگێڕانەکان پتر لەچ بابەتێكو لە کام زمانەوەن؟

وەڵام/بایەخێکی زۆر باشمان بە بواری وەرگێڕان داوە. ئەو کتێبانەی وەردەگیردرێن زوربەیان لە زمانەکانی(فارسی،عەرەبی،ئینگلیزی)وەن..ئێمە لەبەرگرنگی وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠١ بەپێی پرۆژەیەکی ئامادەکراو داواوپێشنیارمان کرد کە بەڕێوەبەرێتییەك لە ناو ئەم بەڕێوەبەرێتییەی ئێمەدا دابمەزرێت بەناوی بەڕێوەبەرێتیی خانەی وەرگێڕان. داواو پێشنیارەکەمان قبوڵکراو ئەو بەڕێوەبەرێتییە دامەزراوە. لە راستیدا زانیاریم لەسەر کاروبەرهەمەکانیان بەتەواوی نییەو نازانم لەماوەی ساڵونێوێکدا چییان کردووە. چونکە میلاکی لەسەر بەڕێوەبەرێتییەکەمان نەماوە.

پ٨/بەسەرنجدان بەو راستیە کە ئەدەبو زمانی فارسی زۆر لە کوردی نزیکەو ئەو دوو زمانە هاوڕیشەنو هەروەها زۆر شتی بە کەڵك بەفارسی نووسراونو تەرجەمە کراون دەزگای ئێوە چ هەنگاوێکی بۆ تەرجەمە لە فارسی بەکودییەوە هەڵێناوە؟

پ۹/ئایا ئێوە با تەوجوە بە پرسیاری سەرەوەو هاوسێ بوونی ئێران و حکومەتی هەرێم هاوکاری فەرهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی و ناوەندە فەرهەنگیەکانی ئێران بەتایبەت(ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی) تان تا چ رادەیەك بە پێویست دەزانن؟

وەڵام/ئاشکرایە پەیوەندییەکی پتەوی سیاسی و بازرگانی لە نێوانی کۆماری ئیسلامی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە ئاواتە خوازی ئەوەین بە هاوشانی ئەو دوو پەیوەندییە پەیوەندیی و هاوکاری ئەدەبی و رۆشنبیریی و فەرهەنگی و رۆژنامەگەریش هەبێت لەگەڵ وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی و ناوەندە فەرهەنگی و ئەدەبیەکاندا..بە تایبەتی لەگەڵ ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی. کە ئێستا لە زوربەی شارەکانی ئێراندا دامەزراوە.

نامەوێت بیشارمەوە..ئێمە لای خۆمانەوە..لە زۆربۆنەدا لەگەل دەزگا بەرپرسەکانی کۆماری ئیسلامیدا باسمان کردووەو وەکو داواش داوامان لێکردوون. هەموو جارێکیش داواکەیان بەلاوە پەسەندبووە.بەڵام تا ئێستا هیچ هەنگاوێك لەو لایەنەوە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە نەنراوە..بۆ نموونە..ساڵانە پێشانگای کتێب لە ئێران دەکرێتەوە..ئێمە پێمان خۆشەو بەکارێکی زۆر گرنگی دەزانین..لە هەرێمی کوردستاندا، بەشداری ئەو پێشانگای ساڵانەیە بکرێت بە چاپکراوەکانمانەوە..مادام نیاز چاکی لەنێواندا هەیە..ئومێد دەکەم ئەو پەیوەندییەش پتەو بکرێت و بایەخی تەواوی پێبدرێت و ئاواتەکەمان بێتەدی.

پ۱۰/ئایا بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوە یارمەتی نووسەران و شاعیران و وتووێژەران و قەڵەم بەدەستان بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان دەدا؟ چ جۆرە یارمەتییەك؟

وەڵام/بێگومان..ئەو کتێبانەی لە وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییەکەمان چاپ دەکرێن..بەرهەمی نووسەران و رۆشنبیرانە..بە چاپکردنی بەرهەمەکانیان و کۆمەککردنیان یارمەتی دەدرێن و ساڵ بە ساڵیش ئەو کۆمەککردن و یارمەتی دانە لە زیاد بووندایە.

پ١١/ئایا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە کتێبو بەرهەمی کوردەکانی دەرەوەی وڵاتیش چاپ دەکا؟

وەڵام/بەدڵنیاییەوە.هەر نووسەرو ڕۆشنبیرێکی کورد لە هەرشوێنێکی کوردستانو یان لەهەر وڵاتێکەوە، بەرهەم پێشکەشی بەڕێوەبەرێتییەکەمان بکات..بەو پەڕی شانازییەوە بۆی چاپ دەکەینو یارمەتی دەدەین..کوا ڕۆشنبیرانو نووسەرانی کوردی دەرەوەی کوردستان ئەو ئەرکەیان بکێشایەو بە بەرهەمەکانیان کتێبخانەی کوردیان دەوڵەمەند بکردایەو خوێنەری کوردیشیان دڵخۆش بکردایە. بۆ نموونە..ئەم بەڕێزانە کتێبیان ناردووەو کتێبەکانیان چاپکراوە: خەبات عەبدوڵلا کتێبی(بنەماتیورییەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشوور).د. عەبدوڵلا غەفور کتێبی(جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا بۆ چاپکراوەو(٣)کتێبی تری لە بەرنامەدایە بۆ چاپکردن.د.حسێن محمد عزیز دوو کتێبی لە بەرنامەدایە بۆ چاپکردن یەکەم(پەیماننامەیەکی ڕەشورۆژێکی سوور)و دووەم(یاقووتو زمرووتی کوردی) هەروەهاد. خەسرەو شالی کتێبی(دوای ئەم زانیارییانە لێبوردنی چی؟-کوردستان یان کلۆلی نەتەوەیەك)ی وەرگێڕوەتە سەر زمانی کوردیو لەبەرنامەی چاپکردندایە. ئەم بەڕێزانە هەموو لە دەرەوەی کوردستانن لە کوردستانی ئێران مامۆستا سدیق بۆرەکەیی دوو کتێبمان لە ساڵی ٢٠٠٠دا بۆ چاپکردووە، یەکێکیان بەناوی ئاوییەرو ئەویتریان بەناوی(کاکەییەکانو ڕێو ڕچەکەیان). چەند کتێبێکی منداڵانی مامۆستا(مستەفا ئیلخانی زادە)و موژدەو ڕاسان محەمەد حەمە باقی لە بەرنامەی چاپکردندانو کتێبی تەریقەتی نەقشبەندی سەید تاهیر هاشمیمان لە فارسییەوە وەرگێڕاوەو لە بەرنامەی چاپکردندایە.

پ١٢/ئایا بەڕێوەبەرایەتییەکە بۆ کاری چاپو بڵاوکردنەوەی ڕیسالەو تەحقیقی بە کەڵكو سودمەندی خوێندکارانی زانکۆ یارمەتی دەدا هەروەها بۆ پرۆژەکانی فەرهەنگیو ئەدەبی چۆن؟

وەڵام/بێگومان هەر نامەیەکی ماجیستەرو دکتۆرای لە هەر خاوەن بڕوانامەیەکی ئەو دوو پلەیەوە داوامان لێبکەن..بە دەر لە ڕێنماییەکانمان نامەکانیان بۆ چاپدەکەینو کۆمەکیان دەکەین..نامەی ماجیستێری مامۆستا(ڕەئوف عوسمان)مان چاپکردووەو هەر پرۆژەیەکی فەرهەنگیو

ئەدەبیش رووماـن تێبکات بەپێی توانا و دەسەڵاتی ئابووریمان بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە بە پیریانەوە دەچین و یارمەتیان دەدەین..ئێمە بەرنامەمان دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی کوردیە بە بەرهەمی چاك و بەسوود.

لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی مامۆستا(مستەفای ئیلخانی زادە)دەکەم هەلی رەخساندم..لە رێگای چەند پرسیارێکەوە باسی کارو چالاکی و بەرنامەی دەزگاکەمان بۆ گۆڤارەکەو خوێنەرانی بکەم و ئاشنایان بکەم بەکاروچالاکییەکانمان.

*ئەم چاوپێکەوتنە مامۆستا مەستەفای ئیلخانیزادەی خەڵکی بۆکان لەسەردانێکیدا بۆ دائیرەکەمان بۆ گۆڤاری(سروە) کە لەکوردستانی ئێران دەردەچێت کردی ئاگادارنیم لەبلاوکردنەوەو نەکردنەوەی

٢٠٠٢/١١/١٩

دەبا بە پەرۆشەوە کار بۆیەك وتاریو یەك هەڵوێستیو یەك بەرنامەی سیاسی گەلەکەمان بکەین...

گەلەکەمان لە مێژووی سیاسیدا، زۆر هەلی گونجاوی بۆ دەسەبەرکردنی مافە رەواکانی بۆ رەخساوەو لەکیس چووە...لە دەستدانی ئەو هەلانە، گەورەترین زیانی بەبزافی رزگاریخوازی گەلەکەمانو مەسەلە رەواکەی گەیاندووە..

تەمەنی کورتی هەردوو حکومەتی مەلیك مەحموودو کۆماری مەهاباد کارەساتی لەناو چوونی رەنجو ماندوو بوونی گەلەکەمان لە شۆڕشی ئەیلوولدا...بوونە مەرگە ساتی نەتەوەیەكو دەبێت هەرگیزاوهەرگیز لەبیر نەچنەوە، دەرسو پەندی شۆڕشگێڕانەی لێوەربگیرێتو هەموو حزبولایەنە کوردستانییەکان بەهەند وەریبگرن..

ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆ هاتۆتە پێشەوە،کە خۆی لە گۆڕنکارییەکی ناو خۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا، بەرجەستە دەکات..ئەرکی هەموو لایەکە..بە دڵسۆزانو رۆشنبیرانی جەماوەری گەلەکەشمانەوە..هەمەلایەنە هەوڵ بدەین کەڵك لە گۆرانکاییەکان وەربگیرێتو کورد پەروەرانەو زۆر زیرەکانە مامەڵەو هەڵسو کەوت لە گەڵ سەرجەمی رووداو و پێشهاتەکاندا بکرێت..ئەگەرنا..ئەوە کۆماری مەهابادو حکومەتی مەلیك مەحموود..دیارە ئەم هەلەی ئەمڕۆ بۆ مەسەلەی رەوای گەلەکەمان رەخساوە..هەلێکی زۆر گرنگو چارە نووس سازە. بایەخی بۆ ئێستا و دوارۆژی گەلەکەمان هەیە.

خۆشبەختانە ماوەیەکە.. چەندحزبێکی کوردستانی، لە ئاستی پەرۆشیان بۆ مەسەلەی گەلەکەیان..کەوتوونەتە کاری جیدی بۆ دروستکردنەوەی بەرەیەکی کوردستانی فراوانو بانگەشەی ئاشتبوونەوەی نێوانی حزبو لایەنە ناکۆكو ناجۆرەکانو یەکخستنەوەی ناو ماڵی کورد دەکەن.. ئەو هەوڵەی لە١٤/٥/٢٠٠٢ وەدەستی پێکردووە مژدەیەکی زۆر دڵخۆشکەرە.. دیارە کۆششو ماندوو بوون لەو پێناوەدا، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە.. کار بۆ یەك وتاری سیاسی

کـوردیو یــەك هەڵوێـسـتیو یـەك بەرنامــەی سیاسـی بـۆ مەسـەلەی ڕەوای گەلەکـەمان.. کـارێکی هێنـدە پـیرۆزە.. بـیر کردنەوەیـەکی ئەوەنـدە دڵسـۆزانەو کوردانەیـە..کـەدەبێت هـەموو ڕۆشـنبیرانو نووسـەرانو خـەمخۆرانی جـەماوەری گەلەکـەمانو، هـەموو ئـەو حـزبو لایـەنانی ئـەمڕۆ لـە سـەر گۆڕەپـانی خـاکی کوردسـتان، کـارو چـالاکی دەکـەن، بـەناوی کـورد و مەسـەلەیەکەوە.. پشـتگیری ڕاسـتەوخۆ وبوێرانـەی ئـەو هەوڵـە بکـەنو کـار بـۆ بـە ئـەنجام گەیانـدنی بکرێت..چونکە بە دەنگەوە چوون و پشتگیریکردنی ئەو بانگەشەیە..ناسنامەی نەتـەوەییو نیشـتیمان پـەروەری سـاغ دەکاتـەوە..بانگەوازی پرۆژەکە بە هەنـد وەربگیرێـتو کـاری جیـدی بـۆ داڕشـتنی بەرنامەکـەی بکرێـتو، بکرێتـە بنـەماو بناغەی کارە ستراتیژیو هەنووکەییەکانی هەموو حزبو لایەنەکان.

بمانـەویو نـە مانـەوی.. ئـەمڕۆ لەکوردسـتاندا، دوای ڕاپـەڕینو هەڵبـژاردنی پەرلەمانو دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردوستان..بە بەردەوامی بانگەشە بـۆ(ئـازادی، دیموکراسـی، مـافی مـرۆڤ، فرەحزبـی) دەکرێـت. بۆیـە دەبێـت بـە ڕاشکاوی بڵێین، سەر هەڵدان و دروستبوونی ئەم هەموو حزبو لایەنانەی دوای ڕاپەڕین..بانگەوازیان بۆ ئاشکراکردنی بەرنامەیان، لەناو جەماوەری گەلەکەماندا هەڵبەتە، بۆ خزمەتکردنی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەیانە... ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ لە ساو سایەی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بەرکەماڵەو کوردستانو خەڵکی کوردسـتان پـارێزراوە..دەبێـت بـاش دەرك بـەوەبکرێت، کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، بەرهــەمی خـوێنی شـەهیدان و شۆڕشـی گـەلی کوردسـتان و بزووتنـەوەی پێشـکەوتن خـوازی و ڕاپـەڕینی سـەر تـا سـەری جـەماوەری گەلەکەمانە..بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە هەموو حزبو لایەنەکان..بە دەر لە بۆ چوونی تەسکی حزبایەتی، بەپەرۆشـەوە بە هـەموو تواناییەکییانـەوە، هەوڵبـدەن پاریزگـاری لـە حکومـەتی هـەریم و دەسـتکەوتەکانی بکـەن...دیـارە ئەگـەر هـەوڵی هەمە لایەنـەی هـەموو حـزب و لایەنـەکان ودڵسـۆزانی گەلەکـەمان یەکبخرێت دەتوانرێت تیرۆریسـتان ئەوانـەی پشتوپەنای تیرۆریستانی دنیانو بەشـداری هـەموو نەخشـەو ڕەفتـارێکی نامرۆڤانـەیان دەکـەن ریسـوابکرێنو لەناوببرێن...بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهاوکاری هاوپەیمانەکانی، لە

بەرنامەیدایە، ئەمڕۆیان سبەی گورزی سەربازی و ئاسمانی و مووشەکی لە عێراق بوەشێنن. وەکو ئەفغانستان تەفروتوونایان بکەن..

ڕژێمی عێراق..لەبارودۆخێکی قەستەسەریدا، کەرووبەرووی بۆتەوە، لەجیاتی ئەوەی پەنا بۆ گەلانی عێراق بە گشتیو گەلی کورد بەتایبەتی بەرێت..ژانو ئازارەکانیان کەمبکاتەوە، ڕەفتارە نامرۆڤانەو دوژمنکارانەکەی، بەکارو ڕەفتاری باش بەلای خۆیدا ڕایانبکێشێتەوە، بە پێچەوانەوە، زۆر بە خەستیو ڕق ئەستورانە، دژایەتی گەلی عێراقو گەلی کوردو مافە ڕەواکانی دەکات..گومانی نییە هەر پەلاماردانێکی سەربازی بۆ سەر عێراق لە لایەن وڵاتانی دنیاوە، بەدوایدا ڕاپەڕینوگۆڕانکاری ڕووبەڕووی ڕژێمی عێراق دەبێتەوە.. ئەگەر گەلانی عێراقو گەلی کورد، زیرەکانەو زوو بەزوو فریا نەکەون.. ئەوە بەدڵنیاییەوە، دەبێ بڵێین ڕق و قینی دوژمنکارانەی بۆ جارێکیتر دووپاتدەکاتەوە، لە پەلەقاژێی مەرگیدا، مەرگەساتیتری هەڵەبجەو ئەنفالو بە کۆمەڵکوشتنو کۆرەو دروستدەکاتەوە.

بۆیە کوردو سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئەمڕۆی کورد لە کوردستان ئەرکی گەورەو زۆر قورسیان لە ئەستۆدایە.. کە دوور بینانەو سیاسیانەو زیرەکانە، بیربکەنەوەو هەموو بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا وەلابخەنو یەکدەنگو یەکبەرنامەو پلانو نەخشەی گونجاو بە کەڵك دابڕێژن، بۆ بەرپەرچدانەوەی، هەر شاڵاوو پەلامارێکی دوژمنانەی دوژمنانو داگیر کەران، هەوڵدان بۆ دووبارە نەبوونەوەی مەرگەساتەکان. بێگومان یەکگرتووییو یەکریزی گەلەکەمان، هەڕەشەو گوشاری دوژمنان پووچەڵدەکاتەوە، بۆیە جێی خۆیەتی هەر وڵاتێ لە وڵاتانی دنیا، بیانەوێت بێنە کوردستانو یارمەتی گەلەکەمان بدەن بۆ پارێزگاری لە ئازادیو ئارامی کوردستان، دەبێت بە شانازییەوە پێشوازی لێبکەینو، بە پەرۆشەوە بە پیرییەوە بچین. کەهەڤاڵی بەڕێز مام جەلال لە چەند بۆنەیەکدا ئاشکرایکردووە دەڵێت:(گەلی کورد پێشوازی لە هێزەکانی ئەمەریکا دەکات لە کوردستان بۆ بەرگریکردن لەو ئازادییەی ئێستا هەیەتی وبۆ بەرگرتن لە لێدانی ناوچەکە بە چەکی ترسناك)

دیارە بەڕێز مام جەلال ئەم پێشوازییە بە خۆڕایی ڕاناگەیەنێتو هەڵبەت مەترسی گەورە لە دوژمنان چاوەڕواندەکرێت.

له بارو دۆخێکی وەك ئەمڕۆی ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا، کە بەرنامەو نەخشەی گۆڕانکاری بە دەستەوەیەو ئەگەری پەلاماری سەربازی و وەشاندنی گورزی لە ناوبردن بۆ سەر عێراق لە ئارادایە.دەبێت، کوردو سەرکردایەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد بە هەموو حزب و باڵە سیاسیەکانەوە، هەوڵی سیاسیانە، دبلۆماسیانە، لۆجستیانەو پێشمەرگانەیان زۆر زیرەکانە یەکخەن و هەنگاو بنێن و بەوردی ودووربینانە چاودێری رۆژانەی پێشهاتەکان بکەن. پلان و نەخشەی گونجاو دابڕێژن، پێشنبینی ئەوە بکەن کە داگیر کەران و دوژمنانی کورد، بەچ چاوو جۆرە مەبەست و پیلانێکەوە چاویان لە ئاووخاکی کوردستان و ئازادی و ئارامی خەڵکی کوردستان بڕیوە. بە نیازن بە چ شێوەیەك ئازادی و ئارامیمان لێتێکبدەن و گەل و نیشتمانەکەمان، خەڵتانی خوێن و دووچاری سەرگەردانی و ماڵوێرانی بکەنەوە. چۆن دەیانەوێت ئەوەی چەندین ساڵە بە خوێن و قوربانی بە دەستمانهێناوە لەژێر پێمانی دەربهێنن و کوردستان بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان..

بۆیە کورد مافی رەوای خۆیەتی، هەر هەلێکی رەخساو لەم بارودۆخەی ئێستادا، بۆگەلەکەمان و نیشتمانەکەمان، بێتە پێشەوەو بیانەوێت پارێزگاری لە بوون و مانەوەو ئازادی و ئارامیمان بکەن بەرێگای هاتنە وڵاتەکەمانەوە. دەبێت ئەو هەلە لە دەست نەدەین و بە پیرییەوە بچین..لێرەشدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەوە دەوڵەت و لایەنانەی ئەو بە پیریەوە چوونە، بەکاری خراپ و خۆفرۆشی و وابەستەیی دەزانن بۆ گەلی کوردو تاوانبارمان دەکەن..ئەو دەوڵەتانە با بە خۆیاندا بچنەوە باش

سەیری خۆیان و پەیوەندییەکانیان بکەن لەگەڵ وڵاتانی دنیا، بۆ بەرژەوەندی خۆیان وبزانن تا چەند پابەندو وابەستەن..کورد بۆی هەیە بپرسێت لە هەموو دەوڵەتە ئیقلیمی و عەرەبییەکان. کامیان مەلۆتکەی ئازیزی بەخێوکراوی ئەمریکانین؟ کامیام ئەمریکا لەناو گیان و هەناویاندا دەستبازی ناکات؟ کامیان بودجەی مانگانەوسالانەوچەك وتەقەمەنی لە ئەمریکا وەرناگرێت؟ کامیان پەیڕەوی سیاسەتی ئەمریکا ناکات و سیاسەتی ئەمریکا بەڕێوەینابات؟..کاتێ ئەو دەوڵەتانە بۆخۆیان ئەوە بە رەوا دەزانن، ئەی بۆ کورد بۆ تاوان و خۆفرۆشییە؟ بۆ پارێزگاری لە بوون و مانەوەی قەوارەی نەتەوەیی و ئاووخاکی

نیشتمانیو، بۆ پارێزگاری لە حکومەتی هەرێمی کوردستانوئازادیوئارامی کە پاش چەندین ساڵ بەدەستی هێناوە لەلایەکو بۆ دوورخستنەوەی مەترسییەکانی هاوکاری وڵاتانی دنیا بکات کەبیانەوێت بێنە کوردستانو لەدەست زوڵمو زۆری سەدام رزگارمان کەن لەلایەکی ترەوە..

یەکخستنەوەی ئیدارەوئیرادەی گەلەکەمان زامنی پاراستنی مافەکانمانە

بەیەکخستنەوەو بەگەڕخستنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە٤/١٠/٢٠٠٢دا هەموو جەماوەری دڵسۆزی گەلەکەمانی دڵخۆش کرد. دۆستەکانمان دەست خۆشیان لێکردین و دوژمنەکانمان نیگەران بوون.

وا بۆ نۆمانگ دەچێت پەرلەمانی کوردستان ئەرك و کارەکانی بەڕێوە دەبات. جەماوەری گەلەکەمان چاوەڕوان بوون، لەگەڵ یەکگرتنەوەی پەرلەماندا، هەردوو حوکمەتەکەی سلێمانی و هەولێریش یەك بخرێنەوە...بەڵام بەداخەوە، ئەو پەرۆشییەی بۆ پەرلەمان کرا بۆ یەکخستنەوەی حکومەت نەکرا، ١٤/٥/٢٠٠٣ لەکۆبونەوەیەکی هەردوو مەکتەبەی سیاسی(ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە درا..بەدوای ئەو بڕیارەدا لەژمارە(٣٠٦٩)ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا، وتارێکم بەناونیشانی(بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو حکومەتی هەرێم ئاواتی خەڵکی کوردستانە) بڵاو کردەوە.. وا خۆش بەختانە لەڕۆژی١٢/٦/٢٠٠٣لە کۆبونەوەی باڵای سەرکردایەتی هاوبەشی(ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بەسەرۆکایەتی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود بارزانی ئەنجامدرا. بڕیاری یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێم درا، کە لەماوەی دوو هەفتەدا ئاواتی گەلەکەمان بهێنرێتە دی..سەبارەت بەو هەنگاوە گرنگ و پڕبایەخە.. بەڕێز کاك(دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح)سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وتارێکی بەناونیشانی(ئەرکێکی گرنگی ئەم قۆناغەمانی) لەژمارە(٣٠٩٠)ی ڕۆژی١٢/٦/یکوردستانی نوێدا بڵاوکردەوە، لەوتارەکەدا..لە ناونیشانەکەیەوە، سەرنج ڕاکێشە، وەلەناوەڕۆکیدا چەند ڕاستیەکی خستۆتە پێش چاو، کە هەر هەمووی لەبەرژەوەندی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەماندایە، کە دەڵێت: (قۆناغی لەمەودواش پێویستی بە ئامادەباشی و خۆکۆکردنەوەیە) ئەم ڕستەیە..خۆی لەخۆیدا گەلاڵەی بەرنامەیەکە

بۆ قۆناغی داهاتوو، کە دەڵێیت(یەکخستنەوەی نێو ماڵی کوردی کە بەهەنگاوێکی گرنگی یەکخستنەوەی ئیدارەی پەرلەمان دەستی پێکرد).

دیارە، وەکو هەموومان دەیزانین، کۆبونەوەکانی پەرلەمان بەیەکگرتوویی لەماوەی ئەم چەند مانگەی پێشوودا، توانی ئیرادەو خواستی گەلەکەمان بەیەك دەنگی قسەی لەسەر بکرێتو پرۆژەی سیستەمی فیدراڵی، بچەسپێنرێت...خۆ ئەگەر بەدوای یەکگرتنەوەی پەرلەماندا، هەردوو حکومەتەکەی هەرێم یەك بخرانایەتەوەدڵنیام کە ئێستا کورد کارەکانی زۆر لەپێشترو چارەنووس سازتر دەبوو. بۆیە کاك دکتۆر بەرهەم دەڵێت(ئێستا چاوەڕوانی ڕاستو ڕەوای خەڵك لەهەموولایەکمان ئەوەیە حکومەتەکەمان یەك بخەینەوە چونکە دەکرێ لەچوارچێوەی یەك ئیدارەو یەك ئیرادەی سیاسیدا هەم کەموکوڕیەکان چارەسەر بنو پێکەوە گرفتە ئابوریەکانی ئێستا چارەسەر بکەینو هەمیشە ڕەوشی سیاسی کوردستان بخەینە سەر ڕێبازی ئاسایی خۆی...)

ئەم بۆچوونە بەم ڕوونییە، ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد، تەنهاو تەنها بەیەکگرتوویی ئیداریو ئیرادەی سیاسی دەتوانێت بەمافە نەتەوەییو نیشتمانیەکانی شاد بێت، دووبەرەکی،ناکۆکی زیانی گەورەو قورس بەخواستو ئاواتمان دەگەیەنێت.

بەو نەفەسە نەتەوەییو نیشتمانییەوە، دەتوانرێت هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان بکرێتو پەرلەمانێکی نوێ، بۆ قۆناغی نوێ لەنوێنەری هەموو چینو توێژەکانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان هەڵبژێرن..بۆیە دەڵێت(ئەگەر فریای پەرلەمانەکەمان نەکەوین زووبەزوو هەڵبژاردن نەکەینەوە..ئەوامئەم پەرلەمانەش وەکو زۆر لەپەرلەمانەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەکارتۆنی ناوزەد دەکرێت..) لێرەوە دەبێت بزانرێت کە یەکگرتن، ژیانی دیموکراتی، ئازادی خەڵکی، پاراستنی مافی هاولاتیانو بەرەو پێشچوونو گەشەکردنی ژیانی سیاسیو ئیداریو ئابوریوفەرهەنگی بەندە بەسیستەمی یەك بوونو یەك ئیرادەی میللەتەوە..بۆیە دەڵێت(دروشمی حکومەتی یەکگرتوو لە قۆناغی نزاو ئاوات بۆ خواستنەوە بگوازرێنەوە بۆ قۆناغی بەزووی جێبەجێکردن..) واتە سەردەمی ئەوە ڕۆیشت بدروشمی زەقو بریقە دار جەماوەرو کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دڵخۆش بکەین..جەماوەر کارو ڕەفتاری ڕاستو دروستی دەوێت، کە خزمەتی

بەرژەوەندییەکانی بکات. خزمەتگوزاری، بژێوی ژیان، ئاوەدانکردنەوەی وڵات‌و سیستەمی ئازادی‌و دیموکراتی‌و پەرلەمانی دەوێت ڕاستی دەوێت، پاراستنی ژیان‌و سامانی دەوێت، دەیەوێت لەوڵاتی خۆیدا ئازادو سەربەرز بێت، دەیەوێت بەئازادی بڕواتە دەرەوەو دنیای شارستانی وڵاتانی ئەوروپا ببینێت... وڵاتەکەی پڕبکرێت لەهەموو جۆرە کالایەکی هەرزان‌و چی ویست‌و دەستی بۆچی برد بتوانێت بەئاسانی بیکرێت. ژیانی خۆی‌و خێزانی مسۆگەربێت، وەکو مرۆڤ بژی...(بۆئەوەی پەیامی بزوتنەوە سیاسیەکەمان بپارێزین کە داوای سیستمێکی فیدراڵی دەکەین‌و دەمانەوێ بەشە کوردستانییەکەی لەچوارچێوەی یەك هەرێمدا بێت دەبێ بزانین دووکەرت بوونی ئیدارە، یەکێك لەسلێمانی‌و ئەویتر لەهەولێر، ڕەوای ئەو تیزەمان بنکۆڵ دەکات کە کوردستان یەك هەرێم بێت، لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتە فیدڕاڵییەی داوای دەکەین. بەپێچەوانەوە داشی ئەوانە سوار دەکات کە دەخوازن یاسای پارێزگاکانمان بەناوی جۆرێك لەفیدراڵیەوە پێ بفرۆشنەوە).

قسەکردنێك بەم ڕاشکاوییە..بمانەوێ نەمانەوێ، بۆبەرژەوەندی گەلەکەمانەو، لەخزمەتی مەسەلە ڕەواکەیایەتی.. بەپێی قسەکانی کاك دکتۆر بەرهەم، چەند دەکرێت هەمووتواناو ئیرادەمان بخەینە گەڕ بۆ یەکخستنەوەی ماڵی کورد، بەیەك دەست‌و یەك بۆچوون‌و یەك بەرنامەو یەکپرۆژەی نەتەوەیی‌و بەیەك سیستەمی سیاسی نیشتمانی‌و زۆر بەپەلە هەنگاو هەڵبگرین، پێش ڕووداو گۆڕانکارییەکان بکەوین. پێش ئەوەی هاوپەیمانان داوامان لێ بکەن با ئێمە پرۆژەی کامڵ‌و تێرو تەسەلی خۆمانیان لەڕووی ئیداری‌و دارایی‌و سیاسیەوە ئامادە بکەین‌و پێشکەشیان بکەین، با لەبەر بیرو بۆچوونی تەسکی حزبایەتی کارێك نەکەین دۆستەکانمان بەچاوی خراپ سەیرمان بکەن‌و دوژمنەکانیشمان زەفەرمان پێ بەرن.

دەبا هەر هەموو حزب‌و لایەنەکان‌و بەتایبەتی(ی.ن.ك)و(پ.د.ك) بەو پەڕی پەرۆشییەوە، پرۆژەی یەکگرتنەوەو یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێم جێبەجێ بکەن.

بەرنامە بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد دابڕێژرێت‌و پەرلەمانێکی کوردستانی وا هەڵبژێردرێت کەنموونەبێت لەعێراق‌و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. دکتۆر زۆر وورد

بینانەو بەئاگایانە لە بارودۆخەکە، کە دەڵێت(داشی ئەوانە سوار دەکات کە دەخوازن یاسای پارێزگاکانمان...پێبفرۆشنەوە) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر فریای سیستەمی فیدراڵی لەڕووی سیاسی و ئیداری و جوگرافی لەکوردستاندا نەکەوین کە ئەمڕۆ لەسیاسەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانداییە کە سنووری فیدراڵی کوردستان فراوان بکرێت و هەموو پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك و شارەکانی خانەقین ومەندەلی و هەولێرو دهۆك وسلێمانی بگرێتەوە، کە بەڕای من دوورنییە کە لە سیاسەتیاندا نەبێت زۆر شوێنی تریش لەعێراق بخەنە سەر سنووری فیدراڵی کوردستان.

دیارە ئەو فراوانییەی فیدراڵی کوردستان بایەخی مێژوویی و سیاسی نەتەوەیی،ئیداری و جوگرافی و ئابووری خۆی هەیە.بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەش وەکو کاك دکتۆر بەرهەم ئیشارەی بۆ کردووە، کە دەبێ کورد ئیدارەو ئیرادەی یەکخات بۆئەوەی یاسایی پارێزگاکانمان بەفیدارڵی پێنەفرۆشنەوە، دەبێت فریای خۆمان بکەوین و ئەم هەلەی بۆ گەلەکەمان و مەسەلە چارەنووس سازەکەی ڕەخساوە لەدەست نەدرێت.

دیارە لەدەست دانی هەڵەیەکی گەورەی مێژووییە هەرگیزاوهەرگیز گەلەکەمان لێمان قبوڵ ناکەن، ئەگەر لەدەست بچێت نەوەی نەوەمان نەفرەتمان لێ دەکات..بۆیە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی هەموو حیزب و لایەنەکانەو جەماوەری گەلەکەمانە، کە داکۆکی لە مافەکانی نەتەوەی و نیشتمانییەکانمان بکەن و بەوپەڕی پەرۆشییەوە، کار بۆ ئەوە بکەن کە هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری بۆ پەرلەمانی کوردستان بکرێتەوەو پەرلەمانەکە لەمەترسی پەرلەمانی کارتۆنی دەرباز بکرێت و، پرۆژەیەکی تێروتەسەلی نەتەوەیی و لەڕووی ئیداریی و سیاسی و جوگرافی و ئابووری و سەربازی و پەروەردەیی وڕووناکبیرییەوە ئامادە بکرێت، پێشکەش هاوپەیمانان بکرێت بەم ڕێگایە دەتوانرێت، مافە ڕەواکانی گەلەکەمان دەستەبەر بکەین و ڕەنج و قوربانی ساڵەهای ساڵمان بەهەدەر نەچێت کوردستانەکەمان ببێتە ئەو وڵاتەی لەناوچەکەدا، تایبەتمەندی و پێگەی نەتەوەیی خۆی هەبێت..

*ئەم وتارە لەژمارە(٣١٠١)ی ٢٠٠٣/٦/٢٥ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوکراوەتەوە.

کوردیش مافی خۆیەتی..

لە مێژووی دوورو نزیکی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کورددا، چەندین هەلی رەخساو هاتۆتە پێش.. ئەگەر لەکاتی خۆیدا بقۆزرایەتەوە، بۆ بەرژەوەندی مەسەلە رەواکەی و سوودی لێوەربگیرایە..سالانێکبوو نیشتمان و گەلەکەمان، لە ژێر دەستەیی وچاو چنۆکی داگیرکەران رزگاریبووبوو، نامەوێ یەکە یەکەی هەلە رەخساوە لەدەستچووەکان دەور بکەمەوە..بەلام بە پێویستی دەزانم ئەوە بلێم، لە مێژووی گەلانی جیهاندا، ئەوە دەبینرێت، کە هەریەکەیان، لە بۆنەو قۆناغێکی گۆڕانکاری ئەم دنیایەدا بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون و لە چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی سەرفرازیانبووە..گەلی کورد، لەو پێشهاتانەی بۆی رەخساوەو بەپیریانەوە نەچووە، خەسارەتمەند بووە، بێگومان هەلێك دێتە کایەوە لە سەردەمانێکی مێژوویی ئەم ناوچەیەو دنیادا، پێشوازی لێکردن و بەپیرەوە چوونی لەکات و شوێنی خۆیدا، بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی، جێگای خۆی دەگرێت..بە پێچەوانەوە بەهەر هۆیەکی دوو دلی و لەپێش چاو گرتنی هەندێ ئیعتیباراتی دەوروبەر، ئەوە لەسەدا سەد زیان بەرەوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان دەگەیەنێت و، دیارە هەرچی تێپەڕی ناگەڕێتەوە..ئەگەر بۆ مێژووی نزیکمان لایەك بکەینەوە، قۆزتنەوەی مەرگەساتەکانی رەشە کوژی ئەنفال و گەیاندنی بە دەزگا و ولاتانی دنیا..قۆناغی راپەڕین و دەرپەڕاندنی دام ودەزگا داگیر کەرو سەرکوتکەرەکانی رژێمی بەغدا لە کوردستان، تراژیدیای کۆڕەوی ملوێنێ خەلکی کورد، لە ترسی شالاوی دڕندانەی بەعس و سوپا خوێن رێژەکەی، بە پیرەوە هاتنی گەلان و ولاتانی دنیا بە مەرگەساتەکەوە، هێور بوونەوەی خەلکی کوردستان و زەمینە خۆشکردن بۆ پرۆسەی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، دامەزراندن و سەقامگیربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، مانەوەو بەردەوامبوونی دەسەلاتی کوردی لە کوردستاندا، ئەوجم و جۆل و هەولە چڕوپڕە سیاسی و دبلۆماسیەی سەرکردایەتی کورد، لەم سالانەدا پێوەی خەریکەو زیرەکانە مامەلەی لە گەلدا دەکات، لە ئاستی ولاتانی ئیقلیمی و

عـەرەبی و ئـەورووپی و دنیـا..کاریگەرییـەکی راسـتەوخۆی لەسـەر بزووتنـەوەی کوردایەتی و مەسەلەی کورد کردووە لەم سەردەمەدا. بە ئاقارێکی گەیاندووە کە ناتوانێت بە ئاسانی و بە خواست و ئارەزووی داگیرکەران مەسەلەی کورد کپ و خامۆش و سەرکوتبکرێتەوە..لەم بارودۆخەی ئێستای دنیاشدا، کە مەسەلەی تیرۆرو تیرۆریستان و توندوتیژیان، وا بەچڕی سەری هەڵداوەو زەقبۆتەوەو بۆتە دیاردەیەکی قێزەونی ئەوتۆ، کە هەموو گەلانی پێشکەوتوو خوازو وڵاتانی دنیا، نـەفرەت لەبیروبۆچوون و رەفتاریـان دەکـەن، لـە عێـراق و کوردسـتانی ئێمەشـدا پاشمـاوەی تیرۆریسـتان، بـە هـۆی بـواری گونجـاوەوە هـەلیان بـۆ رەخسـاوە قوتببنـەوەو بـێ شـەرمانەو بـە ئاشـکراو راشـکاوانە، هەرەشـە لـە هـەموو سەربەسـتییەکانی مرۆڤـی کـورد دەکـەن دەیانـەوێت ببنـە کۆسـپی رەوتـی پێشـکەوتن و مەدەنیـەتی کـوردو لـەناوبردنی کەلـەپوورو کلتـوورو مێـژووو شوێنەواری کوردو ناوچەکەمانیان پڕ کردووە لە مەترسی و نائارامی، رژێمی عێـراقیش لـە جموجـۆڵ و هەڵسـوکەوتی تیرۆسـتان بـێ ئاگانییـە، بەڵکـە بۆتـە پشـت و پەنا و هاوئاهەنگیانـەو رۆڵـی سـەرەکی دەبینێـت، لـەدانانی بەرنامـەی پـیلان و رەفتـاری تیرۆریسـتانەیاندا، پشـتگیری تەواویانـە لـە گەشـە کـردن و پەرەسـەندن و بڵاوبوونـەوەیان لـە ناوچەکەدا. بـە بەرنامـە دەیـەوێت، ئـەوەی لـە سـەردەمی دەسـەڵاتی خـۆی لـە کوردسـتاندا، بـۆی جێبـەجێ نـەکراوەو پێـی رانەگەیشتووە، ئێستا لـە رێگـای ئەم گروپە ئەڵقە لە گوێی و دوژمـن بـەمرۆڤ و مرۆڤایەتیـە، بەرامبـەر بـە خـەڵکی کـوردو خـاکی کوردسـتان بەئـەنجامی بگەیـەنێت و، لەلایـەکی تـرەوە رژێمـی بەغـدا بەردەوامەلـە سیاسـەتی پاکتـاوی رەگەزی و دەرپەڕاندنی دانیشتوانی و گواستنەوەی خـەڵکی عەرەب و نیشتەجێ کردنیان لە شـوێن زێـدی باو باپیرانیـان، لە لایـەکی تـرەوە بـە بەرنامـە لـە رێگـای تیرۆریسـتانی نـاو کوردسـتانەوە، کوردسـتان مینرێـژ بکەنـەوەو هەرەشـە لـە سەربەخۆیی و کوردو ئازادی و ئارامی نیشتمانەکەی دەکەن.

هـەموو کەناڵـەکانی دنیـا رۆژانـە ئـەوە دەسـەلمێنن، کـە رژێمـی عـێراق پشتیوانێکی گەورەی تیرۆریستانی ئەلقاعیدەو ئوسامەبن لادن و ئەو هەڕەشە چـڕوپڕەی لـە ئارادایـە کـە گـورزێکی چـاوەڕوانکراوی قـورس لـە عێـراق بوەشـێنرێت، بەهۆی ئـەوەوەی بە بەڵگە دەرکـەوتووە ئـەم رژێمە پشـتو پـەنای

تیرۆریستانی دنیان و بەشداری هەموو نەخشەو رەفتارێکی نامرۆڤانەیان دەکەن. بۆیە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهاوکاری هاوپەیمانەکانی، لە بەرنامەیدایە، ئەمرۆ یان سبەی گورزی سەربازیی و ئاسمانیی و مووشەکی لە عێراق بوەشێنن. وەکو ئەفغانستان تەفروتوونایان بکەن. رژێمی عیراق. لەبارو دۆخێکی قەستەسەریدا، کە روو بەرووی بۆتەوە، لە جیاتی ئەوەی پەنا بۆ گەلانی عیراق بەگشتیی و گەلی کورد بەتایبەتی بەرێت. ژان و ئازەرەکانیان کەمبکاتەوە، رەفتارە مرۆڤانەو دوژمنکارانەکەی، بەکارو رەفتاری باش بە لای خۆیدا راینبکێشێتەوە، بە پێچوانەوە، زۆر بەخەستیی و رق ئەستوورانە، دژایەتی گەلی عێراق و گەلی کوردو مافە رەواکانی دەکات... گومانی نییە هەر پەلاماردانێکی سەربازی بۆ سەر عێراق لەلایەن ولاتانی دنیاوە، بە دوایدا راپەڕین و گۆڕانکاری رووبەڕووی رژێمی عێراق دەبێتەوە. ئەگەر گەلانی عیراق و گەلی کورد، زیرەکانەو زووبەزوو فریا نەکەون. ئەوە بەدڵنیاییەوە، دەبێ بڵێین رق و قینی دوژمنکارانەی بۆ جارێکیتر دووپاتدەکاتەوە، لە پەلەقاژێی مەرگیدا، مەرگەساتیتری هەڵبجەو ئەنفال و بە کۆمەڵکوشتن و کۆڕەو دروستدەکاتەوە.

بۆیە کوردو سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئەمرۆی کورد لە کوردستان ئەرکی گەورەو زۆر قورسیان لە ئەستۆدایە کە دووربینانەو سیاسیانەو زیرەکانە، بیربکەنەوەو هەموو بیرکردنەوەیەکی تەسکی حزبایەتی لەم بارودۆخەی ێستادا وەلا بخەن و یەکدەنگ و یەکیەرنامەو پلان و نەخشەی گونجاو وبەکەڵك دابڕێژن، بۆ بەرپەرچدانەوەی، هەر شاڵاوو پەلامارێکی دوژمنانەی دوژمنان و داگیرکەران، هەوڵدان بۆ دووبارە نەبوونەوەی مەرگەساتەکان. بێگومان یەکگرتوویی و یەکریزی گەلەکەمان، هەڕەشەو گوشاری دوژمنان پووچەڵدەکاتەوە، بۆیە جێی خۆیەتی هەر ولاتێ لە ولاتانی دنیا، بیانەوێت بێنە کوردستان و یارمەتی گەلەکەمان بدەن بۆ پارێزگاری لە ئازادیی و ئارامی کوردستان، دەبێت بە شانازییەوە پێشوازی لێبکەین و بەپەرۆشەوە بە پیرییەوە بچین. کە هەڤاڵی بەرێز مام جەلال لە چەند بۆنەیەکدا ئاشکرای کردووە دەڵێت: (گەلی کورد پێشوازی لە هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە کوردستان بۆ بەرگریکردن لەو ئازادییەی ئێستا هەیەتیی و بۆ بەرگرتن لە لێدانی ناوچەکە بە چەکی ترسناك) دیارە بەرێز مام جەلال ئەم پێشوازییە بە خۆڕایی راناگەیەنێت و هەڵبەت مەترسی گەورە لە

دوژمنان چاوەڕوان دەکرێت. لە بارودۆخێکی وەك ئەمڕۆی ناوچەکەو عێراق‌و کوردستاندا، کە بەرنامەو نەخشەی گۆڕانکاری بەدەستەوەیەو ئەگەری پەلاماری سەربازی‌و وەشاندنی گورزی لەناوبردن بۆ سەر عێراق لە ئارادایە. دەبێت، کوردو سەرکردایەتی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کورد بەهەمووحزب‌و باڵە سیاسیەکانەوە، هەوڵی سیاسیانە، دبلۆماسیانە، لۆجستیانەو پێشمەرگانەیان زۆر زیرەکانە یەکخەن‌و هەنگاوبنێن‌و بەوردی‌و دوور بینانە چاودێری رۆژانەی پێشهاتەکان بکەن. پلان‌و نەخشەی گونجاو دابڕێژن، پێشبینی ئەوەبکەن کە داگیر کەران‌و دوژمنانی کورد، بەچ چاوو جۆرە مەبەست‌و پیلانێکەوە چاویان لە ئاو و خاکی کوردستان‌و ئارامی خەڵکی کوردستان بڕیوە. بە نیازن بەچ شێوەیەك ئازادی‌و ئارامیمان لێتێکبدەن‌و گەل‌و نیشتمانەکەمان، خەڵتانی خوێن‌و دووچاری سەرگەردانی‌وماڵوێرانی بکەنەوە. چۆن دەیانەوێت ئەوەی چەندین ساڵە بە خوێن‌و قوربانی بەدەستمان هێناوە لەژێرپێمانی دەربهێنن‌و کوردستان بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان..

بۆیە کورد مافی ڕەوای خۆیەتی، هەر هەلێکی رەخساو لەم بارودۆخەی ئێستادا، بۆ گەلەکەمان‌و نیشتمانەکەمان، بێتە پێشەوەو بیانەوێت پارێزگاری لە بوون‌و مانەوەو ئازادی‌و ئارامیمان بکەن بە رێگای هاتنە وڵاتەکەمانەوە. دەبێت ئەو هەلە لەدەست نەدەین‌و بەپیرییەوە بچین..لێرەشدا دەبێت ئەوە بڵێین ئەو دەوڵەت‌و لایەنانەی ئەو بە پیرەوە چوونە، بە کاری خراپ‌و خۆفرۆشی‌و وابەستەیی دەزانن بۆ گەلی کوردو تاوانبارمان دەکەن ئەو دەوڵەتانە با بە خۆیاندا بچنەوە، باش سەیری خۆیان‌و پەیوەندییەکانیان بکەن لەگەڵ وڵاتانی دنیا، بۆ بەرژەوەندی خۆیان‌و بزانن تاچەند پابەندو وابەستەن..کورد بۆی هەیە بپرسێت لە هەموو دەوڵەتە ئیقلیمی‌و عەرەبییەکان کامیان مەلۆتکەی ئازیزی بەخێو کراوی ئەمریکا نین؟ کامیان ئەمریکا لەناو گیان‌و هەناویاندا دەستبازی ناکات؟ کامیان بودجەی مانگانەو ساڵانەو چەك‌و تەقەمەنی لە ئەمریکا وەرناگرێت؟ کامیان پەیڕەوی سیاسەتی ئەمریکا ناکات‌و سیاسەتی ئەمریکا بەرێوەی نابات؟..کاتێ ئەو دەوڵەتانە بۆخۆیان ئەوە بەرەوا دەزانن، ئەی بۆ کورد بۆتاوان‌و خۆفرۆشییە؟ بۆ پارێزگاری لەبوون‌و مانەوەی قەوارەی نەتەوەیی‌و ئاوو خاکی نیشتمانی‌و، بۆ پارێزگاری لەحکومەتی هەرێمی کوردستان‌و

ئازادیوئـارامی، کـە پـاش چـەندین سـاڵ بەدەسـتی هێنـاوە لەلایـەك و بـۆ دوورخستنەوەی گەلەکەمان لەتراژیدیای ئەنفال و کیمیا باران و کۆڕەو لەلایەکی ترەوە. پێشوازی لە ئەمریکاو یان هەر دەوڵەتێکی تربکات ئەم پێشوازییە بۆ ئەو دەوڵەتانـە بـۆ رەوایـەو بـەمافی خۆیـانی دەزانـن بارەگـا و بنکـەی سـەربازیو ئاسمـانی و مووشـەکی ئـەمریکی لـە ولاتەکانیانـدا هـەبێت، بـەلام بـۆ کـورد خیانەتکاریو بەکرێگیراوییە..لە کۆتاییدا دەڵێم دوژمنـان بیانـەوێ و نەیانـەوێ کوردیش مافی رەوای خۆیەتی بۆ پارێزگاری لەخۆی پێشوازی لە ئەمریکاو هەر دەوڵەتێکی تر کە دۆستایەتی گەلەکەمانی پێ رەوا بێت بکات و بە شانازییەوە بە پیرییەوە بچێت.

*ئـەم وتـارە لـەژمارە(٣١) سـاڵی دووەمـی١٦/تشـرینی یەکـەمی/٢٠٠٢ رۆژنامـەی(هـەواڵ)دا بلاوکراوەتەوە.

کورد بۆچی بترسێت؟

بەدرێژایی مێژووی کوردوبزوتنەوە رزگاریخوازییەکەی، لەبەردەم هێرشی دوژمنانەدابووە، لە هەموو روویەکی ژیانەوە بەدرندەترین شێوە چەوسێنراوەتەوە، بەهەمووجۆرە چەکێك پەلاماریانداوە، کارەساتی زۆریان بەسەرهێناوە، مەرگەساتەکانی بەدەگمەن باسکراون، بەپێچەوانەوە دیزە بەدەرخۆنە کراون، کەسێ، وڵاتێ پاڵپشتی نەکردوەو لەسەری هەڵینەداوەتێ.. بەڕاشکاوی دەڵێن ئاوات و ئامانجەکانی لە بەردەمی چەقۆی تیژی دوژمنانیدا بووە. خاکی نیشتمانەکەی پارچە پارچەو گەلەکەیان دابڕو دابەشکردووە، بە هەموو شێوازێك هەوڵیانداوە مێژووکلتوورو ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگ و زمانی بشێوێنن و خەڵکەکەی چەواشە بکەن و لەخشتەی بەرن و لەنەتەوەکەیان و بزووتنەوەکەی دووریان بخەنەوە..ئەگەر بەرا گوزەری چەند مەرگەساتێکی گەلەکەمان باس بکەین..بیکەینە مشتێ لە نموونەی خەروارێك، بەمەش دەزانرێت لەگەڵ ئەوەشدا کە مێژوویەکی خوێناوی بە باڵای بڕاوە، چەند خۆراگرو دوژمن بەزێنبووە، شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و شێخ عەبدوڵڵای نەهری و کوشتنی دەهەزار کورد لە دۆڵی زیلان و لەسێدارەدانیان و بەدیل گرتنی شێخی نەمر بەبریندار و ئازاردان و دوورخستنەوەی، لەسێدارەدانی محەمەد قودسی و هاوڕێکانی لەناوبردنی کۆماری مەهاباد و لەسێدارەدانی قازی وهاوڕێکانی و لەناوبردنی شۆڕش و راگواستنی هەزاران لە خەڵکی کوردستان بۆ خوارووی ناوەڕاستی عیراق و دابڕینیان لەخاك و زێدی خۆیان.

لەشۆڕشی نوێخوازی گەلی کورددا، شیهاب و هاوڕێکانی و سەیدا ساڵح یوسفی بەنامەردانە لەناوبران، ئەنفالی کوردو لەناوبردنی ١٨٠ هەزار کوردی ئەنفالکراو کیمیابارانی هەڵەبجەو کوشتنی ٥٠٠٠ هەزار خەڵکی ئەو شارەو سوتماککردنی کوردستان و روخاندنی ٥٠٠٠ هەزار گوندو شاری کوردستان، ئابلۆقەدانی شارەکان و بەندکردنیان لەخاك و وڵاتی خۆیداو قەدەغەکردنی جموجوڵی..بۆ ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردیاندا

تیرۆریستان، لە هەورامان ولاّتانی ئەورووپا بۆ هەر هەڕەشەو پلانێك بۆ سەر کوردستان و، ئەزموونی حوکمڕانی هەلّوێستی دۆستانەو توندیان هەیە..ئەمریکا وبەریتانیا بەراشکاوی رایدەگەیەنن کە پالّپشتی گەلی کوردن و، بە گورگان خواردووی نادەن..ئەمریکا وبەریتانیا وهاوپەیمانەکانیان ئەم هەموو خەرجییە بۆ ئازاد کردنی عێراق خەرج بکەن و، ئەو هەموو هێزە ئاسمانی و زەمین بهێنن و ئەو هەموو قوربانییە بدەن لە پێناوی ئازاد کردنی عێراق وە رووخاندنی دیکتاتۆریەت، رێگا دەدەن دەولّەتێکی تر چاو ببڕێتە عێراق و کوردستان. ئەو ئازادییەی بۆی فەراهەم دەکرێت، دووچاری نەهامەتی دەردی سەریبکاتەوە،

بە پێی چ یاساو بڕیارێك بە چ مافێك دەولّەتێك دەتوانێت و، بۆی هەبێت خاك وسامان و ئازادی ولاّتێکی تر داگیروزەوت بکات..ئەگەر وابکرێت کەواتە دەولّەتە هاوپەیمانەکان چییان بۆ گەلانی عێراق و گەلی کورد کرد؟. ئەی شەڕی کەنداو لەسەر داگیرکردنی کوێت هەلّنەگیرسا؟ بە دوایدا راپەڕین دروست نەبوو، لەوکاتەوە کوردستان ناپارێزرێت..؟ بۆیە بەبۆچوونی من و بەپێی باری گۆڕانکاری و بەرنامەی هاوپەیمانان و ئۆپۆزسیۆنی عێراق و، رای ولاّتانی ئەورووپا و دنیا و پێشبینییەکان، کورد لە مەترسی لەناوبردن رزگاری بووە. چونکە سەرباری هەموو ئەوانەی پێشەوە، مەسەلەی کورد لەمەسەلەی ئیقلیمی و ناوچەییش تێپەڕی کردووەو، بۆتە مەسەلەیەکی گەورەو زۆر زەقی نێو دەولّەتی و، پاشەرۆژێکی زۆر روونـاکترو پرشنگدارتری لـە بەردەمدایە، لەم ئەزموونی حوکمڕانییەی ئێستای زۆر باشترو فراوانترو بەتواناترو بەدەسەلاّتدارترو کاراتر دەبێت.

(٣٠٤٥)ی کوردستانی نوێدا بلاّوکراوەتەوە لەڕۆژی ٢٠٠٣/٤/٢١لا٨

وەڵام بۆ چاودێرێك

لەلاپەڕە ٩ی ژمارە(١٦)ی رۆژنامەی هەواڵدا، چاودێرێك کە (حەسەن جاف)ی راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیرییە، بابەتێکی بەناونیشانی(تەلیسمی ئەو نهێنییە چی پێ؟) بڵاوکردۆتەوە..لەبەر ئەوەی، نووسینەکەی راستەوخۆ لەسەر من وبەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ وبڵاوکردنەوەیەو، پەیوەندی بەوەزارەت و ئەنجوومەنی وەزارەتەوەیە. بۆیە دەمەوێت وەڵامی خاڵ بەخاڵی نووسینەکەی بدەمەوە، پێش ئەوەی بێمەسەر نووسینەکە بەپێویستی دەزانم، چەند راستیەك بخەمە پێش چاو..

١. بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە ماوەی دووساڵ و نیوە دامەزراوەو، لەم ماوەیەدا..(١٢١) کتێبی جۆراوجۆرو (٨)هەشت ژمارەی گۆڤاری هەزار مێردی چاپ کردووە.

٢. (حەسەن عەباس بەهرام) لە ٢٠٠١/١/١٦بەراوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیریی و سەرنووسەری رۆژنامەی هەرێمی کوردستان بەشی عەرەبی دامەزراوە. واتە ناوبراو ساڵێك و دوومانگە لەم وەزاوەتەیە. دیارە دوای ئەوەی کە هەولێری بەجێهێشتووە

٣. لەساڵی(٢٠٠٠)دا کتێبێکی بەناوی (گۆڕستانی لم)..پێشکەشی وەزارەت کرد، بۆچاپکردن. کتێبەکەدرایە شارەزا، رای شارەزا بەپەسەندی نەزانی کەوەزارەت چاپی بکات..کتێبەکەی بۆ گێڕدرایەوە.

ئینجا دێمە سەر خاڵەکانی نووسینەکەی..

١. حەسەن جاف و هەموو ئەوچاودێرانەی سەر بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە ئازادن، بەرەهایی لەسەر هەر کتێبێك دەکرێت بنووسن.

هەروەکو(هێرش قادر) لە رۆژنامەی تایمدا لەسەر کتێبی(ئیسلام وبنەمای دەسەڵاتی)نووسیبوو. وەیان هەر وەکو (محەمەد موکری) لەسەر کتێبی (ژنێك ودووپیاو). لەوەرگێڕانی شێرکۆبێکەس نووسیبوو لە گۆڤاری ئایندەو

وەرگێڕیش هەر لە ئایندەدا وەڵامی دایەوە..ئەم نەریتە. نەریتێکی باوەو کەس لاری لێی نییەو بەڵکە. کارێکی زانستی زۆر بەسوودە.

٢. سەبارەت بەخاڵی(٢) (چاودێر) بەچ حەقێك ماف بەخۆی دەدات تفەنگ بەتاریکییەوە بنێت. وەزارەت تاوانبار بکات، لەسەردەمی بەڕێزان مامۆستا جەمال‌و مامۆستا شێخ محەمەد شاکەلی‌و ئێستاش لەسەردەمی بەڕێز کاك فەتاح زاخۆیی بۆ چاپکردنی هەر کتێبێك..بەڕێوەبەری گشتیی بەڕاوێژ لەگەڵ بەڕێزیانداو دوای هەڵسەنگاندنی هەمەلایەنەی کتێبەکان. بڕیاری چاپکردن‌وهاوکاری کتێب دراوە..

٣. سەبارەت بەخاڵی(٣) وەکو لە خاڵی یەکەمدا، ئاماژەمان بۆکردووە چاودێری ناوبراو یان هەرچاودێرێکی تر، وەکو خۆی کەخاوەنی قەڵەمی بەبڕشت‌و شاسواری مەیدانی زانست‌و ئایین‌و زمانی کوردی‌و عەرەبین. بالەسەری بنووسن.

سەبارەت بەو شارەزایەی ئەو کتێبەی دراوەتێ بۆ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن. دەست‌و چاویشی ببەستنەوە ئەوەندەی چاودێری نووسەر شارەزاو خوێندەواروڕۆشنبیرە... لەبەرامبەری هەڵسەنگاندنی ئەوکتێبە قوروشێکی وەرنەگرتووە، تائێستا(تاوان)و(تاوانباری) بۆ کاری وا دا نەنراوە. تاوان‌و تاوانباری دەخرێتە پاڵ ئەکەسانەی کە خیانەت لە خاك‌ونیشتمان بکەن یان نووسینێکیان لەکاتی رژێمدا لەسەر قادسیەی سەدام بۆ پاداشت‌و مەنسەب ببێت، تۆبڵێی ئەو چاودێرە بەڕێزە.. ئاگاداری رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوسەردەمە نەبێت...؟

٤. سەبارەت بەخاڵی(٤)ونووسینەکەی رۆژنامەی تایم‌و سپاردنی کتێبەکە بەکەسێکی تر لەلایەن بەڕێز وەزیری رۆشنبیریەوە، بۆ پیاچوونەوەو بەراوردکردنی.. ئەوکەسەی کەبەڕێز وەزیری رۆشنبیری ئەو کارەی پێ سپاردبوو.(حەسەن جاف) خۆی بوو، وەکو راوێژکاری وەزارەتی رۆشنبیری...دوای خوێندنەوەو بەراوردکردنی لە راپۆرتێکدا ئەو دووخاڵەی تۆمار کردبوو. پێشکەشی وەزیری کردبوو. لەکۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی وەزارەتدا لە١٢/١/٢٠٠٢ باس لەو مەسەلەیەکرا... من وتم ئامادەم کە پارەی ئەو کتێبە بدەم بەڵام بەمەرجێ لەبەرامبەری ئەوەش کە ئێمە(٤٢)کتێبی ترمان‌و چوار

ژمـــارەی گۆڤـــاری هـــەزارمێردمان چـــاپ کـــردووە پاداشـــت بکـــرێن..لـــە کۆبوونەوەکەدا...لەسەر بڕیاری بەڕێز وەزیر کۆتایی بەوکێشەیە هێنرا....

٥. سـەبارەت بـەخاڵی(٥) لـەو کـۆڕە تلەفزیۆنـەی کـە باسـی کتێبەکـە کراوە...سمیناری تەلەفزیۆنی لەسەر هەر مەسەلەیەك بکرێتو باسی هەرلایەنێك بکرێت... ئەگەر لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکرێتو ئامادەبێت لەشوێنی خۆیدا، وەڵامی پێویست دەداتەوە. ئێمە بۆئەوسمینارە بانگ نەکراوینو قسە لەسەر کتێبەکەکراوە.. ئیتر ئێمە وەڵامی چیوچۆن بدەینەوە.. بەپێی ئەو سمینارە ئێمە دەبێت کەڵك وەرگرین لەلایەنی خراپو لایەنی باشیش باشتر بکرێت..نازانم چ داخو رقە دڵێکە کە بەوشێوەیە دەڵێت سەرو پوتلاکیکوترایەوە. ئەمە قسەی قەڵەم بە برشتو نووسەرە. بۆ نووسین.

٦. خـاڵی(٦) دەڵێـت سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە هـیچ ئیجرائـاتێکی لەلایـەن وەزارەتەوە بەرامبەر بەو کتێبەو وەرگێرو شارەزاکەی نەکرا. یان هیچ نەبێ کەس نازانێ کراوە یان نا؟.

خوێنەری بەڕێز..ئەگەر تەنها سەرنجی ئەم خاڵە بدەین دەزانین ئەم چاودێرە حەیاتە چەند لە داڕشتنونووسیندا کوڵەوارە.

کـە وەزیـر(حەسـن جـاف)ی وەکـو راوێـژکاری وەزارەت بـۆ پیاچـوونەوەو بەراوردکردنی کتێبەکـەی پـێ سـپاردو، رای خـۆی نووسـیویو لـە ئەنجوومـەنی وەزارەتـا قسـەی لەسـەرکراو، بـەڕێز وەزیـر لەکۆبوونەوەکـەدا کێشـەکەی یەکلاکردەوە ئەگەر ئەمە ئیجرائات نەبێ ئەی ئیجرائات چییە؟

٧. خـاڵی(٧)لام سـەیرە ئـەم چـاودێرە، وابـەداخو رقـەوە لەبەرامبـەری بەڕێوەبەری گشتی چاپو بڵاوکردنەوە قسەدەکاتو، دەبێت بەڕێوەبەری گشتی چی بەرامبەر بەوچاودێرە کردبێ؟

(حەسـەن جـاف) راوێـژکاری وەزارەتـە. لـە ٢٠٠١/١/١٦وە لـەوەزارەتی رۆشـنبیری وەکـو راوێـژکار دامـەزراوە. چـۆن رێگـا بـەخۆی دەدات لەسـاڵانی (١٩٩٩و ٢٠٠٠)دانـا بـە بەڕێوەبـەری گشـتی چـاپو بڵاوکردنـەوە بڵێـت،(بـە هـەوەسو ئـارەزووی خـۆی کتێـب چـاپ دەکـات)..حەسـەن جـاف لـەو رۆژەوەی دامەزراوە دوو رۆژ هاتۆتە بەڕێوەبەرێتیەکەمان لە٢/٣ کەبەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز وەزیرو بریکاردا هاتبوون. بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەی کاری

چاپکردن، جارێکی تر لەکۆتایی مانگی(٢) بەسەر پێوە هاتوو دانەنیشت. ناوبراو لەبەر ئەوەی راوێژکاری وەزارەتە، واتێگەیشتووە دەبێت چاودێربێت بەسەر بەڕێوەبەرە گشتیەکانەوەو کەس بەبێ ئەمرو فەرمانی ئەو پەنجە بەئاودا نەکاتو یەك دێڕ نەنووسێتو چاپ نەکات!!

دەڵێت (هەندێ کتێب بۆ شارەزاش نانێرن کەسیش نازانێت بنەمای هەڵبژاردن وچاپکردن چۆنە ئەگەر هەشبی کەس پەیڕەوی ناکا)... لام سەیرە پیاو خۆی بەرۆشنبیرو خاوەن قەڵەمو راوێژکاری وەزارەتێ بزانێت بەو نامةنطقة بنووسێتو قسەبکات... حەزدەکەم ئەوەبزانرێت کە زۆر نووسەرورۆشنبیر پێویست ناکات کتێبەکەیان بدرێتە شارەزاو، هیچ کتێبێك بەبێ خوێندنەوەی شارەزاو راوبۆچوونەکانیان نەلەچاپ دەدرێنو نەرەت دەکرێنەوە وەك لەپێشەوە وتم. حەسەن جاف لەساڵی(٢٠٠٠)دا رۆمانێکی بەناونیشانی(گۆڕستانی لم) پێشکەشی وەزارەت کرد بۆچاپکردن. درا بە ئیمەو ئێمەش دامانە خەبیر رای خەبیر لەسەر رۆمانە کە ئیجابی نەبوو. رای خەبیرم بەداخراوی نارد بۆ بەڕێز وەزیر. دوای چەند رۆژێ وەزیر داوای کرد کە حەزدەکات خەبیرەکە ببینێتو، خەبیرەکەی بینیودوایی شێخ محەمەد شاکەلی فەرمانیدا کە کتێبەکەی بۆ بگێڕدرێتەوە، هەر کتێبەکەی خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو کتێبێك دەدرێتە شارەزاوهەڵدەسەنگێنرێت لەبەر ئەوەی کتێبەکەی پەسەند نەکرا چاپ نەکراو قسەی لێم دابڕیو کەوتە قسە لەملاولەولا.

حەز دەکەم بزانێت تائێستا چەندین کتێب لەبەر ئەوەی کە شارەزا پەسەندی نەکردووە چاپ نەکراوەو دراوەتەوە بەخاوەنەکەی وەك کتێبەکەی خۆی.

ئەڵێیت (کەس نازانێ بنەمای هەڵبژاردنو چاپکردن چۆنە، ئەگەر هەشبێت، پەیڕەوی ناکا)

بنەمای چاپکردنو کۆمەککردن هەیەو لەسەر ئەورێنماییانەی لەساڵی(٢٠٠٠)ەوە دەرچوون کارەکانی چاپوکۆمەك کراوە، ئەمساڵیش بەهەمان شێوە رێنماییەکان نوێ کراونەتەوەو چەند خاڵو بەندی لێ زیادکراوەو لەسەر ئەورێنماییانە کاردەکرێت.

دەڵێیت(ئەوپسپۆڕو شارەزایانە کێن کە بەڕێوە بەرێتی ناوبراو پشتیان پێ دەبەستێتو کتێبیان بۆ دەنێرێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەگەر هەبن..چونکە باوەڕ

ناکەم هەبن‌و ئەوانە خۆیان بڕیاردەدەن).. دیارە حەسەن جاف دەیەوێت لەڕێگای ئەم نووسینەیەوە سەرە دوای خەبیری کتێبەکەی خۆی بۆ دەربکەوێت. بەڵام سەیرە کەسێك بەناو ڕاوێژکاری وەزارەت بێت‌و کرابێتە سەر نووسەری(ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان) بەشی عەرەبی‌و بەحیساب چەندین ساڵ لەبواری ڕۆشنبیری‌وڕۆژنامەگەریدا، کاری کردووە لەوە خۆی گێل کات کە لە هەموو بوارێکی چاپ‌و چاپکردندا..یەك دەزگا نییەو ناکرێت شارەزاکانی ئاشکرابن‌و ناسراوبن. ئیتر چۆن‌و بەچ حەقیّ‌و دەیەویّ وەزارەتی ڕۆشنبیری لیستی ناوی خەبیرەکانی پێشکەش بکات. من دڵنیاتان دەکەم..ئەگەر ڕۆژنامە لەهەواڵ‌وڕۆژنامەکانیشدا بنووسێت دەبێت هەر بەوگومانەوە سەربنێیتەوە بۆ زانینی شارەزاکانی بەڕێوەبەریّتی گشتی چاپ‌وبڵاوکردنەوە.

تۆبلێی چاودێری بەڕێز.!.داوای ئەوەنەکات شارەزاو وەرگێڕو بەڕێوەبەری گشتی لەزیندانی حکومەتی هەرێمدا توندبکرێن یان بەسێدارەدابکرێن..باشە وەرگێڕ..لەسەر قادسیەی سەدامی نووسی؟ بەشان‌و باڵی ڕژێمدا هەڵیداوە؟ شارەزا خیانەتی ئەخلاقی‌و نەتەوەیی‌و نیشتمانی کردووە؟ بەڕێوەبەری گشتیی...پار لە هەولێر هاتۆتەوە و بەعسی بووەو دژی گەل‌و نیشتمانەکەی خیانەتی کردووە؟ نووسینی لەسەر قادسیە نووسیوە؟!.

هەر لە هەمان خاڵدا دەڵێت(کەس نازانێت باوکی ژیارو شارەزاکەی ئەوکتێبە کێیە؟ و لەسەر کام بنەماو بناغە خراوەتە ژێرچاپ‌و هەزار دانەشی لیّ چاپکراوەو ئەو هەموو پارەیەشی تیادا خەرجکراوە؟)

کاکی چاودێر دەبێت ئەوە بزانێت

١. ناوی وەرگێڕ هەر کەس بێت‌و بەهەر ناوێکەوە بێت. لەمەسەلەی کتێبەکە ناگۆڕێت، تەنها بۆ کەسانێك نەبێت لەسەر وەرگێڕانی کتێبەکە بیەوێت تۆڵەی لیّ بکاتەوە، وەکو چۆن لەگەڵ(علی عبدالرزاق)کراوە لەکاتی خۆیدا لەمیصر.

بەپێی هەموو یاسایەکی چاپکردن لەکوردستان‌و دنیادا، شارەزا بۆ هەڵسەنگاندنی هەرکتێبێك کارێکی(نهێنی)یەو نابیّ‌و ناکرێت کە هەموو کەس بیزانێت‌و یان چاودێری لیّ ئاگاداربکرێت. چونکە دەرکەوتنی شارەزا بۆ

هەڵسەنگاندن لایەنی خراپی‌هەیە. دەبێتە هۆی کێشەو سەریەشە بۆ شارەزا. لەگەڵ کەسانی وەکو چاودێردا...

٢. ئێمە لەسەر بناغەی رای شارەزاو لەبەرگرنگی‌کتێبەکە کتێبەکەمان بەوتیراژە چاپکردووە، ئەگەر ئەو کتێبە وەرگێڕانەکەی واخراپ نەبوایە دڵنیام ئەگەر دوو هەزاریشمان لێ چاپبکردایە یەك دانەی لەبازاڕدا نەدەمایەوەو، ئێستاش زۆر کەمی لەبازاڕدا ماوە. ئەو پارەیەی لەوکتێبەدا خەرج کراوە، هەر وەکو ئەوپارانە وایە کە زۆر کەس مانگانە پارە وردەگرن‌و یەك کاروئەرکێ ناگرنە ئەستۆو هیچ ئیشێك ناکەن پارەی کرێی خانوو لەحکومەت وەردەگرن‌و خانووش ناگرن. لەکۆتاییدا دەڵێت(دوا قسەمان پرسیارێکە سەرەرای ئەونووسینەو لێدوانە.....وەزارەت بۆچی بێدەنگەو هیچ ناڵێ؟ دەبی نهێنی ئەم مەسەلەیە چی‌بێ؟)

منیش لەوەڵامیدا دەڵێم...دەتەوێت وەزارەت چی بکات؟

وەرگێڕو خەبیرو بەڕێوەبەری گشتی بەداردا بکات؟ بۆچی‌و لەپای چی؟. لەبەرامبەری ئەوەی لەماوەی سێ ساڵدا، بەڕێوە بەری گشتی چاپ‌وبڵاوکردنەوە(١٣٢) کتێبی چاپ کردووە، لەکۆتاییدا دەڵێم..حەقوایە لەراوێژکاری وەزارەت بپچرێتەوەو سزای ئیداری بدرێت لەبەر ئەوەی نهێنی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتی بردۆتە دەرەوە لەبەر ئەوەی لەکۆبوونەوەکە وەزیر رایگەیاند نهێنی کۆبوونەوە نەبرێتە دەرەوە.

کەرکوك بە چەپکە گوڵی سەرکەوتنەوە پێشوازی لە ڕۆڵەکانی کرد

لەو رۆژەوەی بەعسی فاشی بەغدا جڵەوی دەسەڵاتی لە عیراقدا گرتۆتە دەست، بە سیاسەتێکی شۆڤێنانە و بە بەرنامەیەکی داڕێژراوی هەمە لایەنە، کەوتە (تەعریب و تەرحیل و تەبعیس) کردنی شارو شارۆچکە و گوندەکانی ناوچە کوردییەکانی کوردستان.. شاری کەرکوك و دەور و بەری یەکەم ناوچە بوون، کە بە بەرنامەیەکی چڕ و پڕی داڕێژراو بە هەموو توانایەوە، کەوتە وێزەی خەڵکەکەی بە دەرکردن و بە عەرەبکردن و بە بەعسی کردن. سەرەتا لە شەریکەی نەوتەوە دەستی بە گواستنەوەی فەرمانبەر و کرێکارە کوردەکان کرد. لە ماوەی چەندساڵێکدا فەرمانبەرێك، کرێکارێکی کوردی لەو شەریکەیەدا نەهێشتو، بە دوایدا هەموو گوندە کوردنشینەکانی دەور و بەری شەریکەی نەوتی راگواست و لە جێگایان عەشایەری عەرەبی نیشتەجێ کرد.

ئەم سیاسەتە شۆڤێنیانەیە.. ساڵ بە ساڵ زیادی کرد، بە تایبەتی دوای پیلانی رێکەوتننامەی جەزائیر، بۆ لە ناو بردنی شۆڕشی گەلی کورد و دەست پێکردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.. ڕژێم بە هۆی کۆمەڵێ چەشەی چەور و قەبەوە بۆ ئەو کەسانەی رازی دەبوون بێنە کوردستان کەوتە تەعریبکردنی شاری کەرکوك و دەور و بەر. بە هەزاران ماڵە عەرەبی گواستەوە بۆ ناو کەرکوك و بە سەدان فەرمانبەری عەرەبی لە دام و دەزگاکانی حکومەتەوە گواستەوە بۆ دام و دەزگاکانی ناو کەرکوك و دەور و بەر.. لە گەڵ هێنانی ئەو ماڵ و فەرمانبەرە عەرەبانە کەوتە گواستنەوەی سەدان فەرمانبەری کورد و تورکمان بۆ شارە جیاجیاکانی عیراق، سەرباری ئەو گواستنەوە و دەرکردن و هێنانە. گەڕەکە کوردییەکانی ئازادی و ئیمام قاسم و شۆریجە و رەحیم ئاوا و ئیسکان و تەپەی لە رێگای دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانییەوە خستبووە ژێر گوشارەوە.. بە گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی و کردنیان بە بەعسی.. وە ئەو گەڕەکانەی لە هەموو کارێکی خزمەت گوزاری بێبەری کردبوو. بە دەیان خانووی گەڕەکەکانی

بە سەریەکدا ڕوخان و، هەموو جۆرە کڕین و فرۆشتن و خانو کردنێکیان لە خەڵکەکەی قەدەغە کردبوو. بە سەدان گەنجی شارەکەی دەکردە سەربازو فیدائی و جەیشی شەعبی و بەکوشتی دەدان. بە دەیانی بەبیانووی جۆراو جۆرەوە دەگرت و، لە بەندیخانەکانی توونند دەکردن و، زۆریشیانی بێ سەرو شوێن دەکردن.. پرۆسەی خوێندن و فێرکردنی لە کوردیەوە گۆڕی بۆ عەرەبی و خوێندکاری کوردی لە زمانی زکماکی بێبەشکردن، ناوی کوردی هەموو قوتابخانەو ئەو شوێنانەی کە بەکوردی نووسرابوون گۆڕیان بۆ ناوی عەرەبی.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا، بۆ یەکەمجار شاری کەرکوک ڕزگار کرا، بەڵام بە شاڵاوێکی دڕندانەی عەسکەری و ئاسمانی خەڵکی ڕاپەڕیوی دامرکاندەوە، بەسەدان لە ڕۆڵەکانی شەهید کران و بێ سەرو شوێن کران.. بەداخەوە کەرکوک تاجی گوڵینەی لەسەر خرایە خوارەوە و ڕژێم بەسیاسەتێکی زۆر توندترو دڕندانە تر، کەوتە وێزەی کوردی شارەکەو ئەوەی لە فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا ناکرێت و قەدەغەیە، ئەو بەرامبەریان کردی و، ڕۆژانە دەیان ماڵی بەسەڵتە خێزانی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەکرد..

ڕۆژی ٢٠٠٣/٤/١٠ بەهەڵمەتی هێزی پێشمەرگەو هاوکاری و زەبری کوشندەی هاوپەیمانان، بۆ دواجار کەرکوک و هەموو شارو شارۆچکەکانی دەورو بەری ڕزگار کران و، خەڵکی کەرکوک بەچەپکە گوڵی سەرکەوتنەوە پێشوازی لەڕۆڵەکانی کردو، تاجەگوڵینەی هەتاهەتای نایەسەر و نەفرەتیان لە بەعس و سەدام و دام و دەزگا سەرکوتکەرو دڕندەکەی کرد. وێنەی دکتاتۆر پەتکراو خرایە ژێرپێی ڕقی ئەستوری داخ لەدڵی جەماوەری کەرکوک و کەرکوکیەکانەوە.. کوردە بەندکراوەکانی ئیمام قاسم و ئازادی و شۆڕیجەو دبس و تەپەو ڕەحیم ئاواوئیسکان و لەیلان و قادرکەرەم پیرۆزبێت ڕۆژی جەژنی ئازادیتان.. پیرۆزتان بێت تاجەگوڵینەی ڕزگاریتان.. ئیتر مەترسن باوەش بەگڕی نەوتی بابە گوڕگوڕدا بکەنەوەو بە مەشخەڵانی کوردستان ڕۆشنتریبکەنەوە.. مەترسن، ئیتر پیاوانی سەدامی دکتاتۆر ناتوانێت چاوتان لێ زەق بکاتەوەو هەڕەشەی مەرگ و زیندە بەچاڵکردنتان لێ بکات. وا ڕۆڵە ئاوارە و دەرکراوەکانتان کۆمەڵ کۆمەڵ پێتان شاد دەبنەوە.. گەڕەك و ماڵەکانتان دەواری ڕەشی بەعسی دکتاتۆرییان بەسەرەوە نامێنێت ... ئاوی ڕۆخانە لەمەودوا بە

لێڵی ناپوات لە بان قەڵاوە ئیتر ساڵانە ئاگری نەورۆزی سەرکەوتن و رزگاری پرشنگ دەداتەوە و تێکڵاوی گڕەکانی بابە گوڕگوڕ دەبێت. قوتابخانەکان ناوی ڕەسەنی کوردی دەنرێنەوە و خوێندکارەکانتان بە زمانی زکماکی خۆیان دەخوێنن.. گەڕەکە ڕووخاوەکان دروست دەکرێنەوە. خانوو و ماڵە زەوتکراوەکانتان دەدرێنەوە. شارەکەتان لە جیاتی شاری رق و دوو بەرەکی دەبێتە شاری برایەتی کورد و تورکمان و کلد و ئاشوور و عەرەبە کۆنەکانی شارەکەتان ئەو عەرەبانەی بە سیاسەتی تەعریبکردن هێنراونەتە شارەکەتان دەبێت بەسەر شۆڕی بەرەو شوێنی هێنراویان بگەڕێنەوە و نەفرەت لە خۆیان و ڕەفتاریان بکەن.

رۆژی شەممە لەلاپەڕە(٦)ی ژمارە٣٠٤٩ کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە رۆژی ٢٠٠٣/٤/٢٦

دوای رووخانی سەدام چی بە گەلانی عیراق دەڵێن؟

سوپای هاوپەیمانان لە هەموو لایەکەوە جەربەزانە ئابلوقەی رژێمی دیکتاتۆری بەغدادیان داوە، لە یەکەم رۆژی شەڕەوە ئەفسەرە خوێنڕێژەکانی سوپای دیکتاتۆر، کە چەندین ساڵە بە ئاگر و ئاسن و کیمیاباران کردن و رەشەکوژی لە خەڵکی عیراق دەکوژن و، کورد لە ناو خاکی کوردستاندا لە ناو دەبەن، گوند و شاری کوردستان وێران دەکەن، بە هەموو هێز و توانایانەوە لە خزمەتی سەدامی دیکتاتۆردان و، فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن، وا ئەمڕۆ لە خۆشبەختی گەلی عیراق، خاوەن تەڵەیان لێ پەیدا بووەو، شێرە مرۆڤ کوژەکانی سەدام لە بەرامبەر سوپای ئازادی عیراقدا ترسنۆکانە چەکەکانیان فڕێدەدەن و خۆیان بە دەستەوە دەدەن. ئەو سوپا زەبەلاح و دڕندەیەی کە بۆ خەڵکی عیراق پاڵەوان و نۆتە هەڵگربوون، ئەمڕۆ لە هەموو قوڵێکەوە سەریان لێشێواوە و بە تەواوی ورەیان رووخاو، دەڵێی بەفری بەهارن و بە هیچ جۆرێك خۆیان پێناگیرێت. نازانن لە چ پەنا و پاسارێکدا خۆیان حەشار بدەن و، لە شاڵاوی مەرگ قوتار بن، ئەوە بە بەرچاوی هەموو دنیاوە، سوپای ئازادیی عیراق لەناو هەموو عیراقدا بڵاوبوونەتەوە، شار بە شار دەست دەخەنە بینەقاقای بەعسییە فاشییەکان و سەدامی دیکتاتۆر، ئەو سەدامەی رۆژانە هەڕەشەی دەکرد و بەردەوامیش هەڕەشە دەکات، کە سوپاکەی و بەهیمەتی جەنەراڵەکانی سوپای هاوپەیمانانو، ئەمریکا و بەریتانیا تەمێ دەکات و تەفر و تونایان دەکات. ئەو سەدامەی خۆی شاردۆتەوە، ئەو فڕۆکە و تانك و زرێپۆش و تۆپانەی چەندین ساڵە خەڵکی عیراقی پێ بۆردومان و کیمیاباران دەکەن، ماڵ و حاڵی خەڵکی رەش و رووتی عیراقی پێ وێران دەکەن و بە گازی ژەهراوی شار وگوندی کوردستانیان پێ قڕدەکرد، ئەو ئەفسەرە سوپەرمانانەی سەدام کە بە کلاشینکۆفەکانی شانیان و بە دەمانچەکانی قەدیان بە کۆمەڵ خەڵکیان پێ گوللە باران دەکرد. ئەو سوپایەی بێ بەزەییانە گەمارۆی شارو گوندی کوردستانیان دەداو، تاڵانیان دەکردو دەیانسووتان و بەسەر یەکدا خاپووریان دەکردن، ئەو

ڕەفیق حیزبی و پیاوانەی دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و دەزگا نازییەکانی دیکتاتۆر بەدرەفتارانەو فاشی ئاسا پەلاماری نامووس و شەرەف و سامانی خەڵکی بێدەسەڵات و ڕەش و ڕووتی عێراقیان دەدا.. ئا ئەوانە کوان لە کوێن؟ دیارنین نابینرێن. بۆ ئێستا بەرگری لە ڕژێمەکەیان و سەدامی دیکتاتۆریان ناکەن؟ کوان وا بەغدا لە هەموو لایەکەوە لەلایەن سوپای ئازادی عێراقەوە، ئابڵوقە دراوە، شارەکانی ئوم قەسرو فاوو زوبێرو بەسرەو ناسریەو کەربەلاو نەجەف لە ئازادبووندایەو، ڕژێم هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نەماوە. فڕۆکەیەکی عێراقی بە ئاسمانی عێراقەوە نابینرێت. زرێپۆش و تانك و تۆپەکانی سوپای دیکتاتۆر لە هیچ شوێنێکەوە سەرو سۆراخیان نییە، ڕۆژانە سەدان سەرباز خۆیان دەدەن بە دەستەوەو، ڕیزەکانی سوپای دیکتاتۆر جێدێڵن، محەمەد سەعید سەحافی وەزیری ڕاگەیاندنی ڕژێم تووشی هیستریا بووەو ئابڕوی ڕاگەیاندنی بردووە.

سەیرە لە بارو دۆخێکی وادا کە ئێستا ڕژێمی عێراق و دەسەڵاتی سەدامی دیکتاتۆر لە گیانەڵای مەرگدایەو، لە سەدا سەد ئەمڕۆ بۆ سبەی لە ناو دەچێت، بەداخەوە چەندین وڵات لە ناوچەکەو جیهاندا لە جیاتی ئەوەی پشتگیری هاوپەیمانان بکەن، بۆ نەمانی دیکتاتۆریی لەسەر گەلی عێراق بکەنەوە، تەپڵی دڕاو بۆ سەدامی دیکتاتۆرو ڕژێمی بەعس دەکوتنو، بە ئاشکراو ژێر بە ژێر هاوکاری بۆمانەوەی ڕژێم دەکەنو، هاوپەیمانان و سوپای ئازادی عێراق تاوانبار دەکەن. دەبینین ڕۆژانە لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانەوە، لە ڕێگای کۆبوونەوەکانیانەوە، لە ڕێگای خۆپیشاندانەکانیانەوە پشتگیری دیکتاتۆر دەکەنو، داوای مانەوەی دەکەن و دژی هاوپەیمانان هاوار هاوار دەکەنو، سوپای ئازادی عێراق تاوان باردەکەن و بە شان و باڵی دیکتاتۆردا هەڵ دەدەن.. بەلای منەوە ئەو دەوڵەتانە سێ جۆرن، یەکەمیان لەو جۆرە دوڵەتانەن کە بەدرێژایی تەمەنی دیکتاتۆر دەمیان لە خێرو بێری ئەم وڵاتەدا بووەو، بە ئاشکراو بە نهێنی بە ئارەزوی خۆیانو، بە ڕەزامەندی دیکتاتۆر لە سامانی عێراقیان ڕاکێشاوە. هەرگیز بە خەمی عێراق و خەڵکی عێراقەوە نەبوون. ئێستا کەدەبینن بە نەمانی دیکتاتۆریی ئەو پاروە چەورەیان لە کیس دەچێتو، بە کورتی و بەکوردی شینی هەریسەکەیان دەکەن، ئەوانە حەقیانە، چونکە ئەو

دەوڵەتانە هیچ کاتێك لە خەمی عێراق و گەلی عێراقدا نەبوون و نین، گرنگ لای ئەوان مانەوەی رژێم و پاروی چەوریانە، بۆیە بەپەرۆشەوە پشتگیری لە دیکتاتۆر دەکەن و شین وشەپۆڕ بۆ نەمانی دەکەن. جۆری دووەمی ئەو دەوڵەتانە، وای پێدەچێت کە بەدرێژایی تەمەنی دیکتاتۆری عێراق لە گوێی گادا نووستبن، بێئاگابن لە کردارو رەفتارەکانی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر، نازانن گەلی عێراقیان بەچ دەردێك بردووە، تەنانەت بێئاگان لە کیمیابارانکردنی خەڵکی هەڵەبجەو خنکاندنی(٥٠٠٠) خەڵکی ئەو شارە، بێئاگان لە تاوانی ئەنفالی کوردو سەرنگونکردنی(١٨٠) هەزار مرۆڤی کورد، بێئاگان لە خاپوورکردنی (٥٠٠٠) گوندو شاری کوردستان، بێئاگان لە سەدان گۆری بە کۆمەڵ و، زیندە بەچاڵکردنی سەدان گەنجی کوردو عەرەب و تورکمان، بێئاگان لە بەزۆر بەبەعسیکردن و بە عەرەبکردن و بە زۆر راگواستن، بێئاگان لە کپکردن و خنکاندنی دەنگی ئازادی. بێئاگان لەوەی هەموو گەلی عێراق بە عەرەب و کوردو ئاشوری و تورکمانەوە سەرجەم داوادەکەن، هاوار دەکەن لە دەست دیکتاتۆری رزگاریان بێت. بەڵام سەیرە لە بارو دۆخێکی وادا، ئەو وڵاتانە بۆ ئێستا بە ئاگاهاتوون و راستبوونەتەوەو هاوار هاواریان لێپەیدا بووە و، فرمێسکی خوێناوی بۆ رژێمی بەعس و سەدامی دیکتاتۆر دەرێژن؟

جۆری سێیەمیان " ئەو وڵاتانەن کە بەئەنقەست خۆیان گێلکردووە ئاگاداری هەموو کردارو رەفتارەکانی بەعس و سەدامن، زۆرباش دەزانن سەدام ورژێمەکەی چییان بە گەلانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەری کردووە، بۆ پشتگیری دەکەن و دژی گەلانی عێراق و ئاواتەکانی راوەستاون؟ پرسیارێکە مەگەر تەنها خۆیان لە دوارۆژدا وەڵامی بدەنەوە. هەر سێ جۆرە دەوڵەتەکان، زۆرباش دەزانن سەدام ورژێمەکەی بەرامبەر بە گەلانی عێراق و وڵاتانی دەوروبەر تاوانبارەو، گورەترین مەترسییە بۆ سەر گەلی عێراق و سەر کوتکردنی ئازادیان بۆ سەر وڵاتانی دەرەوەو ئارامی جیهانی شارستانی، دڵنیاشن لەوەی کە هاوپەیمانان لەناوی دەبەن و، بەم زوانە دەیکەنە پەندی زەمانە، ئێمەش زۆرباش لێمان روون و ئاشکرایە کە دیکتاتۆری بەغدا چەند رۆژێکی کەمی ماوەو بەم نزیکانە کۆتایی دێت، خۆری ئازادی لە ئاسۆی عێراقەوە هەڵدێت.. کاتێك رژێم رووخاو لاپەڕەی ڕەشی تاوانەکانی هەڵدرایەوە بۆ هەموو دنیا ئاشکرا کرا، ئەو کاتە ئەو دەوڵەتانە

چی بە گەلانی عێراق و وڵاتانی هاوپەیمانان دەڵێن؟ دەبێت چ پاساوێك بۆ هەڵوێستیان بهێننەوە؟ کاتێك بینیان تاوانبارترین ودیکتاتۆرترین رژێم لەدنیادا رژێمی سەدام بووە؟

لە ژمارە (٣٠٢٦) ی کوردستانی نوێ و لە لاپەڕە (٦) و لە ڕۆژی ٣٠ / ٣ /٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە

سەبارەت بە چارەنووسی ئەنفالکراوەکان

گەلی کورد زیاتر لە ١٨٠ هەزار کەسی لێئەنفالکراوە.. لەساڵی١٩٨٨وە تائێستا سۆراغێکیان نییە. ڕۆژانە ساڵانە باسی ئەنفال دەکرێت تادیکتاتۆریەتی سەدام مابوو، کەس زاتی نەدەکرد، باسی ئەنفال بکاتو زانیاری بدرکێنێ..وا سەدامو دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی بەسەریەکدا رووخێنرا. ئیتر کاتی ئەوەیە گەلەکەمان..بەهەموو شێوەیەك کار بۆ ئەوەبکات، چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ئەو(٨٠٠)بارزانییە دەربخریت، بۆیە بەپێویستی دەزانم. لایەنە سیاسییەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم رێگایانە جەخت بۆ دۆزینەوەی قوڵاغی ئەنفالکراوەکانی بکەن:

١. داوا لەهاوپەیمانان بکرێت، ئەو ئەفسەرانەی بەدیل گیراون یان خۆیان تەسلیم کردووە لەجەیشی عێراقو سەرانی رژێمی بەعس..لێکۆڵینەوەی وردیان لە گەڵدا بکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەنفالکراوەکانو گوشار بخرێتە سەریان چ زانیارییەکیان لەسەر دەزانن بیدرکێنن.

٢. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو بەڵگەنامانەی کە لەدامو دەزگاکانی بەعسدا دەستیان کەوتووە، بەوردی لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چ زانیارییەکیان لەسەر ئەنفال تیادا تۆمارکراوە.

٣. دوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو زیندانو بەندیخانانەی کە دەدۆزرێنەوە..پشکنینی وردیان تیادا بکرێت بۆ قۆڵاغی ئەنفال.

٤. داوا لەهاوپەیمانان بکرێت ئەو شوێنو جێگایانەی کە گومان لەسەریانە. ئەنفالکراوەکانیان تیادا شاردۆتەوە.. بپشکێنرێنو لێکۆڵینەوەی وردیان لەسەر بکرێت بۆ شوێنەواری ئەنفال.

٥. لەرێگای حکومەتی هەرێمەوە یان داوا لە هاوپەیمانان بکرێت، بڕێ پارە تەرخان بکرێت بۆ هەرکەسێك لەعێراق یان دەرەوەی عێراق زانیاری لەسەر ئەنفالو ئەنفالکراوەکان بداتە هاوپەیمانان یان حکومەتی هەرێم.

٦. حكومەتی هەرێم لەڕێگەی هاوپەیمانان، یان حکومەتی تازەی عێراقەوە، داوابکات بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی دۆستایەتی و پەیوەندی گەرمیان لەگەڵ ڕژێمەکەی سەدامدا هەبووە، چ زانیاریەك لەسەر ئەنفال دەزانن..بیدەنە حکومەتی تازەی عێراق، یان هاوپەیمانان یان حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧. داوا لەهاوپەیمانان بکرێت، ئەو کاربەدەستانەی ڕژێمی بەعسی فاشی کە بەسیفەتی سەفیرو دیبلۆمات لە وڵاتانی دنیادا کاریان کردووە، کۆبکرێنەوەو لێکۆڵینەوەی وردیان لەگەڵدا بکرێت، سەبارەت بەتاوانی ئەنفال، چونکە گومانی نییە تیایاندا هەیە کە هاوبەشی کارەساتی ئەنفالە.

کورد لەگەڵ هەموو سەرکەوتنێکدا، دەبێت زامی قوڵی ئەنفالی لا گەورەتر بێت زیاترو زیاتر بەدوایدا وێڵ بێت و، سۆراخی ئەو هەزاران هەزار ئەنفالکراوانە بکات و، هیچ هۆیەك نەکرێتە بیانووی لەبیرچوونەوەو پشتگوێخستنی، ئەگەر کورد دوای کارەساتەکانی خۆی نەکەوێت باوەڕ ناکەم کەسێك یان وڵاتێك هەبێت بەخەمی کوردو مەرگەساتەکانیانەوە بێت. باشترین ڕۆژە کە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە بۆ دۆزینەوەی قۆڵاغی ئەنفالکراوەکان.

کوردستانی نوێ ژمارە ٣٠٦٥ ٢٠٠٣/٥/١٤

شەهیدەکان چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ کوردستان

دوای پیلانی جەزائیر بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد لەساڵی ١٩٧٥داو، هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، ڕژێمی فاشی بەغدا، بەمەبەستی سەرکوتکردنو تۆقاندنی خەڵکی کوردستان، هەر تێکۆشەرێکی گەلەکەمان، دەکەوتە بەر شاڵاوی دوژمنانەی، ئەوانەی حوکمی لەسێدارەدانو گوللە بارانکردنیان بەسەردا دەدرا..کاتێ بڕیارە نامەردانەکەیان جێبەجێدەکرد. خاڵێکی بڕیارەکە (نەدانەوەی تەرمی ئەو شەهیدانە بوو بەکەسو کاریان)..دەزگا جاسووسیو مرۆڤ کوژەکانی، ئەو گۆڕستانانەی بەدەیان رۆڵەی جەربەزەی گەلەکەمانی تیازیندەبەچاڵکراوەو، لەئەرشیفی رژێمی دیکتاتۆردان.. ئێستا کە کوردستانو عێراق بەتەواوی لەدەست رژێمی دیکتاتۆری بەعس رزگاری بووە، کەسوکاری شەهیدەکان هەر هەموو لە شایلۆغانی سەرکەوتنی عێراقدان، دەستی ئۆخەی بەسەر دڵیاندا دەهێنن، کە دکتاتۆرەکەی رۆڵەکانیانی شەلاڵی خوێن کرد، بەیەکجاری لەناوبراو تەخت و دەسەلاتی تێکوپێکدرا، تۆڵەی رۆڵەکانیان لێکرایەوە، ئەو شەهیدانەی لەپێناوی ئەم رۆژەدا جەربەزانە تێکۆشانو خەباتیان کردو لە بەرامبەری دەستڕێژی گوللەی خوێنڕێژەکانی دیکتاتۆردا، مەردانە راوەستاون سەربەرزانە گیانیان شەلاڵێ خوێن بوو، پەتی ئەستووری لەسێدارەدانیان شەرمەزار کردو، بە دروشمی باوەڕیان تفی خۆڕاگریو نەفرەتی گەلەکەیان لە دوژمنان کرد..

چاوەڕوانن تەرمەکانیان لەو شوێنانەوە بۆ کوردستان بگوێزرێتەوە. کەسوکاریشیان ئاواتەخوازی ئەم رۆژە بوون..بێگومان کەسوکاری ئەو شەهیدانە توانای ئەوەیان نییە، تەرمی رۆڵە کەڵەمێردەکانیان بگوێزنەوە کارێکی وا ئەرکی(کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکانی کوردستانو دەزگای شەهیدانی گەلی کوردستانو حزبولایەنە سیاسییەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستانە)..کە بەبەرنامەیەکی داڕێژراو لەمەراسیمێکی شایستەدا تەرمی ئەو شەهیدانەی گەلەکەمان لەو شوێنانەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدانی شارەکانی کوردستان

بگوێزنەوە..دیارە بەکارێکی وا کەسوکاری شەهیدان و خەڵکی کوردستان دڵخۆش دەبن، هەست بەئاسودەییەکی باشتر دەکەن.

دەبا بەزوویی و بەپەرۆشەوە کاری بۆ بکرێت و، بودجەییەکی بۆ تەرخان بکرێت، لیژنەیەکی سەرپەرشتی و جێبەجێکردنی پێکبهێنرێت و ئەو گۆڕستان و شوێنە بدۆزرێتەوەو بزانرێت چ شەهیدێکیان لێیەو خەڵکی چ شارێکی کوردستان و شەهیدی کام لایەن و حزبەو کەی و لەکوێ شەهید کراوە؟ ڕۆژی هەڵدانەوەو گواستنەوەو ناشتنەوەی دیاری بکرێت، بەڕای من ئەگەر بکرێت مەراسیمەکە گشتی بێت بۆ شەهیدی هەموولایەن و حزبە سیاسییەکانی کوردستان، نەك بەجیاجیا هەر حزب و لایەنێك مەراسیم ڕێکبخات.

باشتریش وایە هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم مەراسیمە شکۆدارە، بڕیارێکی هاوبەشی دیاریکراو دەربکات. بەمە شەهیدەکان زیاتر ئاسوودە دەبن و لەڕووی جیهانیشەوە دەنگ و سەنگی خۆی دەبێت..چاوەڕوانی هەوڵی هەمەلایەنەی هەموو دڵسۆزانین.

ئەم بابەتە لە دواستوونی ژمارە(٣٠٧٣) ٢٠٠٣/٥/٢٤ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.
کە کەوتە ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی(٥)شەهیدی هاوڕێمان.

لە پێناو ناسنامە برایەتییەکەی کەرکوکدا

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا، هێڵێك بەناو کوردستاندا کێشراوە، کە لە تەلەعفەرەوە دەست پێدەکاتو لە مەندەلی کۆتایی دێت، لەم هێڵەدا سەدان شارۆچکەو گەڕەكو گوندو ناوچەو شاخوگردۆڵکە ناوەکانیان لە کوردییەوە گۆڕدراون بۆ تورکی. دیارە سیاسەتی ئەو کاتەی عوسمانیەکان سیاسەتی پاوانکردنو فراوانکردنی دەسەڵاتیان بووەو، لەبەرنامەیاندا بووە، کە سیماو کلتورو فەرهەنگوزمانی گەلانی ژێر دەسەڵاتیان بەسیاسەتی(تەتریك)بگۆڕن بەتورکی، دوای لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتەکەو دروستبوونی حکومەتی عیراقی، دەبوو لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتەکەدا، هەرچی کارو فەرمانو بەرنامەیەکی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوو، هەڵوەشێنرایەتەوەو شوێنەواری سیاسەتی تەتریکیان بە تەواوی لەناو ببردایە، بەڵام بەداخەوە ئەو حکومەتە کاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانو ڕەشکردنەوەی شوێنەوارەکانی تەتریك نەکرد.

ئاشکرایە لەدێر زەمانەوە، کوردو تورکمانو کلدوئاشووریو عەرەب لە کەرکوکدا ژیاونو دەژین.

تاشۆڕشی چواردەی تەمموز، هیچ کێشەو ناکۆکیەك لەنێوان دانیشتوانی کەرکوکدا نەبوو، جێی داخ بوو، لەساڵی ١٩٥٩دا، بەپیلانی دوژمنانی کوردو تورکمان ئاژاوەیەکی ناڕەواو بێ بنەما لەشاری کەرکوکدا نرایەوەو، ئەنجامەکەی بوو بەهۆی کوژرانی چەند کەسێكو زیان گەیاندن بە ژمارەیەکی تر. دوژمنەکانی هەردوولا دەیانویست ئەو ناکۆکیو دووبەرەکییە گەورە بکەنو کوردو تورك بەتەواوی بەگژیەکدا بکەن، بەڵام بەهۆشیاریو دڵسۆزی هەردوولا، ئەو پیلانە هەر زوو کۆنترۆڵکراو، قەڵەمی دەستوقاچی پیلانگێڕان شکێنرا. ئاشکرایە کەرێژەی دانیشتوانی کەرکوكو ناوچەکانی بەپێی سەرژمێری دیاری کراوە، سەرژمێری ساڵی(١٩٥٧)سەرژمێرییەکی بێ فرتو فێڵو دوور بووە لەهەموو بنەمایەکی نەخشە بۆ کێشراوو دەستێوەردان، گەلی کورد لەدەستپێکردنی شۆڕشی کوردستانەوە، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بە سیاسەتی

تەعریبکردنی کەرکوك بەبەرنامەو بەپەرۆشەوە کاریان بۆ کردو نەخشەی ناکۆکی دووبەرەکیان بۆ دانیشتوانی شارەکە داڕشت...بەدرێژایی شۆڕشی کوردو تاڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ خاڵێکی سەرەکی لە داخوازیەکانی شۆڕشی کورد لە هەموو گفتوگۆو دانووستانێکدا پێی لەسەر کەرکوك و کوردستانێتیی داگیراوەو زۆرجار تێکچونەوەی رێکەوتن و تویێژەکانی مەسەلەی کەرکوك بووە.

کوردو تورکمان دەبێت ئەوە باش بهێننەوە یادی خۆیان، لەو رۆژەوەی بەعسی فاشی و سەدامی دکتاتۆر جڵەوی دەسەڵاتیان لە عێراقدا گرتۆتە دەست، بەوپەڕی توانای سەربازی و ئیداری و سیاسی و ئابووری هەوڵیانداوە، کەرکوك تەعریب بکەن و بەبەرنامە خەڵکی کوردو تورکمان لەشارەکە دوور بخەنەوەو، ژمارەی دانیشتوانیان بەتەواوی کەم بکەنەوەو ژمارەی عەرەب بە شێوەیەك زیاد بکەن، کە بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر ژمارەی نەتەوەکانی تردا، بۆیە دەبینرێت بەهەزاران فەرمانبەرو کرێکارو ماڵە عەرەب لەهەموو ناوچەکانی عێراقەوە بەتۆماری ناسنامەی شارستانیەوە گوێزراونەتەوە بۆ کەرکوك و، دەوروبەری و هەموو توانا ئیداری و ئابورییەکانی بۆ خراوەتە کارو، بەدەیان پرۆژەی جۆراوجۆریان بۆ جێبەجێکراوە، بۆ خۆشکردنی گوزەرانی ژیانیان(٣٥)ساڵە گەلانی عیراق و بەتایبەتی گەلی کورد، بەدەست سیاسەتی رەگەزپەرستانەی بەعسەوە دەتلێنەوەو، خەڵکی کەرکوك و دەوروبەری تا دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیِ عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، بەخراپترین شێوە رەفتاریان لەگەڵدا دەکرا جا بۆ ئەوەی پارێزگای کەرکوك لەسیاسەتی تەعریب و پاوانکردن و ناکۆکی و ململانێی ناڕەوا بەدوور بێت، خەڵکە بەندکراوو سەرکوتکراوەکەی بە تەبایی و ئازادی وبرایەتی بژین گەرای ژەهراوی دوژمنانی تیادا نەچێنرێت و گوێ بۆ بیروبۆچوونی شۆڤێنانەو لاف و گەزافی نادروست و ناڕەواو نامەسئولانە نەگرێت و دانیشتوانەکەی لەسایەی ئازادیدا، بەرەهایی بژین، چەند خاڵێك دەخەمە پێش چاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو حزب و لایەنە سیاسیی و دڵسۆزوکوردپەروەرەکان و حکومەتی داهاتووی عێراق و نوێنەرانی هاوپەیمانان لەعێراقدا، بۆ ئەوەی بکرێتە بنەمای پێکەوە ژیانی شاری کەرکوك و دەوروبەری و دەستی پیلان گێڕان ببڕدرێت.

١. ئەركی هەنوكەیی هەموو حزبو لایەنە كوردستانیەكانە، كەبەیەك بەرنامە كار بۆ كەركوك‌و كوردستانێتی كەركوك بكەن، بەدەر لەبیركردنەوەی تەسكی حزبایەتی كوردانە كار بكرێت.

٢. ئەركی هەموولایەنەكان بە كەناڵەكانی راگەیاندنەكانیانەوە بەبەرنامەیەكی چڕوپڕ، هۆشیاری نەتەوەیی‌و نیشتمانی لەناو كەركوكیەكاندا بڵاوبكەنەوە، بەشێوەیەك كە بەرژەوەندی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بخرێتە سەروو هەموو بەرژەوەندییەكانی ترەوەو، هانی هەموو كوردە كەركوكیەكان بدرێت، كوردبوونی خۆی بە شارەكەیەوە گرێبدات‌و بەئەركی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بزانێت، كە دەست لەهەموو بەرژەوەندی‌و سامان‌و مۆڵك‌و خانووو وەزیفەیەكی هەڵبگرێت لەپێناوی گەڕانەوەو نیشتەجێبوونەوەی لە كەركوكدا.

٣. پێویستە هەموولایەك كار بۆ ئەوە بكەن كە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ بكرێتە بنەمای رێژەی دانیشتوان لەرووی ناسنامەی نەتەوەیی خەڵكی كەركوكەوە، كە بەڕای من سەر ژمێرییەكی بێ فرت‌و فێڵ‌و دووربووە لەدەست تێوەردان‌و سیاسەتی رەگەزپەرستانە.

٤. هەر ماڵە كوردو توركمانێك، یان هەر فەرمانبەرێكی كوردو توركمان لەسەر سیاسەتی تەعریب لەسنوری پارێزگای كەركوك دەركراون دوورخراونەتەوە، بۆ سنووری پارێزگاكانی كوردستان‌و عێراق بەبڕیارێك بگەڕێنرێتەوە بۆ سنوری پارێزگای كەركوك..حكومەتی هەرێم‌و لایەنە سیاسیە كوردستانیەكان بودجەیەكی باش بۆ هاندانیان تەرخان بكەن، هەوڵ بدرێت خانوو وەزیفەكانیان لەدام‌و دەزگا حكومیەكان‌و شەریكەی نەوتدا بدرێتەوە، هەر خانوو زەوی‌و كێڵگەو دوكان سامانێكیان زەوتكراوە بۆیان بگەڕێتەوە.

٥. هەر ماڵە عەرەبێك‌و فەرمانبەرێكی عەرەب لەساڵی حەفتاكانەوە تاساڵی(١٩٧٧) هێنراونەتە پارێزگای كەركوك لەهۆی هاتنیان بكۆڵرێتەوە، ئەگەر دەركەوت لەچوارچێوەی سیاسەتی تەعریبەوە هێنراون، كارئاسانی بۆ گەڕانەوەیان بكرێت بۆ شوێن‌و پارێزگاكانی لێوەی هاتوون، هەر فەرمانبەرو ماڵە كوردو توركمانێكی پارێزگای كەركوك گوێزراونەتەوە بۆ دەرەوەی پارێزگاكەو دوورخراونەتەوە لەهۆی دورخستنەوەیان بكۆڵرێتەوە، ئەگەر هۆیەكە سیاسەتی

تەعریب بوو، بەپێی بەرنامەیەکی گونجاو بگەڕێنرێنەوە بۆ سنوری پارێزگای کەرکوك‌وئەو شوێنانەی لێی بوون.

٦. ئەو ماڵە عەرەب‌و فەرمانبەرە عەرەبانەی لەدوای ساڵی(١٩٧٧)ەوە لەپارێزگاکانی ناوەڕاست‌و خوارووی عێراقەوە هێنراونەتە سنوری پارێزگای کەرکوك‌و، خانویان لە گوندو گەڕەکەکان پێدراوەو پرۆژەی جۆراو جۆریان بۆ کراوەو، لەسەر بەرنامەی سیاسەتی تەعریب لەهەموو بوارەکانەوە زیاد لەپێویست یارمەتی‌و هاوکاری کراون‌و، لەسەر موڵك‌و ماڵ‌و خاکی کوردستان دەوڵەمەند بوون. بەبێ مەرج‌و بەبێ راوەستان‌و بەبەرنامەیەکی داڕێژراوی هەمە لایەنەو، بەهاوکاری حکومەت‌و هەموو لایەنە سیاسییەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون‌و خانووی زەوی‌و پرۆژەکانیان بدرێتە ئەوخەڵکە دەرکراوانەی کە دەگەڕێنەوە بۆ سنوری پارێزگای کەرکوك. بەم بەرنامەیە دەکرێت مافی ناسنامەی نەتەوەیی لە پارێزگای کەرکوکدا بگەڕێنرێتەوە بۆ دۆخی جارانی کە هیچ لایەك هەست بەچەوساندنەوەی نەتەوەیی‌و زوڵم لێکردن نەکەن‌و هەر هەموو بەتەبایی‌و برایەتی بەیەکەوە بژین.

کوردستانی نوێ ژمارە (٣٠٥٧) ٢٠٠٣/٥/٥

پشتیوانانی دژبە ئیسلام بۆ رقیان
لە مردووەکانمان گرتووە..؟؟!

کوردستان خوێنو ئاگری سالانی پێش راپەرین، بەسیاسەتێکی دوژمن کارانەی رەگەز پەرستانە. شارۆچکەو گوندەکانی بەسەریەکدا خاپوورو وێرانکران. خەڵکە ستەم دیدەکەی بەر شالاوی ئەنفالو کیمیا بارانو رەشە کوژی کەوتن. بە زەبری زنجیرەی دەبابەو لوولەی چەکی سوپای داگیرکەر راگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرە ملییەکان..کار بەوانەشەوە نەوەستا. سەراپای گۆرستانەکانی باوو باپیرانیان یەك بەسەریەکدا تەقاندەوە. رێگاکانو پاڵو شاخەکانیان..بە مین مین رێژکرد. گەلەکەمیان لە بازنەی شارو ئۆردوگاکاندا ئابلۆقەدا. بەرنامەی مەرگی بە کۆمەڵ دارێژرا..بەرنامەی کۆکردنەوەو بچووککردنەوەی شارەکان دانرا..بە نیازبوون شارێکی زیندووی وەکو سلێمانی وەکو خۆی نەهێڵنەوەو بیکەنە شاری یەکەمی گەشتوگوزاری بۆ پیاوانو سەردانی رژێم..ئەنفالی١٨٢ هەزار ئینسانی کورد. بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی بۆ مەرگی بەکۆمەڵی مرۆڤی کورد، تێکدانی بەرنامەی پەروەردەوفێرکردن، لە خشتەبردنی خەڵکی ساویلکەی کورد بۆ دژایەتی گەلەکەی،...تێکدانی باری کۆمەلایەتیو روناکبیریو فەرهەنگی کورد. ئەو ئەوبەرنامانەن کە لەمێژووی گەلەکەماندا دەبێت بەسەدان کتێبی لەسەر بنوسرێت. ساڵ بەساڵ..نەوەکانی لێی وشیاریبکرێتەوە بۆ ئەو رەفتارە درندانەیە کە دژی ئینسانی کورد کراوە هەرگیزو هەرگیز لەیاد نەکرێتو لەبیرمان نەچێتەوە، دەبێت چۆن هێرۆشیماو ناگازاکی، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، جێگایکرایەوە، هەڵەبشیماو ئەنفالیش لە مێژووی گەلاندا تۆماربکرێنو ئەوانەی ئەو سیاسەتەیان بە ئەنجام گەیاند، دادگایی بکرێنوبەسزای دژی گەلانیان بگەیەنن..

ئای..!!خەڵکینە لاتان سەیرنەبێت، مێژوو دووبارەوچەندبارە دەبێتەوە..دیارە دەسەلاتی داگیرکەران لە کوردستاندا پەیوەست بووە. پیلانو نەخشەی دوژمن

کارانەیان، هەر بەردەوامەو کە خۆیان دەستیان بە کوردو خاکی کوردستان ناگات، بەڕێگای جاشە ریش بۆ گەنەکانی دژ بە ئیسلام..پیادە دەکەن..جاشە تیرۆریستو ئینسان کوژو ئەڵقە لە گوێکانی کە بەهۆی بارو دۆخی ناهەمواری کوردستانەوە، لە چەند شوێنێك قوت کراونەتەوە بەفیتی دوژمنانو بەفەرمانیان، دەیانەوێت..ئاو وهەوای ئەم خاکە پیس بکەن، بە هەمان سیاسەتی خاپوورکاری کوردستاندا بچنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگایان پێدراوە لە ناوچەیەکی کوردستانی پڕ خێرو بەرهەمی وەکو ناوچەی هەورامان خڕببنەوەو مۆڵگاو تەویلەی جۆراو جۆر دروست بکەنو خەڵکەکەی بە دڕندانەترین شێوە، سەرکوتو سەرشێت بکەنو لەباخ ودێبەریان بێ بەری بکەن، بیانگرن، بیانکوژن، راینگوێزنو دەربەدەریان بکەن..بەوەشەوە نەوەستن بۆ چێبەجێکردنی فەرمانی داگیرکەران، بکەونە تێکدانی گۆڕستانی باووباپیرانولەڕێگای کەسانی مێرد مندالی نەفامو ساویلکەو هەڵخەڵتاوەوە، مردووەکانمان لە گۆڕ دەربهێننو مینیان لێ ببەستنو بیان تەقێننەوە.. ڕێگاوبانەکان، یالٚوشاخو دێبەرەکان مین ڕێژبکەن..مەڕومالاتی خەڵکی ناوچەکەی پێ قەلاچۆدەکەنو راگوزەرانی پێ دەکوژنو بێ دەستو قاچ دەکەن، ئەمانە ئەگەر جاشی خائنی دژ بەم کوردستانە نەبن بەچ حەقێ گۆڕو گۆڕیچەی باووباپیران هەڵدەدەنەوەو دەریان دەهێننوکەس نازانێت بۆ چ دوژمنێکی داگیرکەری دەبن، تا پوولو پارەی پێ وەربگرن..ئەمانە..هەرداگیر کەرو سەرۆکی تیرۆریستێ ناردوونی، بیانەوێت نەیانەوێت نامۆن بە ئاوو هەواو خاکی کوردستان..دەبێت کوردستانیان لێبکرێتە ئاگرو ڕیشو ڕەفتارو مێشکی پووتیان بسووتێندرێت، دەبێت پێیان بسەلمێنرێت کە ئەمانە نەوەی ئەم خاکە نینو ئەم کوردستانە لێیان بێ بەرییە.

ئای..!! خەڵکینە..بەئاگابن..باش وردبنەوەو سەرنج بدەن ئا ئەمانەی کە بەناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ریشیان بەرداوەتەوە، چۆن هەڕەشە لە خەڵکی کوردی موسڵمانو گۆڕستانی باوو باپیرانمان دەکەن..چاویان بڕیوەتە ئێسكو پروسکیانو دەیانەوێت بە پوولوپارەی جاشێتی ئەسپێ پیسەکانی ریشیانی پێ بتەکێنن..

*ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ (٢٨١٨) ٢٠٠٢/٧/٢٧

((خانەقین سەردانت دەکەین..))

خانەقین.. ئەزانیت لەکەیەوە کۆت و بەندی داگیر کردنت لە مل کراوە؟ منداڵە چاو گەشەکانت لە وشەو زمانی زکماکی باوو باپیرانی بێ بەش کراوە؟ کێڵگەو بەراوەکانت بە دەواری ڕەشی تەعریب ڕەشپۆش کراوە؟ مێردەزمەی داگیر کردن لەسەر سنگی گوندەکانت چۆکی داداوەو بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن دەکەن.. خانەقین دێین دەمانەوێت ئاوی لێڵی ئەڵوەندت بە تیشکی زێڕینی وشەی کوردیو زانستو ئەدەب ڕووناک بکەینەوە.

کاتی ئازاد کردنت سەردانمان کردیت.. ئەو کاتە دیاری دەستمان چەپکە گوڵی شادی سەرکەوتنمان بۆ هێنان.. ئێوەش بەوپەڕی دڵخۆشییەوە پێشوازیتان لێ کردین.. وا ئەمجارە سەردانت دەکەینەوە.. هەگبەمان پڕە.. دەستمان خاڵی نییە. چۆن کورد ئەڵێ دیاری شوان شەنگە یان هەڵەکۆکو دیاری ئێمەش کتێبە.. واکتێبو خۆمان دەکەین بە شەقامو کۆڵانەکانتا.. وەکو وتم دیارییەکەمان گوڵو شیرینیو کەلو پەلی ئاوەدانکردنەوە نییە.. دیارییەکەمان چەند هەگبە کتێبە.. هێناومانە بۆ دانیشتوانەکەت.. حەز دەکەین هیچی نەگێڕینەوەو هەر هەمووی وەکو پێشمەرگەی جاران دوو دوو سێ سێ لە ماڵەکاندا دایمەزرێنین : منداڵەکانو مێرد منداڵەکان لە دەوریان کۆببنەوەو لێیان ورد ببنەوەو بیان خوێننەوە.. دێینو دەمانەوێت لەم ڕێگایەوە لە دەرگای هەموو ماڵێکتان بدەین.. دەبێت دەرگاشمان بە خۆشییەوە بۆ واڵاکەن و بە گەرمی پێشوازیمان لێبکەن.

چەند ڕۆژێ لاتان میوان دەبین.. لەو ڕۆژانەدا کتێبخانەی گشتییەکەت بە کتێبو چاپکراوی کوردی پۆشتەو ڕۆشن دەکەینەوە.. خانەقین: لە پۆستەری پێشانگاکەمان باش ورد بەرەوە.. ببینە بە ئاڵای کوردستان هەموو شەقامو کۆڵانەکانت تیشك ڕێژ دەکەین.. ئای خانەقین ئەوە ئێوەو وشەی کوردی، ئەوە ئێوەو ئازادی، ئەوە ئێوەو کتێب، ئەمانەوێ لەم پێشانگایەوە تارمای تەعریب بە شەرمەزارییەوە بڕەوێننەوەو خوو بدەنەوە زمانی زکماکی باوو باپیرانتان، زمانی

شیرینی کوردی، مەیەڵن ئاوی ئەڵوەندەکەتان بە هەدەر بچێت‌و بە فیڕۆ بدرێت.. دێبەرو کێڵگەو باخەکانتانی پێ ئاوبدەنەوە. خوێندنگاکان ناوەکانیان بگۆڕن خوێندکارەکان با بە زمانی کوردی بخوێنن‌و سەردانی کتێبخانەی گشتییەکەت بکەن‌و کتێبی کوردی وەربگرن‌و بیخوێننەوە.. خانەقین میوانتانین، دیاریمان بۆ هێناون، دیارییەکەمان بە نرخەو کتێبە...

ئالأى كوردستان بۆ كراوەتە كێشە؟

گەلی کورد میللەتێکی دابەشکراوی وڵات داگیر کراوە، لە دوای لەناوبردنی حکومەتی مەلیك مەحموودەوە، بێ پشوو خەبات بۆ سەندنی مافەکانی دەکات. هەزاران هەزار قوربانی داوە. وڵاتەکەی بە دزێوترین سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی، خاپوورو وێران کراوە، لە هەموو مافێکی نەتەوەیی بێ بەشکراوە. هەر رژێمێك لە عیراقدا دامەزراوە، بە خراپترین شێوە مامەڵەی لە گەڵ کوردو مەسەلەی کورددا کردووە، خۆی لەگەڵ شۆڕشەکانیدا تاقی کردۆتەوە..کورد مافی خۆیەتی بە مافە رەواکانی بگات بەمافی چارەنووسیشەوە.. چۆن میللەتانی عەرەب و فارس و تورك و گەلانی تر هەقیانە دەوڵەت و ئاڵاو سکەی پارەیان هەبێت، سنووری وڵاتیان دیاری کراو بێت و نوێنەریان لە ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێت، کوردیش هەقی خۆیەتی کە دەوڵەت و ئاڵاو سکەی پارەو نوێنەری لە ئەنجومەنی نەتەوەکان هەبێت وڵاتەکەی کە کوردستانە، سنووری جوگرافی تەواوی وڵاتەکەی جیابکرێتەوەو دیاری بکرێت.. سامانی نەتەوەیی نەدزرێت و تەخشان و پەخشان نەکرێت، زوڵمی لێ نەکرێت و نەچەوسێنرێتەوەو قەرەبووی وێرانکردنی وڵاتەکەی و کیمیا باران و ئەنفال و گۆڕی بە کۆمەڵ و سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی بدرێتەوە.. رژێمەکانی عیراق لەبەر ئەوەی بڕوایان بە کوردو مەسەلەکەی نەبووە هەمیشە لە سەنگەری لەناوبردنیدا بوون.

دەوڵەتی عیراق لە دوای ئازاد کردنیەوە، لە یەکترازاوە هیچ مەرجێکی دەوڵەتی تیادا نەماوە، بۆتە وڵاتێکی داگیرکراو لە لایەن هاوپەیمانانەوە، ئەمیرکاو هاوپەیمانان سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکەن.. ئاسایش و ئارامی لە شارەکانیدا نەماوە.. هەر گروپ و لایەن و حزبە خۆی بە نوێنەری خەڵکی عیراق و خۆی بە خاوەنی عیراق دەزانێت، تەنها ناوچەیەك ئەمڕۆ لە عیراقدا ئارامی تیادا بێت کاروئەرکی هاو وڵاتیان لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەبردنەوە بە بێ کێشەو گرفت بەڕێوە بچێت وەکو کاری حکومەتی تەنها ناوچەکانی سنووری حکومەتی

هەرێمی کوردستانە بە هەردوو ئیدارەکەیەوە، لە عیراقدا هەر کوردستانە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی هەبێت دوانزە ساڵە ناوچەکانی کوردستان، بە دەسەڵاتێکی کوردی، بەبێ دەسەڵاتی مەرکەزی بەغدا بەڕێوە دەچێت....

دەبوو پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەمەزراندنیانەوە، ئاڵای کوردستانیان لەسەر تەلاری پەرلەمان و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بەرز بکردایەتەوە.. تا ئازاد کردنی عیراق ئەوە نەکراوە بە بۆچوونی من کارێکی باشمان نەکردووە، خۆ ئەگەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمەوە، ئەوە بکرایە دڵنیام ئێستا، ناڕەزایی و هەوڵدان بۆ بەرز نەکردنەوەی و داگرتنی پێدانەدەگیرا.. خەڵکی کوردستان، کە لە کەرکووک و شارەکانی دەورو بەری لە خانەقین و دەوروبەری لە موصڵ و دەوروبەری ئازاد کران، لەبەر تینوێتییان بۆ ئازادی گەڕانەوەیان بۆ ژێر سایەی حکومەتی هەرێم، پەلاماری وێنەو پەیکەری سەدام و هەموو دەزگایەکی دکتاتۆریان داو بە خۆشی و ئازادییەوە بەبێ هیچ راسپاردەو رێنمایی کردنیان، ئاڵای کوردستانیان لە سەربانی ماڵ و سەرشەقام و گۆڕەپانەکانی ناو شاری کەرکووک و شوێنەکانی‌تر هەڵکرد.. ئەو خەڵکە مافی خۆیەتی شانازی بە ئاڵاو بوونی نەتەوەییەوە بکات، ئاڵا لە سەر ماڵ و ناو گەڕەکەکانیاندا هەڵبکەن.. چونکە ئاڵا نیشانەی جیاکردنەوەیە.. جیاکردنەوەکە وڵاتێ لە وڵاتێ نەتەوەیەك لە نەتەوەیەك، یان گروپێ لە گروپێ، تیپێ لە تیپێ، حزبێ لە حزبێ ... دەبینرێت حزبێك ئاڵای حزبەکەی بەرز دەکاتەوە، تیپێکی وەرزشی ئاڵای تیپیکەی بەرز دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە تیپە وەرزشییەکانی‌تر جیا بکرێتەوە، وڵاتێ ئاڵاکەی بۆ ئەوەیە لە وڵاتێکی تر جیابکرێتەوە واتە رەمزە.. لەسەردەمی رژێمی گۆڕبەگۆڕدا، سەرانی رژێم و کاربەدەستانی، بە پێی سیاسەتی بەعس و سەرۆکی دکتاتۆرییان رازی نەدەبوون، کورد لە کەرکووک و ناوچەی کەرکووکدا بمێنێت.. سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسیان پیادەکرد، سەرباری ئەوەش رایان دەگەیاند کورد بۆی نییە باسی کەرکووك بکات، تەنها بۆی هەیە کە بە کەرکووکدا تێپەڕی سەیری کەرکووك بکات. وەکو نەیان دەهێشت کورد لە کەرکووکدا بمێنێتەوە، رازیش نەبوون تورکمانەکانیش لە کەرکووکدا بمێننەوە،

به هەزاران خێزانی تورکمان راگوێزران و بۆ شارەکانی خوارووی عیراق رەوانە کران.

لە دوای ئازادکردنی عیراق هەر کەسانێك، گروپێك، حزبێك، لایەنێك هاواریان لێ هەڵسێت لەبەر ئەوەی کورد لە کەرکووکدا ئاڵای کوردستانی بەرز کردۆتەوە، بە رای من ئەو لایەن و حزبانە کەوتوونەتە بەربەرەکانی بەهەمان بۆچوونی شۆڤینیانەی سەردەمی بەعس و سەدام بیردەکەنەوە، دوژمنانە بە دەسیسەی کۆنە بەعسییەکان و لایەنە رەگەز پەرست و شۆڤینەکان، هەڵس و کەوت دەکەن.. خەڵکی کوردستان سەرسامە لە برا تورکمانەکان، لە عەرەبەکانی دانیشتووی کەرکووك، چۆن ماف بە خۆیان دەدەن کە لە سەر خاك و ئاوی کوردستان دەژین، وا بە راشکاوانە بەربەرەکانی کوردو ئاڵای کوردستان بکەن؟ نازانن.. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.. هەر ولایەتە ئاڵای خۆی هەیە؟ لە دروستبوونی حکومەتی عیراقەوە ئاڵای عیراق لە کوردستاندا هەڵدەکرێت و کوردیش قبوڵی کردووەو هیچ کێشەیەکیشی نەخوڵقاندوە، ئێستاش لەو رۆژەوەی ئاڵای کوردستان لەسەر دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵکراوە، لە گەڵیا ئاڵای عیراقیش هەڵکراوە، خەڵکی کوردستان، بەرگرییان لە هەڵکردنی ئاڵای عیراق نەکردووە.. دیارە ئەمە دوو لایەنی هەیە : لایەنی یەکەم کورد لاری نی یە لە برایەتی کوردو عەرەب لایەنی دووەم ئەوەیە کە کورد گەلێکی ساریلکەو دڵسافە قبووڵی هەموو شتێك دەکات ...

خەڵکینە.. ئەوان سڵ لە هەڵکردنی ئاڵایەك بکەنەوە، ئەگەر کورد لەم بارو دۆخە رەخساوەی عیراق و ناوچەکەو جیهاندا، داوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بکات دەبێ چی بکەن؟.. ئایا ئەوان نازانن سەردەمی بەعس و شۆفۆنییەت و خۆسەپاندن و مل هوڕی و پیادەکردنی سیاسەتی رەگەز پەرستانە بەسەر چوو، سەردەمی زوڵم و چەوساندنەوەی میللەتێك لەلایەن میللەتێکی ترەوە نەماوە. چۆن هەموو خەڵکی عیراق نەفرەتیان لە سەدام و رژێمەکەی کرد، هەر ئاوهاش کورد نەفرەت لە داگیرکەران و سیاسەتی داگیر کردنەوەی کوردستان و پاکتاوی نەژادی دەکات و، بە هەموو رێگایەك بەرپەرچی دەداتەوە روو بەرووی هەموو ئەو گروپە سیاسی و مەزهەبی و نەتەوەییە رەگەز پەرستانە

دەوەستێتەوە کە دەیانەوێت بە کلتوری بەعس و بەعسێتی دژایەتی خواستی گەلەکەمان و چارەنووسی بکەن...

گەلی کورد لە پێناوی چارەنووسیداو لە پێناوی بەدیهێنانی ئەم رۆژەدا بە ئەندازەی کەمینە نەتەوەکانی عیراق قوربانی داوە، بە درێژایی مێژووی عەرەبی عیراق و تورکمانی عیراق خەباتی کردووە، بە پڕاو پڕی زێی دیجلەو فورات خوێنی رژاوە، ئیتر چۆن رازی دەبێت لاقرتی بە چارەنووس و ئالآی بکرێت؟ کورد دەبێت سڵ لەو بۆچوون و سیاسەتە دوژمنانەیەی ئەو گروپ و لایەنانە نەکاتەوە، کە بە کلتوری بەعس رەفتار دەکەن، لە هەموو شوێنێکی کوردستان ئالآی کوردستان هەڵبکات، داوای مافی چارەنووسی بکات، ئەمریکییەکان و هاوپەیمانان و وڵاتانی ئەوروپا و دنیا وا لێبکات گوێ بۆ داواو داخوازییەکانی بگرن، ئەگەر، بڕیارێکی لە جۆری دابڕینی کەرکووک لە کوردستان درا، خەڵکی کوردستان بە رێگای رێپێوانی هێمنانەو مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆکردنەوەی ئیمزاو پێشکەش کردنی یاداشتنامە، بەگژ هەر بڕیارێکی نادروستدا بچێتەوە کە کار لەسەر خواست و ئاواتەکانی گەلەکەمان دەکات.

کەرکووک، بەپێی مێژوو، بەپێی ژمارەی دانیشتوان، بەپێی مەوقعی جوگرافی، شارێکە کوردستانییە ناکرێت کورد وازی لێبهێنێت، کوردستانییەکەی بسڕدرێتەوە لە کوردستان دابڕدرێت. ئەمریکاو هاوپەیمانان بە نیازی هەر چین لە کەرکووکدا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەوە بەرنامەی خۆیانەو کارمان پێی نییە، بەڵام دەرکردنی کەرکووک لە بازنەی جوگرافی کوردستان، کارێکی نارەوایەو کورد رازی نابێت ... ئەمڕۆ ئەرکی هەموو حزبە کوردستانییەکانە، پێ لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک داگرن و ئەگەر سیاسەتێ، بەرنامەیەك هەبوو دژی ئەوە، بە رێگای کاری سیاسی، دبلۆماسی، دیموکراتی، جەماوەری، بەڵگەیی مێژوویی وتا کاری شۆڕشگێڕانەو پێشمەرگانە داکۆکی لەسەر بکرێت، بێ دەنگی، رازی بوون بە هەموو بڕیارێك، لە پاشەڕۆژدا زیانی گەورە بە گەلەکەمان دەگەیەنێت. بۆ نموونە ئێستا مەسەلەی دانانی دەستوور بۆ عیراق لە ئارادایە.. مەسەلەی هەڵبژاردنی ئالآیەك بۆ کەرکووك گفتوگۆی لەسەرە کورد ئەگەر لە دانانی دەستووردا، بە بەرنامە نەچێتە پێشەوە،

رەچاوی ناوچەی کوردستان و دەسەڵاتی دوانزە ساڵەی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان نەکات، لە رووی ئیداری و دارایی و سیاسی و جوگرافییەوە ئەوە بە دڵنیایی،دەستوورێك دادەنرێت کە گەلەکەمان دووچاری نەهامەتی دەکاتەوە، بۆیە دەبێت لە دەستووردا ناوچەی کوردستان بە جیا حسابی بۆ بکرێت.. لە کوردستاندا لەسەر ئەو دەستوورە دەنگ بدرێت بۆ کوردستان دادەنرێت، گەلی کوردی لەم بارودۆخەی ئێستاکە هەلێکی بۆ رەخساوە لە عیراق و ناوچەکەدا، پێویستی بە یەك دەنگی، یەکگرتن،یەك پرۆژەی نەتەوەیی هەیە پێشکەشی ئەمریکاو هەموو وڵاتانی دنیا و ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانی بکات. ئەگەر هەندێ لایەن رازی نەبن کورد ئاڵای کوردستان لە شارێکی وەکو کەرکووك و شوێنە رزگار کراوەکانی تری کوردستاندا هەڵبکات..! کوردیش مافی خۆیەتی ئاڵای عیراق کە ئەمڕۆ لە گەڵ ئاڵای کوردستاندا بەرز کراوەتەوە، دابگرێت، کورد لەم بارودۆخەی ئێستای عیراقدا بۆ بترسێت، لە چی بترسێت.. سەدام و دکتاتۆریەتی بە سوپا دڕنداکەیەوە، بە دەزگا سەرکوتکەرەکانیەوە نەماوە. تا پەلاماری کوردستان و گەلی کورد بدات، هیچ دەوڵەتێکی ئیقلیمی ناتوانێت وەکو پێش ئازادکردنی عیراق پەلاماری کوردستان بدات، ئەمریکاش سوپای بۆ ئەوە نەهێناوەتە کوردستان پەلاماری کورد بدات. ئەمڕۆ کوردلە عیراقدا لە هەموو ئەو حزب و لایەنە نەتەوەیی و مەزهەبییانە بە هێزترە، کە بە کلتووری بەعس دژایەتی ئاوات و خواستی گەلەکەمان بکەن ... ئەو لایەن و حزبانە ئێستا دەسەڵاتیان نییە بەم شێوە دژایەتی گەلەکەمان دەکەن ئەگەر دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست لەو باوەڕەدام لە سەدام و حزبەکەی بۆ کورد باشتر نابن. بۆیە گەلی کورد چەند پێویستە هەوڵی تەبایی لە گەڵ گەلانی عیراقدا بدات دوو چەندان سوور بێت لەسەر ماف و خواستەکانی، پێ لەسەر هەموو داواکارییەکانی داگرێت.. چونکە ئەگەر لەم بارو دۆخەی ئێستای عیراقدا، کورد، نەتوانێت مافە ڕەواکانی مسۆگەر بکات، کە عیراق دامەزرایەوە، زۆر زەحمەت دەبێت بۆ سەندن و مسۆگەرکردنی مافەکانی.

گەلانی عیراق دوای ڕووخانی سەدامی دکتاتۆر، سەدان کێشەی جۆراوجۆر ڕووبەڕووی بۆتەوە ... تا ئێستا هیچ کێشەیەك لە کێشەکان چارەسەری بنەڕەتی نەکراوەو، ڕۆژانەش کێشەی تر قوت دەبێتەوە، لام سەیرە..

کەسانێك یان لایەنو حزبێك لە جیاتی ئەوەی بەرنامە بۆ چارەسەری کێشەکان دابڕێژن کێشە لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دروست دەکەنو دەیخەنە ناو کێشە سەرەکیو گرنگەکانەوە ... گۆڕانکارییەکانی عیراقو ناوچەکەو دنیا، بە شێوەیەکە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا چاوەڕوانی گۆڕانکاری زۆر دەکرێت، کە زۆر لەو حزبو لایەنانە سەرسام دەکاتو ناشتوانن لە بەرامبەری راوەستن، بۆیە باشتر وایە ئەو حزبو لایەنانە، وردترو دوور بینانەتر بیر بکەنەوە، واز لە هەڵچوونو توند ڕەویو بیری شۆڤینانە بهێننو خۆیان لە گەڵ واقعی ئەمڕۆی عیراقو ناوچەکەدا بگونجێنن، دڵنیاشیان دەکەم، پێیان خۆشو پێیان ناخۆش بێت، کوردو مەسەلەی کورد، لەم گۆڕانکاریيانەدا دوسیەی زۆر لە پێش مەسەلەکانی عیراقەوەیەو هۆشمەندییان ئەوەیە کە خۆیان بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادە بکەنو بە عەقڵی سەردەمانە خۆیان رابهێننو رەفتار بکەن.

کەرکوکی نویێ ژمارە(٤) تشرینی دووەم ٢٠٠٣

چاودێری بازاڕ و کەمکردنەوەی نرخی پێداویستییەکانی رۆژانە پێویستە

ماوەی چەند مانگێکە دراوی دۆلار و دیناری سویسری و چاپ و تمەن لە بەرزی و نزمییەکی بەردەوامدان، بازاڕ دیاردەی شەیتانبازاڕی بە ئاشکرا پێوە دیارە.. لە گەڵ دابەزینی دراوەکاندا، نرخی پێداویستییەکانی رۆژانەی ژیان، لە چاو دابەزینی دراوەکاندا، بە کەمی دابەزیوە. بۆیە لە گەڵ وەرگرتنی مووچەی مانگانەدا، هاو وڵاتیان سەرجەم هاواریان لێ هەڵدەستێت، بێ رامان قسە دەکەن و رووی پرسیار دەکەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم، ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی حکومەت.. هاووڵاتیان دیارە لە روانگەی ئەوەوە ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی حکومەت، (چونکە حکومەت بە بەرپرس دەزانن بۆ خۆشگوزەرانی ژیانی هاووڵاتیان)، پێیان وایە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بارو دۆخێکی ئاوهادا دەبێت حکومەت تووشی زیان بێت نەك هاووڵاتیان.

بەلای منەوە.. ئەم بارەی ئێستا لە کوردستاندا، هاتۆتە پێشەوە چەند هۆکاری دەرەکی و ناوەکی هەیە و هەر یەکەیان بە پێی کاریگەرییان راستەوخۆ کاریکردۆتە سەر بازاڕ و بازرگانی نرخی شمەکەکان لە بازاڕدا. ئەمە لەلایەك و لە لایەکی ترەوە، لە بارو دۆخێکی وادا چەندێ حکومەت و دام و دەزگا بەرپرسەکانی بەرپرسن، ئەوەندەش هاووڵاتیان بەرپرسن و دەبێت هاووڵاتیان وەکو ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی، رۆڵی خۆیان لە خزمەتی چین و توێژە هەژارەکاندا ببینن. بە بێ ئەوەی بە بڕیار و فەرمانی حکومەت نرخی پێداویستی ژیانی رۆژانەی کۆمەلانی خەڵك کەم بکەنەوە، من ناتوانم بڵێم نرخ کەم نەکراوەتەوە، کەم کراوەتەوە، بەلام لە بارتەقای دابەزینی دراودا نییە.. بۆ نموونە کیلۆی گۆشت جاران بە (٣٥ – ٤٠) دینار بوو ئێستا بۆتە (١٥) دینار بەلام (٤٠) دینارەکەی ئەوکاتە وەکو (١٥) دینارەکەی ئێستا کاریگەری لەسەر خەڵك نەبوو.

بۆیە بە پێویستی دەزانم سەبارەت بەو دیاردەیە، چەند خاڵێك بخەمە پێش چاوی دام و دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم، بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشەو دانانی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆی، چونکە کێشەکە بە شێوەیەکە کە بۆتە باسی ڕۆژانەی خەڵك لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا..

بۆ ئەوەی پێداویستی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، لە چەند جۆرێکدا چڕ بکەینەوە و ئەوانەی قورساییان خستۆتە سەر ژیانیان لەم بوارانەدان : —

١. ئەو کەل و پەل و شمەکانەی بازرگانەکان لە دەرەوەی وڵاتەوە دەیهێننە ناو کوردستانەوە، سەرجەمیان بە دۆلار و تمەن دەکڕدرێن و دەهێنرێن و لە بازاڕەکاندا زۆربەیان بە دیناری سویسری بە هاووڵاتیان دەفرۆشرێنەوە.

٢. ئەو کەل و پەل و شمەکانەی، کە لە ناوخۆدا بەرهەم دەهێنرێن و دێنە بازاڕەکانەوە، وەکو بەرهەمە پیشەسازییەکان، ئاژەڵییەکان، کشتوکاڵی و دانەوێڵەکان.

٣. پێداویستی ڕۆژانە و مانگانەی وەکو کرێی خانوو، دووکان، ئوتومبیل و پاسەکانی هاتوچۆی ناو شار و نێوانی شارەکان و کرێی ئاو و کارەبا و تەلەفۆن و پارەی ڕەسمی ئەو فەرمانگانەی ڕەسم وەردەگرن، کرێی عیادەی دکتۆر و فەحصی تاقیگەی پزیشکی و داو و دەرمان و خواردن و خواردنەوە لە گازینۆو چێشتخانەویانەوبارەکان و سەیرانگاکان.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم.. بازرگانەکان جاران بیانووی ئەوەیان هەبوو کە گومرگ دەکرێن و

گومرگەکانیشیان زۆر بوون. خۆ ئێستا گومرگ هەڵگیراوە.. بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەرجەم بازرگانەکانە نرخی شمەك و کەل و پەلەکانیان بۆ بازاڕ کەم بکەنەوە و بۆ ئەوەی دووکاندارەکانی بازاڕیش بە هەمان شێوە نرخ بۆ هاووڵاتیان کەم بکەنەوە. ئەگەر بازرگانەکان و دووکاندارەکان، لای خۆیانەوە ئەو ئەرکە جێبەجێ نەکەن، ئەوە ئەرکی دام و دەزگا بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم کە بۆ هەموو کەل و پەل و شمەکەکان نرخی گونجاو بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان لە سەر هەموو شمەکەکان دانێن.

دەربارەی خاڵی دوو.. بە هەمان شێوە ئەرکی خاوەن بەرهەمەکانە کە نرخ کەم بکەنەوە و ڕەچاوی بار و دۆخەکە بکەن. ئەگەر نا پێویستە بە زوویی دام و

دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت نرخی گونجاو بۆ سوودی خەڵکەکە دانێن. بۆ نموونە کیلۆیەك گۆشت ئێستا بە (٢٠) دینارە و کیلۆیەك گۆشتی مریشك بە (٨) دینار و کیلۆیەك ماست بە (٣ – ٤) دینار و پەنیر بە (٧ – ٨) دینار و دوو چەپك سەوزە بە دینارێك و کیلۆیەك ساوەر بە (٤) دینار و .... هتد بۆ ئێستا هەر هەموویان گرانن. پێویستە بەزوویی ئەو پێداویستییانە نرخی گونجاویان بۆ دابنرێت و هەفتانەش پیایاندا بچنەوە و بیکەنە ئەمر کە دووکانـدارەکان نرخەکان لەسەر پێداویستیەکان بنووسن.

سەبارەت بە خاڵی سێیەم.. ئەگەر خاوەن ئەو شتانە لای خۆیانەوە.. نرخەکان کەم نەکەنەوە، پێویستە کە دام و دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت بە بڕیارێك نرخی کرێی هەر هەموو ئەو شتانە کەم بکاتەوە و چارەسەرێکی گونجاو دابنێت کە باری سەرشانی هاووڵاتیان سووك بکات. بۆ نموونە کرێچییەك خانوویەکی بە (٤٠٠ – ٥٠٠) دینار گرتووە , مووچەی ئێستای ناگاتە ئەو بڕە پارەیەی کە بیداتە خاوەن خانووەکە و بۆیە دەبینین چەندین کێشە لە نێوان کرێچی و خاوەن موڵکدا پەیدا بووە.

لە وتارێکی وادا ناکرێت هەموو وردە کارییەکانی پێویستییەکان ورد بکەینەوە و بیان نووسین ئەم جۆرە وتارانە بە مەبەستی ئەوەیە کە لایەنە بەرپرسەکانی حکومی و ئەهلی سەرنجیان بۆ ئەوە ڕابکێشرێت کە دیاردەی کێشەی بەرزو نزمی دراوەکان و بەرزی نرخی کەل و پەل و پێداویستیەکان باری ژیانی هاوڵاتیان قورس دەکات , چاو خشاندنەوەی بە پەلە بەو دیاردەیەدا ئەرکی سەرشانیانە و نابێت کەمتەرخەمی تیادا بکرێت..

ئاڵای ئازادی ژمارە ٥١٩ ٢٠٠٣/٦/١٦

ئالآی کوردستان هەژا نمی

ئەو سەردەمەی شێخی نەمر لە داریکەلی بوو , من منداڵ بووم , ڕۆژانە تفەنگچییەکانی سەردانی باوکمیان دەکرد , ڕۆژێ لە باوکمم پرسی , ئەم تفەنگ بەشانانە چین و بۆ ڕۆژانە هاتوچۆ دەکەن؟ باوکم وتی ئەوانە سوارەی مەلیک مەحمودن.. کە مەلیکی کوردستانە ! ووتم ئەی بۆ لە داریکەلی دانیشتووەو ناچێتە سلێمانی؟ وتی لەترسی حکومەت.. چونکە دژی حکومەتە.. , دەیەوێت کورد بکاتە دەوڵەت کە بووینە دەوڵەت سکەو ئالآو سوپای خۆمانمان دەبێت.. بە زمانی خۆمان دەخوێنین.. وتم (ئالآ) چییە؟ وتی هەموو میللەتێك کە دەوڵەتی هەبوو ئالآی تایبەتی خۆی هەیە.. ئێمەش کە بووینە دەوڵەت دەبێت ئەو ئالآیەمان هەبێت.

ساڵ هات و ڕۆیشت..بە تەواوی فامم کردەوە.. بەهۆی خوێندنەوە , تێکلاوی مەلا و مامۆستا و قوتابخانەو خوێندکاران و سیاسی و کورد پەروەران بووم. ڕۆژانە.. لە گەڵیاندا باسی ئالآمان دەکرد.. ئیتر ئالآی کوردستان بوو بە بەشێك لە کاری ڕۆژانەمان و.. لە ناو دەفتەری خوێندندا لە گەڵ هاوڕێ خوێنکارەکانمدا , نەخشەمان دەکێشا.. کار گەیشتە ئەوەی ئێمە لە (دڵ و بەرنامەو لە ناو دەفتەرەکانماندا) , (ئالآی کوردستانم) هەڵکردبوو.

کاتێ گوشاری داگیرکەرودوژمنانی گەلەکەمان , بۆ سەر بزووتنەوەی کوردایەتی دەستی پێکرد , لە ترسی سیخوڕەکانی ڕژێم , زۆر بە نهێنی ئالآکەمان لە دەفتەرەکانماندا , وێنە دەکێشا.

لەو ڕۆژگارەوە , گەلەکەمان وا بۆ نیو سەدە دەچێت بەبێ وەستان و بە بێ کۆڵدان , خەبات دەکات لە پێناوی مافە ڕەواکانیدا. ڕێگا نەما نەی گرێتە بەر , تاوان و کارەسات نەما بەرامبەری نەکرێت.. ڕژێم دوای ڕژێم بەهەموو جۆرە چەکێك و سیاسەتێك پەلاماریاندا. بۆ ئەوەی کورد لە ناو ببرێت و خاك و سامانی بە تەواوی داگیری بکەن , لە هەموو مافێکی ژیان بێبەری بکەن. دوای چەندین ساڵ تێکۆشان و ململانێ، دوای هەزاران قوربانی وماڵوێرانی، لە ساڵی

(١٩٩١) ەوە بە یەكگرتوویی هێزی پێشمەرگەی كوردستان و جەماوەری ڕاپەڕیوی گەلەكەمان زوربەی زۆری كوردستان ئازاد كرا.. وا (١١) ساڵی ڕەبەقە كورد، دەسەڵاتی كوردستان بە ڕێوە دەبات.. ئەم یانزە ساڵە لە بەر پیلان گێڕی دوژمنان نەتوانرا، ئەوەی هەموو ڕۆڵەیەكی كورد، بە ئاواتێوە بووە و چەندین ساڵ خەباتی لە پێناودا كردووە، ئاشكرای بكات، ئەوەش (ئاڵای كوردستان)ە.. وا ئەمساڵ لە پرۆسەی ئازادكردنی عیراقدا، ڕژێمی دكتاتۆریەت بە سزای تاوانەكانی گەیەنرا و ئەو شار و شارۆچكە و شوێنانەی كوردستانیش كە لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی فاشیدا مابوونەوە و كە زوربەیان تەعریب كرابوون ئازادكران..لە ئازاد بوونی ئەو ناوچانەدا، زۆر كورد، فرمێسكی شادی بە چاوەكانیاندا هاتەخوارەوە, خۆم یەكێك بووم لەو كەسانەی كە چوومە خانەقین و كەركووكی ڕزگار كراو, لە خۆشیاندا ئاو بە چاوەكانمدا هاتە خوارەوە، هەرچەند سەرم دەهێنا و سەرم دەبرد، لەو باوەڕەدا نەبووم بەعس ڕووخابێ و عیراق ئازاد بووبێ، ئەو ناوچانەش لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی دكتاتۆر ڕزگاری بووبێ , وەكو خەو ببینم وابوو.

لەم ڕۆژانەدا.. لە ڕێگای ڕۆیشتنەوەم بۆ ماڵەوە , لە بەردەمی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا، دوو ئاڵا بەرز كرابۆوە، یەكێكیان (ئاڵای كوردستان) بوو، كە ئەو ئاڵایەم بینی بە بەرزی دەشەكایەوە و ڕۆژەكەی ناوی وەكو ڕۆژ پرشنگی دەدا، بە دەست خۆم نەبووهەژاندمی، فرمێسكی شادی و خۆشی هۆنە هۆن بە چاوەكانما هاتنە خوارەوە، هەر دەڕۆیشتم و لە دڵەوە ئۆخەیم دەكرد لە بەرخۆمەوە دەموت . ئەو ئاواتەی كە لە منداڵیمەوە، بە هیوای بووم، وا ئەمڕۆ هاتۆتە دی، ئەو ئاواتەی لە دڵ و بەرنامە و دەفتەرەكانماندا وێنەمان دەكێشا، بە پێش چاوی دۆست و دوژمنەوە، لە بەردەمی(سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا) لە هەموو كوردستانیشدا بە بەرزایی باڵای ئاواتەكانمان دەشەكێتەوە.. دیارە چۆن ئازادبوونی كەركووك و خانەقین و مەندەلی و دبس و شەنگار، خەو نەبوون، هەڵكردن و شەكانەوەی ئاڵای كوردستانیش خەو نییە و ڕاستە و بە دوایا دڵنیام، یەكە یەكەی ئاواتەكانی خەڵكی كوردستان دێنە دی. بێگومان دۆستەكانمان دڵخۆشدەبن و دوژمنەكانیشمان سەرشۆڕ و ڕیسوا دەبن.. شەكاوە بێت ئاڵای كوردستان.دەبا

له ژێرسایەی ئاڵاکەماندا خەڵکی کوردستان بە یە کگرتوویی بژی , خەڵکینە , کوردینە , داوا بکەن , با لە سەر بانی هەموو بارەگایەکی حزب و لایەنەکان , لە گەڵ ئالای حزبەکەیاندا ئاڵاکە هەڵکەن , با لەسەر هەموو دام و دەزگایەکی حکومەتی هەرێم هەڵبکرێت , ئەو ئاڵایەی قازی لە کۆماری مەهابادی جوانە مەرگدا هەڵیکردو زوو داگیرا , با لە کوردستانی ئازادکراو لە دەروازەی هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستان هەڵبکرێت. من کە دیم کەرکووك و خانەقین ڕزگار کرا هەستم بە بەختەوەریکرد , ئێستا رۆژانە کە بەبەردەمی ئاڵاکەدا و لە بەردەمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا , دێم و دەچم ئاڵاکە دەبینم دەشەکێتەوە دەستی ئۆخەیی و سەرفرازی بەسەر دڵما دەهێنم ئەوەندەیتر بەختەوەر تر دەبم.

کەرکووك و پێشانگای کتێب

کەرکووك شارە داگیرو تەعریبکراوەکە.. شارە بەند کراوو شێوێنراوەکە، شارە دێرین و خاوەنی زێڕی ڕەش.. سالانێکە.. بە سیاسەتی چەپەڵی دکتاتۆری بەغدا، پاکتاوی نەژادیت تیا دەکرێت.. (٣٥) ساڵە کراویتە بەندیخانەو خەڵکەکەتت تیادا زیندانی دەکرێت ,(٣٥) ساڵە هەموو سیمایەکی جوانی و شارستانی و کلتوری و فەرهەنگیت دەشێوێنرێت ,(٣٥) ساڵە دانیشتوانەکەت چەواشەو سەرکوێرو لە خشتە دەبرێت, شارە شکۆدارەکە.. دوانزە ساڵە کوردستان ئازاد بووە , بەڵام تۆ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و فەرهەنگیت ئەستوورتر دەکرێت رۆڵەکانت لە یەك دادەبڕدرێن و متمانە لە ناو ماڵەکاندا نەهێلراوە لە سەر هەموو قسەو هەڵس و کەوت و هەڵوێستێ سزای قورس دەدرێن.. هەموو وشەو ناوێکی کوردی قەدەغە کرابوو , قەتابخانەو شەقام و شوێنە گشتی و گەڕەکەکان ناویان گۆڕدرابوو , خوێندنگاکان سەرباری ئەوەی خویندکارەکانی لە زمانی خۆیان بێ بەری کرابوون , بووبوونە بەشێك لە داموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم و رۆژانە ئەشکەنجەی خەڵکی کوردیان تیادا دەدرا..

وا ئەمڕۆ لە سایەی ئازادیدا , رۆڵەکانت و خەڵکە بەئەمەك و دڵسۆزەکانت بێ ترس و سڵەمینەوە.. قسە دەکەن , دخوێننەوە , دەنووسن و بیرو ڕایان دەردەبڕن.. کەرکووك.. چەند بەختەوەرییە , خەڵکە تینوەکەت لە ژێر گوڵی سووری ئازادیدا ئالای کوردستان لە سەر ماڵەکانیان، لە سەر کوچەو کۆڵان و شەقام و گۆڕەپان و دوکان و کۆگا و بازاڕەکانت هەڵدەکەن..

کەرکووك.. چۆن لە ساڵی ١٩٧٢دا بە (یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی) دانیشتوانەکەت هەژێنرا.. وا ئەمڕۆش وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (یەکەمین پێشانگای کتێبی کوردی).. خوێندەواران و نووسەران و رۆشنبیران و تینوەکانی وشەی جوان.. دەبێتە میوانیان و دەیەوێت لە رێگای ئەم پێشانگایەوە بچێتە هەموو ماڵە کەرکووکیەکەوەو منداڵانی شارەکەت بە زمانی

خۆیان ئاشنا بکاتەوە.. وا دەبێتە میوانی خانەوادە بێنازو هەژارو بێ تفاقەکەی کتێبخانەی گشتی.. دەیەوێت لە هۆڵەکەیەوە بە پرشنگی ئەدەبو زانستو رووناکبیری هەموو کتێبخانەیماڵەکان رۆشنکاتەوە.. دەیەوێت گیانی نەمری شێخ رەزا , ئەسیری , خانەقا , جەباری , رۆژبەیانیو بەرزنجیو مەلا حەمدوون زیندوو بکاتەوە , دەیەوێت گۆڤاری شەفەقو باسەرەو گزنگو نێرگز بگەشێنێتەوە.

کەرکووك‌و پێشانگای کتێب

کەرکووك شارە داگیرو تەعریبکراوەکە.. شارە بەند کراوو شێوێنراوەکە، شارە دێرین‌و خاوەنی زێڕی ڕەش.. ساڵانێکە.. بە سیاسەتی چەپەڵی دکتاتۆری بەغدا، پاکتاوی نەژادیت تیا دەکرێت.. (٣٥) ساڵە کراویتە بەندیخانەو خەڵکەکەتت تیادا زیندانی دەکرێت ,(٣٥) ساڵە هەموو سیمایەکی جوانی‌و شارستانی‌و کلتوری‌و فەرهەنگیت دەشێوێنرێت ,(٣٥) ساڵە دانیشتوانەکەت چەواشەو سەرکوێرو لە خشتە دەبرێت, شارە شکۆدارەکە.. دوانزە ساڵە کوردستان ئازاد بووە , بەڵام تۆ چەوساندنەوەی نەتەوایەتی‌و فەرهەنگیت ئەستوورتر دەکرێت رۆڵەکانت لە یەك دادەبڕدرێن‌و متمانە لە ناوماڵەکاندا نەهێڵراوە لە سەر هەموو قسەو هەڵس‌و کەوت‌و هەڵوێستێ سزای قورس دەدرێن.. هەموو وشەو ناوێکی کوردی قەدەغە کرابوو , قەتابخانەو شەقام‌و شوێنە گشتی‌و گەڕەکەکان ناویان گۆڕدرابوو , خوێندنگاکان سەرباری ئەوەی خویندکارەکانی لە زمانی خۆیان بێ بەری کرابوون , بووبوونە بەشێك لە دام‌و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم‌و رۆژانە ئەشکەنجەی خەڵکی کوردیان تیادا دەدرا..

وا ئەمڕۆ لە سایەی ئازادیدا , رۆڵەکانت‌و خەڵکە بەئەمەك‌و دڵسۆزەکانت بێ ترس‌و سڵەمینەوە.. قسە دەکەن , دخوێننەوە , دەنووسن‌و بیرو ڕایان دەردەبڕن.. کەرکووك.. چەند بەختەوەرییە , خەڵکە تینوەکەت لە ژێر گوڵی سووری ئازادیدا ئاڵای کوردستان لە سەر ماڵەکانیان، لە سەر کوچەو کۆڵان‌و شەقام‌و گۆڕەپان‌و دوکان‌و کۆگاو بازاڕەکانت هەڵدەکەن..

کەرکووك.. چۆن لە ساڵی ١٩٧٢دا بە (یەکەمین میهرەجانی شیعری کوردی) دانیشتوانەکەت هەژێنرا.. وا ئەمڕۆش وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (یەکەمین پێشانگای کتێبی کوردی).. خوێندەواران‌و نووسەران‌و رۆشنبیران‌و تینوەکانی وشەی جوان.. دەبێتە میوانیان‌و دەیەوێت لە رێگای ئەم پێشانگایەوە بچێتە هەموو ماڵە کەرکووکیەکەوەو منداڵانی شارەکەت بە زمانی

خۆیان ئاشنا بکاتەوە.. وا دەبێتە میوانی خانەوادە بێنازو هەژارو بێ تفاقەکەی کتێبخانەی گشتی.. دەیەوێت لە هۆڵەکەیەوە بە پرشنگی ئەدەب و زانست و رووناکبیری هەموو کتێبخانەیماڵەکان رۆشنکاتەوە.. دەیەوێت گیانی نەمری شێخ رەزا , ئەسیری , خانەقا , جەباری , رۆژبەیانی و بەرزنجی و مەلا حەمدوون زیندوو بکاتەوە , دەیەوێت گۆڤاری شەفەق و باسەرەو گزنگ و نێرگز بگەشێنێتەوە.

ئەبێت خەونەبێت..؟

بەدرێژای تەمەنم، چی فرۆکەم دیبێت و هاتبێتە سەرکوردستان بۆ بۆردومانی گوندوناوچەکان بووە. بۆیە لەهەموو فرۆکەیەك دەترسام و بەدوژمنی خۆم وگەل و نیشتمانەکەم دەزانی، مێژووی فرۆکەو هەڵسانی لە سەرئاسمانی کوردستان مێژوویەکی دووردرێژە. لەفرۆکەکانی ئینگلیزەوە کەکاتی خۆی هاتە سەرسلێمانی بۆ دژایەتی شۆڕش بوو.

بەدرێژای مێژووی کورد، ئەوەی بەخوێندنەوە خوێندوومانەتەوە و ئەوەی لەژیانماندا بینیومانە. هەر فرۆکەیەك بەسەر ئاسمانی کوردستاندا سووراوەتەوە بۆمەبەستی لەناوبردن و قەلاچۆکردنی کوردبووە.

یان بۆسەرکوتکردنی کوردبووە. لە شۆڕشی شێخ مەحموودی نەمردا ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٢بەداخەوە فرۆکەی ئینگلیز بۆسەرکوتکردنی شۆڕشی کورد دژی شێخ مەحمودی، بۆیەکەم جار قەصفی شاری سلێمانی وناوچەکانی کوردستانی کرد. ئەوکاتە وابوو کورد، هەر فرۆکەیەکی جەنگی بەئاسمانی کوردستاندا سوورابێتەوە بەنیازی سەرکوتکردن و بۆردومانکردنی کوردستان بووە... لە شۆڕشی ئەیلوولدا فرۆکەی میکی روسی چی بەگوندو شاخ ودۆڵ وشارۆچکەی کوردستان نەکرد. کام گوند لە کوردستاندا ریزی صاروخ و بۆمبای گەورەی لە فرۆکەوە بەرنەکەوتووە؟ کام شارۆچەکە ناپاڵم نەیهەژاندوە؟ کارەساتی بۆردومانی هەڵەبجەو قەلادزێ لەساڵی ١٩٧٤دا بیرناچێتەوە..لەشۆڕشی نوێ خوازی گەلەکەشماندا فرۆکە مەرگ هەڵگرەکان و کوردکوژەکانی کە پێیان دەووت کۆپتەرە کورد کوژەکان، تائێستا سام وترسی لەمێشك و هزری کوردا نەرەویوەتەوە...دوا فرۆکەی مەرگی کورد، ئەو فرۆکانە بوون کە ئاسمان و زەوی هەڵەبجەیان ژەهراوی کرد... هەزاران کوردیان خنکاندن. ئەو فرۆکانە لە شێخ وەسانان و عەسکەرو شاناخسێ وشارباژێر سەوسێنان و ناوچەی بادینان و ناوچەکانیتر هەرگیزاوهەرگیز بیرناچێتەوە، بۆیە کورد فرۆکەبە یەکەم دوژمنی خۆی دەزانێ کەچەکی مەرگی کوردی هەڵگرتووە، بێ بەزەییانە کوردی

پێدەکوژێت و گوندوشاری کوردی پی وێران دەکات. تەنانەت ئەو فرۆکانەی جەنگیش نەبوون کە لەپایتەختی عیراقەوە یان لەکەرکووک و موصڵەوە هاتوونەتە سەر ئاسمانی کوردستان. بەمەبەستی دانانی نەخشەوپلانی دوژمنکارانە هاتوون و، هەرگیز بەنیازپاکی نەبینراون، لەوکاتەوەی هێرشی هاوپەیمانان بۆ رووخانی رژێمی دیکتاتۆری بەغدا دەستی پێکردووە... خۆشبەختانە چەند رۆژێکە دەنگ وگرمەی فرۆکە ئاسمانی کوردستانی پرکردووەو، شەوانەو رۆژانە دێن و دەچن. خۆشی لەوەدایە ئەوفرۆکانە لەجۆری ئەو فرۆکانەی سالانی زوونین. فرۆکەیەك نین بۆ دوژمنایەتی کوردو لەناوبردنی کوردو خاپوورکردنی کوردستان بسووڕێتەوە، بەڵکە فرۆکە گەلێکن لەوفرۆکە خانانەوە هەڵدەستێ کەکاتی خۆی رژێمی بەغدا بۆ فرۆکە کورد کوژەکانی دروست کرد، ئێستا ئەو فرۆکانە لەو فرۆکەخانانەوە هەڵدەستن مەرگی تیرۆریستان و دوژمنانی ئەم گەل و خاکە بۆقەلاچۆکردن و لەناوبردنیان بۆ مێشك پووت و بەکرێگیراوانەی بەعس، کە لەلایەن موخباراتی عیراقیەوە سەربەرشتی دەکرێن. ئەو فرۆکانە هەڵدەستن بۆ لەناوبردن و تێك وپێکدانی بنکەو سوپای داگیرکەری عیراق، بۆ بەرەو پێش چوون بۆ رزگارکردنی کەرکووك و خانەقین و جەلاولا بۆ ئابلوقەدانی سەدامی دکتاتۆرو گرتنی پایتەختی بەغدا، بۆ رزگارکردنی شاربەشاری کوردستان وعیراق، چەند رۆژێکی خۆشە کەدەبینین ئەو فرۆکانە فرۆکەی دوژمنەکانمان نین و فرۆکەی دۆستەکانمانەو هاتوون پارێزگاریمان لێبکەن وڵاتەکەمان لە دکتۆریەت پاکبکەنەوە.

بۆیە لەخۆم دەپرسم و خەڵکی کوردیش پرسیار دەکات تۆ بڵێی ئەم شتەو ئەم گۆڕانکاریە خەونەبێت؟ فرۆکەی جەنگی بەسەر کوردستاندا بسووڕێتەوە بۆ کوشتنی کورد نەبێت؟ بۆ پارێزگاری لە کوردهاتبێت بەراستی ئەم رۆژە ئەو رۆژەیە وەکو خەوببینیت وایە.

کێن ئەوانەی کاری تیرۆریستی
دژی ئازادی کوردستان ئەنجام ئەدەن؟

رژێمی بەعسی فاشی بەغدا (٣٥)ساڵی رەبەقە تۆویی بەدرەوشتی لە ناو گەلانی عیراقدا ئەچێنێت. بەراستوچەپدا خەڵکی عیراق دائەپلۆسێ و تالاوی شەڕو کوشتنی پێ ئەنۆشێ، رژێمی بەغدا جگە لەدەردو مەینەتی هیچ خێروخۆشییەکی بەگەلانی عیراق نەبەخشیوە..کوردستانی ژێر دەسەلاتی ئەو رژێمە فاشییە بەشی وێرانەیی و خابوورکردن بووە. رێگای نامەردانە نەما بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بەکاری نەهێنین. چەکی قەدەغەکراوی کیمیاوی بێ شەرمانە لەدژی گەل و نیشتمانەکەمان بەچەند شێوە بەکارهێنا..

گەرای بەدرەوشتی بەچروپڕی لەناو کوردستاندا بلاوکردەوە، ئەو کەسە نەفز نزموبێ رەوشتانەی، بێ هۆشانە ئەو گەرایەی رژێم لەناو مێشك و رەووشتیاندا چاندی کردو بەپوول وپارەو پایەی چلکاوخۆری لەخشتەبران هەڵ خەڵەتان و بەفیکەیەکی پیاوێکی رژێم سەری برای خۆیان ئەبڕی و پێشکەشیان ئەکردو، پاداشتیان پێ وەرئەگرت و دەیان کاری ناجوامێرانەو بەدرەووشتیان ئەنجام ئەدا.

هەر ئەوکەسانەبوون بەفیتی ئەوان و بەپێش چاوی ئەوانەوە هەشت هەزار مێرد منال و کورو پیاوی بارزانیان بەزیل وئیڤا گواستەوەو رەوانەی کورەی رەشی بەعسیانیان کردن و بەئاو هاتن و بەئاگر رۆیشتن. ئەوکەسانە بوون. بۆ کیمیا بارانی هەڵەبجە بوونە چاوساغ و یارمەتیدەری سوپای داگیرکەرو ئەنفالی(٥) هەزار گوندو ١٨٢هەزار یان کرد ئەوکەسانە بوون بۆ هەڵپەی شڕە خۆری و تالان، دێ بەدێ ناوچە بەناوچە دەکەوتنە پێش سوپا بەدرەوشتەکەی بەعس، کوردستانیان خاپووروویرانکرد. هەر ئەوکەسانە بوون بەشانازییەوە حەوشەو ماڵیان لەکەلوپەلو مریشك و حەیوانی ئەو گوندە خاپوور کراوانە پڕکرد...بەڵێ ئەو نەفس نزمانە بوونە هۆی مەرگەساتی گەلەکەمان.. کاتێ

راپەڕینەکە ئەوانەی کە شەڕواڵی شەرەفیان فرێ نەدابوو، بەیەك بانگەواز ئاوێتەی خەباتی گەلەکەیان بوون و، شەقییان لەجۆو ئاخۆری هەڵداو ملیان بۆ ئەمری واقیع دانەواند، ئەوانەش کە بەنەخوێنەکەیان لەدەست خۆیاندا نەمابوو، ملیان شکاند کلکیان کرد بەناو گەڵیاناو بەدوڵا خۆیان گەیاندەوە باوەشی باوکە بدرەوشتەکەیان، زۆرشیان تائێستا لەکوردستاندا ماونەتەوەو بەهۆی دیاردەی ململانێی حزبایەتیەوە، ئەوانە لە کرداری رابووردوویان قوتاربوون... بەلام مەسەلەیەکی کوردی ئەڵێت سەگ لەقەسابخانە نەتۆپێت رەنجی بەخەسار ئەچێت.

ئا ئەو بەدرەوشتانەی دوێنێ چۆن چەند ماڵە پێشمەرگەیەکیان داگیرکردو بووە مۆڵگای بەدرەوشت و تاوانباری، ئەمڕۆش هەر ئەوجۆرە کەسانە لەجیاتی ماڵی پێشمەرگە ماڵەکانی خۆیان کردووە بەمۆڵگاو هەمان و دەستەی چڵکاوخۆری جارانیان لەدەورەو بەهەمان سەیارەو چەکەوە بۆ هەرشوێنێ مل ئەشکێنن دزوپیاو خراپەکانی لەگەڵدا کاریان پێکردوون هەر بەدوایانەوەن...بانکەکانی حکومەتی هەرێم لەهەموو شارەکان شوێنی شکاندنەوەو گۆڕینەوەی پارەوپوولیانە، چەندیان کردووە تائێستاش بەردەوام لە دزی و تالانی کوردستاندا هەر بەردەوامن. ئەوانە لەباروداۆخی ئازادی کوردستاندا هەلیان بۆ رەخساوەو پەیوەندییان بەپیاوەکانی رژێمەوە کردۆتەوەو، کلکیان لە کەرکوك و خانەقین وموصل وبەغدا تۆزئەکات، وەکو سەگ خۆیان مەڵاس داوەو رۆژانە چییان پی ئەسپێرێت ئەنجامی ئەدەن.. هەر ئەوانەن تەقە لەرێکخراواخیرخوازو دەزگا دەولیەکان ئەکەن و مین و سەیارەی بەمین چێنراو لەناوبازارو شوێنە گشتییەکاندا دا ئەنێن و ئەیتەقێننەوە..کەسانیترنییە هەر ئەوانن هەر هەموو لەورێکخراو گروپ وحزبە جیاجیایانە کۆبوونەتەوە، لەسایەی دیموکراتی و ئازادی کوردستاندا کاری شۆڕشیان لە ئەستۆگرتووە، راوبۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ حکومەتی کوردستان هەیە هەرگیز کاری مەرانەناکەن، زۆربەیان لەدەزگاکانی ئاسیشدا گیراون ئەگەر سەیری دۆسییەکەیان بکرێت، زۆر بەچاکی دەرئەکەوێت کۆنە جاسووس و ئەڵقە لەگوێیەکانن کەواتە ئەوانەی کاری تیرۆریستی ودزی و تالانی و کوردستان

ئەنجام ئەدەن هەر کاسەلێسەکانی کۆنی رژێمن و ئەمڕۆ گورگ و مەڕیان ئاوێتەی یەککردوە.

دەزگاکانی ئاسایش بەلیستەناوی گومان لێکراوان دەدەنە ویستگەکان و ئەوانیش بەپێی ئەو لیستانە سەرنجی شوناسنامەیان دەدەن لە هاتوچۆیاندا سەبارەت بەبازگەکان چاکتروایە.

بازگەی ویستگەی گومرگ بازگەیەکی جیاوازبێت، تەنها لەسنورەکان هەبێت، چونکە کاری گومرگ زۆر کاردەکاتە سەرکاری پشکنین و ناسینەوەی تاوانباران، واتە بەهۆی گومرگەوە پیاوخراپ دەربازدەبن و بەدەربازبوونیان کاری تیرۆریستی ئەنجام ئەدەن.

کێشەی پارەو مەترسییەکانی و چارەسەرێکی گونجاو

ماوەیەکە کێشەی دابەزینی(دۆلار)و بەرزبوونەوەی دیناری سویسری و بەدوایاندا یۆرۆو تمەن و دیناری چاپ سەری هەڵداوە، بۆتەخەم و مایەی بیرکردنەوەی سەرجەمی خەڵکی کوردستان.

دەمەوێت لەم بارەیەوە، راشکاوانە بدوێم و ئەوەی بەپێویستی دەزانم بەنووسین بیخەمەپێش چاو.

١. لەدوای راپەڕینەوە دیناری سویسری پارەی بەکارهێنراوە لەهەموو بازاڕو دام و دەزگاکانی حکومی وحزبی لە کوردستاندا.

٢. دیناری چاپ بەهیچ شێوەیەك لەکوردستان کاری پێنەکراوە، تەنها بۆ ئەو کارو ئاڵ و گۆڕو بازرگانیانە نەبێت، کەلە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بەکارهێنراوە بەتایبەتی لەگەڵ شارەکانی دەرەوەی کوردستان لەعێراقدا.

٣. پارەی تمەنی ئێرانی پارەیەکە بۆ کاری بازرگانی و هاتوچۆ بۆ ئێران کاری پێکراوە.

٤. دۆلار..پارەیەکی بەهێزبووە، بەبراورد لەگەڵ دیناری سویسری لە کاری بازرگانی وڵاتانی دەوروبەرو ناوخۆشدا بەکار هێنراوە.

٥. یۆرۆ.. پارەیەك بووە لە دەرەوە هاتووەو گۆردراوەتەوە بە دیناری سویسری و لەهیچ مامەڵەیەکدا بەکار نەهێنراوە.

بەرای من دەبوو هەموو دەسەڵاتە کوردییەکەی کوردستان، هەر زووبیریان لەمەسەلەی پارەو پولەکان بکردایەتەوە...لەبارودۆخی وەکو ئێستادا نەبوایەتە کێشەو گرفتی بۆ خەڵکی کوردستان دروستنەکردایە. ئەوەش بەئاسانی دەتوانرا لەکاتی خۆیدا چارەسەربکرایە. بەوەی...بەبڕیارێکی مەرکەزی هەردوو دەسەڵاتە کوردییەکە، ئەو دراوانەیان..لەکاری دەزگاکانی حکومەت وبازرگانی و مامەڵەی رەسمی کاری پێ بکرایە.دراوی دۆلارویۆرۆ دیناری چاپ و تمەن و لیرەی تورکی هاوشانی دیناری سویسری بەکاربهێنرانایە، من کەس تاوانبار

ناکەمو پەنجە بۆکەس درێژناکەم. بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەوکەسانەی وایان لەبەرپرسان‌و خاوەن دەسەڵاتداری کوردستان کرد، بۆ بەوشێوەیە سەیرکردن‌و مامەڵەکردن بەدیناری سویسری کارێکی باشیان نەکرد چونکە کاتێك کاڵایەك یان دراوێك وەلا دەخرێت‌و پشتگوێ دەخرێت لەجێگای شتێکیتر بەکار بهێنرێت کە کارنەکاتە سەر بازاڕو دەرامەتی خەڵك‌و زیان پێگەیاندنی. دیارە ئەو بڕیارەی دایان بۆ مامەڵەنەکردن بەدیناری سویسری بیانەوێت‌و نەیانەوێت کاری راستەوخۆی کردە سەر دەرامەتی خەڵکی کوردستان‌و بازاڕی بەتەواوی شێواندو ئابوری کوردستانی تێکداوە.. ئۆباڵی ئەو دیاردەیە هەرهەموو لەئەستۆی ئەو کەسانەدایە.

تەنها مەرگی ئازیزانمان بیرەوەرییەکانمان پێدەدرکێنێ

—هاورێم لەهاوینی حەفتاویەك و لەگوندێکی سیوەیلی بناری گمۆدا بۆ یەکەمجار یەکترمان ناسی..ئەو کاتە کادرێکی لێهاتووی ناو جوتیارانی دەڤەرەکە بوویت و خۆشیان دەویستیت. لەهاوینی حەفتاو چوارو لەناوچەی قەرەداغ یەکەمان بینییەوە...لەوێوە بوینە هاورێ...ئەوسەردەمە حەمەڕەشیدی گوستاغ و بەهیمەت و کادرێکی پێشمەرگە ئاساو سیاسیەکی هۆشیارو پیاوێکی کومەڵایەتی ناوچەکە بویت..گوند بەگوندی بناری شارەزوورت بەسەر دەکردەوەو خەڵکە کەیت ڕێکدەخست و ڕێبازی کوردایەتیت فێردەکردن..دەتناسین و دەیان ناسیت، متمانەت پێیان بوو، متمانەیان پێدە کردیت..ئەو ڕۆژانەی بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە..بنکەو بارەگاکانمان کەوتە بەرزنجەو ئەحمەد ئاواو خورماڵ..لەگەڵ دژواری ناوچەکە تۆخۆت نەدەگرت..قایل نەبووی دانیشیت..بە بەردەوامی لەجەولەی ناوچەکەتابوویت،..ئەوساڵە بەهەموو سەختیی و ناخۆشییەکانییەوە، تۆهەمیشە گەشبین و قسەخۆشی کۆڕو کۆبوونەوەکانمان بویت. ساڵی حەفتاو پێنج مەرگەساتی هەرەس و دابڕدابڕیکردین..بەڵام من و تۆ لەیەك دانەبڕاین..بەیەکەوە تاڵاوی نسکۆمان لە ئۆردوگای دووئاوان و سەریاس دەچەشت..ئەو ڕۆژەی بەمەبەستی چارەنوسی شۆڕش بۆ کرماشان و لەوێوە بۆ مەهاباد کەوتینەڕێ..لەمەهاباد بەئارەزووی دڵت گاڵتەجاڕیت بەزۆر سەرکردەو لێپرسراوی ڕوخاودەکرد..بەقسەو نوکتە جنێو ئامێزەکانت، پلاری یەك لەدواییەکت تێدەگرتن. ئەوڕۆژە چەند گەشایەتەوە کەشەهید شێرکۆی شێخ عەلی هەواڵ و بەرنامەیی نوێی لەسەردەشت بۆباسکردین. عەسرانێك لەشەقامێکی شاری بانە پیاسەمان دەکرد..لوتمان تەقی بە لوتی چەند ئەفسەرو سەربازێکی عێراقیدا. سەرسام بووین..وتت سەیرکە ئەمانە بەسەرکەوتووی گەیشتوونەتە کوێ و ئێمەش لەکوێین. هاورێم..لەئۆردوگای سەریاس، بڕیاری گەڕانەوەمان دا..لەپێشی ماشێنەکەدا، کەبەڕێوەبووین بۆسنوور..وتت..چۆن

ڕەنج بەباو سەرگەردان بووین. دەڵێی بەسەر درکە زیدا ڕامدەکێشن..خۆزگە دەکوژرام و ئەم ڕۆژەم نەدەبینی..بیرمە عەسرێکی هاوینی حەفتاوشەش سێ قۆڵی لەگەڵ شەهید مامۆستا جەمال دا بەرەو شارەزوور کەوتینە ڕێ، کلکەی چەناخچیانت هەڵبژارد، لەباڵانتەران دانیشتن، دانیشتنێکی چەند خۆش بوو، کە بەڕاشکاوی تاوتوێی بۆچوونەکانمان دەکرد..مامۆستا بەپێکەنینەوە باوەشی پیاکردیو ئەملاوئەولای ماچکردیت. هەشتاکان..هەفتانە لەگەڵ کاك نوری شەوانمان بەیەکەوە بەسەردەبرد، کۆڕەکەت بەقسەو نوکتەی خۆش گەرم دەکرد..ڕۆژانی شومی ئەنفالو ڕاگواستن ئۆقرەت نەبوو..زوو زوو لەگەڵ کاك نوری پەیدادەبوونو بەرنامەتان دادەناو شوێنێکتان هەڵدەبژارد..بەیانییەك لەکاتی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر سەرکردایەتیو دۆڵی جافایەتی..سێقۆڵی بەرەو دوکان کەوتینەڕێ بۆئەوەی هەواڵێك بزانین، لەوێ تەنها مەلا عابیدمان دەناسی..بینیمانەوە..زۆر شپرزە بوو..لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد..وتت ئەوەی ناوێت..ئێستاهەواڵ چییە؟ ئێمە لەسلێمانییەوە بۆ ئەوە هاتووین..وتی هەواڵ باش نییە..هاوڕێم..تۆ هەردەم پیاوی بەهیمەتو خۆ ڕاگری ڕۆژانی سەختو دژوار بویت..پیاوی تەنگانەو خاوەن هەڵوێستو هەڵسانەوە بوویت..بۆیە دوای ئەنفالو ڕاگواستن، وەکو تێکۆشەرێکی خاوەن ئەزموونی ڕێکخراوی سلێمانی، جگە لەکارەکانی ڕێکخستنی نهێنی کردبویانی بەئەڵقەی پەیوەندی نێوانی ڕێکخراوومەفرەزە پارتیزانەکانی گەرمیانو قەرەداغ، مشووری یەکە یەکەی مەفرەزەکانت دەخوارد..زۆرجار لەسلێمانییەوە خواردنی گەرمت پێدەگەیاندنو لەگەڵت دەخواردن.. هەمووجار باسی دڵسۆزیو پیاوەتی کاك صاڵحی حەمەخانت دەکرد. لەیادمە کاتێ هەواڵی شەهید بوونی مەلا ئەحمەدو هاوڕێکانت پێگەیشتبوو، چۆن کفرتدەکردو بەداخوخەمەوە باسی کارەکەتدەکرد. ئای لەوڕۆژەی کە هەواڵی کاك ئازادی سەگرمەو هاوڕێکانیت زانیبوو..بەیانی خەریکی دوکان کردنەوە بوم پەیدابوویت.. شپرزە بویت لەخەمیاندا بویت هەر زوو مشوری پزیشكو دەرمانت بۆ خواردن..بەسەرکەوتنی نەخشەی گوێزانەوەی کاك ئازاد لەگەرمیانەوە بۆ سلێمانی چەند دڵخۆشی کردبویت. بەپێکەنینەوە هاتیت بۆلام..ئەو شەوەی بۆ بەیانی نەشتەرگەری زەرعی گورچیلەت بۆ دەکرا بەتەمای کاك نوری بووی نەهات، وتت کاکە

هێڵێکمـان لەدەربەنـدیخان هەیـە تـەنها پەیوەنـدییان بەمنـەوە هەیـە. بـا نهێنـی هێڵەکەت لابێت ئەمە دنیایە، با ئەو هێڵەو برادەرەکانی نەپچڕێن. لام سەیردبوو لەو شەووساتە وەختەدا تۆ بەیانی قورسترین نەشتەرگەریت بۆ دەکرا، لەخەمی ڕێکخسـتن‌و کارەکـانی ڕێکخسـتن‌و هەڤاڵـەکانتا بوویـت. هـاوڕێم..ئـەو ڕۆژەی لەلایـەن دەزگـای ئەمنـەوە گـیرام، مەوعیـدمان بـوو لەگـەڵ کـاک نـوری بچـین بـۆ عەربەت، کە ئێمە حوکم دراین‌و ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کراین، هێشتا کـەس مواجەهـە نـەکرابوو..کـاتێکم زانـی بـانگکرام بـۆ مواجەهـە..چـەند کـات‌و سـات‌و ڕۆژێکیـی خۆش‌و مێژویی بـوو، کە چاوم بەتۆوکاك نوری‌و کـاك برایم کەوت، یەکە یەکە باوەشتان پیاکردم..کاتێ مواجەهەشمان دەستی پێکرد لەگەڵ ئەو هەموو خەڵکەدا، یەکەم کەس بوویت کە گەیشتیتەلام..وتت نان بێنن دەمێکە نانمان بەیەکەوە نەخواردووە، با نانێك بەیەکەوە بخۆینەوە.. لە ئەبوغرێب زانیم کە تۆو کاك نوری‌وکاك برایم چەند شپرزە بوون، لـەدەرگای چـەند کەسـتان داوە بۆ ئەوەی قوتارمکـەن.یەکـەم مواجەهـە لێتپرسـیم وتـت لـە برادەرەکانـت کامیـان وەزعـی خێزانیـان لـەڕوی ئابوریـەوە خراپـە، ناوەکانیـانم بـدەرێ بـا هاوکارییـان بکەین..هاوڕێ کاتێ هاوپەیمانـەکان بڕیـاری لێدانی عێراقیـان دا، بەئازاری یـەك گورچیلەی زەرع کـراوەوە، لەگـەڵ کـاك نـوری زۆربـەی مواجەهـەکان دەهـاتن. بەرنامـەی وردەکاری ڕاپـەڕینتان بـۆ بـاس دەکـردم..دەتـانوت زۆرتـان نـەماوە بـەم زوانە ئازاد دەبن‌و دێنەوە ناومان..هەر لەبیرمە چەند ڕۆژێکی مابوو کـە لـەعێراق بدرێت، هەردوکتان هاتن..وتتان ئیتر ئێمـە ڕەنگـە نـەتوانین وەکـو جاران بێین بـۆ لات، چـــەند ڕێنمـــای‌و ئامۆژگاریتـــان پێبـــوو..کـــە ڕاپـــەڕین دەســـتپێکرد نـەدەهاتی..بـەڵام هـەرجار نامەیـەکی دوورو درێـژت بـۆ دەنووسـیم، بـە هـەواڵی خۆش و نوکتە خۆشەکانت پڕت دەکردەوە. لە هـەموو نامەیەکدا، باسـی ئـازاری خۆشـت دەکـرد.ماوەیـەك بـوو مواجەهـەکان لـە سلێمانیەوە کـەس نـەدەهات..لـە مواجەهەیەکدا کاتێکم زانی تۆبە جزداشەیەك‌و کاك سـەرحەدو تایـەرو مامۆسـتا عومـەر پەیـدا بـوون..هاتنتـان هێـوری کردمـەوە..چـونکە بەتـەمای کـەس نـەبووم، کـاتێکیش بـەربووین..چـەند خۆشـبوو، یەکـەم کـەس بـوون لەگـەڵ کـاك نـوری گەیشـتنە نـاو ئوتۆمبیلەکـەو باوەشـتان پیـاکردم..ڕۆژانـی کـۆنگرەی یەکـەم‌و هەڵبـژاردنی پەرلـەمان‌و مەڵبەنـدی شـارەزوورو، ئـەو ڕۆژانـەی لـەمانگی ئابـدا لـە

قاسمە رەش لەژێر بەناو چادرێکدا بەسەر دەبرد، شەومان بەوردکردنەوەی مەسەلەکان دەبردە سەر لەگەڵ هەموو کێشەو گرفتەکاندا خەمی باری تەندروستی تۆ پرسیاری رۆژانەی لا دروست دەکردمو، رۆژانی کۆنگرەی دوو و، نوکتەکانت بیرناچێتەوە. هاوڕێم..سیانزە ساڵ بوو تۆ بەئازاری گورچیلەو یەك گورچیلەی زەرعکراوەوە دەتلایتەوە..چونکە خۆت پیاوێکی بەهیمەتو خۆڕاگرو بەجەرگ بوویت، چۆن ملت بۆ هیچ دانەدەنەواند هەرواش شانت بۆ ئازار دانەدەنەواند. ئێمە دەمانوت ئەگەر بگەیتە ئەوروپا، تەندروستیت باشتردەبێت، نەمزانی ئەورووپاش دەبێتە سلێمانیو چارەسەری تۆی تیانابێت. کاتێ هاتیتەوە وتت تەواو دەبم، چونکە باوەڕناکەم لە بەغداش هیچم بۆبکرێت..رۆیشتیت نەهاتیتەوە تا شەوی ١٩-٢٠/١٠/٢٠٠١ دڵتەزێنترین هەواڵیان دامێ کە ئەویش مەرگی ناوەختی تۆبوو.

ئەنفال چییەکان تاوانبارن لێبوردنیان نییە

لە شەستەکانەوە تا راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، شۆڕشی کورد و هەر گفتوگۆ و ڕێکەوتنێکی لە گەڵ حکومەتەکانی عێراقدا کردبێت، لە سەر داوای حکومەتەکان شۆڕش لەو کوردانە خۆشبووە، کە چەکیان بۆ حکومەت هەڵدەگرت و لە دام و دەزگا جاسووسی و حکومیەکاندا کاریان دژی شۆڕشی کورد دەکرد و لە پێناوی پوول و پلەی وەزیفیدا قەڵەمەکانیان دەفرۆشت ... ئەو تاوانبارانە کاتێ کە دەبەخشران، کەسێکیان لە گوڵ کاڵتریان پێنەدەوترا.. زۆر جار وا دەکەوتەوە لە ڕێز گرتن و یارمەتیدان پێش رۆڵە تێکۆشەرەکانیش دەکەوتن. بە حوکمی لێبوردنەکان، زۆربەیان لە دام و دەزگا حزبی حکومییەکاندا، جێیان دەکرایەوە و پێش دەکەوتن. هەیانبوو، لە گەڵ لێبوردنەکەدا دەهاتنەوە ریزی گەل و نەدەچوونەوە بە قەرەی بەعسدا، هەشیان بوو بە عەقڵی بەعسیانەیانەوە دەمانەوە و، کە کاریشی دەکرد، بە ڕێنمایی و راسپاردەکانی بەعس هەڵس و کەوتیان دەکرد و گەڵ جار تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوەیان لەناو ریزەکانی شۆڕش و گەلەکەماندا دەچاند، کاتێکیش گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٩١ دا راپەڕی، زوربەی ناوچەکانی کوردستان رزگار کرا.. لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ئەوکاتە بە مەبەستی سەرکەوتنی راپەڕین و، سەقامگیر بوونی دەسەڵاتی کوردی و، بنە بڕکردنی بەعس و، دەسەلاتی بۆ یەکجاری لە کوردستاندا، شۆڕش لێبوردنی دەرکرد.. ژمارەیەکی زۆر سوودیان لەو لێبوردنە وەرگرت و هاتنەوە ریزی میللەت.. هەر چەند تیاشیاندا بوو.. کە چاو ساغ و تاوانبار و ئەنفالچی و خاپوورکەری گوند و شارۆچکەکان بوون و، دەبوو ئەو کاتەش، تاوانبارەکان بە پێی پلەی تاوانبارییان جیا بکرانایەتەوە و پرسینەوەیان لە گەڵدا بکرایە و هەموو وەك یەك لێیان خۆش نەبوونایە، بۆیە دوای ماوەیەك کە بەعس هاتەوە سەر قاچی خۆی و زۆربەیان بەرەو باوانەکەیان بوونەوە، روویان کردەوە ئاخورەکانی جارانیان و کەوتنەوە جێبەجێ کردنی نەخشە و پیلانەکانی بەعس و دەزگاکانی، چەندین لەو کەسانەی لە وولاتانی دوورەوە بۆ یارمەتی کورد

هاتبوون کوشتیانن، چەندین کاری تیرۆریستانە و تەقینەوەیان لە شارەکاندا ئەنجامدا، هەر ئەوەشبوو هەموو جەماوەری خەڵکی کوردستانیان وا لێکرد بە ڕاشکاوی لۆمەی هەموو حزب و لایەنە کوردستانییەکان بکەن.

وا وتمان ئەو سەردەمە بەعس و سەرۆکە دکتاتۆرەکەی دەسەڵاتی مابوو، حکومەتی فاشی بەغدا، توانای سەربازی و ئابووری و جاسووسی بەهێز بوو.. سامی ترس باڵی بەسەر خەڵکدا کێشابوو، کەسانێ هەبوون بە نیازی پلە و دەستکەوتی پارە پوول، نەیان دەتوانی بە ئاسانی دەست لەو ڕژێمە هەڵبگرن کە گۆشی خیانەت و تاوانی کردبوون.

خۆ ئەمڕۆ بە هۆی هێزی ڕزگار کەری هاوپەیمانان و پرۆسەی ئازادکردنی عیراقەوە، ڕژیمی دکتاتۆری بەغدا داری بەسەر بەردێوە نەماوە، هەموو عێراق ڕزگاری بووە هاوپەیمانان کون بە کون بە دوای سەرانی دکتاتۆردا دەگەڕێن، کونە مشکیان لێبۆتە قەیسەری.. کۆمەڵێك لە وانەی کە لەلایەن ئەمریکاوە لە لیستی تاوانبارانی جەنگدان بەردەست کەوتوون، لە داهاتوودا دەدرێنە دادگا ... ئەو تاوانبارانە.. ئەو تاوانانەی کردوویانە بەرامبەر بە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بە تایبەتی، دەستکێش و چاو ساغ و جێبەجێ کەریان بوون، لە عێراق و لە کوردستاندا..

تاوانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدو ڕاگواستن و خاپوورکردنی گوندو شارۆچکەکانی کوردستان و گوللە بارانکردن و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردستان، لە ڕێگای پیاوە خائن و ئەڵقە لە گوێ کوردەکانەوە نەخشە کێشراوەو جێبەجێ کراوە.. ئەوانە پێشڕەوی سوپاتاوانبارەکەی دکتاتۆر بوون. ئەوانە ماڵ و سامانی کوردیان بە تاڵان برد. ئەوانە دەستنیشانی خەڵکی کورد پەروەریان دەکردو گوللەبارانیان دەکردن.. ئەوانە بوون بە سەدان شیعرو وتارو نووسینیان لە ڕۆژنامە پۆخڵ و گۆڤارە جاشنامەکانیاندا بڵاودەکردەوەو وتارو قسەکانی دکتاتۆریان وەردەگێڕایە سەر زمانی کوردی و، چاپیان دەکردن و بڵاویان دەکردنەوە. ئەوانە بوون بە شان و باڵی دکتاتۆردا هەڵیان دەدا و، شاباشی پیاو چاکی و دەست خۆشی ئەنفال و کیمیا بارانیان لە دوژمن دەکرد. ئەوانە بەحەق خۆفرۆش و دۆڕاوو ئەڵقە لە گوێ و دوژمن بە گەل و نیشتمانەکەیان بوون. ئەوانە تا سەدام و دەسەڵاتە دکتاتۆریەکەی لە ئارادا

مابوو، سەدام باوك وبرايان بوو، ئەوانە دژی نەتەوەو خاكی كوردستان بوون، ئەوانە كوردو خەڵكی كوردستانیان خەڵتانی خوێنكرد، ئەوانە دارو بەردی ئەم خاكە نەفرەتیان لێدەكات.. بە خائین و تاوانبارو وێرانكەرو ئەنفالچییان دادەنێ.. ئەوانە باوكەكەیان گوڕ بە گوڕ بوو. ئاخوڕەكانیان بێ ئاڵف ماوەتەوەوە، دكتاتۆر دەسەڵاتی نەماوە دەستی ئافەرینی تاوان بدا بەشانیانداو نۆتەی تاوانباری بە شان وملیاندا شۆڕكاتەوە، ئەوانە لەسەر خوێنی كورد، سامانیان كۆكردەوە، كۆشكیان بەرز كردەوە، هەرچی ڕەفتاری ناشیرینە كردیان...

سەیرە.. زۆریش سەیرەو جێگای سەرسوڕمانە، زۆر لەو تاوانبارانە، بێ شەرمانەو ڕووقایمانە پاش ئەو هەموو تاوانەیان پەنایان بۆ كوردستان و بۆ لای حیزب و لایەنە كوردستانیەكان هێناوە ! دەیانەوێت ئەو كوردستانەی بە چاوساغی ئەوان وێرانكرا، تیایا بحەوێنەوەو خەڵكی كوردیش بە چاوی ڕێزەوە سەیریان بكات

سەیرتر لەوەش.. باوەشكردنەوەی حزب و لایەنەكان و كۆمەڵێ خەڵكە بەناوی عەشایەری و خزمایەتی وبەرژەوەندی بازرگانی، بۆ ئەو تاوانبارو ئەنفالچییانەیە، لەوش سەیرتر، ململانێ لە نێوانی لایەنەكاندا پەیدا بووە، بۆ وەرگرتن و پاراستنیان و پێشوازییان لێدەكرێت و خزمەت دەكرێن و ڕێز دەگیرێن و سەر و سامانیان دەپارێزرێت و ماڵ و منداڵیان نایەڵن تیكەی وشك بخەنە دەمیانەوە.. هانی خەڵك دەدەن سەردانیان بكەن و دڵنەواییان بكەن و دڵنیایان بكەن كە هیچیان لێناكرێت. لە هەموو تاوانەكانیان خۆش دەبن.

بێگومانم لەوەی كە هەموو ئەو حزب و لایەنانە و، ئەو كەسانەی كە داڵدەی ئەو تاوانبار و ئەنفالچییانە دەدەن. زۆربەیان لێیان ڕوونە ئەگەر یەك ترووسكەی دكتاتۆریەت لە عیراقدا بمایە و یەك دەرگایەك هەبوایە لێوەی دەربچوونایە و بیان زانیایە سەری خۆیان و منداڵیان دەرباز دەبێت. یەك كەسیان سەریان بە كۆشی یەك لایەن و یەك كەسدا نەدەكرد لە كوردستاندا. خەڵكی كوردستان و هەموو خەڵكی تێكۆشەری گەلەكەمان لە ناو هەموو حزب و لایەنەكاندا.. بە وەرگرتن و داڵدەی ئەو تاوانبارانە ناڕازین و داوا دەكەن كە بە زوویی هەر هەموویان بگیرێن و ماڵ و منداڵ و سامانیشیان دەستی بەسەردا بگیرێت،

ئەنفال چییەکان بدرێنە دادگا و سزا بدرێن، تۆڵەی (١٨٢) هەزار ئەنفالکراو و (٥٠٠٠) کیمیا بارانی هەڵەبجە، (٨٠٠٠) بارزانی، (٦٠٠٠) گەنجی فەیلی، خاپوور کردنی کوردستان، بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کوردیان لێبکرێتەوە.. پێویستە حزب و لایەنەکان گوێ لە داواکاری کەس و کاری شەهیدان بگرن، ئەوانیش دەعوا لەسەر ئەو تاوانبارانە تۆمار بکەن..بە هیچ شێوەیەك لێیان نەبوورن و بەسزای تاوانەکانیان بگەیەنن نەك داڵدەیان بدەن. من دڵنیام ئەگەر حزب و لایەنەکانیش لەو ئەنفالچییانە خۆش بن جەماوەری خەڵکی کوردستان، کەس و کاری شەهیدان، خەڵکی گوندە خاپوور کراو، تاڵان کراوەکان، لێیان نابوورین داوایان ئەوەیە کە بدرێنە هاوپەیمانان و بخرێنە لیستی تاوانبارانەوە، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا بکرێت، هەوڵبدرێت قولاغی ئەنفالکراوەکان و گۆڕە بە کۆمەڵەکانیان پێدەربخرێت.. خۆ ئەگەر حزب و لایەنەکان لە بەر هەر هۆیەك لەو ئەنفالچییانە دەبوورێن گەلی کورد لێیان نابوورێت.

خۆ ئەگەر لایەن و حزبەکان لەوانە خۆش دەبن و داڵدەیان دەدەن.. ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە لە دروستبوونیانەوە ڕاستگۆ نەبوون لە بەرنامە و ڕەوتی شۆڕشگێڕیاندا، هەر چییان بە جەماوەر وتوە ! بە ڕاستیان نەبووە و هەر ڕۆڵەیەکی ئەم گەلەش لە پێناوی ئەواندا شەهید کراوە ! ئۆباڵیان لە ئەستۆیانە، کیمیا بارانی هەڵەبجە، ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان هەر هەموو دەکەوێتە ئەستۆیان و ئەوەش لای جەماوەر بەر جەستە دەبێت کە ئەو حزب و لایەنانە بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕییان نەبووە، لە پێناوی مەسەلەیەکدا خەباتیان نەکردووە کە پێی وترابێت (مەسەلەی کورد). خۆ ئەگەر جەماوەری خەڵکی کوردستانیش لە حزب و لایەنەکان لەم داڵدەدانە چاو پۆشی بکەن، بەر دەرگایان لێنەگرن و نەچنە سەریان. ئەو تاوانبارانە وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەربچن، ئەوە بە ڕای من کوردیش میللەتێك نەبووە کە خاوەنی مەسەلەیەك بوو بێت کە ناوی (مەسەلەی کورد) بێت، خاوەنی خاکێك نییە ناوی(خاکی کوردستان) بێت. بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی کورد پەروەر و نیشتمان پەروەر و دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەم، ئەوانەی لە ناو ریزەکانی ڕێکخستنی لایەنەکاندان و جەماوەری ڕەش و ڕووتی کوردستان و کەس و کاری شەهیدان و خەڵکی گوند و شارۆچکە خاپوورکراوەکان و کەس و کاری

ئەنفالکراوەکان، دەنگ بەرز بکەنەوە و هاوار بکەن و بە هەموو حزب و لایەنەکان بڵێن دالدەی ئەو تاوانبار و ئەنفالچییانە مەدەن و مەیان پارێزن پێیان بڵێن ئەگەر ئێوەش لێیان خۆشبن، ئێمە هەرگیز لێیان خۆشنابین، دەبێت بدرێنە دادگا و سزای تاوانەکانیان وەربگرن، ئەنفال چییەکان لێبوردنیان نییەو دەبێت تۆڵەی ئەدیب و ڕووناکبیرە شەهیدەکانیان لێبکرێتەوە. دەبێت بە سزای گەل و حوکمی ڕەوای یاسایی بگەیەنرێن. نابێت و نابێت لە تاوانباران و ئەنفال چییەکان خۆشبین.. چونکە ئەوانە ئەنفالی کورد، کلتوری کورد، زمانی کورد، فەرهەنگی کورد، ماڵی کورد، داب و نەریتی کوردو بیری نەتەوەیی و نیشتمان پەروەری کوردو ڕەگەز نامەی کوردیان کرد.. خۆیان کردە عەرەب و بەعسی و دەیان ویست هەموو کوردیش بکەنە عەرەب و بەعسی. خۆیان ڕوویان لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ڕەش کرد. دەیان ویست مێژووی کوردیش ڕەش بکەن، ناوی کوردو کوردستان بسڕنەوە، هەموو خەڵکی کورد لە خشتە بەرن و هەڵیان بخلیسکێنن و بەد ڕەوشتیان بکەن. تێناگەم عەقڵ ڕادەوەستێت چۆن ئەو ئەنفالچییانە ڕوویان هاتووە ڕوو بکەنە کوردستان..؟ چۆن ئەو حزب و لایەنانە ئەو ئەنفالچییانە پەنا دەدەن؟ پرسیار گەلێکن تەنهاو تەنها دەبێت جەماوەری گەلەکەمان بە دەنگ بەرزکردنەوەیان بە یاداشت نووسینیان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هەموو وڵاتانی ئەوروپا، بۆ هاوپەیمانان،بۆ حوکمی داهاتووی عێراق و بۆ هەموو حزب و لایەنە کوردستانی وئاینییەکان بەرز بکەنەوەو پێیان بڵێن ئەنفالچییەکان تاوانبارن لێبوردنیان نییە، نابێت لە کوردستاندا دالدە بدرێن، دەبێت بدرێنە دادگاو سزای تاوانەکانیان وەربگرن، دەبێت هەموو کورد دەعوایان لە سەر تۆمار بکات لە دادگای نێو دەوڵەتی و بخرێنە لیستی تاوانبارانی سەرانی ڕژێمەوە بە تاوانی ئەنفال و کیمیا باران و بە کۆمەڵ کوشتنی خەڵك دادگایی بکرێن .

ئەم بابەتە لاپەڕە(٥)ی ژمارە(٥١٦)ی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٢٦

دەبێت هەوڵی جیدی بۆ چارەنووسی ئەنفالکراوەکان بدرێت

گەلی کورد زیاتر لە (١٨٠) هەزارکەسی لێ ئەنفالکراوە.. لە ساڵی (١٩٨٨) وە تا ئێستا قوڵاغێکیان نییە.. رۆژانە و ساڵانە باسی ئەنفال دەکرێت تا دکتاتۆریەتی سەدام مابوو، کەس زاتی نەدەکرد، باسی ئەنفال بکات و زانیاری بدرکێنێ.. وا سەدام و دەسەڵاتە دکتاتۆرەکەی بەسەر یەکدا رووخێنرا ئیتر کاتی ئەوەیە گەلەکەمان.. بە هەموو شێوەیەك کار بۆ ئەوە بکات، چارەنووسی ئەنفالکراوەکان و ئەو (٨٠٠٠) بارزانیە دەربخرێت.. بۆیە بە پێویستی دەزانم.. لایەنە سیاسیەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم رێگایانە جەخت بۆ دۆزینەوەی قوڵاغی ئەنفالکراوەکان بکات : -

١. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت، ئەو ئەفسەرانەی بە دیل گیراون یان خۆیان تەسلیم کردووە لە جەیشی عیراقی و سەرانی رژێمی بەعس.. لێکۆڵینەوەی وردیان لە گەڵدا بکرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری لە سەر ئەنفالکراوەکان و گوشار بخرێتە سەریان چی زانیارییەك لە سەر ئەنفال دەزانن بیدرکێنن.

٢. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو بەڵگەنامانەی کە لە دام و دەزگاکانی بەعسدا دەستیان کەوتووە، بە وردی لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت چ زانیارییەکیان لە سەر ئەنفال تیادا تۆمار کراوە.

٣. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو زیندان و بەندیخانانەی کە دەدۆزرێنەوە.. پشکنینی وردیان تیادا بکرێت بۆ قوڵاغی ئەنفال.

٤. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو شوێن و جێگایانەی کە گومان لە سەریان هەیە، ئەنفالکراوەکانیان تیادا شاردۆتەوە. بپشکێنرێن و لێکۆڵینەوەی وردیان لە سەر بکرێت بۆ شوێنەواری ئەنفال.

٥. حکومەتی هەرێم وە یان داوا لە هاوپەیمانان بکرێت، بڕێ پارە تەرخان بکرێت بۆ هەر کەسێك لە عیراق یان دەرەوەی عیراق زانیاری لە سەر ئەنفال و ئەنفالکراوەکان بداتە هاوپایمانان یان حکومەتی هەرێم .

٦. حکومەتی هەرێم لە ڕێگای هاوپەیمانان یان حکومەتی تازەی عیراقەوە داوا لە وڵاتانی دەوروبەری عیراق بکات بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی دۆستایەتی و پەیوەندی گەرمیان لە گەڵ ڕژێمەکەی سەدامدا هەبووە چ زانیارییەك لە سەر ئەنفال دەزانن.. بیدەنە حکومەتی تازەی عیراق یان هاوپەیمانان وە یان حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧. داوا لە هاوپەیمانان بکرێت ئەو کاربەدەستانەی ڕژێمی بەعسی فاشی کە بە سیفەتی سەفیر و دبلۆماس لە وڵاتانی دنیادا کاریان کردووە، کۆبکرێنەوە و لێکۆڵینەوەی وردیان لە گەڵدا بکرێت سەبارەت بە تاوانی ئەنفال، چونکە گومانی نییە تیایاندا هەیە کە هاوبەشی کارەساتی ئەنفالی کردووە و زانیارییان لەسەر ئەنفال هەیە.

کورد لە گەڵ هەموو سەرکەوتنێکدا، دەبێت زامی قوڵی ئەنفالی لا گەورەتر بێت زیاتر و زیاتر بە دوایدا وێڵ بێت و سۆراخی ئەو هەزاران هەزار ئەنفالکراوە بکات و هیچ هۆیەك نەکرێتە بیانوی لە بیر چوونەوە و پشت گوێ خستنی و ئەگەر کورد خۆی دوای کارەساتەکانی خۆی نەکەوێت باوەڕ ناکەم کەسێك یان وڵاتێك هەبێت بە خەمی کورد و مەرگەساتەکانیەوە بێت. باشترین ڕۆژە کە بۆ گەلەکەمان ڕەخساوە بۆ دۆزینەوەی قوڵاغی ئەنفالکراوەکان.

لە ژمارە(٣٠٦٥)ی ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/١٤ی دواستوونی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە

خانەقین گوڵاڵەی سووری ئازاد کردنی دەواری ڕەشی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی لەتوپەتکرد..

لە حەفتاکانەوە بەعسی فاشی بەغدا، بە بەرنامەیەکی داڕێژراوی ڕەگەز پارستانەی بەعسیانە.. دەستی کردە سڕینەوەی سیمای جوانی ئەڵوەنی شاری خانەقین. بە سیاسەتی (تەعریب و تەرحیل و تەبعیس) و بە مەبەستی ئەوەی شارەکە و هەموو ناوچەی خانەقین بە تەواوی عەبای تەعریب بە بالآی بپۆشێ و خاکەکەی لە کوردستان و خەڵکەکەی لە گەلی کورد دابڕێت.. بۆیە زۆرینەی خەڵکی شارەکەی بە چەند بیانوویەکەوە دەرکرد و هەموو خەڵکی گوندەکانی لە گوندەکانیان ڕاگواست، عەرەبی هێنانە شوێن و نیشتەجێی کردن. دەستی بە سەر سامان و ماڵ و موڵکیاندا گرت و لە زیدی خۆیان بێبەریان کردن.. لە ژێر گوشارێکی توندی بەعسیانەدا کەوتنە تەبعیس و تەعریب کردنی ئەو کوردانەی مابوونەوە.. کار گەیشتە ئەوەی لە ٦٤٪ دانیشتوانی شارەکەیان کردە عەرەب. لە کاتێکدا خانەقین نەك گوندەکانی یەك ماڵە عەرەبی تیادا نەبوو. بەڵکە شاری خانەقینیش جگە لەو پۆلیس و فەرمانبەرە عەرەبانە نەبێت کە بە هۆی سیاسی، یان وەزیفی دەگوێزرانەوە بۆ خانەقین یەك ماڵی عەرەبی تیادا نەبوو.

لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەڵکی ڕاپەڕیوی ناوچەکە توانیان چەند گوندێکی تەعریب کراو لە تەعریب کردن ڕزگار بکەن و سیمای کوردەوارییان بۆ بگەڕێننەوە. بەڵام شارەکە و زۆربەی زۆری گوندەکان بە تەعریب کراوی مانەوە، تا لە ١٠ / ٤ / ٢٠٠٣ بە هیممەتی هێزی پێشمەرگە و هاوکاری هاوپەیمانان خۆری ئازادی باوەشی بە ملی ئەڵوەندا کرد و سەراپای شارەکە و هەموو گوندەکان لە بەعس و تەعریب و تەبعیس پاککرانەوە و گوڵاڵەی سووری ئازادی دەواری ڕەشی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی لەت و پەت کرد.. خەڵکە تەرحیل کراوەکە، بەو پەڕی خۆشی و شادیەوە، گەڕانەوە سەر ماڵ و موڵکی خۆیان.. چەندێ بەختەوەریبوو ئەو

خەڵکە تەرحیلکراوە. کە دەگەیشتەوە بە خانوەکەی بە زەوی و باخەکەی دیواری خانوەکەی و پەرژینی باخەکەی و زەوییەکەی ماچ دەکرد و دەستی ئاوات و ئۆخەی بە سنگیدا دەهێنا و بەرزی دەکردەوە لەبەر خۆیانەوە دەیان وت: دەبێت ئەم گۆڕانکاریە ڕاست بێت خەو نەبێت..؟ ئەوەندە دڵخۆش بوون لە خۆشیا و بە دەم پێکەنینەوە فرمێسکی شادی و شادبوونەوە بە چاویاندا دڵۆپ،دڵۆپ دەهاتە خوارەوە دەیان وت دوای تەمەنێك، وا بە شارەکەمان بە گوندەکەمان بە ماڵەکەمان بە باخ و زەوی و ئەڵوەند شادبووینەوە.. باوك و دایکەکان دەستیان بەسەر منداڵەکانیاندا دەهێنا و پێیان دەوتن منداڵینە.. بزانن ئەم خانوو باخ و کێڵگە و دێبەرانە شوێنی باوك و باپیرانتانە و چەند ساڵە بەعسی فاشی داگیری کردووە و تەعریبی کردووە.. وا ئەمڕۆ پێی شاد بووینەتەوە.. دوور نییە ئێمە لە خۆشیدا نەمرین.. وەسێتتان بۆ دەکەین بەم خاك و شوێنەتانەوە بنووسێن و دەستیان لێ بەرمەدەن.. ئەم دەڤەرە پارچەیەکە لە کوردستان، کوردستانێکی داگیر و تەعریب کراوبوو، وا ئەمڕۆ لە سایەی هەڵمەتی پێشمەرگە و هاوپەیمانەکانمان رزگار کراوە. دەخیلتان دەبین نەیەڵن جارێکی تر پۆستاڵی هیچ داگیرکەرێك گوڵاڵەی سووری بشێلێت و ئاوی ئەڵوەند پیس بکات.

لەژمارە(٣٠٥٢)کوردستانی نوێ و لەرۆژی ٢٠٠٣/٤/٢٩ و لەدوا ستوونی لاپەڕە ١٢ دا بڵاوکراوەتەوە

سوپاو فڕۆکەکانی هاوپەیمانان مژدە بەخشی ئازادین

لە سەرو بەندی دامەزراندنی حکومەتی عیراقەوە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و خەڵکی کوردستان رووبەڕووی سیاسەتی رەگەزپەرستانە بووەتەوە، بەوپەڕی دڕندانە مامەڵەی لە گەڵدا کراوە، سەرباری چەوساندنەوەی چینایەتی.

چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بێبەریکردنی لە هەموو مافێکی نەتەوەیی، رژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عیراق، ئەوەی بەرێگای دەزگا سەرکوتکەرەکانیان بۆیان جێبەجێ نەکرابێت، بە هۆی سوپاکانیانەوە شاڵاوی دوژمنانەیان بە هەموو جۆرە چەکێك بردۆتە سەر خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەکانی.

ئەوەشی بە سوپاکانیان بۆیان ئەنجام نەدرابێت، پەنایان بردۆتە بەر هێزی ئاسمانییان، بە هەموو جۆرەفڕۆکە و چەکێکیان گوند و شاری کوردیان وێرانکردووە، خەڵکەکەیان قەلاچۆ کردووە، لە شۆڕشی شێخی نەمردا، بە داخەوە بۆ یەکەمجار گوند و شاری کوردستان لە لایەن سوپا و فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە بۆردومان کران، لەو کاتەوە خەڵکی کوردستان بە بەردەوامی لە ژێر گوشار و پەلاماری سوپا و فڕۆکەکانی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقدا بووە، تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) و دروستبوونی ناوچەی دژە فڕین، بۆیە هەردەم کورد و خەڵکی کوردستان سوپا و فڕۆکەی بە فاکتەرێکی سەرەکیی لە ناوبردنی کورد و خاپوورکەری کوردستان زانیوە، چونکە ئەوەی لە مێژووی گەلەکەماندا سوپا و هێزی ئاسمانی رژێمەکانی عیراق بە کوردیان کردووە، هەرگیز هیچ سوپا و هێزێکی ئاسمانی هیچ دەوڵەت و وڵاتێك لە دنیادا بە گەل و نیشتمانەکەی و تەنانەت بە دوژمنەکانیشی نەکردووە.. بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداریی رژێمەکانی عیراق سەدان سەربازگە و رەبیە و چەندین فڕۆکەخانە لە کوردستاندا دروستکراون.هەر هەموویان بە مەبەستی دوژمنانە و قەدەغەکردنی ئازادیی خەڵکی کوردستان و سەرکوتکردن و لەناوبردنیبووە، بۆیە خەڵکی کورد لە سوپا و فڕۆکەکانی ئینگلیزەوە تا ئەمڕۆ بە چاوی ڕق و قینەوە دەڕوانێتە سوپا و فڕۆکە، لەم بارو دۆخەی ئەمڕۆی عیراق و کوردستاندا

کە هاوپەیمانان، بەرنامەی چڕو پڕیان بۆ ئازاد کردنی عێراق و کوردستان داناوە، رۆژانە پەیتا پەیتا سوپای هاوپەیمانان، جگە لە عێراقدا لە کوردستانیشدا دادەبەزین و فڕۆکەکانیان بە ڕەهایی بە ئاسمانی کوردستاندا دەسوڕێنەوە.

خەڵکی کورد هەست دەکەن، سوپاو فڕۆکەکانی بەعسی فاشی نییە، بەڵکو سوپایەك و فڕۆکە گەلێکە هاتوون و دێن خەڵکی عێراق و کوردستان لە دیکتاتۆرییەت ڕزگار بکەن: هاتوون بنکەو مۆڵگاکانی تیرۆریستان لە کوردستاندا بەسەر یەکدا بتەپێنن و تەفروتونایان بکەن.

هاتوون سوپای داگیرکەری سەدامی دیکتاتۆر لە شارە داگیرکراوەکان دەرپەڕێنن و شارەکان لە ڕەفتارو ئاکارەکانی بەعس پاکبکەنەوە، وا بەپێش چاومانەوە، هەورامانیان لە تیرۆریستان پاککردەوە. مۆڵگاکانیان بەسەردا تەپاندن، مەرگیان بەبالآبڕین هاوئاهەنگیش شەو و ڕۆژ هەڵمەتی شێرانە دەبەنە سەر سەربازگە و مۆڵگاکانی بەعس و کوردستانیان لێکردوونەتە دۆزەخ.

بۆیە خەڵکی کوردستان دڵنیا بووە، ئەم سوپا و فڕۆکانە، سوپا و فڕۆکەکانی سەردەمی ڕژێمی بەعس نین بە چاوی دوژمنانە بڕواننە کوردستان و خەڵکی کورد، بەڵکو بە مەبەستی پاراستن و ئازادکردنی خەڵکی عیراق و کوردستان هاتوون، هاتوون بەخێر بێن و دەیانەوێت بەر لە سوپای عەفلەقی بگرن و پارێزگاریی لە سەر و سامانی خەڵکی ڕەش و ڕووتی عیراق و کوردستان بکەن و لەدەست سیاسەتی ڕەشەکوژی سەر فرازیان بکەن. بۆیە خەڵکەکە لە گەڵ گرمە و ناڵەی فڕۆکەکاندا لە جیاتیی ئەوەی وەکو جاران خۆیان لە ترسا بشارنەوە، ئێستا رادەکەنە سەربانەکان و بەرزاییەکان و بەگەشبینییەوە سەیریان دەکەن، ناحەقیان نییە بپرسن و بڵێن دەبێت.. ئەم گۆڕانکارییە راستبێت و خەو نەبێت..؟ کاتێکیش کە دەبینن تیرۆریستان بە سزای خۆیان گەیشتن بە هەڵمەتێکی چەند رۆژە تەفر و توونا بوون، دڵنیاش دەبن لەوەی کە ئەم سوپا و فڕۆکانە مژدە بەخشی ئازادین..

لە ژمارە (٣٠٢٩) ی کوردستانی نوێدا و لە رۆژی ٢ /٤ / ٢٠٠٣ و لە لاپەرە (١٠) بڵاوکراوەتەوە

شاری سلێمانی لە پێشوازی تەرمی پێنج شەهیددا

دوای کارەساتی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو سیاسەتی خاپور کردنی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی فاشی پێشووەوە..ڕێکخستنە نهێنیەکانی ناو شار نەترسانە لەڕێگای ڕێکخراوی سلێمانی‌یەوە، ئەرك‌و چالاکی ڕێکخراوەی شارەکانی سلێمانی‌و کەرکوك‌و هەلێرو بەغداوکەلارو چەمچەماڵ‌و کفری‌و خانەقینیان گرتە ئەستۆ..سەرباری کاری ڕێکخراوەیی سەرپەرشتی مەفرەزە پارتی زانەکان‌و شانە چەکدارەکانی سرك‌و بروسکیان لەلایەن سەرکردایەتییەوە بەرەو رووکرایەوە.

دیارە کارو چالاکی لەوبارودۆخە دژوارو پڕ مەترسییەدا، کە سەدام‌و دەسەڵاتی دیکتاتۆری خۆی بەزاڵ‌و سەرکەوتوو دەزانی بەسەر شۆڕشی کورداو، کوردستانی کردبووە زیندانێکی گەورەو هەموو خەڵکی کوردستانی تیایدا بەند کردبوو، ئاسان نەبوو، ڕژێم بەونیازەبوو لەڕێگای سەرکوتکردن‌و تۆقاندنەوە، بتوانێت بڵێسەی شۆڕشی کورد دابمرکێنێتەوەو، وورده ووردە لەناوبەرێت، بەڵام..بەزیرەکی نەخشەی سەرکردایەتی(ی.ن.ك)وبەچەلەنگی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ناو شارو قارەمانی مەفرەزەکانی پێشمەرگە، توانرا سیاسەتی دوژمن تێکوپێك بدرێت..هەڤاڵانی ڕێکخراوی سلێمانی ڕۆڵی جەربەزانەیان لەهەڵسانەوەو سەرپەرشتی کردندا بینی..لەدوای ساڵی(١٩٨٨)وە..هەڤاڵانی ڕێکخستنەکان بەهۆی چالاکیانەوە، کەوتنە بەرشالاوی داموودەزگاکانی بەعس، دەیان ڕۆڵەیان لەدەزگاکانی ئەمن‌و ئیستیخبارات توندکرد. دواشالاوی دەزگاکانی بەعس لەساڵی(١٩٩٠)دا کۆمەڵێ تێکۆشەری گرتەوە، دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان، لەسێ جەلسەی دادگای سەورەدا لە ١٦/١٠/١٩٩٠، پێنج هاوڕێی بەئەمەك‌و چاو نەترس سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا درا. کەبریتی بوون لەهاوڕێیان(جەباری حاجی ڕەشید-مامۆستا ئەحمەدی سەناعە-محەمەد ڕەحیم-عەتای حاجی ئەحمەدووەستابەکری دارتاش).

کاتێ ئەو پێنج هاوڕێیە لەسێدارەدران، چەند ڕۆژێ دوای لەسێدارەدانیان، کەسێك بەنهێنی پێی ڕاگەیاندم کە ئەوپێنج هاوڕێیەمان فەرمانی لەسێدارەدانیان جێبەجێکراوەو باسی یەکە یەکەیانی بۆ کردم، کەچۆن بەسەربەرزانە لەبەردەم پەتی سێدارەدا وەستاون‌و سرودی شۆڕشگێڕیان وتووە. ئەوا دوای(١٣)ساڵ بەسەر شەهید کردنیاندا، ئەو ڕژێمەی کە هەموو هەڵسوکەوت‌و ڕەفتارێکیان سوربووە بەخوێنی گەلی عێراق بەگشتی‌و گەلی کورد بەتایبەتی، بەهێزی نەبەزی هاوپەیمانان تەخت‌وتاراجی بەسەریەکدا ڕوخێنراو، دکتاتۆر دکتاتۆریەت بۆ هەتا هەتایە ڕیسواکرا. دوای دەست بەسەراگرتنی بەڵگەنامەکانی بەعس، بەڵگەنامەی ئەو پێنج هاوڕێیە دۆزرایەوە شوێنی بەخاك سپاردنیان زانراو ڕۆژی٢٠٠٣/٥/٢٤لە قەرەهەنجیری ڕزگار کراو، پێشوازی لەتەرمەکانیان کراو شاری هەڵمەت‌و قوربانیش بەشانازییەوە پێشوازی لێکردن، ڕۆژی ٥/٢٥/لەڕێو ڕەسمی شایستەدا لەگردی شەهیدانی سەیوان لەناوخاکی ڕزگارکراوی نیشتمانەکەیاندا بەخاك سپێردرانەوە.

واخۆش بەختانە شاری سلێمانی‌و کەسوکاری ئەو شەهیدە قارەمانانەو هاوڕێییانیان، بەهێنانەوەی تەرمەکانیان کەفوکوڵی دڵیان دامرکایەوە، ئومێد دەکەم کە شەهیدە سەربەرزەکانی تری وەکو(مامۆستا عەزیز مەحموودی) سەرکردەوە(مەلا عەلی شاعیرو پێشمەرگە)و ئەو شەهیدانەی تر کە لەگۆڕستانی موسڵ نێژراون‌و لەداهاتوویەکی نزیکدا، لەموسڵەوە بگوێزرێنەوە بۆ شاری سلێمانی.دیارە بەئەمەش برینی قوڵی کەسوکاریان تا ڕادەیەك ساڕێژ دەبێت، گۆڕستانەکانی شەهیدان لەکوردستان چاوەڕوانی تەرمی یەکەیەکەی ئەو شەهیدانەن کە بەکۆتایی ژیانیان بونە سونبولی سەرفرازی گەلەکەیان.

*ئەم وتارە لەدوای ستوونی ژمارە ٣٠٨٣ی ٢٠٠٣/٦/٤ی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە.

ریفراندۆم لە سیاسییەکانەوە دەگاتە جەماوەری خەڵك

بە دەست پێشکەری کۆمەڵێ رووناکبیری سلێمانی، بیرۆکەی ریفراندۆم لە مانگی ٢٠٠٣/٧ وە لە ناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا..هەمە لایەنە کاری بۆ دەکرێت بەردەوامیش، جەو جووڵێکی بەرچاو لێرەو لەوێ بەدی دەکرێت، ئەم جووڵانەوە سیاسیە نەتەوەییە وەکو هەموو جووڵانەوەیەکی تر، بە هەر هۆیەکەوە بێت دژایەتی دەکرێت.. هەیە خۆی بە خاوەنی ریفراندۆم دەزانێ و رازی نابێت کەسانێکی تر باسی ئەو بزووتنەوەیە بکەن و بەلای ئەوانەوە دەبێت تەنها بۆ ئەوان قۆرخ بێت، هەیە چۆن لە هەموو جووڵانەوەیەکی سیاسی کوردا، دروشمی دژایەتی هەڵکردووەو لە رێبازو بەرنامەو کارو سیاسەت و رۆڵی شۆڕشگێڕیو هزری هیچ لایەنێك رازی نییەو پێی وەرناگیرێت و خۆبەخشانە دژیان راوەستاوەو دەوەستێت، هەیە خۆی سەر بەلایەنەێکی سیاسی، رێکخراوەیی نەتەوەیی تیژڕەویان سەر بەحزبێکی چەپەو یانکەسانێکن بە درێژایی تەمەنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد، نەیوێراوە نە بە وشە نە بە هەنگاو، نە بە رەفتار هاوبەشی لە هیچ حزبێکی سیاسیدا بکات و لە هەموو بزووتنەوەیەکی سیاسی سڵی کردۆتەوەو تووخنیان نەکەوتووە، ئێستا بارو دۆخەکە ئاساییەو هیچ مەترسییەك لە هیچ روو و لایەنێکەوە بەدی ناکەن، قوتبوونەتەوە، دە دە قسە دەکەن و پێشبڕکێ لە هەموو روویەکەوە دەکەن و جگە لە خۆی کەسێکی ترو لایەنێکی تر بە شایستە نازانێت قسە لەسەر کوردو مەسەلەکەی بکات.. من بە ڕاشکاوی دەڵێم ریفراندۆم بۆ چارەنووسی گەلی کورد، (ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانی گشت خەڵکی کوردستانە).. لە پێشیانەوە لایەنە سیاسیەکان، سیاسەتمەداران و ئەوانەی تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی نەتەوەکەیان تەرخان کردووەو لە هەموو سەردەمە سەخت و دژوارەکاندا پێشەنگ بوون و بەربەرەکانی دوژمنەکانی کوردیان کردووە، خەباتی بەردەوامیان لە پێناوی مافە رەواکانی گەلەکەیاندا کردووە، هەر لە رێگای ئەوانەشەوە، دەتوانرێت پرۆسەی ریفراندۆم بە باشی و بەسەرکەوتوویی بگەیەنرێتە ناو جەماوەری رەش و رووتی

کوردستان، لام سەیرە.. ئەو جۆرە کەس و لایەنانە، ماف بە خۆیان دەدەن باسی ریفراندۆم بکەن بەڵام بە رەوای نازانن ئەوەی ئەندامی حزبێك بووە، تێکۆشەرێکی ناسراوی مەیدانی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بووە، بۆی نییە باسی ریفراندۆم بکات، من لەو کەسانە دەپرسم.. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان بۆ خەبات لە پێناوی نەتەوەکەیاندا تەرخان کردووە، خەڵکی ئەم کوردستانە نین..؟ کە خەباتیان کردووە تاوانیان کردووە؟ کە بوونە ئەندام یان لێپرسراو لە حزبێکی کوردستانیدا لە کۆمەڵی کوردەواری بەدەرن؟ هەموو مافێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و رووناکبیرو جەماوەرییان دۆراندووە؟

ئەگەر ئەمڕۆ بە وردی سەرنجی کۆمەڵگای کوردەواری بدرێت لە ٢٥٪ خەڵکەکە ئەندام و لایەنگرو کادری حزبە کوردستانیەکانن.. ئەوانەی ئەمڕۆ لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن کە ئەو رێژەی خەڵکی کوردستانە نابێت بەشداری پرۆسەی ریفراندۆم بکەن ناگەنە ٢٪ خەڵکی کوردستان، من وای دەبینم.. خەباتی ئەمڕۆو پرۆسەی (ریفراندۆم،بزووتنەوەیەکی سیاسی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری سەرتاسەرییە) و پێویستی بە هەموو خەڵکی کوردستان، لە ناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەی کوردستانە، (ئەم بزووتنەوەیە،تەواوکەری خەباتی سیاسی نەتەوەیی و نیشتمانی و رێکخراوەی و پێشمەرگایەتی خەڵکی کوردستانە). شێوازی خەباتەکە لە خەباتی ژێر زەمینی و پێشمەرگایەتی گۆڕدراوە بۆ خەباتی سیاسی و جەماوەری دیموکراتیانەی سەردەمی گۆڕانکارییەکانی دنیاو ناوچەکە ... بۆیە ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ و یان تا ئێستا کادرو ئەندام و لێپرسراوی حزبەکانن، ئەرکی خۆیانە کە ئەمڕۆ بەشداری لە پرۆسەی ریفراندۆمدا بکەن و، دوو لایەنەش کار بکەن، لە لایەك ئەرك و کاری حزبەکەیان و لە لایەکی ترەوە بەشداری جووڵانەوەی ریفراندۆم بکەن.. لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی ئەوە دەکەنە بیانوو، کە بەشداری پرۆسەی ریفراندۆم ناکەن و یان دەیانەوێت دژی رابوەستن لەبەر ئەوەی گوایە، فلان و فیسار کەس ئەندام و کادرو کەسی دیاری فلان حزب و لایەنەو هەر لەبەر ئەوە ریفراندۆم دەستی ئەو حزب و لایەنەی لە پشتەوەیە.. باشە ئەو کەسانە بۆ ناپارازین کە ئامۆژگاری و رێنمایی ئەو حزبانە لە پشتی پرۆسەی ریفراندۆمەوە بێت، ئەو حزب و لایەن و کەسانە کورد نین و خەڵکی کوردستان نین؟ من

ریفراندۆم وا دەبینم، یەکەمجار ئەرکی حزبو لایەنە سیاسیەکانی کوردستانە، چۆن رووناکبیرێکی دەوێت هەرواش کرێکارێکو جووتیارێکو کاسب کارێکو خوێندکارێکو مامۆستایەکو فەرمانبەرێکی دەوێت.

ئەمڕۆ هەموو کەس حەقی ئەوەی هەیە پشتگیریو داکۆکی لە مافی نەتەوەکەی بکات، جووتیارێك با خوێندەواریش نەبێت بەڵام مرۆڤێکی کوردەو وەکو هەموو هاوولاتییەکی ئەم کوردستانە خاوەنی مافی هاوولاتییە.. ئیمزای کرێکارێكو پرۆفیسۆرێك یان دەنگی جووتیارێكو سیاسەتمەدارێك وەکو یەکن، لە پرۆسەی دەنگ دانو یاداشتنامەو ئیمزا کردندا ! بە بۆچوونی من پرۆسەکە ئێستا کەموکوڕی لەوەدایە کە تەنها لە ناو شارەکانداو لە ناو خوێندەوارانو مامۆستایانو رووناکبیراندایەو پەلوپۆی بۆ ناو سەرجەمی جەماوەری خەڵکی کوردستان نەهاویشتووەو نەگەیشتۆتە ناو گوندەکان، بۆیە من لای خۆمەوە داوا لە دەستەی کارگێڕی ریفراندۆم دەکەم کە جووڵانەوەکە لە دەستەکەوە فراوان بکرێت، دەستەکە وا لێبکەن نوێنەری سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵی تێدا بێت لیژنەی پێویستیان لێ پێکبهێنرێتو خۆبەخشانە بکەونە کارو ئەو دیاردەیەی دەوترێت لەبەر ئەوەی فلان کەس سەر بە فلان لایەنە نابێ بەشداری لە پرۆسەکەدا بکاتو وەلا بخرێتو گوێی لێنەگیرێت، بەڵکە ئەرکە نەتەوەییەکە وا دەخوازێت.. هەر کەس لە شوێنو بواری کارکردنیدا لە هەر پلەو پایەو دەسەلاتێکدایە کاری بۆ بکاتو خەڵك هوشیار بکاتەوەو پرۆسەکەی بۆ روون بکاتەوە.. بە لای منەوە ئەمە ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستانە، داواو پێشنیارم بۆ دەستەی کارگێڕی، حەوجووڵیان گەرمترو فراوانتر بکەن، لیژنە لە هەموو دامودەزگا حکومیو ئەهلیەکاندا، لە هەموو ناحیەو قەزاکاندا، لە ناو هەموو قۆناغەکانی خوێندانددا بە زانکۆو پەیمانگاکانیشەوە لە ناو هەموگوزەرو گەڕەكو شوێنە گشتیەکاندا دروست بکرێت، بەکورتی دەبێت شوێنێك، بوارێك نەمێنێتەوە کە پرۆسەی ریفراندۆمی پێ نەگات یان کوردێ نەبێت لە پرۆسەکەدا بەشداری نەکات.

ریفراندۆم
تەواوکەری خەباتی شۆڕشگێڕی و پێشمەرگایەتییە

(٨٥) ساڵە کوردستان بە بڕیارێکی نێو دەوڵەتی و بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان، بەبێ ڕاپرسی و ڕەزامەندی گەلی کورد لکێنرا بە دەوڵەتی تازە دروستکراوی عیراقەوە.. بەو لکاندنە کوردستان بوو بە وڵاتێکی داگیرکراو، گەلی کوردیش بوو بە گەلێکی ژێر دەستەو لە هەموو مافێکی نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی بێبەری کرا، بە خراپترین شێوە چەوسێنراوەتەوە، خاکی کوردستان بە بازنەیەکی دوژمنانەی داگیرکەرانە ئابلۆقەدراو خەڵکەکەی تیادا زیندانی کرا.. هەموو جۆرە جووڵانەوەیەکی، سیاسی و کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکی لێ قەدەغەکرا. ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕانی عیراق بە دزێوترین سیاسەتی شۆفێنانە مامەڵەو ڕەفتاریان لە گەڵ گەلی کورددا کردوە.. کورد بەبێ خواستی خۆی بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشکراوە.. هەر دەوڵەتە بە پێی سیاسەتی نەتەوەییان چەوساندویانەتەوە.

گەلی کورد لە پاڵ گوشارو ڕەفتاری دوژمنانەی داگیرکەراندا، بێ سڵکردنەوە بەو پەڕی لەخۆ بوردووییەوە، بە بەردەوامی ڕووبەڕووی دوژمنان و داگیرکەران بۆتەوە، ململانی و بەربەرەکانی جەسوورانەی بە درێژایی ئەو (٨٥) ساڵە لە گەڵ داگیرکەراندا کردووە.. شۆڕشی بەدوای شۆڕشدا بەرپا کردووە.. جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕی بە بەردەوام لە کوردستاندا بووە.. هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە لایەن داگیرکەرانەوە سەرکوتکرابێ، بەدوایدا بزووتنەوەیەکی تر سەری هەڵداوەو بە نەفەسیکی ترو بە بەرنامەیەکی ترو بە شێوازێکی تر بەگژ دوژمناندا چۆتەوە.. لە بەرپا بوونی هەر شۆڕش و جووڵانەوەیەکی جەماوەریدا، زەبری کوشندە لە دوژمنان دراوەو قوربانی لە ڕادە بەدەریش لە مێژوودا تۆمار کراوە.

ولآتـی کوردسـتان دەیـان جـار خـاپوورو ویـران کـراوە، گەلەکـەی ئـاوارەو پەرتـەوازە کـراوە.. لـە هەڵگیرسـاندنی هـەر شۆڕشـێکی کـورددا دوژمنـان کـە نائومێـدبوون، لـەوەی بتـوانن بـە زەبـری شـالاّوو پـەلاماردان شۆڕشـەکە خـامۆش بکەن، پەنایان بۆ وتـوو ویـژو دانوسـتاندن بـردووە، ئەمـەش بۆ ئـەوە نـا گـویّ لـە خواستو داواکارییەکانی گەلی کوردو شۆڕشەکەی بگـرن، بۆ ئـەوە بـووە کـە لـەو ڕێگایـەوە زەفـەر بـە شۆڕشـەکە بهێـنن. بۆیـە لـە گەرمـەی گفتوگـۆو دانوسـتاندا، نامەردانە خەنجەری پیلان پیلانگێڕیـان لـە پـاڵ سێبەری وتـوو ویـژو ڕێکەوتنـدا، وەشاندووە..

لەبـەر ئـەوەی داگیرکـەران بڕوایـان بـە کـوردو بزووتنـەوەی شۆڕشـگێڕی گـەلی کوردسـتان نـەبووەو، زەردەخەنـەی زارەکییـان بـە مەبەسـتی فێـڵو چەواشـەکردن بـووە. بۆیـە لـە هـیچ دانووسـتانو وتووێژێکـدا گوێیـان لـە خـەڵکی کوردسـتان نـەگرتووەو هیچ پـرسو ڕایـەکیان پـیّ نـەکردووە، هەمیشـە بەوپـەڕی سیاسـەتی ڕەگـەز پەرسـتانە دژایـەتی هـەموو جووڵانەوەیـەکی سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو ئـەدەبیو ڕێکخراوەیـیو جـەماوەری خـەڵکی کوردسـتانیان کـردووە، بـە دڕندانـەترین شـێوە پـەلاماریان داوەو لـە پاڵیـا جـەختیان کـردووە، بزووتنـەوە شۆڕشگێڕییەکە، جۆرەها تۆمەتی بخەنە پاڵو بە خراپ نـاوی بزڕێننو لـە پـێش چـاوی گـەلانی بخـەن، گەلەکـەمان بـە گـەلێکی دواکـەوتوو شـەڕخوازو دڕنـدە بـە گەلانی دنیا بناسێنن..

لـەو کاتـەوەی حکومـەتی عـێراق دروسـتبووە، هـەر ڕژێمێـك دەسـەڵاتی فـەرمانڕەوایی گرتبێتـە دەسـت، کـە باسـی عـێراقو گـەلی عیراقیـان کـردووە، بـیّ شـەرمانە ڕایانگەیانـدووە عـێراق بەشـێکە لـە نیشـتمانی عـەرەب گـەلی عیراقـیش بەشـێکە لـە نەتـەوەی عـەرەب، بـەبیّ ئـەوەی بـە بیریانـدا هاتبێـت، خـاکی عـێراق بەشـێکی زۆری خـاکی کوردسـتانەو ئـەو بەشـە هـەرگیز ناچێتە سـەر نیشـتمانی عـەرەبو گـەلی عیراق (٦ تـا ٧) ملیـۆنی کـوردەو گـەلی کـوردیش نابێتـە عـەرەب.. دیارە ئەم بۆچوونە شۆڤێنانەی حوکمڕانی عیراق وای لە گەلی کورد کـردووە، کـە هەمیشـە لـە بیرکردنـەوەی ئـەوەدا بێـت کـە ڕژێمەکانی عـێراق، ویسـتوویانە گـەلی کوردو ناسنامەی نەتەوەیی بسڕنەوەو لە بودقەی نەتەوەی عەرەبدا بیتوێننـەوەو

خاکەکەی بخەنە سەر نیشتمانی عەرەب و سامانەکەی بە ئارەزووی خۆیان دەستی بەسەردا بگرن.

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانەوە لە ٩/نیسانی/٢٠٠٣ دا. رژێمی دکتاتۆری عیراق رووخێنرا.. لەو کاتەوە ئەو دەوڵەتەی کە پێی دەوترا (دەوڵەتی عیراق) و لاف و گەزافی (عروبەیەتی) لێدەدا لێک هەڵوەشاوە، عیراق چۆتەوە دۆخی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی.. ناوچەکانی عیراق لە رووی ئیداری و بەرێوەبردنەوە، بەسەر چەند ناوچەیەکی فەرمانڕەواییدا دابەشکراوە، وەك دەبینرێت پارێزگاکانی بەسرەو ناسریەو کوت و عەمارە، لە لایەن بەریتانییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت، پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا و سەماوە حەوزەی علمی شیعەو بەسەرپەرشتی ئەمریکا بەڕێوە دەچێت، بەغدای پایتەختی جاران و دەورو بەری لە رێگای ئەنجومەنی ئینتیقالی و بە چاودێری ئەمریکییەکان بەڕێوە دەبرێت، لە پارێزگای بەعقوبەوە بۆ خالص و سامەراو تکریت و تا رومادی، بۆتە ناوچەیەکی شەڕو نائارامی و رۆژانە دەیان کاری تیرۆریستانەی تیادا ئەنجام دەدرێت، تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە کێ و کەی و چۆن ئەم ناوچەیە ئارامی تێدەکەوێت و بەڕێوەدەبرێت؟

پارێزگای کەرکوك و موسڵ دوو پارێزگان کە هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندییان ئەنجومەنێکی شارستانی شارەکەو بە سەرپەرشتی ئەمریکییەکان بەڕێوە دەبرێن.

ناوچەکانی کوردستانیش لە زاخۆوە بۆ خانەقین، لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستاندایەو بە هاوکاری و یارمەتی ئەمریکییەکان بەڕێوەدەچێت.

ئەگەر سەیری ئێستای چۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و دەسەڵات لە عێراقدابکرێت، زۆر چاك دەردەکەوێت، کە بەغدا پایتەختەکەی جاران و عێراق عێراقەکەی جاران نییە.. کوردستانیش کوردستانەکەی پێش راپەڕین و رزگار بوون نییە. خەڵکی کوردستان دوانزە ساڵە لە کوردستاندا بە ئازادی دەژین هیچ پەیوەندیەکی بە دەسەڵاتداری عێراقەوە نەبووەو نەماوە.

لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا، کەلەو باوەڕەدانیم ئەو دەوڵەتەی کە جاران ناوی دەوڵەتی عیراق بوو دروست بێتەوە. ئەمە لە لایەك.. لە لایەکی ترەوە

دەبینین ئەو کەس و لایەنانەی کە دوای ئازادکردنی عیراق قوتبوونەتوە، دەیانەوێت لە دەسەڵاتی نوێی عیراقدا، بەشدارو کاربەدەست بن، زۆربەیان بە هەمان بیرکردنەوەی عەرەبە بەعسییەکان و شۆڤێنییە عەرەبەکان بیر دەکەنەوەو قسەکانی ئەوان سەبارەت بە کوردو خاکی کوردستان دووبارە دەکەنەوە.

بۆیە کورد، لەم بارو دۆخەی ئێستای عیراقدا، کە هیچ پێگەیەکی ئیداری بەدی ناکرێت.. هاوپەیمانان و ئەمریکییەکان هەر یەکەیان بە پێی بەرنامەو سیاسەتی خۆیان هەڵس و کەوت لە گەڵ ئێستا و داهاتووی عیراقدا دەکەن..

ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی خەڵکی کوردستانە، کە کار بۆ ئەوە بکات ئەمریکا و هاوپەیمانان و وڵاتانی دنیا بانگ بکات بۆ ئەوەی پرسی پێ بکەن راو بۆچوونی لە داهاتووی کوردستان و گەلی کورد وەربگیرێت مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی زیندوو و لە بەرچاوە، ئەمڕۆ دۆسیەی گەیشتن بە مافەکانی کەوتۆتە سەرەوە.. ناکرێت.. کورد بە دروشمێکی پواوەوە بنووسێ. پێ لەسەر یەك داواکاری دابگیرێت.. ئەمڕۆ ئەوە دەخوازێت. کە کورد لە وڵاتی خۆیدا لەسەر خاك و ئاوی خۆی بەسەربەخۆیی بژی. دوور بێت لە سیستەمێکەوە کە سیمای چەوساندنەوە وابەستەیی پێوە بێت. ئەرکی سەرەکی لایەنە سیاسیەکانە، ئەگەر تا ئێستا سڵیان لە هەندێ دروشم و داواکاری کردۆتەوە. لەمڕۆ بە دواوە ئەو سڵە نەکەنەوەو بە راشکاوی داوای مافەکانی گەلی کورد بکرێت.. هەمە لایەنە هەوڵبدرێت لەهەر بڕیارێکدا سەبارەت بە گەلی کورد دەدرێت پرس بەخەڵکی کوردستان بکرێت و لایەنە سیاسیەکانیش زۆر بەپەرۆشەوە پشتگیری لەخەڵکەکە بکەن چونکە خەباتی ڕاپرسی ئەمڕۆ تەواوکەری خەباتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی و نیشتمانی و پێشمەرگایەتییە، کە چەندین ساڵە حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خەباتی بۆ دەکەن و قوربانی لە پێناودا دەدەن و جەماوەری خەڵکی کوردستانیش هەزاران نەهامەتی و ماڵوێرانی بەسەر هاتووە. بۆیە کورد مافی خۆیەتی ریفراندۆم بۆ مافەکانی بکات و لە ڕێگای ریفراندۆمەوە مافی چارەنووسی بەدەست بهێنێت ...

بەبزوتنەوەی ریفراندۆم مافەکانمان دەسەلمێنرێت

لەمانگی(٢٠٠٣/٧)وە بزووتنەوەی ریفراندۆم لەشاری سلێمانی و لەلایەن کۆمەڵێ رۆشنبیرو نووسەرو مامۆستاوە راگەیەنرا..دیارە بیرۆکەی بزووتنەوەکە هەروا لەخۆیەوە سەری هەڵنەداوە، بەڵکە کۆمەڵی هۆکار دوای روخانی سەدام و رژێمە دیکتاتۆرییەکەی هاتە ئاراوە، کەوا دەخوازێت میللەتی کورد پێویستی هەنووکەیی بەبزووتنەوەیەکی ریفراندۆمی سەتاسەری هەبێت.. لەبەرئەوە دەبینرێت زۆر لەو حیزب و لایەنانەی کە لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا قوتبوونەتەوە، بەنەیاری گەلەکەمان خۆیان نیشان دەدەن، بەشێوەیەکی ديارو ئاشکرا دژی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان راوەستاون، دەیانەوێت هاوپەیمانان والێبکەن، کە کورد مافی ئەوەی نییە داوای مافە نەتەوەییەکانی بکات، قوربانییەکانی گەلی کورد لەسووتماتکردن وکیمیاباران و زیندە بەچاڵکردنی خەڵکی کوردستان بەفیڕۆبدەن..لەکاتێکدا لەیەکەم رۆژی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە، گەلی کورد بەگشتی و هەموو حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەتی هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانان بوون و رۆڵی بەرچاویان لەگۆڕانکارییەکاندا بینیوە.

کورد کە دەرك بەوە بکات، رەنج و تێکۆشانی ساڵەهای ساڵی بەهەدەر دەدرێت، گوێ بۆ داواو داخوازییە نەتەوەییەکانی ناگیرێت..بەپیلانی ئەو جۆرە حزبە هەڵتۆقیوانەو دەوڵەتانی دەوروبەر لەمافەکانی بێبەری بکرێت، لەبارودۆخێکی واچارەنووسسازی ئەمڕۆی عیراق و ناوچەکەدا، مافەکانی نەسەلمێنرێ ئەی کەی وچۆن دەسەلمێنرێت؟ بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە گەلی کورد دەستەوستان دانەنیشێت هەڵوێستی مەردانە وەربگرێت و ئەمریکاو هاوپەیمانان و ئەو حیزب و لایەنانە تێبگەیەنرێن کە کورد لەوە دەرچووە بکرێتە پارویەکی چەورو بەئاسانی قوت بدرێت.

هەڵوێستی رووبەروبوونەوەیەکی لەمجۆرە بەئاسانی و بەبێ بەرنامەی داڕێژراو ئەنجام نادرێت. بەحیزبێك‌ودوان سیان و بەکۆمەڵێك و چینێك‌ودوان

جێبەجێناکرێت..بەڵکەکاری یەك دەنگیو یەکگرتوویی و یەکهەڵوێستی هەموو خەڵکی کوردستانی دەوێت، بەهەموو حزب لایەنە سیاسی وچین وتوێژەکانی جەماوەری کوردەوە.. مانگرتن و رێپێوان و یاداشت نووسین و هەوڵی دیبلۆماسیو سیاسیو بەردەوامی دەوێت، دیارە کارێکی وا بزووتنەوەیەکی لەمجۆرە بە پرۆسەی ریفراندۆمی سەرتاسەری نەبێت ئەنجام نادرێت، بیرۆکەی ریفراندرم کە لە سلێمانییەوە سەری هەڵداوە، ماوەیەکە خۆش بەختانە بۆتە بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری لە کوردستاندا.

ئەم بزوتنەوەیە پشتگیری سەرجەم خەڵکی کوردی دەوێت، بزوتنەوەکە دەبێت ئەوەندە گەورە بێت کە بەئەمەریکاوهاوپەیمانان و ئەنجومەنی حوکمو ئەو حزبو لایەن و دەوڵەتانەی کە هەوڵ دەدەن مافە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد نەسەلمێنرێ. تێیان بگەیەنرێ..کە کورد داوای سەلماندنی مافە نەتەوەییەکانی دەکات، هەر بڕیارێك بەبێ راپرسیی کورد سەبارەت بەکورد دەربکرێت، کورد رەتی دەکاتەوە..کارێك بکرێت لەهەموو خەڵکی کورد بپرسن کە بۆ سەلماندنی مافەکانی چۆن وچی دەوێت؟ خەڵکی کوردستان و گەلی کورد بکرێنە پێگەی هەڵگرتنی هەموو هەنگاوەکانیان، نەك بەئارەزووی ئەو کەس و دەوڵەتانەی کە تا بینەقاقایان نوقمە لە خوێنی کوردا، بڕیاری ناڕەواو دوژمنگکارانە بدرێت..لەرێگای ریفراندۆمەوە دەبێت کارێکی وا بکرێت، کورد بۆ مافەنەتەوەییەکانی چی دەوێت؟ فیدراڵی نەتەوەییو جوگرافی لەچوارچێوەی عێراقدا دەوێت؟ یان داوای مافی چارەنووسی دەکات، بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردییەوە؟ ئایا کوردو خەڵکی کوردستان رازی دەبن دوای(١٢-١٣)ساڵ حوکمڕانی لە کوردستاندا، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جارێکی تر ببەسترێتەوە بە حکومەتی مەرکەزییەوە؟

لەبەر ئەوە نابێت و ناکرێت و کارێکی ناڕەوایە ئەگەر رای کورد لەدیاریکردنی مافە نەتەوەییەکانیدا لەبەرچاو نەگیرێت..ئەگەر ئەمریکا و هاوپەیمانان رازی نەبن مافەکانی کورد بسەلمێنرێت، پێویستە کورد هەڵوێستی بێدەنگی بگۆڕێت، چاوەڕوانی بەزەییو دەسەنەیی نەکات.

بزووتنەوەی ریفراندۆم، پەرە پێبدرێت و لەسەرتاسەری کوردستانداو لەهەموو ئەو شارو شارۆچکانەی کوردیان تیادەژی لەعێراقداو ئەو وڵاتانەی کە

کوردیان تیادەژی ئیمزایان پێبکرێتو سازو ئامادە بکرێن بۆ هەموو ئەگەرێك کە بەرەو روومان ببێتەوە. لەگەڵ کۆکردنەوەی ئیمزاکاندا لیژنەی بالای ریفراندۆم یاداشتننامەی تێرو تەسەل ئاراستەی ئەمریکاو دەولەتانی هاوپەیمانو جامیعەی عەرەبی، ولاتانی ئەوروپاو ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان بکات، داوا بکرێت کە بۆ هەر بریارێك دەیانەوێت سەبارەت بە کورد بیدەن پرس بەکوردو خەڵکی کوردستان بکرێت بەپێی وەلامی گەلی کورد چارەنووسی دیاری بکرێت..

ئەگەر وانەکرا، بزووتنەوەی راپرسی بریاری مانگرتنو رێپێوان لەهەموو کوردستان بدات، نوێنەرەکانی کورد لەئەنجومەنی حوکمو وەزارەتەکانی عیراقی بکشێنەوە، هیچ هاوکارییەك لەگەڵ هاوپەیماناندا نەکرێت، بۆ دروستبوونەوەی حکومەتی داهاتووی عێراقو گەرانەوەی دەسەلات لەهاوپەیمانانەوە بۆ عێراقییەکان..

لەم روانگەیەوە داوا لەهەموو خەڵکی کوردستان دەکەین کە کوردانەوکورد پەروەرانە بەدەنگی بەرنامەکانی ریفراندۆمەوە بچنو هاودەنگیی و یەکگرتوویی خۆیان نیشان بدەن...

ریفراندۆم بۆ..؟

لەوکاتـەوەی کوردسـتان بەعێراقـەوە لکێنـراوە. کوردسـتان بۆتـە وڵاتێکـی داگیرکراو گەلەکەی لەهەموو مافێکی نەتەوەیی وفەرهەنگی ورۆشنبیری وکلتوری بی بەری کراوە

بەچوار دەوری کوردستاندا بەبازنەیەکی دوژمنانەی زۆر توندوتۆڵ ئابلوقە دراوە. هەمووژیانێکی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری و ئەدەبی و تەنانەت ژیانی ئاسایی لێ قەدەغەکراوە

رژێم بەدوای رژێمدا درندانەترو شۆڤێنانەتر مامەڵەیان لەگەڵ گەلی کوردا کردووە

بەدرێـــژایی ئـــەو مێـــژووە. کـــورد لەبـــەر بـــەرەکانی و ململانـــێ و بەگژاچوونەوە...ساتێ نەوەستاوە. لەشۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمرەوە، تا دوا شۆڕشـی گەلی کوردسـتان، شـۆڕش بـەدوای شـۆڕشـدا بـەرپاکراوەو، لـە هـەر شۆڕشـــێکدا قوربـــانی زۆری دراوە...کوردســـتان بـــەئارەزووی داگیرکـــەران وێران وخـاپووركراوە..هـەر گفتوگۆیـەك لەگـەڵ رژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکانی عێراقدا کراوە..کۆتاییەکەی بەپیلانگێری دوایی هاتووە، هەرگیز نەیان ویستووە گـوێ بـۆ خـەڵکی کـوردو داواکارییـەکانی بگـرن دژی بەرنامـەی حزبـە کوردستانیەکان راوەستاون و دەیـان تۆمـەتی جۆراوجۆریـان خستۆتە پاڵیـان و هەوڵی ئەوەیان داوە کەشۆڕشی کورد قـەت جارێك لەجاران پرسیار لە کوردو خەڵکی کوردستان نـەکات نەیانویستووە گوێیان لەداواو داخوازییەکانی بێت، لـەدوای٩/نیسـانەوە بـەزەبری کوشـندەی هاوپـەیمانانی عێـراق ئـازاد کـراو ئـەو دەوڵەتـەی نـاوی دەوڵـەتی عیراق بـوو. ئێـستا نەدەوڵـەتی عیراقـە وەکـو دەوڵـەت مـاوەو نەیاسـایەك هەیـە بـەناوی عێراقـەوە کاربکـات، بۆیـە پێویسـتەو بۆتـە ئـەرکێکی نەتـەوەیی مافەنەتـەوەیی ودیموکراتی و ئازادییـەکانی گەلەکـەمان داوابکرێـت، بـۆ ئـەوەی بڕیـاری نـاڕەوا بەسـەر گەلەکەمانـدا نەسـەپێنرێت و، مافەرەواکانمان وەکو مـافی نەتەوەیـەك کە سـاڵەهای سـاڵە بەدڕندانـەترین شێوە

دەچەوسێنرێتەوە بسەلمێنرێت، سنووری جوگرافی کوردستان دیاریبکرێت شارە زەوتکراو تەعریبکراوەکانی بگەڕێتەوە سەر کوردستان، خێروبێری ولاتەکەمان بۆ خۆمان بێت‌وبە هەدەر نەدرێت بۆ بووژاندنەوەی ژێرخانی رووخاوی نیشتمانەکەمان بەکاربهێنرێت..ئەمڕۆ لەدنیادا راپرسی بۆتە چەکێکی گونجاو بۆ دەسەبەرکردنی مافی زەوتکراو ئێمەش دەبێت لەرێگای ریفراندۆمەوە دریژە بەخەباتمان بدەین‌و بیکەینە چەکێکی کاریگەری سەردەمانەو جەماوەر سازو ئامادە بکرێت.

(ڕۆژی نوێو بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی...)

گۆڤاری(ڕۆژی نوێ) لەساڵی ١٩٦٠دا وەك (بڵاوکراوەیەکی ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتی ئاسۆی ڕۆشنبیری کوردی ڕووناککردەوە هەروەکو چۆن گۆڤاری(گەلاوێژ) بە نەفەسێکی درێژوتینو تاوێکی کوردانە، مانگانە خوێنەری کوردی بەسەردەکردەوە...لەوساڵانەدا گۆڤارێکیتری وەکو ڕۆژی نوێ خۆی لەبواری ئەدەبیو سیاسیو کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا نەدەبینرا..ئەم گۆڤارە خاوەنی ئیمتیازی پارێزەر جەمال حاجی فەقێ شاڵی بوو، سکرتێری نووسین کامەران موکری شاعیرودەستەی نووسەران موحەرەم محەمەد ئەمین. ئیحسان عەبدولکەریم. کریم زەند (عەبدوڵڵا– ئەژدەر) بون.

یەکەم ژمارەی لەچاپخانەی کامەران لەسلێمانی چاپکراوە، لە مانگی خاکە لێوە(نەورۆز)ی٢٥٧٢کوردی و نیسانی ١٩٦٠ زاینی دەرچوو..

لەیەکەم ژمارەدا ڕۆژی نوێ لەجیاتی سەروتار دەستەی نووسەران وتارێکیان لە(٥) لاپەڕەدا بە ناونیشانی ئامانجمان نووسیوە.

ڕۆژی نوێ لە ساڵی یەکەمیدا. مانگانە ژمارەیەکی لێدەرچووە، واتە لەساڵی یەکەمیدا(١٢)ژمارەی بە بەرگێکی قەشەنگەوە کەوتۆتەبەر دەستی خوێندەواران و کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندکردووە، لە ساڵی دووەمیدا تەنها(٦)ژمارەی لێدەرچوو وە دوای ئەوە بەفەرمانی ڕژێم ڕاگیراوە، لە(١٨)ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی نوێدا..ئەو ڕۆشنبیرو نووسەرو ئەدیبانەی بە نووسینەکانیان بەشدارییان لە گۆڤارەکەدا کردووە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر بوون.

ئەگەر سەرنجێ لەژمارەکانی ئەم گۆڤارەبدەین: لەبەرگەوە بۆ بەرگ بابەتی بەپێزو بەکەڵکی هەڵبژاردوە. لەهەموو دەرگایەکی داوە..لەگەڵ ئاستی بیرکردنەوەی خوێنەری کوردا، مامەڵەی کردووە..گۆڤارێکی سیاسیو ڕوناکبیری، ئەدەبی، مێژووی زۆر دەوڵەمەند بووە. نووسەرو خوێنەری خۆی هەبووە. لەو ماوە کەمەدا بۆشاییەکی گەورەی ڕۆژنامەگەری کوردی پڕکردەوە.. دیارە ئەگەر وازی لێبهێنرایەو بەردەوام بوایە دڵنیام کە وەکو گەلاوێژ ڕۆڵی زۆر کاریگەری دەبینی لەپێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

کاکە گۆران مەرگ ڕێگای نەدا پرۆژەکەم لەگەڵدا تەواو بکات

لـە شەسـتەکاندا..لـە ناوەنـدی جمهـوری کاکـە عبـدلرەحمانی مەلاسـدیقی قەرەداخیم ناسی. خوێنگەرمیمان بۆ کوردایەتی زۆرتر لەیەکی نزیککردینەوە.لـە قۆناغی ناوەندییەوە.. لەیـەك دوورکەوتینـەوە...کاتـێ مـەفرەزە سـەرەتاییەکان.. لەناوچـــــەی قـــــەرەداخ بڵاوبوونـــــەوە.نـــــاوی چـــــەند کەســـــم دەبیسـت..یـەکێکیان(گـۆران)نـاوێکبوو، مـن نەمـدەزانی کـە عەبدولرەحمانـە... لەساڵی ٢٠٠٣دا بەرنامـەی نووسینەوەی ژیانامـەی شـەهیدان(مامۆسـتا جـەمال تـاهیرو مامۆسـتا عـەزیز مـەحموود)م دانـا..لەسـاڵی ٢٠٠٤دا کـاتێ خـەریکی چاپکردنی هـەردو کتێبەکـە بـووم، کـاك مـولازم عومـەر تەلـەفونی بۆ کـردم وتـی دوکەسـی هـاوڕێی مامۆسـتا عـەزیز هاتوونەتـەوە. دەیانـەوێت شـتی لەسـەر بنووسـن. دەیـانێرم بـۆلات یـەکێکیان(حـاجی مـەمۆ)یـەو ئـەویتریان(گـۆران قـەرە داخییە)..وتم حاجی دەناسمو گۆران ناناسم...ڕۆژێـك یـەکێك هاتـە لام بە(گـۆران قەرەداخی) خـۆی پێناسـاندم..وتـی بیسـتومە خـەریکی نووسینەوەی ژیاننامەی مامۆستا عەزیزی کاك ملازم عومەر ناردوومیو دەبێت تەلەفونی بۆ کردبی، وتم بەڵێ بۆی کردوم زۆربەخێربێیت. وتم. کتێبەکە وا دەخرێتە ژێرچاپەوە، وتـی مـن بـیرەوەری زۆرم لەگـەڵیا هەیـە. دەتـوانم بینوسـمو بـۆت بهێـنمو لـە کتێبەکـەدا بڵاوبکرێتـەوە.وتم بۆنـا..پەلـەی لێبکـەو بـۆم بهێنـە زۆرم پێخۆشـە. دوای قسـەو گفتوگۆیەکی دوورو درێژ بۆم دەرکـەت (گۆران) کاك عبدولرەحمانەکەی ساڵانی شەستەکانەو کورەکەی کاك مەلاسدیقی خوالێخۆشبووی قەرەداخەو یەکترمان ناسیەوە..

بابەتەکـەی بەناونیشـانی(شـەهید عـەزیزو چـەند بیرەوەرییـەك)نووسـی بـۆی هێنـامو کردمانـە دوابابەتی کتێبەکە..ئیتر بـەردەوام سـەری لێدەدامو لـە هـەموو ڕوویەکەوە گەردەشەمان دەکرد، بەرنامەی زۆری هەبوو.. زۆر ئارەزوی لـەوە بـوو لەیەکـەوە نـزیکبین..کاتێك بەرنامـەی نووسینەوەی مێـژووی ژیاننامـەی شـەهید

ئارامم.. کرده بەرنامەوبۆم باسکرد.زۆری پێخۆش بوو، وتی من هاوکاری تەواوت دەکەم..ئەو رۆژگارەی لەگەڵ شەهیدا بەیەکەوە بوین دەینوسمەوەو، دڵنیام بابەتێکی بەپێز دەبێت بۆ کتێبەکە...باسی ئەوەم کرد کەدەمەوێت سەردانی (گوندەکانی گوربازو تەنگیسەر) بکەم وتی کەی چویت حەزدەکم لەگەڵتا بێم..لەمانگی تەموزدا لەگەڵ کاك ئاوات قارەمانی بەرنامەی ئەوەمان دانا، سەردانی گوندی گوزباز بکەین، کاك مەولود گوریازیم ئاگادارکرد، بۆ ئەوسەردانە، ئاگاداری کاك گۆرانی جوانەمەرگیشم کرد. پێش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٤/٧/٣٠ لەگەڵ کاك گۆران بەرەو گورباز کەوتینەڕێ‌و، لە چایخانەکەی سەر تاسلوجە لەگەڵ کاك ئاوات یەکمانگرت، هەرسێکمان لەیەك ئوتۆمبیلدا سوار بووین.. لەماوەی رێگاکەدا لەگەڵ کاك ئاوات کەوتنە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان.. گۆران بیر تیژانە رووداوەکانی دەگێڕایەوە، بەکاك ئاواتی دەسەلماند کە ئەو رووداوە وابووە،.. بەگەیشتنمان بۆ ناودێی گورباز..خەڵکی گوندەکە لەگەڵ کاك مەولوودا پێشوازی گەرمیان لێکردین..بەبینینی کاك گۆران زۆر شادبوون، کەدانیشتین یەکە یەکەی خەڵکی گوندەکەی دەناسییەوە..گلەییان لێکردن کە فەرامۆشیان کردوون، سەریان لێنەداون‌و بەسەریان ناکەنەوە. هەرلەوێدا بەڵێنیدا کە لەمەودوا لەگەڵ مندا بەبەردەوامی سەردانیان دەکات، زۆر دڵخۆش بوو بەوەی کە ئەوشوێنانەی لەوسەردەم‌و رۆژگارەدا.. تیاحەوانەتەوەو خۆیان تیا حەشارداوە کارو کۆبوونەوەیان تیادا کردووە دەچووە ناویان‌و دەیوت کاك ئارام ئالێرەدا بوو: کاك دلێری سەید مەجید مام رۆستەم. کاك ئاوات، کاك مەولود مامۆستا عەزیز..لێرەدا بوون. لەو سەردانەماندا لەگەڵ کاك ئاواتدا.. کۆمەڵێك بیرەوەری خۆش‌و ناخۆشیان بیرکەوتەوەو دەیان گێڕایەوە، باسی چەند شەرێکیان کرد. بەرنامەمان دانابوو کەبەیەکەوە سەردانی هەموو گوندەکانی تر بکەین.. بەرنامەی چڕوپڕی زۆری بەدەستەوەبوو، زۆر دڵخۆش بوو..بەبارودۆخی کوردستان بۆچوونی..وابوو..کەکورد دەبێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی‌و دوژمنەکانی تازە ناتوانن، بەرنامەی لەناوبردنی پەیڕەوبکەن..بەداخ‌و پەژارەیەکی زۆرەوە لەکاتێکدا من نەخۆش بووم لەماڵەوە. سەعات حەوتی بەیانی رۆژی ٢٠٠٤/١١/٢٥ کاکە (بەهادینی شێخ سالح)ی هاوڕێمان بەتەلەفون هەواڵێکی جگەر بڕی دامێ.. ئەویش مەرگی کاکە (گۆران)

بوو، لەبەر باری تەندروستیم بەداخەوە نەمتوانی لەمەراسیمی بەخاك سپاردن‌و پرسەکەیدا بەشداری بکەم. وائەمڕۆ لەچلەکەیدا رووبەڕووی هاوڕێکانی‌و خزم‌وکەس‌وکارە دڵسۆزو کورد پەروەرەکەیدا رادەوەستم، سەری رێزو نەوازش بۆ مەرگی کاکەگۆران‌و هەرهەمووتان دادەنوێنم، لە حزووری هەرهەمووتانا دەستی رێز بەسنگەوە دەگرم...دەڵێم بەداخەوە کاکە گۆران مەرگ رێگای نەدا. پرۆژەکەی شەهید ئارامم لەگەڵدا تەواوبکات..دڵنیام بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شەهید ئارامدا نووسیوەتەوە. ئەگەر تەواویشی نەکردبێ شتێکی نووسیوە، داوا لەهاوسەری‌و کەس‌و کارەکەی دەکەم کارێك بکەن بگاتە دەستم بۆئەوەی لەکتێبەکەی شەهید ئارام دا چاپی بکەم‌و جێگای خۆی بکاتەوە.

دیارە ئەو بابەتە لاپەڕەیەکی مێژووی ژیانی گۆرانیش دەبێت کە لەسەردەمێکدا پێشمەرگەبووە لەگەڵ شەهید ئارامدا. کە کورد لە رۆژگارێکی سەختدا دەژیاو دوژمنەکەی زۆر بەدەسەڵات‌و پڕچەکبوو.

بەڕاستی جێی داخ‌و پەژارەیەکی زۆرە، کە ئەو رووناکبیرو نوسەرو زمانزان‌و شارەزاو هەڵکەوتووە.. لەتەمەنێکی واکورتدا مەرگ یەخەی پێدەگرێت‌و دەیکاتە خەسارەتێکی گەورە بۆ خۆی‌وکەس‌وکاروگەل‌و نیشتمانەکەی.

داخ بۆمەرگت کاکە گۆران..هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکت‌وژیانی پڕسەروەریت، رەفتاروهەڵوێستی مەردانەت ئەی پیاوی خاوەن هزروروناکبیرو رۆڵەی رۆژگاری رەش‌و ئەی پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ‌و هەڵسانەوە رۆڵەی بەجەرگی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. پێشمەرگەی خۆشەویستی ناو جووتیارو چەوساوەکانی گوندەکانی قەرەداخ هاوڕێی.شەورۆژی شەهید ئارامی سەرکردەو مامۆستا عەزیز.

لە ژمارە (٣٠٢٩) ی کوردستانی نوێدا و لە رۆژی ٢ /٤ / ٢٠٠٣ و لە لاپەرە (١٠) بڵاوکراوەتەوە

ڕێزگرتن لە تێکۆشەران نەریتێکی شۆڕشگێڕنەیە

تێکۆشـــەرانی نـــاو بزووتنـــەوەی رزگـــاریخوازی گەلەکـــەمان ئـەو خەڵکـە شۆڕشـگێڕانەی کـە تەمـەنی خۆیـانو حەوانـەوەی مـاڵو منـداڵیان خسـتەلاوە، لەپێناوی سـەرفرازی گەلەکەیاندا...ڕێزگرتن لەوتێکۆشەرانە..دەبێتە نەریتێکی بەرزوشـــکۆدار، کەتێکۆشـــەرانو خێزانومنـــداڵو کـــەسوکاریان لـــەرووی مەعنەویەوە. دڵخۆش دەکات...دیارە بەونەریتە ڕێزگرتن لەو پۆلەتێکۆشەرەی بوونـە دینـامۆی هەڵگیرسـانەوەی شۆڕشـی نوێخـوازی گەلەکـەمان مـەدالیا لـە ملکردنیان بەناوی پێشمەرگەدێرینو سـەرەتاییەکانی شۆڕشەوە..دڵـی سەرجەم تێکۆشەرانوهاوڕێیانو خێزانو منداڵو کەسوکاریانی خۆشکرد.

جـارێکی تـر بۆپـەیرەوکردنی ئەونەریتـە ڕێزگـرتن لەوپۆلەتێکۆشـەرەی بەرشـالاوی گـرتن کـەوتن، لەزیندانـەکانی رژێمـدا تونـدکران. بـەناوی یەکـەم وەجبـــەی زینـــدانی سیاســـیەوە، هـــەنگاوێکیتری شـــکۆدارتربوو جێـــی خۆیەتی....بەدوای ئەو پۆلەتێکۆشەرانەدا تێکۆشـانو خـەباتی پۆلـە تێکۆشـەری هەڵۆی سووریش لەپێش چاو بگرین، کـە لەسـەردەمو بارودۆخێکـدا، جەربەزانـە لـەناو پایتـەختی شـاری بەغـدادا. لـەناو ئـەو هـەموو داوو دەزگـا جـۆراو جـۆرەی رژێمـدا، بـۆ سـەلماندنی دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕشو هەڵسـانەوەی گەلـەمانو لەناونەچوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی عوسمـان فایـەقی تاوانباریـان بەسـزای گەلو شۆڕشیان. گەیاند.. مافی خۆیانە ئەو پۆلـە تێکۆشـەرە هـەنگاوێکی تـری ئـەو نەریتـە بێـت وڕێزیـان لیبگیرێـتو مـەدالیای شـەرەفو چـەلەنگیان لـەمل بکرێتو خەباتوتێکۆشانیان پشتگوێ نەخرێت،، وەکو یەکەم وەجبەی زیندانە سیاسیەکان ڕێز لە خەباتیان بگیرێت.

دوای کارەساتی شومی ئەنفالو سـووتماککردنی کوردسـتان خـاپوورکردنی شاروشارۆچکەو گوندەکانی کوردستان.

هێزەکـانی پێشـمەرگە دوای چـەندین رۆژ بـەرگری نـەتوانرا لـەژێر زەبـری کیمیابـارانو هێـزە زەبـەلاحو پرچـەکەکەی رژێـم خـۆی بگرێـتو، بەناچـاری

بەمەبەستی مانەوەی هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیکردو، کوردستان بووە کەلاوەیەك بایەقوژی تیادەخوێند، ورەی کۆمەڵانی خەڵك رووخاو لە ٧٠٪ خەڵك بەبێ ئومێدی سەیری شۆرش‌و بارودۆخەکەی دەکرد. بەڵام لەرۆژگاری شکست‌و نائومێدیدا..بەزاخی پێشمەرگە، پارتیزانەکانی...گەرمیان‌و قەرەداخ‌و چەمی رەزان‌و دۆڵی جافەتی‌و شارباژێرو بەیارمەتی‌و تێکۆشەرانی رێکخستنە نهێنیەکانی ناوشارو سەرپەرشتیکردنی راستەوخۆی دەستەکانی پێشمەرگەو دابینکردنی هەمووجۆرە کەلوپەل‌و پێداویستیەك، توانرا..گوندە وێرانکراوەکان بێ پێشمەرگەو بێ خاوەن نەبن. چالاکی‌بە دوای چالاکیدا..دوژمن بخەنەگێژاوەوە، وای لێبێت متمانەی بەکەسەکانی خۆی نەبێت‌و لەهەر هەموویان بکەوێتە گومانەوە..ئا لەو رۆژگارەدا. کۆمەلانی خەڵکی شاروشارۆچکەو گوندەکان، لە ئۆردوگای زۆرە ملێیدا کۆکردنەوەو هەموو دەرفەتێکیان لێ برین، خانووماڵیان بەسەر یەکدا رووخان‌و رۆژگارێك بوو. ناوهێنانی وشەی پێشمەرگەو شۆرش بەگشتی بووبوونە وشەی(بقە) بەدەگمەن کەسانێك تاك‌و تەرا هەبوون، بوێرن ئەو وشانەیان بەزماندابێت‌و لەبیرومێشکیاندا گوزەر بکات.

بەڵێ ئالەو کاتانەدا ئەو پێشمەرگانە ئەو ریکخستنانەی شارو شارۆچکەکان..جەسورانە ملیان لەچەقۆ دەسویی‌و بێسڵکردنەوە شانە بەشانە کۆدەبوونەوە، چەك‌و تەقەمەنی کەلوپەل‌و ئازووقەی دەگەیاندە پارتیزانەکان، بوونە هەوێنی هەڵسانەوەی شۆرش‌و دنیامۆی راپەرین

بۆیە ئەوانەش مافی خۆیانە هەربەونەریتە رێزیان لێبگیرێت‌و خەبات‌و تێکۆشانیان لەپێش چاوبگریت.

لەسەردەمی ئەنفال‌و نائومێدیدا ئەو پۆلە تێکۆشەرەی رێکخستنی نهێنی ناوشارەکان، کە دەستیان بە پێشمەرگە پارتیزانەکانەوە بوو. لەئەنجامی چالاکی‌و هەڵسوکەوتیاندا دووجاری گرتن‌و زیندانی کردن بوون.. با ئەو پۆ لە تێکۆشەرە زیندانیانەش وەکو دوا وەجبەی زیندان‌و تێکۆشەری هەڵسانەوەی شۆرش ئەو نەرێتە بیانگرێتەوەو ئەو مافەیان پێرەوا ببینرێت، وەکو یەکەم وەجبەی زیندانیەکان مەدالیای رێزیان لەمل بکرێت، بەو هەنگاوە خێزان‌و

منداڵو کەسوکاریان شادو گوشاد بکرێن تابزانن کە شۆڕش تێکۆشەرانی خۆی پشتگوی ناخاتو هەریەکەو هەر کۆمەڵە لەکاتو شوێنی خۆیدا ڕێزی لێدەگرێتو. بەمەش..گلەیی و گازندەی هاوسەرو باوكو کەسو منداڵیان دەبردرێت کە ڕۆژانەو بەدەمیانەوەیەو دەڵێن ئەی ئێمە بۆ وەکو وەجبەی زیندانی ڕێزمان لێناگیرێت؟ ئەی ئێمەش زیندانی نەبووین؟ لەسەر شۆڕشو لەسەر دەمانێکی سەختتا شانمان نەدایە ژێرباری کەوتووی شۆڕش؟چەند ڕۆڵەیەکی جەربەزەمان لێنەکرا بەدارا؟لە کۆتاییدا با ئەو نەریتە شۆڕشگێڕانەیە ئێمەش بگرێتەوە.

(ڕۆڵە بەئەمەکەکانی شار)

حاجی فەقێ شاڵی

١٨٨٠-١٩٥٨

حاجی فەقێ شاڵی کوڕی حاجی محەمەدی شاڵییە، حاجی محەمەد لەگەڵ دوو برایدا، حاجی عەبدوڵڵا شاڵی گەورەو، حاجی مەحمود، کە بابانەکان لە قەڵاچوالانەوە گواستیانەوە بۆ شوێنی ئێستای سلێمانی، بەماڵەوە چوونە سلێمانی، تێیدا نیشتەجێ بوون، بنەماڵەی ئێستای شاڵی لەو سێ بنەماڵەیەوە کەوتۆتەوە.

حاجی فەقێ لەحوجرەوە فێری خوێندن بوو. پیاوێکی ئایینیو سەر بەتەریقەتی نەقشبەندیو بازرگانێکی ناسراو بەناوبانگی شارەکەو پیاوێکی ناوداری کۆمەڵایەتی بوو لە بازرگانیدا هەموو جۆرە بازرگانیەکی ئەو سەردەمەی کردووە. دووکانەکەی لەخانی ئاغا فەتحوڵڵا دابوو. دوکانەکەی شوێنی دانیشتنو کۆڕو کۆبوونەوەی گەورەپیاوانی شارەکەبوو، وەکو مامۆستا عەلادین سوجادیو، شاکر فتاح، فتاح شاڵی، جلال حاجی سەعید ئاغا، شێخ قادری حەفید، مەلا مستەفای سوفوەتو کەسانی تری ناسراوی شارەکە. ماڵەکەشی شوێنی میوانداری شێخانی بیارە بووە، کەبوونەتە میوانی شار.

حاجی فەقێ پیاوی خێرمەندی دەستو دڵ ساف بوو، بەبەردەوامی یارمەتی هەژارانو قوتابیان، قوتابخانەو مزگەوتو مەلاو فەقێکانی داوە.. بەتایبەتی بە بەردەوامی دەسی بەمزگەوتی خانەقای مەولاناو خانەقای بیارەوەبوو. دەسگیرۆیی ساڵانەی خەڵکی گوندەکانی دەکرد. دەفتەرەکەی کەدوای خۆی لەدواکانەکەیدا مابۆوە.. ناوی چەندین قوتابی زانکۆی تێدابوو، کە ساڵانەو مانگانە یارمەتی کردبوون. ناوی چەندین هەژاری تیادابوو، کە مانگانەو ساڵانە یارمەتی داون. ناوی چەندین خەڵکی دێیەکانی تێدابوو کە لەقەرزەکانیان خۆشبووە لەبەر نەدارییان. حاجی فەقێ(٤) کوڕو(٣)کچی بووە.. کوڕەکانی محەمەد فەرەجو محەمەد رەووف وەکو خۆی بەکاری بازرگانیەوە خەریکبوون.

ئەحمەد پیاوێکی حقوقی بووە، وەزیفەی بەڕێوەبەری ناحیەو قائیمقامو دواپلەی وەزیفی جێگری پارێزگای دهۆك بووە. ئەم سێ کوڕەی لەژیاندا نەماون. جەمال شاڵی کوڕی چوارەمی چەندین پۆستی وەزیفی وەرگرتووەو ماوەی چەند ساڵ پارێزەر بووە وئێستا دادوەرو ئەندامی دادگای تەمیزی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. لەشەستەکاندا بۆتە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری رۆژی نوێو بۆ ماوەی یەك ساڵو نیو مانگانە دەریکردووە. (١٨) ژمارەی بەڕێکوپێکی لێدەرچووەو ئەرکی تەواوی گۆڤارەکەی گرتۆتە ئەستۆ، کە بەپارەو سامانی حاجی فەقێ شاڵی بووە، خانووەکەیان لەگەڕەکی دەرگەزێن (کاتێ زانکۆی سلێمانی دامەزراوە بەپارەیەکی کەم دایانە زانکۆو کراوە بەمەتحەفی فۆلکلۆری زانکۆ). حاجی فەقێ ساڵێك کەسانی نەفس نزمماڵەکەی دەبڕنو کەلوپەلو پارەی دەدزن... پاش چەند رۆژێ دزەکە خۆی دەخاتە ماڵەکەیەوەو کەلوپەلو پارەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، داوای لێدەکات کەلێی ببورێت ئەویش بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هیچ دامو دەزگایەك ببات لێی خۆش دەبێتو ئامۆژگاری دەکات، حاجی فەقێ وەکو نەریتی رۆژانەو هەموو بەیانییەك لەدوای نوێژی بەیانیان قورئانی خوێندووە تا نانوو چا پێگەیشتووە.

محەمەد فەرەج شاڵی کوڕی..سەردەمی پاشایەتی مەلا ئەسعەدی مەحویو شێخ لەتیف حەفید بەتۆمەتی حزبی برایەتی دەگیرێنو خانووەکەی مەلا ئەسعەد مەزات دەکرێت. محەمەد فەرەج لە مەزاتەکەدا خانووەکە دەکڕێتەوە، کە مەلا ئەسعەد بەرئەبێت. ئەچێ بۆلای پێی ئەڵێت خانووەکەتم بۆ خۆت کڕیوە..ئەو پارەیەش کە لەمەزاتەکەدا پێی دابوو لێی وەرناگرێتەوە، حاجی فەقی لەهاوینی ساڵی ١٩٥٨دا کۆچی دوایی کردووە. ئەوە ماوە بڵێین بنەماڵەی شاڵیەکان کە حاجی فەقێ یەکێکیانە. ئەو بنەماڵە بەناوبانگو دیارو خانەدانەن کە لەشاری سلێمانیدا رۆڵی بەرچاویان لەپێشکەوتنی شارەکەدا بینیوە، لەبواری بازرگانی، ئاینی، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ئەندازیاری، تەندروستیو نیشتمانپەروەریو کوردپەروەریو سیاسیو رۆژنامەگەریدا.

ئەم نووسینە لەگۆڤاری سلێمانیدا لەلاپەڕەی رۆڵە بەئەمەکەکانی شاردا بڵاوکراوەتەوە...

ئەوانەی شە پۆر بۆ کوڕانی
سەدام دەکەن وەکو ئەوان تـاوانبارن

دوو.. کـوڕە پیـاوکوژو بەدڕەوشـتو سەرسـەرییەکانی سـەدامی دیکتـاتۆر. ئەوەندەیان تاوان بەرامبەر بەخەڵکی عێراق کردووە. مەگەر باوکە تاوانبارەکەیان شـان لەشـانیان بـدات.. دوای ئـازادکردنی عـیراقو سـەدامو کـوڕو دەسـتوپێوەندەکانی، کونەمشـکیان لێبـووە قەیسـەریو جێگایـەك لـەو عیراقـەی ئەوان وێرانیان کردبوو، نـەما خۆیانی تیادا بشارنەوە، بۆیە لەشاری موسڵدا.. بەپارچـە پارچـە کـراوی بەسـزای تاوانبارییـان گەیشـتن. سـەیرە کەسانێك هـەر لەخـەڵکی عێـراقو یان وڵاتـانی عـەرەبی... شـینو شـەپۆر بـۆ ئـەو دوو تاوانبـارە دەکـەن. .ئـەو کەسـانە دیـارە لـەو کەسـانەن کـوڕانی دکتـاتۆر بـەم دەسو بـەودەس سامانی عیراقـی کـردوون بەقورگدا.. بـۆ خـەڵکی عێـراق نـاگرین.. کـە بەهـەزاران گۆڕی بەکۆمەڵیان بەدەستی ئەو تاوانبارانە بۆ زیندەبەچاڵکردنیان هەڵکەندراوە، کەناڵـە ئاسمانییـەکانی جزیـرەو ئەلعەرەبیە تووشـی نەخۆشـی بـون، کـە دەبیـنن دەسەنەیەکەی دکتاتۆریان نەماوە نازانن چی بکەن.

من دەڵێم ئەو کەناڵانەو ئەو کەسانە بیانـەوێتو نەیانـەوێت، مـادام شـەپۆر بـۆ کوڕە تاوانبارەکانی سەدام دەکەن، لەو تاوانبارانە هیـچ کـەمتر نینو وەکو ئـەوان تاوانبارن..

مرۆڤ نازانێت بۆچی بۆ کوڕانی سەدام دەگرین، بۆ ئـەو بڕوانامە درۆییانـەی کـە یـەك دێریـان بـۆ نەخوێنـدەوەو یـەك کتێبیـان بـۆ نەکردۆتـەوەو یـەك سـەعات دەوامیـان بـۆ نـەکردوووە. بـۆ ئـەو خزمەتکردنـەی خـەڵکی عیراقیـان کـردووە بـە کوشتنو بەدڕەوشتیان.

گۆڤاری سلێمانی

گۆڤاری سلێمانی....یەکێکە لەو گۆڤارانەی مانگانە بەبەردەوامی ژمارەکانی دەردەچێت.

لەناوەرۆکدا دەوڵەمەندە لەڕووی هونەرییەوە..گۆڤارێکی جوانو قەشەنگە. بەپێی ئەو بەرنامەیەی بۆی داڕێژراوە...مانگانە لەبواری ئەرشیفو مێژووی شارورووناکبیرو کەسایەتیە ناودارەکانو خاوەن پیشەو خوێندنگاکانو ئەرشیفی شارو ڕۆڵە بەئەمەکەکانی شارو نامە گرنگو پڕبایەخەکانو تۆمارکردنی هەموو دیاردە شارستانیەکانی شار کە هەر لاپەڕەیەك لەو تۆمار کراوانە مێژووی پڕ شکۆدارو پڕشنگداری ئەم شارە دەردەخەن...سەرباری ئەوکارە بەنرخو پیرۆزە تۆماری چالاکیو ئەرکو کارەکانی شارەوانیو شارەکە دەکات.

دیارە سلێمانییەك لانکەی پەروەردەکردنو پێگەیاندنی...بێ کەسو پیرەمێردو نالیو سالمو مەحویو حەمدیو نوری شێخ سالحو شێخ مەحمودی نەمرو کاك ئەحمەدی شێخو ڕەفیق حلمیو تۆفیق وەهبیو موحەرەمو گۆرانو کاکەی فەلاحو دیلانو ڕەشۆلو کێو کێ بێت.

خاوەنی ڕۆژنامەی ژینو ژیانەوەو ئومێد ئیستقلالو بانگی حەقو گەلاوێژ بانگی کوردستانو ڕۆژی نوێو بڵێسەبێت خاوەنی قەلەندەرخانەی پیرەمێرد بێت... هەردەبێت لەم ڕۆژی ئازادی کوردستانەداو لەم سەردەمی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانەو ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی شاردا...گۆڤارێکی وەکو سلێمانی دەربکاتو بچێتە کتێبخانەیماڵەکانی شارەوە.بەبۆنەی تەمەنی شەش ساڵیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لەشارەوانی سلێمانیو سەرنووسەرو ستافی گۆڤارەکە دەکەمو، دەستخۆشیان لێدەکەم ئومێد دەکەم زیاترزیاتر بەرەوپێش بچێتو لەسەر ڕێبازەکەی بەردەوام بێت...دیارە گۆڤاری سلێمانی درێژە پێدەری گۆڤارەکەی شارەوانی ساڵانی شەستو حەفتاکانە. کە هەربناوی سلێمانییەوە دەرچووو مامۆستای شەهید (محەرەم محەمەد ئەمین) سەرنووسەری بوو. داوای تەمەنی درێژ بۆ مامۆستا (حەمە نوری) دەکەمو سەرکەوتووبێت.

من و ماموّستا مەحموودی مەلا عیزەت و
بیرەوەرییەکی راگوزەری

ساڵی ١٩٦٤ خوێندکاری چواری ئامادەیی وەتەن بووم لە سلێمانی، کە ئێستا مەکتەبی رێکخراوەدیموکراتییەکانی تیادایە. یەکێك لە ماموّستاکانمان.... ماموّستا مەحمودی مەلاعیزەت بوو، ماموّستا پیاوێکی کورتە باڵای کەمێ لاوازبوو. وانەی مێژووی پێدەوتین....

چەند لاوازبوو، ئەوەندە لە بەڕێوەبردنی پۆلدا بەتوانا و دەسەڵاتبوو...سامێکی تایبەتی لای خوێندکارەکان هەبوو. سەردەم سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و پارتی دیموکراتی کوردستانبوو...ململانێ لەناو سەرکردایەتی پارتیدا زۆر توندتیژبوو...هەر لەو ساڵەدا کارگەیشتە ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی لەپارتی جیابۆوەو باروددۆخێکی ناهەموار رووبەڕووی شۆڕش وهێزی پێشمەرگەو ریزەکانی رێکخستن و کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بۆوە.

ماموّستا...لەگەڵ وتنەوەی وانەی مێژوودا...زۆرجار تیشکی دەخستە سەر مێژووی کورد و، بزوتنەوەکانی و هۆی ناکۆکییەکانی شۆڕشی باس دەکرد و، لەسەر زۆربەی مەسەلەکان راوبۆچوونی خۆی هەبوو...لەقسەکانیدا بۆمان دەرکەوت، کە ماموّستا یەکێکە لەماموّستا تێکۆشەرو کادرە بەتواناکانی ناو پارتی و کەسایەتییەکی سیاسی و رووناکبیری ناو کۆمەڵی کوردەوارییەو لەگەڵ باڵی مەکتەبی سیاسیدایە.

ماموّستا کاتێك وانەی پێدەوتین....ئەوەندە بەزەوق وشەوقەوە وانەکەی شیدەکردەوە...هەرهەمووومانی والێدەکرد، کە بەباشی گوێبگرین و یەك کەس لە شوێنی خۆی جوڵەو ورتە نەکات، حەزمان نەدەکرد زەنگ لێبداو وانەکە تەواوبێت. ماموّستا کارێکی وای کردبوو، خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەری لەنێوانی خۆی و خوێندکارەکاندا دروستکردبوو، زۆرجار خوێندکارەکان لەکاتی

زەنگلێدانی دەرەوەدا، ئەملاوئەولایان لێدەگرت‌و پرسیاریان لێدەکرد، زۆربەی پشووەکان لەبەر پرسیاری خوێندکارو وەڵامدانەوەیان نەدەگەیشتەوە ژووری ئیدارەو، زەنگی چوونە ژوورەوە لێدەدرایەوەو یەکسەر دەچووەوە پۆل.

مامۆستا هەرچەندە سەر بەباڵی مەکتەببی سیاسی بوو، بەڵام هەمیشە ئامۆژگاری ئێمەی دەکرد، کە هەوڵبدەین ململانێ‌و ناکۆکییەکەی ناو پارتی نەکرێتە شەڕی ناوخۆو براکوکوژی لێبکەوێتەوە...دەیگووت ئێمەی رووناکبیرانی کورد، دەبێت کار بۆئەوە بکەین کە شۆڕشەکەمان بە رێبازێکی شۆڕشگێڕانەی پێشکەوتووخوازدا بەرین...عەقڵییەتی عەشایەری‌و تیرەگەری وەلابخەین‌و، هەموو خەڵکی کوردستان شۆڕشەکە بەشۆڕشی خۆیان بزانن‌و شۆڕشیش هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە موڵکی شۆڕش بزانێت...

مامۆستا دووساڵ لەو ئامادەییە وانەی پێوتینەوە، ئێمە لەپۆلدا خوێندکارو ئەویش مامۆستابوو، بەڵام لەدەرەوەی پۆل دەبوو بەهاوڕێمان بەهۆی دابڕانم لە خوێندن‌و وەرگرتنم لە کولییە، ماوەی چەندساڵێك لەگەڵ مامۆستادا لەیەك دوورکەوتینەوە.

کاتێك شەڕ لەگەڵ رژێمی بەغدادا ساڵی ١٩٧٤ دەستپێکردەوە. من وەکو کارگێڕی لیژنەی ناوچەی قەرەداغ، چوومە قەرەداغ... مامۆستا مەحمود ئەوکاتە کارگێڕی لقی چواری پارتی بوو. زۆرجار کە لەقەرەداغ‌و خورماڵ‌و ئەحمەد ئاواوە دەچووم بۆ پێنجوێن، سەرم لە لق دەدا لە بناوەسووتە. مامۆستا لەلق کاری رێکخستنی پێسپێردرابوو. هەر لە بناوەسووتە خانوویەکی بۆ حەوانەوە بۆ دروستکرابوو. بەزۆری شەوانە لەو خانووەدا دەمایەوە، هەر کەدەچوومە لق‌و دەمبینی پێی دەوتم شەو میوانی منبە، منیش رازی دەبووم، بەراستی ئەو شەوانەی کە لەگەڵ مامۆستادا دەمامەوە شەوگارێکی زۆربەسوودبوو...زۆر راپۆرتی ناوچەکان‌و راپۆرتی لقی پیشان دەدام، زۆر لەو وەڵامانەشی دەدایە دەستم بۆئەوەی بیانخوێنمەوە، تا بەراوردی راپۆرتی نووسراوو وەڵامەکەی بکەم، لەگەڵ خەریکبوونی بەخوێندنەوەی راپۆرت‌و وەڵامدانەوەیاندا، خەریکی نووسینەوەی مێژووی کوردبوو...مێژووەکەش لەسەر کۆماری مەهابادبوو، دەیوت ئەم ساڵ کەڵکی زۆرم بۆ نووسینەوەی ئەم مێژووە وەرگرتووە، بنەماڵەی مەجید خان‌و حەمەرەشید خان زۆر هاوکاریم دەکەن زۆر بەڵگەنامەیان

بەمتمانـەوە داوەپـێم...ئـەو شـەوانە زۆر گەردەشـەو گفتوگۆمـان لەسـەر رووداو پیشهاتەکان دەکرد، کـەم‌و کورتییەکانی شـۆڕش‌و هێزی پێشـمەرگەو لقـەکانی پارتی‌و فەرماندەکانی هێزی پیچشمەرگەمان باس دەکرد.

ئەوشــەوانە کــەڵکی زۆرم وەردەگــرت، قســەکان‌و بۆچــوونەکانیم دەکــردە بەرنامـەی کـارکردن. رۆژێـك لـە پێنجوێنـەوە چوومە لـق...لـق تـەنها مامۆسـتاو خوالێخۆشـبووان دکتـۆر کـەمال خۆشـناو‌و محەمـەدی مـەلا عەبـدوڵڵای لێبـوو، کەوتینە قسەکردن، هەرچوارمان راشکاوانە قسەمان لەسەر بارودۆخەکە دەکرد. بۆ نیوەڕۆ میوانیان بووم،لەکاتی نان خواردندا...مامۆستا وتی شەو مەڕۆرەوە بۆ پێنجوێن میـوانی منبـە، دکتـۆر کەمال وتـی: هەسـتدەکەم مامۆسـتا نیـوانی تـۆو شێخ محەمەد زۆر گەرمە، وتی بەڵێ ئەو کاتەی چۆن من مامۆسـتاو ئـەو قوتـابی بـوو. ئێسـتاش هـەروا لەگـەڵ یـەك هەڵسـوکەوت دەکـەین، شـێخ مـن بەمامۆسـتای خۆی دەزانێت‌و منیش ئەوم وەکو قوتابییەکی زیرەك قبوڵ کردووە.

دەبێ پیاو ئەوە بڵێت ساڵی ١٩٧٤ لەگەڵ هەموو کەم‌وکورتییەکانیدا سـاڵێکی خۆشبوو، بەڵام ساڵی ١٩٧٥ سـاڵێکە لـە ساڵە نەگریس‌و شوومەکان لەمێژووی بزوتنەوەی کورددا، چونکە لە٦/٣ی ئەوساڵەدا رێکەوتننامەی جەزائیر ئیمزاکرا.

لەکاتی ئیمزاکردنی ئەو رێکەوتنـەدا، مـن لەبـەری قـەرەداغ بـووم. بروسـکەمان بۆکرا بە زوویی بگەڕێنەوە بۆ پێنجوێن.

هەرگەیشــتمەوە پێنجــوێن ســـەرم لەلقــدا، ســــەیرمکرد وەزعــی لــق زۆر ئاڵۆزوشێواوبوو.

مامۆستا مەحموود بانگی کـردم، وتـی: بەپەلە بگـەڕێرەوە بـۆ تـەوێڵەو بیـارە، رایسپاردم. کـە بەگـەڕانـەوەم پەیوەنـدی بەسـەر لق‌وفەرمانـدە عەسـکەری‌و کـادرە ساسییەکانەوە بکەین، بۆ شەڕی پارتیزانی، بزانین کێ ئامادەیەو توانـای تێدایـە بۆ شەڕی پارتیزانی. ئەوانەشی کە توانایان نییە پێیان بڵێن دەتـوانن بگەڕێنـەوە بۆ ناو حکومەت، مامۆستا وتی، لە مەریوان‌و کرماشانەوە بـڕۆرەوە، چەك لەگەڵ خـۆت مەبـە. دەمانچــەو تفەنگەکــەم لــەماڵێك لەبناوەســووتە دانــاو، یەکســەر گەڕامەوە، ئەو رۆژە بەیانییەکەی دەرچووم بۆ ئێوارە گەیشتمەوە بیارە..یەکسەر لەگـەڵ برادەرانـی ناوچـە کۆبوینـەوەو راسـپاردەکانم پـێ وتـن، بڕیارمانـدا کـە

هەریەکـە لـەلای خۆیـەوە دەسـتبکات بـەکار بـۆ گەیانـدنی راسـپاردەکەو، ناونووسکردنی پێشمەرگەو کادرو فەرماندە.

ئێمـە سـەرقاڵی جێبـەجێکردنی راسـپاردەکە بـووین‌و، بارەگـای ناوچـەمان بردبـووە دەرگـا شـێخان...کاتێکمـانزانی مامۆسـتا پەیـدابوو...کۆبوونەوەیـەکی پێکـردین‌و کۆمـەڵی راسـپاردەی داینـێ‌و هـەر ئـەو رۆژە بەپەلـە گەڕایـەوە بـۆ پێنجوێن‌و ئیتر ئاگامان لەیەکتر نەما.

دوای کارەسـاتی نسـکۆی١٩٧٥ بـەپێی سیاسـەتی رژێـم لـە کوردسـتان دوورخراینەوە..هەریەکە بەلایەکدا رەوانەکراین...ئەو ساڵانەی من لەقەزای حەی بووم. مامۆستاش لەروومادی بوو. لەهاوینی ساڵی ١٩٨٠دا لە سلێمانی بووم، لـە مـانگی٦/ی سـاڵەکەدا...هـەواڵی گرتنـی مامۆسـتاو چـەند کەسـێکیتر بڵاوبۆوە...هاوڕێیـان کەوتینە پەژارەوەو خەمی زۆرمـان بوو. لەهاوینی سـاڵی ١٩٨١دا، رۆژێك حاجی شێخ ئیبراهمی قادرکەرەم هاتە ماڵی کاکەم لە سلێمانی. باسی ئەوەی بۆ کردم کە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ بەربوونی مامۆستاو ئەوانەی لەگەڵیا گیراون. وتی بڕیاردراوە بەربدرێن...داوایکەفیلیانکردوە خۆم بوومەتە کەفیلیان هەربۆئەوەی بەربن. لە ١٩٨١/٦/١٨ مامۆستاو هاوڕێکانی بەربوون.

کاتێـك مامۆسـتا بـەربوو سـەرم لێـدا...بەدوورودرێـژی باسـی گـرتن‌و ئەشکەنجەکانی بۆ کردم، کە چەند لەرووی تەندروستییەوە ئازاری چەشتووە، دواجار باسی حاجی شێخ ئیبراهیمی قادرکەرەمی کردو وتی بەنیازین دوای حەوانەوەو کەمبوونەوەی میوان سەری لێبدەین‌و سوپاسی بکەین...ئەوەی من ئاگاداربم ئەو سـەردانەیان کـردو چـوون بـۆ قـادر کـەرەم بـۆ مـاڵی حاجی شێخ ئیبراهیم.

پاشماوەیەك مامۆستا...ونبوو. هەواڵیم زانی کە چۆتە دەرەوە. ئیتر یەکمان نەبینییەوە تا ساڵی ١٩٩٧...لەو ساڵەدا مامۆستا لە هەندەران گەڕابۆوە، بۆ وەزارەتی رۆشنبیری بەرنامەی کردنەوەی ئەرشیفی نەتەوەیی پێبوو. لەگەڵ مامۆستا جەمال عەبدولدا لەسەر ئەو بەرنامەیە قسەیان کردبوو، ئا لەو رۆژگارو ساڵەدا جارێکیتر بەیەکگەیشتینەوە. لەساڵی ٢٠٠٠گەڕایەوە کوردستان‌و کرایە سەرنووسەری رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ئەو ماوەیەی کە لەو دەزگایە کاریدەکرد، زۆر لەیەکتر نزیکبووینەوە، بەردەوام سەرم لێدەداو لەسەر

زۆرلایەن قسەمان دەکرد...ئێمە لەو سەردەمەدا توانیمان کتێبی شانۆگەری(دەروێشەکان بەدوای راستیدا دەگەڕێن)ی بۆ چاپبکەین‌و چاپکردنەکەی زۆر بەدڵبوو دەستخۆشی لێکردین.

مامۆستا دوای ئەوەی لە کوردستانی نوێ نەما، چەند کارێکیتری بۆ دیاریکرا، کارەکانی پێدەوتم‌و منیش رای خۆمم لە وەرگرتنی پێدەوت‌و راکەشمی بەهەند وەردەگرت، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەبێ ئیش لە ماڵەوە بوو، پرۆژەی چاپکردنی بەرهەمەکانی دارشت.

دوای بە ئەنجام گەیاندنی بەرنامەی چاپکردنی بەرهەمەکانی، جارێکیتر گەڕایەوە بۆ سوید، لەساڵی ٢٠٠٤.دا هەواڵی نەخۆشکەوتنیم زانی...بەڕاستی پەرۆشی بووم، تا لە مانگی ٢٠٠٥/٣دا گەڕایەوە بۆ کوردستان، بەگەڕنەوەی سەرم لێدا لەماڵەوە...خۆی‌و هەردوو کوڕەکەی((ژیلوان‌و مەریوان))لەماڵەوە بوون. بەکوڕەکانی ناساندم وتی بڕیارمداوە ئەمجارە نەڕۆمەوەوکوڕەکانیش بڕیاریانداوە بمێننەوە، زیاتر لە سەعات‌و نیوێك لەگەڵیا دانیشتم، باسی نەخۆشییەکەی‌و ئەو ئازارانەی بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە لەماوەی ئەو دووسێ مانگەدا چەشتبوویی هەرهەمووی بۆ گێرامەوە...دوای ئەو سەردان‌و بینینە من بە سەفەرێك چووم بۆ ئێران، کە گەڕامەوە بیستم نەخۆشکەوتۆتەوە‌و بەپەلە گەیاندویانەتەوە سوید، بەداخەوە زۆری نەبرد هەواڵی کۆچی ناوادەیمان پێگەیشت، ئەو سەردان‌و دیدارەمان بوو بەدوا دیدار..مامۆستا هەرکەس ناسیبێتی‌و یان لەگەڵیا ژیابێت، دەزانێت کەچ پیاوێکی بەتوانا‌و تێکۆشەرو لێهاتوو بووە، لەبواری روناکبیری‌و مێژوویی‌و بیروبۆچوونی سیاسیدا..دیارە ئەوەی کاروانی بێکۆتایی ئەو مامۆستایە بخوێنێتەوە تێدەگات مامۆستا چۆن مامۆستایەکبووە...جێی نیگەرانییە کاروانی بزووتنەوەی کوردایەتی، هەر رۆژە لەلایەکەوە کەلێنێ تێدەبێت‌و خۆشەویستانمان‌و زانایانمان‌و خاوەن هەڵوێستەکانمان‌و تێکۆشەرەکانمان لە کاروانە کە مەرگ یەخەی پێدەگرێت‌و لێمان دادەبڕێت ئاخ مەرگ.....

چاو پێکەوتن بۆ ڕۆژنامەی کەرکووکی نوێ

پ١:لە دەستنوسەوە بۆ بە کتێب بوون..دەکرێت ئەو قۆناغانە دیاری بکەیت؟

وەلأم: هـــەر نوســـەرێك کتێـــب پێشکەشـــی وەزیـــر و وەزارەت یـــان بەرێوەبەرایەتیەکەمان دەکات، بە مەبەستی چاپکردن یان کۆمەککردن، لەلایەن بەرێوەبەری گشتییەوە،دەنێردرێت بۆ بەرێوەبەری چاپ وچاپکردن.بۆ ئەوەی لـە لیســـتی کتێبـــە دەســـت نووســـەکاندا تۆمـــاری بکـــات.ئەمـــە وەکـــو هـــەنگاوی یەکەم.کتێبەکە سەیر دەکرێت لە هەر بوارێکی ڕووناکبیریو ئەدەبیو زانستیو هونەریدا بوو. بە پێی بابەتی کتێبەکە دەنێردرێت بۆ شارەزایەکی بوارەکە بۆ هەڵســـەنگاندنو پێـــدا چـــوونەوە.ناردنیکتێـــب بـــۆ شـــارەزا تـــەنها لـــەڕێگای بەرێوەبـەری گشـتییەوە دەبێـت.ئـەویش بـەپێی فـۆرمێکی نهێنـیو تایبـەتو لـە دەفتـەرێکی تایبەتـدا نـاوی کتێبەکـەو نووسـەرەکەو ئـەوەی بـۆی دەنێردرێـتو ڕۆژی ناردنو ماوەی گەڕانەوەی تیادا دیاری دەکرێت ئـەوەش وەکو هـەنگاوی دووەم.

دوای گەڕانـەوەی کتێبەکـە، لای شـارەزا.لەلایـەن بەرێوەبـەرەوە سـەرنجی ڕای شـارەزاکە دەدرێـتو، سـەرنجو تێبینییـەکانی شـارەزاکە بەهەنـد وەردەگیرێـت. ئەگـەر کتێبەکـە لەلایـەن شـارەزاوە...پەسـەند کـرا بـۆ ئـەوەی چـاپ بکرێـت یـان هاوکـاری بکرێـت.ئـەو کاتـە دەخرێتـە بەرنامـەوە بـەپێی مێـژووی تۆمـارکردنی هـاتنی کتێبەکـەو دەخرێتـە بەرنامـەی تایپکردنـەوە.ئەگـەر شـارەزا سـەرنجو تێبینی وای هـەبوو کەلە کتێبەکـەدا دەستکاری بکرێت، یـان هەندێ بابـەتی لـێ لاببرێت... ڕای شارەزاکە کۆپی دەکرێت بە بێ ئـەوەی نـاوی شـارەزاکەی لەسـەر بێت. نووسەری کتێبەکە بانگ دەکرێتو پێـی ڕادەگەیـەنرێت کـە پـەیڕەوی ئـەو سـەرنجو تێبینیانـە بکـاتو کتێبەکـەی چـاك بکـات.ئەگـەر ڕازی نـەبوو بـە ڕاو سـەرنجەکان کتێبەکـەی دەدرێتـەوە..ئەگـەر شـارەزا سـەرنجو ڕای وا بـوو، کـە بابەتەکـە کـەمو کـوڕی زۆری هەیـەو، لاوازەو بـە کـەڵکی چـاپکردنو کۆمـەککردن

نایەت. خاوەنی کتێبەکە بانگ دەکرێت کتێبەکەی دەدرێتەوە.ئەمە وەکو هەنگاوی سێیەم.دوای ئەم قۆناغەی باسمکرد.قۆناغی تایپکردنو هەڵەبرو تەصمیم کردنو خستنە سەر ستێنسڵو راکێشانی دەست پێدەکاتو لەگەڵ ئەم قۆناغەداتیراژو تێچوونیو تەسمیمیو بەرگی دیاری دەکرێت..

دوا قۆناغی کتێبەکە دوای راکێشانو کۆکردنەوەو دەرزی لێدانو بەرگی تێدەگیرێتو تەسلیمی گەنجینە دەکرێت بۆوەرگرتنو دابەشکردنی..

پ٢:بێگومان چالاکییەکانتان دیارن.دەکرێت گرنگترینیان باس بکەیت؟

وەڵام:ئێمە ساڵانە چالاکی جۆراو جۆرمان هەیە.ساڵ بە ساڵیش چالاکییەکان زۆرترو باشترو بەرنامەڕێژتر دەبێت.ساڵی ٢٠٠٤ جگە لە چاپکردنی(٨٢) کتێب لە ساڵەکەدا، دوو هەفتەی رووناکبیری بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لە پارێزگای سنە(کوردستان)ی کۆماری ئیسلامی ئێرانو شاری سلێمانی ئەنجام دراوە.وە بەڕێوەبەری گشتی وەکو نوێنەری وەزارەت لەگەڵ وەفدێکی حکومەتی هەرێمدا سەردانی میسرو شاری قاهیرەی کردو، چەند جار هەر بۆ کاری رۆشنبیریو هونەری سەردانی ئێرانو دهۆکو هەولێر کراوە... دیارە لە هەموو سەردانەکانماندا بۆ ئەو شوێنانە بەمەبەستی گەشە کردنو بەرەو پێش چوونی کاری رووناکبیریو هونەری بووە بەلای منەوە ئەم کارانەمان گرنگترین کارەکانمانە.

١- سەردانی قاهیرە.
٢- هەردوو هەفتەی رووناکبیری لە سنەو سلێمانی.
٣- چاپکردنی ئەو ژمارە بەرچاوەی کتێب لە ساڵەکەدا.
٤- چاپکردنی چەند ژمارەیەك لە گۆڤاری تێکست.
٥- چاپکردنی دوو ژمارە لە گۆڤاری هەزار مێرد.

پ٣:پرۆژەی چاپکردنی ئەدەبی منالان پرۆژەیەکی جوانبوو.بۆچی لێرە نەما؟ئایا ئەو لایەنەی کارەکەی پێ سپێردراوە پرۆژەکەی بە چی گەیاند؟

وەڵام: ئێمە هەر لەدامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمانەوە بەرنامەی چاپکردنی کتێبی منداڵانمان داڕشتو بەئەرکو کارێکی زۆر گرنگمان

زانی...بەپێی توانامان لە ساڵانی رابردوودا ژمارەیەکی بەر چاو لە کتێبی منداڵانمان چاپکردووە.کە بەرای من ئەو کتێبانە جێگای خۆیان لە کتێبخانەی کوردیدا کردۆتەوە هەندێ کتێبی منداڵانمان چاپکردووە لە کتێبخانەکاندا نەماون،هەشە دوو جار چاپکراوەتەوە ئێستا لە بازاڕدا نەماوە...لە راستیدا حەز دەکەم ئەوە بۆ هەموو لایەك روون بکەمەوە.لە وەزارەتی رۆشنبیری چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی دامەزراوە.دیارە هەر بەڕێوەبەرێتیە لە دامەزراندنیدا تایبەتمەندیو ئەرکو کارێکی ئەو تۆی هەیە کە بۆی دامەزراوە.لە ناویاندا بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە دامەزراوە بە پێی ناونیشانی بەڕێوەبەریتییەکە..دەبێت هەر کتێبو گۆڤارو چاپەمەنییەك لە وەزارەتی رۆشنبیری چاپ دەکرێت، لە رێگای ئەم بەڕێوەبەرایەتییەوە چاپ بکرێت..بەڵام بەداخەوە..بە بێ گوێدانە رێنماییەکانی وەزارەتی دارایيو ئابوریو دیوانی چاودێری دارایی گشتی..دەبینرێت هەر بەڕێوەبەرایتییەك دەیەوێت لەسەر ئەرکو کارەکانییەوە کتێبو گۆڤار چاپ بکات.بۆ نموونە.بەڕێوەبەریی خانەی وەرگێران کاتێ دامەزرا بە پێی ئەو بەرنامەیە دامەزرا کەلەلایەن بەڕێوەبەرایتییەکەمانەوە پێشکەشی وەزارەت کرا کە داشمەزرا بەڕێوەبەریتییەکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بوو.بەڵام لەبەر چەند هۆیەك کە دەتوانرا چارەسەر بکرێت جیا کرایەوەو، خرایە سەر بەڕێوەبەرێتی گشتی دیوان...لە ساڵی ٢٠٠٣وە بەڕێوەبەرێتی گشتی هۆشیاری منداڵان..بە ناوی (خانەی سمۆرەوە) کتێبی منداڵان چاپ دەکەن..جارجارە لەنوسینگەی تایبەتو راگەیاندنی وەزارەت کتێب چاپ دەکرێتو کۆمەك دەکرێت، بەرای من ئەمانە هەر هەموو دابەشکردن و پەرتەوازەکردنی توانای روناکبیریو ئیداریو داراییو هونەرییەکانەو نەدەبوو وابکرایە.

سەبارەت بەوەی پرۆژەی چاپکردنی کتێبی منداڵان بۆ لە ساڵی ٢٠٠٤ دا راگیراوە؟ هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەو راسپاردەیەی جەنابی وەزیر پێی راگەیاندین چاپکردنی کتێبی منداڵان رابگرین، ئێمەش لەسەر ئەو راسپاردەیە رامانگرت.لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی منداڵانمان لەلابوو، کەلە زمانەکانی فارسیو عەرەبییەوە وەرگێردرابوون، بەرهەمی نوسەرانیشمان لابوو.بەراستی ئێمە لە بەرامبەری ئەو خاوەن بەرهەمانە دەستەو وەستان

بووین‌و هەشیانە لێمان دڵگیربوون‌و قەناعەتیان بەوە نەدەکرد کە لە سەر ئەو راسپاردەیە چاپکردنی کتێبی منداڵانمان راوەستاندووە.

سەبارەت بەوەی ئەو لایەنەی ئەو ئەرك‌و کارەیان پێ سپێردراوە چیان کردووە؟وەکو بزانم.. ژمارەیەك کتێبیان چاپ کردووە، بەڵام کتێبەکانمان نەدیووە..تەنانەت کە بەپێی رێنماییەکانی وەرگرتنی ژمارەی سپاردن کە دەبێت لە هەر کتێبێك کە چاپ دەکرێت و ژمارەی سپاردن وەردەگیرێت (١٠)نووسخە لە کتێبەکە بداتە بەرێوەبەرایتییەکەمان..ئەو بەرێوەبەریتییە رەچاوی ئەو رێنماییانەشی نەکردووە.بەڵام لێتانی ناشارمەوە.ئێمە لەبەر ئەوەی کتێبێکی زۆرمان لایە.بریارماندارە، کە ئەمساڵ بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراو کتێبی منداڵانیش چاپ بکەین‌و بایەخێکی باش بە بوارەکە بدەین‌و لەسەر کاری کەس نەوەستین.

پ٤ :لە هەڵبژاردنی کتێبی باشدا چ رەهەندێك حوکم دەکات؟

وەڵام: ئێمە لەبەر ئەوەی دەزگایەکی حکومین‌و سەر بەوەزارەتی رۆشنبیرین‌و، بەرنامەی چاپکردن‌و هاوکاریکردنی بەرهەمی نووسەرانمان هەیە.زۆری نووسەران روومان تێدەکەن.بەرهەمییان پێشکەش دەکەن..

ئێمە بەرهەمی هەموو نوسەرێك وەردەگرێن، و رێنمایەکانمانی پێدەڵێن‌و بەرهەمەکەی بەو قۆناغانەدا تێپەر دەبێت.کە لە پێشەوە باسمان کرد.لێتان ناشارمەوە بەرهەمی وا هەیە زۆر گرنگە بۆ کتێبخانەی کوردی ئێمە..لەسەرەدا دایناێن‌و هەر کتێبەکە ئامادە بوو دەیخەینە ژێر چاپەوە، زۆرجار ئەوەشی تێدەکەوێت نوسەرێك لە رێگای سەرۆکی‌حکوومەت یان وەزیری رۆشنبیری‌و یان کەسایەتیەکی رۆشنبیرییەوە کتێب دەنێرن و لەگەڵ ناردنەکەیدا راسپاردە دەکەن..ئێمە رەچاوی ئەو راسپاردانە دەکەین لە ساڵی٢٠٠٤ دا لەسەر کەرکوك‌و تەعریب‌و ئەنفال هەر کتێبیکمان بۆ هاتبێ هەوڵمانداوە پێشی بخەین‌و بە زووی چاپی بکەین....

حەز دەکەم ئەوەش باس بکەم..زۆر نوسەر بەرهەمیان لامانە وەکو دەزانم هەندێکیان گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆ نووسەرێك لە ساڵێکدا(٢)بەرهەم یان زیاتری بۆ چاپدەکرێت‌و بەرهەمەکەی ئەوان دوادەکەون لە چاپکردن.

لە راستیدا ئەو دیاردەیە هەیەو زۆر کاری لەو جۆرە کراوە،بەلاَم ئەگەر بەدەستی ئێمە بێت هەرگیز کاری وا ناکەین نامانەوێت بیکەین..زۆر بەرهەم هەیە راستە هی یەك نووسەرە، بەلاَم بەرهەمەکانی بۆ کتێبخانەی کوردی بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستا زۆر پێویستن‌و بە کەڵکن.بۆ نموونە لە ساڵی٢٠٠٤دا دوو کتێبمان بۆ (شۆرش حاجی) چاپ کردووە..بۆ (گەلاوێژ خان) دوو کتێب، دەبێت ئەوەش بزانرێت لە خانەی سمۆرە، وەکو دەبینرێت بۆ یەك نوسەر(٢٥)کتێب‌و(٣٠)کتێب چاپکراوە، کە ئەم دیاردەیە لای ئێمە هەرگیز رووی نەداوەو روونادات، من نازانم بە چ حەقێك ئەو حەقە بە یەك نوسەر دەدەن ئەو ئیمتیازەی هەبێت، لە کاتێکدا چەند نوسەری بواری منداڵانمان هەیە.

پ‌ە:هەڵە بۆ لە چاپی کتێبەکاندا بەدیدەکرێت و بۆچی دەگەرێتەوە؟

وەلاَم:١- راستە هەڵەی زۆر لە چاپکراوەکانماندا هەیە.من هەر کتێبێك دەبینم ئەو هەلاَنەی تیادا دەکریَ باوەر بکەن وا دەزانم کورێکم دووچاری،کارەسات‌و نەخۆشی بووە، حەز دەکەم لەسەر ئەو کتێبە گەورەترین سزای ئەو کەسە بدەم کە هەڵەبری‌و تایپی کردووە.من ئەمەش دەگێرمەوە بۆ ناعەدالەتی کارەکانی وەزارەت وکەرت‌و پەرت کردنی تواناکان.بۆ نمونە لە بەرێوەبەریتییەکی رەکو خانەی وەرگێران..چەندین شارەزا بە مووچە یان بە گریَ بەست‌و بە پارەی باش دامەزراوە.لە کاتێکدا لە بەرێوەبەریتییەکی وەکو بەرێوەبەریتییەکەی ئێمە یەك کەسمان بەناوی (شارەزا) هەیە، ئەوانیتر هەر هەموویان فەرمانبەرن‌و، لەو کەسانەن کە دەرچووی زمانی کوردی‌و عەرەبین‌و، هیچیان لەسەر داوای ئێمە دانەمەزراون، ئەو فەرمانبەرانە لەبەر ئەوەی تازەن‌و لە بوارەکەدا کاریانەکردووە هیچ شارەزاییکیان لە بوارەکەدا نییە..ئەو هەلاَنەی کەلە کتێبەکاندا دەکریَ هەر هەمووی دەگەرێنەوە بۆ نە شارەزای ئەو فەرمانبەرانەو ئەو تایپیێستانەی هەمانە.بۆ ئەو ناعەدالەتیەی وەزارەت‌و ئەنجومەنی وەزیران بۆ دامەزراندنی کەسانی شارەزا بۆ خانەی وەرگێران‌و پشتگویَ خستنی بەرێوەبەریەکەمان لەو بارەیەوە.حەز دەکەم ئەوە بزانرێت کەسانیَ هەبووە لە سەر نوسراو داوای ئێمە بە شارەزا دامەزراوە.یان لای ئێمە بووە.کاتیَ فەرمانی دامەزراندنی دەرچووە نێردراوە بۆ خانەی وەرگێران.تایپیێست لەسەر داوای

ئێمەو به نوسراوو هەوڵی ئێمه دامەزراوه کە فەرمانی دامەزراندنی دەرچووە نێردراوه بۆ خانەی وەرگێران، یان بۆ شوێنێکی تر، تا ئێستا چەندین داوامان کردووه کە چەند شارەزاو تایپیستمان بۆ بنێرن..بە داخەوە گوێ لە داواکەمان نەگیراوە لەبەر ئەوە ستافی تایپکردنی کتێبو ستافی هەڵەبڕمان وەکو پێویست نییەو لە ئاستی خواستو کارەکانی ئێمەدا نین بۆ ئەو دیاردانە لە رووی(هەڵە)وە لە چاپکراوەکانمدا بە دیدەکرێت،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی بەردەوامدام بۆ ئەوەی لە هەموو بوارێکەوه کارەکانی دەزگاکەمان چاکتر بکەمو بەسەر ئەو دیاردایانەدا زاڵبین.

پ٦:کورتەیەکی مێژووی بەڕێوەبەرێتیەکە و ژیانی خۆت؟

وەڵام: بەڕێوەبەرێتیەکە لە ناوراستی ساڵی١٩٩٩دا دامەزراوە..کە دامەزرا نە فەرمانبەر و نە شوێنو جێگامان لە وەزارەت نەبوو.زیاتر لە(٤)مانگ بەڕێوەبەری گشتی بووم.بەبێ ژوورو شوێنو فەرمانبەر.دوای هەوڵوکۆششی بەردەوام وهاوکاری (مامۆستا جەمال عەبدول) و (بەڕێوەبەری کارگێڕیو خۆیەتی دیوانی وەزارەت) توانیم..خانوو بگرم.کۆمەڵێ فەرمانبەر بگوێزرێتەوە بۆ سەر میلاکی بەڕێوەبەرێتیەکە..بە دوایدا بە هاوکاریو گیانی دڵسۆزی فەرمانبەرەکان توانیمان..پەیکەری بەڕێوەبەرێتیەکە دامەزرێنین...هەر چەند لە سەرەتاوەو تا ئێستاش بە بەردەوامی دژایەتی دامەزراندنیو پێشکەوتنی کراوەو دەکرێت.بەڵام ئێمە بەپێی ئەو بەرنامەیەی لە سەرەتای دەست بەکاربوونمەوە دامانڕشتبوو، بە بێگویدانە ململانێ کارەکانمان جێبەجێکردووە.من ئاواتم بوو.کە دەزگاکەمان لە هەموو روویەکەوە پێشکەوێ.هەست دەکەم ئێستا لە زۆر رووەوە.بەرەو پێشچووە.هەر چەندەهێشتا لە ئاستی خواستەکانمدا نییە، بەڵام ئەو بەرنامەیەی دامڕشتووە، کاری بۆ دەکەم، دڵنیام ئاواتەکەم دێتە دی و دەبێتە دەزگایەکی کاراو پێشکەتووی ئەوتۆ کەبتوانین لە هەموو بوارێکی چاپکردندا خزمەت بە روناکبیرانو نوسەرانو هونەرمەندان بکەینو جێگای قەڵەندەر خانەو چاپخانەکەی پیرەمێردی نەمر بگرێتە...وە هەروەکو لە بینینێکی کاک نەوشیروانو مندا وتی (دەزگاکەی ئێوە دەزگا رۆشنبیریەکەی بەغدای

جارانــه لــه رووی چــالاکییەوە،بەلام ئیمکانیــەکی کــەمترو بــەئاقاریکیترو بەرنامەیەکی دلسۆزانەو پێشکەوتوو من زۆردلم بە دەزگاکەتان خۆشە).

سـەبارەت بـە مێژووی ژیـانم..نـازانم لـە کویّو لەکـەی و لـە چییەوە دەسـت پێبکـەم.؟لـە گونـدی سـۆلەی دەربەنـدی ناوچـەی قەرەداخ لـە سـالی ١٩٤٦ دا لـە دایکبـووم.لـە خوێنـدنی مزگەوتـەوە.قۆنـاغی سـەرەتایم تـەواوکردو بـە دوایـدا قۆناغـەکانی ناوەنـدی و دوانوەنـدیم لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـرد.لـە سالی١٩٦٨/١٩٦٩لە بەشی کوردی کۆلێژی زمانەکانی زانکۆی بەغدا وەرگیرام و سـالی ١٩٧٢بەشـی زمـان و ئـەدەبی کـوردی کۆلێـژی ئـادابم تـەواو کـرد، لـە مێردمندالیمــەوە..تێکــەلاوی بزوتنــەوەی نیشــتمانی و نەتەوایــەتی گەلەکــەم بـووم...لـەو مەیدانـەدا هـەموو بوارەکـانی خـەباتم تاقیکردۆتـەوە بـە نهێنـی و ئاشکراو پێشمەرگایەتی و ڕێکخراوەی و زیندانی،لە سالی ١٩٧٦چوومەتە ڕیزی کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان، لە ژیانی سیاسیمدا چەند جار فەرمانی گرتنم لەلایـەن دەزگاکـانی ئەمنـەوە دەرچووە، لـە هـیچ جارێکیانـدا بـەر شالاوی گـرتن نەکـەوتووم تـا لـە دوا شـالاوی ئـەمنی سـلێمانی لـە سـالی١٩٩٠گـیرام و لـە مەحکەمـەی سـەورە لـە١٦/١٠/١٩٩٠حـوکمی موئەبـەد درام.لـە دوای ڕاپـەڕین لە٢٢/١٢/١٩٩١بە گۆڕینەوە ئازاد کرام.

لە بواری نوسین و ئەدەبیدا..

لـە سالی ١٩٥٩وە خولیـای نووسـین و عەشقی شیعر بوم و، یەکـەم هۆنراوەم لە(پێشکەوتن)دا بە ناونیشانی(ڕۆژێ لە ڕۆژان)بلاوکراوەتەوە...لە سالی ١٩٧٠وە بە بەردەوامی نووسینم لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە.

*لە سالی ٢٠٠٣داکۆمەلێ شیعرم بە ناونیشانی(دابڕان)چاپکردووە.

*لـە سـالی ٢٠٠٤دا دوو کتێـبم لەسـەر دوو هـاوڕێم ئامـادە کـردو بـە چـاپم گەیاند بەم ناونیشانانە.

١- مامۆستا جەمال تاهیر قارەمانی شۆڕش و زیندان.

٢- مامۆستاعەزیز ژیانێکی پاک و شەهیدی دەستێکی ناپاک

چەند پرۆژیـەکی تـرم بـە دەستەوەیە ئەگـەر کێشەو باری تەندروستیم ماوەم بدەن لە داهاتوودا تەواویان دەکەم پرۆژەکانیش ئەمانەن.

١- مێژووی ژیاننامەی شەهید ئارام و نووسین و بەرهەمەکانی.

٢- كە شكۆڵی بیرەوەرییەكانم.

٣- كۆمەڵێ چیرۆك‌و نووسین‌و وتاری جۆراو جۆر.

٤- مێژووی ژیياننامەی حەمە رەشید باریكەیی.

لە كۆتاییداسوپاسی دڵسۆزیتان دەكەم. كە دەزگاكەمانتان بەسەر كردەوەو ماوەتان بۆ رەخساندم. كە لەسەر كارو ئەرك‌و چالاكی دەزگاكەمان بدوێم.بە پێویستی دەزانم لەم چاو پێكەوتنەدا سوپاسی فەرمانبەرانی دەزگاكەمان بكەم كە پەرۆشی‌و دڵسۆزییان هەیە بۆ راپەڕاندنی كارەكانیان.

رۆژ:سێ شەممە

بەروار:٢٠٠٥/٢/٢٢

چل ساڵ دوای مەرگی قانع

لەپێناو زیندووکردنەوەو بەرزراگرتنی یادی شاعیرانی کورد وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی لەمانگی (١٠)ی ئەمساڵدا ڤیستیڤاڵێك بۆیادی شاعیری پایە بەرزی کورد قانع ساز دەکات بەناوی (چل ساڵ دوای مەرگی قانع) ئەم ڤیستیڤاڵە ژمارەیەکی زۆر لەنوسەران و کەسانی شارەزا لەدیدو بۆچونەکانی قانع بەچەند لێکۆڵینەوەیەك بەشداری تێدا دەکەن دواتر خەڵات بەسەر بەشداربواندا دابەش دەکرێت. ماوەی ڤیستیڤاڵەکە(٢)ڕۆژ دەخایەنێت، بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەمەراسیمی بەڕێوەچوونی ئەم ڤیستیڤاڵە بە باشمانزانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەڕێز(شێخ محەمەد سوڵەیی) سەرۆکی لیژنەی باڵای ڤیستیڤاڵدا ساز بدەین، بەچەند پرسیارێك بیهێنینە دووان:

***ئێمە خاوەنی چەندین شاعیری چاکین، بۆچی و چۆن قانعتان هەڵبژاردووە کە پێشەکی ڤیستیڤاڵەکە بێت؟**

- ڕاستە شاعیری باشمان هەیە، بەڵام قانع یەکێکە لە شاعیرە هەرە چاکەکانی کورد، بەشاعیری چەوساوەکان مەشهورەو شاعیرێ بووە لەسەردەمانی خۆیدا یەکێ بووە لەناو جوتیاراندا پەروەردە بوووەوە شیعری بۆ جوتیاران وتووەودژی ئاغاو دەرەبەگ و شێخ و مەلا بووە.

لەبەرئەوە بەلای ئێمەوە هەڵبژاردنی قانع یەکێکە لەو شاعرانەی کە ئێمە زۆربە پەسەندمان زانی و یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تائێستا شتێکی ئەوتۆی بۆ نەکراوە، ئێمە بە حەقێکی خۆمان زانیوە کە توانیومانە ئەو بیرۆکەیە بهێنێتە ئاراوە. سەبارەت بەوەی کە ئێمە بتوانین دیدارێك بۆ قانع سازبکەین لە مانگی(١٠)دا.

*ڤیستیڤاڵەکە دەقاو دەق کەی دەبێتو چەند رۆژ دەخایەنێت؟

-هێشتا بڕیاری ئەوەمان لەسەر نەداوە کە لەچەندی مانگی(١٠)دا دەبێت. بەڵام ئەوەی کە لەسەری رێککەوتووینو قسەو باسمان لەسەری کردووە، لەماوەی(٢)رۆژدا دیدارەکە بەردەوام دەبێت.

*بەشداربووانی ڤیستیڤاڵ کێن، واتە بەشداربووان تەنها لە ناوچەکانی هەولێرو سلێمانین یاخود کوردانی ناوچەکانی تریش بەشدار دەبن؟

-سەبارەت بەبەشداری لە راستیدا ئێمە لەرێگەی نامەیەکەوە لەرێگەی بانگەوازێکەوە، دوو بانگەوازمان کردووە بۆ ئەوانەی کە هاوڕێیەتیو ئاشنایەتیان هەیە لەگەڵ قانعو دنیاکەیدا، کە دەتوانن پەیوەندیمان پێوەبکەن بۆ ئەوەی ئەگەر لێکۆڵینەوە یاخود هەرشتێکی تریان هەبێت لەسەر قانع بۆمان بنێرن.

بانگەوازەکانیش لە رۆژنامەکانو کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاوکراونەتەوە. بەڵام جگە لەمە ئێمە نامەمان ناردووە بۆ چەند رۆشنبیرێکی کورد لە بەغداو لەئێرانو هەولێروسلێمانی، بۆ ئەوەی کە لەسەر قانع دراسە بنوسن، بابەت بنوسنو تا ئێستا دەوری(٤)بابەتمان پێگەیشتووە کە وابزانم دوانیان لە کوردستانی ئێرانەوەیەو ئەوانی تریش ناو کوردستانەو بەدڵنیاییەوە چاوەڕێی بابەتی تریشن کە بە دەستمان بگات.

ئێمە وەك لیژنەی باڵای ڤیستیڤاڵ بابەتەکان کۆدەکەینەوەو لەبەر ئەوەی بابەتەکان لەلایەن کەسانی پسپۆڕو شارەزاوە دیراسە کراون لەبەرئەوەی ئێمە نایکەینە ژێر پرۆجیکتری خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنەوە.

*باسی کەسانی بەشداربوونت کردەوە ئاماژەت بەچەند خاڵێکدا دەپرسم کێن ئەو قەڵمە دیارانەی کە لەم دیدارەدا بەشدار دەبن؟

-بەدڵنیاییەوە ئێستا من نامەوێت بۆت دیاری بکەم کێن، حەزدەکەم لە رۆژی دیدارەکەدا ئەو کەسانە ببینرێت، چونکە ئێستا پێم خۆش نییە جاری رایبگەیەنین، ئەو کەسانە کێن بەس بەتەئکید کەسانێك بەشداری ئەم دیدارە دەکەن کە شارەزایی قانع بێتو هاودەمو هاوزەمانی قانع بووبێت شارەزایی هەبێت لە شیعری قانعدا.

*واتە ئێوە پێشتر دیاریتان کردووە کەسانی بەشداربووی ڤیستیڤاڵەکە کێن؟

-بەڵێ بەتەئکید کەسەکانمان هەڵبژاردووە، بەنامە بەسەرمان کردۆنەتەوە.

***بەرنامەتان نییە کە کۆی ئەو بابەت و باسانەی ڕۆژانی ڤیستیڤاڵ تەوەری لەسەر دەبەسترێت هەمووی کۆبکرێتەوەو لەکتێبێکدا چاپی بکەن؟**

-بەڵێ بەڵام پێشتر بپرسە چیتان کردووە بۆ قانع، چیتان بۆ دیداری قانع کردووە.

ئێمە لەراستیدا بۆ دیداری قانع بەرنامەیەکی چڕوپڕمان داناوە، یەکەم شت کە کردومانەو بڕیارمانداوە، دیوانەکەی قاتع بە ٣هەزار نوسخە چاپ بکرێتەوە لە ئێران بەبەرگێکی جوان، ئەوە جگە لەوەی کە کۆمەڵێکی لە ڕۆژان دیداردا بەهەدیە دەردێت بە خەڵکەکەو دواتریش دەخرێتە بازاڕەوە، کەڵکێکی زۆری دەبێ شتێکی تر کە کردبێتمان و پەیکەرێکمان بۆ دروست کردووە، پەیکەرەکە لەدار دروست کراوە، هونەرمەندێکی پێنجوێنی بەکارەکە هەڵساوەو ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کردووە، لەڕۆژی دیدارەکە دەیهێنینە ئەو هۆڵەی کە لێی دەکرێت بۆ ئەوەی کە خەڵك ئەو ئیشە هونەرییە ببینێت کە لەسەر قانع کراوە.

هەروەها هەدیەکی کریستاڵیمان ئامادە کردووە.لە ڕۆژی ڤیستیڤاڵەکە لەکۆتایدا بەخەڵات دەدرێت بە ئەوانەی کەمەبەستمانە.

بەنیازین پۆستەری بۆ بکەین، دەلیل بکەین، دەعوەتنامە بکەین..هتد کۆمەڵێك شتی تر کە بۆئەو ڕۆژە پێویستە هەموومان لەبەرنامەدا داناوەو بودجەشمان بۆ تەرخانکردووە بۆ ئەوەی شتەکانمان بەرێك و پێکی بڕوات بەڕێوە.

*** پرۆژەی ئایندەتان چییە، ئایا لەبەرنامەتاندا هەیە کە ساڵانی داهاتوودا بەهەمان شێوە ڤیستیڤاڵ بۆ شاعیرانی کورد بکرێت؟**

-بەتەئکید بەرنامە زۆرە، ئەگەر ئێمە بتوانین و بارودۆخ لەباربێت لەئاستی بیرکردنەوەی خۆمان و بەرنامەڕێژی خۆماندا بێت، ئێمە نەك بۆ قانع، حەزدەکەین هەموو شاعیرێکی کورد لەنالی و حەمدی و لەهەموو ئەمانەوە بتوانین یادیان بکەینەوەو شتیان لەسەر بنوسین و دراسەیان لەسەر بکەین، چونکە لەوانەیە بۆ ئێستا بۆچوونی زۆر گەنجی ئەم سەردەمە جیاوازبێت و لەوانەیە ئێستا ئەوەی کە ئێمە بۆ قانعی دەکەین ڕەنگبێ کۆمەڵی خەڵك ئەمەی بەلاوە شتێکی زیادەو مەسرەفێکی زیادەبێت.

بەڵام بەڕای من هەرچی بۆ ئەوشاعیرە کۆنانە بکرێت لە ئەحمەدی خانییەوە هەتا دەگاتە قانعو حاجی قادری کۆییو هەتا ئەو هەموو شاعیرانەی کە هەمانە من لەو باوەڕەدام کە هێشتا هیچمان بۆ نەکردوون.

لەڕاستیدا من ئێستا ئەم دەزگایەی ئێمە کە چاپو بڵاوکردنەوەیە، من بەدەزگای پیرەمێردی ئەزانم چەند خۆش ئەبوو، ئێمە بۆ پیرەمێردی شاعیرورۆژنامەنووس بمانتوانیایە رۆژێ لەساڵەکانی ئەمساڵ زیندووی بکەینەوەو بیسەلمێنین کە ئەو پیرەمێردە بۆ میللەتەکەی چەند بەخەم بووەو لێرەوە تا ئەستەمبوڵ لە ئەستەمبوڵەوە تا سلێمانی، تا ئەوبنکەیەی کە دروستی کردبوو.

یاخود یەکێکی وەك نەجمەدین مەلا ئەو پیاوەی کە لەکەشتی نوحدا مرد کە دوای چەندین رۆژ لە مردنی پێی زانرا کە مردوە تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە، کە زۆر شتی چاکی هەیە.

ئێمە لەرێگەی سالمو لە رێگەی مەولەوییەوە دەچینە ناو شیعری تەسەوفو دنیا شیعریەکەی ئەوان کە لەراستیا ئەمانە هیچیان بۆ نەکراوە ئەگەر ئێمە بمانتوانیایە دیداریان بۆ سازبدەینو دراسەیان لەسەر بکەینو بەنەوەی نوێیان ئاشنا بکەینەوە، لەو باوەڕەدام کە ئەمە ئەرکێکی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە حکومەتی هەرێمیش حەقوایە زۆر پشتگیرمان لێبکات.

***لێرەوە مادام ئێوە بەم گەرمیەوەو بەو رەوتەدا بڕۆنو خزمەتی شاعیرانی کورد بکەن کەواتە ئەم ڤیستیڤاڵە لە ساڵەکانی داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێت؟**

–من لەوەتەی هاتوومەتە ئەم وەزارەتە، لەبەرنامەمدایە کە ئەم کارانە بکەین، بەڵام لە راستیدا تا ئێستا پەرتی لەئیشەکاندا هەیە یان نا بەرنامەییو بەدەنگەوە نەهاتنی ئیشەکان بۆیە ئەم ئیشانە نەکراوە، ئەگینا من وەکو خۆم حەزم کردووە، هەموو ساڵێك شاعیرێ، دوو شاعیر دیداریان بۆ بکرێت، چۆن دەیان کتێب بەچاپ دەگات. حەزدەکەم هەموو بەرهەمی نوسەرانو شاعیران چاپ بکەینەوەو لەگەڵ ئەوەشدا حەزم کردووە کە خزمەتیان بکەین، بۆ ئەوەی کە رۆحیان زیندووبکەینەوە تا خەڵك بزانێ ئەو شاعیرانە کێ بوونو چی بوون. چونکە بەڕاستی تا ئێستا گەنجی ئەم سەردەمە گرفتی ئەوەی هەیە نازانێت ئەم زاتانە کێن، نازانێت سالم کێیە؟ چی کردووە بۆ میللەتەکەیو بۆ شیعرو

ئـەدەبیاتی کـوردی. عەلائـەدین سـەجادی یەکێکـە لـەو زاتانـەی کـە چـەندین بەرهەمی کتێبی گەورەی هەیە. تا ئێستاش بەداخەوە من چەندێکە هەوڵ دەدەم کە کتێبەکانی چاپ کەمەوە، بەڵام کەس‌وکارەکەی نایەن بەدەنگمەوە، بۆ ئـەوەی کە بتوانم جارێکیتر بەرهەمەکانی بخەمەوە ژێر چاپ‌و کە بۆ زانست‌و خوێنـدنی ئەمرۆ زەروورەتی خۆی هەیە، کە لە زانکۆکاندا بخوێنرێت.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە(١٤٠) ٢٠٠٥/٩/١٥

دیاردەی چۆڵبوونی گوندەکان
پێویستی بەچارەسەری گونجاوە

رژێمی دکتاتۆری بەعس و سەدام لەڕێگای ئەنفال و سووتماککردنی کوردستانەوە، بەهەزاران گوندو بەسەدان شارو شارۆچکەی خاپوورکرد. خەڵکی کوردستانی لە ئۆردوگای زۆرەملیدا کۆکردەوە، بازنەیەکی مەترسیداری بەچواردەوری شارە گەورەکانی کوردستاندا کێشا، هەموو خاک و شاخ و دەشتاییەکی کردە زەوی قەدەغەکراو. هەرچی کانی و کاریزی کوردستان بوو تەقاندییەوە.. ئەو رەفتارە شۆفینانەیەی بۆ ئەوەکرد. کە کوردبە یەکجاری لەناو بەرێت، خاکی کوردستانیش بەتەواوی داگیر بکات و هەموو خێرو بێرێکی دەرخواردی بەعسییە خوێنڕێژەکانی بدات.

سەدام و رژێمەکەی ئەوەیان لەبیر خۆیان بردبۆوە، کە لەدنیادا میللەتێك، نەتەوەیەك نییە بەزەبری گوشارو تۆقاندن و دابەشکردن و دورخستنەوە لەناوچێت و ئەوەیان دانەنابوو. کە لەم جیهانەدا هیچ دەسەڵاتێك موطلەق و تاسەر نییە..نەیدەزانی هەموو توندوتیژی و کارێکی دڕندانەو نامرۆڤانە.. تەقینەوەی گەورەو راپەڕینی رقی ئەستووری لەدوایە.. راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئەوەی بەسەدام و دام و دەزگا سەرکوتکەرەکەی و هەموو دکتاتۆرەکانی دنیا سەلماند. کە دەسەڵاتی دکتاتۆری هەتا هەتایە نامێنێت و هەردەبێت کورسی زۆرداری کەرت و پەرت بکرێت.

لەدوای راپەڕینەوە کوردستان ئازادکراو، بەدوایدا پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دامەزرا.. دانیشتوانی ئۆردوگا زۆرەملییەکان، یەکسەر گەیشتنەوە سەر زیدی باو باپیران و کەوتنەوە پاککردنەوەی شوێن خانووی گوندەکانیان و کانی و کاریزەکانیان هەڵدایەوەو کەوتنەوە خانووکردن لەماوەی ساڵانی رابووردی ئازادبوونی کوردستاندا زۆربەی زۆری گوندەکان ئاوەدانکرانەوە... زۆربەی ئۆردوگاکان چۆڵکراون بوونەوە بەزەوی کشتوکاڵی... لەبەر پەرۆشی خەڵکی گوندەکان، حکومەت نەپەرژایە سەر ئەوەی بەرنامەیەك بۆ شێوەی

ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان دا بڕیـژێت سـاڵانی رابـردوو کـەڵکی زۆر بـاش لەئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان وەرگـیرا.. بەرهـەمی کشـتوکاڵ و دانەوێڵـە فریـای خـەڵکی کوردسـتان کـەوت. بـەڵام بەداخـەوە وشکەساڵی چـەند ساڵی رابووردوو کاریگـەری زۆر خراپـی لەسـەر هـەموو گونـدەکان و خـەڵکی کوردسـتان هـەبوو. بـەهۆی کـەم ئاوییـەوە زۆر لەگونـدەکان ناچاربوون چۆڵبکرێنەوە، مەڕوماڵاتیان بفرۆشن و هیچ جۆرە کشتوکاڵ و دانەوێڵەیەك بەرهەم نەدەهێنرا.

لێرەدا دەمـەوێت ئەوە بڵێم ئـەگەر پێش ئـەوەی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوە لـە کوردسـتاندا دەسـتی پێکـرد. بەرنامـەی گونـدی هاوچـەرخ دابڕێژرایـە لەهـەر ناوچـەیەك بـۆ چـەند گونـدێ گونـدی هاوچـەرخ دروسـتبکرایە، هـەموو جـۆرە خزمەتگوزارییـەکی بـۆ بکرایـە.. ئـەو دیـاردەی وشکەساڵیە کاریگـەری ئـەوتۆی لەسەر خەڵکی گوندەکان نەدەبوو.

دوای رووخـانی یـەکجاری رژێمـی دکتـاتۆری بـەعس و زیـادبوونی مووچـەی فەرمانبـەرو کردنـەوەی دەرگـای دامەزرانـدن لـەدام و دەزگاکـانی حکومـەتی هەرێمدا، کاری راستەوخۆی کـردە سـەر دانیشتووی گوندەکان.. زۆربەی زۆری کـوڕە گەنجـەکانی گونـدەکان دامـەزران.. ئـەو ماڵـەی ئەگـەر چوارسـەر ئـاژەڵی هەبێت، دەبێت پیاوە پیرەکەی ماڵەکە ببێتە شوانی کە ئەوەش کارێکی وایکردوە کە ئەو پیاوە پیرە تواناو تاقەتی ئەو ژیانی شوانییەی نەماوە، بۆیە بەناچاری بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاژەڵەکانی بفرۆشێت و ماڵەکەی بگوێزێتـەوە بـۆ نـاو شـارەکان جگـە لـەوە لەزوربـەی گونـدەکان هـیچ جـۆرە دانەوێڵوکشـتوکاڵێك ناکرێـت لەبەرئەوەیهەر جۆرە کشتوکاڵ و دەغڵودانێك بکرێت پارەیەکی زۆری دەوێت بـۆ کێڵانوبژاروددروونەوەو کۆکردنەوەو گەیاندنی بەبازاڕی شارەکان. کە کاتێکیش دەبرێتـە بازاڕ ئەوپارەیـە ناکات کـە تێـی چووە تـا ئێستا بیرلـەوە نەکراوەتـەوە، میکانیزمـێ بـۆ هانـدان و دەسـتگیرۆیکردنی خـەڵکی دێهاتییـەکان و وەرگرتنـی بەرهەمـە کشـتوکاڵی ودانەوێڵەکانی کوردسـتان و بـەتووتن و لۆکـەو مـەرەزەو چـەوەنەرو پەتاتـەو سـیرو پیـازو شـووتی وکاڵەك دەیـەها جـۆری تـری دانەوێڵەوکشتوکاڵ. نەکراوەتەوە کە ئەگەر هاندان و بەرنامەی یارمەتیدان هەبێت پێداویسـتیەکانی نـاو وڵاتـە کـەمان بەئاسـانی دابـین دەکـات و دەتوانرێـت بـۆ دەرەوەی کوردسـتانیش بنێردرێـت..لاتـان سـەیرنەبێت لـەم هاوینـەدا روولـەزۆر

گونددەکرێت، خەڵکی گوندەکە نە تەماتەونەبامێ ونەباینجانیان نەکردووە. ئەوە مەرەزە هەرهیچ و ماست و دۆشی نییەو ئاژەڵیشیان هەیە لەبەر ئەوەی کەسیان نییە مەڕومانگاوبزنەکانیان بۆ بدۆشێت...دیارە کەهەمووومان دەیزانین لادێ بەدۆوماست و میوەوە لادێیە. ئەم دیاردەیە.. بەشێوەیەکی وا ڕەنگی داوەتەوە کە ئەو گوندەی ئەگەر دەماڵی تیادا بووبێت ئێستا ماوەتەوە سەر نیوە، بۆ ئەوەی بەرلەم کۆچە نائاساییە بگیرێت، وادەخوازێت هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەیەکی گونجاو دابڕێژێت، بەر لەودیاردەیە بگیرێت، ئەوەش بەوە چارەسەر دەکرێت.. بەرنامەی گوندی هاوچەرخ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دابڕێژرێت بۆ هەر چەند گوندێك گوندێکی هاوچەرخ لەشێوەی شارۆچکەی بچووك دروستبکرێت گوندەکانیش حکومەت لەهەر گوندێ لەو گوندانە بەپێی زۆری و کەمی دانیشتوانی گوندەکان خانووی تازە دروستبکرێت، لەگەڵ دروستکردنی خانووەکاندا خوێندنگاکانی باخچەی ساوایان، سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و خەستەخانەو ئاو ئاوەڕۆی بۆ بکرێت. کۆڵانەکانی ناو گوندەکان قیرتاو بکرێن کارەبایان بۆ رابکێشرێت، ئامێرەکانی کێڵان و دورینەوەو گواستنەوەیان بۆ دابینبکرێت، تۆو سەمادو هەموو جۆرە هۆیەکی کشتوکاڵ و دانەوێڵەیان پێ بدرێت، بنکەی کشتوکاڵیان هەبێت بۆ ئەوەی چاودێریی و ڕێنمایی بکرێن. لەهەر گوندێك بنکەی پۆلیس و ئاسایش و سنوور هەبێت. لەو باوەڕەدام کە دانیشتوانی گوندەکان بیر لەوە ناکەنەوە جارێکیتر بچنەوە بۆناو شارەکان و ئەو کوڕوکاڵانەشی لەفەرمانگەیەکدا دادەمەزرێن دەتوانرێت هەر لەو سنوورەدا دەوام بکەن. بەم ڕێگایە دەتوانرێت بەرلەکۆچی لادێ بۆ ناو شار بگیرێت و وڵاتەکەشمان سیمای فراوانبوون و شارستانی گەشەکردنی پێوەدیاربێت...هەموو ناوچە گوندنشینەکانیش ببنە ناوچەیەکی بەرهەمهێنەرو بە بەرهەمەکانیان بازاڕەکانی شارەکان پڕبکرێت و وڵاتەکەمان و گەلەکەمان بگەیەنرێتە ئاستی وڵاتە خاوەن بەرهەمو پێشکەوتووەکان.

چونکە ئاوهەواو زەوی وشاخ و کێوی وڵاتەکەمان بەشێوەیەکە لەهەموو روویەکەوە دەتوانرێت کەڵکی لێوەربگرێت و دانیشتوانەکەشی تەمەڵ وتەوەزەل دانەنیشن، بەڵکە هەڵپە بکەن بۆ کەڵك وەرگرتن لە زەوی و زاری وڵاتەکەمان

باخەڵکی کوردستان. تەنها چاونەبڕێتە مووچەومووچەنەبێتە هۆی کەمکردنەوەو وازهێنانی لەبەرهەمی کشتوکاڵی و رەزی و دانەوێڵەیی و ئاژەڵی و پەلەوەری حەزدەکەم ئەوەبخەمە پێش چاو ناوچەیەکی وەکو قەرەداخ. جگە لەمەرکەزی ناحیە دەتوانرێت گوندی تری هاوچەرخ لەرۆژئاوای قەرەداخ لەدەشتی قەلای لای قازانقایە بۆ سەرجەم گوندەکانی ئەوناوچەیە دروستبکرێت و گوندێکی تر لە رۆژهەلاتی قەرەداخ لەناوچەی سێوسێنان و تەکیە بۆدانیشتوانی گوندەکانی ئەوناوچەیە دروستبکرێت وەژمارەیەکی زۆر خانوو لەمەرکەزی ناحیەکە بۆ گوندەکانی دەوری ناحیە دروستبکرێت و هەرگوندێ لەوگوندانەش لە(٢٠٠٠)هەزار خانوو کە مترنەبێت یان بەپێی سەرژمێری گوندەکان ودروستبکرێت لەکاتێکدا کە ئەم گوندانە دروستکران دەتوانرێت دانیشتوانی گوندەکان لەدەوری گوندە هاوچەرخەکان شوێنێك بۆ ئاژەڵداری و پەلەوەری تەرخانبکرێت و خەڵکەکەی زەویی گوندەکانیان بکەنە کشتوکاڵ و دانەوێڵەو باخ و سەرکانی وئاوەکانیان بکەنە سەیرانگاو شوێنی گەشتوگوزار...بەبۆچوونی من ئەگەر بەرنامەیەکی لەمجۆرە، لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بۆ هەموو ناوچەکان دابڕێژرێت و لەهەندێ ناوچە بەپێی بەرهەمی ناوچەکەیان کارگەی جۆراوجۆر دروستبکرێت ئەوە بەدڵنیاییەوە خەڵکی گوندەکان لەجیاتی ئەوە وەکو ئێستا روولەشارەکان دەکەن بەپێچەوانەوە روودەکەنەوە گوندەکان و بەمەش ئەو زۆری دانیشتوانی شارەکان کەمدەبنەوە چەندکێشەیەکی شارەکانیش کەمدەبنەوە وەکو گیروگرفتی خانووی نیشتەجێبوون و قەرەباڵغی بازاڕو سەرشەقامەکان.

له کوردستانەوە بۆ فرانکفۆرت

پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرت بایەخێکی زۆری بۆ ڕووناکبیری کوردی بەرجەستە دەکات.. وزەارتی ڕۆشنبیری لە ڕێگای ناوەندی کلتوری کوردی ئەڵمانی لە مانهایم، بۆ ساڵی دووەم بەشداری لە نمایشی کتێبی نێو دەوڵەتی فرانکفۆرتدا کرد. بە جێی خۆی دەزانم.. چەند لایەنێکی پێشانگاکە بۆ ڕۆشنبیرانی کورد ڕوون بکەمەوە.

کورتەیەکی کورتی پێشانگای کتێبی نێو دەوڵەتی فرانکفۆرت:

ئەم پێشانگانێو دەڵەتییەی کتێب (٥٧) ساڵە بە بەردەوامی ساڵانە لەمانگی ئوکتۆبەری هەموو ساڵێکدا، لە تەلارێکی گەورەی تەرخانکراودا لەشاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا. بە بەشداری ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دنیا و نەتەوەی جیا جیاکانی ئەم سەرزەمینەوە بەسەدان خانەی نمایشی کتێب بەڕێوەدەچێت.

لەو تەلارە تەرخانکراوەدا پارکی وەستانی ئۆتومبیل و هەموو پێداویستییەکانی کارو حەوانەوەو هۆڵی سمینار بە شێوەیەکی جوان و ڕێکخراو دابینکرابوو... هۆڵەکانی تەلارەکە لەلایەن خانەی نمایشی وڵاتانو نەتەوە جیا جیاکانەوە، لە مانگی یەکی هەموو ساڵێکدا شوێنی لێدەگرێتو بەڕێوەبەرانی تەلارەکە، لەسەر خواستی خاوەن خانەکان جیا جیایان دەکەنەوەو هەموو پێداویستییەکی نمایشی کتێبی بۆ دابین دەکەن لەسەر ئەو پارەیەی دەدرێتە بەڕێوەبەری تەلارەکە.. لەم پێشانگا نێو دەوڵەتییەدا ساڵانە وڵاتێ یان نەتەوەیەك دەکرێتە میوانی شەرەفی پێشانگاکەو.. ساڵی ٢٠٠٤ میوانی شەرەف وڵاتە عەرەبییەکانو ساڵی ٢٠٠٥ وڵاتی کۆریا بوونو ساڵی ٢٠٠٦ وڵاتی هندستانو ساڵی ٢٠٠٧ ئەدەبی کەتەلۆنیای بێ وڵات دەبێت. ساڵ ٢٠٠٤ لەو پێشانگانێو دەوڵەتییەدا (٣٥٠) هەزار ناونیشان هێنراونەتە خانەکانی نمایشی کتێب کە (١٠٠) هەزاریان کتێبی نوێبوون. بەشدارانی ئاسایی و پسپۆڕی زیاتر لە (٢٥٠) هەزار بووە.. لەخانەکانی نمایشی کتێب (٢٥٠٠) کۆڕو

سمینار لەبوارە جیا جیاکانی چاپو رووناکبیریدا گێڕدراوە. لەناو خانەکانی نمایشی کتێبدا خانەی نمایشی کتێبی کوردی هەبوو. کەبە (٧٠٠) ناونیشان و بەژمارەی زیاتر لە (٣٠٠٠) هەزار چاپکراو بەشداری پێشانگاکە یکرد. زۆر لایەنی رووناکبیریو چاپەمەنی سەردانی پێشانگاکەیان کردبوو. لەناویاندا (عەمەر موسا) لەسەردانەکەیدا وتبووی (زۆر پێخۆشحاڵم، ئەم ژمارە زۆرەی کتێب کە بەزمانی کوردی نووسراوە، لێرە دەبینم. وەشادمانم بەوەی کە ئێستا لە خانەی نمایشی کوردی راوەستاوم). بەرای من ئەم پێشانگایە سەنتەرێکی گەورەو فراوانی کۆکردنەوەی کتێبە لەهەموو جیهاندا، وە بڵندگۆو ویستگەیەکی یەکتر ناسینو یەکتر بینینە بۆ بواری رووناکبیری لە نێوانی وڵاتانو نەتەوەکانی دنیاداو پردێکی زۆر پانو بەرینو درێژی رووناکبیریە. بۆ کورد بایەخێکی زۆرو گرنگییەکی لەرادە بەدەری دەبێت ئەگەر بەهەند وەربگیرێت.

ساڵی ٢٠٠٥ خانەی نمایشی کورد لە پێشانگاکەدا:

بۆ جاری دووەم، وەزارەتی رۆشنبیری لە رێگای ناوەندی کلتوری کوردی ئەڵمانی لە مانهایم، بە (٥٠٠) ناونیشانو (٢٥٠٠) کتێبو بڵاوکراوە لە پێشانگای کتێبی نێودەوڵەتی فرانکفۆرتدا، بەخانەی نمایشی کوردی بەشداریکرد.

ئەو کتێبو چاپکراوانەی کە بۆ ئەو خانەیە نێردران، لەرێگای بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە ئامادە کرانو، رەوانە کران ئەو دامو دەزگایانەی بەچاپکراوەکانیان هاوبەشییان لە پێشانگاکەدا کرد ئەمانە بوون:

- چاپکراوەکانی بەرێوەبەرێتی گشتی چاپو بڵاوکردنەوەو خانەی وەرگێڕان
- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان
- دەزگای چاپو پەخشی سەردەم
- بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستن
- مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن
- مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان

- مەکتەبی بیرو هۆشیاری
- دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
- رادیۆی نەوا
- بەشی راگەیاندنی شارەوانی سلێمانی
- بنکەی ژین
- ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك
- گۆڤاری سلێمانی
- کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك
- چەند دەزگایەکی چاپەمەنی و روناکبیری لە کەرکوك و کەلارۆ هەڵەبجە.

نوێنەری وەزارەت بۆ پێشانگاکە (شێخ محەمەد سۆڵەیی)و نزار خەیلانی بوون..

خانەی نمایشی کوردی لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی ناوەندی کلتوری کوردی ئەڵمانی بەڕێوە دەچوو.

نوێنەری وەزارەت لە ٢٠٠٥/١٠/١٧ لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی ناوەندەکە کۆبۆوەو لە وردەکارییەکانی خانەکەو چۆنێتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکراو لەبەرنامەکەی کۆڵییەوە.

پێشانگاکە لە کاتژمێر (٥)ی ئێوارەی ١٠/١٨ لەلایەن (رۆڵاند کوخ) سەرۆکی وەزیرانی ولایەتی (هیسن) کرایەوە کاتژمێر (٩)ی بەیانی ١٠/١٩ پێشانگاکە کرایەوە و، رۆژانە لە (٩)ی بەیانییەوە تا (٣٠ر٥)ی ئێوارە بەردەوام دەبوو

رۆژانی (١٩-٢٠-٢١) تەرخانبوو بۆ رۆژنامە نووسان و پسپۆڕانی بواری چاپ و میدیاو بڵاوکردنەوەکان.

رۆژانی (٢٢ -٢٣) پێشانگاکە بۆ هەمووان کراوە بوو. بۆ بەستنی سمینارو کتێب کڕین و رێکەوتننامە..

لە خانەی نمایشی کوردیدا ناوەندی کلتوری کوردی ئەڵمانی، بانگهێشتی دکتۆر فیردیناندی کردبوو کە بەو کتێبەی لەسەر کورد نووسیویێتی بەناونیشنی

(دی کوردن). ناوبراو پسپۆڕێکی نەمساوییەو بەم کتێبەوە (٥) کتێبی لەسەر کورد نووسیوە..

نوێنەری وەزارەت بەراوێژ لەگەڵ (ئەحمەد بەرواری) نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا و لەسەر بڕیاری (وەزیری رۆشنبیری) بانگهێشتی دکتۆر فریاد فازلی سەرۆکی ئینستیووتی خوێندنی کوردی لەبەرلین کرد و بڕیاردرا بە کتێبەکانییەوە هاوبەشی لەخانەی کوردیدا بکات.

ئەو شوێنەی بۆ خانەی کوردی بەکرێ گیرابوو، (٤٨) مەتر دووجابوو.. بەچەند پەیکەرو تابلۆی بەهادینی هونەرمەند و، بەئالای کوردستان و بە چاپکراوەکان رازابۆوە.

لەرۆژانی پێشانگاکەدا. نوێنەری وەزارەت، لەگەڵ ئەندامانی ناوەندەکە سەردانی خانەکانی (شاریقە- مەنشووراتی جەمەل- هۆنکۆنگ- چین- دارئەهرام- وەزارەتی رۆشنبیری میسر- سکۆتلەند- هندستان- سعودیە- کوێت- ئێران- فەرەنسا- بەلجیکا- روسیا- بەریتانیا- ئەمریکا- ئیسرائیل- کۆریا- چەندیتر) کرد نوێنەرانی ئەو خانانەش سەردانی خانەی نمایشی کوردیان کردەوە، لە رۆژانی پێشانگاکەدا. نوێنەری وەزارەت بەیاوەری ئەندامانی ناوەندەکە، چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی لەگەڵ دەزگاو کۆمپانیا عەرەبی و جیهانییەکاندا کردو، چەند رێکەوتنێ لەنێواندا کرا. کە یەکێك لەو رێکەوتنانە رێکەوتن بوو، لەگەڵ کومپانیای کویزسی نەمساویدا سەبارەت بە چاپکردنی (ئەتڵەسی کوردستان) کە ئەم کومپانیایە کاریان تەنها چاپکردنی ئەتڵەسە لە جیهاندا.

لە رۆژانی ٢٢-٢٣ ئەحمەد بەرواری نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیاو، دابان شەدەڵە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە نەمساو، کارگێڕان و ئەندامانی مەڵبەندو ئەندامانی کۆمیتەی ئەڵمانیاو کۆمیتەکانی هۆڵەنداو بەلچیکاو نەمساو سویسرا، ئامادەی پێشانگاکە بوون و ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و رۆژنامە نووسان روناکبیران لەهەموو شارەکانی ئەڵمانیاو ولاتانی ترەوە سەردانی پێشانگاکەیان کرد. (مستەفا سالح کەریم) جێگری سەرنووسەری (الاتحاد)و کاوە محەمەد، سەرنووسەری کوردستانی نوێ لە رۆژی ٢٢/١٠ ئامادەی خانەك بوون و لە سمینارەکاندا هاوبەشیانکرد.

ڕۆژی ١٠/٢٢ سێ سمینار لەلایەن ئەم ڕووناکبیرانەوە گێڕدرا:

١. دکتۆر فیردینان لەسەر کتێبەکەی بەدوورودرێژی قسەیکردو دکتۆر ڕاو بۆچوونەکانی سەبارەت بەزمانی کوردیو مێژووی کورد خستە ڕوو. دکتۆر فریاد فازل سمینارەکەی بەڕێوەدەبرد.

٢. دکتۆر فریاد فازل لەسەر ئیملاو ڕێنووسی کوردیو بەرهەمو فەرهەنگەکانی باسێکی پێشکەشکردو نزار خەیلانی کۆڕەکەی بەڕێوە دەبرد.

٣. شێخ محەمەد سوڵەیی لەسەر بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لەهەرێمی کوردستان و کاروچالاکییەکانی وەزارەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان باسێکی پێشکەشکردو کۆڕەکە نزار خەیلانی بەڕێوەی دە برد

لە هەرسێ کۆڕەکەدا ئامادەبووان بەپرسیارو ڕوونکردنەوە بەشدارییان لە کۆڕەکاندا کرد. ئەوەی شایەنی باسە مامۆستا مستەفا ساڵح کەریم بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکەی سوڵەیی بەشدارییەکی خۆی ئاسایکرد.

ڕۆژانی پێشانگاکە... کەناڵی کوردسات بەپەیام نێرو وێنەگرێکەوە و کەناڵی ڕۆژو چەند کەناڵێکی بیانیو ناوەندی ڕووناکبیری بەشدارییان لەڕۆژانی پێشانگاکەدا کرد.

لە پێشانگای نێودەوڵەتی فرانکفۆرتدا (٦٧٠٠) خانەی نمایش هەبوو. زیاتر لە (١٠٠) وڵاتو نەتەوەی جیا جیا بەشداریان کرد، کە خانەی نمایشی کوردی یەکێکبوو لەو وڵاتو نەتەوانەی بەشداربوان.

لەهەردوو ڕژی ٢٢-١٠/٢٣ ئاپوورەیەکی نووسەرانو ڕووناکبیران لەخانەی نمایشی کوردیدا دەبینراو، تابلۆکانو ژنانو کچان بە جلی کوردییەوە و گۆرانیە کوردییەکانو ئاڵای شەکاوەی کوردستان سەرنجی ڕۆشنبیرانو نووسەرانی بیانی ڕادەکێشاو سەردانی خانەکەیان دەکردو پرسیاریان دەکرد ئەوەی شایەنی باسە.. میوانەکانی خانە هەرهەموو بەپەرۆشەوە هەوڵی کڕینی چاپکراوکانیان دەدا و، داوایان دەکرد کە پێیان بفرۆشرێت بەداخەوە لەبەرئەوەی ژمارەی چاپکراوەکان کەمبوون، نەدەتوانرا داواکەیان جێبەجێ بکرێت. زۆر لە میوانەکان بەرهەمەکانی دکتۆر فریاد فازلو چەند کتێبێکی تریان بەدیاری پێشکەش دەکران.

پێشانگاکە بەسەرکەوتووی کۆتایی هات و ئومێد دەکەم بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بایەخی باشترو بەرهەمی باشترو زۆرتر بریتە پێشانگاو (ئەتڵەسی کوردستان) چاپبکرێت و یەکێك بێت لەو بەرهەمە شاکارانەی خانەکە.

هیوادارم دکتۆر فریاد فازل و ئینستیووتی خوێندنی کوردی لە بەرلین: مەلحەمەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی و هەڵبژاردە لە شیعری گۆران و شێخ نوری شێخ ساڵح کە کراونەتە ئەڵمانی چاپبکرێن و فەرهەنگی ئەڵمانی کوردی کە ئامادە کراوە چاپبکرێن و ئەو بەرنامانەی دامان رشتووە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بەهەند وەربگیرێن و بەباشی ئەنجام بدرێن.

رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە( ) لە / /٢٠٠٥

لە دیداری قانعەوە بۆ دیداری شاعیرێکیتر

یــەکێك لەئــەرك و چــالاکییەکانی وەزارەتــی رۆشــنبیری بەســـەرکردنەوەو زیندوکردنـــەوەو خوێندنـــەوەی ئـــەدیبان و روونـــاکبیرانی گەلەکەمانـــە. ئـــەو روناکبیرو ئەدیبانەی لەسەردەمەکانی رابردووی گەلەکەماندا، لەگەڵ ناهەمواری بـاروودۆخی سیاسـی و روونـاکبیری و هونـەری و فشـاری درندانـەی بـەردەوامی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان لەگەڵ نالەباری ژیانیاندا، خەمخۆرانە ئەسپی ئەدەب و هونەریان، لەبەر تروسکەی قوتیلەو لەمپاو فانۆس، بەپێنووسی ئوچ ئاساو لەسەر کاغەزی بۆری ئەو سەردەمانە، قەڵەمی بەبرشتیان لەبواری ئەدەب و هونەردا، دەخستە کارو شیلەی بیرو مێشکیان دەدا بەدەمی قەڵەمەکانیانەوە و ئـەدەب و هونـەریان بـۆ نـەوەی گەلەکـەیان دەنووسـی. ئـەو شاسـوارانەی ئـەدەبی کـــوردی، زۆربـــەیان لـــەکونجی مزگەوتەکانـــەوە تیشـــکی بـــیرو بۆچـــوونیان تۆماردەکردو بەو کارە بەهرەمەندەیان بنەمای مێژووی ئەدەبی کوردی و هونـەری کوردیـــان دارشـــت. بـــە نووســـین و هـــۆنراوەی نیشـــتمانی و کوردپەروەرانـــەیان، رینمـایی نـەوەکانی گەلەکـەیان دەکـرد رووی نیشتمانپەروەری و دڵسـۆزیان بـۆ خـاك و نەتەوەکـەیان و، هانیـان دەدان بـۆ خـەبات و تێکۆشـان دژی داگیرکـەران و چەوســـاندنەوەی نەتەوایـــەت و چـــینایەتی... بەشـــیعرو نووســـینەکانیان، ئامۆژگارییـان لـەرووی پێشـکەوتنی کۆمەڵایـەتی و پـەروەردەیی و رۆشـنبیریەوە دەکـردن، گیـانی بـەرگری و بەگژاچـوونەوەیان بـەهێزدەکردن.. دیـارە یـەکێك لەوشاعیرونووسەرە، منەوەرانەی مەیدانی ئەدەبی کوردیمان قانعی شاعیربووە.

ئەوشـــاعیرو نووســـەرو روونـــاکبیرو هونەرمەندانـــە، ئەگـــەر لەســـەردەمە جیاجیاکنی مێژووی نەتەوەکەماندا، هەلێکیان بۆرەخسابێت و لـەو هەلـەدا کـەمێ خزمەتکرابن.. دیـارە ئـەوە ناگەیـەنێ کـە ئـەو ئەدیب و روناکبیرو هونەرمەندانە مـاڤی خۆیـان دراوەتـێ، ئـەمرۆ بـەهۆی گۆڕانکارییـەکانی ناوچەکـەو کوردسـتان و ئازادبوونی خاك و میللەتەکەمان و پێکهێنانی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم و رووخاندنی رژێمی دکتاتۆریـەتی سەدام و هەڵبـژاردنی بـەڕێز مام جەلال

بەسەرۆکی کۆماری عێراق، دەبێت وەزارەتی رۆشنبیری، بەرنامەی رێزلێنان و یادکردنەوەی ئەدیبان و رووناکبیران دابڕێژێت. هەرچەندە لەدامەزراندنی وەزارەتەوە، تا ئێستا وەزارەتی رۆشنبیری و دەزگا حزبی و رێکخراوەیی و ئەهلی و حکومییەکان کۆمەڵێ کاری باشیان بۆ خزمەتکردنی ئەدیبان و رووناکبیران و ئەنجام داوەو وەلەلایەن خودی بەرێز (مام جەلال) ەوە بەرنامەی خزمەتکردنی نووسەران و هونەرمەندان دانراو یارمەتی دراون.. بەڵام بۆبواری ئەدەبی و رووناکبیری و هونەری ئەو خزمەتە هێشتا کەمەو لەمڕۆ بەدواوە، ئەوە ئەخوازێ کە بەبەرنامەیەکی چڕوپڕتری هەمە لایەنە خزمەتکردنیان لەپێش چاوبگیرێت لەبواری یادکرنەوەیان بەسازدانی دیدارو کۆڕو میهرەجانی شایستەو بەچاپکردن و چاپکردنەوەی بەرهەمەکانیان وەکو چۆن ئەمساڵ دیداری قانع بەرنامەی بۆدانراو کاری پێویستی بۆکرا. کەبەداخەوە هەندێ هۆو گرفت بووە هۆی دواکەوتنی دیدارەکە لەناوەراستی ساڵەوە بۆ کۆتایی ساڵ دیداری قانع کەبەچاودێری بەرێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێم و لەژێر دروشمی (دوای چل ساڵ لەمەرگی شاعیر رۆحی زیندوی بەرز رادەگرین) لە رۆژانی ٢٧-٢٨/ ١٢/٢٠٠٥، لە هۆڵی هونەرەجوانەکانی کورد لەسلێمانی بەڕێوەچوو...

لیژنەی باڵای دیدار، لەسەر رەزامەندی وەزیری رۆشنبیری، چەند کارێکی شایستەی بۆدیداری قانع ئەنجامدا، وەکو دروستکردنی پەیکەرێك لەدارو چاپکردنەوەی دیوانی قانع بەتیراژی (٣٠٠٠) دانە و دروستکردنی خەڵاتێکی کریستاڵی بەوێنەی قانعو، دروستکردنی سایك و جانتاو پۆستەرو دەلیل بەوێنەی شاعیرو. لە خۆرهەڵاتی کوردستان و بەغداو هەولێرو کەرکوکەوە بانگهێشتی چەند کەسایەتییەکی ئەدەبی و رووناکبیری کراو، داوا لەچەند نووسەرو قانع دۆستێك کرا، کە لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و شیعری قانع بنووسن و لەرۆژانی دیدارەکە بەچەند کۆڕێك پێشکەشبکرێن. دووبانگەواز لە رۆژنامەو کەناڵەکاندا سەبارەت بەدیدارەکە بڵاوکرایەوە.. ئەوەی شایانی باسە زیاتر لە (١٢) بابەت بۆدیدارەکە هاتبو، لەوبابەتانە تەنها (٨) یان بابەتی بەپێزبوون و بابەتەکانی لەلایەن لیژنەوە پەسەنکران بۆ خوێندنەوە. لەکاتێکدا ئەوبابەتانە گەیشتبوونە لیژنەی باڵا، مامۆستا جەمال بابان بەهۆی چاپکردنی کتێبێکیەوە

لەبەرێوەبەرێتییەکەمان سەردانی کردین و باسی دیدارەکەکرا. وتی منیش هەندێ بیرەوەریم لەگەڵ (قانع) دا هەیە. ئەگەر بتانەوێت بۆتان دەهێنم و بابەتەکەی دوای چەند رۆژێك هێنا و خریە بەرنامەوە. بەڵام بەداخەوە مامۆستا بابان، لە رۆژانی دیدارەکەدا ئامادە نەبوو، وە نەیویست بابەتەکەی پێشکەش بکات.

ئەحمەدی نەزیری، کە نووسەرێکی خۆرهەڵاتی کوردستانەو ماوەی چەند ساڵێك خۆی بۆ نووسینەوەو کۆکردنەوەی شیعرە بڵاونەکراوەکان و قسەو نوکتە خۆشەکانی قانع تەرخانکردووەو لەئەنجامدا بەرگی یەکەمی (زایەڵەی زرێباری) بڵاوکردۆتەوە، ئاگادار کرابوو. بۆ دیدارەکە. بەڵام بەداخەوە پێی نەوترابوو کە بابەتێ لەسەر سەرجەم کارەکانی بۆ قانع کردوویەتی بنووسێت بۆ دیدارەکە، کە هاتە دیدارەکە گلەیی لێکردین و گلەییەکەیمان بە مافێکی رەوا زانی.. بۆ مەراسیمی دیدارەکە. کارتێکی بانگهێشتکردنمان بەوێنەی قانع چاپکردبوو، بەژمارەیەکی بەرچاو لەلایەن لیژنەکانی سەرپەرشتی و بەرێوەبردنەوە. دابەش کرا.

مەراسیمی دیدارەکە بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

یەکەم رۆژی دیدارەکە:

کاتژمێر ٩،٣٠ ی بەیانی رۆژی ٢٧ /١٢ بەئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیبان و نووسەران و هونەرمەندان و عاشقانی شیعری قانع لەلایەن بەرێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی پەردە لەسەر پەیکەری شاعیر لادرا.

کاتژمێر ١٠،٣٠ ی بەیانی هەمان رۆژ مەراسیمی بەشی یەکەمی دیدارەکە لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لەسلێمانی، بە چاودێری سەرۆکی حکومەت و بە ئامادەبوونی میوانێکی زۆر.. مەراسیمەکە دەستیپێکرد.

دڵشاد مستەفا و ناهیدی حسینی مەراسیمەکەیان بەرێوەدەبرد...

دوای دەقیقەیەك وەستان بۆ رۆحی قانع و شەهیدانی قەڵەم و ئازادی کوردستان، ناهیدی حسینی بەدەنگە زوڵاڵ و کاریگەرەکەی چەند بەیت و چوارین و کۆپلەی شیعری قانعی خوێندەوە. بەدوایدا شێخ محەمەد سۆڵەیی وتاری لیژنەی باڵای دیداری خوێندەوەو وتارەکەی بەم بەیتە شیعرەی قانع دەستپێکرد:

هەزار ڕەحمەت لە ئارامگای بەرزی سەیدی (چۆڕ)ی
کە منداڵبووم بە لوتفی خۆی مەساری ژینمی گۆڕی

لە وتارەکەیدا وێڕای بەخێرهاتنی سەرۆکی حکومەتو میوانە بەڕێزەکانی دیدارەکە. ئاماژەی بەوە دا ئەگەر شیعر فاکتەری هاندانو جۆشدانو چرای ڕووناککردنەوەی ڕێبازو سرودی چەوساوەو شۆڕشو سەرکەوتن، بێت ئەوە قانعی شاعیر بەشیعرەکانی هەتا هەتایە زیندووەو نەمرەو نەمردەبێتوەهەروەها تیشکی خستە سەر چەند لایەنێکی درەوشاوەی قانعو شیعرەکانی.

بەدوایدا ناهید، چەند کۆپلەیەکی لەشیعری قانع خوێندەوە، دڵشاد مستەفا ڕایگەیاند کە بەڕێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەت وتارێک بۆ دیدارەکە پێشکەش دەکات. سەرۆکی حکومەت وتارێکی بەپێزی لەسەر ڕۆڵی جوامێرانەی قانعی شاعیری چەوساوەکان و جووتیارانی کوردستان خوێندەوە، لەوتارەکەیدا باسی کاریگەری شیعری قانعی کرد. لەسەر هوشیارکردنەوەی جووتیارانو کرێکارانی کوردستانو ڕۆڵی قانعی لە ئەدەبی کوردیو شیعری کوردیدا بەرز نرخاندو، قانعی بەشاعیری چەوساوەکان ناوزەد کردو خۆشحاڵی خۆی بۆ سازکردنی دیدارەکە بەرجەستە کرد، وتی قانع لەمە زۆر زیاتر هەڵدەگرێت بۆی کراوە بۆی بکرێت..

جارێکیتر ناهید بەخوێندنەوەی چەند بەیتە شیعرێکی قانع هۆڵەکەی خامۆشکردەوە. دڵشاد مستەفا بەدوایدا هاوڕێ سەنگاوی پێشکەشکرد بۆ خوێندنەوەی وتاری وەزارەت. هاوڕێ سەنگاو لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ شیعری قانعو قانع کرد، لە خزمەتی جووتیارانو چەوساوەکانی کوردستاندا.. ڕۆڵی قانع و شیعرەکانی بەهاندەرێکی گەورە لەقەڵەمدا، بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەری چەوساوەی گوندوشارەکان.

ناهیدی حسینی بەشیعری قانع شیعر بارانی هۆڵەکە یکردەوە.. دڵشاد مستەفا شاعیری گەورەی گەلەکەمان شێرکۆ بێکەسی پێشکەشکرد بۆ خوێندنەوە چەند پەیڤێك.. مامۆستا شێرکۆ وێڕای خوێندنەوەی چەند پەیڤێكو، ئەو شیعرانەی لە دیوانی کورسیدا بۆ قانعی نووسیووە خوێندەوەو میوانەکانی هۆڵەکەی پەیڤ بارانکرد.. جارێکیتر ناهیدی حسینی بووە ئاوێنەی باڵانمای قانعو عاشقانی قانعی سەرسامکرەوەد.

بەدوایدا دڵشاد مستەفا هونەرمەندی دەنگخۆش حەمە جەزای پێشکەکشکرد بۆ چڕینی مەقامی (ئاخرین ماڵی ژیانم). کە بەدەنگە زولاڵەکەی هەمو دیوارو سەقفی هۆڵەکەی دەلەرانددەوە.

دوای خوێندنەوەی چەند بەیتێکیتری قانع لەلایەن ناهید خانەوە دڵشاد مستەفا پشوویەکی چەند دەقیقەی راگەیاند. بەرێز عومەر فەتاح سەرۆکی حکومەت لەگەڵ دەستخۆشی لەسازدانی دیدارەکە داوای مۆڵەتدانی رۆیشتنی کرد.

بەشی دووەمی مەراسیمەکە بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان دەستی پێکرد، دکتۆر حەمە دلێر میسری بەرێوەبردنی کۆڕەکەی وەرگرت، دکتۆر سەباح بەرزنجی پێشکەشکرد بۆ پێشکەشکردنی بابەتیٚ بە ناونیشانی (رەنگدانەوەی کلتوری ئاینی لەشیعرەکانی قانع) دا بەتەواوبوونی بابەتەکە گفتوگۆی هەمەلایەنە لەسەر بابەتەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە کرا.

بەدوایدا عیرفان رەهمنوون بابەتێکی بە ناونیشانی (قانعو مۆدێرنیتە) پێشکەشکردو لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا.

کاتژمێر (٣) ی دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژ دیدارەکە بەردەوام بوو. نووسەرو روناکبیر رێبین هەردی بەرێوەبردنی کۆڕەکەی وەرگرتو هەورامانی وریا قانعی پێشەکشکرد بۆ خوێندنەوەی بابەتیٚ بەناونیشانی (رەخنە وەکو وشیاری سەرەتایەکی نویٚ بۆ خوێندنەوەی ئەزموونی قانع) لە نووسینی (مەریوان وزیا قانع) بەدوایدا گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە کرا.

بابەتی دووەمی ئێوارە کۆڕەکە تەرخانبوو بۆ روناکبیرو رۆماننووس بەختیار عەلی کە بابەتێکی بەناونیشانی (قانع سەرهەڵدانی ناسیونالیستی) پێشکەشکرد بەدوای پێشکەشکردنی باسەکەیدا دەرگای لێدوان و گفتوگۆ کرایەوە.. ئامادە بووان بەشدارییان لە هەڵسەنگاندنی بابەتەکەیدا کرد.

دووهەم رۆژی دیدارەکە:

کاتژمێر (١٠)ی بەیانی رۆژی ١٢/٢٨ شاعیرو نووسەر دکتۆر رەفیق سابیر بەرێوەبردنی کۆڕەکەی پیٚ سپێردراو دکتۆر تاهیر محمەد عەلی پێشکەشکرد بۆ

پێشکەشکردنی بابەتێ بەناونیشانی (گرنگی خوێندن لای قانعو کاریگەری لەسەر نەوەی نوێ) بەتەواوبوونی بابەتەکە گفتوگۆی زۆر لەسەر بابەتەکە لەلایەن ئامادەبوانەوە کرا...

لەم بەیانیە کۆڕەدا ئەحمەدی نەزیری کە لە خۆرهەلاتی کوردستانەوە بانگهێشتکرابوو خاوەنی زایەڵەی زرێباری قانعە.. بابەتێکی بەناونیشانی (چۆن توانیم بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی قانعو نوکتەو قسە خۆشەکانی کۆبکەمەوە) پێشکەشکرد..

دکتۆر رەفیق شوانی بابەتێکی بەناونیشانی (قانع شاعیری چەوساوەکان) پێشکەشکردو بەدوایدا گفتوگۆی لەسەرکرا.

وە هەر لەو بەیانیە کۆڕەدا نووسەری خۆرهەلاتی کوردستان عەلی ئەشراف بابەتێکی بەناونیشانی (مەکتەبی پەروەردەی قانعو هێڵە سەرەکییەکانی) پێشکەشکردو بەدوایدا لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا.

دوا ئێوارەی کۆڕو مەراسیمی کۆتایی دیدارەکە: کاتژمێر (٣)ی ئێوارە دکتۆر فەرەیدون بەرزنجی بەرێوەبەری کۆڕ، مامۆستا ((رێبوار حەمە تۆفیق)) ی پێشکەشکرد بۆ پێشکەشکردنی بابەتێ بە ناونیشانی (قانعو فەرهەنگی ئایندەبینی) و دوای خوێندنەوەی بابەتەکەی لەلایەن ئامادەبوانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا.

دوای پشوویەکی کورت، دڵشاد مستەفا مەراسیمی کۆتایی دیداری راگەیاندو ناهیدی حسینی بە خوێندنەوەی چەند پارچە شیعرێکی قانع سەرنجی ئامادەبوانی هۆڵەکی راکیشاو، بە دوایدا، مەم بورهان وریا قانع وتاری بنەماڵەی خوێندەوەو لە وتارەکەیدا ویرای ئەوەی قانعی بە شاعیری نەتەوەو چەوساوەکانی کوردستان لەقەڵەمدا. بەناوی بنەماڵەوە سوپاسی فەتاح زاخۆیی و لیژنەی باڵاو وەزارەتی رۆشنبیریو سەرۆکی حکومەتی کرد. کە توانیان دیدارەکە سازبکەنو ئامادەی رۆژانی دیدارەکەبن.

بەدوای خوێندنەوەی وتاری بنەماڵە سەرۆکی لیژنەی باڵای دیدار شێخ محەمەد سۆڵەیی وتاری کۆتایی دیداری خوێندەوەو لەوتارەکەیدا سوپاسی سەرۆکی حکومەتو وەزارەتی رۆشنبیریو وەزارەتیدارایی و بەرێوەبەرێتییەکانی کارەباو گەنجینەو ئاسایشو هەموو کەناڵەکانی راگەیاندنو بەتایبەتی کەناڵی گەلی کوردستانو کوردساتو ئەندامانی لیژنەی باڵاو ئەو

فەرمانبەرانەی کە لەلیژنەکاندا بوونو بەباشی دیدارەکەیان بەڕێوەبرد کرد. هەروەها سوپاسی ئەو نووسەرانەی کرد کە بابەتیان پێشکەشکرد و ئەوانەی کۆڕەکانیان بەڕێوە بردو ئەو میوانانەی کە هەردوو رۆژەکە ئامادەی دیدارەکە بوون، وە سوپاسی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کوردو کتێبخانە گشتی سلێمانیو بەڕێوەبەرێتی پەساپۆرتو مانەوەو قائیمقامی پێنجوێنی کرد، کە هاوکاریانکرد، بۆ کار ئاسانیو بەڕێوەچوونی دیدارەکە. بە دوایدا ناهیدی حسینی بەچەند پارچە شیعرێکی قانع هۆڵەکەی شیعر بارانکرد. دوای ئەوە دڵشاد مستەفا دابەشکردنی خەلاتەکانی دیدارەکەی راگەیاند کە ئەم بەڕێزانە خەلاتەکان پێشکەش دەکەن: دکتۆر حەمە دلێر، شێخ محمەد سۆڵەیی، هاوڕێ سەنگاو، شۆرش ئیسماعیل، مامۆستا جەمال محەمەد، شێرکۆ بێکەس.

ئەوەی ماوە بیڵێم، هەردوو رۆژی دیدارەکە هۆڵی هونەرەجوانەکان لە نووسەرانو ئەدیبانو ئەدەب دۆستانو مامۆستایانی زانکۆو عاشقانی شیعری قانع پڕەبوو.. وە دیدارەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات و. من لێرەوە جارێکیتر سوپاسی هەموو لایەك دەکەمەوە کە یارمەتیان داینو هاوکارییان کردین.

ئومێد دەکەم کە وەزارەتی رۆشنبیری لەساڵی ٢٠٠٦و ساڵانی داهاتوودا دیداری لەم جۆرە بۆ ئەدیبانو شاعیرانو رووناکبیرانی گەلەکەمان رێکبخاتو، لە پێشیانەوە دیدار بۆ شێخ نوری شێخ ساڵحو هێمنی شاعیرو مامۆستا عەلادین سجادیو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو سالمو مەحویو کوردیو ئەحمەد موختاری جافو گۆرانوبێکەسو حەمدی...

دەبا لەدیداری قانعەوە هەنگاو بۆ دیداری شاعیرانی تر هەڵگرین. حەزدەکەم ئەوەش بە خوێندەواران رابگەیەنم ئەوبابەتانەی لەسەر قانع پێشکەشکراون لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کتێبێکدا چاپی دەکەین و تکا لەو برایانە دەکەین کە بابەتەکانیان تەواو نەکردووە و یان دەیانەوێت لێی زیادبکەن. بە زوویی تەواوی بکەنو بۆمان بنێرن.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە(١٨١) لە ٢٢ / ١ /٢٠٠٦

بەشی دووەم
بابەتە ئەدەبییەکان

با ئەمانەش لەناو نەچن

خوێنەری هێژا ئەم بەشەی کە ناونیشانی بابەتە ئەدەبییەکانی لە کەشکۆڵدا وەرگرتووە. کۆمەڵێ نووسینن کە ساڵانی رابردوودا نووسیومن هەیانە لەکاتی خۆیدا بڵاوکراوەتەوە، هەندێکیشیان بڵاونەکراونەتەوە..لەمجۆرە نووسینانەم زۆربوون بەداخەوە..بەهۆی بارودۆخی سیاسی کوردستانەوە زۆربەیان لەناوچوون. ئەمانە تاک‌وتەران ماونەتەوە بەجێی خۆی دەزانم بۆ ئەوەی ئەمانەش لەناونەچن. لەم کەشکۆڵەدا بڵاویان بکەمەوە، بەلای خۆمەوە ئەگەر بابەتە ئەدەبییەکە بەهێزیش نەبێت لەبەرئەوەی وەکو یادگارییەکی رۆژان و ساڵانێکی مێژووی مەرگەساتی گەلەکەمان بەلامەوە گرنگە.

بۆنموونە لەناویاندا (دوونامە)ی هاورێی شاعیرم کاکە لەتیف هەڵمەتی تیادایە. ئەو نامانە لای خۆم نەمابوون لەئەرشفی کاکە لەتیفدا مابوون.. دیارە کاکە لەتیفیش نامەی بۆمن ناردووە، بەڵام بەداخەوە نامەکەی یەکێکە لەو بابەتانەی لەناوچوون، هیوادارم ئەم بەشە جێی خۆی لە ئەدەبی گەلەکەمدا بکاتەوە.

نووسەر

شەکیبیش کاروانی ژیانی بەجێهێشت و تابوتی مەرگی ماچ کرد [i]

ژیان و بەسەرهاتی شەکیب... [ii]

شەکیب شاعیری زمان پاراوو نوکتە بازو قسەخۆش و دڵبەندی تەریقەی نەقشی ولەخواترس..شاعیری دوودڵی بەئاوات نەگەیشتووی ژەمبووردەی خۆشەویستی لەیلاو مەجنوون..شاعیری زرنگی ناو کۆڕوکۆمەڵی پیاوانی ناوشاری سلێمانی و ناوچەی شارباژێڕ..

شەکیب حاجی مەلا فەرەجی سالحی عەزیزی-واژەییە..کەلەساڵی(١٣٣٢)ی کۆچیدا لەباوەشی دێیەکی خنجیلانەی ناوچەی شارباژێڕ(واژە)ی

هەوارگەی دەسەڵاتداریێتی میرنشینی بابان و جێ شەڕگەی-شێخ مەحموودی-نەمرو سەنگەری نەڕوخاوو هەمیشە پتەوی پێشمەرگەکانی کوردستان دا-سەری کێشاوەتە جیهانی کوردستانێکی سەخت و ناو میللەتێکی دابڕ دابڕو ماف پێشێل کراوەوە چاوی لەبەرامبەری شاخی(گمۆ) گمە گمی کوردانەوە هەڵهێناوەو، مەلاشووی بەوشەی پاراوی-کوردی-هەڵدراوەتەوە..دیارە-لانکەی-ئەمیش شپرزەی بێ دەسرازەیی بووە، بۆیە باوکی بناری چیای(گمۆ)ی بەجێ هێشتووەو روی کردۆتە بناری ئەزمەڕو گۆیژەو چۆتە دێی-کانی بەردینە-وکەوتۆتە ژێر سێبەری- شێر کوژو پیرەمەگروون-ەوە، وەیا شوێنەواری بابانەکان لە قەڵاچوالاندا، پاڵی پێوە ناوە

---

[i] نووسینەوەو لێدوان لەبارەی ژیانی شەکیب لەو دەست خەتەی خۆی وەرگیراوە کە لەکاتی خۆیدا لەهاوینی ساڵی ١٩٧٢دا لەپێش مردنیا بەچەند مانگێك نوسیویەتیەوە. ئێستا لە نامەخانەی کۆڕی زانیاری کورد پارێزراوە.

[ii] کاك(جەمال محەمەد)قوتابی کۆلێجی ئادابی سلێمانی لە ژینی ژمارە(٩٦)دا بەمێژووی ١٩٧٢/١٢/١٤باسێکی کورتی لەسەر شەکیب بڵاوکردەوە من لەبەر نەبوونی ماوە نەمتوانی لەکاتی خۆیدا ئەو ئەرکەی کەوتبووە سەر شانم جێبەجێی بکەم.

کە لە یەکەم مەڵبەندی- حکومەتی کوردی-حکومەتی شێخ مەحموود-لە سلێمانی نزیك ببێتەوە. لە-کانی بەردینە-دا زمانی پژاوەو، گوێی بۆ هەواڵی ڕاپەڕینەکانی کورد کراوەتەوەو، چاوی بۆ ڕزگاری کوردستان هەڵهێناوە..باوکی شپرزەیی و بێ دەرامەتی میللەتی کوردی لە نەخوێندەواری‌دا بینیوە بۆیە هەر لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە- مەلا فەرەجی خستۆتە حوجرە-ی مەلا ساڵحی قوربانی سەرەتای خوێندنی بە ئەلف و بێ دەستی پێکردووە تا قورئانی-خەتم کردووە.

بەدوای یەك دوو ساڵێکدا، لەبەر پێویستی ژیانماڵیان باری کردۆتەوەو ناوچەی سەرچنار-یان بەجێهێشووەو گەڕاونەتەوە بۆ بێشکەی چاوکردنەوەی شارباژێڕو چوونەتەوە دێی(واژە)و لەسەر خوێندنەکەی بەردەوام بووەو، نزیکەی پێنج ساڵێك لەلای-مەلا شەمسەی-واژە-ش خوێندویەتی، لەو ماوەیەدا گوڵستان و بۆستان و چەند کتێبێکی تری عەرەبی و فارسی خوێندووە، زیرەکی-شەکیب-خۆی لەلایەك و هاندان و پشت گرتنی باوکی و مامۆستاکانی لەلایەکی ترەوە، پاڵیان پێوەناوە کە لەسەر خوێندن بەردەوام بێت و،خولیای گەڕانی بکەوێتە سەرەوە بەدوای شوێن و مامۆستای باشدا، بۆیە وەکو-فەقێیەکی-ئەو سەردەمە بوخچە کتێبەکەی داوە بەکۆڵیاو، ماڵی خۆیانی بەجێ هێشتووەو، کەوتۆتە ناو ژیانی حوجرەو ڕاتبەو دەقنەکردن و گەڕان بەدوای موستەعیدی باش و مەلای بەناوبانگ و شارەزادا.

بۆیەکەمجار بوخچەکەی لەدێهاتەکانی دەوروبەری سلێمانی کردۆتەوەو، شانی پیا کردووە. تا گەیشتۆتە ناو شاری سلێمانی و لەمزگەوتی-موفتی-لای-مەلا عەزیزی موفتی- گیرساوەتەوە دامەزراوەو دەستی بەخوێندنی-شەرع و سەرف و نەحوی-عەرەبی کردووە، دەرسی فارسیشی لای-عەزیز ئەفەندی وەسمان ئاغا-(خواچە ئەفەندی)خوێندووە.

-شەکیب-جگە لەو مەلایانەی سەرەوە دەرسی لای ئەم مەلا بەناوبانگانەی سلێمانی خوێندووە:

١-حاجی مەلا عەبدوڵڵای چوڕستانی. ٢-مەلا مەحموودی بێخود. ٣-مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵ دێلێژەیی(سەفوەت). ٤-حاجی مەلا شێخ نوری

بابە عەلی. ٥-مەلا حەمە سەعیدی دێلێژەیی. ٦-حاجی مەلا عەبدولکەریمی بیارە-مدرس-.

ئیجازەی مەلایەتی لەلای حاجی مەلا شێخ نوری بابە عەلی‌و ئەو مەلایانەی سەرەوەدا وەرگرتووە، لەلای مەلا کەریمی بیارەش تازەی کردۆتەوە. دوابەدوای ئیجازە وەرگرتنیشی لەسەر خوێندن بەردەوام بووە، وە لەسەر داوای -موفتی- بووە بەئیمامی مزگەوتی موفتی. لەو تەمەنەدا کچی شێخ عەبدوڵڵای واژەی-گواستۆتەوەو لەژیانی حوجرەو فەقێیەتی دەرچووەو، کەوتە ژیانی ماڵدارییەوە.

دوای ماوەیەك بۆتە ئیمامو واعیزو مودەریسی چوارتاو لە ساڵانی(١٩٤٤-١٩٤٥)دا کراوە بە واعیزی گەڕۆك(سەیار)، لەناوچەی شاربازێڕدا. بەم حاڵەوە زۆر دەوامی نەکردووە نیشتەجێبووە.

لە(سەراو)ەوە خولیای دیدەنی‌و زیارەتی-شێخ ئەمینی بێژوێی-کەوتۆتە سەرەوە، کە مەلایەکی شارەزاو شێخێکی بەناوبانگی ئەو ناوەو دەروێشێکی تەریقەتی نەقشبەندی بووەو چوە بۆلای.

چەند رۆژێك لە-(بێژوێ) ماوەتەوەو وەختی لەگەڵ-شێخ ئەمین-دا بردۆتە سەر. شێخ ئەمین شەکیبی بەدڵدا چووەو ئیجازەی مەلایەتی‌و تەریقەت‌و شەریعەتی داوەتێ‌و، ناردویەتی بۆلای-شێخ عەلادینی بیارە-وە ئەویش سەر لەنوێ ئیجازەی تەریقەتی نەقشی داوەتێ پاش ئەو هاتوچۆیە گەڕاوەتەوە دێی-سەراو-و بووە بە پەپولەیەکی باڵ سووتاوی تەریقەتی نەقشی‌و دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی لەناو خەڵکدا، وە بەدوای ئەمجارەشدا چەند جارێکی ترو بەڵکە هەموو ساڵ دیدەنی-شێخ ئەمینی بێژوێی کردووە لە بێژوێ- شێخ کاکە حەمەی‌سۆڵە-و دائیرەکەی دیوەو لەو جارەوە هەمووکات کاغەزی بۆ ناردووەو هەر ساڵێك شێخ کاکە حەمە رێی کەوتبێتە ئەو ناوە چووە بۆلای، دوای وەفاتی پەیوەندی گەرمی لەگەڵ شێخ عەبدولکەریمی کوڕیدا بووە، کە دائیرەی شێخ کاکە حەمە سەر بەتەریقەتی قادرین.

ماوەی چەند ساڵێك لە(سەراو)حەساوەتەوەو، بەڵام لەناکاو هاوسەری ژیانی واتا خێزانی کۆچی دوایی کردووە، بەدوای ئەم لێقەومانەدا کوڕانی-بابە شێخی سیرێ-خوشکی خۆیانیان داوەتێ‌و لەساڵی(١٩٥٥)یشەوە بەماڵەوە چۆتە دێی-سیرێ- لەناوچەی سیوەیل بەفرمانی پێشوی خۆی، وە لەو ساڵەوە لە سیرێ

ماوەتەوە تا ساڵی (١٩٦٩)کە گەڕاوەتەوە بۆ دێی -واژە-ی ناوچەی -چوارتا- بۆ ناو خزمەکانی.

مەلا فەرەج پیاو چاکێکی ئاینیو کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئەدەبی ناوچەی شاربازێڕ بوو، جێگای لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکا دیار بووە هەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیو ناکۆکیەکی عەشایەری پیاگەیشتبێ باڵی ڕێکەوتنو ئاسیشی بەسەردا کێشاوە، خەڵکی دێیەکانیش لە هەر قەوماونێکدا کە رویدابێ بەرەو ناکۆکیوناخۆشی چووبێ، چوون بەدوایاو بردوویانە، ئەویش بۆ ئەو خزمەتانە هیچ کاتێك سەری پێوە نەبووەو، هەمیشە رقی لە پێڵاوی چەك بووە چاوی بەو کەسەدا هەڵنەدەهات پێڵاوی چەکی لەپێدەکرد..ئەوەندە تامەزرۆی تەبایی دانیشتوانی ناوچەکەو خەڵکی کوردستان بوو، تا لەپێناویا سەرینایەوە، ئاواتەکانی پڕ بوو لەتاسەو هەموو قسەیەکی هەناسەیەکی ساردی لەگەڵدا بوو، تەزبیحو سەڵاواتو قسەی خۆش لەدەسو دەمی نەئەبوونەوە. لەبارەی نوکتەی کۆمەڵایەتیو روداوی سەیر سەیری ناو ئەو خەڵکە سادەیەدا دەفتەرێکی نوسراوەی بێکۆتایی بوو. خۆ کە باسی -کاکە حەبیبەو فەرەجە دۆمی بۆ ئەکردی، ئەکەوتیتە ناوەڕاستی کارەساتو روداوەوە، وەیا کەهۆنراوەی وەڵامی -کارتی جەژنە پیرۆزەی، دانیشتوانی شاری سلێمانی بۆ ئەخوێندیتەوە سلێمانیت لە شریتێکی سەیردا لەژێر دەستی دۆستەکانی- شەکیب-دا ئەبینی.

مەلا فەرەج -خەڵکیدێی گردەزبێر-ئەچن بە شوێنیاو ئەیبەن بۆناوخۆیان بۆچارەسەرکردنی هەندێناکۆکی گیروگرفتی ناو خۆیان، لەهەمان کاتیشدا عادەتی هەموو ساڵ بۆ دیدەنی سەری لێداون, پاش ئەوەی ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێئەکاتو چەند ڕۆژێك لەناویاندا ئەمێنێتەوە، شەوی ١٩٧٣/١١/١١ لەماڵ خانە خوێکەی ئەبێت ئەو شەوە هەموو دانیشتوانی دێیەکە لەدەوری ئەبن تا نیوەشەو بەقسەو وتوێژی بەکەڵكو خۆش ئەیبەنەسەر, شەو دەوری چۆڵ ئەبێتو نوێنی نوستنی بۆ ڕائەخرێو پشتێنی حەوانەوەی لێئەکاتەوە، نازانێ پشتێنی یەکجاریەو جارێکی تر ناو کۆڕوکۆمەڵ نابینێتەوەو، کۆڕو کۆمەڵیش بێ مەلا فەرەج ئەمێنێتەوە، بەیانی بۆ نوێژ هەڵئەستێتو پاش دەستنوێژ شتن نوێژی بەیانی ئەکات، دواجار خەوی یەکجاری لێئەکەوێت, لەگەڵ تەزبیحو بەرماڵو کرداری چاکدا دڵی لەلێدان

ئەکەویٚ. بەڵیٚ شەکیب دڵی لەلێدان کەوت، لەگەڵ خزمەتی ئاینی ئیسلامو نەتەوەی کوردو ئەدەبی کوردو کۆمەڵی کوردەواریدا.

مردنی شەکیب ناسۆروئازارێکی زۆری کردە دڵی دانیشتوانی شارباژێڕو ئەو کەسەی تەنها ڕۆژێك دیبێتی... واتە شەکیب لە بەیانی ڕۆژی ١٩٧٣/١١/١١گیانی جیهانی کوردەواری بەجێهێشتو، لەهەمان ڕۆژداتەرمەکەی بەسەر شانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەوە لە-گردە زبێر-ەوە بەڕێکرایەوە بۆ دێی-واژەو لەگۆڕستانی -خدری زیندە- نێژراو لەناو قەتارەی فرمێسك داچووە ڕیزی کاروانیسەربەرزانەوە، سەیرانکەرانی هەزارکانیو شاخی گمۆ ئەم ساڵ سەری ڕێزو تاسە بۆ گۆڕەکەی شەکیبو کردەوەکانی دائەنە وێنن.

شیعرو شەکیب

(شەکیب)ی خاوەن خورپەو سۆزی دڵداری لەیل‌و مەجنون‌و شاعیری دەم پاراوی سەیرانی هەزارکانیان‌و (گمۆ)و لەدوای ناسینی ڕەش‌و سپییەوە خولیای شیعری کەوتە سەرو زەوقی لەگەڵیا بووە، سەرەتای هۆنراوە دانانی لای(حاجی مەلا ڕەسولی گۆڵێ{فەریق})ەوە دەستی پێکردووەو ماوەیەك لەو دێیانەی کە خوێندویەتی شیعری لەناوخەڵکدا دەنگی داوەتەوە کە ژیانی لادێشی بەجێهێشتووەو چۆتە ناو کۆڕی ژیانی شارستانیەت‌و جیهانی ئەدیبانی ئەو سەردەمە، لە شاری سلێمانیشدا لەلای مەلا مەحمودی(بێخود)گیرساوەتەوەو بووە بەفەقێی، وەئەوەندەیتر لەگەڵ هۆنراوەدا ئاشنایەتی پەیداکردووە، کە(بێخود)یش زانیویەتی(شەکیب)بەهرەی شیعری تیایەو تواناشی هەیە، چەند دەستووری شیعری پێ وتووە، ڕێپیشاندەریی کردووە لەڕووی وەزن‌و قافیەوە، هۆنراوەکانی ئەوەندە تەڕوپاراو بووە سەرنجی(بێخود)ی ڕاکێشاوەو(شەکیب)ی بەتەخەلوسی شیعری بۆ داناوە لەناو کۆڕو کۆمەڵدا باسی شاعیرێتی شەکیبی کردووە...

شەکیب لەناو کۆڕەکانی بێخودو مەلاوئەدیبەکانی سلێمانیدا چاوی شیعری کراوەتەوەو، زمانی نوکتەبازی‌و قسەی بە توێکڵ‌و خۆشی پڕاوە، بەڕادەیەك کە زۆربەی ڕۆژە هەینی‌وسێ‌شەممەکان کۆڕیان لای شەکیب گەرم کردووە. شەکیب لەماوەی ژیانیدا زۆری لەشاعیرانی کورد بینیوەو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی لەگەڵدا کردوون.

وەکو پیرەمێرد- ڕەمزی مەلا مارف-قانع-بێکەس-شەفیق-فەریق-ئاری-ئەدیب- هۆشەنگ شێخ نوری شێخ سالح-مەلا مستەفای سەفوەت جیهانی-زاری حەقیقی- بۆکانی-هەژارو زۆریتر.

چێژی شیعری لەشیعرەکانی(نالی‌و سالم‌و کوردی‌و مەولانا خالیدو باباتاهیری هەمەدانی‌و مەولەوی‌و وەفایی) وەرگرتووە..

(شەکیب)کە کەوتۆتە مەیدانی شیعرەوە چالاکانە ئەسپی خۆی لێتاوداوە ڕمبازیەکی زۆری لەشیعردا کردووەو، بۆ خزمەتی سامانی ئەدەبی کلاسیکیمان بەزمانێکی ڕەوان و کوردییەکی پەتیەوە خامەکەی ماندوو کردووە، شیلەی بیری خۆیداوە بەدەمیەوە تا هەوای(لەیلا)بردویەتی بۆ کێوی(دجیل)و(مجنون)ی وێڵی کەژو هەردە کردووە، ئەو داستانەی لەیل و مەجنونەی لە(خەمسەی نیزامی مەولانای ڕۆمی)یەوە لە فارسییەوە بەشیعر وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، بۆ لاوە خوێن گەرمەکانی کوردەواری بەکوردیەکی ڕەوان پڕ سۆزو مۆسیقاو گیانێکی کوردی پەتی بەبەردا کردووە.

لەدوای تەواوکردنی داویە بەمامۆستا (بێخود)و ئەویش لەنووکەوە سەیری کردووەو، ئەمسەرو ئەوسەری پشکنیوەو دوای چەند سەرنج و تێبینیەکی پەسەندی کردووە بۆ لەچاپدان: ئەمە یەکەم بەرهەمی شیعری پێشکەشی خوێندەوارانی کوردو کتێبخانەی کوردی[iii] کردووە. ڕەواجێکی چاکی هەبوو لەناو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا بەتایبەتی خوێندەوارانی لادێ.

شەکیب...لەهۆنراوەدا بۆ زۆر لای پەلی کوتاوە، لەزۆریاندا سەرکەوت و لەزۆر لاشدا یا وەستاوە یا وازی لێهێناوە. شیعری نیشتمانی و دڵداری و پەروەردەو ئامۆژگاری و هەجووڕەسا..شەکیب جگە لەم هەموولایەنی شیعرە کۆمەڵێ هۆنراوەی ناو خەڵکی هەیە کە هەریەکەیان تام و چێژێکی تایبەتی و دەنگی بەسۆزو کاریگەری خۆی هەیە لەناوخەڵکیداو،ترش و شیرینی تایبەتی ئەدەبی شەکیبە دیوانێکی شیعری چاکی ئەبێت ئەگەر چاپبکرێت لە کتێبخانەی کوردیدا. جێگای خۆی دیاری ئەکات، وە ئەو کۆمەڵە سەر گوزشتەو باسانەی کە بەشیعر هۆنیویەتیەوە ئەگەر چاویان بەچاپ بکەوێ ئەوا دەنگی شەکیب تا ماوەیەکی دوور دەنگ ئەداتەوە...

شەکیب جگە لە هەوڵی شیعری چەند هەوڵێکی تری داوە ئەمیشی هەر لەپێناو خزمەتی ئایینی ئیسلام و کۆمەڵی کوردەواریدا(ریسالەی تەجویدی

[iii] کتێبی(لەیلاو مەجنون) کە شەکیب بەشیعر کردویەتی بەکوردی لەساڵی(١٩٥١)دا لەسەر ئەرکی(مەلا محەمەدی ساڵحی) کتێب فرۆش لەسلێمانی لەچاپدراوە.

قورئانی)بەشیعر وەرگێڕاوەتە سەر فارسی زۆر لە(مەکتوبەکانی) (کاك ئەحمەدی شێخی) بۆکوردی وەرگێڕاوە...

لەگەڵ (خواجەی ئەفەندی)شدا کەرامەتەکانی کاك ئەحمەدی شێخیان بەفارسی وکوردی کۆکردۆتەوەو لەچاپیانداوە.

شەکیب جگە لەهۆنراوەی کوردی دەستی بۆ هۆنراوەی فارسی و عەرەبیش راکێشاوە،چێژی شیعری فارسی لەشیعرەکانی(حافظ وکلیم وسعدي) وەرگرتووە وە(تەخمیسی)لەسەر زۆر هۆنراوەی کوردیو فارسی کردووە، لێرەدا پێنج خشتەکییەکی لەسەر غەزەلێکی(رەمزی مەلا مارف) ئەخەینە پێش چاوی خوێندەوارانی کورد، کە ناونیشانی هۆنراوەکە بەم شێوەیەی خوارەوە نوسراوە.

پێنج خشتەکییەکی شەکیب لەسەر غەزەلێکی رەمزی مەلا مارف

ئەی ئەسەف بۆ خاکی پاکی چاکی کوردی بەشبڕاو
بۆنە بۆتەی رۆڵەکانی پڕ گڕو ئاگر گڕاو
یەك بەیەك رۆڵەی ئەسوتێ ئەو بەناحەق هەڵکراو
چۆن ئەبێ نەگریم بەحاڵی میللەتێکی بەش خوراو
یا نەناڵێنم لەداخی جەوری دەوری دوا بڕاو

دەستی زاریم هەڵبڕیوە ئائیلاهە لعالەمین
کوردی جەوساوە رەهاکەی پێی ببەخشی هێزو تین.
دەستە ئەژنۆ دائەنیشم رۆژوشەو مەشغوڵ بەشین
شیوەنم بۆچی نەگاتە عاسمانی حەوتەمین
هەر وەکو تولفێکی دایك لەت لەتو کوت کوتکراو

بۆچ لەتاوی دەوری کوردم شین لەگەڵ شاما نەکەم
شەڕ لەگەڵ تۆپو تەیارەو بۆمبی ئەتۆما نەکەم
یا لەتاریکی وەتەندا گڕ بەسەر مۆما نەکەم
خاکی عالەم بۆ بەسەر تەوقی سەری خۆما نەکەم
چەشنی مەزلومێکی قەومو قیلە یەکسەر سەر براو

ڕوو لەپیاوی زۆڵە کورد کە بۆ لە کوردیەت دژی
هەروەکو قرژاڵی دووسەر یا وەکو مێش و سژی
پشت لەهۆزی خۆت ئەکەیت و بۆ غەیر خوێن هەڵمژی
(جوو)ن لەژێر سایەی سەربەخۆییدا بژی
من لەچۆڵی گەرمی دیلیدا لە بەر قرچەی هەتاو

سەیری خاکی کوردەواری چۆن ئەو لەم ئەرزەدا
بەش بەش و داگیرکراوە کەوتووە لەم ڕەزەدا
خوا شفای ڕزگاری دەرخا زوو بەزوو لەم فەرزەدا
کێ ئەبینم غەیری من ئەمڕۆ لەڕووی ئەم ئەرزەدا
وا بەناحەق حەق خوارو موڵک و میللەت بەش کراو

چەند گەدای کردن بەشاهو ناوی دەرخستن بەفەڕ
ئاگرە دایم دەسوتێ پوشی کوردبێ وشک و تەڕ
هەر بەکوردستانە فیزی واش لە ئەو کەوتۆتە شەڕ
هەر ئەوەی دوێنێ بەناوی نەوتەکەی من کەوتە گەڕ
ئێستا وا لێم بۆتە ئیستیعمارو خاوەن نەوت و ئاو

بۆ ئیتاعەی ئەمری دایکی نیشتمان وا ئەستۆ کەچم
گەر بڵێ بێ خۆت بەکوشت دە زۆڵە کوردم گەر نەچم
قارەمانی کوردی وەك من غەیرە بێ بگرێ مەچم
جا لەشاری پەستی بەو دەستی لەبەر چی دەرنەچم
نەبمە سەربازێکی یاخی بووی لەکێووکەژ خزاو

قــۆڵی کوردانــه بەمەردانــه هــەتا کــەی هەڵنەکــەم
هــەر وەکــو کــاوە زوحــاکی ناحــەزی خۆمدەرنەکــەم
مــاری ســەر شــانو مــل تــادێ لــەرەگ مــن بانــەدەم
تــەوقی یەخســیری لەســەر ئەســتۆی ژیــانم لانــەدەم
نەچمە ســەر رێوشــوێنی شــێرانی بەسەربەســت ژیــاو

کــه س بــەرێزە کــه بــەهێزە پیــاوی خــەوافو جــەبوون
بێتەدەســت بــەرداری مــامی هــەر لــه بــەر بــوونو نــەبوون
ترســــنۆکی ژێــــر چــــەپۆکی دایمــــه ماتــــەو زەبــــوون
تاکو کەی ئەستۆ کەچی بەردەستی ئەمری غــەیرە بوون
جــەژنی خزمــەتکارو خــوبزەی بــەردەرو عەبــدی کــڕاو

هــەر وەکــو موســا بــەتفلی هاتــه دەر لــەو نیلــەدا
بووبەشــت فیرعــەونی کوشــتو زەربــەی لــەو خێڵــەدا
میســـری کوردســتان رەهاکــەنو بێتــه دەر لــەم ژیلــەدا
تــاکو کــەی ئیتر لەگــەڵ هــەم خــوێنو قــەومو قیلــەدا
شووڕوشەڕ جەنگو جەدەل وەك دوژمنــی بــاوك کــوژراو

تــەختی بــەختی کــوردی تــوركو ســوریاو ئێــرانو رۆم
ســـاڵەهای ســاڵە ئــەو ئەچەوســێ لــەناو نــاکۆکی گــۆم
بۆیــــەش دایــــم زەبــــوونم وا لــــەتاوی رەنجــــەڕۆم
بــۆ غــەمی دەرمــانی زامــی پیســی نــاکۆکی نــەخۆم
نەبمــه فــەراحێکی دڵســۆزی گــەلی لــەش داوەشــاو

بـاڕەگی غـیرەت بجـووڵی پشـتی یـەك بگـرن بەجـەم
ئـەو هـەموو ملوێنـە کـوردە مسـلی شـێر هـەڵکا عەلـەم
هـەر وەکـو سـەدێکی ئاسـن ریـز ببەسـتن زۆرو کـەم
چیم ئـەبێ کـەمتر لـەمو لـەوێ ئەگـەر بێـتو قەومەکـەم
چـاکی مـەردی لێ بەلاداکـەن وەك یـەك پـیرو لاو

بـەم هـەموو لاوی بـەغیرەت بـەم هـەموو مەردانـەوە
بـەم هـەموو پێشـمەرگە زۆرە بـەم هـەموو لاوانـەوە
بـەم هـەموو ئەسبابی جـەنگو ئەسـلیحەو سـامانەوە
بچـنە مەیـدانی زەدوخـوردی گـەلی بێگانـەوە
چەشـنی شـێریڕق هەڵسـاوی داڵـدەدراو

ئەو کەسەی ئەڕوا لەڕێگەی شەرعەوە ڕەفتارو خووی
کـوردو مـەردو پیـای ئیسـلام کـەی ڕەوایـە پێچـووی
هـۆزی کـورد هێزتـان وەدەرخـەن بەسـێ هاتوچـووی
سـەف ببەسـتن تـیرە تـیرە رابوەسـتن رووبـەرووی
هـەر وەکـو سـەدێ لەئاسـن یـان لـە پـۆڵا داڕژاو

مـەیلی ناحـەز وایـە ژینـت بـێ بـەئاو نـانی ڕەق
دەسـتی شـەل بکـرێ بەچـاوی کـوێرو ببـێ لاقـی لـەق
جا کە مـافی سـەربەخۆیی لای هـەموو کـەس بـوو بەحـەق
حەق بەزەبری شەق بسێنە چونکە حەق بێ زەبری شەق
نـادرێو نـەدراوە هـەرگیز ئـەی بەناحـەق حـەق خـوراو

ناتەبایی بەینی میللەت پێم بڵێ ئەڕوا بەچی؟
هەر تەبایی باشە بێ شك بۆ هەرچی‌ئیشێ‌ئەچی
سام‌و تیژی نەك بەنەرمی یاقسەی هەرچی‌وپەرچی
حەق بەماستی‌و مووشە یا بەپاڕانەوەو ئەستۆ کەچی؟
نادرێ جا بەسی‌یە ئیتر چاوەڕاوو چاوەچاو

هەرچی پێویستە هەتانە کەس نەڵێ کورد بێ فەڕن
چەك بپۆشن جا بەخۆشی ڕیز ببەستن هەڵپەڕن
مافی کورد دەستخەن وەکو شێر زوو لەبێشە دەرپەڕن
کاتی ئامەتتانە جا قوربانی کوڕ بم ڕاپەڕن
هەر وەکو شێری لەپڕ بۆ مامە ڕێوی ڕاپەڕاو

گۆێ لەغەیرە بگرە چۆنە بۆ قسەو گفتوگۆی
بۆ دەروونی پیسی بۆ گەزاف‌و بۆ درۆی
پیلی تونگ بگرە فڕێی دە بڵێ ئەو کاتە ڕۆی
تاکو ئێستا دەست‌و پەنجەی غەیرە بووبوو بەهۆی
پەك نەکەوتن دوودڵی دایم لەیەکتر دابڕاو.

مژدەبێ ئەمڕۆ لەزۆری هێزەکەی کوردانەوە
یەکێتی پاکی دەروون‌و پرچەکی هەردانەوە
خۆشەویستی قەوم‌و قیلەو دیدەنی‌و سەیرانەوە
تێپەڕی‌و ڕۆی لەسایەی هیمەتی مەردانەوە
دەوری زوڵم‌و زۆری ئیستعماری خەسیەت نەماو

هەر کە خوا کردی کەهۆزی کوردی کوردستان بەجەم
بـیری رزگـاری بـەتین بـوو ڕۆژ بـە ڕۆژو دەم بـەدەم
تـا بەشـادی سـەربەخۆیی دانەنیشـی دڵ بەخـەم
جـا هیـوادارم کـەوا ئـیتر لەمـەولا قەومەکـەم
یـەك کـەون ئەمما بەچوستی نـەك بەسستی خاوەخاو

هـەر کـەدایکی نیشـتمانم مەنجـەلیقی داخـرا
بۆسـووتانی ڕۆڵـەکانی و کارەمـانی دەرکـرا
دڵ کـە جۆشـا کـورد خورۆشـا تـەپڵی جـەنگی لێـدرا
پشـتی یـەکتر بەرنـەدەن هـەرگیز وەکـو بـاب وبرا
تێکۆشـن بـۆ نـەجاتی دایکـی دیلـی دڵشـکاو

ئەی(شـەکیب)شـا تـەختی کوردم وەکـو سلمانیم ئەبێ
پێشـەوای..کـاکی بـەرزانیم ئـەبێ
مەعـدەنی عـیلم و عەدالـەت مەرکـەزی جـانیم ئـەبێ
(رەمزیـا)تـاجی کەی و تـەختی سـلێمانیم ئـەبێ
قەومەکەم گەر بێت و بەگوێرەی خواهێشتی تۆ بێتە ناو

شەکیب و کوردایەتی[iv]

شەکیب یەکێك بووە لەو مەلایانەی کە ڕێبازی کوردایەتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی بەڕێبازێکی پیرۆزو ڕێی پیاوەتی و سەربەرزی داناوە. بۆیە لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەم جوڵانەوەیەوە(کوردایەتی)چۆتە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لەڕیزەکانیا چالاکی خۆینواندوە، وەیەکێك بووە لەو ئەندامە سەربەرزو چالاکانەی کە کۆڕو خەباتی گەرمکردووە، تا دواهەناسەی بەردەوامی خەبات بووە، لەپاڵ هەموو کردارێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیەوە هاندەرێکی ڕاستگۆبێ پشووبووە، لەناو ریزی جوتیارو پاڵەو ڕەش و ڕوتی خەڵکی دەرەوەدا، وتارە ئایینیەکانی لەچوارچێوەیەکی ڕێبازە ڕاستی و ڕێبازو وشەی شەرەف وخزمەتی خاکی نیشتمان و، لەگەڵ بیروباوەڕی کوردایەتیدا جووت کردوە. کە شۆڕشی ئەیلولی ساڵی(١٩٦١)بەرپا بوو. لەکوردستاندا شەکیب مەلایەك بوو، لەڕیزی ئەو مەلا ڕۆشنبیرو پاك و سەربەرزانەی، کە دانی بەمافی شۆڕشگێڕی و چەکداریدانا. بۆمافی چارەنوسی گەلەکەی لە بەرامبەر داگیرکەر ئەتوانین بڵێین شەکیب بەپێچەوانەی زۆر لە مەلاکانی ترەوە کە لەسەرەتای شۆڕش و بەڵکە تائێستاش دان بەشۆڕش و مافی بەرگریدا نانێن وە خەڵکی لە کاروانی خەبات سارد ئەکەنەوە...

ماڵەکەی شەکیب وەکو بنکەیەکی پێشمەرگەی لێهاتبوو، وە هەمیشە دەرگای لەسەر پشت بوو، بۆ قۆستنەوەی ڕۆڵە جەربەزەکانی کوردستان، کە لەژێر بەزەیی گڕوگوڵلەدا ئەگەڕانەوە...هەمووجار شەکیب ئاخی هەڵئەکێشاو خۆزگەی ئەخواست کە توانا و هێزی ئەبوو، بۆ چەك هەڵگرتن لەکاتێکا کە دوژمن هێرشی ئەهێنا بۆ سەرکوردستان..شەکیب هەردەم دژی خۆپەرستی و هەل پەرستی و کردەوەی سەرشۆڕی بووە، ئاواتی تا مردن ڕزگاری کوردستان و

[iv] لەکاتی نوسینەوەی ئەم باسەدا سەرم لەمامۆستا(علاء الدين سجادي) داوەو چەند سەرنج و تێبینیەکی بەکەڵکی دامێ بەتایبەتی تا ساڵی(١٩٣٦)کە زۆر ئاگاداری ژیانی شەکیب بووە.

نەمانی زوڵم و زۆر بوو، پارتی بە پێشڕەوێکی شارەزا ئەزانی بۆ ئامانج و ئاواتی میللەتی کورد.

بارزانی بەسەرکردەو ڕۆڵەیەکی سەربەرزو لێهاتوو ئەزانی بۆ ئەمڕۆو دواڕۆژی جوڵانەوەی کوردایەتی. پێشمەرگەی بەچاوی هەموو کوردێکی دڵسۆز ئەزانی لەبینگەی قەڵەولی تفەنگی ئەوانەوە ڕزگاری کوردستانی بەدیئەکرد داخوازی لەهەموو گەنجێکی کورد بەتایبەتی خوێندەواران ئەوەبوو، کە تا مردن لەگەڵ نەتەوەی کوردو شۆڕشی ڕزگاریخوازیماندا پاک‌وئیشکەرو دڵسۆزبن‌و، پایەو پارە هەڵیان نەخەڵەتێنێ‌و فەرامۆشی دابڕینی میللەتی کورد نەکەن.

(شەکیب) سەرەڕای ئەم هەموو شتانە خاوەنی کتێبخانەیەکی پۆشتەو دەوڵەمەند بوو. لەناو کتێبخانە ئاوەدانەکانی کوردیدا لەڕوی دەستنووس‌و کتێبی بەکەڵکی کوردی‌و فارسی‌و عەرەبیەوە... شەکیب وەکو من ئاگاداریم لەساڵی (١٩٧١)دا داوای لەئەندامێکی (یەکێتی‌نوسەرانی‌کورد) کرد کە ئیستیمارەی بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەیەکێتیدا بەڵام بەداخەوە ئەو ئەندامە خواستەکەی شەکیبی خستە پشت گوێی‌و ناوی نەچووە ناو ڕیزی ئەندامانی یەکێتی نوسەرانەوە، لەکۆتاییدا ئەڵێم خۆزگە..

*[*]شەرەفی ئەندامێتی یەکێتی نوسەرانی کورد دوای مردنیش ئەدرا بەشەکیب.

*هەوڵی کۆکردنەوەی دیوان‌و بەرهەمەکانی ئەدراو لە دانە چیڕەی مشک‌وتۆزوخۆڵی ناو تاق‌و ژوورەکان ڕزگاریان ئەبوو.

*کتێبخانەکەی دەستەیەکی شارەزاو پسپۆڕ سەیریان ئەکردو نەئەبوو بەخۆراکی ئاگر.

*لەبیرەوەری ساڵانەیدا یادێکی ئەکرایەوە لە کۆڕێکی ئەدەبیداو دەنگە تۆمار کراوەکەشی کە لەئەرشیفی کۆڕی زانیاری کوردە لێئەدرایەوە..

---

[*] ئەم نوسینە لە ژمارە ١٦ی ساڵی دووەمی گۆڤاری ڕۆژی کوردستاندا لەساڵی ١٩٧٣دا بڵاوکراوەتەوە. بەناوی محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی

خوێنـدەواری ئـازیز بـا ئـەم باسـەمان بچـێتە سـەر سـامانی نەتەوایـەتیمان و بەچاکی کەڵك بگەیەنێ و پەیڕەو بکرێت و بێکەڵك و پواوەکەشی لەجێگای خۆیدا دابنرێ نەك دەریای بۆ رابکێشین و فڕێی دەینە ناوی.

چیرۆک

"دیمەنێکی ترشاو.."

قەزای حەی ساڵی ١٩٧٨

ئەو رۆژەش وەکو هەموو رۆژەکانی تر کەوتمەوە سەر شەقامەکەی رۆژانە تیایا شەکەت دەبووم دەوارێکی رەشی خۆڵاوی چاوی دووکانەکانی سەر شەقامەکەی داپۆشیبوو. هەندێ لە دووکاندارەکان خەو بردبوونیەوە، هەندێکیشیان خەریکبوون بەنان و ماستاو برسێتیان لەبیری خۆیان ئەبردەوە..بەر دوکانەکان چۆڵبوون..ناحەقیان نەبوو..تەنها چایخانەکان جمەیان دەهات..لەگەڵ هەموو هەنگاوێکما بەهێمنی کون و قوژبنی ئەم سەرو ئەوسەری شەقامەکەم بەتیژایی چاوەکانم ئەکێڵا...

چایخانەکەی(سەید شاکر)بووبوو بەلانەی حەوانەوەی ئێواران و شەوانمان. بەرەو چایخانەکە لامدا..سەرمکرد بەژوورا..هەڵاوێکی گەرمی خنکاو شاڵاوی بەخێرهاتنی بۆ هێنام..فەلاحی شاگردی چایخانەکە، بەپەنجە رێنوێنی شوێنی دانیشتنمی کرد...بەڵێ لەگەڵ پەنجەکەی ئەودا وەکو دارپواز خۆم ترنجاندە نێوانی دەسکی کورسی و زەلامێکەوە.

کابرا بەمۆرەیەکەوە تفی بەخێرهاتنێکی ساردی بۆ فرێدام..هێشتا بەتەواوی دانەنیشتبوم..فەلاح لەگەڵ بەخێرهاتنندا تەق چایەکی بۆدانام..بانگیکرد..عەلاوی..عەلاوی ئاو بۆ ئێرە..تەقەی زاری تاوڵی و شەقەی پولی دۆمینە جیهانێکی پڕ ئاژاوەی لەناخی مێشکی هەموو دانیشتواندا ئەزرنگاندەوە..

دووشەشێکی دا بەسەر مێزەکەدا..وتی یاریبکە..دەزانیت ئەمرۆش لەنێوانی تیپی شارولادێدا یارییە؟ بزانین..کێ ئەیباتەوە. خوائەیزانێ کامیان کاسی سەرکەوتن ئەکاتە چەپکە گوڵی دەستی..سەیرە..یارییە یان یاری نییە، کەیفی خۆیانە..ئێمە نەگوڵچین و نەیاریکەرین..نەسەیرکەریشین..چیمان

بەسـەرەوەیە..هەرلایـەکیان گۆلیـانکرد چـەپڵەی خۆمـان بـەقاچ لێئـەدەین.
دۆمینـە..دەسـتان دانێن..ئـا هەنـدێ ئـاو بێنـە. بـەبێ ئـەوەی داوابکـەن چـوار چایتر..تەق لەسەر مێزەکەیان ریز کرایـەوە..داوامـان نـەکردووە، دووجاریاریتـان کـردووە، لەسـێبەری دارا دانەنیشـتون. بـەدڵتان نییـە فـەرموون خـەڵکیتر چاوەڕوانە...دەتوانن بێ دڵگرانی دۆمینەکە دانێن و خواتان لەگەڵ...

یەك سەیری یـەکیانکردو وتیان ئەمـەش مۆدێلێکی تازەیـە..حەقیانە..ساڵان دووچابە دەفلس بـوو، خـوا خوایان بوو سەر بەچایخانەکەیاندا بکـەیت..ئاوی سارد، جار لەگەڵ جار ساردتر ئـەدرا بـەدەم دانیشتوانەوە...دۆمینـەش کەسانی خۆی هەبوو..هەموو هەرچی و پەرچییەك پولی دۆمینەی نەئەناسی..لە بەیانیـەوە تـانیوەڕۆ پولـت بدایـە بەسـەر مێـزدا، کـێ لێـی ئەپرسـیت..سـەیرە کـاروا بڕوات..چایخانەیەك جێگای چەند کتێبخانەو قوتابخانە ئەگرێتەوە.

بـەتوڕەیی و بەهـەموو هێزیـان پولـەکانیان بەسـەر مێزەکـەدا داو مێزوکورسیەکانیان بەجێهێشت...

بۆیـاخ..بۆیـاخ..قۆنـدەرەکانت بۆیـاخ کـەم..؟بۆتـۆ..تـۆ..تـۆ..ئـەی تـۆ..؟باشـی بۆیـاخ ئەکـەیت؟بۆیاخێکت بـۆ ئەکـەم لـەژیانی قۆنـدەرە لەپێکردنتا بۆیـاخی وات بۆنەکرابێ...ئەوەنەعل..زوو بۆم بهێنـەرەوە..بۆیاخ..بۆیاخ..بۆیاخ ناکەن..سەرمان مەیەشێنە..خۆمان بۆیاخچین..

لەوڵاتانی پێشکەوتوو، ئەم دیمەنانە نایەنە پێش چاو..جا ئەم دیمەنە کوا ناشـرینە.. بـڕۆ ئەگـەر ئەتـەوێت دیمـەنی ئـاڵۆزو ناشـیرین ببینـی..سـەرێك لـەبازاڕدە..ئەوکاتـە دەزانیـت..دیمەنـەکان چـۆنن..بەتایبـەتی لەوکاتـەی کە(پیاڵە)و(هێلکە)و(قاپی شووشە)و(دۆشاوی تەماتـە) دابەش دەکرێت..پاڵە پەستۆی ژن وپیـاو..یـەك بەسـەر یەکدا دەخات..ناشـیرینترین دیمـەنیش..داری یاساوڵ و چاودێری کەر بێ شەرمانە لەسەر پشتیان هەڵئەبەزێتەوە..

دکتـۆر دۆمینەکـەمان نەکـەین، با بـاوکی حەیـدەر بێـت..دۆمینەکە داواکـەن. منـیش تـا ئەوبـەر دەچـم.. تـائێوە ئامـادە دەبـن دەگەڕێمـەوە..رێگـا کەن..رێگا..جەنابی دکتـۆر هـات..سـەیر..سـەیر ئـەڵێی شـارە مێروولەیەو، ئاو چـۆتە کونیانـەوە..هـەموو دە دەقیقـە نابێـت چـوومە ئەوبـەر، کەسـی لێ نـەبوو..کـوێرا..ئـەم هـەموو جانـەوەرە کۆبوونـەوە..مۆڵـەتماننادەن..حەوانـەوە

لەچـاوی ئەمانـە ئـەبینرێ...؟زۆرتـان هەیـە دەرمـان لـەجیاتی ئـاو ئەخۆنەوە..هەشتانە هیچی نییە هەر ئەیەوێت سەربەناخی خەستەخانەدابکات.

ئەمڕۆ ناتوانم کەس ببینم..پاس بڕەکە مۆڵەتەو لێرە نییە..منیش کاری پەلەم هەیەو دەڕۆم ژورەکەی بەجێهێشت‌و خۆی گەیاندەوە چایخانەکە..یاڵڵا..ئەمڕۆ یارییەکەمان لەسەر چی بێت؟

–کیلۆیەك هەنار..

–نا کیلۆیەك هەنارو چاکان..

–باشە هەرکەس بردیەوە ئەوکەسە هەنارەکە بەش دەکات...

–فەرموو ئەوە قۆندەرەکانت.

–باشت بۆیاخکردووە، سەیربکە ئەڵێی ئاوێنەیە..سەری لەبەر دابێنە..

–چەند ئەکات.

–تازە ئەپرسێ چەند ئەکات..دیارە لێرە نەبویت، یان دەمێکە قۆندەرەت لە پێنەکردووەو بۆیاخت نەکردووە.

–پەنجا فلس زیاتر هەیە.

–چی..؟پەنجا فلس..؟بۆیاخێك بۆ بە پەنجا..؟

–بۆی ناوێت..لەمن مەپرسەو رایمکە..بافریای جووتێکیتر بکەوم..

–ئەمەش جۆرێکە لەڕوتانەوە..

–زۆرم لێنەکردییت..ئەگەر بەزۆری دەزانیت‌و لەدەستت نابێتەوە..پێویست نییە..خەڵکی رۆژانە بەئاشکرا گیرفانی خەڵکی هـەژار دەبڕن. کەس نایبینێ‌و قسەناکات.. ئێمـە بەشان‌و دەستی خۆمـان، قۆنـدەرە بۆیاخدەکـەین..پێڵاو پاکدەکەینەوە..کەچی بەچاوی جەردەو رێگر سەیرمان دەکەن!؟

–نەعلـەکانی هـەڵگرت‌و رۆیشـت..ئەمـە خۆشـە..هەشـت سـەرخێزانت بەملـەوەبێت...لەمـەلا بانگدانـەوە، تابـانگی شێوان شان‌و قـۆڵ بکوتـە..ئینجـا بەحاڵەحاڵ‌و هەزار ناوی خواو ناوی عەلی..بەشی ژیانێکی کولەمەرگیان بۆ پەیدا بکە.. سەعاتێ قۆندەرە لە قوڕو پیسی پاککەرەوە، فلچەی لێدەوبەمدیوئەودیویا بێ..کەچـی بـۆ داوای حـەقی خـۆت کـە پـەنجا فلسـە..بەچاوی جـەردە سـەیر بکرێیت.!!

ئاخر پەنجا فلسەکە دەسکێ تورو دوو دەسك کەوەر ناکات.خوایە..ئەمەش پێی دەوترێت ژیان؟..ئەمە نان پەیداکردنە..؟

–نەعلەکانی خستە ژێر باڵی بۆیاخ..بۆیاخ..بۆیاخ بە پەنجا فلس

–دووشەش لەدەستما تۆپیوە..دۆمینەکە هی ئەوانە.

–بیستان دوێنێ چ روداوێکی ناخۆش رویداوە..؟

–چی..؟رویداوەچی..؟نەمبیستووە..

–چی...؟منیش نەمبیستووە.

–چی..؟رویداوە..ئادەی بۆمانبگێرەوە..

–دوێنێ ژنێك زەمیلەیەکی پڕ لەسەوزەی لەبەردەمی دوکانی(ئەبوجەعفەردا)داناوەو، لێیداوە رۆیشتووە..بەئەبو جەعفەری وتووە تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە.

–ئێ..دەی..دەی دوبارەی کەرەوە...!!

–ئەبوجەعفەر...هەر چاوەڕوانی ژنە دەکات بێتەوەو زەمیلەکەی بباتەوە..دیار نابێت..کاتێ دەیەوێت دوکانەکە دابخات..سەیرێکی زەمیلەکە دەکات..دەبینێت لاشەی منداڵێکی بەلەتو پەتکراوی تیایەو سەرەکەی بەچەند چەپکە کەوروسەوزە داپۆشراوە.

–روداوێکی سەیرو سامناکە..

–ئێ دوایی..!

–خەڵکی گوزەری بازاڕەکەی لەسەر کۆدەبنەوە.. بەپێش چاوی هەموانەوە..پۆلیسێکی مەدەنی یەکە یەکە پارچەکانی لەشی ئەو منداڵە دەر دێنێ..

–وەکو باس دەکەن..یەکێ دەڵێت. ژنەکە کچ بووە، کەسێك..سکی پڕکردووە..واتە منداڵەکە زۆڵ بووە..

یەکێ تر دەڵێت ژنەکە رقی لەمێردەکەی هەستاوەو منداڵەکەی لەداخی باوکی والێکردووە..یەکێ دەڵێت لەسەر ئەوەی لە کۆڵاندا..شەڕە ژن بووەو ژنێك منداڵی ژنەکەی تری لەداخا والێکردووە..بەکورتی..قسەی زۆر دەکرێت.

–دوێنێ رووداوێکی تر روویداوە..دیارە نەتان بیستووە..؟

–نا دوێنێ نا پێرێ.. ئا پێرێ..زیاتر له چل پەنجا ئۆتۆمۆبیل، جەنازەیەکیان لەسەر یەکێك له ئۆتۆمبیلەکان دابەستووە، یەك بەدوای یەکدا بەنا و هەموو شاردا سوڕاونەتەوە، ..بەهۆڕین لێدان گوێی خەڵکی شاریان کەڕ کردووە.

–ئێ..دوایی..!

–کوڕە تابوتەکە جەنازەی تێدا نەبووە..لەداخداو بۆسەیر ئەو شۆفێرانە وایانکردووە..

–کوڕینە ئەمە هێشتا باشترە لەوەی هەفتەی رابردوو..

–چۆن..؟هەفتەی رابردوو چی بووە..؟.

–دوای ئاهەنگی رۆژی چوارشەممە..لەسەر کچە سەماکەرەکەی کە بۆ ئاهەنگەکە هێناویانە، ئەبو محەمەدو ئەبو حەیدەر قسەیان لەیەك هەڵبەزیوەتەوە، پەلاماری یەکتریان داوە...ئەبوحمەمەد لە کاتژمێری دووی شەودا بەحەربەی چەکەکەی سنجوقێنی له مێشکی ئەبوحەیدەر کردووە.

–لەو رۆژەوە بۆ حەربەکە دەگەڕێن نایدۆزنەوە...

–ئەبو حەیدەر کوژرا..؟..خۆ کەس بەهیچی نەدەزانی..

–جا ئەوانەش پێیان دەوترێت پیاو..لەسەر ژنێکی سۆزانی وا بەخۆیان بکەن...

–کوڕە ئەوە دەڵێیت چی..هەموان..لە ئەبو محەمەدو ئەبو حەیدەر گەلێ خراپترن..

–ئێستا ئەبو محەمەدو ئەبو حەیدەر کوژرا..؟

–نا ئەڵێن ماوە..بەڵام توشی شەلەلی مێشك بووە، بەپێی راپۆرتی پزیشکەکان چاك نابێتەوە..

–ئەی ئەبو محەمەد..

–چەند رۆژ خۆی شاردۆتەوە..ئێستا دەڵێن خۆیداوە بەدەست پۆلیسەوەو بەندە...

–وەکودەگێڕنەوە..دەڵێن..ژن و منداڵی هەردوکیان..لەداخی ڕەفتارەکەیان بەتوخنی هیچیاندا ناچن..

–کوڕینە ئەمانە هەمووی بەلایەك..بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی..کچان و مامۆستا نەجمی هەتیو بازە...

–چۆن ئێستا ئەو بەڕێوەبەرە...؟

–بەڵێ..وا ساڵێکە..!

–بەخوا جوانە.!.نەوەی نوێ باش پەروەردە دەبێت.!

–کوڕە سەیر لەوەدایە...بەڕێوەبەری کچانیشە...ئەمە لەهەموی خۆشترە..

–ئەی ئەوەتان زانیوە..جەمعیەی هەرەوەزی..لەئەنجامی فرە کوێخایی..زیانی زۆریانکردووەو زۆر قەرزار بوون، بڕیاریانداوە کە گازینۆیەك بۆ خواردنەوە بکەنەوە، تا ئەو قەرزە پڕبکەنەوە..

–کارێکی خۆشە..ئەمەیە دەڵێن بە مازوان تێشکاون بەسێچکان هەڵدەستنەوە..

–هەستن..بابڕۆین ئەمە شارە..ئەمە وڵاتە..وەکو ناو ئەم چایخانەیە کەس بەکەس نییە.

چیرۆك

(ژانەکانی هەنگە ژاڵ)

قەزای حەی ساڵی ١٩٧٩

منداڵ بووم، منداڵان هەموو جارێ باسی هەنگە ژاڵیان دەکرد. منیش نەمئەزانی هەنگە ژاڵ چییە، ئەوەندەم دەزانی که هەنگ بە منداڵەوە ئەدات. هەر که لەیاری دەگەڕامەوە، باوەشم بەملی دایکما ئەکرد، دەستمئەکرد بەملاوئەولا ماچکردنی، ئەموت دایە توخوا پێم بڵێ هەنگە ژاڵ چییە؟ چی تێدایە؟ دایکم ماچێکی ئەکردمو ئەیوت کوڕی شیرینم تۆ چیت بەسەر ئەم پرسیارەوە داوە؟کێ پێی وتویت هەنگە ژاڵ هەیە؟ دایە رۆژنییە منداڵان باسی نەکەنو گۆرانی پیادا نەڵێن: ئەڵێن هەنگە ژاڵ وا بەکێوی دەربەند چۆلەکەوە، ئەوەندە هەنگوینی تێدایە ئەگەر دەربهێنرێ هەرچی خەڵکی ئەم دەوروبەرەهەیە تێریدەکات.

دایکم سەرێکی راوەشاندو ماچێکی تری کردمو وتی: رۆڵەی خۆشەویستم ئەو قسانە قسەی منداڵی لاسارو هاروهاجە. گوێ بۆقسەیان مەگرە کوڕم نەکەی بەقسەی ئەومنداڵانە هەڵخەڵتێیتو لە خشتەت بەرنو لەگەڵیان بڕۆیت. هەنگە ژاڵ شاری هەنگانە، لەدێر زەمانەوە هەیە، بەهەزاران هەزار شارە هەنگی تێدایە شوێنێکی ئەوەندە سەختو هەڵدێری وایە هیچ کەسێك نەیتوانیوەو ناتوانێ لێی نزیك ببێتەوە. لەوشاخی دەربەند چۆلەکەیەدایە، بەزەردەو کاوەیەکەوە کەئەگەر لەبنییەوە بۆی بڕوانیت کڵاوت لەسەر بەردەبێتەوە، گەر لەسەریشەوە سەیری خوارەوە بکەیت چاوت بە گێژەوە ئەچێت. لەوانەیە لەسەر سەر بەرببیتە خوارەوە، وە هەرکەسێکیش لەبەر کونەکەیان نزیك ببێتەوە بەدەردێکی دەبەن با بەدەواری شرپینەکردبێ.کوڕم ئێمەش کەمنداڵ بووین باسی ئەم هەنگە ژاڵە هەر هەبوو. منیش وەکو تۆ کچەکانی دەستە خوشکم بۆیان باس دەکردمو ئەیان وت ئەگێڕنەوە تا ئێستا بەهەزاران کەس بەگوریس بۆ ئەم هەنگە ژاڵە شۆڕ کراوەتەوە. بەڵام هیچیان قامکیان لەهەنگوین رانەهاویشتووە، لەوانەشی کە شۆڕکراونەتەوە. من خۆم بەبیرم دێو هیچ دوور نەڕۆین(مام هۆمەرە شەلو

قارەمانە دەسكۆڵوقالە پشت شكاو نابینی كە ئێستا ماون. ئەمانە هەمووی لەپای هەنگوینی هەنگەژاڵدا بەودەردەیانەوە ئەتلێنەوە. خۆ كزەی جوامێری كوڕی مام پیرۆتم هەر لەدڵ دەر نەچێ، ئەو جوانە مەرگە وەكو تۆ منداڵ بوو. لەگەڵ منداڵانی دێدا سەریاننابۆوەو بەشاخەكەدا هەڵگەڕابوون، چووبوونە سەر شاخی هەنگەژاڵو خۆیشۆڕكردبۆوە بۆئەوەی سەیری شاری هەنگە ژاڵ بكات. لەو شاخە بەرزەوە بەسەردا بەربووەوەو كەوتبووە خوارەوە هەپرون بەهەپرون بووبوو. دایكی كوێربێ ئێستا ئەوكزەیەم لەدڵ دەرناچێ رۆژێ هات بۆ زاخو نەمان بوو بیدەمێ. ئێسكو پروسكیان لەتورەكەدا كۆكردەوەو هێنایانەوە. كوڕم دەخیل سەد دەخیل جەرگم بەتەنوورەوە نەدەیتو نەكەی بەقسەی كوڕوكاڵ فریوبخۆیتو خۆت لەقەرەی هەنگە ژاڵو شاخی هەنگە ژاڵ بدەیت. ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی..

رۆژو شەو هاتو ساڵ بەدوای ساڵدا ملی ناو منیش گەورە بووم دەسو دەمی خۆمناسی، كۆمەڵێ لەو منداڵانەی كە هاوڕێی منداڵیم بوون، هەر باسی هەنگە ژاڵیان بۆ ئەكردم لەوێدا نەمانو ون بوون پاش ماوەیەك پەیدابوونەوە، لەگەڵ خۆیاندا كۆمەڵێ خەڵكیان هێنابوو، كە نەشاخو نەدار بەڕوو نە بەفرو نەهەنگیان نەدیبوو. هاتن بۆلام وتیان ئەزانیت دەمانەوێت هەنگوینی هەنگە ژاڵ دەربێنین. وتم جا بەچیوچۆن؟ وتیان ئا ئەم كوڕە رەش ئەسمەرانای كە ئەیان بینی هەموو شارەزاو پسپۆڕن لەڕەوشتی هەنگو جۆری هەنگویندا. ئێمە هەر ئەوەندە رێبەرێتیان بكەین ئیتر خۆیان ئەزانن چۆنی دەر دێنن..وتم براكانم ئێوە بەهەڵەدا چوون ئەگەر ئەم خۆ ونكردنەتان بۆ ئەمە بووبێ مایەتان پوچە.

باو باپیرانی ئێمە ئەگەر لەدەسەڵاتیاندا بوایە خۆیان دەریاندەهێنا، ئەگەر بیانزانیایە بەكەسانێ وەكو ئەمانە هەنگوینی هەنگە ژاڵ دەخۆن، زۆر لەمێژێ بو شاخو داخی هەنگە ژاڵ بەتوورەكە بێژرابۆوە. ئەمانە یەكەم لە خەڵكی ئەم وولاتە ناچن. دووەم تۆ خۆت خەڵكی ولاتەكەی پەی پێنابەیت خۆت یەكێكی نەشارەزا تۆیێ پیشان بدەیت ئەتوانێ هەنگوینی هەنگە ژاڵمان دەرخوارد بدات؟

وتیان كاكە تۆ بەهەڵەدا چوویت ئەمانە خاوەنی پارەو سامانی زۆرن. بەلایانەوە گرنگ نییە، بە فەردە پارە بسوتێنن لەپێناوی یەك بەرە هەنگویندا. یەكی نادوان دە هەزار دەنێرن...وتم ئەمەی ئێوە دەیڵێن هەنگوین بۆ ئێوە

دەرناهێنن، لەژێر باڵو ڕێو شوێنی ئێوەدا هەنگوینی هەنگە ژاڵ بۆ خۆیان دەردێنن.

بەچنگی شکاوی براکانی ئێمە هەنگوینی چەند ساڵەی هەنگەژاڵ بۆ گەرووی خۆیان دەردێنن.

وتیان تۆ چونکە هێشتا لەم گوندە دوور نەکەوتویتەوە، شارو کەست نەدیوە، وائەزانی جیهان لە چوار دەوری ئەم گوندەدا دەسوڕێتەوە. ئێمە چوینەتە شارو خەڵكوخوامان دیوە، ئەزانین چی هەیەو لەم جیهانەدا. ئێمە دەست بەکاری خۆمان ئەکەین تۆش کەیفی خۆتە.ئەگەر لەگەڵمان بێیت زیانناکەیت.

منیش وتم لەگەڵتان نابمو کارەکەشتان بەکارێکی ناپەسەند ئەزانم، ملی خۆتانو کۆمەڵێ خەڵکی ساویلکەی تیادا ئەشکێ‌وپریشکیشتان ئێمە پیس دەکات.

کەوتنە فرتو ورت بەیەکاهاتنو بەیەکا چوونو خەڵکی زۆریان لەخۆیان کۆکردەوە. هەمووڕۆژێ لەژێرچاودێری یەکێك لەو پسپۆڕانەکۆمەڵێ خەڵکیان بەگژ هەنگەکانی شاخی هەنگە ژاڵدا ئەکرد. لە هەر پەلامار ێکیاندا کۆمەڵێ کوڕوکاڵی بەپارە چاو بەستە کراو قاچو دەستو پشتیان ئەشکا. هەنگە بزنەکانیش هەرکە ئەئالۆسکان. لەسەروملی کابرای کە لە دوور لەسەر بەرزاییەك دائەنیشتو بەدوربین سەیریئەکرد. ئەئالانەسەریو ئەیاندا بەسەریەوەو سەریان دەئاوساندو یەکێك تر دەهاتە جێ.. ئەوەندە تاویان لەوشاخەدا زەردەواڵەو زەردە زیڕە کە هەردەم لەپای هەنگ بوون بۆ هەنگوینی بڕیاریانداو، لەگەڵهەنگدا بوون بەیەك. ئەوان وەکو هەنگ نەبوون، کە بەهەر کەسەوە بدەن خۆیان بمرن... ئاو خۆریش نەبوون ژاریان کاریگەر نەبێت.. هەموو لەو دەربەندەدا پورەیاندا هەرکە سووسەی ئەمانەیانەدەکرد کە بەنیازن. بێنەسەر هەنگەژاڵ ئەئالۆسکانو هەرکەسیان بدیایە تێی ئەئالانو ئەوەندەیان چزلەسەر چاوو دەمو گوێو لوتیان هەڵئەچەقاند وەکو هیزرە دەئاوساو لەبەردەمی شاخەدا وەك تەراڵ لێی‌ئەکەوت..

تا ئەوانەی هێنابویانن وەرس بوونو پارەیان بۆ دۆستەکانیان جێهێشتو کارەکەیان بەوان سپارد، ئیتر وا لەو ڕۆژەوە پارە لەباخەڵی ئەوانە دەرئەچێو لاشەی ئەمانی پێ ئەشاردرێتەوە، بە ئومێدی هەنگوینی هەنگە ژاڵ.

دایکیشم ئێستا هەمووجارێ پێم ئەڵێ کوڕم پێم نەوتی خۆت لەقەرەی هەنگە ژاڵ نەدەی. خۆ بەچاوی خۆت بینیت ئەوانەی چاویان لەهەنگە ژاڵ بڕیبوو، چییان بەسەر هاتو هەنگەژاڵیش هەر وەکو نەبای دیبێ نەباران هەر لەشوێنی خۆیەتی گەرووی زیاتر ناخی شاخ ئەهەژێنێ.

چیرۆك

((بەڵێن...))

قەزای حەی ١٩٧٦

بەڵێنیان پێدان، ئەگەر بێنەوە، بەرماڵەکەی خۆیان بکەنەوە بەپیاز...بەدڵ خۆشی‌یەوە کەل‌وپەلەکانیان پێ چایەوە.. کاروان کە لەتەمەنی شەش سالاندا بوو رووی کردە باوکی وتی باوکە ئەم جارە کۆچ بەرەو کوی ئەکەینەوە...؟..ئەوشوێنەی بۆی ئەچین هەر بەدەسەنە نانمان بۆ دێنن..؟

کەمێك راماو سەیرێکی کاروانی کرد کەخەریکی کۆلارە دروست کردن بوو چاوێکی لە فرمێسکەکانی ئاسکۆڵی ژنی بڕی‌و وتی کوڕی شیرینم کۆچ‌وباری ئەمجارە بۆ ئەوەیە کە لەدەسەنەیی سەرفرازبین...دوێنێ ئەو کۆمەڵەت نەدی کە مەلایەکی سەرسپی و ژنێکییان لەگەڵدا بوو...؟

کاروان وتی ئەوەی مێزەرێ سپی‌و فێستێکی سووری لەسەردا بوو..؟!

ئا..کوڕم..ئەوانە بەڵێنییان پێ داوین..کە بچینەوە ناو خانووەکانی خۆمان..لەوێ ئەکەوینەوە سەر رەنجی شانی خۆمان...

کاروان بەدەم بەکرە بەستنی کۆلارەکەیەوە هەناسەیەکی دوو دڵی هەڵکێشاو وتی جا خانووەکەمان ماوە...؟خۆ لەپایزدا هەموو دێکە سووتا..!

کوڕە خۆشەویستەکەم خانووە کانمان راستە سووتاوە. بەڵام هەر دارو بەرد زۆرە..کردنەوەیان خوا یاربێت ئاسانە.. کەچووینەوە بەراوەکانی خۆمانتان بۆ ئەکەم بە تووتن‌و تەماتەو مەرەزەو کە پرتکیتان لەسەری بۆ ئەبەستم‌و ئێوە پێیانەوە خەریك بن. منیش خەریکی کردنەوەی خانووەکان ئەبم.

لەم قسانەدا بوون‌و کاروانیش کەوتبووە هەڵدانی کۆلارەکەی..لەپڕ پیان راگەیاندن ئەوەی بۆ ئەودیو ئەڕواتەوە کەل‌وپەلەکانی لە لێواری خیابانەکە ئامادە بکات. ئێستا ماشێن دێت..ئەوەش چراوبەتانی‌وشتی تری ئێرەی لایە جیا بەجیا دایان بنێن میرزا لێنان وەرگرێتەوە سەرەتایی ماشێن دەرکەوت..خەڵکە کە کەوتنە پەلەوبە یەکاهاتنی چوارپێنج دار بەدەست بەچەند دارێ ئاگاداری کردنەوە کە پەلەی ناوێت بەرێز ماشێن ماشێن پڕ ئەکرێت‌و ئەڕوات. سیارەکان..بەرودوا پڕبوون...پێش ئەوەی سەیارەکان بکەونە

ڕێ..شەبقەلەسەرێك هات وتی گوێ بگرن..كەس بەخراپە باسی ئێمە نەكات..ئێستاش هەر كەس نایەوێت بڕواتەوە ئێمە ئامادەین لەسەر سەرمان بەخێوی بكەین..

لە گەرمەی ئیش و گریانی ڕاوەستاو سواردا شەستە بارانێكی تف و بەڵغەم ڕووی كردە شەبقە بۆر..برووسكەی ئێوە بوو پوازی كارەساتی ئێمە..ئێوە بوون.. سەیارەكان كەوتنەڕێ و زایەڵەی گریانی بی سەروشوێن دەنگی سەیارەكانی كپ كرد.

كاروان كۆلارەكەی بەدەستەوە بوو ویستی لەناو سەیارەكەدا هەڵی بدات، گیربوو لە سەیارەیەكی ترو پچڕا..دەستی بەگەریان كرد خۆزگا هەر لە شوێنی خۆمان بووینایەوكۆلارەكەم وای لێ نەهاتایە...چەند ڕۆژە خەریكم تا دروستم كرد..ئاخر چاو لە سواری سەیارە وایە ئەگەر سواری سەیارە نەبووینایەو بەپێ بڕۆیشتینایە تووشی ئەم كۆچە نەبووینایە كۆلارەكەی منیش نەئەپچڕا.. تەماشاكەران لەهەموو دێیەكانی سەر ڕێ هاتبوونەدەرەوە چاوی نیگەرانی و ئاوارەیی ئەو خەڵكەیان بەفرمێسك بەرێ ئەكرد..پیرە ژنێك هاتە بەرسەیارە كان و مەجبووری وەستانی كردن..قیژانی وتی پیاوەكان پیاوەكان، خوا ڕوورەشی هەردوو دنیاتان بكات، ژیانتان ئەمەی ئەهێنا ئێوە وا ئەم كیژۆڵەو كۆرپە نازدارانەتان خستەوەبەر چەقۆی دوو گەلە گورگی برسی بەخۆین گۆشت و ئێسقانیان..بەسەر بەرزی بمردینایە باشترنەبوو لەوەی كە بەم شێوەو بەسەر شۆڕیتان خۆتان خاكی خوتان هێنا، ژەندرمەیەك پەلی گرت تا هێزی تیادابوو پاڵێكی پێوەناو لەسەر ڕێوبانەكە دووری خستەوەوتی سەیری عومری مەڕەلاتێكی ماوە داوای فیرعەونی ئەكات (منداڵێكی خرپنەوچاوگەشی قیژانی و هاواری كرد كاكی چریك ئەو سەربازانە خەڵكی وڵاتی ئێمە نین....

وسبە هەتیو ئێستا لوولەی تفەنگەكانمان لێوی یەكتر ماچ مەكەن)..

چیرۆك

قوتابی و جەندرمە

سلێمانی ١٩٦٧

وا دێتەوە بیرم ئەو بەیانیە بەڵێندەرەکەمان پێ خۆری بۆ نەهێنابووین، هەر چاوەڕوانمان ئەکرد، تەواو درەنگ بوو بۆیە هەرکەس لەئاستی خۆیی دەستی کرد بەنان‌وچایی خواردن کتێبەکانم هەڵگرت‌و، بەرەو قوتابخانە کەوتمەرێ، لەرێگا بومە هاوڕێی چەن قوتابیەکی تری رێی قوتابخانە..

چۆڕاوگەی کۆڵانەکان لافاوی شەقامەکەی هەڵساندبوو بەبەیەکاهاتنی کچ‌وکوڕ شەپۆلی گەورە گەورەی دروست ئەکرد...پەلەکردن بۆ فریاکەوتن وانەی یەکەم خێراییەکی تەواوی دابوو بە دواشەپۆلی قوتابیەکان، دواچۆڕەکەش ئێمە بووین..یەشتا دواشەپۆلی قوتابیەکان لەسەر شەقامەکە بوون تەقە لەدەوروبەری شار دەستی پێکرد..

زەنگ لەلێداندابوو، هەر قوتابیە چووە پۆلی خۆی ماموستاکان دابەش بوون‌و خۆیان کردبە ژوورەکاندا، تەقە تاهات زیادی کرد، بەرەبەرە ناوشاریشی گرتەوە، دەنگی ریزی کلەشینکۆف وەکو پریشکە ئەیدا بەدەمیەوە گیزو وڕی گوللەو زەلە زەلی ناوشار تەواو سەرنجی بۆ پەنجەرەکان راکێشا. ماموستا کەشمان لەگەڵ ئێمەدا چاوی بڕیە پەنجەرەو چاوەڕوانی دوای هاتنی تەقەی دەکرد..جار جارەش دەیویست کچان. بکاتەوە ئەویش وانەکەی خۆی بڵێتەوە...بەڵام زیرە زیری زنجیری دەبابەو دەنگی دۆشکە تەواو پۆلەکەمانی شلەژاند، بەڕێوەبەرهاتە بەرپۆلەکەمان‌و وتی کەس دەرنەچێت، سەرەتاتکێ لەپەنجەرەکانەوە مەکەن لەسەرخۆبن، با کوڕیەی کەس زیان نەهێنێ مەشترسن ئەمە یەکەم جار نییە وا لەناو شارو دەوروبەری قوتابخانەکەمان تەقە ئەکرێت، یەشتا وانەکەمان تەواونەبوو بوو، لەبەرێوەبەرەوە نووسراوێك هات کە باقوتابیان بەربدەن‌و بڕۆنەوە:—ماموستا وتی..کورەکانم لەشەقامەکانەوە مەڕۆن، رامەکەن‌و خۆتان مەشلەژێنن لەرێگا مەوەستن ئێمە کەئیزنتان ئەدەین بۆ ماڵەوەتان ئیزن ئەدەین ئاگاداری خۆتان بن چونکە ئێستا دایك‌وباوکتان دڵیان لەپەژارەدایە.

کۆمەڵ کۆمەڵ قوتابیی دەرچوون بۆ سەر شەقامەکان هەموومان رژاینە سەر شەقامەکان و کۆمەل کۆمەل بلاوەمان کرد بە کۆلانەکاندا، تەقەگەرمتر ئەبوولەسەری کۆلانەکەمان (۳)سەربازمان تووش بوو لوولەی میلی کلاشینکۆفەکانیان تێکردین و، وتیان خوێری بوەستن بوەستن. یەشتا لەشوێنی خۆمان دانەمرکابووینەوە، سەروزلەمان خوارد، نەخێر قۆناغی کلاشینکۆف ئاراستەی ناوشان و سەر سنگمانکرا..

ئەوەندە هاتینە زمان وتمان قوتابین ئەوە کتێبەکانمان بۆ ماڵەوە ئەرۆینەوە....کوا هەویەکانتان کێبوو ئەمشەو قومبەلەی فرێدایە ماڵی بەرێوەبەری ئاسایشەوە.. منداڵێکیان مردوە ئەبێت سەدتان لێ بکوژین..خۆم گورج کردەوە و رووم تێکردن ئێمە قوتابین لەبەشی ناوخۆیین و هیچ نین ئەتوانن بۆ راستی قسەم پرسیار لەبەرێوەبەری بەشی ناوخۆیی بکەن. سەربازە بێ خەتەکە دەستی بە بەپەلپیتکەی تفەنگەکەیەوە بوو ئاراستەی سنگی هاوەڵەکەمی کردو، وتی تۆبۆ نقەت لەخۆت بڕیوە..نەگەیشتە ئەوەی وەڵام بداتەوە بەریزێ کلاشینکۆف ناوسکی ئاگرداو بە پشتاکەوت.

کەچاوم کەوت بەشێرکۆی هاورێم بوورامەوەکاتێ هۆشم هاتەوە وام لەخەستەخانەو دایکم بەسەرمدا ئەگری..وتم دایە شیرکۆ ماوە یان شەهید بووە، وتی بەقوربانتبم جاکێ ماوە ئەمڕۆ(۲٤)قوتابی لەهاورێیەکانت کوژراون و(۳۲) قوتابیش بریندارە، کەسیش بەتەمای تۆ نەمابوو. ئەزانیت تۆش لەخوێنی شێرکۆی هاورێتا گەوزابووی..ئێستاش ئەوەم لەگوێدا ئەزرنگێتەوە کە دایکی شیرکۆ بەقوربان سامالی کوری ئەبوو، کە دووگوللەی پێوە بوو، لەگەڵ بەقوربانی ئەودا بەکوڵ ئەگریاو ئەی وت دایکت کوێربێت شێرکۆ..چەند بەئاواتی دانیشتگاوە بوویت....

چیرۆك

راوەماسی و گوڵاڵە

سلێمانی ١٩٨٩

خۆی و هەر حەوت منداڵەکەی و ژنەکەی ودایکی لەچواردەوری تەباخە یەکچاوەکە کۆبونەوە. چۆقەچۆقی دانیان ئەتوت کۆرسی گۆرانییەکی ناخۆشەو ژوورەکەیانی بە ئاوازێکی ناساز دەلاواندەوە.

لەبەر خۆیەوە وتی.حاڵمان بەم شێوەبێت و زستان والێمان هەڵپێچێ. ئەمساڵ منداڵەکان رەقدەبنەوە.. ژیان بەم حاڵە ناڕوات تاکەی دەم بەحەواوەبگرین..شەوو رۆژ بەم شێوە بەسەر نابرێت. روی کردە خونچەی خێزانی وتی کوا تۆڕی ماسییەکە...ئابڕۆ بۆم بخەرە گونیەکەوەو یەکدونانم بۆ بپێچەرەوە..سەرێك ئەڕۆم و دەچم بۆ ئەو چەمە..بزانم چەندماسییەك ناگرم. خونچە وتی پیاوەکە بەم سەرمایە خوا غەزەبی لێگرتوویت بۆ کوێ ئەچیت؟

وتی ئافرەت..نەوتمان نییە..عەلادینمان نییە. دەچم بەشکم هەندێ ماسی بگرم و بیانهێنمە بازاڕو بیان فرۆشم بۆ ئەوەی نەوت وعەلادینی پێبکرم..خونچە وتی پیاوەکە رۆژەکەی رۆژ نییە. ساردەو رەشەباکەی ئەڵێی مووسە سەر ئەتاشێ.

وتی..بڕیارە داومەو ئەگەر رەقیش بمبمەوە هەر ئەچم..نانی بەستەپشت و گوێنی تورەکەیدا بەشانداو لەماڵ چووە دەرەوە...سەرماو رەشەباکە وابوو زۆر بەقورسی هەنگاوی بۆ ئەنرا..زۆر لەماڵی خۆیان دوور نەکەوتبۆوە...بەبیریاهات وتی باش وایە بچم تالە بانگکەم بزانم ئەویش نایەت. ئەورۆژە وتی نەوت و شەکرمان نییە یەکسەر لایداو چووە بەرماڵیان و لەدەرگایدا...تالە هات بەدەم دەرگاکەوە وتی ها کاکە بلە...خێرە بۆ کوێ؟ وتی نیازی راوەماسیم هەیە نایەیت؟ وتی جابەم سەرمایە راوەماسی دەکرێت؟ وتی چارنییە..ئەمرۆ نەبێت ئێمە ماسیمان دەس ناکەوێت و بۆ ئێمە پارەناکات. تالە رازیبوو. چووە ژوورەوە نان و تفاقی هێناو بەچووتە شاریان بەجێهێشت و خۆیان گەیاندە سەرچەمەکە.

گۆمیان دۆزیەوەو کەوتنە تۆڕ هەڵدان... ماسییەکی زۆریانگرت لەخۆشی ماسی سەرمایان بیرچۆوە. تانزیکی نیوەڕۆ دووکوڵ ماسیان گرتو دەستیان لەراو هەڵگرت. لەقەراغی چەمەکە ئاگرێکیانکردەوە بەشی خۆیان برژاندو خویان لێ مرکرد.. هەرلەوێ ماسییە گەورەکانیان لەماسییە بچووکەکان جیاکردەوە..بلە بەتالەی دەوت نانی هەبێ لەم سوورەماسیانەدایە...بەخوا مەگەر پارەی ئەم ماسییانە فریای منداڵەکانمان بکەوێت لەسەرمای ئەم زستانە دەربازیان کات.

ماسییەکانیان کردە دوو گوێنییەوەو دایان بەکۆڵیانداو دوای نیوەڕۆ گەیشتنەوە شار. ماسییەکانیان بردە بازاڕ بەنیازی ئەوەی بیفرۆشن.هەردایاننا..چەندرمەکان دایان بەسەریاندا بەئارەزووی خۆیان چەند سوورەماسییەکی گەورەیان هەڵبژاردو بردیان..تالەو وتی چۆن بە پەلە ئەوەی خێری تیادابوو ماشیبیانەوە. برا بەخوا رەنجی ئێمەیەو بردەی جەندرمەیە. لەماوەی چەند سەعاتێکدا ئەوەی مابوو فرۆشتیانو پارەکەیان وەکوبرا بەشکردو هەریەکەیان دووعەلاگەشتی بۆماڵەوە کڕیو بەرەو ماڵەکانیان گەڕانەوە..بلە..بەگەیشتنی بۆ بەرماڵیان گوێی لەگریانبوو. بەپەلە خۆی بەژووردا کرد. خونچە بەگریانەوە پەلاماریدا.. وتی چووی بۆکوێ..؟ نەموت مەڕۆ..ئەوە تاهاتیتەوە..گوڵاڵەی کچمان لەسەرماوبرسا رەقبۆوەو دایکیشت لەگیانەڵادایە..بەوماندوویی و چۆخەی دانەوە پەلاماری گوڵاڵەیداو گرتییە باوەشی و بەسنگیەوە نووساندو کەوتە ماچکردنی ئەوەندەی ماچکرد تا ئەویش بوورایەوە.

چیرۆك

((کارۆوسلێمان بەگ))

قەزای حەی /واسط

هاوینی ساڵی ۱۹۷۷

لەبازاڕی شارە بچوکەکەدا، بەنەشارەزایی ئەخولایەوە، باقەیە سیکاردو چەند شانەیەکی داری بەدەستەوە بوو. بەپێ چاوی یەکەیەکەی خەڵکەکەی ماچ ئەکرد. بەنیازی ئەوەی لێی بپرسن سیکاردوشانەی بەچەند...؟

خەڵکی سەر شەقامو بازاڕەکە هەر هەموو بەسەیرەوە چاویان تێبڕیبوو. ئەوەندە بەسەرنجو سەیرەوە بۆیان دەڕوانی ئەتوت زیندەوەرێکی بیابانەو رێی لێتێکچووەو بەرێکەوت پەڕیوەتە ئەم شارەوە، شەقامە دورو درێژەکەی بڕی و، جارێکیتریش پیاگەڕایەوە. بەڵام کەس پێی نەوت شانەت، سیکاردت بەچەند...؟ماندوبوو نەك لە رۆیشتن بەڵکەلەبەر ئەوەی کەس لەبەرهەمی کاری دەستی نەپرسی لەسەر شۆستەیەك بەرامبەر بەفولکەی بەردەم سینەماکە راوەستا... نەخێر دانیشتو کەوتە ژماردنی شانەو سیکاردەکانی. چاوی لەخەڵکەکەش نەدەتروکان. بیری لەنرخی شتەکانی دەکردەوە، ئەگەر کڕیاری هەبوو شانە بەشەست فلسوسیکاردیش بداتە حەفتاوپێنج فلس..لەبەرخۆیەوە دەیوت بەم نرخانە هەرزانە. شانەیەکی باغە دەدەنە سەد فلسو بەدوو رۆژ دانەکانی هەڵدەوەرێت. چەقۆیەکی خەیار پاککردن دەدەن بەسەد فلس خەیارێکی پێ پاکناکرێت...بەدەم ئەم وتووێژە لەگەڵ خۆیدا دەیوت سەیرە..بۆ کەس لەشتەکانم ناپرسێت. بڵێی ئەم خەڵکە هیچیان پێویستیان بەم سەنعەتانەی من نەبێت؟ ژنەکانیان خۆش نەوێت؟ کەسیان رۆژانە گۆشت نەخۆنوچەقۆوسیکارد بەکار نەهێنن؟

لەم سێ ودووەدا هەڵوێستەیەکی کرد..هەرلەبەرخۆیەوە بەخۆی دەوت نا ئەمانە نییە..جلەکانم...جلەکانم.

هەر کەسەیری جلەکانی بەرمدەکەن...دەزانن کوردم رقیان لەخۆشموجلەکانموسەنعەتەکانیشمە...لەم تاوتوێی ناخی خۆیدا...کاتێکی زانی

دووپۆلیس ئەملاوئەویان لێگرتو وتیان هەستەو دایانە پێش..پرسی بۆ کوێم دەبەن هیچم نەکردووە...تکاتان لێدەکەم مەرەخەسم کەن با هەندێ لەسەنعەتەکانم بفرۆشم. رۆژ ئەوەندەی بەدەمەوە نەماوەو دەبێت ئێوارە زووبگەڕێمەوە بۆ شوێنەکەم. دوابکەوم سزام دەدەن.

پاڵێکیان پێوە ناو وتیان قسە مەکەو پێشمانکەوە...دەمی چەند گەرمە...لەسەر ئەم بزێوی‌ودەم درێژییەتان واتان بەسەرهاتووە...ئێوە لەگوندوشوێنی باش نیشتەجێکراون...بەبێ ئەوەی کاروکاسپی بکەن هەموپێداویستییەکی ژیانتان بۆ دابینکراوە...لەوەزیاتر چیتان دەوێت..؟ بەدەم پاڵنانەوە..کاتێکی زانی لەبەردەمی بنکەیەکی پۆلیسدا رایانگرت. پێیان وت لەوسووچەدا راوەستە...پۆلیسەکە یەکێکیان چووە بەردەم ژوورێکو دەرگاکەیکردەوەو سەلامێکی کرد وتی گەورەم هێناومانەو فەرمانتان بەچییە؟ وتی یەکێتان بچن سلێمان بەگ بانگکەن بابێت بۆئێرە. بەئەمرەکەی گەورەمو سەلامێکی تر پاشاوپاش گەڕایەوەو چوو بەدوای سلێمان بەگدا.

سلێمان بەگ گەیشت. وتی فەرموو گەورەم..ئەمرت بەجێیە؟ وتی بڕوانە بزانە ئائەوە بۆچی هاتۆتە ناوشار؟ بەگ لەشانەفرۆش نزیکبۆوە...لێی پرسی چی دەکەیت لەناوشار. یەشتا عارتان نەناوە. لەچیتان کەمە..؟چییە ئەم چوار چەقۆشانەیەت گرتووە بەدەستەوە؟ سەیرن بەهیچ تێر ناخۆن...! هەموپێداویستییەکی ژیانتان بۆ دابینکراوە بیستوچوارسەعاتە وەکو گای لێسە خۆتان ئەلێسنەوە. هیچ کارێکتان پێناکەن. ئێمە مانانیش بەشەورۆژ کاردەکەین‌و هەرچەند دەکەین بەو مووچەیەی هەمانە بژێوی ژیانمان پێدابین ناکرێت.

وتی بەگم من هیچم نەکردووە. ئەوشوێنەی لێی دانیشتبووم نەمزانی بۆ دانیشتن قەدەغەیە...بەس بەس دەم درێژی مەکە...هەریەکێکتان بەشی شارێك دەکەن...دەبێت پێم بڵێیت کێ پێی وتیت ئەم شتانە دروستبکەیت‌و بیان هێنیت بۆ فرۆشتن؟ بەگم ئێمە کێ ئەمانبینێ‌و کێ ئەبینین لەوبیابانە...خۆم سەنعەتکارم...سەنعەتەکەی خۆم دروستکردووە...ئای!...ئای کەس نابینن‌و کەس ناتان بینێ. دیارە نارزین دەتانەوێت خەڵك بێت‌و خەڵك بتان بینێت. قسەکانت دەریدەخات بەم وەزعە نارازین!...روویکردە ئامر مەخفەرەکە..وتی

گەورەم دەڵێی چی شتەکانی لێوەرگرین و بۆ شوێنەکەی خۆیانی رەوانەبکەینەوە پەلاماری بەگیراو وتی بگەم ئەم جارە بەرمەدەن ئیتر نایەمەوە بۆناوشار..ئامیرەکە وتی بائارەزووی تۆ بێت شتەکانی لێوەربگرن و باملی بشکێنن و بڕواتەوە. پەلاماری دان و وتی بەقوربانی دەمتان بم..ها ئەوە شتەکانم خوا ئەوەبگرێت وای لێکردین و بەم رۆژەی گەیاندین.

کارۆ ئێوارە گەڕایەوە بۆماڵەوە- حەمەوقاڵەی تووشبوون..لێیان پرسی شتەکانت فرۆشت؟ داتن بەچەند؟ پێی ناچێت هیچت مابێتەوە. بەڵام درەنگ گەڕاویتەوە....وتی ئەی ئێوە چۆنتان فرۆشت و بەچەندتاندا؟ وتیان ئێمە هەر هەموویمان بەسەر یەکەوە دا بەدوکانداریك شانەدەستەی بەدوانزە پەنجایی وچەقۆ بەهەژدەپەنجایی...وتیان ئەیتۆ؟ وتی باشە ئێوەیان نەگرت؟ گرتن..؟نەوڵڵا کەس لێی نەپرسین. بۆناشێ جەنابتیان گرتبێ؟ وتی برا من پەنی زۆر خراپم بەسەرهات وتیان چۆن؟ ئادەی بۆمان بگێڕەوە؟

باسی گەرانی ناوشاروشاری دواجار دانیشتنی سەر شۆستەکەی بۆکردن و ئینجا باسی هاتنی پۆلیسەکان و بردنی بۆمەرکەزو پەیدا بوونی سلێمان بەگی بۆکردن. وتی ئێمە نەمانزانیوە خەڵکی خۆمان لەم وڵاتە چاوساغیانە.

سلێمان بەگ بەکوردیەکی پەتی خۆمانە..لێم تورەدەبوو قسەی لەگەڵدا دەکردم. وتیان سلێمان بەگ؟ سلێمان بەگ کێیە؟ ناوەکەی غەریب نییە بەخوا هەوێ نەبێ خەڵکی وڵاتی خۆمانە..باشە ئەوچیی پێدەوتیت؟

قسەی زۆری پێوتم...قسەکانی هەرەشە ئاسا بوو...منەتباری دەکردین دەیپرسی کێ پێی وتوویت ئەم کارانە بکەی..؟ دواجار بەخۆی و مەئمور مەرکەز شتەکانیان لێوەرگرتم و بەڵێنیان لێوەر گرتم کە ئیتر نەچمەوە بۆناوشارو بوشت فرۆشتن. وتیان ئەوەقسەیە...باسلێمان بەگو ئاغاکەی باهەربۆخۆیان بڵێن بەخوا ئەمشەو سبەینێ زیاتر دروست دەکەین و دەچینەوە بۆشار دەیانفرۆشین.

ناسر چووە ماڵەوە..خێزان ومنداڵەکانی بەپیریەوە چوون. کەسەیریانکرد بەدەستی بەتاڵ و بەدڵگرانی گەڕاوەتەوە..لێیان پرسی چی بووە تووشی چی بوویت؟ لەنووکەوە بۆی گێڕانەوە. یەکێك لەمنداڵەکانی وتی ساوەڵڵا من کاکەحمەومامە قاڵەم بینی. زۆردڵیان خۆشبوو. وتیان هەموو شتەکانمان فرۆشتووەو شتیشمان بۆ ماڵەوە هێناوەو کەسیش لێی نەپرسیون..ژنەکی وتی

دیاره ئەمە لەنەگبەتی ئێمە یە تۆ تووشی ئەوسەر یەشەیە بوویت..کارۆ وتی گوێی مەدەنێ ئێوە ئەمشەو بەیانی چیتان بۆ دروستدەکردێت دروستی کەن. بەخوا ئەگەر بەندیشیان کردووم دەیبەمەوە بۆناوشار. وتیان خەمت نەبێت ئێمە شتمان دروستکردووەو شتی تریش دروست دەکەین...بەڵام تکات لێدەکەین کەچوویتەوە بۆناوشار ئەوەندە سەیری ئەملاوئەولامەکە..وتی ئێوە بۆم ئامادە بکەن بەخوا ئەگەر بەدارياندا کردوم هەردەچمەوە

دوای دووڕۆژ یەك توورەکەی گەورە چەقۆو شانەیان بۆ پێچایەوە بەیانی زوودای بەکۆلیاو بەرەو شار کەوتە رێ..وتی ئەگەر ئێوارە نەگەڕامەوە ئەوەبزانن بەندکراوم..هەرگەیشتە ناو شارو چووە ناو بازاڕی شارەکە هەر ئەوەندە هاواری شانەو چەقۆیکرد...هەردوکاندار بوو بانگیان دەکرد.

کاکە...کاکە ئادەی دووشانەو دووسیکاردم بۆبێنەوبەبێ پرسی نرخ پارەیان دەدایەو...بازاڕەکەی ووڕژاند واشڵەژانەی دەزانی کێ ئەیبات وکێ پارەی ئەداتێ..کاتێکی زانی توورەکەکەی بەتاڵبوو. گیرفانەکانی پڕبوو بوون لەپارە..کاتێ سەیرکرد...کاکە حەمەولالە قالەیان داوەتە پێش بەناوبازەڕەکەدا...خەڵکی بازارەکەش یەك یەکو دوو دوو لێیان نزیکدەبنەوە..شانەو سیکاردیان لێوەردەگرن و پارە دەکەنە گیرفانیانەوە، پۆلیسەکانیش لەدوایانەوە پەلەیان لێدەکەن. گەیشتنە کارۆ ئەمیشیان دایە پێش...وتی من هیچم پێ نییە..هەروا هاتووم بۆشار. ئەفەندییەکی قژلوول لەتەنیشتیانەوە دەڕۆیشت هەڵیدایەو وتی درۆئەکات ئەمیش ئێستا تەواویکرد. گیرفانەکانی بگەڕێن پریەتی لەپارە. من خۆم ئەم دوانەم بۆ بەڵگە لێکڕیووە..بەقسەی ئەفەندییەکە پۆلیسەکان تێگەیشتن ئەمیش شتی فرۆشتووە.

ئەمیشیان دایە پێش..کاکە حەمەوقالە لەبازاڕەکە دەرنەچووبوون هیچیان نەما...لەناوبازاڕەکەدا ئەفەندییەکی تر لەپۆلیسەکان پەیدابوو لێی پرسین ئەمانە بۆ کوێ دەبەن؟ تاوانێکیان کردووە؟ وتیان شتیان فرۆشتووە؟ وتی بۆشت فرۆشتن لەبازاڕدا قەدەغەیە؟ بۆ ئەمانە بەهاولاتیان دانانێن.؟ بۆ مرۆڤ نین؟ سەیرە سەیر تەنها لەم ولاتەی ئێمە ناحەقی وادەکرێت. پۆلیسەکان توورە بوون بەرقەوە سەیری ئەفەندییەکەیانکرد. بەبێ ئەوەی وەڵام بدەنەوە بەلوولەی کلاشینکۆفەکانیان کەوتنە وێزەیان و پەلەکردن لێیان هەر زووگەیاندیاننەوە

مەرکـــەز وتیـــان خوێرپیینـــە...بەرێزبوەســـتن...یەکەیەکـــە بـــەدوای یەکـــدا بانگیـانکردن..کارۆ چووە ژوورەوە. ئەوە هاتوویتـەوە؟ عـارت نـەناوە؟ بـەڵێنت نـەدا ئـیتر نەیەیتـەوە؟..پارەکانتـان دەرکـەن...بیـان ژمێـرن..پارەکانیـان ژمارد...ئامیر مەخفەرەکـە وتـی پارەکانیـان بنووسـن‌و بیـان دەنـەوە..ئاگـاداری شـوێنەکەیان بکـەن بـەپێی پارەکـەیان لـەخواردن‌و مانگانەکـەیان دابشـکێنن‌و باملیـان بشـکێنن‌و بڕۆنـەوە هەرسـێکیان وتیـان..باکمـان نییـە. باسـەری مـانگ لەمووچـەو ئازوقـەمان بشـکێنن..هەرکاردەکـەین‌و تەمەڵ‌وتـەوەزەل دانانیشـین‌و ئەمـەمان باشـترە لـەوەی بەدەسـەنە بـژین..چیمان لێبکـەن بـەس نییـە بەرهـەمی رەنجی شانمان دەخۆین...کەمیش بێت هەر پێی ئەچین بەڕێوە.

ئای ئەمە چەندی بەچەند...تاگەیاندیانینە ئێرە پێان دەوتین لەهەموو تـاوان‌و گوناهێکیـــان خۆشـــبووین‌و بـــەخوا هـــاوولاتی چـــاکیین....کـــارکردن قەدەغـەبێت...هاتنەناوشـار تـاوان بێـت شتفرۆشـتن سـزای لەسـەروەربگرین... خۆش لێبوردنە!!

...مامە قالە لەحەمەو ناسر بەتەمەنتر بوو وتی کوڕەکانم گوێ مەدەنێ..ئێمـە کارەسـاتی زۆرمـان دیـوە. هـەموو ژیانمـان دەردی سـەریبووە..ئەمـەش پێـنج‌و دووڕۆژێکە تەواو دەبێت بەری تەنگانە کورتە، چی ئەکەن بابیکـەن..ئێمـە کاری خۆمـان هەردەکـەین..بـەس نییـە بـەهۆی کارەکەمانـەوە دەچینە ناوخـەڵك خـەڵك دەبینین‌و خەڵك ئەمانبینێت....

کاوەو ماسی...

قەزای حەیساڵی ١٩٧٨

کاوە قوتابییەکی زیرەك‌و چالاکبوو..مامۆستای قوتابخانەکەیان خۆشیان دەویست..ڕۆژانە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێدەکرد، ڕێگای قوتابخانەکەی بەناو باخچەیەکی جوان‌و خنجیلانەدا تێدەپەڕی.. بەناوەڕاستیدا جۆگایەکی ئاوی بچووکی پێدا دەڕۆیشت.. کەپڕبوو لە ماسی بچووك‌و جوان..کاتێ کاوە، دەچوو بۆ قوتابخانە خۆی بەوانەوە خەریك نەدەکرد تا دوانەکەوێت..بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیدا لەسەر جۆگاکە دادەنیشت‌و..کاتێکی باشی لەگەڵ تەماشاکردنی ماسیەکاندا بەسەر دەبرد..لەهاتو چۆو هەڵبەزو دابەزیان ورد دەبۆوە، چێژی لێوەردەگرتن..هەرچی خواردنێکی دەست بکەوتایە..بۆی فڕێدەدانە ئاوەکەوە.

ئەم کارەی وایلێکرد کە زۆرجار بۆ گەڕانەوەی ماڵەوەی دوابکەوێت..سەرزەنشت‌و ئامۆژگاری دایك‌و باوکی هیچ کاریان تێنەدەکرد، وازی لەڕاوەستان‌و سەیرکردنیان نەدەهێنا..کاوە وابیری دەکردەوە..کە سەربەست‌و ئازادو جوان بێت وەکو ئەو باخچەو جۆگەو ماسیانە...

بۆیە باوکی بڕیاریدا..کەلەم خووەی دووری بخاتەوە..ئەویش بەدۆزینەوەی جۆرەکارێك..کە لەجێگای ئەو باخ‌وجۆگەو ماسیانەی بۆ بگرێتەوە...

ڕۆژێ باوکی پێیوت: کوڕم کاوە...ئەگەر ئەمساڵ بەنمرەیەکی باش دەرچوویت..من‌و دایکت دیارییەکی جوان‌و بەدڵی خۆت بۆ ئەکڕین..ئەودیاریەشت لە هەموو شتێك خۆشتر بوێت.

کاوە وتی: بابە سوپاست دەکەم..بۆ ئەو بایەخەی بەمنتانداوە منیش بەڵێنتان ئەدەمێ کە نمرەکانم بەدڵی ئێوەبێت.

کاتێ نمرەی سەری ساڵ وەرگیرا..کاوە بەرزترین نمرەی لە هەموو وانەکانیدا هێنابوو..مامۆستاکانی هەر هەموو پیرۆزباییان لێکردبوو..کە گەڕایەوەو کارتی

نمرەکانی دایە دایکی‌وباوکی..ئەوانیش ئەملاوئەولایان ماچ کردو بەگەرمی پیرۆزباییان لێکرد..باوکی هەر ئەو رۆژە..چوو بۆ بازاڕ..بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی بەکاوە دابوو..جێبەجێی بکات‌و دیارییەکەی بۆ بکڕێت..چووە بازاڕو لەبازاڕ حەوزێکی شووشەی جوانی پڕ لەماسی رەنگاو رەنگی بۆ کاوە کڕی..

کە گەڕایەوە کاوەو دایکی کاوەی بانگکرد.. حەوزە ماسیەکەی وەکو دیارییەك پێشکەش بەکاوە کرد..کاوە بەو دیاریە جوانە زۆر دڵخۆش بوو..رەنگ‌وڕووی زیاتر گەشایەوە، پەلاماری باوکیداو دەست‌و ئەملاوئەولای ماچکرد، زۆر سوپاسی ئەو هەستە باوکانەییەیکرد..لەناو ماسییەکاندا ماسیەکی رەنگ ئاڵتونی زۆر جوانی تیادا بوو. کاوە..بەو پەڕی دڵخۆشییەوە..سەرنجی یەکەیەکەی ماسیەکانی ناو حەوزەکەی دەدا... رۆژانە خواردنی دەدانێ‌و بەدیاریانەوە دادەنیشت، وایلێهات حەزی نەدەکرد بەساتیش بەجێیان بهێڵێت..کاتی پشووی هاوین تەواو بوو، ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردەوە..کاوە کە بەیانیان دەچوو بۆ قوتابخانە. وەکو ساڵان بەهەمان ڕێگاو شوێندا دەڕۆیشت..کاتێ وانەکانی تەواو دەبوو، وەکو ساڵان بەدیار جۆگاو ماسیەکانی ناو باخچەکەوە دانەدەنیشت..هەر زوو بەپەلە خۆی دەگایەندە ماڵەوەو سەری لەماسیەکان دەداو خەمی خواردنی بۆ دەخواردن، ئاوی حەوزەکەی بۆ دەگۆڕینێ‌و هەردەم لەئاوی تازەو خاوێن پشت گوێی نەدەخستن.

رۆژێکی هەینی کاوە ویستی لەگەڵ هاوڕێکانی بچێتە دەرەوە بۆ یاری‌و مەزاق..حەوزی ماسیەکەی هەڵگرت خستیە پەنجەرەکەو سەرەکەی لادا..تا خۆریان لێبدات‌و هەوای پاك هەڵمژن..کاتێ کاوە چووە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێت بۆلای هاوڕێکانی کاتێکی زانی هەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتوو دەستی بەباران‌وبروسکەو هەورە چەخماخە کرد.

کاوە بەڕێگاوە بیری دەکردەوە..واباشە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوەو حەوزی ماسیەکانی بگەڕێنێتەوە شوێنی خۆی‌وگەڕایەوە..کە چووە ماڵەوەو گەیشتە سەرحەوزەکە..سەیریکرد واپشیلەیەکی رەشی گەورە..لەسەر حەوزەکەیەو سەری بەسەر حەوزەکەدا شۆڕکردۆتەوە..هەوڵدەدات بەکەڵبەکانی ڕاوی ماسیەکان بکات..ماسییەکانیش لەترسی کەڵبەو رەنگی رەشی پشیلەکە

کەوتونەتە هەلەکە سەماو، هەڵبەزو دابەزیانەو لەم سەری حەوزەکە بۆ ئەوسەری حەوزەکە ڕاکە ڕاك دەکەن.

پشیلەکە هەر کاوەی بینی..سەری لە حەوزەکە دەرهێناو ڕایکرد..

کاتێ کاوە چووە سەر حەوزەکەو سەرنجی یەکە یەکەی ماسیەکانی دەدا، کە چەند شپرزەو لەترسا چیدەکەن...ڕوویکردە ماسیەکان داوای لێبوردنی لێکردن..چووخواردنی بۆ هێنانو کاتێ خواردنی دەدانێ سەیریدەکرد، ماسیەکان وەکو شێتیان لێهاتووە جێگا بەخۆیان ناگرنو هەر ئەمسەرو ئەوسەر بەناو حەوزەکەدا دەکەن، بەتایبەتی ماسیە ئاڵتونییەکە...

ئەم دیاردەیە..زۆر ئازاری کاوەی داو کەوتە بیرکردنەوەو لەدڵی خۆیدا وتی: ئەگەر ئەم ماسیانە..سەربەستو ئازادبوونایەو لەناو حەوزو چەمو رووباردابوونایە، بەئارەزووی خۆیان بژیانایە..لەم حەوزەدا بەندنەکرانایە، هەرگیز پشیلەیەکی درندەی وا نەیدەتوانی پەلاماریان بداتو، کەڵبەیان لێگیربکات، بەم دەردەیان بەرێت..باشتر وایە..بیانبەمو بیانخەمە ناو جۆگاکەوەو لەگەڵ ئەو ماسیانەی ناو جۆگەکەدا بژین ئازادیان بکەم.

حەوزەکەی هەڵگرتو خۆی گەیاندە ناو باخەکە، حەوزە ماسیەکەی بەماسیەکانەوە هەڵڕشتە ناو جۆگەکەوە، تێکەڵاوی ماسیەکانی ناو جۆگاکەی کردن، ماسیەکانیش یەکسەر لەگەڵ ماسیەکانیتردا کەوتنە هەڵبەزودابەز..لەم سەری جۆگاکە دەچوون بۆ ئەوسەری جۆگاکە، بەئارەزووی خۆیان لەگەڵ ماسیەکانی ناو جۆگاکەدا، بەبێ ترس دەهاتنو دەچوونو هەوای پاکیان هەڵدەمژی.

کاتێ گەڕایەوە بۆماڵەوە..باوکی حەوزە بەتاڵەکەی بەدەستیەوە بینی پێیوت: ها کوڕم..ئەوە کوا ماسیەکانت؟

کاوە بەدەنگێکی خەماویەوە وەڵامی دایەوەو وتی:باوکە..سەیرمکرد حەوزەکە بچوکەو ماسیەکان تیایا ناڕەحەتنو ئەمڕۆ پشیلەیەکی رەش خەریك بوو بیانخوات.

بۆیە بڕیارمدا کە ئازادیان بکەم، بیاندەمەوە دەست ژیانی سروشتی خۆیان..بردمنو هەڵمڕشتنە ناو جۆگاکەو با لەگەڵ ئەو ماسیانەدا بژین...

باوكی..كاوەی لەباوەشگرت و ئەملاوئەولای ماچ كرد، پیرۆزبایی گەرمی بۆ ئـەو بیركردنـەوە راسـتە لێكـرد، پێیـوت: كـوڕم كـاوە كـارێكی زۆر چـاك و پەسەندتكردووە، راستی لای تۆیە..ماسی بەئارام و خۆشی ناژی ئەگەر لەگەڵ هاوڕێكانی و لەناو ئاووهەوای خۆیدا نەژی...بزانە سەربەستی چەند گەورەیە چەند خۆشە بارتەقای نییە...مرۆڤیش ئەگەر لەخاك و زێدی خۆیدا ئازاد نەبێت...هەروەكو ئەو ماسییانەیە مرۆڤی پشیلە ئاسا دانەچیرەی لێدەكەن ئازاری دەدەن...كوڕی شیرینم جارێكی تر پیرۆزبایت لێدەكەمەوە...

رایەك

بەری خۆر
بەبێژنگ ناگیرێ

لەم کاتەدا گزنگی خۆر سەرەتاتکێ لەگەڵ ئاسۆکانی کوردستاندا ئەکاتو، مژدەی رزگاری بە کۆرپەی نیشتمان ئەدات، هەزاران جووتیارو کرێکارو رەشو رووتی جەنگاوەر خۆیان ئەخۆنەوەو چەکەکانیان ئەمشانەوشان ئەکەن..

لەم کاتەدا..دایك کۆرپەی ناو بێشکەی بە گۆرانی پێشمەرگە ئەلاوێنێو جاجمی خەوی بەسەردا ئەداتەوەو، شوانو گاوان ئەپرسیو میلی رادیۆکەی ناوەستێنێو بۆ دەنگو باسی کوردستان ئەگەرێتو، بەدوای وشەی سەرکەوتنیدا وێڵەو هۆرە بە گوێی چیاکانی کوردستاندا ئەدات. لەم کاتەدا پۆلەکچ بە کۆڵە چیلکەکانیانەوە بەسەرەو ژوورکەی شاخەکاندا هەڵگەرێنو گۆرانی بە باڵای پێشمەرگەدا ئەڵێنو پێشمەرگەش سوێندی خواردووەو بڕیاری داوە تا کوردستان رزگاری نەبێت کەژاوەی خۆشەویستەکەی نەگوێزێتوە.

لەم کاتەدا..قوتابیان ورەیان داوەو گمەگمی خویندنەو لەهەموو دێرێکی دەفتەرەکەیاندا کوردستانێك وێنە ئەکێشن دنیا دیدەکانمان بە گوێماندا ئەدەن ئەو کاتەی ئەوان شەڕیان کردووە لە تفەنگی حسکەو یایلی زیاتریان نەبووە، سەنگەرەکان چاوەچاویانەو پێشمەرگەش خۆی بۆ خرداوەو بە لوولەی تفەنگەکەی یاری بەنەخشەورێبازی دووژمنو هەموو ئەو رێگایانەی ئەیانەوێت کۆسپ لەبەردەمی ئاواتەکانماندا دابنێن ئەکات..

لەم کاتەدا هەندێ لەبەرەی شۆڤێنیستەکانی لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی، ئەیانەوێت شۆڕشی کوردو پارتە پێشرەوەکەی بۆ بەیەك بکەن بەهەموو ئاوی دەریاکانو بەنزینو نەوتی عەمارەکانی دنیا پاك ئەبێتەوە، با لەوانیشو لە هەموولایەکی تر روون بێت گەلی کورد شەڕبکاتەوە. پێشمەرگەی خۆی بۆ ئەوە نادا بەکوشت کە بکوژرێ. ئێمە شەڕ ئەکەین بۆ ئەوەی بتوانین بژینو خۆمان ئەدەین بەکوشت بۆ ئەوەی کۆرپەی دوای خۆمان بە گوللە گۆش نەکەینو

بەئاسوودەیی بژی. شۆڕشی رزگاری خوازیمان رێبازی زۆر دیارو ئاشکرایەوله ناوجەرگـــــەی جـــــەماوەری خـــــەڵکی رەش‌وڕووتـــــی کوردســـــتانەوە رەگی‌داکوتاوەوسـوتەمەنییەکەی هـەموو ئـەو جووتیـارو کرێکـارو رۆشـنبیرە شـۆڕش گێرانەیـە کـە باوەڕیـان بـە شۆڕشـی چـەکداری هەیـە، لـە پێنـاوی سـەندنەوەی مـافی زەوت کـراودا رۆژگارێکیشـە خـەڵك ئەوەنـدە وریـا بۆتـەوە بەئاسـانی‌ناخەڵەتیّ بەری خـۆریش بەبێـژنگ ناگیرێـت‌و خـەڵکی کورسـتان خـۆی حەکەمەو دوا رۆژیش کاڵەك بەئەژنۆ ئەشکێنن..

*لە رۆژنامەی برایەتی ژمارە(٢٠)لە ١٩٧٤/١/٣٠ بەناوی(کەرکووك)دا بلاّوکراوەتەوە

ئاهەنگەکەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لقی سلێمانی

لەگەڵ کەلوی بەفروکزەبای گوێ تەزێن دا، لەگەڵ ڕێبەندانی ناو چیاکانی کوردستاندا، لەگەڵ پۆشینی بەرگی سپی چیاو دۆڵو دەشتی خاکی پیرۆزدا، لەگەڵ هەڕەشەی سەرماو سوڵەی شوباتی سامناك دا، لەگەڵ گێژە لوکەی بەفرو چلورەی. ئەستور سەهۆڵ بەندانی بێ وچاندا. یەکێتی قوتابیانی کوردستان. لەعێراقدا هەڕەشەی دامەزراندنو پتەوی ڕێکخستنو قوتابیانی کوردستانی لە دوژمن کرد، بۆ سەلماندنی قوتابیانی کوردو، بەدەست هێنانی مافی ڕەوایی قوتابیانەو، چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەتەوایەتیمان. بۆیە لە هەژدەی مانگی شوباتا لەشاری زێڕی ڕەشی وولاتا، لەناو دڵی کوردستانی بەریندا، مەشخەڵی تێکۆشانی بەرزکردەوەو ئاسمانی کوردستانی لەگەڵ بڵێسەی سووری نەکوژاوەدا پێ ڕووناك کردەوە بەم بۆنەوە لە هەموو دڵی قوتابییەکی دڵسۆزی کوردا، لەهەموو سووچو قوژبنو شارێکی کوردستاندا، بەبۆنەی سەروەری هەژدەساڵ بەسەر تێکۆشانیا لەگەڵ یادی ئەم ڕۆژە پیرۆزەدا ئەژیانو خۆیان ئامادەکرد بۆ گێڕانی ئاهەنگ..لە شاری هەڵمەتو قوربانیشدا (سلێمانی)لە شاری ئەمارەتی بابانو شێخ مەحموودی نەمردا، لەشاری محەمەد صدیق پێنجوێنیو کەمال سەلیمومحەمەدی حاجی ساڵح دا، ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆ ئەمەش لەڕۆژی پێنج شەمە ڕێکەوتی ١٨-٢یەکێتی قوتابیانی لقی سلێمانی هۆڵی قوتابخانەی ئامادەیی کوڕانیان ڕازاندەوە..

کارتی بانگ کردن لەچاپ درابوو، بەخۆڕای دابەش کرا بەسەر هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکانو لقی چواری پارتیو کاربەدەستانو مووچە خۆران، وەزوربەی زۆری دانیشتوانی شاری سلێمانی کارتی بەشدار بوونیان بۆ چووبوو.. هەر لە کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەمەوە هەروا پۆل پۆل کچوکوڕوژنوپیاو بەرەو هۆڵی ناوبراو کەوتبونە ڕێ. تاکردنەوەی ئاهەنگەکە سەروخواری هۆڵەکە پڕبوو. لەکاتژمێری چواردا دوای ئەوەی جێگری پارێزگاری سلێمانیو نوێنەری فەرماندەی سوپاو هەڤاڵانی لقی چوار گەیشتن

ئاهەنگەکە لەلایەن هەڤاڵ کاك (حەمە فەرەج) ەوە کرایەوە، بەوەستانی دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدەکانی کوردستان..سروودی(ئێمە قوتابی گەلین) لەلایەن تیپی یەکێتییەوە بە یارمەتی تیپی مۆسیقای سلێمانی پێشکەش کرا..دوابەدوای سروود ووتاری یەکێتی لقی سلێمانی لەلایەن هەڤاڵ(دلێر رەشیدە)وە خوێندرایەوە کە تیایا بەخێرهاتنی دانیشتوانی کرد..وهاتە سەر باسکردنی چۆنێتی یەکێتی وتی: یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە لە(١٨)شوباتی ساڵی (١٩٥٣)دا مەشخەڵی تێکۆشانی ئاسمانی کوردستانی عێراقی روناك کردەوە، شان بەشانی مەشخەڵی رۆشنکەرەوەی کەرکوکی ئازیز.. بێگومان دروست بوونی یەکێتیمان مژدەیەکی سەرکەوتن بوو درا بەنەتەوەکەمانو خوێنێکی نوێ بوو کرایە لەشی بزووتنەوەی نەتەوایەتیمان...واتە(کوردایەتی)..بەمە بایەخێکی گرنگیدا بە یەك خستنو تێکۆشانی قوتابیانی کوردستان، لە چوار چێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا..لەسەر قسەکردن بەردەوام بوو وتی: لەم کۆڕەدا دەستە دەستە قوتابیان گیانی خۆیان ناوەتە سەر لەپی دەستو خۆیان کردۆتە قۆچی قوربانی لەپێناوی بەدەست هێنانی مافە رەواکانی گەلەکەماندا. بۆ ئەمەش خوێنی شەهیدان عبدالله مناف..مأمون الدباغ –محمد صدیق پێنجوێنیو کەمال سەلیمو محمد حاجی صالح ئاشکرایە– هەروەها کاك دلێر وتی: یەکێتیمان بەقۆناغی سەختا تێپەڕیوە بە ئاڕاستە کردنو یارمەتی دانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی بارزانی تێکۆشەر..وە ئێستاش یەکێتیمان دەرگای خراوەتە سەر پشت بۆ هەموو قوتابییەکی کورد کە هەست بەڵێ پرسراوی پاشە رۆژ بکا بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوەکەمان.. بەتایبەتی دوای بەیانی ١١ی ئادارو دەرچوونی بەیانی یەکگرتن کە هەموو قوتابییەکی دڵسۆز ئەتوانێ بەسەربەستی ئیش بکات لەیەکێتیدا..وە کاك دلێر وتی: یەکێتیمان دووجار تووشی بەر بەرەکانی تێك دانی ڕیزەکانی بووە.بەڵام بەهۆی چاو کراوەیی قوتابیانی دڵسۆزەوە هەموو کەلێنێك پڕکراوەتەوەو ڕێگا لە هەموو تێك دەرێك گیراوە بۆمانەوەی قەوارەی یەکێتی.. وە بەم بۆنەیەوە پەیمانتان بۆ تازە ئەکەینەوە کە وچان نەگرین بۆ ئیشکردن لەپێناو چەسپاندنی ناوەرۆکی بەیاننامەی ١١ی ئادار، کە ئۆتۆنۆمی تیا دیاری کراوە بۆ گەلی کوردمان..هەڤاڵ

دلێر لە دوا وتەیدا بانگیدا بە مافی برایەتیو دۆستایەتی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیو سەرکەوتنی یەکێتیو نەمری بۆ شەهیدانی کوردو کوردستان.

دوابەدوای وتاری یەکێتی هەڤاڵ قادر جەباری وتاری لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە..

لەدوای وتاری لقی چوار وتاری ئافرەتان لەلایەن خوشکە (نوخشە عەزین)ەوە خوێندرایەوە کە دەوری یەکێتی قوتابیانی تێدا باس کرد شان بەشانی هەموو ڕێکخراوە کوردستانییەکان، وەبەناوی ئافرەتانی کوردستانەوە لەسلێمانی پیرۆزبایی لەهەموو قوتابیانی کوردو ئەندامانی یەکێتی قوتابیان کرد..لە کۆتاییدا خوشکە نوخشە بانگیدا دۆستایەتی نێوان پارتیو بەعسیو یەکێتی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لەژێر باڵی پارتیماندا بەسەرۆکایەتی بارزانی. وەنەمری دانا بۆ شەهیدانی کوردستان.

دوای وتاری ئافرەتان (هەڤاڵ شێخ ڕەوف قەرەداغی) هۆنراوەیەکی بەسۆزی خوێندەوە کە هۆڵەکەی هەژاند دوای خوێندنەوەی ئەم پارچە هۆنراوەیە..هاوڕێ محمد عبدالكريم بەرزنجی وتارێکی بەناوی دەستەی بەڕێوەبەرانی گۆڤاری(نۆبەرەوە) خوێندەوە دوای ئەم وتارە کۆتایی بەوتار خوێندنەوە هاتو کەوتنە پێشکەش کردنی بەرنامەکەیان هەڵپەرکێیەکی کوردی لەلایەن تیپی یەکێتی قوتابیانەوە پێشکەش کرا..دوای هەڵ پەرکێ دووپارچە مۆسیقا لەلایەن تیپی مۆسیقای سلێمانییەوە پێشکەش کرا.

دوای ئەمە نۆرە هاتە سەر هونەرمەندی تازە هەڵکەوتوو(تۆفیق عەلی) کە بەدەنگە سازگارەکەی چەند ئاوازێکی بەسۆزی دا بەگوێی دانیشتواندا هیوادارین کە نموونەی زۆربێت.. دوابەدوای هونەرمەند (تۆفیق عەلی) برادەر کاك (نوری قەرەداغی) چیرۆکی(پارتی بەسەرۆکایەتی بارزانی) پێشکەش کرد کە دەوری هەموو چینەکانی گەلی کوردیان دەرخست لەبەشدار کردنیان لە شۆڕش دا تێکست(نص)ە کە کاك (حەمە فەرەج) ئەیخوێندەوە لە پشت پەردەوە چیرۆکەکە لە نووسینو دەرهێنانی کاك نوری خۆی بوو، دوای ئەم چیرۆکە چەند هەڵپەرکێیەکی تر پێشکەش کراو برادەر وریا هاواری شیعرێکی خوێندەوە..ئاهەنگەکە لە کاتژمێری(٦)ی پاش نیوەڕۆ کۆتایی پێهات. ئیتر

هیوادارین کە هەموو رێکخراوە کوردستانیەکان تاسەر لەگەڵ بیرەوەریەکانیاندا بژین.

*ئەم وتارە لەساڵی ١٩٧١دا ئامادە کراوەو لە رۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکراوەتەوە.

بەشی کوردی لەبەر ڕۆشنایی بەیاننامەی یانزەی ئازاردا

یەکێك لەدەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بۆ گەلی کوردی قارەمانمان، دامەزراندنی بەشی کوردی بوو لە کولیەی ئاداب لە دانیشتگای بەغدا.

ئێمە لێرەدا نامانەوێ بێینە سەر ئەوە، ئایا ئەم بەشە چۆن دامەزراو کێ بیری دامەزراندنی کرد..بەهەر حاڵ..بەشی کوردی دەستکەوتێکی نەتەوایەتی گەلی کوردمانەو چرایەکی هەڵکراوی پڕ لەنەوتەو هیچ کاتێك کوژاندنەوەی بۆنییە.

بەدەرچوونی بەیانی ١١ی ئازاری پیرۆزو دان نان بە حوکمی زاتی بۆ کوردستان‌و گەڕانەوەی هێمنی‌و ئاسیش بۆ وڵات، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان دەستی پێکرد..قۆناغی ئاوەدانکردن‌و پێشخستن‌و گەشە دان بە باری ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و..هتد........

یەکێك لەناوەڕۆکی بەندەکانی ١١ی ئازار پەرەپێدان‌و پێشخستنی ڕادەی زانیاری کوردی‌و بایەخدانە بە کەلەپوری نەتەوایەتیمان.

بەشی کوردیش کە دەسکەوتێکی نەتەوایەتیمانە، بە بەرهەمی تێکۆشانی گەلەکەمانی ئەزانین، بۆیە لەگەڵ مژدەی ئاشتی‌دا چاوی گەشایەوەو هەموو ڕۆژگارێکی پڕ کۆسپ‌و ناخۆشی لەیاد چووەوە، ئاواتێکی تازەو دیاری بۆ هاتە کایەوە، بەتایبەتی لەکاتێکا بڕیاری خوێندنی دەرسی کوردی درا، لەهەموو قوتابخانەکانی عێراق بەگشتی، وەبوونی دەرسی کوردی لە هەموو قوتابخانەکانی ناوچەی کوردستاندا، بەتایبەتی وە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری کوردی، زیاتر ڕۆشنایی لەبەردەم بەشی کوردی‌دا دانا، هەر قوتابیەکی بەشی کوردی بەئاوات‌و هیوایەکی پیرۆزەوە دەستی ئەدایە کتێب‌و بەرەو کولیەو بەشی کوردی ئەکشا.

بەلام ئەوەی جێگای داخ‌و سەر سوڕمانە، تا ئێستا ئەوەیە کە ئەبوایە ئەم بەشە لەلایەن کاربەدەستان‌و سەرۆکی دانشتگای بەغداوە زیاتر بایەخی پێ بدرایەو، هەموو توانایەك بخرایتە کار بۆ پێشخستن‌و فراوان کردنی، وە هەوڵ

بدرایە کە ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردی بەتوانایان بۆ ڕابکێشایە..وە داوا لە هەموو ئەو ئەدیب و نووسەرو زانایانە بکرایە کە توانای خزمەت کردنیان هەیە لەم لایەنەوە، تا بێنە پێشەوەو قۆڵی لێ هەڵبکەن و چاکی لێ بکەن بەلادا بۆ هاوکاری کردن و، ووتنەوەی دەرس و بەرەوپێش بردنی ئەم بەشە. لەسەر ڕێ و شوێنێکی دانشتگایی، لێرەدا کە دەس ڕائەکێشین بۆ ئەم لایەنە لەبەر ئەوەیە ئەو ڕۆشنبیرانەی کە خاوەنی باوەڕنامەی بەرزن بە پەنجەی دەست ئەژمێررێن، کە ئەمانە ناتوانن ئەو بۆشاییە لەیەکەم هەنگاودا هەوڵی ئەوە هەیە پڕی بکەنەوە، هەر بدرایە کە بەشەکە ببوایەتە بەشێکی سەربەخۆو بینایەکی باشی بۆ تەرخان بکرێ، کە هەموو کەرەسەو پێویستی تەواوی تیا بوایە، وەکو هۆڵی کۆبونەوە بۆ گرتنی کۆڕو ووتنەوەی موحازەراتی فراوان، لەلایەن مامۆستاو زاناو شارەزایانی زمان و ڕێزمان و ئەدەبی کوردییەوە، بەڵام بەداخەوە ئەیڵێم ئەو چوزەرەیەی لە دڵی قوتابیانی بەشی کوردیدا سەری بەرز کردبووەوەو، خوێندەوارانی کورد چاویان تێبڕیبو سیسیان کردەوە هەر لە ناوەوە سەریان قرتان، ئەمانە هەمووی خرایە فایلی بیرچوونەوە. باوەڕ ناکەم کەسێ هەبێ لە کوردستان و شاری بەغدا لێشاوی قوتابیانی کوردی نەدیبێ بۆ بەشی کوردی، کەچی لەگەڵ ئەو هەموو هیواو ئاواتەدا بەبێ ئەوەی بزانرێ هۆی چییە؟ لە بەرچییە؟ وەیا لەبەر خاتری چاوی کاڵی کێیە؟ کە ئەم بەشە پشتگوێ خراوەو تەنانەت لەڕیزی بەشەکانی تریش نەژمێررا!

ساڵانی پێشو..بەتایبەتی ساڵی ڕابوردوو کە لە کۆدستان ئاگرو ئاسن ئەباری..بەشی کوردی نزیکەی(٣٠٠)قوتابیکوردی لە باوەشی خۆیدا قایم کردو، باڵی دڵسۆزی کێشان بەسەرا..هەر چونبێ و بەهەر جۆر، ئەم ژمارەیە وەرگیرابن کارێکی بەسوودو پیرۆزو بەنرخە بۆ گەلی کوردمان و بۆ چاندنەوەی سامانی ئەدەبی و کەلە پووری نەتەوایەتیمان و پێگەیاندنی کادری باش و لێهاتووی زمان و ئەدەبی کوردی بەخامەیەکی سوور لە مێژووی بەشی کوردیا ئەنووسرێ.

ئەم ساڵیش کە زروفی دوای بەیاننامە مێژوویەکەی١١ ئازارە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی کورد ئەوراق و سکالایان پێشکەشی بەشی کوردی کرد، بەڵام

ئەوەی تا ئێستا ئەم قوتابیانە لە گۆماوی گوماندا گێژئەدا چەند هەواڵو قسەی سەرپێیە کە ئەدرێت بە گوێیاندا..

ڕۆژ نییە یەخەی مامۆستایان لەلایەن قوتابیانەوە نەگیرێت، بەڵام جێگای داخە کەوا نیوەی ساڵ هاتو هێشتا نەخشەو ڕێو شوێنێك دانەنراوە بۆ وەرگرتنی قوتابیان لەم بەشەدا..ئیتر لەژمارەی(٤٠٠) قوتابی کە ئەوراقیان پێشکەش کردووە بۆ بەشەکە تەنها (٧٠)قوتابیان وەرگرتووە.

ئەو بەتالیۆنە قوتابییەی کە تا ئێستا سکاڵاکانیان چەکمەجەی مێزی ژووری پیرۆزی بەشی کوردیدا کەوتووە، دەستیان پان کردۆتەوە بەرەو ڕووی بەشی کوردی.. کەس نییە لێیان بپرسێتەوە ڕێگایەکی چارەکردنیان بۆ بدۆزێتەوە.

بەڵێ وا لەجیاتی بەشی کوردی، سوپاگاکان باوەشی بۆ گرتونەتەوە بەم زووانە ڕاستو چەپی خۆیان ئەناسن..!

بەڵێ جیاوازی ئەمساڵە زۆرە لەگەڵ پار..(٧٠)قوتابی لەکوێو (٣٠٠)قوتابی لەکوێ!؟

ساڵی ڕابردوو لەکوێو دوای بەیانی ١١ی ئازارو چەسپاندنی ناوەڕۆکی لەکوێ..!؟

*ئەم وتارە لەساڵی ١٩٧١ لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکراوەتەوە.

خەباتی قوتابیان

خەباتی قوتابیان...بەڵێ خەباتی قوتابیان..لەو رۆژەوەی جوولە کەوتۆتە ناوگەلەکەمانو، ئالای خەباتی لێ هەڵکردووە، قوتابیانیش دەستەچیلەیەکی نەکوژراوەی ئەو ئاگرە سوورەنو خۆیان لەبۆنەی خەباتدا قاڵ کردووە، بەتایبەتی لەچلەکانوپەنجاکاندا قوتابیەکان دەورێکی چالاکانەیان بینیووە لە رۆژانی تێکۆشانی گەلی عێراق بەگشتیوگەلی کورد بەتایبەتی. خەباتی قوتابیان بووبە نەوتو چووە ناو لەشی کاروانیو تێکۆشانەوەو رۆژ لەگەڵ رۆژ لەبەرزبوونەوەو بڵێسەسەندندا بووە. ئەم جموجۆڵو چالاکییەی قوتابیان ئەیانکرد قوتابیانی کوردی بەرەو ئەوەبرد کە لەدوای ١٩٥٠وە بیر لەدامەزراندنی یەکێتییەك بکەنەوە کە بتوانن زۆربەی زۆری قوتابیانی کوردتیادا کۆبکەنەوە، بۆیە لەدوای کۆنگرەی پارتی لە ١٩٥٣ یەکێتی قوتابیانیش لەشاری زیری رەشو لەنێوان ئەو هەموو بڵێسە سوورە نەکوژاوەدا، ئەویش بڵێسەی ئاڵی خۆی هەڵکردو خوێنی قوتابیانی کرد بەنەوتی هەمیشەیی بۆی....

یەکێتی قوتابیان لەوساڵەوە پێناوەتە ناو قەوارەیەکی گورجوگۆڵانە خەبات ئەکاتو تێ ئەکۆشێ لەپێناوی مافەکانی قوتابیانو لەرۆژی دامەزراندنیەوە، هەنگاوێك لەکاروانی رزگاریخوازی گەلەکەمان دوور نەکەوتۆتەوە. ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر برەوی بەخەباتی داوەو سووربووە لەسەر چەسپاندنی مافەرەواکانی قوتابیان(ی.ق.ك) نموونەی خەباتی بێ کۆڵدانمان شەهیدان(مۆموند دەماغو پێنجوینی، کەمال سەلیمو دەیانیترن).(ی.ق.ك) لەدەساڵی هەڵگیرساندنی شۆڕشدا دەوری رێبازی کوردایەتیو دیاریکردنی دوا رۆژێکی باش بۆ قوتابیانی کورد لەسایەی رزگاری نەتەوەکەماندا. هەردەم پێشمەرگەی نەترسو خۆبەخشبووو لەریزی سوپای شۆڕشگێڕی کوردستانداو راوچییەکی هەمیشە ئامادەبوون بۆ بەرەنگاری دوژمن لەدوابەیانی ئازاریشەوە، ئەوەی لەتوانادا بووە، بۆ بەرژەوەندی قوتابیانو گەلەکەمان کەمتەرخەمیان نەکردووە هۆشیاریانە هەڵسوکەوتیان بۆ کردووە. جێگای شانازیە(ی.ق.ك) گەیشتۆتە ئەورادەیە

رۆشنبیری نـەترس و چالاکی واهـەبێت بـێ سـڵکردنەوە دوژمنـەکانی خـۆی دیارییبکـات و هـەوڵی رێگادۆزینەوەبـدات بـۆ چارەسـەرکردنی کەموکورپـەکانی و دورخسـتنەوەی کەسـانی هەڵپەرسـتو نامۆبـە رەوتـی قوتابیـان... ئەگـەر راستەوراست ئەوەبدرکێنم کە(ی.ق.ك) زۆرکاری باشی بۆ قوتابیان کردووە..لە کـۆنگرەدا بـەپێی پـەیرەوپرۆگرامی یـەکێتی دەبێت رادەی رۆشـنبیری قوتابیـان بەرزکرێتـەوە لـەرێگای دەرکردنـی نامیلکەوگۆڤاروکۆڕوسـیمینارەوە. وا هەربەدوای کۆنگرەدا سوپاگای لەناوچەکانی کەرکووك و خانەقین پێکبهێنێت و نامیلکـەی لـەبارەوە دەرچـوە. وە بەدوایـدا گۆڤـاری خـەباتی قوتابیـان دەرکـراوو گۆڤارەکـە دەیـەوێت و بـەرێرەوێکی سـەردەمانە بچێتە نـاو کـۆڕی رۆژنامەگـەری کوردییـەوەو لەرێگایـەوە قوتابیـان هۆشـیار بکاتـەوەو لـەکۆڕی خەباتـدا ببێتـە گۆڤـارێکی زانسـتیو پـەروەردەیی و رۆشـنبیری گشـتی و هـەموو چـالاکی و گیروگرفت و کێشەکانی قوتابیان رۆشنایان بخاتە سەرو چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە ئەو کەندو کۆسپانەی دێتە بەردەم رێبازی خەباتی قوتابیان تـەخت بکـات..دەیـەوێت قۆنـاغ بـەقۆناغ قوتابیـان پـەروەردە بکـات و نەوەیـەکی نـوێ پێبگەیـەنێت کە لـەدوارۆژدا گەلەکـەمان کـەڵکیان لێوەربگرێـت و بـەرەو بـەگڕی خەبات بدات لەژێر ئالای یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا.

هەر لەم روانگەیەوە دەڵێین خەباتی قوتابیان

*ئەو دارە شۆخ و شـەنگەیە کە بەخوێنی مـەئمون دەباغ و محەمـەد سـدیق و کەمال سەلیم ئاو دراوە...

*ئەو شاپلێتە بەتینەیە کە قوتابیان سووتە مەنیەکەی بوون..

*درێژەدانە بەتێکۆشانی قوتابیـانی کوردسـتان لەپێنا و مافەکانی قوتابیـانی کوردستانا و، چەسپاندنی ئۆتۆنۆمی رستەقینەو بۆ کوردستانی پیرۆزمان..

*هـەڵگری مەشـخەڵی بـیرو بـاوەڕی پێشـکەوتوو خوازانەیـەو هـەردەم لەپێشـەوەی هـەموو یەکێتـی‌یـە نیشـتمانیەکانەوە هـاواری یـەکگرتنی بـەرەی قوتابیـانی کـردووە لـە عیراقـدا. و هـەموو رۆژیـش داوای خـۆی تـازە ئەکاتـەوە،

بانگەوازی خۆی بەگوێ هەموو لایەکدا ئەدا. سووره لەسەر ئەوه بێ یەکگرتنی بەرەی قوتابیان لەعێراقدا ناتوانرێ ئەو مافانەی قوتابیان دەستی ئەخەنە سەر بەباشیو تەواوی بێتەدی.

*بەرەنگاری هەموو رەگەز پەرستو شۆفینیەك ئەکات کەبیەوێ لەم دەروازەوه رێزەکانی قوتابیان بەرەو نووچدان بەرێت.

ئەم بابەتە لەسالأنی حەفتاکاندا نووسراوه بۆ گۆڤاری خەباتی قوتابیان
لەسکرتارییەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان دەریدەکرد.

لەروانگەی بیرکردنەوەوە

*(کورد ئەگەر خۆی واز لەخۆی بێنێت بەهەموو ئاواتێکی خۆی ئەگات)

*(کورد ئەگەر پارەی خۆش نەویستایە(گەلە)ی بێ شوان نەئەمایەوه)

*(گەلە) ئەگەر شوانی دڵسۆزی هەبێ مەڕەکانیشی شاخدارن)

*(هەموو(کەسێك)(نەتەوەیەك) چارەنووسی خۆی بەدەس خۆیەتی، تەنها کورد نەبێ چارەنوسی خۆی ئەخاتە دەست کەسانی تر)

*(کورد ئەگەر خۆی ئاگر لە (قەدەغە)ی خۆی بەرنەدات هیچ ئاگرێك قەدەغەی ئەو ناسوتێنێ)

لەساڵی١٩٦٨/بەغدا

دوونامە

نامەی یەکەم

تەنزانیەی ٢ ئۆکتۆبەر
٢٢/١٠/١٩٧٧

(١)

برای گەلێ لە دڵ شیرین و خۆشەویستم کاکە لەتیفی بەڕێز

پێشەکیش

سڵاو و سۆز..

کاتێ خەم دەبێتە تەم و دەیەوێت چاوی شارەکان پڕ کاتەوە و ئاسۆی ڕوانینیان نەهێڵێ.. لەبەر شەماڵێکی سەرخۆش کۆمەڵێ لکێکی زەیتوون بە چاوی نقوساوەکاندا دەهێنێ و خەم و تەم بە چەند گەرمەلوولێکی تۆزاوی کاتەوە... لە بازنەی شارە خەمبارەکاندا نیشتەجێیان دەکات...

منیش لە شارێکی تەنگەبەردا هەموو ئێوارەیەک هەڵداوە و ڕۆژانە هەموو ساڵێ بە تەمەنی خەمەکاندا دەچمەوە... شەو بە چەند کاتێ زەیتونێکی خەو دەبینمەوە بە ڕەنگی تاریکی دەبێتەوە... بە دەماسکی چڵی دارخورماکان دەمترسێ.. دڵێ پرتەقاڵ و خورما بە گڕی خۆرداچین و دەچێتە تۆوی پرتەقاڵ و خورما کە ئاسمانی سووتێنی و تا یەکێت باغە دانەکانی شاری لێی ئاوێزبن.. تا لە دەمی خورمای خۆشێک دەدەم... بە قەدەر تاقەتی گیرفانم خورما بەخێو دەکەم تاڵی خۆم و هیوا لە ئاسماندا بەرەوە.. بۆیە هەمیشە بە شیرینی چەند دەنکە خورمایەک تاڵی دەمم بیر دەبینمەوە.. بەڵام چەندیش خورما بخۆم دەمم هەر تاڵە... خورماکەش بە تاڵی لە ژێر ددانەکاندا دەنووسێتەوە.. دەڵێی دەبێت خورماش ئاوا تاڵی خوار دەبێتەوە بۆیە وا دەڵێی ماسولکەیە لە دەمماندا.. یان دەمی لێمە دەمێترە تا لە هیچ خۆیی شیرینی یەک شیرینتان ناچێتەوە.. بەڵام جارجارێک چەند وشەیەکی پێنجیراوەوە دەمی دە خوێنەوە ئاوابێکی شیرینە بە تاڵی دەسەتەمنا دەبەستم.. هەروەها جارجارێکیش لە بادەی گەرمی دیوارەکی لێیبێنکدا سەیرانی دڵم دەخوێنێ..

چەتری مۆرباخان لەگەڵ کاریتەکەی تەوداکرد.. دەستەچەترێ
پیرۆزەمانە لەمل کرد.. کاریتەکەت شەوی زۆر هۆنراوەم نستم
بۆ دە خوێنیتەوە.. لەگەڵ هەموو هەڵبەستێکا هەڵبەستەکەی
نامەیرداڵەو هەڵەتە رێشی پیانەکەی بتعجوبیە و هەڵەتەسەر
تاشراوەکەی هیمەی جانی شیعری کوردی شارەی گەرم دەنیرموە
یادەوەری لەگەڵ ئەو یادەی دانامە ئێم یەلە بە دوایە لێدا
دەکولێتەوە سەرکوتلتەدا بە یەکەوە دەبینێتەوە.
لەگەڵ یادەی ندا ئەملاو ئەولاش بە ناخی دڵم نەرمم و
هیوادارم هەموو ساتێکت هەڵدێت بێ و لەگەڵ هەموو
هەناسەیەکتا چاوی کوردیەی شیعرێکی نوێ بەدیاری بنێیتەوە..
سلاوم بۆ کاک ئەنوەر و کاک محەمەدسالاکی بێ کاک محەمەد بەدریا
کاک صالح ماریسیە گۆڵ بکەیەنە..
لەپێشدا کاک ~~[illegible]~~
لەبیرم بێ بیا پیانێژم نوێت و ئەگەر هەڵکەی ئەم بیرەدا نامیلکەی
خۆم دیتم بابە زۆر هەر بە هاتنی دەکەم و لەدوایا چەند سەر
هەر بە ئەماچێ.. یە ئێم هەڵەتە هەر هەڵێ نەچێتبا..
کاکە هەنگری ناحم فێنە فرجەتێ ئەو هەیاڵم ترێد بێتبا..
بیرم بنێرە.. خۆ ئەگەر خۆشت بیرت کرا بنێرە ئەو هەموو
گەڵە خۆشتر.. وەرەگە لە نێوەکا سالکا سەریدام لە بە تحدا
جا هەر ئەکەم ناتێ مستەقای کام رۆژانم تخولە بە تحدادەبێت.
وەناحەی کوردی کوردیتیکی نوێ کوردی نوێ بنێرە بە بەریدا.
بۆیە بە رحیم ئەسعد شکل ادا هیوابا ناحەکەم نە دایە وە هەوناڵم
نەدرە لەگەڵ ئێنکلاوبیت. هەریەندە تارمایی فریدەرو
بێتن ادتنا نیادا هەیە.. هەنداڵەکان داوا سەتەی کوردستانا مرد
سلێمانی دەکەیە لە رۆژنامەکی تاتیا.. کۆتایی بە ماچ کردنیکی زۆر
بە ملاو ئەولاش دەبێتە هەموو بێت.

بەدڵنە

محمد عبدالکریم بەستخرا

نامە:

برای گەلێ لەدڵاشیرین وخۆشەویستم کاکە لەتیفی بەڕێز

قەزای حەی/واسط

١٩٧٧/٢/٢٣

سڵاووسۆز پێشکەش

کاتێ خەم دەبێتە تەم و، دەیەوێت چاوی شارەکان پڕکاتەوەو وزەی روانینیان نەهێڵێ...لەپڕ شەماڵێکی سەرخۆش کلچێوکێکی زەیتوون بەچاوەنووساوەکاندا دەهێنێ و خەم و تەم بەچەند گەردەلوولێك تۆڵە دەکاتەوە...لەباپێچی شارە غەمبارەکاندا نیشتە جێیان دەکات...

منیش لەشارێکی ژانگرتوودا، هەوارم هەڵ داوەو، رۆژانە هەموو ساتێ بەتەمەنی خەمەکانمدا دەچمەوە...شەو بەچەند کاتژمێرێکی خەوبینینەوە بارگەی تاریکی دەپێچێتەوە...بەدوایدا خۆر چقڵی دارخورماکان دەمژێ...

وڵاتی پرتەقاڵ و خورما بەگڕ خۆردا دەچن و، دەڵێن تۆیی پرتەقاڵ و خرماکانمان دەسوتێنێ و نایەڵێت باخەوانەکانمان لێی تێربن..تا لەدوکانی خورما فرۆشێك دەدەم...بەقەدەر تاقەتی گیرفانم خورما بۆ دەمی تاڵی خۆم و منداڵەکان دەبەمەوە...بۆ ئەوەی بەشیرینی چەند دەنکە خورمایەك تاڵی دەممان بڕەوێنێتەوە.. بەڵام چەندێ دەخوین دەممان هەرتاڵە، خورماکەش بەتاڵی لەژێر ددانەکانماندا دەتوێتەوە. دەڵێم دەبێت خورماش ئاوی تاڵی خواردبێتەوە، بۆیە وا دەڵێی سڵپاتەیە لەدەممانـدا..یان دەمی ئێمە ئەوەنـدە تاڵە هیچ جۆرە شیرینییەك شیرنی ناکاتەوە...بەڵام جارجارێك چەند وشەیەکی

پێچراوەو مزر دەخوێنمەوە، ئاوێکی شیرن بەتاڵی دەرونما دەهات..خەو جارجارەش لەباوەشی گرم و نەرمی کتێبێکدا سەفرای دڵم دەفرێنێ..

جەژنی قوربانمان لەگەڵ کارتەکەی تۆدا کرد...دەستی جەژنە پیرۆزەمان لەمل کرد..کارتەکەت شەوورۆژ هۆنراوەکانتم بۆ دەخوێنێتەوە...لەگەڵ هەر سەرهەڵبڕینێکما هەڵمەتەکەی ناوپردان و، هەڵمەتە ریش پانەکەی پێنجوێن و، هەڵمەتە سەرتاشراوەکەی میهرەجانی شیعری کوردی شاری ئاگرم دێنێتەوە

یادو، لەگەڵ ئەوەدا زامەکانم یەك بەدوای یەکدا دەکولێتەوە سەری کۆڵنەدان بەیەکەوە دەنێتەوە.

لەگەڵ یادەکاندا ئەملاوئەولات بەکامەی دڵم ئەمژەو، هیوادارم هەموو ساتێکت هەڵمەت بێ و، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکتا چاوی کۆرپەی شیعرێکی نوێ بدرەوشێتەوە...سلاوم بەکاك ئەنوەرو کاك محەمەدی مەلا کەریم کاك محەمەد بەدری کاك سالحی سەید گول بگەیەنە...

لەپشتی کارت نووسیبووت کۆمەڵێ شتم بۆ داناویت، کەس نییە پیایا بنێرم بۆت و ئەگەر هەرکەس نەبوو دوای جەژن خۆم دێم!! زۆر حەز بەهاتنت دەکەم و، لەدوای جەژنەوە هەر بەتەماتم....زۆر حەزبەهاتنت دەکەم..بەلام هەڵمەت هەر هەڵمەتی نەهێنا..کاکە هەڵگری نامە دێتە خزمەتت ئەوەی لەژێر دەستایە بۆمی بنێرە...خۆ ئەگەر خۆشت بۆت کرابێت گەلێ خۆشترە..وە رەنگە لەنیوەی ساڵدا سەر بدەم لەبەغدا جا حەزئەکەم بزانم مسۆگەر کام رۆژانە تۆ لەبەغدا دەبیت.

وەنامەی کورت کورتیش بۆ کوێ بنێرم بەبەریددا.

بۆیە بە(عبدالرضا زکی)دا جوابی نامەکەم نەدایەوە، حەزناکەم زۆر لەگەڵی تێکەڵاوبیت. هەر چەند دەمـاری یـاخی بـوون و پێشکەوتنی تیادا هەیە...منداڵەکان داوای وێنەی کوردستان و سلێمانی دەکەن لەرۆژنامەکەتانا...کۆتایی بەماچ کردنێکی تری ئەملاو ئەولات دێنم و هەربژیت.

برات

محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی

لەقەزای حەی/ واسط

١٩٧٧/١٢/٢٣

نامەی دووەم

٢٢/٩/١٩٦٧

قەڵای هەولێر

برای خۆشەویستم کاکە لەتیف گیان ڕۆژباش

دوای سڵاو

هیوادارم هەمیشە لەوپەڕی باشیدا بیت لە منیش ئەپرسیت ئەی گوزەرانیە
کاکە شەووو ئەمەوێت لەناو باوەشی گەرمی لێبیلکدا بنووم، ئەمنەم دەمەوێ
دەسەوە و جارێکی تر سەری دێرێکی تر ئەگرم و جێگاخەونێکی تر خۆش
ئەکەمەوە.. لەم ڕاچەنینە هەروەها نەوزەدا وتینەیەک لە دەمەوە لێتی ئەکەوە
سەرتاتکێنم لەگەڵ دا ئەکاتە وتینەیەکی ڕیشەی سۆفیانەی قەڵەم ئەکراوی
لە شەقامێکی پەکچاری خەڕەباڵغی بەپەکاچووە بەئامات دا.. لە شارێکی
ڕازاوەی خنجیلانەی هەڵواسراوی سەربەرزەدا.. لە ناوچەیەکی
ڕزگار کەرکراوە سەرسنووری ولاتێکی بەربندار دا... بەڵام شم
پیاکرد کە دەتە ماچ کردنی ئەملا و ئەولای ڕیشی پیری.. لە خۆمم پرسی
جارێ دووجار سێجار، ئەم سۆفییە ~~[illegible]~~
چووم چەندجاری بەدڵی دەروونی شێرزەی خۆمدا چوومەوە.. تا
دۆزیمەوە... دۆزیمەوە.. هەڵەت بوو خاوەنی هۆنراوە شارەزا بچکۆڵە
لەماڵە.. یەکەم خەو لەچاوەکانمدا ئەڕەوی و گەڵاقەی جیهانی پڕە چێری
لێتم بەجێ هێشت و خۆم کوتایە باوەشی پەروەیەکی سپی یەوە کە وتە
گریانەوە یا بۆ ڕابردووی سالانی بە ئاگام نەگەیشتووم.. خۆم دا بەسەر
سەروشتێکی قەڵەمدا بە زۆر خستەگریانەوە و وتم ئەبێ بگریت
بە هۆنراوەتێکی گریانت یادگاری چەند ساڵەم بۆ بنووسیتەوە بۆ شاعیرێکی
یاخی و سەربەدەرەوە وەسەرەوە ناو ئەم جیهانە بە ئازادی وسەر ئەگوڕ
دانێ.. بۆ لەتیف ئەو لەتیفەی لە دەسرازە قارسی بووە و
هەرزی بەشێنە شێنی سەرباوەشی گەرمی دایکی کردووە بۆ ئەو لەتیفەی
کە ئەوێت هەڵەت بەرێت بۆ... زۆر و زۆر و زۆر داری ئاوانی و
ئاوانتاری.. بەرزەشێنی ئەوانەی لە یانەوێت حەوش بۆ قاچ بکەنەسەر
بە ترانی بەرشێنی یەوە بیتلیننەوە بە بێ ڕزانێنە... ئەو وانەی
لە سەر بە پرۆ خۆیانە خنکیا... بەدیوێتکە ئاخواتی و ئەویانەوێت
بەرەو ... لەچەرگی خاکی کەسانی تردا بچنەسەرو
بەزۆر بیکەن مالی و موڵکی خۆیان و کە ... دانیشتوانی ئاوارەو

دەور بەدەور بکەنەوە بەرشە و بنەوان بکەنەوە بێکەنە ئاگردان نادەرکی
ودیتر خۆرەکان چیاییش هەسیحکی وجلفە... لەمەودا تۆتای گریانم
هاتە وەراست بووەهەوەمەوە چاوتیانم بە دەوروبەرا خۆمدا گێڕا
کەسێکیان ماڵەکان دەوروبەرم کرد چەند هاساڵە لەم شوێنەدا
ئەژیمە بەجل بەزمانم بەکردار خۆم دەربەرشت رەنگە وەخوا
ئەمانیار گرنووسە کەسێک لە دیتەمم بە حیساب وشەپرسیت لیاسر
ئەولینە ئێمە کوردینە.....

بۆ ئێوانێ ئەنگلیز تەوسراد کاکە رەشید خضر ماموستایە و
هەمسائێ کۆلیژی تەدەکەرد وەعوم کوردەوە تکە قەزا ئەوەیە..
دەیتێ لاش.. کاکی خۆدا لەسلیمانیەوە بە کاکە صالح ساحێب سیە گوتڕا
ناسەیەکم بۆ ناردی ئیستا نازانم صالح دیوەشەوە یاسرکا نەوەزەی
پێ تالم.. ئاخۆر مەمصورم جەوم ئەوجە لای رەیە کی کوردیمان
بعمرو مکوەش پەر ~~ئەوجە بۆ ناسەیە~~ دا
دێستنی یە تکام بۆم بنێری.. دیوانی کاکو فوشتک
بۆ ئە ناسەوەم.. جانیستایە تکەم ئەم لیستیانەم بۆ بنێریە ئاسە
رەشید دا..
١- کردستان بیە الحیە دکتۆر کەمال مەزهەر..
٢- کوردستان کورد
٣- نالی دکتۆر قاسملو کوردایەکەن
دراسەکان ماموستا ملاعبدالکریم تەمەم لاساکانە بەتوارە
کاکی خۆدا یەتێنی داوەم کە نووسیگەیەکم بۆ بنێری بەشتم ئەگەر دێت
٤- ئەگەر کۆنیە شتە تازەیان دەرکردبێ ئەمەش بۆ بلێیت..
٥- عێراق کوردایەکان چەند ژمارەیەک لەبەر دەستتدایە و..
دوانا راگە یانێ ستەرم ئەمەش بە کاکە لەنووربانی-
بۆ بنێری...
٦- یەیانە و رەوشنبیری ناسەوە..
ئیتر سڵاوم بێ. ماموستا محمد بەدەردان کاک محمد ستوری و کاک محمد ملاکریم
کاک صالح یەزدانی شیعری هەمدیسانم هەردەم لەسەر یاتێشدا بێ..

کاکە ڕەووف بێ دەرامەتی ڕێی نەبینیوە کە تائێستا لەم ساڵانەدا جارێکیش
سەرێکمان لێ بدات بەو هەموو ئەرکی زمانی ڕۆژانەی سەرشانیەوە بادات..
هەروەها نامەکەم ڕەوانەکرا نەبۆ کاکە جەمال کە ئەرکی زۆری لەسەر شانیەتی
سەردانمان لێ بدات...

کاکە جەمیل نووسیبووی کە بە دەستی خۆیەوە ئەگەر بێتە ڕیا تەداتە ئێوەم
ڕەنگە لە هەموو چاوەڕوانی ئێستا نیشتمان بۆ بەشی کوردایەتی..

ئێستا لە ئێمە فەرمیشێکی قاهیرەدا یادداشت بیانیەکەی دەنێرینە مەلا شوباتی
ئەم مانگە دەبێتە تێرۆرست.

١٩٧٠/١/٢٢
١٨
برات

خۆشت

محمد عبدالکریم بەرزنجی
مامۆستای زمانی کوردی
لە قوتابخانەی ناوەندیی واسط

مەلا ناوینی شێخ یوسف بەرزە
واسطا عبدالغفار الحاجی
عبدالحمید
ثانویة الحی للبنین
المدرس محمد عبدالکریم

نامە:

برای خۆشەویستم کاکە لەتیف گیان رۆژباش

دوای سڵاو..

هیوادارم هەمیشە لەوپەڕی باشییدا بیت لەمن ئەپرسیت ئەی گوزەرێنین، کاکە شەوەو هەمیشە ئەمەوێت لەناوباوەشی گەرمی کتێبێکدا بنووم. ئەنوومو هەل دەسمەوەو جارێکی تر سەری دێرێکی تر ئەگرمو جێگا خەوێکی تر خۆش ئەکەمەوە..لەم راچەنین‌و وەنەوزەدا، وێنەیەك لەدووتوێی کتێبەکەوە سەرتاتکێم لەگەڵ دا ئەکات، وێنەیەکی ریشنی سۆفیانەی قەڵەم نەکراوی لەشەقامێکی یەکجار قەرەباڵغی بەیەکاچووی پڕ ئاواتدا... لەشارێکی رازاوەی خنجیلانەی هەڵواسراوی سەربەرزدا..لەناوچەیەکی رزگارکراوی سەرسنووری وڵاتێکی برینداردا...باوەشم پیاکردو کەوتمە ماچ کردنی ئەملاوئەولای ریشی پڕی...لەخۆمم پرسی جارێ دووجار سێ جار ئەم سۆفیە نورانی‌یە کێ بێت.؟

هاتم‌و چووم بەدڵ‌و دەروونی شپرزەی خۆمدا چوومەوە...دۆزیمەوە..دۆزیمەوە..هەڵمەت بوو خاوەنی خواو شارە بچکۆلەکەمان...یەکسەر خەو لەچاوەکانمدا تەری‌وجیهانی چڕ بەچڕی کتێبم بەجێ هێشت خۆم کوتایە باخەڵی پەڕەییەکی سپییەوە کەوتە گێڕانەوەی یادی رۆژانەو ساڵانەی بە ئاکام نەگەیشتووم...خۆم دا بەسەر سەرو سنگی قەڵەمداو بەزۆر خستمە گریان‌و، وتم ئەبێ بگریت بەفرمێسکی گریانت یادگاری چەند ساڵەم بۆ بنووسێتەوە بۆ شاعیرێکی یاخی‌و سەربەدەرەوەو سەرچڵی ناو ئەم جیهانە پڕ ئاژاوەو سەرگەردانە..بۆ لەتیف ئەو لەتیفەی لەدەسرازە قارس بووەو حەزی بەشنەشنەی سەر باوەشی گەرمی دایکی کردووە بۆ ئەو لەتیفەی کە ئەیەوێت هەڵمەت بەرێت بۆ...زۆرو زۆرداری، تاوان‌و تاوانکاری، برسێتی‌و ئەوانەی ئەیانەوێت مرۆڤ بێ قاچ بکەن‌و بەژانی برسێتی‌یەوە بتلێتەوەو بیرزێنن...،ئەوانەی لەسەر بەرەی خۆیان قنگیان توێتکە ناخوات‌و ئەیانەوێت بەرەی رەنگاورەنگ لەجەرگی خاکی کەسانی تردا دابخەن‌و بەزۆر بیکەنە ماڵ‌وموڵکی خۆیان‌و کەس‌و دانیشتوانی ئاوارەو دەربەدەر بکەن‌و پەرت‌و بڵاوی بکەنەوە بیکەنە ئاردی ناودرکی ووشتر خۆرەکانی چبایش‌و جلعە...لەمەدا

کۆتـایی گریـانم هـات‌و راسـت بوومـه‌وه‌و چـاوێکم به‌ده‌وروبـه‌ری خۆمـدا گـێڕا که‌سه‌یری ماڵـه‌کان‌و ده‌وروبه‌رم کـرد چه‌نده‌ها ساڵه لـه‌م شوێنه‌دا ئه‌ژین بـه‌جل به‌زمان به‌کردارو خووره‌وشت ره‌نگ‌و خوی ئه‌مانیان گرتووه که‌چی که‌دێته سه‌ر حیساب‌و ئه‌پرسێت لێیان ئه‌ڵێن ئێمه کوردین...

بـرای ئـازیز هـه‌ڵگری نووسـراو کـاک ره‌شـید خضـیر مامۆسـتایه‌و ئه‌مسـاڵ کۆلیجی تـه‌واو کـردووه کورده‌و خـه‌ڵکی قـه‌زای حه‌یـه...دێتـه لات..کـاتی خـۆی له‌سلێمانییه‌وه به‌کاك صاڵحی حاجی سید گوڵدا نامه‌یه‌کم بۆناردی ئیتر نازانم (صـالح)ت دیوه‌تـه‌وه یـان کاغه‌زه‌کـه‌ت به‌ده‌سـت گه‌یشـتووه؟ کاکـه هـیچ جـۆره لاپه‌ڕه‌یه‌کی کوردیمان پێ‌ناگات...جا زۆر مه‌منون ئه‌بم، ئه‌وه‌ی توانـات به‌سـه‌ردا بوو که‌وته به‌رده‌ستت به‌شکم بۆمی بنێری..دیوانه‌که‌ی خۆشـت بـۆ ناردووم..جا ئێستا به‌شکم ئه‌م کتێبانه‌م بۆ بنێری به‌کاك ره‌شیددا...

١. کردستان بين الحربين — د.که‌مال مه‌زهه‌ر

٢. کوردستان کورد — د.قاسملۆ، کوردیه‌که‌ی

٣. نالی — دراسـه‌که‌ی مامۆسـتا مـه‌لا عبـدالکریم

ئه‌مه لای کاك ئه‌نوه‌ره کاتی خۆی به‌ڵێنی داومێ که‌نوسخه‌یه‌کم بۆ بنێرێ به‌شکم ئه‌گه‌ردیت دوای راگه‌یاندن‌و سلاو ئه‌وه‌شی پێ بلێیت.

٤. ئه‌گه‌ر کۆڕشتی تازه‌یان ده‌رکردبوو ئه‌مه‌ش به‌کاك ئه‌نوه‌ر بلێ..

٥. عـیراق کـوردی یه‌کـه‌ی چـه‌ند ژمـاره‌ت لـه‌بـه‌ر ده‌سـتدابوو...وه‌داوای ئه‌مجاره‌ش به‌شکم عیراق کوردیه‌که‌یم هه‌مووی بۆ بنێرێ...

٦. به‌یان‌و رۆشنبیر نوێ..

ئـیتر سـلاوم بـۆ...مامۆسـتا محه‌مـه‌د بـه‌دری‌و کـاك ئه‌نوه‌رو کـاك محه‌مـه‌دی مه‌لاکه‌ریم کاك صالح به‌رزنجی هه‌یه‌و هیوادارم هه‌رده‌م له‌وپه‌ڕی باشیدابیت.

کاکه رووی بێده‌رامه‌تی ره‌شبێت، که ناتوانم له‌ساڵێکدا جارێکیش سه‌رێکتان لێبده‌ین..منداڵ‌وئه‌رکی ژیانی رۆژانه مۆڵه‌تمان نادات.

من ئه‌ڵێم ئه‌گه‌ر بۆتانکرا، تۆو کاك سالح‌و کاك ئه‌نوه‌ر، له‌مۆڵه‌تێکا سه‌رێکمان لێبده‌ن.

کاکە چەند شتێکم بەدەستەوەیە، ئەگەر بەسەریاندا زاڵبم لەمەودوا جاروبار شتتان بۆ بنێرم...بۆ بەشی کوردییەکە. ئیتر لەدوا فرمێسکی خەمدا، باوەشت پیا ئەکەمو ئەملاو ئەولات ئەمژمو هەربژیت.

برات

محەمەد عەبدولکەریم بەرزنجی

مامۆستای زمانی کوردی، لەقەزای حەی واسط

١٩٧٧/١١/٢٢

کوردستان ونەورۆز

کوردستان ئێستا چەندێ ڕەنگینی
لەدڵی مندا یەکجار شیرینی
دۆڵت رازاوەی دەستی هیوایە
چیات سەرخۆشی بەزمی لەیلایە
فەرشی زەمینیت سەوزو دڵگیرە
بەپەخشانی گوڵ ژوانگەی ژیرە.
لاپاڵو دۆڵوهەردەوشیوەکان
چاوەڕێی گرن لەبان چیاکان
هەریەک بەجۆرێ خۆی ڕەنگین ئەکا
چوالەیەکەم رۆژ ئارایش ئەکا
بۆ بەزمی رۆژی گوڵی خۆی پشکوان
بۆنوبەرامەی بۆ دیمەن پژان
فەرِی دایە پەڕەی شۆخو شەنگ
لاوان سازبکەن بۆجەژنو ئاهەنگ
بۆ چ ئاهەنگی، کام شەبەنگێ
بۆ ئاهەنگی نەورۆزو سەنگێ
تەکانی دایە گیانولەشی
دوژمنی بەزان بە گەردەشی

گوێژوچوالەو بەڵاڵووک

خۆیان گۆڕی وەکو بووک

لەگەڵ تیشکی خۆری بەیانا

سپیو سوورو مۆرلە ناویانا

بەڵێ..بەڵێ درەخت خۆی گۆڕی

بۆ ئاواتی کورد ساڵی گۆڕی

بەڵێ درەخت دارو دەوەن

چیاو دەشتو چۆڵوزەوەن

لەبەریان کرد بەرگی رەنگین

بۆ نەورۆزیان دەم بەکەنین

چرۆ پشکوت بووژایەوە دار

شینایی دەشتی پۆشی تاکەنار

بەڵێ...رۆژ لەدوای رۆژ گیا زیادیکرد.

بن داریگرت لوتکەی سەوزکرد

رێی زەوەنکرد

دنیایی جوانکرد

گوڵی بەناوبانگی گیا گرۆ

لەیاڵوشاخ روا بەدرۆ

زۆر گوڵیش گوڵی نیسان

که پرۆکەی کرد لەملەوشان

دەشت‌ودەریان رازانەوە

بەگوڵە مەشقانەی پانەوە

گیا تەواو هەستا لەدەشت

ڕێگاوبانی جوانکرد بۆ گەشت

مارومێروی سڕو نووستوو

لەناوکونا پەپکە خواردوو

ئەو مارانەی لەترسی سەرما

خۆیان حەشاردابوو لەکونا

بەگەرمی خۆر بووژانەوە

لەکونی زستانیان جووڵانەوە

گوڵاڵە خونچەی کردەوە

دیمەنی شاریان ڕوونکردەوە

بەدوایاندا گوڵی باخان

یەک بەدوای یەکدا گوڵیان پشژان

یەکەم گوڵی باخ گوڵە باخ بوو

بەگوڵی شەسپەڕی پەرداخ بوو

کرایەوە خونچەی یەکسەر

لەجوانیدا وەکو ئەختەر

بەو ئاورنگەی شەو ئەباری
سازو ئامادە بوو بۆ دیاری
ئەرخەوانی گوڵ ئاڵ‌ومۆر
سەرقەبرانی کردە شەپۆر
هەرچی گوڵی تری باخ بوو
بەبۆنی گوڵەباخ شادبوو
بەڵام دیمەن خۆی وادیاربوو
هەریەک گوڵێکیان لەسەر داربوو.
ئامادەبوون بەگوڵیانەوە
بۆ جەژن‌ویادی نەورۆزیانەوە
بەڵێ بەڵی گشت کوردستان
زۆر نەخشینەوجوانە بۆژیان
ئاگری نەورۆزی بەخوێن‌ولەش
لەسەر چیاکان ئەکا گەردەش
بەئاگری نەورۆز ئەنووسین کوردستان
بۆمافی رەوامان‌و رزگاری کوردان
ئاگری نەورۆز بەرزئەبێتەوە.
بەهیچ دوژمنێ دانامرکێتەوە

راوکەروبەران

لەتاقێکا لە دەربەندێ
لەبناری شاخو، ناوبەردێ
راکشا بوو یەکبەران
سووری خورمایی جوان
بەدوو چاوی بزی تیژی
ئەیڕوانییە دەوری بەتیژی
سڵی ئەکرد لەگیزەی مێش
رائەپەڕی لەدەنگی رێش
مێشی سەرشاخی جارجار
کە دائەبەزی بۆ دەوری زار
دایئەچڵەکاند ئیستێنکێ کرد
لەکاوێزی خۆی مت ئەکرد.
هەرچاوێکی چەند چاوبوو
بۆ بەرانبەری کەدیاربوو
ئەیڕوانییە دەوروپشتی
جارجار هەڵنە سابۆ هەستی
ئەیڕوانییە بن تاشەکان
ناو ئەشکەوت کەورگەکان

ئەشکەوتە کانی ئەو ناوە
گشتی شارەزا بوو بەوچاوە
پاش هەست هەڵگرتنی تەواو
کەنەی ئەدی هیچ بەچاو
دەستی ئەکردەوە بەکاوێژ
گوێی ئامادەی وتو وێژ
لەگەڵ کاوێزا سەری شاخی
لەنجەی ئەکرد وەک دەماخی
لەجیهانی خۆیدا ئەژیا
لەوناو ماڵی کاوەوزەردەدا
بێ ئاگا بوو لەوجیهانەی
کەراوکەرێ لەخوارلانەی
لوولەی تفەنگی کوشندەی
لەکارایە بۆ ئەلەنگەی
بەڵێ..کابرای راوکەری ئەو
دەستی لەسەر پیتکەبوو بۆ ئەو
کاتێ زانی ئەو ئەیڕوانی
سەیر ناکا بۆ ئەوبەچاوانی
دەستی لەسەر پیتکەی تفەنگ
پەنجەی داگرت بەبێ دەنگ

لەسەر نیو دەستی ترازا

ئەو حەیوانەی خستە سزا

دای لەتەنگیو پێکای ئەو

گلۆر بۆوە بۆبەردەستی ئەو

گلۆر بووە گلۆر بووە

لەخوێنو خۆڵدا خلبۆوە

راوکەریش هەڵسا راوکەرانە

تفەنگی کردە شان نامەردانە

خۆی لەکاوەفرێدا داخوار

بۆ سەر لاشەی لەخوێنا بار

بەراکردن زۆر بەپەلە

ئەو بەرانەی سەربری.

لەبەردەستی راوکەرا

بەرانی سەربڕاو

هەڵئەساو ئەکەوتەوە

تا لەخوێنا بەگیانی ساردبۆوە.

دەک دەستت شکێ راوچی

بۆ کارێ کردت لەوێ.

بەغدا

١٩٧٠/٣/٨

لەچاپکراوەکانی نووسەر:

١. دیوانێکی شیعری بەناونیشانی(دابڕان) ساڵی ٢٠٠٣ چاپکراوە.
٢. کتێبی مامۆستا جەمال تاهر قارەمانی شۆڕش‌و زیندان. ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە.
٣. کتێبی مامۆستا عەزیز ژیانێکی پاک‌و شەهیدی دەستێکی ناپاک ساڵی ٢٠٠٤ چاپکراوە.

بەرهەمەچاپ نەکراوەکانی نووسەر

١. ژیاننامەو بەرهەمەکانی شەهید ئارام.
٢. زیندان‌و بیرەوەری.
٣. مێژووی گوندەکانی قەرەداخ.
٤. کەشکۆڵی بیرەوەرییەکانم.

زنجیرەی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ی

بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری

ز	ناوی کتێب	ناوی نووسەر / وەرگێر	بابەت	جۆری چاپ
٤٠٨	هەندێ سیمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و.	و. ئەنوەر قادر محەمەد	کۆمەڵایەتی	چاپکردن
٤٠٩	چەردەیەك لەمێژووی کورد	کەیوان ئازاد ئەنوەر	مێژوویی	چاپکردن
٤١٠	هەمەچەشنەی زانیارییەکان	عەلاء نوری بابا عەلی	زانیاری	چاپکردن .
٤١١	هارمۆنی	و. توانا رەشید	مۆزیك	چاپکردن
٤١٢	نهێنییەکانی ئەلگرا	و. شەرمین محێدین	چیرۆك	چاپکردن
٤١٣	Opticl Properties Of Minerals	ئارام عوسمان	زانستی	چاپکردن
٤١٤	سایکۆلۆژیی منداڵ	سۆزان جەمال	زانستی	چاپکردن
٤١٥	گەشتە تیوارەکانی میر بەتەنیاییدا	عەتا محەمەد	رۆمان	چاپکردن
٤١٦	سێبەرەکانی میرا	زەینەب یوسفی	رۆمان	چاپکردن
٤١٧	ئازادی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووس..	بەناز کوێستانی	رۆژنامەنووسی	چاپکردن
٤١٨	اعلام کرد العراق	جمال بابان	بیبلوگرافیا	چاپکردن
٤١٩	توخمەکان	ئەسعەد قەرەداغی	زانستی	چاپکردن
٤٢٠	بەجیهانیبوون و کورد	عومەر رەسوڵ	لێکۆڵینەوە	چاپکردن
٤٢١	بەهەشتی دڵداری	میرزا محەمەد ئەمین مەنگوری	دیوانە شیعر	چاپکردن
٤٢٢	دیوانی کەژاڵ ئەحمەد	کەژاڵ ئەحمەد	دیوانە شیعر	چاپکردن
٤٢٣	جنوب کردستان في موازين السياسه الدوليه	شیخ سالار حفید	رامیاری	چاپکردن
٤٢٤	الارهاب- ارکانه- اسبابه- اشکاله	همداد مجید علی	رامیاری	چاپکردن